هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 63

سالی/ 2010 – بەرگی شەست و سێ

---

چاپی یەکەم/ سالی 2010

له بلاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(2010)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق
بەرگی: 63
چاپی یەکەم: 2010
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/12/22 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/12/27 ل 71

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/12/28 ل 117

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/12/29 ل 155

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2010/12/30 ل 217

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – هەینی 2010/12/31 ل 283



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19)**

**چوارشەممە رێکەوتی 22\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (19)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/12/22

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2010/12/22 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (19)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2010/12/22 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پـرۆژەی خشـتەی بودجـەی تـەواوكاری پەرەپێـدانی پارێزگاكانی هەرێم بۆ ساڵی.2010

2- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەكانی بنـەڕەتی لـە هـەرێمی كوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پشـتگیری دارایـی حـزب و قـەوارە سیاسـیەكان لـە هـەرێمی كوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان.

6- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆكردنی پێشـنیاری یاسـای كاروبـاری شارسـتانی ژمـارە (65) لـە سـاڵی 1972ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی كوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستان.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای چاككردنی مووچـەی هێزەكـانی ئاسـایش و پێشـمەرگە لـە هەرێمی كوردستان.

10- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆكردنی پێشـنیاری یاسـای بـەخاوەن كردنـی خـانووە بـێ تۆمارەكـان لـە هـەرێمی كوردستان.

11- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشـنیاری یاسـای دەسـتەی كۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەكان لـە هـەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (19)، ڕۆژی دانیشتن (2010/12/22)، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (19)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی (2010/12/22)دا بەو شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی.2010**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**5- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.**

**6- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.**

**7- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.**

**8- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**9- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.**

**10- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**11- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین بێنە سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن، لیژنەی دارایی فەرموون، بەڕێزان، ئەو دانیشتنە بەردەوام بوونە لەسەر دانیشتنەکانی پێشوو ژمارە (17) و ژمارە (18)، لە دانیشتنی یەکەم کە بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کاک دکتۆر ارسلان بایز**

سەرپەرشتی دانیشتنەکەی کرد، مەجمووعەیەك لە خوشك و برایانی ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ناوی خۆیان نووسی بوو، ناوەکان (28) بوو، لەوانە چواریان قسەیان کرد بوو، ئێستا بەردەوام دەبین بۆ ئەو بەڕێزانەی کە هەر کەسێك هەڵستێتن گفتوگۆی خۆی بکات، ئەوانەی ماون یەکەم/ ڕێزدار امیر گۆگا، کەرەم بکە.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زێدە باری وان خالێت ڕۆژا چوار شەم بێ لە 12/1 هات بوویە بەحس کرن، ئێك/ من پشتیڤانی ڕاپۆرتا لیژنا دارایی یێ دکەم کو هاتیا دیار کرن، هەروەسا چەند خاڵە دی مە دێتە بەحس کرن، یەدیش وان خاڵێت هاتینە بەحس کرن پێشەکی ئەو خانیەت بۆ هەولێرو دهۆك و سلێمانی بۆ ئاڤەدان کرنا خانیە شەهیدان و ئەنفالکراوەکان باشە، ئەڤە بێن جودا جودا کرن، یەعنی هەولێر جودا بێت، دهۆك جودا بێت، سلێمانی جودا بێت، زێدەباری بۆ هەروەسا بێتە دیار کرن، بۆ ئیدارا گەرمیان ژی تێدا بێتە بەحس کرن، ئیش بەلێ هەندێ دەڤەر دەڤەر بێنە دابەش کرن، مەسەلەن چەند لە ئامێدی بێت، چەند لە زاخۆ بێت؟ ڤان خانینە بێنە دیار کرن.

خاڵە دی، دەربارەی ئەو پرۆژێت هاتینە دیار کرن بۆ دەڤەرا زاخۆ، وەختێ ئەم بێژین هەر کارێك بێتە ئەنجامدان لە هەر دەڤەرێك، ئەکید ئەو کار مەعنای بۆ هەموو کوردستانێ تێدا دیار کرن، بەڵێ باشە وەکو دبێژین نێرینەك هەبێت، کو ئەڤ دەڤەر، چ دەڤەر نێنە جودا کرن، چونکە چواردە پرۆژە بۆ دەڤەرا زاخۆ هاتنە دیار کرن، گوژمە ئێك و دوو سەدو بیست و شەش هاتنە بان دەست نیشان کرن، ئەڤانە هەندەك خاڵ تێدا هەنە دەربارەی خاڵێ پێنج و نۆ و دە نا روونی تێدا هەیە، باشە ئەڤە پتر بێنە روون کرن، هەروەسا دەربارەی پرۆژێت ئاڤێ هەندێك گوندمان هەیە لە دەڤەرا مە نزیکی شەست ماڵ و پێنجی ماڵ هەتانوکە ئاڤا بە تانکەرا ئاڤێ بۆ وانە دەچێت، هیچ بەحس بۆ وانە نەهاتە کرن، ئەز بێژم وەزیرێ پلاندانان ژی ئیحتیمالە سەر هەندەك وان ژی ئاگادارە.

خاڵە دی، مە دڤێتە دیار کرن ئەو پرۆژەی جۆراوجۆر (19) پرۆژە هاتینە دیار کرن گوژمەی چل و دوو و، مەبلەغێکی ژ وان (19) پرۆژە، یەك پرۆژە بۆ دەڤەری زاخۆ تێدا نینە، ئەڤە یەك.

خاڵە دوێ/ مە دڤێت ئەم دیار کرن، نزیکی دوو هەزارو شەش سەد خانیا وێ هاتیە وی پرۆژە دیار کرن، نۆژەن کرن و ئاڤەدان کرن، یەك خانی بۆ دەڤەرا زاخۆ تێدا نینە، بۆ زانین (117) گوند لە دەڤەرا زاخۆ هەتانوکە یەك خانی تێدا نینە، هەروەسا ژی نە ئاڤا، نە کارەبا، نە ڕێگا ڤان جیهەدا دیاری نەکرینە.

خاڵە دی، ڤیا ئەم هزری ئیل هەندێ بکەن، نە سەر ژمارا پرۆژا کار بێتە کرن، سەر ئەو گوژمە بۆ وی مەنتیقا دێتە تەرخان کرن، باشە بێتە بەرچاڤ کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورن، زۆر زۆر بەخێرهاتنی وەزیـرە بـەڕێزەکان شـێخ بـایز وەزیـری دارایـی و ڕێـزدار کـاك دکتـۆر عـەلی سندی وەزیری پلاندانان، هەروەها ڕێـزدار مامۆسـتا سـەعد دەکـەین، بـەخێر بـێن سـەر چـاو، زۆر سـوپاس، ڕێزدار ئارام قادر کەرەم بکە، نوقتەیەکی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی من بە حوکمی ئەوەی ئەو لیژنانەی کـە لێـرەن، تـەنها لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی داراییـە، لیژنەی نەزاهەش وا پێویست بوو لێرە ئامادە بێت، بەڕاستی ئەگـەر ڕێگـام بـدەن ڕاپـۆرتی لیژنـەی نەزاهـە تەنها چەند..............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە، من لەگەڵ سـەرۆکی لیژنـە، ئەوەلـەن/ لیژنـەی نەزاهـە ڕاپـۆرتی خۆیـان نووسـاند بـوو، یـەك کەس ئیمزای کرد بوو، ئەوە یەك.

دوو/ ئێمە داوامان کرد بە نووسراو ئەوەتا لەبەردەستمە لە گشت لیژنەکان، کە ڕەئی خۆیان بدەنە لیژنەی دارایی، بەنووسراو، بەڵام دیارە لیژنەی نەزاهەو لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بیروبۆچوونەکانیان تاخیر هێنـاوە، ئێستا ئەندامەکانی ئەو لیژنە بەڕێزانە لەناو گفتوگۆکاندا دەتوانن ڕەئیەکانیانی خۆیـان بـە تێـرو تەسـەلی بدەن، هەر بۆ ئاگاداریتان من خۆم ئیتیصالم کردووە بە کاك ڕەفیق صابر ئەم بەیانیـە لێـرە نـەبوو، لەبـەر ئیشێکی تایبـەت ئیجازەی وەرگـرت بـوو، گـوتی ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەین پـرۆژەکە دەربـاز بـێتن، بـەڵام پاشـان لیژنەیـەك پێـك بێـت بـۆ بەدواداچـوون لـەو کەموکوڕییانـەی کـە لـە ڕاپۆرتەکەمانـدا هەیـەو، هـەر خۆشـی ڕاپۆرتەکەی ئیمزا کرد بوو، ئەوە بۆ ڕوون کردنەوەیە بۆ جەنابت، ئێستا کەرەم بکە کاك ئارام.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکـەم/ تێبینـیم سـەرەبارەت بـە مەسـەلەی نـاوی پرۆژەکەیـە، کـە بودجـەی تـەواوکاری پەرەپێـدانی پارێزگاکانە، کە بێگومان ئەو پارەیـە وەکـو لـە سـێ کۆبوونـەوە لەگـەڵ سـەرۆکی فراکسـیۆنەکاندا بـاس کـرا بریتیە لە داهاتی نەوت، پێم باشە بەو شێوەیە ناوەکەی بگۆڕێت، چـونکە وەکـو چـۆن ئێسـتا لـە بودجـەی ساڵی 2011ی حکومەتی ناوەندی، هەر لە ئێستاوە بۆتە کێشەیەك، من وا دەبینـم ئەگەر بێتو بەو شێوەیە بێت، چونکە ئەمـە یەکـەم جارو دوا جاریش نابێـت، چـەند جارێکیش دووبـارە دەبێتـەوە، دوایـی دەبێتـە کێشەیەکی یاسایی، ئینجا دەبێتە کێشەیەکی سیاسی لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی، لەبەر ئەوە پێم باشە هەر بەشێوەیەکی شەفافانە بـاس بکرێـت، کـە بریتیـە لـە داهـاتی نـەوت بـۆ بـەهێز کردنـی ژێرخانی ئابووری کوردستان، یاخود بۆ بەهێز کردنی پارێزگاکان، ئەوە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ سەبارەت بە پرەنسیپێکە لە بودجەی ساڵی 2010 باسمان کرد، کە بریتی بێت لە دابەش کردنی بودجە لەسەر ئەساسی زەرەرمەندی، هەروەها ژمارەی دانیشتوان، ئەگەر بێتو موقارەنەی بکەین لەنێوان هەرسێ پارێزگاکان ئەو پرەنسیپە جێ بەجێ نەکراوە، هەروەها بەشێوەیەکی وردتر، بۆ نموونە لە ناوچەیەکی وەکو هەورامان، کە زۆرێك لە شوێنە سنوورییەکان زەرەمەندە، هەروەها ژمارەیەکی دانیشتوانی بەرچاویشی تیایە، بەلاَم یەك پرۆژەی تێدا نییە بۆ ئەو ناوچانە.
تێبینیەکی تریش لەسەر خشتەکان، ئەگەر بێتو سەیر بکەین دەبینین دووبارە بوونەوەی تێدایە، هەروەها خشتەکان نا روونیشی تێدا دەبینرێت، بۆ نموونە ژمارە (20)ی پارێزگای سلێمانی کە باس لە ئاوی چەند گەڕەکێك دەکات، بەبێ ئەوەی مەسەلەن دیاری بکات لە هەڵەبجەی شەهید، یاخود قەلاَدزێ و گوندەکانی ژمارە (16)، بەبێ ئەوەی گوندەکان دیاری بکات، یاخود لە قەزای چەمچەماڵ ژمارەی (13 و 18 و 20) سێ جار دووبارە بۆتەوە، سەبارەت بە تۆری ئاو، یاخود لە دابین کردنی کەلوپەلی فوتابخانەکانی سلێمانی، بەشێوەیەکی گشتی باس کراوە، بەبێ ئەوەی کە دەست نیشان بکرێت، ئەمە بۆ پەرلەمانتارانیش بەدواداچوونی زۆر زۆر نارەحەتە، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو خشتەیە جارێکی تر بگەڕێتەوەو نوێنەری چەند لیژنەیەکی ناو پەرلەمان پێداچوونەوەی بۆ بکات، ئەو جارە ئێمە پەسندی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئیت ئەوەیە پرۆژەکە بگەڕێتەوە، باشە، زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بێگومان کارێکی زۆر باشە، کە ئەو پارەیە لە بودجەی نەوت تەرخان کراوە بۆ پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، وەکو هەندێك لە هاوکارانیشم باسیان کرد، لە کاتی کۆبوونەوەمان لەگەڵ جەنابی وەزیرو حکومەتدا لە باسی سەرف کردنی ئەو بڕە پارەیەی کە لە داهاتی نەوت بەدەست دێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی لەنێوان هەموو ناوچەکان رەچاو بکرێت لە دیاری کردنی، یان تەرخان کردنی ئەو پارەیە بۆ خزمەتگوزاری، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە زیاتر زەرەرمەند بووینە، ئێستا بەو شێوەیە ئەو پارەیە تەرخان نەکراوە لە ناوچە سنوورییەکان، کە هەندێك ناوچە هەیە زۆر زۆر زەرەمەندە، پێویست بوو زیاتر بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کرا بوایە، ئەمە یەك.
هەندێکیش شوێنی پرۆژەکانی دیار نییە، بۆیە پێویست بوو کە ئەو وەلاَمە بدرا بوایەوە، بەتایبەت ئەگەر وەزیری پلاندانان ئەمەی روون کردبایەوە، کە لەسەر چ بنەمایەك پارە بۆ ئەو ناوچانە تەرخان کراوە؟ زۆر لە پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی باس کراون و، زۆر روون نین، خودی تێچوونی هەندێکیان بزانین لەسەر چ بنەمایەك دیاری کراوە؟ منیش پشتگیری لە راپۆرتی لیژنەی نەزاهە دەکەم، کە لیژنەیەك پێك بێت بۆ ئەو مەسەلەیە، لیژنەیەکی تایبەت لە لیژنەی نەزاهەو لیژنەی سامانە سروشتیەکان و لیژنەی

دارایی پەرلەمان بۆ بەدواداچوون، دوای موناقەشە کردن و گفتوگۆ کردنی ئەو پرۆژەیە، بزانین بڕی ئەو داهاتە چۆن سەرف کراوەو لەسەر چ بنەمایەکە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کوێستان محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە ناوی پرۆژەکەوە دەست پێ دەکەم، دیارە لە کۆبوونەوەی پێشوودا بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەی ئاشکرا کرد، کە ئەمە بودجە نییە، هەمووشمان دەزانین بودجەی تەواوکاری جیاوازی ئەو بڕەیە کە دواجار مەرکەز دەینرێت بۆ هەرێم، جیاوازی نرخی خەملێنراوی بەرمیلێ نەوتە لە سەرەتاو دواتر فرۆشتنی، کەواتە ئەمە لە سەرەتاوە ناوەکەی بودجەی تەواوکاری نییە.

دووەم/ تێبینیم ئەوەیە هەروەك هاوڕێکانم باسیان کرد، تێبینیم لەسەر بڕی پارەکە هەیە، کە بەڕاستی بڕێکی کەم و نا روون و نا شەفافە، دواتر لەسەر تەواوی پرۆژەکان کۆمەڵێك کەموکورتی زۆر هەیە، کە بەداخەوە هەمان کەموکورتی لە پرۆژەکانی بودجەی گشتی ساڵی 2010دا هەیە، هەمان کەموکورتی دووبارە بۆتەوە، من هەروەك نموونە چەندینێك باس دەکەم، تەنها بیست و دوو پرۆژە نازانی لەکوێیە؟ ناوی نەهاتووە، دەڵێت پرۆژە بۆ فلانە شوێن، کام پرۆژانە؟ کڕینی تەنکەر نازانی بۆ کوێ؟ سێ جار ڕاکێشانی تۆری ئاو بۆ چەمچەماڵ هاتووە، لە بڕگەی (13 و 18 و 20) تۆڕی ڕاکێشانی ئاو بۆ چەمچەماڵ بۆ کوێ؟ بۆ چ گەڕەکێك؟ یەعنی ئەمە دواجار پەرلەمان ناتوانێت موتابەعەی بکات، لەکاتی هاورێکانم لای خۆم (22) حاڵەت هەیە وازیح نییە، جگە لەوەی چەندین بڕە پارە تەرخان کراوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوانیشم نووسیوە نامەوێت بیخوێنمەوە، دیارە بۆ گوندەکانی (بەهاران و گوندی ئەڵمانی و گۆیژەی نوێ و گرین ستی و دەرەوەی گرین ستی و پرۆژەی دێ ستی و) هەموو ئەمانە کەرتی تایبەتن، ئەمانە بەپێی یاسای وەبەرهێنان کۆمەڵێك کار ئاسانیان بۆ کردووە، لەبەرچی جارێکی دیکە لەم بودجەیە پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت؟ کاتێك هەموومان دەزانین ئەم پرۆژانە کە پرۆژەی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونە، دواجار ئەم یەکانە بەنرخێکی زۆر بەرز بە هاوولاتیان دەفرۆشرێت، لەبەر چی لەم بودجەیە هاوکاری دەکرێت؟ زۆربەی پرۆژەکانی ڕێگاوبانە، یەعنی ڕێگاوبان و زێرابی لوولەیی و سندوقی درێژەیەکانیان دیاری نەکراوە، چەند مەترە؟ چەند کیلۆمەترە؟ لەکوێ بۆ کوێیە؟ کە ئەمە بە هەمان شێوە پەرلەمان ناتوانێت دواتر چاودێری بکات و موحاسبەی لایەنی ئەوەی ناتوانێت تەواو جێ بەجێی بکات، دوو کیلۆمەترە، سێ کیلۆمەترە، چەندە؟ ئەمە زۆر لە پرۆژەکانی ڕێگاوبان، یان زێرابی لوولەیی و سندووقی ئەم کەموکورتیەی تیایە، هەموو پرۆژەکان کاتی بۆ دیاری نەکراوە، هیچ یەکێك لەو پرۆژانە ئەگەر سەیری بکەیت ماوەی تەواو بوونی نییە، ئایا پەرلەمانتار چۆن چۆنی موتابەعەی ئەمە دەکات لەماوەی شەش مانگدا، لە ماوەی ساڵێکدا، لە ماوەی دوو ساڵدا، لە کەییەوە ئەمە تەواو دەبێت؟ ئەمەش

یەکێك لە کەموکورتیەکانە، کەرتی پەروەردە کەمترین پارەی بۆ دانراوە، بۆ کڕینی کەلوپەل و رەحلە بەگشتی، نازانی بۆ کام قوتابخانانەیە، بۆ کوێیە، بۆ کوێ نییە؟

شەشەم/ زۆر سێکتەری گرنگ هەیە، وەکو کشتوکاڵ و تەندروستی هەر پارەی بۆ دانەنراوە، ئەمە هەموو کۆمەڵێك تێبینی بوو، دیارە تێبینی زۆر ورد هەیە، نامەوێت زۆر کات بکوژم هەروەك باسم کرد، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم پێشنیارە رەد بکەینەوەو بدەینەوە بە حکومەت، لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم/ بڕی ئەو پارەیە کە زۆر لە بەڕێزان تێبینیان هەیە لەسەری، ئەو دیکۆمێنتانە بخەنە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، یان لیژنە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی راستی و دروستی ئەم بڕەیە رەچاو بکات و شەفافیەت بکەوێتە ناو ئەم بودجەیەوە.

دووەم/ بۆ ئەوەی جارێکی تر کە بەڕێز وەزیری پلاندانان بەم پرۆژانەدا بچێتەوە، هەموومان دەزانین لە پرۆژە بەردەوامەکانی بودجەی ساڵی 2010 پەرلەمان ماددەیەکی تەسبیت کردووە، کە ئەو پرۆژانە دەبێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوەو رێکبخرێتەوە بەو شێوەیەی ئەندامانی پەرلەمان قسەیان لەگەڵ کردووە، وا بودجەی ساڵی 2011یە ئەو لیستە نەگەیشتۆتە پەرلەمان، بۆیە بۆ ئەوەی ئەوە دووبارە نەبێتەوە جارێکی تر ئەمە هەڵنەگرین بۆ ئایندەیەکی نادیارو بیگێرینەوە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە رێك وپێکی بێتەوە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو کاتە پەسند بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەریهان قوبلای کەرەم بکە.

**بەڕێز د.پەریهان قوبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەم بودجەیە بکەین، من هەر لە ناوەکەیەوە وەکو کوێستان خان ئاماژەی پێ کرد تەئیدی قسەکانی دەکەم لەوەی ئەم پرۆژەیە لەناوەکەیەوە دەبێت بگۆڕێت، جگە لەوە زۆربەی پرۆژەکان کەموکوڕی زۆر زۆری تیایە، من نامەوێت کاتی زۆر ببەم، بەلاَم لە شوێن و ماوەی تەواو بوونی زۆربەی دووبارەیە، زۆربەی زۆری ئێمە موراقەبەمان کردووەو پرسیارمان کردووە، چونکە زۆربەی ئەو پرۆژانە تەواو بوون، تێکەڵیەك هەیە لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە تەواو بوونە، یان ئەو پرۆژانەی لەسەر بودجەی 2010 لەگەڵ داهاتی ئەو پرۆژانەی ئێستا دانراوە تێکەلاَویەك هەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری بکەین، بەش بەحاڵی خۆم هەموو پرۆژەکان هەرچی دابنرێت بۆ خزمەتگوزاری حیساب دەکەم بۆ کوردستان، بەلاَم ئەگەر سەیری کەرتەکان بکەین، کە زیاتر خزمەت دەگەیەنێت بە خەڵك، بۆ نموونە کەرتی تەندروستی دوو بنکەی تەندروستی تیایە، ئەویش پارەیەکی زۆر کەمی بۆ تەرخان کراوە، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەم پرۆژەیە رەد بکرێتەوەو جارێکی تر وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی لەگەڵ مودیری دائیرەکانی مەعنین بەوەی ئەم پرۆژانە دادەنرێت، جارێکی تر لەگەڵیانە خشتەکە تەرتیب بکەنەوەو ئەو پرۆژانەی کە نییە، یان تەواو بووەو دەربهێنرێتەوەو ناوی پرۆژەکەش عەین شت، بۆ ئەوەی بگۆڕێت، بۆ ئەوەی ئێمە

لەلامان روون بێت داهاتی نەوتەکە بزەبت چەندە؟ بۆ ئەوەی شەفاف تر بێت لەبەردەممان، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دوای ئەوە موراقەبەی بکەین، لەبەر ئەوە من داوا دەکەم رەد بکرێتەوەو جارێکی تر چاوێکی پێ بخشێننەوە بە خشتەکان و تەرتیب بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار برهان رەشید کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەل شت من لەگەڵ ناوی پرۆژەکەدا نیم، پەرەپێدانی پارێزگاکان وەکو هاتووە دوو نەوع میزانیەیە، یەکێ حکومەتی هەرێم دەیدات، یەکێکیش حکومەتی بەغدا تەمویلی پارێزگاکان دەکات، پەرەپێدانی پارێزگاکان هیچ لەگەڵ ئەم مەوزوعەدا ناگونجێت، ئەمە یەکەم.

دووەم/ مەوزوعێك هەیە، ماددەکانی (21 و 22)ی یاسای بودجەی ساڵی 2010یە، کە هەر هەموومان بە ئەکسەریەتی دەنگ موصادەقەمان کردووە، لە ماددەی (21) بڕگەی (أ) باسی مەبیعاتی موشتەقاتی نەوت دەکات، فرۆشتنی موشتەقاتی نەوت، کە دەڵێت بە داهاتی وەدیهاتوو حیساب بکرێت، داهاتی وەدیهاتوو، بڕگەی (ب)ـەکەی باسی مینح دەکات، دەڵێت دەبێت حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێت، لە ماددەی (22)شدا کە فەرزی دەکات لەسەر حکومەت پێویستە دەرخستە هەبێت بۆ ئەمەو، بۆ ئەم داهاتەو دەبێت بینرێت بۆ پەرلەمان، کە ئەمە داهاتی وەدیهاتوو بوو، ماددەکانی (21 و 22) و ماددەکانی (79 و 80 و 81 و 82)ی پەیڕەوی ناوخۆ بووەو موناقەشەی بودجەی بەسەردا تەتبیق دەبێت، بەشێکە لە میزانیەی تەکمیلی بودجەی ساڵەکە، بۆیە پێویستە ئەم پارەیە ئەوەلیاتەکەی، ئەساسەکەی چیە، عقودی نەوتە چیە بهێنرێت، بزانین، ماڤ خۆمانە، ئێمە دانەنیشتووین لێرە بڕیار لە خەرجی بدەین، دانیشتووین تەحقیق لە داهاتیش بکەین، ئەمە سەرەڕای ئەو هەموو کەموکوڕیەی لەو پرۆژانەدا هەیە کە نووسراوە، هاورێکانم باسیان کرد، لەبەر ئەوە من باسی ئەوانە ناکەم، من حەز دەکەم شتێك بەبیری بەڕێزتان بخەمەوە، بەڕاستی نوقصانیە موناقەشەی جەلسەیەك کە وەزیری سامانە سروشتیەکان لێرە نەبێت، وەزیری سامانی سروشتی لە سیدی تەلەفزیۆنی لەلامان هەیە دەڵێت شەش ملیار مینحەی نەوت هەیە، ئەمە (250) ملیۆن فرۆشتنی نەوتە هاتووە، سێ ساڵە نەوت دەفرۆشرێت، بەڕێزینە ئەگەر ئاو بفرۆشرا بوایە، ئەو تەنکەرانە بەس ئاویان بفرۆشتبوایە بایی پێنج سەد ملیۆن دۆلار دەبوو، ئێمە حەقی خۆمانە تەحقیق بکەین، ئەمە منیحە؟ یان موبیعاتی موشتەقاتی نەوتە؟ کامیانە؟ ئەگەر ئەوەیە، بۆ ئەویتریان نەهاتووە، ئەگەر هەردووکیەتی، ئەو پارەیە زۆر زیاترە ئەوەلیاتەکەی کوا؟ با تەحقیقی تیا بکەین، بۆیە من داواکارم و تەئکید دەکەم لیژنەیەکی پەرلەمانی تەحقیق لەوە بکات و پەلە نەکرێت لەم مەوزوعە، لەبەر ئەوە ئەمە پەیوەندی بە خودی خەڵك هەیە، لەم رۆژانە بەبێ تەعلیق تەلەفزیۆنی کوردستان کە سەر بە پارتیە چەندەها خەڵکی نیشاندا لە ژێر خێمە دەژیان، یەعنی بەڕاستی ئەو خەڵکە گوناحە، داهاتی نەوتەکەی دیار نەبێت، بەڵێ

زۆر سوپاست دەكەم داهاتی نەوتەكەی دیار نەبێت و لە ژێر خێمە بژیت، بۆیە داواكارم ئەوەلیات بێت، هەروەها لێرەشدا من تەئیدی پێشنیارێكی كاك سەمیر سەلیمی هاورێم دەكەم، كە بودجەی چی مەبیعات و موشتەقاتی نەوتە دەفرۆشرێت، چی بودجەی عامی ولأتە بخرێتە سەری ساڵی كوردیەوە، چۆن ئێران دەیخاتە سەری ساڵ، لەبەر ئەوەی بودجە تاخیر دەبێت، هەموو ساڵێ ئێمە بزانین چ كاتێ باسی بودجە دەكەین بخرێتە سەری ساڵی كوردیەوە، زۆر سوپاست دەكەم، بۆیە داواكارم لە نیهایەتی قسەكانمدا بگەرێنرێتەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی موفەسەل سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكاندا بگەنە صیغەیەكی موشتەرەك و مەتالبیان چیە؟ بچێتەوە، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێت، بتوانرێت بە هادیئی موناقەشەی بكەین و، زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەدنان عوسمان كەرەم بكە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەندامم لەهەردوو لیژنە، لیژنەی دارایی و لیژنەی نەزاهە، لە كۆبوونەوەكانی مەربوت بەم مەسەلەیەی دەستەی سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان و پەرلەمان ئاگاداری گفتوگۆیەكانم، بۆیە ئیجازەم بدەن با نەختێك بە وردی قسەی لەسەر بكەم، لەڕاستیدا لەو كاتەوە دەمەوێت ئەو پرسیارە بكەم ئەمە چیە؟ یەكێك لە ئالۆزەكان ویەكێك لە كێشەكانی ئەمەی كە لەبەردەستماندایە، من ناتوانم ناوێكی لێ بنێم، تا ئەم لەحەزەیە چی خۆی لەڕاستیدا، ئەمە بودجەی تەواوكارییە؟ ئەمە پەرەپێدانە؟ ئەمە داهاتی شتێكی ناوخۆیە؟ شتێكمان لەناوخۆی هەرێمدا فرۆشتووە، ئێستا دێین ئەوەی دەكەین، لەڕاستیدا وەزارەتێك، وەزارەتێكی رەسمی ئەم حكومەتە مەفروز وایە ئەو شتە روون بكاتەوە بۆ پەرلەمان، كە دەزگای تەشریعیە، ئەمە چیە؟ چۆن دەستكەوتووە لە راپۆرتێكدا كە هاتە ناو پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر دەكەین، ئەوا ئێستا بە كراوەیی گفتوگۆی لەسەر دەكەین، مەفروزە راپۆرتێك هەبێت، كە ئەمە چیە؟ چۆن هاتووە؟ ئەم پارەیە لە كوێ هاتووە؟ بۆ ئەوەی ئاگاداری هەموو لایەك بینەوە، سبەینێش كەس نەیە بڵێت ئەمەتان لەكوێ هێناوە؟ داهاتی چیە؟ ئەمە زەرائیبە؟ ئەمە هی نەوتە؟ ئەمە هی چیە؟ ئەم ئیشكالیەتە حكومەت بەرپرسیارە لەسەری، ناكرێت بەسەر پەرلەماندا بڕوات، پەرلەمانیش ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نەبێت، ئەمە خاڵێكی زۆر جەوهەری بوو لەلای من.

مەوزوعێكی تر، دیارە هەموومان دەزانین ئێمە لە كۆبوونەوەكاندا دەبینین، بەش بەحاڵی خۆم ئاگادارم، ئەمە لە داهاتی ئەو برە نەوتە رەشەیە، كە فرۆشراوەو حكومەت ئیعلانی كردووە، ئەمە مافێكی سروشتی هەرێمە، كە ئێستا ئیستیحصالی ئەو پارەیە بكات بۆ هەندێ پرۆژەی ناوخۆ بەكاری بێنێت، باشە ئەم پرۆژانەی كە ئێستا هاتووە هەولدانێكە بۆ تەخشان و پەخشان پێ كردنی ئەم پارەیە، یان هەولدانێكە بۆ ئیستیسمار كردنی ئەم پارەیە، پەرلەمانی كوردستان دێت ئەم پارەیە لەم دەستەوە وەردەگرێت لەو

دەستەکەی تر سەرف دەکات، بۆ کۆمەڵێك وردە پرۆژە، یان پەرلەمانی کوردستان دێت هەنگاوی یەکەم وەکو ئەوەی من پێشتریش عەرزی جەنابتانم کردووە، وابزانم وەزیرە بەڕێزەکانیش ئاگاداری بۆچوونی ئێمەن، ئێمە گوتوومانە یەکەم شت دەبێت پەرلەمانی کوردستان لیژنەی تایبەتی هەیە، لیژنەی هەمیشەیی هەیە، دەکرێت لیژنەیەکی هاوبەشیش پێك بێنێت، پێشنیاری ئەوەمان کرد لیژنەی دارایی و نەزاهەو لیژنەی وزەو پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان، ئەمانە بێن تەحقیق لەو مەسەلەیە بکەن، پەرلەمانی کوردستان بزانێت ئەم پارەیە چۆنە؟ چۆن هاتووە؟ کۆی مەسەلەکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کردووە، کە تەنها قسە لەسەر ئەم پرۆژانە نییە، قسە لەسەر سیاسیەتی نەوتیە، سیاسەتی نەوتی لە هەرێمی کوردستاندا، مەفروز وایە پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری وردو درشتی بێت و قسەی لەسەر بکات و چوارچێوەکانیشی دەست نیشان بکات بەهاوکاری حکومەت، بەڵێ ئەمە ئەسڵی مەتڵەبە، ئەسڵی مەتڵەب لەوەیە لەڕاستیدا ئیشەکە وا سەرونخوون کراوە، ئێمە گوتوومانە یەکەم جار دەبێت تەحقیق بکرێت بزانین ئەم پرۆژانە ئێستا پارەکەی لەکوێوە هاتووە؟ هەنگاوی دووەم ئەو لیژنانە راپۆرت بۆ پەرلەمان پێشکەش بکەن، پەرلەمان کۆبوونەوەیەك بکات لەسەر سەلامەتی ئەو پرۆسەیە، لەسەر ئەو داهاتانە، نایشارینەوە گومانێکی زۆرمان هەیە لەسەر داهاتەکان، لەسەر بەرهەمهێنان، ناردن، ئیستیحصالی هەموو ئەمانە، ئەوە گومانە، دەکرێت بکرێت بە یەقین، دەکرێت وەڵام بدرێتەوە، دەکرێت بە دیکۆمێنێت وەڵام بدرێتەوە، تا ئێستا ئەم پرۆسە سەلیمە، پەرلەمانتارییە، تەشریعیە، بەداخەوە هەنگاو بەهەنگاو نەکراوە، یەکسەر ئێمە وەکو لیژنەکان، وەکو پەرلەمانی کوردستان کۆمەڵێك پرۆژەمان بۆ خراوەتە بەردەست، کە هیچ ئیسمێکی نییە، نازانی پرۆژە یاسایە، نازانی چیە؟ هیچ مەوزوعێکی نییە، من پێموایە ئەگەر ئیجازەم بدەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێموایە هەر هەموومان لەگەڵ ئەوەین، کە ناوەڕۆکی ئەو پرۆژانە لە هەموو کوردستاندا جێ بەجێ بکرێت، لە زاخۆ تاکو خانەقین، ڕێگا بۆ شوێنەکان، ئاو و مەجاری بکرێت؟ نەخۆشخانە بکرێت، کەس نکۆلی لە پرۆژەکان ناکات، دیارە کۆمەڵێ لە بەڕێزان رەخنەیان گرت لە هەندێ لە پرۆژەکان، لەسەر وەهمی بوونی، لەسەر دووبارە بوونەوەی، لەسەر حەجمی پارەکە، لەسەر بڕە پارەکە، ئەمە قسەیەکەو پەرلەمان دەکرێت دوا بڕیاری لەسەر بدات، بەڵام لەسەر ئەسڵی مەوزوعەکەو دروست کردنی پرۆژەکە کەس کێشەی نییە، بەڵکو ئەسڵی مەشروعەکە لەسەر ئێستادا ئەو پرۆژانە نییە، ئەسڵی مەوزوعەکە ئێستا لەوەیە ئەم پارەیە چۆن بەدەست هێنراوە؟ ئەم پارەیە، ئەگەر پارەی داهاتی نەوتە، پێموایەو پێشتریش داوامان کرد، ئەمە ناکرێت لەڕاستیدا بە عقلێەتی تەخشان و پەخشان ئیشەکانی لەسەر بکەین، بەڵکو بە عەقلێەتی ئیستیسمار کردنی لە پرۆژەی ستیراتیجی، پرۆژەی ستیراتیجی تەنها هێڵی ئاسن نییە، پرۆژەی ستیراتیجی تەنها کارگەی پترۆکیمیاوی نییە، دەکرێت پرۆژەی ستیراتیجی بۆ پارەی نەوتی کوردستان، لەڕاستیدا کەسوکاری شەهیدان بێت، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت، یەعنی کۆی ئەم داهاتە هەوڵ بدەین لە پرۆژەیەکدا بۆ دروست کردنی خانووبەرە بۆ ئەنفالەکان، بۆ کیمیابارانەکان، بۆ کەسوکاری شەهیدەکان، بۆ کەسوکاری پێشمەرگە، بۆ کەمئەندامان، یەعنی لە پرۆژەیەکی ستیراتیجی وازیحدا سەرف

بکرێت، هەردوو وەزیری بەڕێز لێرەن، ئەم وردەکارییانە لە بودجەی گشتیدا دادەنێیت، لە بودجەیەکی تەواوکاری وای دانەنێین، واتا پارەی نەوت دەبێت لە پرۆژەیەکی ستیراتیجی وازیح و ڕووندا بۆ ئیشێکی دیاری کراو سەرف بکرێت، چونکە ئەمە داهاتێکە پەیوەست نییە بە ئێستاوە، داهاتێکە پەیوەستە بە ئایندەوە، پەیوەست نییە بەم بەڕێزانەی ئێستا لێرەن، بە نەوەکانمانەوە پەیوەستە، بە ڕۆڵەکانمانەوە لە داهاتوودا، نەك ئەوەی کە تۆ لێرە وردت کردۆتەوە بۆ دوو، سێ هەزار وردە پرۆژە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن وەرە سەر مەوزوعەکە، شەرح بکە لەناو بابەتەکە، مولاحەزەت لەکوێ هەیە، بۆ ئەوێ، مەڕۆ بۆ جێی تر، ئیتر تکایە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە پەرلەمانی کوردستان پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە بکات، دەبێت لیژنەیەك پێك بهێنێت، بۆ ورد بوونەوە لە شێوازی بەدەستهێنانی ئەم داهاتە، بۆ ئەم پرۆژانە هەنگاوی یەکەم.
دووەم/ ئەم پرۆژانە جارێکی تر ببرێتەوە بە وردی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، من جارێکی تر پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەو بڕە داهاتەی لە هەر شێوازێکی تر، جگە لە بودجەی گشتی و لە 17٪ـەکە لە هەرێمی کوردستاندا بە دەست دێت، تەنها بۆ پرۆژەیەکی ستیراتیجی دیاری کراو، کە بەرهەمەکەو خێرو بێرەکەی بۆ کوردستان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار اسماعیل کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز.

دیارە من قسە لەسەر مەبادئی عامە دەکەم، حەتمەن دووبارەی تیایە، بەڵام خۆم قەناعەتێکم هەیە زۆر گوتنی بودجە خۆشە بەڕاستی، یەکێك لە ئەرکەکانی ئێمە بودجەیە، ئەگەر دووبارە بوونەوەشی تیا بوو داوای لێبوردن دەکەم، مەبدەئی بودجە، دیارە ئەگەر پێشتریش شارەزا نەبوو بین لە پەرلەمان فێر بووین داهاتو خەرجیە، دیارە لێرە داهات ونە، ئێمە بە یەك رستەش لەناو بودجەی ئێمەدا نەهاتووە بڵێین ئەم داهاتەی ئەوەیە، ئیلا هاوڕێیەکمان سۆزان خان فەرمووی ئەمە داهاتی نەوتی رەشە، ئەگینا من هیچی ترم نەبیستووە، بۆیە دواجار ئەگەر ئێمە بڕیارماندا، ئەمە بڕیاری لەسەر درا، دەبێت حەتمەن کێشەی ناوخۆ حەل بکەین، یەعنی پرەنسیپی بودجە لەسەر ئەمە تەتبیق نابێت، دیسان هەر لەسەر مەبادئی عامە قسە دەکەم، دیارە بودجە دابەش کردنەکەی لەسەر دوو پرەنسیپی ئەساسییە، یان دابەش کردنی ناوچەیی، ناوچەکان کە گرنگە یەکسانی رەچاو بکرێت، لەگەڵ دابەش کردن بەسەر سێکتەرە جۆربەجۆرەکانی

ئابووریدا، دیاره ئەم پارەئەوەندە زۆر نیە ئێمە ڕەچاوی سێکتەرە جۆربەجۆرەکانی ئابووری پێ بکەین، بەلأم ناکرێت غایب بوونی ناوچەکان، یەکسانی لە دابەش کردنی ناوچەکان، دەرناچم لەناو تەفاسیلەوە، ئەگینا ئەتوانم بیسەلمێنم، بەلأم من نامەوێ بچمە ناو تەفاسیلەوە، یەعنی پێموایە مەبدەئی دابەش کردنی یەکسانی بەسەر ناوچەکاندا، لێرەدا غایبە، من نازانم ئەوە، بەلأم ئەگەر پارەی نەوتە، یان نەوتی ڕەشە، ئێمە قانونێکمان هەیە لە عیراقدا، فەرزیش دەبێت بەسەر کوردستان، قانونی (پترۆدۆلار)، کەواتە ئەو ناوچانەی کە نەوتیان لێ دەردەهێندرێت، دیسان ئەگەر نەوتی ڕەشیش بێت، هەر موشتەقاتی نەوتە، کەواتە لێرەدا قانونی پترۆدۆلار غایبە، کە ئەوەش بەڕاستی ئیجحافێکە بە خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئێستا پرۆسەی نەوتی لێ ئەنجام دەدرێت، یەك مەبدەئی دیکە هەیە، مەبدەئی شەفافیەت، یەعنی مەبدەئی شەفافیەت لێرەدا زۆر زۆر گرنگە، خوشك و برایان ئێمە سیاسەت دەکەین، ئێمە لە وڵاتێکی سەربەخۆ نین، ئێمە بەشێکین لە عیراق بەڕاستی، وە ئێمە شەریکمان هەیە لەم وڵاتە، پارەی هەر شتێکە، بە قەناعەتی من واباشە، بە ڕستەیەکیش بێت، با بێت، چونکە دواجار لەوانەیە حاڵەتێکی ئاوا لاواز کە ئێمە بیدەین بە دەستەوە، بەرامبەر بە شەریکەکانمان لە بەغدا، بەڕاستی تۆ ئەبیتە مەفاوەزی خۆت، نوێنەرەکان دەمیان دەبەستێ، جاری وا هەیە خاڵێکی زۆر بچووکی لاواز، بەڕاستی قەزیەکی گەورەت لە دەست دەدات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەگەر ، من نازانم جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە، ئەگەر پارەی نەوتیشە، ئەگەر 200ملیۆن دۆلارە، ئەگەر 300ملیۆن دۆلارە، باشتر وایە بیڵێین باشترە، چونکە دواجار گومانی زۆر گەورەتر لەوە دەکرێت، یەعنی من پێموایە وا باشە بە هەموو دوعایەکی حکومەت نەڵێین ئامین، لەوانەیە لێرەدا هەڵەبێت، لەوانەیە هەڵەیەکی سیاسی گەورە بێت، لەوانەیە لێرە مەبدەئی شەفافیەت کە ونی دەکەی، دواجار تۆ لە سیراعێکی گەورەدای، لە شەڕی کەرکووکدای، لەوانەیە خاڵێکی لاواز بێت بۆ تۆ و نوێنەرەکانت لە پەرلەمانی عیراقی کە سیاسەت دەکەن، من پێموایە ئەم هەڵەیە، ئەم نوقتە زوعفە نەدەین بە دەستەوە، زۆر بە شەفافانە پارەی هەر شتێکە بیڵێین، لەو سەرەوە 200 ملیۆن دۆلار لە بودجەکەمان ببڕن باشترە، نەوەك قەزیەی گەورە گەورە، یەعنی موجازەفە بە قەزیەی زۆر ستراتیژی میللەتەکەمانەوە بکەین، لێرەدا خاڵێکی تر کە زۆر گرنگە، یەعنی تەداخول کردنی دەسەڵاتەکانە، یەعنی ئێمە پەرلەمانین، بە حیساب بێت بەرزترین دەسەڵات لە سیستەمی ئیداری ئەم وڵاتەین، بەڕێز وەزیری پلان دانان لە لیژنەکەی ئێمە ئەیفەرموو، کەوا ئەم پڕۆژانە خراوەتە تەندەرینەوە، کەواتە ئەم پڕۆژانە چووەتە تەقریبەن بابی جێبەجێ کردنەوە، بەڕێز جەنابی وەزیر دوایی دەتوانێت جوابم بداتەوە، وە ئێمە کە ئەوەی ئەشزانین و مەعلوماتمان هەیە لە ناوچەکان، ئەم پڕۆژانە چووەتە بابی جێبەجێ کردنەوە، کەواتە ئەمە تەداخول کردنە، یەعنی دەسەڵاتی تەنفیزی بەبێ ئەوەی مۆڵەت لە پەرلەمان وەربگرێت، پڕۆژەکان چوەتە بابی جێبەجێ کردنەوە، من پێموایە ئەوە لەنگیە بۆ پەرلەمان، بۆیە داوا دەکەم بەڕاستی، دوا دەکەم دواجار، بەڕاستی خاڵێکی مەترسیدارە لە ڕووی سیاسیەوە بۆ ئێمە، وە ئەو مەبدەئی ئەوانەی کە باسم کرد لێرە، ئەوانە شی تیایە غایبە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو پڕۆژەیە بگەڕێتەوە، هەروەها پشتیوانی

ڕایەکەی هاوڕێم کاك عدنان عیمان دەکەم بۆ دروست کردنی ئەو لیژنەیە، بۆ بەدوا داچوونی داهاتەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان عبدالکریم فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە ڕای هاوڕێکانم دەکەم، بەتایبەتی کاك عدنان، کە لەو بابەتەدا شەفافیەت نیە، وە داهاتەکەش دیار نیە، واتە بەرەئی من ئەو بودجەیە دیار نیە لەسەر ڕۆشنایی چ داهاتێکە، وە بڕەکەی بە وردی چەندە، ئەمە نادیاری تێدایە؟، وە کوا ئەو پرۆژە ستراتیژیانەی کە کوردستان پێویستیەتی لەناو ئەو بڕە پارەیە بۆ پرۆژەی ستراتیژی زۆر گەورە دانەنراوە؟، تەنها ورد کراوەتەوەو پەرت و بلاّو کراوەتەوە، بە نا یەکسانی، خالّێکی ترم، نادیاری هەیە لە شوێنی دیاریکراو بۆ پرۆژەی دیاریکراو، بە تایبەتی لە قوتابخانەکان، خزمەتگوزاریەکان، تۆڕی ئاو، کە تێکەلّیش هەیە لە ناو ئەو پرۆژانە، بۆیە هاوڕام لەگەلّ ئەوەی ئەو پرۆژەیە ڕەت بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دوو بارە پێدا چوونەوەی بۆ بکرێت و، پلانێکی تری تۆکمەی بەهێزی بۆ دابندرێت، کە بەڕاستی هیچی تیا نیە، کە ئێمەی ڕاوێژکاران و پلان دانەران لە شوێنی تر بیهێنین، بۆ ئەوەی ئیشەکانمان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست تر بڕوات، وە هەروەها دوو بارە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە، کە پرۆژەی ستراتیژی گەورە بۆ کوردستان لەو داهاتە نەوتە گەورە، هەقی هەموو هاوولاّتیەکی کوردستانە، کە بێ بەش نەبێت لەو بڕە داهاتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پێشەوا تۆفیق فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتەی کە ئێمە ئەمڕۆ گفتۆگۆی لەسەر دەکەین، بڕێك پارەیە کە بەناوی پارەی نەوتەوە ناونراوە، وە ئەم پارەیەش دابەشکراوە بەسەر کۆمەلّێك پرۆژە لە خشتەیەکدا، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانە جێبەجێ بکرێن، لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، من پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم، ئایا بەڕێزیان، یاخود بلّێین وەزارەتەکەی بەڕێزیان هاوکاری و هەماهەنگی هەبووە لەگەلّ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لەسەر ئەم بڕە داهاتەی کە ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، هەروەها وەکو لە یاسای بودجەی 2010 ش، پێموابێ ئەگەر ماددەیەك هەبوو بەم شێوەیە تەسبیت کرا، بۆ ئەوەی هاوکاری و هەماهەنگی هەبێ لەنێوان هەردوو وەزارەت، بۆ ئەو داهاتانەی کە لە دەرهێنانی سامانە سروشتیەکان دەردەهێندرێن و، بخرێنە سەر داهاتی هەرێمەوە، من کۆمەلّێك پرسیار لام دروست بووە، بەو پێیەی کەوەزیری سامانە سروشتیەکان لێرە نیە، ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزتان دەکەم، وەکو

سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئایا ئەم داهاتە، یاخود ئەو برە پارەیە داهاتی فرۆشتنی نەوتە؟، یاخود شیرینی گرێبەستە نەوتیەکانە، ئایا ئەم برە پارەیە هی ساڵی چەندە؟، هی ساڵی 2010یە؟، یاخود هی ساڵانی پێشووە؟، بەو پێیەش کە من لە یەکێك لە رۆژنامەکان لێدوانێکی بەرێز سەرۆکی کابینەی پێنجەمم خوێندۆتەوە، کە باس لەوە دەکات، کە ئەم مەبلەغە پارەیەی هی سەردەمی کابینەکەی ئەوە، بەلاّم دوا بە دوای ئەمە، لێدوانێکی بەرێز سەرۆکی کابینەی شەشەمم بیست، کە ئەو برە پارەیە هی سەردەمی کابینەکەی ئەوە، بەراستی من وەکو پەرلەمانتارێك لێرەدا نا رۆشنیەك هەیە، حەز دەکەم وەلاّمێکم دەست کەوێت لەسەر ئەم پرسیارە، ئایا هی کامیانە؟، بۆچی ئەم مەبلەغە بوو؟، بۆ لەمە زیاتر یان کەمتر نەبوو؟، کە ئەمانە پرسیارن حەز دەکەم بەرێزتان وەلاّمم بدەنەوە، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا، لە خاڵی دووەم هاتووە، دوای کۆبوونەوەو گفتوگۆ کردن چەند جارێك لەگەڵ بەرێز وەزیری پلان دانان، بەرێوەبەری گشتی پلان دانان، پێش ئەوەی پرۆژە یاسایەکە خوێندنەوی یەکەمی بۆ بکرێت، لە 11/12 لیژنەکەمان هەڵسا بە نووسینی راپۆرتی خۆی بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامانی، من لێرە پرسیارێك دەکەم، بەراستی ئایا جائزە، یاخود لە رووی یاسایەوە تا چەند گونجاوە، پرۆژەیەك کە پێش ئەوە ناوی لێنراوە پرۆژە یاسا، بەرەئی من ئەمە پرۆژە یاسا نیە، پێش ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، تا چەند جائزە لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی لەسەر ئەم بابەتە ئامادە بکات؟، وە هەروەها لە کۆنووسی ژمارە 36 لیژنەی دارایی و ئابووری کە راپۆرتیان ئامادە کردووە، لە 2010/11/2، ئەڵێ وەزارەتی پلان دانان لە رۆژی 2010/10/26 بە شێوەیەکی نافەرمی، واتە بە دەستی دواین خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بۆ ساڵی 2010 یان نارد بۆ لیژنەکەمان، کە بەنووسراوی سەرەوەمان نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەراستی لێرەش ئەمە جێگەی پرسیارە، بۆچی بە شێوەیەکی نافەرمی؟، بۆچی بە شێوەیەکی رەسمی لەلایەن حکومەتەوە نەدەنێردرا؟، من تێناگەم، حەز دەکەم بەرێزان لە لیژنەی دارایی و ئابووری ئەمە روون بکەنەوە، مەبەستیان لەمە چیە؟، واتە بەشێوەیەکی نافەرمی، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، ئەگەر باس لە پرۆژەکان بکەن، ئەوانەی کەلە خشتەکان هاتووە، من پێموایە یاخود پرسیارێك بکەم، ئایا بەرێز وەزارەتی پلان دانان، یاخود بەرێز وەزیری پلان دانان، چ پێوەرێك رەچاو کراوە بۆ دانانی ئەو پرۆژانە، ئایا ژمارەی دانیشتوان لەبەرچاو گیراوە، یاخود زەرەرمەند بوونی ناوچەکان، یاخود ئەو ناوچانەی کە نەوتی لێ دەردەهێندرێت؟، حەز دەکەم ئەمەش پرسیارێکە وەلاّمم بداتەوە، من ناچمە ناو تەفاسیلی پرۆژەکانەوە، بەلاّم بەو پێیەی کە هەندێك پرۆژە، بەراستی لای من روون نیە، تاوەکو بتوانم قسەی لەسەر بکەم، لە پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر، نۆیەم هاتووە، دروست کردنی ژوورێك بۆ خانووی مەلای مزگەوتی شەقلاوە، بەراستی من ئیحتیرامم بۆ ئەو مەلایە بەرێزەو، بۆ هەموو مەلایانی ئاینی، من قسەم لەسەر ئەوە نیە، ئەو پرۆژەیە بۆ بۆ ئەو مەلایە جێبەجێ دەکرێت؟، بەلاّم ئایا ئەو جارەش دووبارەی دەکەمەوە، مەبەستەکەی من ئەوە نیە کە ئەو پرۆژەیە نەکرێت، ئایا ئەمەیە پرۆژەی ستراتیژی بۆ قەزایەك، یەعنی ئەولەویەت دراوە بەمە کە مەبلەغەکەی نۆ ملیۆن دینارە،

ئەمە بە تەسەوڕی من نەوەك لە سەلاحیەتی وەزیر دایە، كە ئەمە هیچ لە سەلاحیەتی وەزیر دایـە، ڕەنگـە لە دەسەڵاتی بەڕیوەبەرێكی گشتی ئەوقافیش دابێت، كە ئەمە هیچ پێویستی نـەدەكرد لێـرە ئـەم پرۆژەیـە هەبێت، چونكە نۆ ملیۆن دینـار مەبلـەغێك نیـە كـە تـۆ بیـدەی ئـاوا بـەو شـێوەیە، چـەند پرۆژەیـەكی تـر هاتووە، 13 و14 و15، دەڵێت تێكەڵە ڕێژ كردنی چەند كۆڵانێك لە گەڕەكی جوندیان لـە سـۆران، ئـەویش هەمان نۆ ملیۆن دینـاری بـۆ تـەرخان كـراوە، مودەكەشـی 50 ڕۆژە، بەڕاسـتی ئەمـە جێگـەی پرسـیارە، نـۆ ملیـۆن دینـار بەشـی چـی دەكات؟، بـەو پێیـەی كـە مـن تۆزێـك شـارەزایم هەیـە، بەشـی ئـەوە ناكـات، كـەتۆ تێكەڵەی بۆ بكڕی، بای نۆ ملیۆن دینار ڕەنگە زیاتری بوێت، یاخود ئەگـەر بیـدەی بـە كرێـی گەڵابـەكان بـۆ گواستنەوەی ئەو بڕەیە، ڕەنگە لەوە زیاتری بوێت، دروست كردنـی ئـاوەڕۆی لوولـەیی لـە گـەڕەكی ڕاپـەڕین پشت فوتابخانەی هەڵوێست، بەشی دووەم، ئەمەش ئاوەڕۆیە نۆ ملیۆن دینـاری بـۆ تـەرخان كـراوە، تەسـەوڕ دەكەم كەسێك كە ئەندازیار بێت، دەزانێـت، ڕەنگـە زۆر لـەوە زیـاتری بوێـت، كـە بەڕاسـتی ئەمانـە جێگـەی پرسیارن، حەز دەكەم ڕوون كردنەوەم پێ بدرێت لە لایەن بەڕێز وەزیـری پـلان دانانـەوە، وە هـەروەها مـن ئـەوەی كـە تێبینـم كـرد لـە پرۆژەكـان، دیـارە دوو ناوچـەم هەڵبـژاردووە، بـەحوكمی ئـەوەی كـە مەبەسـتم هەبووە، یەكێكیان قەزای كۆیە، ئەوی تریان قەزای پێنجوێن، بـە حـوكمی ئـەوەی كـە قـەزای كۆیـە یەكێكـە لەو ناوچانەی كە نەوت لەو ناوچەیە دەردەهێنـدرێت، بـەڵام مەبلـەغی یـەك ملیـار و چـوار سـەدو نـەوت و حەوت ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە، كە بە ڕەئی من ئەمە غەدرێكە لەو مەنتقەیـە كـراوە، دەبوایـە زۆر لەو زیاتری پێ بدرێت، بە حوكمی ئـەوەی ئـەو ناوچـەیە، ئـەو سـامانە لـەوێ دەردەهێنـدرێت، وە هـەروەها قەزای پێنجوێنیش، دوو ملیارو سەدو چل و چوار ملیۆن دیناری بـۆ تـەرخان كـراوە، بـەو پێیـەش كـە ئـەم قەزایە بووە بە قوربانی ڕۆیشتنی ئەو تەنكەرە نەوتانەی كە بەردەوام خەڵكیان هەراسان كردووە، بەردەوام ژینگـەی ئـەو ناوچـەیان پـیس كـردووە، تـەنها لـە زەرەری ئـەو تەنكـەرە نەوتانـە، هـیچ سـوودێكی بـۆ ئـەو ناوچانە نیە، دەبوایە ڕەچاوی ئەوە بكرێت، خـاڵێكی تـر كـە جێگـای تێبینـی مـن بـوو لـە پرۆژەكـان، دیـارە ناحیەی خەلەكان، یەكێكە لەو ناحیانەی لە سـنووری قـەزای دوكانـە، كـە لـەم ناحیەیـە چـوار سـەد خێـزان نیشتەجێنە لەم ناحیەیە، گرفتی سەرەكی ئەم ناحیەیە نەبوونی ئاوی خواردنەوەیە كە ئێستا بـە تەنكـەر ئاویان بۆ دێت، لێرە 64 ملیۆنی بـۆ تـەرخان كـراوە، نووسـراوە پێداویسـتیەكانی ناحیـەی خەلـەكان، ئەمـە جێگای پرسیارە، ئایا ئەم پێداویستیە كرێی تەنكەرە؟، تەسەوڕ دەكەم ئەم 64 ملیۆنـە، بەشـی ئـەوە ناكـات چارەسەری گرفتی ئاوی خواردنـەوە بكرێـت، لـە هـەمان سـنووری ناحیـە، دێیـەك هەیـە، ئاریشـە كەلەسـەر جادەكەیە، ڕەنگە زۆربەمان لە كاتی هاتو وچۆ بینیتمان، كە ئـەم دێیـە 35 ماڵـە، بـەڵام مەبلـەغی 124 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان كراوە، 35 ماڵ بە 400 خێزان، مـن نـازانم چ پێوەرێـك هـەبووە لـە دانـانی ئـەو پرۆژانە؟، بۆیە من لەكۆتایـدا داوا دەكـەم، هـەروەكو بـەڕێزان لـە پـێش منـەوە داوایـان كـرد، ئـەم پرۆژەیـە نەوەك ڕەت بكرێتەوە، بەڵكو بگەڕێندرێتەوە بۆ حكومەت، بەو پێیەی جارێكی تر ڕەچاوی ئەوە بكرێت كە ئەو پرۆژانە لەسەر چ ئەساسێك دادەنرێـت، وە هـەروەها كـاری ئێمـە وەكـو پەرلـەمانتار، وە كـو پەرلـەمانی

کوردستان ئەوە نیە کە قسە لەسەر چۆنیەتی ئەو بڕە پارەیە بکەین، بەڵکو پێویستە لیژنەیەك دروست بکرێت، یاخود بەدواداچون بکەین بۆ سەرچاوەی ئەو داهاتە، ئایا ئەو مەبلەغە بۆ ئەوەندەیە، ڕاستی تەفاسیلەکە چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیام احمد فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە پێشا باسی ئەوە دەکەم، من بۆ خۆم لەگەڵ هەموو شتێکم، لەگەڵ هەموو ئیشێکم کە خزمەت بە هەرێمەکەم بگەیەنێت، هەرچیەك بێت خزمەت بە گوندەکان و شارۆچکەو شارەکانی کوردستان بگەیەنێت، بەلاّم پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا ئەم پارەیە لە کوێوە هاتووە؟، ئەم داهاتە لە کوێوە هاتووە؟، بە پێی ئەوەی کە ئێمە لە ماددە یەك، لە بودجەی 2010 باسمان کردووە، کە ئەبێت ئێمە سەرچاوەی داهاتەکە دیاری بکرایە بۆ پەرلەمان، بەلاّم تا ئێستا ئەو داهاتە بۆ پەرلەمان دیاری نەکراوە، جگە لەوە، ئەگەر ئەمە داهاتی نەوتی ڕەشە، ئایا وەکو باس کراوە لە موزایەدە، بە موزایەدەیەکی عەلەنی دراوەتە ئەو کۆمپانیایە؟، ئەم کۆمپانیایە چ خشتەیەکی بۆ ئێمە ناردووە، ئایا باسی ئەوەی کردووە کە ئەوە داهاتەکە بووەو بە ئەوەندە وەرگیراوە؟، دیارە ئەم پارەیەی کە هاتووە، وەکو باس کرا، کاك پێشەوا پێشی من باسی کرد، ئایا هی ئەم کابینەیەیە؟، یان هی کابینەی پێشووە؟، وەکو ئەوەی کە باس کرا، لە ڕاگەیاندنەکان دوو قسەی دژی یەك هەیە، بۆیە داوا دەکەین ڕوون بکرێتەوە بۆ ئێمە، ئایا ئەمە هی کام کابینەیە؟، هەروەها من پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری پلان دانان، ئایا ئەو پێوەرە چی بووە کە دابەشی کردووە، ئەو پارەیەی دابەش کردووە بەسەر ناوچەکان، ئایا لەسەر ڕێژەی دانیشتوان بووە؟، ئایا پێویستی ناوچەکان بووە؟، ئایا زەرەرمەندی ئەو ناوچانە، جگە لەوەی کە باس کراوە، ئەبێ ئەو پارەیەی ئەو شارانەی، یاخود ئەو شارۆچکانەی کە بەروبومی نەوتی تیادا دەردەهێندرێت، ئەبێ خزمەتێکی زیاتر بۆ ئەوان هەبێت؟، حسەیەکیان هەبێت؟، بەلاّم لێرە بەداخەوە لەم خشتیەی کە بۆمان هاتووە، ئەو شوێنانەی کە نەوتی تیا دەردەکرێت، بۆ نموونە، کۆیە، تەق تەق، ئاکرێ، قادر کەرەم، بەردەڕەش، گەرمیان، هەندێك شوێنیش هەیە هەر ناوی نەهاتووە لەم پڕۆژەیە، کە خۆی ئەسڵەن ئەو شوێنە نەوتی تیا دەردەکرێت، جگە لەوە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە دێهاتەکانمان زیاتر ئاوەدان بکرێتەوە، بەلاّم بەداخەوە، لێرە ئیهتیمامی کەمتر دراوە بە ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان، دواتر باسی ئەوە کراوە بۆ کڕینی پێداویستیەکانی قوتابخانە، ئۆتۆمبێل و پێداویستیەکانی قوتابخانە، پرسیارێك لێرەدا دەکرێت، ئایا ئەمە لە بودجەی تەشغیلی شوێنی نەکراوەتەوە؟، جگە لەو کۆمەڵێك شتی تر هەیە کە دووبارە کراوەتەوە، یان شوێنەکان دیاری نیە، بۆ نموونە، ئەڵێت، قەتابخانەی چوار پۆلی لە گەرمیاندا، کە ئێمە خۆمان ئەسڵەن لەگەڵ ئەوەدانین قوتابخانەی چوار پۆلی بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەدابووین کە زیاتر قوتابخانەکان نموونەیی بێت و باشتر بێت، بەلاّم لێرە تازە دەگەڕێینەوە بۆ چوار پۆلی، هەروەها باسی ئەوە کراوە پڕۆژەی

ئـاوی چەمچـەماڵ و خزمـەت گـوزاری بـۆ گەڕەکـەکان، چ گـەڕەکێك؟، وە سـێ جـار دووبـارە كراوەتـەوە، کـام خزمەتگوزاری؟، سێ جـار ئـەوەش دووبـارە کراوەتـەوە، کـە ئـەو خزمەتانـە بکرێـت، بۆیـە لەگـەڵ هاورێکـانم، بۆچوونی هاورێکانم ئەوەیە کە لێژنەیەك پێك بهێندرێت، بۆ ئەوەی تەئکید بکرێتـەوە، دوایـی ئێمـە لێڵێـەك لەبەرچاومان هەیـە بۆمـانی ڕوون بکەنـەوە، ئـەم پارەیـە داهاتەکـەی چـۆنە؟، لـە کوێـوە هـاتووە؟، نـاوی چـی ئەنێین؟، جگە لەوە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی زیاتر و باشـتر بۆمـان بگەڕێتـەوە بـۆ پەرلـەمان، کـە لـە هەمووی گرنگتریش ئەوەیە ناوی ئەم پرۆژەیە کە بودجەیـە، بـەلاّم بـەڕێزی وەزیـر خـۆی لێـرەدا وتـی، ئەمـە بودجە نیە، بۆیە داوا دەکەین ئەمانەمان بۆ ڕوون بکرێتـەوە، دوای ئـەوە بتـوانین قسـە لەسـەر ئـەو پرۆژەیـە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله ( بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرۆژەیەی لەبەر دەستمان دایە، کە نووسراوە بودجەی تەواو کـاری پـەر پێـدانی پـارە زیادەکـان، بەلاّم تا ئێستا ئەو ناوە، من لە ناوەکەوە دەبێت دەست پـێ بکـەم، ئـەو نـاوە لای مـن ڕوون نیـە، وە نـازانم ئـەو ڕەقەمانەی کە هاتووە بۆ ئێمە، لە کوێوە هاتوون؟، ئایا ئەم ڕەقەمانـە لـەوە زیـاترن، یـان هەرشـتی خـەیاڵین؟، چونکە بە پێی هەندێك وردەکاری کە خۆم بۆم کردووە، وا پێدەچێت هەندێك لەو پرۆژانەی کـە لێـرەدا بـاس کراون، پێشتر لە بودجەی 2010 باس کراون، پارەیان بۆ دیاری کراوە، دووبارە هاتوونەتەوە، ئایا ئەوە هەر بۆ تەئکید کردنەوەیە، یان فعلەن ئەوە بودجەیە؟، وە شێوازی دیاری کردنی ئەو پارەیە لە کوێوە هـاتووە؟، وەکـو کۆمەڵێك لە هاوکارانم باسیان کرد، بەڕاستی من پێموایە ئەبێت سەرچاوەکەی دیـار بێـت، وە دەقیـق بێـت، وە ڕوون بێت، ئەگەر بێینە ناو پرۆژەکان، من باسـی تـەنها پارێزگـای هـەولێر دەکـەم، پارێزگاکـانی تـریش دیـارە باس کراوە، بەس من تەنها دوو، سێ نوقتە وەکو نموونـە باس دەکەم، بۆ نموونـە، لـە ڕەقـەم 42 کرینـی کـەل و پەلی تایبەت بۆ دروست کردنی بیست و یـەك هـەزار رەحلـەی دوو کورسـی، بـۆ پەرەپێـدانی هـەولێر، مـەوادی ئەوەلی بۆ کارگەی دارتاشی پەروەردەی هەولێر، دوو بارە لـە خـاڵی 44، دەڵێـت کرێـی دروسـت کردنـی رەحلـە لەگەڵ کەل و پەلی پێویست.......هتد، ئایا ئەگەر ئێمە پارەمان جارێك داوە، وەکو لێـرە نووسـراوە، پـارە دراوە بـــە شـــەریکەیەك بـــۆ دروســـت کردنـــی رەحلـــە، بـــەلاّم جـــارێکی تـــر دەڵێـــت، کرێـــی رەحلـــە، یـــەعنی بەڕاستی.......................... .

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

.................. عەقد کراوە، ئەگەر تێکڕاییەك وەربگرین، بۆ هەر عەقدێك حەوت ملیۆن و نیو وەرگیرابێـت، سێ سەد ملیۆن دۆلاری تر وەرگیراوە، ئەی ئەوە چی لێهات، بـەڕێز وەزیـری سـامانە سروشـتیەکان ئـەڵێت، لـە

مامەڵەیەکی ( دی ئێن ئۆ) لەگەڵ ئۆسلۆ، 15 ملیۆن دۆلار قازانج کراوە، ئەی ئەوە بۆ نەپرسین؟، بۆ هەقمان نیە بپرسین؟، ئەی پەرلەمان هەقی نەبێت لە داهات بپرسێتەوە، ئەی لەچی بپرسێت؟، یەك پرسیار کەمن زۆر بەلامەوە، بەداخەوە یەعنی زۆر ناڕۆشنە، وە پێموایە تەنها وروژاندنی ئەو پرسیارە، کە برادەران باسیان کرد بەداخەوە، زۆر بە چڕی نەچوونە ناوی، بایی ئەوەیە کە پەرلەمان هەموو ئیشەکانی خۆی ڕابگرێت، بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە بکات، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 238 ڕۆژی 8/24 لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت، من ئاگام لەو 200 ملیۆن دۆلارەیە کە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی دەکەین لێرە، ئەڵێ هی سەردەمی منە، ئاگام لێیەتی، بەڕێز سەرۆکی حکومەت و سۆزان خان دەڵێت پارەی نەوتی ڕەشە، ئەمە سێ بەرپرسی باڵای ئەم وڵاتەیە، ئەم ناکۆکیە بایی ئەوە نیە ئێمە جارێك بپرسینەوە و ساغی بکەینەوە کە ئەم داهاتە هی چیە؟، بۆ قسە کردن لەسەر ئەمە ئەبێ هێن بێت، ببورن سەرۆکی کابینەی پێنجەم کاك نێچیرڤان لە چاوپێکەوتنێکی ئاوێنە ئەڵێت ئەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم، بەو پێیەی کە ئێمە پەرلەمانین، پەرلەمان ئیشی دابەش کردنی پارە نیە، ئیشی بڕیاردان نیە لەسەر پڕۆژە، ئیشی ئەوەیە تەحقیق بکات، ئەو پڕۆژانە لە چوارچێوەیەکی عیلمی دا جێبەجێ دەکرێن، داهاتەکەی بە ڕۆشنی لە کوێوە هاتووە؟ دۆزراوەتەوە؟ وڵاتێك داویەتی پێمان؟ داهاتی ناوخۆیە؟ من زۆر پشتیوانی ئەو قسەیەی کاك حاجی بیلال دەکەم، حکومەتداری بە شاردنەوە ناکرێت، ئێمە ناتوانین ئەو گرفتە خۆمان لێرە بیشارینەوە، ئێ ئەوان دەزانن چەند تەنکەر نەوت ڕۆیشتووە، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە زۆر بە شەفافی، وەکو پەرلەمان، بە دواداچوون بۆ کۆی داهاتی نەوت بکەین، ئەو مەبلەغە گەورانەی کە لە ڕابردوودا خەرج کراوە، لەسەردەمی پێش دوو ئیدارەییەوە تا ئێستا بهێنرێتە پەرلەمان، لەسەر ئەساسی ئەوە پڕۆژە پێشنیار بکرێ، لەسەر ئەساسی ئەوە خزمەت بە کەس و کاری شەهیدان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە بکرێ، بۆیە داواکارم ئەو پڕۆژەیە لێرە ڕاگیرێ، تا ئەو کاتەی ئەو لێژنەیەی کە کاك عەدنان ئاماژەی پێدا دروست دەبێ، بە دواداچوونێکی جیددی دەکات، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل ئامادە دەکات، دواتر لەو پەرلەمانە نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی کوردستان دەکات، بڕیاری لەسەر دەدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عەزیمە نەجمەددین، کەرەمکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا قسەم لەسەر ناوی پڕۆژەکە هەیە، وەکو ئەو بەڕێزانەی تر وتیان، بەڕاستی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئێمە دەزانین کە لە چەند ساڵی پێشووشدا بڕێك پارە لە حکومەتی عێراقەوە، ئەوەی تریشی لە بودجەی حکومەتی کوردستان ئەو بودجەیەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بە پێی ژمارەی دانیشتوان هاتووە، بەڵام ئێستا ئێمە ئەو پارەی کە هاتۆتە پەرلەمان و بە ناوی پڕۆژەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان، بە تەئکید ناڕوونیەکی پێوە دیارە لەو پڕۆژەیەدا، لەبەر ئەوە ئێمە

ئەگەر قسە لەسەر پارەی نەوت بکەین پێش ئەوەی بڕێك پارەی نەوت بێتە پەرلەمان و قسەی لەسەر بکەین لە ناو پەرلەماندا، ئەو پارەیەی کە دیاری کراوە لە ناو ئەو پرۆژانەدا بۆ ئەو ساڵی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئێمە دەبێ بەرچاو ڕوونیەکمان هەبێ لە پارەی ئەو نەوتەی کە لە سەرەتاوە تا ئێستا، ئەوەی کە مینحەی ئەو نەوتەی کە فرۆشراوە، ئەگەر ئێمە تا ئێستا قسەمان لەسەر ئەوەیە ئێمە دەڵێین حکومەتی عیراقی و دەوروبەرمان نازانن ئێمە چەند نەوت دەفرۆشین؟ خۆ دەتوانرێ لە کۆبوونەوەیەکی داخراوی پەرلەمان و حکومەتدا، بۆ هەموو لایەنەکان و کە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکن، بۆ خەڵکی ئاشکرا بکەین کە پارە و داهاتی نەوت بە هەدر نەچووە، هەمووی صەرف دەکرێ و دەکرێتە پرۆژە، ئەو کاتە کەس قسەی لەسەر نابێ، بەڵام ئێمە خۆمان لە خۆمان شاردۆتەوە، ئێمە تا ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکەین ئەو بڕە پارەیەی هاتۆتە پەرلەمان، فەرموو ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیە باشە بۆ ئەوێ، ئەوە خراپە بۆ ئەوێ، بەڕاستی ئەوە قابیلی قبوڵ نیە کە ئەندامانی پەرلەمان ئەو جۆرە پرۆژانە لە پەرلەماندا قبوڵ بکرێ، بەڕاستی ئەگەر ئێمە قسە لەسەر بودجەی نەوت بکەین کە کاتێك هاوپەیمانی کە کەرکووکی گرتەوە، قسەی لەسەر ئەوە دەکرد دەیوت کەرکووك دەبوایە ئێستا جادەکانی، سەر ڕەسیفەکانی ئاڵتوون بوایە، لەبەر ئەوەی ئەو شارە ئاڵتونە، نەوتی تیایە، بەڵام ئێمە لە دوای ئەوەی کە حوکمڕانی، دوای بیست ساڵ حوکمڕانی کوردی، ئێمە ئەو ناوچانەی کە بە دەستی خۆمان وێران کراوە، ئەو ناوچانەی کە بە دەستی ڕژێم وێران کراوە، نەمانتوانیوە وەکو پێویست هەر لەو پارەی نەوتە کە ئێستا پارەیەکە جگە لەوەی کە لە بودجەی 17٪ ی حکومەتی عیراقی، ئەوە پارەیەکە دەتوانین قەرەبووی پێ بکەینەوە، ئێمە باس لە قەرەبووکردنەوەی حکومەتی عیراقی دەکەین بۆ ئەو ناوچانەی وەکو هەڵەبجە قەرەبوو بکاتەوە، کە کەس و کاری کیمیابارانی هەڵەبجەی تیایە، ئەوە خۆمان بۆ نەتوانین لەو پارەیە قەرەبووی کەس و کاری ئەنفالەکان، شوێنەوارە وێرانەکان، ناوچەی گەرمیان بکەینەوە کە بە دەستی ڕژێمی بەعس و بە دەستی شەڕی ناوخۆوە کە بووە بە وێرانەیەك، بەڕاستی جێی ئەوەیە کە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین، ئەو خەڵکە بڕۆ سەیری ناحیەکان بکە، سەیری قەزاکان بکە، سەیری ئەو شوێنانەی کە تا (2003)ش دەبابەکانی بەعس لەبانی مەقانەوە قەصفی شارەکانی دەکرد، بەڕاستی ئەو شوێنانە کە ئێستا پەراوێز خراون، ئێمە لەو چەند ڕۆژەدا سەردانێکی ناحیەی شۆڕشمان کردووە، قەناعەتتان بێ هەموو ئەندامانی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان، ماڵ هەبووە نە ئاوی هەبووە، نە جاددەی هەبووە، نە هیچ کارەبای هەبووە، یەعنی خزمەتگوزاری لەو شوێنە نیە، ئەو بڕە پارەشی کە بە چاودێری خێزان دەدرێتە ئەو شوێنانەی کە لە ڕێی مەڵبەند و لقەکانەوە تەوزیع دەکرێ (37) هەزار دینارییە کە کەمترین بڕە پارەیە، کە چاودێری کۆمەڵایەتی دەیدات بە خەڵك، لەو بڕە پارەیە بێ بەش بوونە، خێزانێکی سەرگەردان لە ناو ماڵەکانیانە، کێ لەوانە بەرپرسیارە؟ بەڕاستی ئێستا جێی گومانە کە ئەو هەموو پارەیە نازانین ئێمە چی بۆ بکەین؟ داوای پرۆژەی ستراتیجی گەورە دەکەین، من لە گەنجێکی ناحیەی شۆڕشم پرسی وتی لە سەنتەری وەزش و لاوانم، چی پرۆژەیەکت پێویستە، وتی: من ئاو نیە، کارەبام نیە شەو، دێمە سەر

جاددەکە لە بەر دەرگاکەمەوە عەلاگە دەکەمە پێم دەچم بۆ مەکتەبەکەم، داوای پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری سەنتەری گەنجانم بۆ چیە؟ بەڕاستی ئەوانە داواکاری خەڵکە، سەرۆکی پەرلەمان حەقە هەموو ئەندامانی پەرلەمان داکۆکی لەو شوێنانە بکەن کە بەڕاستی زەرەرمەند بوونە، کە بەڕاستی وێرانن، کە بەڕاستی خەڵکەکەی تیاچووە هەم لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، هەم لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا، ئێمە ئەگەر قسە لەسەر پارەی نەوت بکەین، بەڕاستی ئەگەر قسە لەسەر ئەو پارەیە بکرێ بۆچی بە کاربهێنرێ؟ جگە لەوەی کە ئێستا باسم کرد بۆ ناوچە زەرەرمەندەکان، پێویستە بۆ سەکتەرێکی گرنگ کە بواری پەروەردەیە، من پێموایە ئێمە ئێستا جاری وا هەیە لە لێژنەی پەروەردە خۆمان دادەنیشین دەڵێین هەڵمەتێکی نیشتمانی بکەین، سواڵ و صەدەقە بۆ دروستکردنی مەکتەب بکەین، ئایا کێشەی دروستکردنی مەکتەب و خوێندن لەو وڵاتەدا ئەوەندە ئیهمال کراوە کە لە ساڵێ چەند مەکتەبێك و چەند پرۆژەیەکە کێشەکەمان چارەسەر بێ، حەقی ئەوە نیە لەو پرۆژە بودجانەدا بتوانین ئێمە تەواوی ئەو کەم و کورییانەی کە لە بواری پەروەردە هەیە، ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگایەکی تەندروست پێك بهێنین، کۆمەڵگاکەمان تەندروست بێ، دەبێ لە بواری پەروەردەوە، لە دروستکردنی قوتابخانەوە، لە کەم و کورییەکانی پەروەردەوە، لە چاککردنی مامۆستاوە، ئێمە بتوانین دەست پێ بکەین، ئینجا دەتوانین ئێمە لایەنەکانی تریش چارەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سیوەیل عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە هەمووجار بۆ خۆمان حکومەتی هەرێمی کوردستان یان بەرپرسان لە بەغدا دا، داوای شەفافیەت دەکەین، داوای بودجەی زیادە دەکەین، شەڕ دەکەین لەسەر بودجەی، بەڵام دەبوایە لە کوردستان ئێمە داوای شەفافیەت نەکەین، لەبەر ئەوەی دەبوایە بۆ خۆی شەفاف بێ پێشتر، یەعنی داوای شەفافیەت دەکەین، بەڵام شەفاف نینە، لە عیراق داوا دەکەین.................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من لەوە شەفاف تر، جەنابت لە پێش ئیعلام، هەر چیت هەیە دەیڵێی ئیتر نازانم شەفاف چیە؟ ڕەنگی هەیە؟ ڕووی هەیە؟ کەرەمکە لەسەر مەوزووعەکەی تکایە، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، کێ دەڵێ زۆرتر نیە، پارە هەر پارەیەك بێ نموونە دەینین، ئەگەر پارەی بودجەی 2011 هاتە پەرلەمان، بۆ نموونە کە هاتە پەرلەمان خۆ یەکسەر سەرۆکی پەرلەمان ناچێ دابەشی بکات، ئەوە بۆ ئەوەی، ئەوە بۆ ئیفادات یەك، دوو، سێ، وایە؟ بۆ خۆی قانون ئەوەیە، حیسابات هەیە، نیزامی موحاسەبە

هەیە، ئەو پارەیە داخیل دەکرێ، داخیلی حیسابات دەکرێ، ئینجا وردە وردە بە پێی مادده و فەصڵەکان صەرف دەکرێ، بەڵام ئەو برە پارەیەی کە هاتووە و صەرف کراوە لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە نەچۆتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە بۆ خۆی ئەو قسەیەی کردووە، بۆیە لێم یەقینە کە نەچۆتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی، دەبوایە بچێتە سەر حیسابی وەزارەتی دارایی ئەو پارە، ئینجا ئەو پارەیە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان یان لەگەڵ پارێزگاکان دابنێن، پلانی بۆ دابرێژن و پرۆژەی پێ ئەنجام بدەن، ئێمە داوای ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەکەین، گوند بە چ ئاوەدان دەبێتەوە؟ ئەگەر بایەخ بە کشتوکاڵ نەدرێ، بایەخ بە بواری تەندروستی نەدرێ، تەبعەن لە بودجە هیچ باسی لێ نەکرایە، تەنها ئەگەر هەڵە نەبم لە پارێزگای دهۆك باسی تەندروستی کراوە لە یەك بواردا، یەکجار، دوایی ئێمە هیچ لاریمان نیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، لاریمان نیە هەر پرۆژەیەك لە هەر شوێنێك، لە گوندێك، لە دێ، پایتەختە، هەر شوێنێك ئەگەر خزمەتگوزاریی لێ ئەنجام بدرێ، پرۆژەی بۆ بکرێت، تەبعەن زۆرمان پێ باشە، بەڵام ئێستا بە تایبەت پرۆژەکانی هەولێر دەبینی زۆربەی لە ناو شاری هەولێرە، ئەگەر دیراسەتی بکەین، ببینین، پرۆژەکان سیمای ئاوەدانی و پێشکەوتن هەمووی لە شاری هەولێرە، تەبعەن حەقی دەوروبەری خواردووە، ئێمە پێمان باشە، هەولێر پایتەختە، مافی خۆیەتی، بەڵام حەقی دەوروبەری خواردووە، مەسەلەیەك هەیە دەڵێ: ئیخۆم بۆ خۆم ئی تۆش دەخۆم، یەعنی هی دەوروبەریش خورایە، جگە لەوەی حەقی خۆی دراوەتێ، تەبعەن ئێمە لە کەرکووك داوای ئەوەمان کردووە، پترۆدۆلار، با بڵێین هەر شارێك، هەر شوێنێك مافی ئەوەی خۆی هەیە دۆلارێك لە هەر بەرمیلێك وەربگرێ، تەماشای ناحیەی تەقتەق دەکەین، کۆیە هەندێك پرۆژەی بۆ کراوە، هەرچەندە مافی خۆیەتی زیاتری بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەو پارەی کە ئێستا پەخشان و تەخشانی پێ دەکرێ، صەرف دەکرێ بۆ پرۆژەکان، بۆ هەموو شوێنێك، پێش هەموو شوێنێك مافی شاری کۆیە و ناحیەی تەقتەقە کە بەشی خۆی هەبێ، بۆ کۆیە هەندێك کراوە، بەڵام بۆ ناحیەی تەقتەق غەدرێکی لە 100٪ لێ کراوە، کە دەڵێم لە 100٪ لەبەر ئەوەی یەك پرۆژەی بچووکیشی بۆ نەکراوە، ئەگەر تەماشای پرۆژەکانی شاری هەولێر بکەین، مافی خۆی بوو زۆرترین پرۆژە لە ناحیەی تەقتەق بکرێت، بە مەرجێك ناحیەی تەقتەق شوێنێکی کشتوکاڵییە، زۆر بە پیت و بەرەکەتە، دەبوایە پرۆژەی زۆری تێدا بکرێ، مافی خۆی بوو لەو برە پارەیە تەقتەق حەقی خۆی بوو ئەگەر وەربگرێ، بێینە سەر پرۆژەکانی هەولێر، پرۆژەکانی هەولێر لە چاو سلێمانی و دهۆك زۆر بە نارێکی کراوە، پرۆژەیەك لە سۆران، یەك هاتۆتە هەولێر، یەك چوویتە کۆیە، یەك چوویتە گوندێکی تر، بەڵام هی سلێمانی و دهۆك باشترە، یەعنی دیاری کردووە پرۆژەکانی ناو دهۆك، یان ناو سلێمانی، ئینجا بەڕێوەبەرایەتی ئاو، کارەبا، هەندێك دیاری کردووە، خشتەکەی ڕێکترە، نازانم ئەو خشتەی هەولێر کە نارێکە، دەبێت سەبەبێکی هەبێت، بە نیسبەت پرۆژەکانی هەولێر یەك: لە خاڵی (4) هاتووە (دروستکردنی چەند ژوورێك و کەرەڤانەیەك بۆ قوتابخانەکان)، نازانین لە چ شوێنێك، دیاری نەکراوە، یەعنی نازانی ئەو کەرەڤان و ژوورانە بۆ قوتابخانەکان لە کوێی یە؟ لە خاڵی (21) لە پرۆژەکانی هەولێر هاتووە دەڵێ:

(ڕێگای بەردبڕ بەستی شەرغە)، نەنووسراوە چەند کیلۆمەترە؟ لە زنجیرەی (42، 43، 44) بەس باسی پێداویستی قوتابخانەکان و ڕەحلەکان دەکات، من لێکم داوەتەوە لە خاڵی (42) دروستکردنی (21) هەزار رحلە، بە بڕی (639) ملیار دینار، واتا هەر ڕەحلەیەك بە سێ ملیۆن و نیو دروست بکرێ، کارەساتە، یەعنی ئێمەش بایی خۆی عەقلی تیجاریمان هەیە، دەزانین بازاڕ ئەوها گران نیە، مەعقول نیە، دوایی لە هەمان کاتدا وەك حاجی بیلال باسی کرد، کرێی دروستکردنی رحلە، جگە لەوەی سێ ملیۆن و نیوە بۆ هەر رحلەیەك دەدەی، ئەوە دیارە بەس بۆ تەختە و ئاسن و شتەکە، ئینجا دیارە کرێشی بۆ دەدەی، لە دواشەوە لە زنجیرەیەکی تر هاتووە کە دەڵێ: کەل و پەل بۆ قوتابخانەکانی شاری هەولێر (600) ملیۆن، ئەگەر ئەو (600) ملیۆنە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر هەر قرتاسیە و دەفتەر و ئەوانە بێت، گەلەك زۆرە، بەڵام ئەگەر دیاری بکرێت، کۆمپیوتەرە؟ ئەساسە؟ یەعنی ئەساسەکانی دیاری بکرێت باشترە، لە خاڵی (92) هاتووە و نووسراوە: خزمەتگوزاریی لە گەڕەکی هاوکاری، گەرەکی هاوکاری واتا گەرەکی بێرکۆت، ئێمە جارێك لە لێژنەی شارەوانی سەردانی بەڕێز پارێزگای هەولێرمان کرد، باسی ئەو گەڕەکەمان کرد، خزمەتگوزاریی نیە، وتیان ئەو گەڕەکە تەجاوزە، لەوانەیە تێك بدرێت، ئیشاللا تێك نادرێ، چونکە خەڵکێکی زۆری تێدایە، (500)، (600) ماڵ زیاتری تێدایە، لە هەمان کاتدا هاتووە لە خاڵی (115) ڕاکێشانی هێڵی کارەبا بۆ گەڕەکی بێرکۆت (هاوکاری) بە بڕی (500) ملیۆن دینار، خاڵێکی تریشمان هەیە، نازانم خۆزگە وەزیری سامانی سروشتی لێرە بوایە، ئایا ئەو پارەی نەوتەی بۆی دێت ماڧی ئەوەی هەیە بە کەیفی خۆی دابەشی بکات بەسەر وەزارەتەکان، هەر وەزارەتەی نازانم خێریان پێ دەکات، ماڧی خۆیانە پێیان دەدا، نموونەشم هەیە بۆ ئەوە، لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنی دابوو (10) ملیار دۆلار، یان (10) ملیار دینار لێم (أصح) نیە، بدات بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پاڵپشتی گەنجان، سندووقی پاڵپشتی گەنجان، ئێمە پێمان باشە سندووقی پاڵپشتی گەنجان بۆ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی زیاتریش بێ، کێشە نیە، بەس ئێمە ئەو پرسیارە دەکەین، ئایا وەزیری سامانی سروشتی ئەو پارەی داوەتە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەی چەندی داوەتە وەزارەتی ناوخۆ، تەندروستی، وەزارەتەکانی تر، ئاوەدانکردنەوە؟ نازانی ئایا بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەی قبوڵە؟ یان نا؟ بە نیسبەت پارێزگای دهۆك، لێژنەی دارایی ئیشارەی پێدا، باسی لێوە ناکەین، بە نیسبەت چەمچەماڵ باس ناکەم ئەو سێ خاڵە کە هاتووە، ڕاکێشانی تۆڕی ئاو، بەڵام لە ناحیەی شۆڕش وەك عەزیمە خان باسی کرد، سەردانی ناحیەی شۆڕشیشمان کرد، کارەبای نیشتمانی بە شەوان هەر نیە، قەتعی هەر نیانە، (10) ڕۆژ جارێکیش ئەگەر ئاویان بۆ بچێ بە تانکەر، ئاوەکەش پیسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاردۆ محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ شتێك بڵێم كە پەیوەندی بە ئەركی یاسایی ئێمەیە، ئەویش كە ساڵی پار كاتێ بودجەمان پەسند كرد، چەند دەقێكمان ئاماژە پێدا بۆ قسەكردن لەو داهاتەی كە ئێستا پەیوەندیدارە بەو بودجەیەی كە حكومەت ناردوویەتی، بەلای منەوە بۆ ئەوەی ئەو گرفتە دووبارە نەبێتەوە، هەر قسەش بۆ قسە نەبێ، هەتا لە بازنەی داخراوتریش بێ، ناكرێ ئێمە، ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری پرۆسەی وەدەست هێنانی داهات نەبن، كە داهاتێكیشە با هەمووومان لە پەرۆشی نەتەوەیی، لە پەرۆشتری پاراستنی تەجرووبەكە ئەهمیەتێكی گەورەی هەبێ بۆ ژێرخان، بۆ ئایندەی میللەتەكەمان پارێزگاری لێ بكەین، بەڵام نابێ لەسەر ئەساسی نا شەفافیەت بێ، نابێ لەسەر ئەساسی ناڕوونكاری بێ، وەكو ئێستا كە ئەو نووسراوەی وەزارەتی پلاندانان كە كردوویەتی، وەكو پرۆژەی پەسند كراو بۆ ئەنجومەنی وەزیران ناردوویەتی، لە كاتێكدا دەبوایە پەرلەمان پەسندی ئەوە بكات، چونكە ئەگەر ئەو كات پەسند كراو بێ، ئێستا ئێمەش پەسندی دەكەین، چۆن دەبێ؟ بۆیە زۆر هاوڕام لەگەڵ ئەندامانی تر كە پێویستە ئەو لێژنانەی كە پەیوەندیدارن لە پەرلەمان، وەكو لە دەقەكانی (21) و (22)ی یاسای بودجەش هاتووە، لێژنەیەك پێك بهێندرێت بۆ بە دواداچوون بۆ ئەو پرۆژەیە، چونكە هەم لە ناوەكەی، هەم لە سەرچاوە جیاجیاكانی كە پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە بەغداش دێ، لە (17٪)شی بۆ دیاری دەكرێ، ئێستاش تەواو كراوە، ئیتر چەندین پرۆژە دووبارە بۆتەوە، یان تەواو بوونە، یەعنی جۆرێك بەڕاستی ئەوە خۆڵ كردنە چاوی ئەوەیە، بەس بۆ ئەوەی بڵێی كاكە داهاتێك بوو باسمان كرد، ئێستا ئا ئەوەیە بە رەقەم بۆتان دەنێرم، دەنا بەڵگەم زۆرلایە كە ئەو داهاتە سەرەڕای پێویستی پرۆژەكان بۆ ئەو شوێنانە، بەڵام هیچ شوێنێكی وا ناگرێ، لە كاتێكدا داهاتەكە ئەوەندە زۆرە دەبوایە لە پرۆژەی ستراتیجی بوایە، زۆر ئاساییە لە ڕووی ئیعلامیش نەبێ، لە داخراو تر قسەشی لێ بكرێ، بەڵام شەفاف بێ، بۆ ئەوەی خەڵك و نوێنەرانی میللەتەكەمان ئاگادار بن ئەو پارانە چۆنە؟ چەندە؟ چۆن صەرف دەكرێ؟ بەتایبەتی كە ئەوە گرفتێكی گەورەی لەگەڵ مەركەز هەیە، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە بەهێزی خۆمان، یەكگرتوویی خۆمان، دیفاع لە مافەكانی خۆمان بكەین بە یەكگرتوویی، بەڕاستی دەبێ شەفاف بم و بەشدار بم، دەنا بۆ بیكەم؟ ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر: ئەو پرۆژە سەرەڕای ئەوەی كە لیستی پرۆژەكانی، مەسەلەن بۆ نموونە دروستكردنی خانوو بۆ خاوەن ئەنفالەكان، بۆ هەموو هەرێمی كوردستان، بە پێی دەرخستەی بودجەی تەواوكاری پەرەپێدانی بۆ ساڵی 2000، (59) ملیار و (250) ملیۆن دینار بوو بۆ پرۆژەكە، كەچی لە لیستی پرۆژە پەسندكراوەكانی بودجەی ئەوە، ئەوەی تایبەتە، (2010)، بە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالەكان بڕی (1200) خانووە، كە هەر پارێزگایەك لە هەولێر، سلێمانی، دهۆك (600) خانووی بۆ تەرخان كراوە، گوژمەی (64) ملیار و (8) ملیۆنی بۆ تەرخان كراوە، كە دەكاتە (31) ملیار، كەچی تا ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو بڵێین پارەی بۆ تەرخان دەكرێ، گوژمەی بۆ تەرخان دەكرێ، پاش بیست ساڵ هێشتا كێشەیەكی گەورەی دابین كردنی خانووی شەهیدان و ئەنفالكراوانمان هەیە، تەبعەن ئەوە دوو جار، ئەوەی سەرەوە كە بڵێم ناودژە لەگەڵ ئەو چەمكەی كە پرۆژەكە نابێ دووجار گوژمەی بۆ تەرخان بكرێ، ئەگەر خانووەكان لە هەردوو لیستی

پرۆژەکاندا بۆ بودجەی گشتی (2010) پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی (2010)ی بۆ دوو توێژی جیاواز، چونکە گوژمەکان لە هەردوو لیستی پرۆژەکاندا لەیەکەوە نزیکن، لیستی پرۆژەکانی هەولێر، لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانانیش باسمان کرد، ژمارەی پرۆژە پێنج، تێدا هاتووە بیست پرۆژەی جۆراوجۆر، ئەوە چۆن دەدرێتە تەندەر؟ ناوی چیە؟ لە کوێ یە؟ جێبەجێکار کێیە؟ کێ موتابەعەی دەکات؟ ئەوانە هەموو ونن، جگە لەوە لە دابەشبوونی جوگرافی کە ڕەنگە برادەران بە نموونەی ورد هێنایانەوە، دابەشکردنێکی ناعەدالەتی تێدایە لەو شوێنانەی کە هەندێ شوێن، هەیە هەر هیچ پرۆژەی نیە، هەندێ شوێن هەیە پرۆژەی زۆر بۆ تەرخان کراوە، هەندێك پرۆژە هەیە کە پارەیەکی خەیالی، ڕەنگە کاك خورشید باشتر لەلای دهۆك ئاگاداری نموونەکانە کە باسی کرد، ئەگەر تێبینی بدەینە ژمارەی پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر، کە (106) پرۆژەیە، بڕی (53) ملیار و (300) ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، گوندە ئاوەدانکراوەکانی سنووری ئەو پارێزگایە کە ژمارەیان (196) گوندە، دابەش دەبنە سەر (9) قەزا، کە تێیدا کۆی گشتی ژمارەی خێزانەکانیشی دیاری کراوە، (339) هەزار خێزانە، تەنها (19) پرۆژەیان بەرکەوتووە، کە ئەوە لەگەڵ هیچ شێوەیەك بڵێین ئەو نەزەرییەی هاوسەنگی و ئەوانە نایێتەوە، کە باس کرا چەند فاکتەری نەگەتیفی هەیە لەسەر ئەوەی کە گوندەکان، ئێمە کە بەرنامەمان هەبێ بۆ ئاوەدانکردنەوەی، لە کاتێکدا کارێك نەکەین کە خزمەتیان بکات، یەعنی وا بکەین کە هەموو کۆچ بکەن بەرەو سەنتەرەکانی شار، لەگەڵ هەموو ئەو شتانە، بۆیە پێم باشە بەڕاستی ئەو بودجەیە لەگەڵ فۆرمی یاسایی نایێتەوە، یەعنی ناکرێ ئێمە هەندێ شت هەیە بە مەنتیقی دەنگدان و ئەوانە کۆتایی پێ بهێنرێ، فۆرمی یاسایی هەیە ئێمە بەرپرسیارین لە ڕووی یاساییەوە، بۆیە ئەو لێژنانە پێویستە لە پەرلەمان ئیتیفاقی لەسەر بکەین، بەدواداچوونی بۆ بکەین، بچێتەوە حکومەت بە شێوەیەك کە خزمەتی ڕوونکاری زیاتر و دابەشکردنێکی بە عەدالەت و ئایندەی میللەتەکشمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار نەسرین جەمال، کەرەمکە.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاوکارانم زۆر قسە و باسیان کرد، زۆر دەستیشیان خستە سەر ئەو خاڵانەی کە زۆر پێویستە، ئێمە لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا زۆرجار و هەموو کاتێکیش باسی شەفافیەت دەکەین، بەڵام ئەو شەفافیەتەی کە ئێمە هەمانە، شەفافیەت لە قسەکردنمانە، بەڵام بەداخەوە شەفافیەت لە بودجە و لە داهات و لە چۆنیەتی خەرجکردنی داهات ئەو شەفافیەتەمان نیە، کە ئێرە پەرلەمانە حەقی خۆیەتی ئێمە نوێنەری خەڵکین هەمووومان......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن لێژنەكان دەتوانن بەدواداچوون بكەن، ئەگەر نەچن، لێرە ئێمە كەم تەرخەمین، یەعنی هەموو كەس بە كەم تەرخەم نەزانین، لیجانەكان واجیبیانە بە دواداچوون بكەن، بۆ ئەوەی بزانن ئەو بە پاكی ئیشەكەی كردووە یان نا؟ ئەوجا بیهێنن لێرە قەراری لێ بدەن، بەڵام خۆمان نەچین و بڵێین شەفاف نیە، ئەوە گوناحی خۆمانە، سوپاس.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بوار بدەیت ئەگەر ڕوونی بكەمەوە، من پێشەكییەكم وت، لێرە ئێمە هەمووومان نوێنەری خەڵكین، كە نوێنەری خەڵكین دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو داهات و خەرجییانە بین، پرسیارێك لێرەدا دێتە ئاراوە، ئایا حكومەت ئەو داهاتەی كە دەچێتە بەردەستی و ئەو چۆنیەتی صەرف كردنەی كە لەبەر دەستیایەتی، من لەوە گومانێكم بۆ دروست بووە، ئایا حكومەت سیقەی بە پەرلەمانەكەی خۆی نیە؟ كە سەرجەمی داهاتەكەی و چۆنیەتی خەرج كردنەكەی هاتە بەردەمی ئەندام پەرلەمانەوە، بۆ ئەوەی كە بۆ جەماوەری ڕوون بكەنەوە، یان شتێك هەیە لێرە؟ بۆیە پێویست بەوە دەكات هەم حكومەت لەگەڵ پەرلەمانەكەی خۆیدا شەفاف بێ، هەم ئێمەش لەگەڵ خۆشمان و لەگەڵ میللەتەكشماندا شەفاف بین، دیارە ئەو لیستانەی كە ئاراستەی ئێمە كراوە، زۆر تێكەڵ و پێكەڵی هەیە، زۆر كەم و كورتی هەیە، ئێمە بە دواداچوونیشمان بۆ كردووە، ئەگەر وەكو هاوكاران باسیان كرد، پارەی شیرینی نەوتە، ئەو شوێنانەی نەوتی لێ دەردەهێندرێ، بەڕاستی لە سەرجەمی كوردستاندا، لە زۆر قەزا و ناحیەكاندا، ئەوە غەدر لە قەزا و ناحیەكان تا ڕادەیەك كراوە، ئەگەر هی عەقدە نەوتیەكانە، ئەو عەقدە نەوتیانە هی چ سەردەمێكە؟ ئێمە لێرەشدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەگەر وایە بۆمان ڕوون بكەنەوە، ئەو مەسەلەیەی قسەكەی بەڕێز كاك نێچیرڤان و ئەو قسەیەی د. بەرهەم ئەوە خاڵێكی زۆر گرنگە، حەقە ئێمە قسە لەسەر ئەو پرۆژە، ئەو داهاتە نەكەین هەتا وەكو ئەوەمان بۆ ڕوون نەكەنەوە، ئایا ئەو داهاتە هی سەردەمی كاك د. بەرهەمە؟ یان هی سەردەمی كاك نێچیرڤانە؟ ئەوە تێكەڵیەك هەیە، هەتا ئەوەمان بۆ ڕوون نەبێتەوە، ئێمە ناتوانین بە تەواوەتی قسە لەسەر ئەو پرۆژانە بكەین، ئەو پرۆژانەی هەیە وەكو وتم، كەم و كورتیەكی زۆری تێدایە، تیكراری زۆری تێدایە، بۆیە ئێمە پرسیار لە بەڕێز وەزیری پلاندانان دەكەین، ئایا ئەو پرۆژانەی كە دانراوە لێرە، كراوە بە لیستێكدا، هاتۆتە بەردەمی ئێمە، ئایا بۆ ئەوەیە ئێمە قسەی لەسەر بكەین و پەسندی بكەین؟ ئینجا بچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، ئەگەر ئەوەیە، ئەوەیان شتێكی ترە، ئەگەر ئەو حاڵەتەش نیە، بەڕاستی زۆر لەو پرۆژانە لە بواری جێبەجێ كردندایە، پرۆژەی وا هەیە (95٪)ی تەواو بووە، (85٪)ی تەواو بووە، یەعنی ئەوە حاڵەتێكە كە تۆ ئەوەی هێناوەتە ئێرە، دەبوایە دەستكاری نەكرایە، هەتاوەكو پەسند نەكرایە، بەڵام دیارە ئێستا زۆر لەو پرۆژانە هەم تیكراری تێدایە، هەم لە بواری جێبەجێ كردندایە، حەقە ئەوە وەزیری پلاندانان ئەوەشمان بۆ ڕوون بكاتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر شەفاف بین، بۆ ئەوەی زیاتر بەرچاومان ڕوون بێ، بۆ ئەوەی زیاتر بزانین ئەو داهاتە هی چ كاتێكە؟ هی چ عەقدێكە؟ پێویستمان بەوە هەیە كە ئەو

بەڵگانەی کە هەیە، ئەو دۆکیومێنتانەی کە هەیە لەسەر نەوت، لەسەر فرۆشتنی نەوت، حەق بوو بهاتایەتە پەرلەمانـەوە، بـۆ ئـەوەی بەرچـاوی هـەمووومان ڕوون بوایـە، بمانتوایایـە باشـترین دیفـاع بکـەین، باشـترین نموونەش کە ئەوەی کە لە هەندێ لە ناحیەکان و قەزاکان دا، یەعنی دەستنیشانی هەندێ قەزا نەکراوە، کە ئیشی بۆ بکـرێ، هەنـدێ لـەو پرۆژانـە کـەرتی تایبـەت دەیکـات، بـەڵام ئێمـە هـاتووین پارەمـان بـۆ تـەرخان کردووە، بۆ نموونە قەزای دەربەندیخان، ئەوە تەنها بۆ نموونە دەیهێنمەوە، قـەزای دەربەنـدیخان قـەزایـەکی گەورە و فراوانە، ئێستا خۆیان نازانن ئایا سەر بە موحافەزەی سلێمانییە؟ یان سەر بە ئیدارەی گـەرمیانن؟ ئەگەر سەر بە ئیدارەی گەرمیانیشن، تەنها ئاماژەی داوە بە ڕاکێشانی خەتی ئاو، پرۆژەی ئاو کە ئەوەش بۆ کۆمەڵگایەکی نیشتەجێ بوونە کـە کـەرتی تایبـەت کردوویـەتی، بۆیـە پێویست بـەوە دەکات ئـەو پرۆژەیـە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، لە وەزارەتی پلاندانان دابنیشن وردەکارییەکی تری، باشـتری کـار بکـەن بـۆ ئـەوەی کە کەم و کوورییەکان دەرکەوێت و بە دواداچوونی بۆ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سەرهەنگ فەرەج، کەرەمکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فەرەج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە مـن ناچـمە نـاو وردەکـاری بابەتەکـەوە بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەوەی کـە لەبـەر دەسـتمانە، چـونکە لەڕاستیدا نازانین ناوی بنێین چی؟ من ئەوەندە دەڵێم بە گشتی لەسـەر بابەتەکـە، کـە ئـەوە ناڕۆشـنییەکی زۆری تێدایە، ناشەفافیەتی تێدایە، ئێمـە لـە کۆبوونـەوەی لیژنـەی نەزاهـە، ئـاخیر کۆبوونـەوە نـا (مـا قبـل الأخیر)، لەسەر ئەو مەوزووعانە کۆدەنگییەك هـەبوو، ئـەو ڕاپۆرتـەی کـە کـاك ڕەفیـق سـابیر نووسـیویەتی، ئەوە تەعبیر لە ڕەئی منیش دەکات وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە، بەڕاستی پشتیوانی ئـەو ڕایـە دەکـەم کـە نـاڕوونی هەیـە لـەو مەوزووعـە، دەبـێ ڕوون بکرێتـەوە، ناشـەفافیەت هەیـە، دەبـێ شـەفافیەتی تێـدابێ، پشتیوانی ئەو بڕگەیەش دەکەم کە لیژنەیەك دروست بکرێ لە لیژنەی سامانە سروشـتییەکانی پەرلـەمان، لە لیژنەی نەزاهە، لە لیژنەی دارایی، بۆ ڕوونکردنـەوەی ئـەو حاڵەتـە و، پێویستە بەڕاسـتی ڕەئـی لیژنـەی نەزاهە لەسەر ئەو مەوزووعە بە هەند وەربگیرێ، وەکو لە ڕاپۆرتەکەی کاك د.ڕفیق سـابیردا هـاتووە، دیـارە هەر پرۆژەیەك بکرێ من بۆ خۆم پشتیوانی لێ دەکەم، لەسەر هەر پارەیەك بکـرێ، بـەڵام ئـەو پارەیـە یـان هەر پارەیەکی تر، بەڕاستی دەبێ لە پرۆژەیەکدا بە قەناعەتی من خەرج بکرێ کە پرۆژەیەکی ستراتیجی و گرنگ بێ بۆ داهاتووی ئێمە ئیستیفادەی لـێ بکـەین، بەڕاسـتی ئەگـەر داهـاتی فرۆشـتنی نـەوت هـەر ئـەوە بێت؟ بەڕاستی فرۆشتنی نەوتی ڕەش، ئێمە نەیفرۆشـین باشـترە، مـن بـۆ خـۆم چـەند ڕۆژ لەمـەو پـێش لـە پێنجوێن بـووم، لـە سـاڵی (2008)ەوە تـا ئێسـتا چـەند جـارە جاددەی ئـەو مەنتیقەیـە چـاك دەکرێتـەوە، پێنجوێنییەکان خۆیان دەیانوت، ئەگەر جاددەکە بۆ پێنجوێنییەکان بێت بەشی بیست ساڵمان دەکات، بـەڵام لە ڕاستیدا وەزعێکی دروست کردووە کە خەڵك نیگەران بووە لەو حاڵەتە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار خەلیل عوسمان، كەرەمكە.

**بەڕێز خليل عثمان حمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیارە هاتنی پارەی ئەو موشتەقاتی نەوتە بۆ پەرلەمان، هەنگاوێكە مایەی دەستخۆشییە، بەڵام ئەوەی كە تێبینی دەكرێ لەسەر ئەو خشتەیە، بەڕاستی حەق بوو دوو مەبدەء ڕەچاو بكرایە، ئەویش یەكەمیان: مەبدەئی كەسافەی سوكانییە، واتا بە پێی ژمارەی دانیشتووان بێ، ئەو پرۆژانەی كە لەو هینەدا هاتوون دابەش بكرایە بەسەر ناوچەكاندا، ناكرێ ناحیەیەك كە بیست و پێنج هەزار نفووسی تێدایە، تاوەكو ئێستا یەك پرۆژەیەكی لەو پرۆژە تێدا نەبێ، هەم دووەم بە پێی ئیستیحقاقی ئەوەی كە ئەو ناوچانە نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێ تاوەكو ئێستا كە لەو هینەدا بەڕاستی هەندێكیان كەمیان بۆ تەرخان كراوە، هەندێكیشیان هیچ پرۆژەیان بۆ تەرخان نەكراوە، وەك ناوچەكانی تەقتەق و بەردەڕەش و قادر كەرەمیش بگرە كە هەر هینێكی وێرانە، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەكەم، یەعنی ئەوە دوو خاڵ هاوپێچی ئەو خشتەیە بكرێ، كە مولزەم بن و لە شێوەی بڕیاری پەرلەمان بێ، لە هەر بودجەیەكی داهاتوو ئەگەر پارەی بۆندە نەوتییەكان بێ، یاخود پارەی موشتەقاتی نەوت بێ، یاخود بودجەی ساڵی داهاتوو بێ، بەڕاستی تەعویزی ئەو ناوچانە بكرێتەوە، كە نەوتیان لێ دەردەهێندرێ، هەروەها دووبارە ئەو مەبدەئە تەسبیت بكرێتەوە بە پێی چڕی دانیشتووان حیساب بۆ ئەو ناوچانە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەمیر سەلیم، كەرەمكە.

**بەڕێز سمير سليم أمين بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ڕاستیدا قسەكانم زۆر كراون دووبارەیان ناكەمەوە، ئەوە یەك، دووەم: لە لێژنەی دارایی لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلاندانان گفتوگۆی زۆرمان كرد لەسەر ئەو خشتەیە، ئەوەی لای منە خشتە كۆنەكەیە، نازانم ئەو تەعدیلی كردبێ، ڕەچاوی كردبێ، یەعنی قسەكانی من لەسەر ئەو خشتەیە كە لەبەر دەستم دایە، نەك دوای ئەوەی تەعدیل كرابێ، یەكەم: لەڕووی قانوونییەوە لەو پرۆژە یاسایە سەرچاوەی بودجەكە دیار نیە، یەعنی بۆ ئێمە دەقیق دەرناچێ، ئیقراری یان شەرعیەتی صەرفی پارەیەك بدەین بە حكومەت، ئەگەر سەرچاوەی داهاتەكە موحەدەد دیار نەبێ لە ناو پرۆژەكەدا، لێرە دیار نیە، لە ناو پرۆژەكەدا دیار نیە، چونكە ئێمە شەرعییەتی صەرف دەدەین بە حكومەت، ئەو پارەیە صەرف بكات بە بێ ئەوەی بزانین لە كوێوە هاتووە، من ناچمە سەر ئەوەی بە ناڕەسمی بوترێ هی چی و هی چی نیە؟ بە ڕەسمی مەبەستم لە

ناو پرۆژەکەدایە، نارەسمی مەوزووعێکی ترە، ناوەکەشی جێی تێبینی یە، چونکە ئەگەر پشتگیری تەنمیەی ئەقالیم بێ، ئەوە لە زیمنی بودجەی سیادی و نەفەقاتی سیادییە لە بەغداوە دێت بۆ ئێمە، ئەگەر تەنمیەی ئەقالیمە لە بەغداوە دێت، لە ژێر لێپرسینەوەی بەغدادا دەبێ، دەبێ ناوەکەی بگۆڕدرێ، بیگونجێنین لە حاڵەتێك لەگەڵ وەزعی لۆکاڵی خۆماندا بگونجێ، نەك بچێتەوە ناو بەغدا، خاڵێکی تر: هەندێ شت لە بودجەکە بە دی دەکەم بەڕاستی پەیوەندی بە تەنمییەوە نیە، پەیوەندی بە بودجەی تەشغیلییەوە هەیە، نەك بودجەی ئیستیسماری هەبێ، (2) ملیار دینار لە سلێمانی، بۆ پێداویستی پەروەردە (600) ملیۆن دینار لە هەولێر، ئەوانە داخیلی بودجەی تەشغیلین، نوقصانە لە ناو ئەو بودجەیەدا هاتووە، لەو حەقلە هاتووە، خاڵێکی تر: پرۆژەکان تەقریبەن جیا نەکراونەتەنەوە لەگەڵ پرۆژە پێشنیار کراوەکانی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی (2010)، هەندێ کاك حاجی بیلال کە تەئیدی دەکەم ئاماژەی پێ کرد، هەندێ پرۆژە لێرە دووبارە بۆتەوە، لەوێش ناوی هەیە، یەعنی ئێمە لە دوو شوێن تەخصیصی مالیمان کردووە بۆ یەك پرۆژە، لە دوو شوێن ناوی هاتووە، کە ئەویش خەلەلێکە لە ناو ئەو مەوزووعە کە هاتووە، ناهاوسەنگی خەملاندن لە مەدخەلی ئامێدی (130)م بۆ جادە چاککردنە، بەلام زیاتر لە (2)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، کەئەویش زۆر ناتەبیعیە (130)م جادە بۆ مەدخەلی شار کە جوانکاری تێدا بکەیت و چاکی بکەیت، زیاد لە (2)ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆی، ئەوە بودجەیەکە زۆر نامەعقولە، یەعنی لەگەڵ تەبیعەتی ئیشی ئەندازیاری و ئیشی تردا ناگونجێت، ناهاوسەنگی لەدابەشکردن هەیە، لەهەموو هەڵەبجەو شارەزووردا دوو پرۆژەی تێدایە، واتە ئیشەکان چڕ کراونەتەوە لەناو شارە گەورەکاندا( هەولێر، سلێمانی، دهۆك) ئەتراف شارە گەورەکان فەرامۆشی پێوە دیارە کە دەبوایە ئەوەش جێگای قسە بوایە، خانووی ئەنفالەکان من پێم سەیرە، هەڵەبجە ناسنامەی کیمیاباران و ئەنفالە، یەك خانوو لە هەڵەبجەدا نیە، یەك خانوو بۆ ئەنفال تەخصیص نەکراوە، ئەویش جێگای پرسیارە، کە ئەم دابەشکردنە چۆنەو چۆن نیە؟، تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر بۆ کەرتی تایبەت کە ئەوە لەسەر وەبەرهێنە کە ئەو تەسهیلات و دەعمەی کە لەلایان کراوە ئەمە لێرەدا تەقریبەن شەش تا حەوت پرۆژە هەیە لەناو شاری سلێمانیدا هەمووی دەعم کراوە، هەر لە گرین ستی کەدووجارە، و بناری گۆیژەو کورد ستیە، گۆیژەی نیشتەجێبوونە، گوندی ئەڵمانیە، هەموو ئەوانە دەبوو لەلایەن وەبەرهێنەوە، ئەو خزمەتگوزارییانەی ناو پرۆژەکە، تەواو بکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڤێتن بە هەقیقەت ئەز لە چوارچێوەی ئەڤێ بابەتێدا ئاخافتنێ بکەم، کە ئەو برە پارەیەی هاتیە تەرخان کرن، 250 ملیۆن دۆلارە بۆ پرۆژێن خزمەتگوزاری بۆ پارێزگەها، من نەڤێتن ڤێ بابەتێ دەربچم،

ئەو تێبینیێ تەکنیکیێ کە هەنە، داخازێ ل وەزیرێ پلان دانانێ دکەین، ئەوێت خەشێ داهاتی زی بێنە چارەسەرکرن، بۆ هەندێ کە بکەونە بواری جێبەجێ کردنێدا، ئەز پشتەڤانیا ئەڤی پڕۆژێ دکەم، کو بێتە جێبەجێ کردن، یەك ل بەر هندێ ڕاستەوخۆ پارێزگە ئەڤان پڕۆژە جێبەجێ دکەن، چونکی پارێزگە دزانن، کی دەڤەرا ئەوان پێویستیێ ب پڕۆژەیە، چونکی فەرێ هەی و فەرترێ هەی، هەم موهیم هەی و ئەهەمێ هەی، ل کێری ئەوان پڕۆژا بێنە جێبەجێ کرن، یا دوییێ بابەتا ڕۆتینی کێمتر بکەتن، کە تەحویل هاتە کرن بۆ پارێزگەها، تەحویل کرنێ کێمتر بکەتن، ڕاستە ئەڤ برە پارەیێ هاتیە تەرخان کرن، ل چاڤ ئاڤەدان کرنا کوردستانێ و بەرژەوەندیێ خەلکێت کوردستانی دانیە، ئەڤە کو هاتیە کرن، بۆ هندێ زۆربەی وان پڕۆژا بۆ خزمەتا دەڤەرێت کوردستانێ و خەلکێ هەژارێ کوردستانێیە، ئەز داخازێ دکەم بۆ بودجەها سالێ 2011، ل وەزیرێ دارایێ و وەزیرێ پلان دانانێ، ئەو دەڤەرێت کە زەرەرمەند لێ کەفتیە، یەعنی زەرەرمەندەکا زۆر لێ کەفتیە، ب تایبەتی گوندێ هەژار نشین، یان ئەو قەزای سەر سنورێ کە زەرەر لێ کەفتیە، ل بودجەها سالا 2011 ێ، هاوسەنگیەك بێتە ڕاگرتن بۆ هەمی دەڤەرا، ل ئەڤان پڕۆژە سود لێ بێتە وەرگرتن، وە ئەز داخازێ دکەم ئەگەر کەم و کوڕی ل خەشێدا هەبن، ل وەزیرێ پلان دانانێ وەختەکێ گەلەك کێم ئەڤ تێبینیا بێنە جێبەجێ کرن، بۆ هندێ ئەڤان بێتە بواری جێبەجێ کرن، چونکە ب ڕاستی، ئێت خزمەتا خەلکێ کوردستانێدایە، خزمەتا گوند و باژێڕو باژێڕکێ کوردستانی دایەو، ئەز پتر پشتەڤانیێ دکەم کو ئەڤ پڕۆژە بێتە جێبەجێ کرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئاشتی عەزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم پڕۆژەیە، کۆمەڵێك ئەگەری باشی هەیە، کە دڵنیام ئەوە ئامانجێکی گەورەیە بۆ خزمەتکردنی خەڵك، خۆشبەختانە ئەوانەی کە قسەیان کرد لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان هیچمان لەسەر ئەوە ناکۆکیمان نیە، کە کێشەیەك دروست نەبووە کە گرفت بێت بەلامانەوە لەچ ناوچەیەکی کوردستان ئەو پڕۆژەیە هەیە، بۆ لەفلان ناوچە نیە؟ بۆ فلان گەڕەك بەسەرکراوەتەوە؟، واتە نەچووین و ئیرتیقامان نەکردووە، موناقەشەکردنمان بۆ مەرحەلەیەك بێت کە بەداخەوە ناکۆکی لەسەر گەڕەکەکان بکەین، یان داکۆکی لەسەر ناوچەکان بکەین، کە ئەوەش خەمێکی سروشتیەو ئەکرێ ئێمە بەداخەوە من هەست دەکەم، کە چووینەتەوە سەر خولی پێشووی موناقەشەکردنی بودجە، لێرەدا بەڕاستی کۆمەڵێك هەڵەی یاسایی هەیە لەناو ئەم پڕۆژەیەدا، لەوانە وەکو کۆمەڵێك لەهاوکارانم باسیان کرد، ئەمە پێچەوانەی پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2010ـە کە لە برگەی (21و22) ئاماژە دەکات کە پێویستە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەدەرخستەی داهاتی نەوت ئاگادار بن، ئەگەر ئەمە دەرخستەی داهاتە پێویستە ئێمە ئاگادار بین، ئەمە پێچەوانەیە لەڕووی یاساییەوە، ئەم پڕۆژەیە لەڕووی مەبدەئی ئابوورییەوە کە ئێمە دەبێ لە بڕی

تێچوونەکانەوە بگەڕێینەوە بۆداهات، واتە ئەمە سەد لەسەد جیاوازە لەگەڵ مەبدەئی ئابووری خۆیدا کە هاوکێشەیەکی زۆر سەرەتاییە، پێویستە تۆ یەکەمجار تەرحی داهات بکەیت دواتر باس لەتێچوونەکان بکەیت، بەڵام بۆ ئەوەی کە ئێمە بزانین داهاتەکە (200)ملیۆنە ئەبێ بگەڕێینەوە سەر تێچوونەکان بزانین بڕی تێچوونی پڕۆژەکان چەندە، لەکۆتاییدا ئێمە بچینەوە سەرەتای گریمانەکە کەداهاتە، من بڕوام وایە کە ئەمە بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتیەکە ڕووبەڕووی جەنابی وەزیری دارایی ئەبێتەوە، کە من داوای لێدەکەم وەکو پەرلەمانتارێك لەمەودوا پڕۆژەیەك نەخرێتە بەردەممان کە ئێمە نەزانین، چونکە بەڕاستی من ئەبێ تەکەهون بکەم یان دەبێ زۆر بە نائومێدییەوە چاوەڕوانی ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێزی لیستی دەسەڵات بکەم، بۆ ئەوەی لە تەوازوعی خۆیەوە پێمان بڵێت ئەم داهاتەو ئەم دەرخستەیە لەکوێوە هاتووە، کەمن تەسەور دەکەم هەمووومان نوێنەری خەڵکین، پێویستە هەمووشمان ئاگادار بین، من خاڵێکی تر بەڕاستی ڕووبەڕووی جەنابی وەزیری پلاندانان دەکەمەوە، کە ئەمە جارێکی تر ئێمە ڕوبەڕووی ئەوە دەبینەوە کە بەهەمان هەڵەکانی بودجەی ساڵی دارایی 2010 تێدەپەڕێنینەوە، من داوا دەکەم لێرەوە کە جەنابی ئیشرافێکی ڕاستەوخۆی زیاتری ئەو ستافە بکات کە خشتەی بودجە ئامادە دەکەن بۆ پەرلەمان، چونکە هەڵەکان هەڵەی زۆر سەرەتایین، کە من ڕووبەڕووی خۆمی دەکەمەوە و جێگای شەرمە لەم ئاستەداو لە ساڵێکدا دووجار بەهەمان هەڵەدا دەچینەوە، برادەران کۆمەڵێك شتیان باسکرد، بۆ نموونە لەو تەخصیصاتەی کە بۆ خانووی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان دانراوە، دەستەکانتان خۆش بێت، ئەوە خەمێکی گەورەیە لەسەر شانی خەڵکی لادەبەن، بەڵام لەبەرامبەردا کرێی یەکەیەکی نیشتەجێبوون کە پێویستە خزمەتگوزاری لەگەڵدا بێت، ئەمە بەسەر ئێوەدا ڕۆشتووە، واتە ئێوە لەکۆی پڕۆژەکەدا کە تەخصیصاتێکی مالیتان بۆدانراوە لە بەرامبەردا لەتەفاصیلی پڕۆژەکەدا جارێکی تر چوونەتەوە سەر تەفاصیلە خزمەتگوزارییە بچووکەکانی، ئەمانە کە بەپێی پڕۆژە ئامادە کراو بێت، کە یاسایەکی زۆر سەرەتاییە پێویستە هەر پڕۆژەیەك کە پێشکەش دەکرێت 3 بنەمای سەرەکی تێدا بێت، یەکێك لەوانە ناوی پڕۆژەکەو تەفاصیلی، هەروەها سەقفی زەمەنی، تەواوی یەکەیەکی نیشتەجێبوون تێیدا، بەهەموو پێداویستیەکانەوە بخەملێندرێت دواتر حساب بۆ کۆی پڕۆژەکە بکرێت، کە نەسەقفی زەمەنی تێدایە نە ئەو تەخمینە سەرەتایی و گشتیەشی تێدایە، چەند خاڵێکی تر لەوانە باسکرا، ڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە چەمچەماڵ، یەعنی من جارێکی تر ڕاستەوخۆ پرسیار دەکەمەوە، من چۆن بزانم ئەم تۆڕە کە ڕاکێشراوە تۆڕی ئاوە بۆ کوێیە، درێژی بە مەتر چەندە؟، من ئەبێ بچمەوە سەر ئەو تەخصیصاتە مالییەی کەبۆی دانراوە، لەشوێنێکدا بەتەنها نووسراوە ڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە بڕگەی (13 و18 و20)(54)ملیۆن دینار و (65)ملیۆن و(142)ملیۆن دینار کەواتە من ئەبێ لەپارەکەوە بزانم وەکو هاووڵاتیەکی ئاسایی، نەك وەکو پەرلەمانتار ئەبێ من تەکەهون بکەم، بۆ ئەوەی بزانم ئەم تۆڕە ئاوە بۆ کوێیە، وە چەند کیلۆ مەتریشە؟، من لەکۆتاییدا ئەمەوێت یەك شت بڵێم، لەوانەیە گومانێك هەبێت زۆرجار لە دووبارە کردنەوەی قسەکانی ئێمەدا، بەڵام من دەمەوێت دوو دیفاع بکەم، یەکەمیان: سەبارەت بەدواداچوونی پڕۆژەکان، کە ئەرکی

ئەنـدام پەرلەمانـە، ئێمـە لەسـەردانێکماندا بـۆ کۆمپانیایـەکی نـەوت لەسـنووری ناحیـەی (قـادر کـەرەم) لەناوچەی کۆڕ مـۆڕ، تـەنها ڕێگایـان پێنـەداین زیـاد لـە شـەش ئەنـدام پەرلـەمان بـووین، بەهـەمان ڕێگـەدا بگەڕێینەوە، بەناچاری کوێستان خان پەیوەندی بەجەنابی کاك فرسەتەوە کـرد، کـە ئـەو پۆلیسـانە ئاگـادار بکاتەوە کە وتیان فەرمانێکمان لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ هاتووە کە ئێوە ئەم کۆمەڵە کەسـە کـە سـەردانتان کردووە بۆتان نیە بەهەمان ڕێگادا بگەڕێنەوە، ئەبوایە ئێمە ڕێگایەکی شاخاوی بگرینە بـەر بـۆ ئـەوەی کـە بگەڕێینـەوە، ئەمـە وەڵامێـك بـۆ بەدواداچـوون، هـەروەها بەدواداچـوونێکی تـر کـە کۆمـەڵێك لـە ئەنـدام پەرلەمانی فراکسیۆنەکەی ئێمە کردوویانە بۆ نەخۆشخانەی دڵ کە لەقەلاچوالان لەساڵی دارایـی 2010 دا تەخصیصاتێکی مالی باشـی بـۆ تـەرخانکرابوو، هـەر ڕێگایـان نـەدابوون کـە لـە پڕۆژەکـە نزیـك ببنـەوە، تـا تەفاصیلی پڕۆژەکە بزانن، لەکۆتایی قسەکانمدا دەمەوێت بڵێم ئێمە لەبەردەم دوو خـەمی گـەورەداین، ئایـا ئێمە دەمانەوێت کوردستان بەرەو سیستمێکی حوکمڕانی باش بڕوات، کە من بڕوام وایە ئەگەر دەمانـەوێت سیسـتمێکی حـوکمڕانی بـاش کـە بنـەما سـەرەکیەکانی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی گەنـدەڵی یـان پیـادە کردنـی نەزاهەتە یـان کۆمـەڵێ بنـەمای تـرە، ئێمـە دەمانـەوێت ئەمـە بکـەین، ئەمـەش بـاجی گەورەیـە ئـەبێ بـڕێ داهاتی باش و پارەی باشی کوردستان تەزحیە پێ بـدەین لەبـەر خـاتری حـوکمڕانی بـاش، کـە مـن تەسـەور دەکەم ئەوە ڕێگا تەندروستەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن حسین، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە جێگای دەستخۆشیە کە ئێمە هەمووجارێ ئاوا پڕۆژە بێنین و پێشکەشی خەڵکی کوردسـتانی بکەین، ساڵێك پێش ئێستا یاسای بودجەی گشتی بـە ئـاوا پڕۆژەیـەکی زۆر پێشکەشـی گشـت خـەڵکمان کـرد، بەڵام پـێم وایـە هـەر ئـاوا پـڕۆژە پێشـکەش کـردن بـەس نیـە، تـا ئێسـتا ئـەو پڕۆژانـە نەهاتوونەتـە بـواری جێبەجێ کردن، ئەگەر هاتبێتە جێبەجێکردنیش ئەوە بەشێوەیەکی سەقەتی یان کەموکوڕی زۆری تێدایە، خەڵکەکە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی گشتی ئیستیفادە لەو پڕۆژانـە بکـەن، نموونـەی زاخـۆ دێـنم هەرچـەند پـێم خـۆش نیـە نـاوی ئـەو ناوچـانە بێـنم، چـونکە مـن خـەڵکی ئـەوێم زیـاتر لێـی دەزانم، (1)ملیـار و (700) ملیۆنمان لە پڕۆژەی یاسای بودجەی هـەرێممان بـۆ دانـابوو، ئـەوە ئێسـتا دراوە بـە شـەریکەیەك بـە (950)ملیۆن، کە (240)ڕۆژماوەی پڕۆژەکە بوو، لەمانگی 4 ئەبێ ئـەو ماوەیـە تـەواو بێـت، تـا ئێسـتا 10 مەتری لێ دروست نـەکراوە، چـی لێدەکـەن؟، سـەبی دەکـەن لـەجیاتی قیرەکـەیان هـەڵگرتووە، سـەبێکی لـێ دادەنێن، ئایا ئەوە چارەی ئەو کێشەیە دەکات، پێم وایە ئەوە خراپتری دەکات، شیشی ئاسنی تێدایە بـەیانی ئەو سەبە لەسەری بڕوات ئەو شیشە دەردەچێت و خراپتری لێ دەبێت، بۆ نموونە ئەم پارەی کە ئێستا لێرە هاتووە ناو پەرلەمان و ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بەڕەئی من ئەگەر هی نەوت بێت، ئـەوە پارەیـەکی زۆر

کەمە، نموونە لەسەر نەوت دێنم کە زاخۆ بیرێکی نەوتی تێدایە، ڕۆژانە بەسەدان تەنکەری نەوت لەناو شاری زاخۆ تێدەپەڕن، هەر لەبۆنەکەی خەڵکی زاخۆ خەریکە ڕابکەن، و خانووەکانیان دەفرۆشن و دەچنە گەڕەکی دی لەبەر بۆنەکەی، ئەگەر ئەو نەوتە بەتەنها حساب بکەین، ڕەنگە لەو پارەیە زیاتر بێت بەمانگێك، بەڵام ئەم برە پارەیە زۆر زۆر کەمە، ئێمە نیگەرانین، ئەگەر ئەو پارەیە هی نەوت بێت، یەعنی ئەوە برێکی زۆرکەمە، دەبوایە زیاتر بێت و بەشەفافیەت وبەڕێکوپێکی دابرێژرایە تابزانین چۆن چۆنی هاتووە، چەندی فرۆشراوە، بۆ تا ئێستا ئێمەش قسەمان لەسەر نەکردووە؟، کاك سەمیر بوو وابزانم باسی ئامێدی کرد، کە 130 مەتری هەیە بۆ ڕێگاکەی کە قیرتاو بکرێت، کە (1)ملیار و(770)ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، کە ئەمەش بەراستی زۆر زۆرە، ئەگەر چاکی بکەن هەر باشە، دیسان هەر لە زنجیرەی 17کە هاتووە (126)خانوو دروست بکرێت لە سەرسنگ، (2)ملیار (268)ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، دیسان هەر لەزنجیرەیەکی تردا هاتووەتەوەو دووبارە بووەتەوە، کە بڕی (8)ملیار دیناری بۆ هەمان پڕۆژە داناوە، یەعنی دووبارە بوەتەوە، هەندێ جێگاش هەیە هەر باسی لێوە نەکراوە، بۆ نموونە باسی دێهاتەکان نەکراوە، ئەم دێهاتانە زۆر گرنگن کە بەسەدان دێهات هەیە لەکوردستان کەجادەی بۆ نەچووە، ئەگەر جادەشی بۆ چووبێ تێکەڵاوی نیە یان قیرتاو نەکراوە، ئێستا خەڵکەکە ناتوانن بەتەواوەتی لەوێ دابنیشن و ژیان بەسەر بەرن، یان کارەبای بۆ نەچووە یان ئاوی نیە، یان هیچ خزمەتگوزارییەکی نیە و ئێمە دێهاتەکانمان لەبیر کردووە، یەعنی ڕۆژێ لەڕۆژان وەزیری پلاندانان یان وەزیری دارایی یان یەکێ لەئێمە باسی ئەو دێهاتانە ناکەین، ئەی باشە ئەوانیش خەڵکی ئێمە نین و ئێمە لەوێدا شۆڕشمان نەکردووە، بۆ ئەوانە لەبیر بکەین، دەبێ ئەولەویەتی ئێمە بۆ خزمەتگوزاری ئەوە بێت کە ئەوانە لەبیر نەکەین، باشە لامان گرنگە کە ئێمە شارەکان جوان بکەین، بەس با برێك لەو پارەیە تەرخان بکەین بۆ ئەو دێهاتانە، تا ئەوانیش جوان ببن و خەڵکەکەی بتوانن لەوێ ژیان بەسەر بەرن، ژیانیان خۆش ببێت، ئەو بڕەی پارەی کەدانراوە بۆ خانووی شەهیدان، من ڕۆژێك لەسەردانم بۆ نووسینگەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی زاخۆ کە چووم، بەرپرسەکە وتی بەئێمە تا ئێستا یەك خانوو بۆ شەهیدانی دەڤەری ئێمە لەلایەن حکومەتەوە نەکراوە، ئەوەشی کە بۆمان دێت بەڕێز کاك مەسعود بارزانی بۆ ئێمە هەندێ پارەی دەنێرێ کە چەند دەفتەرێکە ئێمە ناتوانین خانووی پێ دروست بکەین، بۆیە یەکسەر بانگی خاوەن شەهید دەکەین و ئەو پارەیە تەسلیمی ئەو خاوەن شەهیدە دەکەین کە خۆی چی لێدەکات بیکات، چونکە بەشی هیچ ناکات، بۆیە هەر بەبێ خانوو دەمێنێتەوە، ئێستا ئەو بڕەی کەهاتووە پێم وایە نازانم چی بڵێم دەڤەرێکی ئاوا کە تا ئێستا حکومەت خانوویەکی بۆ نەکردوون، بۆیە نازانم ئەوە چۆن هاتووە لێرەدا ئەوەشی کە کراوە لەڕێگای حزبەوە یان ڕێکخراوێکەوە کراوە، ئەمەوێ شتەکە ڕوون و ئاشکرا تر بێت، تا شتەکە دیار بێت و ئێمە بتوانین، لەگەڵ خەڵك قسە بکەین و زیاتر جوابیان بدەینەوە، من دیسان پشتگیری ئەوە دەکەم کە هەر ناوچەیەك نەوتی هەیە برێك لەپارەی ئەو نەوتە بۆ ئەو ناوچەیە دابندرێت، یەعنی ئەوە زۆر گرنگە، چونکە خەڵکەکەی ئەزیەت دەخۆن و ناخۆشی ئەبینن بەهۆی ئەو نەوتەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرێت ئەوە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری زۆری ئەو بیرو بۆچوونانە دەکەم کە لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا قسەکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەم خشتەیە ئێمە دوو شت لەیەکتری جیا بکەینەوە، ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەهەرێمی کوردستان پەیوەندی بەمەسەلەی نەوت و داهاتی نەوتەوە هەیە، هەروەها ئەوەی کە لێرەدا هاتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت (250)ملیۆن دۆلار لەبەردەستدایە، وەکو دەریش کەوت داهاتەکەی لەکوێوە هاتووە، کە هی موشتەقاتی نەوتە، بەم شێوە خشتەیە دەمەوێت بیخەمە بواری جێبەجێ کردنەوە، لەچوارچێوەی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری، بۆیە پێویستە ئێمە لەچوارچێوەی دووەمدا قسە لەسەر ئەم خشتەیە بکەین کەلەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ ئێمە نێردراوە، کە سەیری ئەم خشتەیە دەکەین دەبینین لەدابەشکردنی پرۆژەکان لەجۆری پرۆژەکان لەدەست نیشان کردنی شوێنی پرۆژەکان هەمووومان تێبینیمان هەیە، بەڵام ئەم تێبینیانە، شایەنی ئەوەن لەلایەن وەزیری پلاندانان و وەزیری داراییەوە بەهەند وەربگیرێن، هەوڵ بدرێت کەچاو پێداخشاندنەوەی بۆ بکرێت، ڕەنگە لەماوەی ڕابردووشدا دوای ئەوەی کە بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان، لەگەڵ لیژنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆیان کردووە، هەوڵی ئەوەیان دابێ کە خشتەکە جارێکی تر پێداچوونەوەیان بۆ بکەن و هەموارکردنەوەی بۆ بکەن، بۆ نموونە ئێمە لەیاسای بودجەی ساڵی 2010دا ماددەیەکمان زیاد کرد، کە بریتیە لە پشتیوانی کردنی تایبەتی ئەو قەزاو ناحیانەی کە لەڕابردوودا بەرشاڵاوی ڕاگواستن و ئەنفال کەوتوون و زیانیان پێگەشتووە، کە پێویستە بایەخی تایبەتیان پێ بدرێت، بەڵام کە سەیری ئەم خشتەیە دەکەین دیسان ئەم بایەخە تایبەتیە نابینین، بۆ نموونە قەزا هەیە بەگوێرەی ئەم خشتەیە، (7)ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، کە ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشەو پێویستە زیاتریشی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام قەزا هەیە کە تەرحیل کراوە، ملیارێك یان دوو ملیاری بۆ تەرخانکراوە، بۆیە دەبینین کە ئەمە ناهاوسەنگی تێدایە، پێویستە کە بەهەند وەربگیرێت و ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت بەتایبەتی لە پێشکەش کردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011دا بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان لێرەن تەئکید دەکەینەوە کە ئەمە لەداهاتوودا بەهەند وەربگیرێن، تێبینیەکی تر کە ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هەمانە، دروستکردنی قوتابخانەی تێدایە کە ئەمە کارێکی زۆر زۆر باشە، بەڵام جۆری قوتابخانەکان کە ئێستا سەردەمی ئەوە نەماوە، کە ئێمە قوتابخانەی چوار پۆلی و شەش پۆلی دروست بکەین، بۆیە لەداهاتوودا ئێمە ڕووی قسەمان

ئاراستەی وەزیری پلاندانان و دارایی و پەروەردەش دەکەین، کە لەچوارچێوەی پێشکەش کردنی پرۆژەی خۆیان بۆ دروستکردنی قوتابخانە، بەهیچ شێوەیەك لە قوتابخانەی 12 پۆلی کەمتر داخڵ نەکەن، چونکە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە، کە ئەمە دەگونجێت لەگەڵ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان لەبواری پەروەردەدا، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین ئەو پرۆژانەی کەلە چوارچێوەی ئەم خشتەدا هاتووە، پرۆژەی گرنگن و هی خزمەتگوزارین لەبوارە جۆراوجۆرەکاندا، دەبێتە مایەی پەرەسەندن و گەشەسەندنی بواری خزمەتگوزاری لەهەرێمی کوردستاندا، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام و تەئیدی ئەوە دەکەم، کە پرۆژەکە ڕەد نەکرێتەوە ئێمە پەسەندی بکەین، بەڵام بەڕێزان وەزیرە پەیوەندیدارەکان ئەم بیروبۆچوونانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن لەکاتی جێبەجێکردنیدا، هەوڵ بدەن ئەو تێبینیانە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عیماد محمد، فەرموو.

**بەڕێز عیماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا پشتگیری پرۆژەی خشتەی بودجەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم دەکەم بۆ ساڵی 2010، چونکە ئەبینین کە ئەمە دەستکەوتێکی گرنگی سیاسەتی نەوت و غازە لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە ئێمە پشتگیری تەواوی ئەم سیاسەتە بکەین، چونکە لەبەرژەوەندی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەیاسا ڕێکخراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ دەیبینین بەرهەمی ئەم سیاسەتەیە، بەڕێزان ڕاستە هەندێ کەموکوڕی تێدا هەیە لەناو ئەم خشتەیەدا، هەروەکو لە ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی پەرلەماندا ئاماژەی پێدراوە، چ ئەوانەی پەیوەستن بە ناڕوونی پرۆژەکان، نا دابەشبوونی عادیلانەی پرۆژەکان لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، کە پێویستە وەزیری پلاندانان زیاتر ئەم خاڵانە ڕوون بکاتەوە بۆ ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، بەڵام ئەمە یەکەم هەنگاوە لەم بارەیەوە، بۆیە دەکرێ لەداهاتوودا ڕەچاوی ئەم کەموکوڕیانە بکرێت، ئەو ناوچانەی کە بێ بەش بوون قەرەبوویان بۆ بکرێتەوە لە بودجەی ساڵی 2011دا یان لەساڵانەی داهاتی نەوت لەداهاتوودا، منیش هاوڕێ بووم، لەگەڵ تێبینیەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری، بەڵام دوای بەدواداچوون لەسەر ئەم تێبینیانە حەزدەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە وەك نوێنەری ئەم دەڤەرە، سەبارەت بەخاڵی چوارەمی ڕاپۆرتەکە، دەربارەی پرۆژەی فراوانکردنی دەروازەی ئامێدی، بە درێژی 130 مەتر، کە لیژنەی ناوبراو داوای کەمکردنەوەی کردووەو هەندێ گومان لایان دروست بووە، سەبارەت بەم پرۆژەیە، ئەو بڕە پارەی کە تەرخانکراوە بۆ ئەم پرۆژەیە بەکەشفێك لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاو بانی پارێزگای دهۆك دروست کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕێگایە شاخاوییە، کەهەموومان دەزانین شاری ئامێدی لەشێوەی قەڵایەکە، یەکێکە لەشارە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان کە ڕۆژانە سەدان خەڵك سەردانی دەکات، بۆ گەشتیاری چ لەناوەوەی هەرێم چ لەدەرەوەی

هەرێم، ئەو ڕێگایەی کەبۆی دەچێت زۆر بەرتەسکەو پێویستی بە فراوانکردنە، هیچ مەجالی فراوان کردنی نیە، وەکو ناوچەیەکی تەخت لەبەر ئەوە ئەم 130 مەترە، لەشێوەی پردێك دروست دەکرێت، چونکە لای ڕاستی جادەکە شاخەو لای چەپیشی دۆڵە، لەبەر ئەوە ئێمە لیژنەی ناوبراو ئەندامە بەڕێزەکان دڵنیا دەکەین کە ئەو برە پارەیەی کە تەرخانکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە لەئاستی پارەی پرۆژەکەدایە، سەبارەت بە خاڵی پێنجەمی پرۆژەکە بۆ دروست کردنی 126 خانوو لەناحیەی سەرسنگ بەبڕی(2)ملیار و (268)ملیۆن دینار لەهەمان کاتدا تەرخانکردنی (8)ملیار دینار بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هەمان ئەو (126)خانووە کە لیژنەی ناوبراو داوای ڕوونکردنەوەی کردووە، فیعلەن ئەمە جێگای گومان و پرسیارە دوای بەدواداچوون لەسەر ئەم پرۆژەیە، حەز دەکەم ئەمە ڕوون بکەمەوە، هەموومان دەزانین لەئەنجامی نالەباری وەزعی ئەمنی دەڤەری ئامێدی لەساڵانی 1990 تا ئێستا کە بووە بەمایەی کۆچ کردنی سەدان خەڵك لەگوندەکانی سەر بەم دەڤەرە، لەبینایە حکومیەکان نیشتەجێ بوون، کە ژمارەیان زیاتر لە (1500)خێزانن، لەوەزعێکی زۆر سەختدا دەژین کە گەشتووەتە ڕادەی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکانی وەکو کولێرا لەناویاندا، لەبەر ئەوە ئێمە بەباشی دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوەی هاویشتووە، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەم ئاوارانە کە ئەمە چەندین ساڵە لەم میحنەتەدان، سەبارەت بە تەرخانکردنی (8)ملیار دینار بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری ئاو وکارەباو ڕێگا بۆ 126 خانوو لەسەرسنگ ئەمە بەهەڵە هاتووە، ئەو برە پارە تەرخانکراوە بۆ گەیاندنی ئاو و کارەباو ڕێگا بەهەموو خانووەکان لەسەرانسەری ئامێدی، لەبەر ئەوە ئێمە پشتگیری پەسەند کردنی بودجەکە دەکەین، چونکە دەبینین لەبەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە، بۆیە بەباشی نازانین کەدوا بخرێت لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا پێش ئەوەی باس لەداهات بکەم، لەسەر پرۆژەکان دوو خاڵی کورت دەڵێم، یەکەمیان: پشتگیری ئەو خاڵی یەکەمەی لیژنەی دارایی دەکەم، کەباس لەوە دەکات ئەم داهاتە ئەبێت بۆ پرۆژەی ئیستراتیژی بەکار بهێندرێت، کە پێم وایە ئەوە کۆی دەنگی لەسەرە، کەناکرێ پارەی داهاتی نەوت ئاوا تەخشان و پەخشانی پێبکرێت، بەڵکو دەبێ بۆ پرۆژەی ستراتیژی بێت، یاخود حەلکردنی ئەو کێشانەی کە بەردەوامن لە کێشەی هاووڵاتیان بۆ نموونە، حەلکردنی کێشەی کارەبا بۆ ئەوەی بەیەکجار نەجاتمان بێت، ئیتر ئەوەندە نەوترێت گرفتمان لە تاقەو بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا هەیە، یاخود حەلکردنی کێشەی خانووەکانی ئەنفال و کیمیاباران کەهەموو ساڵێك ئێمە دەبێت ژمارەیەك لەم خانووانە بخەینە ناو پرۆژەکەو دیسان ناویان دەهێنینەوە، دیسانیش هەر تەواو نابێت بۆیە دەکرا حەلی کێشەیەکی جەزری بکەین بۆ ئەوەی باس نەکرێتەوە، کەمن پێم وایە ئێمە لەمەسەلەی خانووی ئەنفالەکاندا گرفتێکمان

هەیە، دواتر لەخاڵەکاندا دێمە سەری، دووەمیان: ئێمە ئەو قسانەی کە ئێستا بەڕێز کاك عیماد کردی، دیسان بەڵگەیە لەسەر ناڕوونی ئەم خشتەیە، ناڕوونی و هەڵەتێدا بوونی ئەم خشتەیە، کە بەڕاستی ئێمە گرفتمان لەگەڵ ئەم خشتەیەدا بۆیە ناڕوونە، وازح نیە، مەسەلەن ئێستا لەپاڵ ئەم 130 مەترەدا بنووسرایە بەشێوەی پرد، هیچ پرسیارێکمان بۆ نەئەما، ئینجا لێرەدا دوو شت دروست ئەبێت، یەکەم: ئێمە هەمان قسەکانی کاتی بودجەی ساڵی 2010 دەکەینەوە، وەزارەتی پلاندانانیش هەمان هەڵەکانی خشتەکەی پێشوو ئەکات، کە بەڕاستی ئەمە لاوازییەك دەردەخات بەرامبەر بە خەڵك، یان ئێمە شتەکان نازانین بۆیە هەردەیڵێینەوە، یان ئەوان کەسی شارەزاو پسپۆڕ دانانێن و ئیستیفادە لەم هەڵانە ناکرێت، ئێستا ئێمە جارێکی تر هەمان ئەو هەڵانەی جاری پێشوو کە لەبودجەدا باس کرا ئێستاش هەر باس دەکرێتەوە، دێمەسەر مەسەلەی داهات کە بەڕاستی من دەڵێم ئەگەر هەموو شتێك یەك پرسیاری لەسەر بێت، پارە دووانی لەسەرە، لەکوێوە هات و چۆن سەرف دەکرێت؟، ئەم داهاتەی ئێمە سەرچاوەیەکی ڕوون و وازحی نیە، ڕاستە (301)ملیار دینار هاتووە، بەڵام بەبیری هەموومانی دەخەینەوە، کە ئێمە بەنووسراوی (1658)لە 3/28 کتابێك لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئاراستەی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە کرا، کە تێیدا ماددەی (16و17و18)ی لادابوو، پێشنیاری کردبوو کەئەو ئەتوانێ (490)ملیار دەبر بکات، لەچەند کۆنتراکتێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکاندا، لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکان لەهەرێم، چەند بڕە پارەیەکی تایبەت هەیە بۆ پشتگیری، ئەوە بوو ڕەفز کرا؟ چونکە بەشێوەیەکی مەرکەزی لەلایەن حکومەتەوە نەهاتبوو، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەفزیان کردو ئێمەش لێرەدا قبوڵمان نەکرد، ئێستا من تێناگەم کە ئەم (300)ملیارە لەو (490)ملیارەیە ئەی کوا (190)ملیارەکەی تری؟، ئەگەر ئەمە تەنها پارەی نەوتی ڕەشە، هی چەند مانگە؟، ئێمە هەموومان دەزانین ناکرێ من بڵێم کابینەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی و کابینەکەی کاك دکتۆر بەرهەم، ئەبێ بڵێین کابینەی ساڵی ئەوەندە، ئەمە داهاتی نەوتی ساڵی ئەوەندەیە ئەگەر موئەسەساتی بین، ئەبێ بڵێین ئەوە دوو ساڵ تا سێ ساڵە نەوت دەڕوات بەرهەمەکانی دەڕوات، ئەمە هی سێ مانگە هی شەش مانگە هی ئەوەندەیە، بەبێ ناو هێنانی کەسەکان، چونکە بڕیارە موئەسەساتی بین و شتەکانمان وازح بێت، داهاتەکان ڕۆشن بێت و پەیوەندی بە شەخصەوە نەبێت، پەیوەندی بە دەزگایەکی حکومیەوە هەبێت، ئێمە ئەم داهاتە ئەگەر هی نەوتی ڕەشە من حەز دەکەم، ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئاگاداربن، ئێمە وەکو لیژنەی پیشەسازی و وزە، لەگەڵ سامانە سروشتیەکان قسەمان کردووە، لەسەر زاری خۆیان لەمانگی هەشتەوە گازوایل ناڕوات، یەعنی تا مانگی 8 گازوایل سەرف کراوە و فرۆشراوە، ئەی باشە داهاتی ئەوە چی لێهاتووە، کە بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنە، بۆیە ڕاپۆرتمان نەنووسی لەسەر ئەمەو کۆبوونەوەشمان نەکرد لەسەری، چونکە گرفتمان لەسەر ئەسڵی داهاتەکە هەیە، نەك تەنها ئێمە وەکو پەرلەمان، بەڵکو ئەگەر سەیرێکی ئەم کتابە تازەیە بکەین کە حکومەتی هەرێمی ناردوویەتی کە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەرێمیە بۆ کاروباری نەوت، ئەم ئەنجومەنی هەرێمیە، ئەبوایە لە ساڵی 2007 ـەوە هەبوایە، چونکە بەپێی یاسای (22)ی نەوت و غاز ئەنجومەنێکی هەرێمی هەیە، بەڵام

دیاره كۆبوونەوەی نەكردووە هەتا مانگی 7ی ئەمساڵ كەبەسەرۆكایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كراوە، یەكەم كۆبوونەوەی لەمانگی 7 كردووە، دووەم كۆبوونەوەی لەمانگی 9 كردووە، بۆ بە ئەسەفێكی زۆرەوە، لەمانگی 12 نووسراوەكە دەگاتە دەستی ئێمە، كۆمەڵێ پرسیاری تێدایە، كەهیچی وەڵام نەدراوەتەوە، یەعنی هەتا ئێستا لەلای حكومەتیش ڕۆشن نیە هەتا ئێستا من دەڵێم بەپشتگیری سەرۆكی پەرلەمان، بە پشتگیری وەزارەتی سامانە سروشتیەكان بەپشتگیری حكومەت هەمیشە بەلیژنەی ئێمە وتراوە، چیتان دەوێ و چۆنتان دەوێ وادەكەین، بەڵام حەلقەیەكی ون هەیە لەم بەینەدا چیە ئەو شتەی كە نایەتە بەردەستمان؟، بۆچی نایەتە بەردەستمان وەكو لیژنە؟، ئێمە لە 4/6 وەكو لیژنە كتابێكمان ئاراستەی بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە، 8 خاڵ زانیاریمان داوا كردووە، ئەزانی بەڕێز جەنابتان وەكو سەرۆكایەتی كەی ئەم نووسراوەتان ئاراستەی وەزارەت كردووە، 12/8 یەعنی ئەگەر ئاراستە كردنی نووسراوێك لەبەینی ئێمە بۆ ئەوێ 8 مانگی پێبچێت، ئەی ئاخۆ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە چەندی پێ بچێت تا سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان دابنیشێت و تا وەڵامی ئەداتەوە، وەڵڵا ئەم خولەش تەواو ئەبێت و هەمان ئەو كێشانەشمان ئەبێت، خاڵێكی تر ئێمە ئەگەر بیرتان بێت كێشەمان زۆر بوو لەسەر بڕی ئەو پارەی كە دانرابوو بۆ سلع و خەدەمات و صیانە، بەڕێزان ڕێك سێ ئەوەندەی ئەم پارەیە، كە ئەم هەموو پڕۆژەی پێكراوەو ئێمەش بەدڵمان نیە، ڕێك نیە، ڕێك سی ئەوەندەی ئەوە دانراوە بۆ سیلەع و خەدەمات و صیانە، نۆسەد و سی و حەوت ملیار و سەد و چل ملیۆن، یەعنی ئەگەر زەرب و تەقسیمێك بكەی لە بەینی 19 وەزارەتەكە و ئەو 9 دەزگایانەی تر كە هەمانە هەموو وەزارەتێك 2,7 ملیاری بەر دەكەوێت مانگانە، مەساریفی ئوخرا هەموو وەزارەتێك و هەموو دەزگایەك بۆ مەساریفی ئوخرا كە كەس نازانێ چیە! 2,3 ملیاری بەردەكەوێت، یەعنی هەموو وەزارەتێك 5 ملیاری هەیە مانگانە بۆ سیلەع و صیانە و خەدەمات، باشە ئێستا بۆچی هاتووە كە لە زنجیرەی 43 دەڵێ دابین كردنی كەلوپەلی پێویست بۆ فوتابخانەكانی شاری هەولێر 600 ملیۆن، ئەی ئەو سیلەع و خەدەماتە چی لێ دەكەن مانگی ئەو 5 ملیۆنە!؟ یەعنی بەڕاستی حەیفە پارەی نەوت كە ئەم هەموو شەڕەمان بۆ دروست دەكات كە دوو ساڵ و سێ مانگە لەناو ئەم پەرلەمانە قسەی لەسەر دەكەین ئاوا بەم پڕۆژانە بڕوات یەك/ داهاتەكە وازح نەكرێت؟، دوو/ پڕۆژەكان وازح نەبن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، ئەو بەڕێزانەی كە دەیانویست قسە بكەن، ئێستا جەنابی وەزیر دەمەوێ وەڵام بداتەوە، چونكە زۆر پرسیار هەموو لە كۆی موداخەلەكانی ئەندامە بەڕێزەكان كە داوایان كرد كە ڕەد بكرێتەوە، زۆر بوون، قسمێك داوایان كرد بنێردرێ و چاك بكرێت و بێتەوەن ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، داوای لیژنەی بەدواداچوون كرا كە پێك بهێندرێت، بە تەئكید زۆر زۆر دروستە، پڕۆژەیەك نابێت بە پڕۆژەی جۆراو جۆر، دەبێت ئەم پڕۆژەیە ئەوەیە لە فلان جێیە، ئەوەندە تەكلیف دەكات و شوێنەكەی دیار بێت، داوا لەو بەڕێزانە دەكەین كە ئەو پێشنیارەیان كرد بە تەحدید بە ڕاپۆرتێك شتەكانیان بنووسن، ئێمە لە لیژنەكە

له جەلسەی داهاتوو 100٪ بۆی تەشكیل دەكەین، چونكە زەروورە و تۆ ناتوانی پارەیەك بدەی بۆ پـرۆژەی جۆراوجۆر، یەعنی پرۆژەی جۆراو جۆر چیە؟، یەعنی چی؟ یان لە كوێ؟، رجائەن بـا ئـەو ڕوونكردنەوەیـە بۆ ئێوەی بەڕێز وازح بێت، پێویستە پرۆژەكان دیار بن، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ بە دواداچوون بكات و بزانێـت ئـەم پرۆژانـە بـە پـاكی و دروسـتی و بـە شـەفافی سـەرف دەكرێـت، هـەموو ئـەو بەڕێزانـەی ئـەم پێشنیارەیان كرد، دەیخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە دەست بەرز بكات؟ بۆ ئەوەی لە جەلسـەی داهـاتوو نـاوی ئەندامەكان دروست دەكەین و لە جەلسەكان بـۆ بەدواداچـوونی پـرۆژەكـان دەبێـت دیـار بێـت، شـوێنی دیـار بێت، بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێ بەدواداچوونی بۆ بكات، ئەوە یەكێكە، زۆر سـوپاس، لـە جەلسـەی داهـاتوو موحەدەد موقتەرەحەكانیش بە ڕاپۆرتێك هەمووتان ئەو بەڕێزانە بنووسن بـۆ ئـەوەی نـاوی ئـەو ئەندامـە بەڕێزانە دروست بكەین و بەدواداچوون بكەن بۆ پرۆژەكان، ئەوە یـەك، ئێسـتا جـەنابی وەزیـر كەرەمكـە و جواب بدەوەو پاشان دێینە سەر ئەوەی ڕەد دەكرێتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز علی سندی ( وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێز جێگـری سـەرۆك و سـكرتێری پەرلـەمان، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، ڕۆژ بـاش، پێشـەكی بـە حەقیقەت حەز دەكەم، وەكو خەلفیەتێك و باكگراوندێك شتێك لەسەر مەوزوعەكە باس بكەم، كە ئـەویش ئیحتماله تەسەلسولی مەوزوعەكە لەوێوە دەست پێ بكات باشترە، دواییش یەك بە یەك ئەو بەڕێزانـەی كـە پرسـیاریان كـردووە محاوەلـە دەكـەم وەڵامـی هـەر هـەموویان بدەمـەوە، هەرچـەندە بـەعزێكیان تیكـرارە، ئەوانـەی كـە پەیوەنـدی بـەوەزارەتی ئێمـە هەیـە و لەلایـەنی تـەعریفی وەزیفـی موهیمـەكانی وەزارەتـی پلاندانان چیە؟ ئـەم مەوزوعـە تـەبیعی زیـاتر دەگەڕێتـەوە بـۆ 5 مـانگ لەمـەو پـێش لـە كۆبوونەوەیـەكی ئەنجومەنی وەزیراندا بەڕێز وەزیری سامانە سروشتیەكان ئەم مەوزوعەی تـەرح كـرد كـە كۆمـەڵێك داهـات هەیە، كە بـە تـەراكومی كۆبووەتـەوە، بڕكـەی گەیشـتووەتە 250 ملیـۆن دۆلار، پێشـنیاری ئـەوەی كـرد كـە هەنـدێك پـرۆژە لـەو پرۆژانـەی بـا بڵـێین چ لـە داواكـاری وەزارەتـەكان بـووە یـان شـتێكی ئێرجێنتـی موستەعجەلە ئەگەر هەبێت و تەختیە نەكرابێت بۆ ئەوە سەرف بكرێت، ئەوەی موعەرەفی پارەكەش ئەوە بوو كە پارەی موشتەقاتی نەفتە و هی وەجبەیـەك نیـە، بـەڵكو هـی ماوەیەكـە كـە تەفاسـیڵی پرۆسـەكەش بـەعزێك شـتی بـاس كـرد، هـەروەها ئەوەشـی ڕوون كـردەوە كـە ئەمـە یـەعنی بـە مەنتقیـەنیش ئەمـە لـە ئایندەشدا تیكرار دەبێتەوە، لەبەرئەوە دەبێت بەرنامەیەكی ڕێك و پێكی بۆ دابندرێت، ماوەیەك موناقەشە لـەناو حكومـەت مایـەوە لەسـەر ئـەوەی كـە ئایـا ئەمـە تەقریبـەن بۆچـوونی وەكـو ئـەو بەڕێزانـەی كـە بۆچوونیان هەبوو چ شێوازە پرۆژەیەك مەشمول بێت بۆ ئـەم پارەیـە، ماوەیـەك موناقەشـەی ئـەوە كـرا كـە ئایا ئەمە بدرێتە وەزارەتەكان، بدرێتە یەك سێكتەر، ئایـا بدرێتـە كارەبـا فەقـەت؟ كە كێشـەی هەیـە و بـا بڵێین ئێستا وەزعـی باشـە، بـەڵام داواكاریـان هەیـە و كۆمـەڵێك صیانە و ئەوانـە هەیـە كـە بـە بـەردەوامی دەبێت هەبێت، بەهەرحاڵ لە كۆتـایی دا موناقەشـە گەیشـتە ئـەوەی كـە بڕیـاری ئـەوە درا كـە ئـەم پارەیـە،

لەبەرئەوەی کە (تنمية الاقاليم) پەرەپێدانی پارێزگاکانی ساڵی 2010 هی هەموو عیراق کەم بوو، بیما فیهی هەرێمی کوردستانیش هی هەر سێ پارێزگا، یەعنی تەنانەت نەدەگەیشتە 50٪ی ساڵی پێشوو تر کە ساڵی 2009 بوو، لەبەرئەوە بڕیاری ئەوە درا کە ئەم پارەیە، جاری یەکەم تەنانەت لیستەشمان وەرگرت لە وەزارەتەکان، یەعنی داوامان کرد کە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی خۆیان بۆمان بنێرن و موتابەقەشمان کرد لەگەڵ ئەو پرۆژانەی بۆ ساڵی 2010 کە وەزارەتەکە تەقدیمی کرد بوو، ئێمە لە حەدێکی موعەیەن ڕاوەستا بووین و محاوەلەمان کرد کە بزانین ئایا ئەمە ئەو پرۆژانەن فعلەن کە پار لەوێ ڕاوەستا بوون و پێشکەشیان کردبوو؟ ئەگەر موختەلیفە ئیستفساری ئەوەمان کرد کە ئەو ئەولەویەتە بۆچی گۆڕاوە؟ بەڵام دوای دوو مانگ ئەم فکرەیە هەمووی بەیەك لایەك دا ڕۆیشت و بڕیاری ئەوە درا کە وەکو تەنمیەی ئەقالیم تەعامولی لەگەڵ بکرێت، تەنیمەی ئەقالیم تەبیعی ئەمە تەنیمەی ئەقلیم نیە، بەڵام بەو میکانیزمە داچووە، تەنیمەی ئەقلیم ئسوڵەکەی ئاوایە کە بە پێی قانون و تەعلیمات لە هەموو عیراق دا پارێزگار بە شێوەیەك لە شێوەکان ئیحتیاجاتی پارێزگاکەی خۆی تەقدیر دەکات پاشان مەشوەرەت لەگەڵ دەوائیری مەعنی لەسەر ئاستی پارێزگا دەکات بۆ ئەوەی بزانێت کە وەزارەتەکان نەواقسیان لەکوێ پڕ نەکردووەتەوە، بە تایبەتیش پرۆژەی بچووك، کە تەبعەن کە بووە پرۆژەی بچووك، یەعنی لەبەرئەوەیە کە مەبلەغەکە بچووکە، ئەگەر نا ئیحتماله بەشی یەك پرۆژەی گەورە بکات، ئێمە لە هەر سێ پارێزگا و هەروەها لە سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان لە هەر چواریان با بڵێین داوای ئیحتیاجاتمان لێ کردن کە ئیحتیاجاتەکانیان تەقدیم بکەن، پێشەکی تەبیعی محاوەلەمان کرد پێوەری سەرەکی هی تەقسیم کردنەکە کە هی 250 ملیۆن دۆلارەکە بەو تەریقەیە بوو کە 200 ملیۆن دۆلار بۆ هەر چوار پارێزگا کە سێ پارێزگاکە زائیدەن ئیدارەی گەرمیان، 50 ملیۆن دۆلاریش بۆ وەزارەتی شەهیدان بۆ دروست کردنی خانوو، تەبیعی ئەمە پێوەری یەکەمە، پێوەری دووەم لەسەر ژمارەی دانیشتوان بووە بە گشتی، بەڵام بەعزێك شت هەیە دیسان ڕەچاومان کردووە، ئێمە لە بودجەی 2010 بۆ نموونە پارێزگای دهۆك کە نزیکەی 23٪ی ژمارەی دانیشتوانە بەو ئامارانەی کە لەبەردەستمان هەیە، ئەمە نزیکەی 16,5٪ بۆی دانا بوو، یەعنی ئێمە ئیستفسارەکەمان وانیە هەر ئەوە بی و بڵێین بەو شکلە فیت دەربچێت، لێرەش کە تەجاوزێك هەیە بە هەمان شێوە، دوای ئەوە خانووی شەهیدان بۆ نموونە، ئێمە خانووی شەهیدان لە هەندێ شوێن هەیە، بۆیان کراوە، لە هەندێ شوێن هەیە بۆیان نەکراوە، یەعنی زۆر شوێن هەیە لە پارێزگای سلێمانی کە خەڵکەکە لە ئینتزار دایە، ئێستا لەو شوێنەی کە بۆی کراوەتەوە ناتوانی پارەی بۆ تەخسیس بکەیتەوە، یەعنی ئەمە بە هیچ حیساب و کتابێك ئەمە کۆنترۆڵ ناکرێت، لەبەرئەوە پێوەر ژمارەی دانیشتوان بووە، دووەم/ ئەولەویەتی پارێزگا یان دەوائیری مەعنی، ئەوێ کە چ شتێکی تریان هەیە کە بە پەلە بکرێت، تەبیعی من بەش بە حاڵی خۆم بەڕاستی زۆر ئیفتخار دەکەم بەوەی کە پار ساڵیش ئەو ماوەیە کە تبێبینیەکانی هەموو ئێوەی بەڕێزم وەرگرت، زۆریش بۆ من بە سوود بوو، چونکە من لەلای خۆمەوە وەکو یەك تیم سەیری ئیشەکە دەکەم کە موکەملی یەکتر بین، هەریەکێکیشمان ئەرکی خۆی ئەوەیە و ئەرکی

ئێوەش ئەوەیە کە تێبینیمان لەسەر بگرن، کە زۆر تەبیعیە، ئێمە ئەو شتەی کە حازرمان کرد، کە بۆ هەموو کوردستان، بۆ کۆی گشتی 33 قەزا و 103 ناحیە 4922 گوند ئەو برە پارەیە ئەو شتەی کە هاتە بەردەستمان لە ڕێگای پارێزگاکانەوە ئێمە ڕیزبەندیمان کرد تەدقیقی شتەکانمان کرد بەو شێوەیەی کە خۆمان دەکەین، پێش وەخت دەسپێشخەری ئەوەمان کرد کە ئیستشارەی لیژنەی داراییشمان کرد، لیژنەی داراییش زۆر بە سوپاسەوە، کۆمەڵێك تێبینیان بۆ ناردین وە تێبینیەکانی ئەوانیشمان پێ گەیشت، هی لیژنەی نەزاهە و لیژنەی ئاوەدانکردنەوەشمان پێ گەیشت، هەندێکی پەیوەندی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەیە و هەندێکی پەیوەندی نیە، ئێمە جارێکی تر ئەو لیستەی کە ئامادەمان کرد بوو ئیحتماله ئێستا لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان زۆر بە تەفسیلێ نا، بەڵام هەر بۆ ئەوەی کە بەرێزتان تێبینیتان دا پێم خۆشە وەکو دەڵێین ڕەدێك هەبێت، ئەو قائیمەی کە ئێمە ناردمان بۆ لیژنەی دارایی، لیژنەی دارایی ڕەفزی کرد، تێبینی هەبوو لەسەر کۆمەڵێك شت بمافیە عەلا سەبیل ئەلمیسال مەسەلەی ماوەی پرۆژە بۆ نموونە، ئێمە لیستێکی رەدمان ناردەوە بە ماوەی پرۆژە بەلابردنی هەرچی پرۆژەی وەبەرهێنانە، ئەوانەی کە عەلاقەی بە مەشاریعی ئیستیسماری هەیە، هی دەستەی وەبەرهێنان، ئەوانەمان هەمووی لابرد، بەعزێك شتی تریش هەبوو کە دیسان پێیان وتین، بە نیسبەت حصەی قەزایەکی موعەیەن یان شوێنێکی موعەین، محاوەلەمان کرد حەدی ئیمکان ئەوانەش چارەسەر بکەین، بەڵام بەرێزان ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیری بکەین ئیحتماله عەلەل ئەقەل بە تەقیمی من، تەقیمیی ئێوەش تەبعەن ئێوەش ئازادن و چۆن تەقیمی کارەکان دەکەن، بە تەقیمی من ئەم بەشە پارەیە عەلەل ئەقەل بەشبەحاڵی خۆم دەڵێم باشتر محاوەلەمان کرد ئەو خەلەلانەی کە پار هەبوو تیکرار نەبێتەوە، بەڵام هەندێك شتیش هەیە مومکینە هەتا هەتایە هەر بمێنێ، بۆ نموونە ئێوە کە مەسەلەن باسی ناوی پرۆژە دەکەن، دەڵێن مەسەلەن ئەم پرۆژەیە تەبعەن پرۆژەی جۆراو جۆر لە شوێنەکانی تر ئەوانە هەمووی لیژنەی دارایی پێیان وتووین و هەموومان چارەسەر کرد، بەڵام وەکو ناوی پرۆژە تەعریفی ناوی پرۆژە چیە، پرۆژەی مەدخەلی شاری هەولێرە، ئەم پرۆژەی مەدخەله و دەروازەیە ئیحتماله جسر لەخۆ دەگرێت، ئیحتماله جادەیەك، ئیحتماله رەسیفێك، یەعنی ئەوە زۆر ئاسان نیە کە هەیە، ئێمە هەموومان لەسەر یەك تۆن قسە بکەین، بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتە هەر پرۆژەیەك لەمانە کە عینوانی هەبوو، دەبێ تەفاسیلی هەبێت، تەفاسیلەکانی دەبێت لە شوێنێك مەوجود بێت و دەبێت دەستی ئێوە بگاتە ئەو تەفاسیلانە، ئینجا من نازانم ئەوە مەسەلەن ئایا ئەو محاوەلەیە کراوە دەستتان نایگاتێ یان چونکە پرۆژەکە نەبووە، ئەگەروایە دەبێت باسی ئەو نوقتەیە بکرێت، ئەگەر نا خۆی ئیشەکە هەر بەو شکلە دەبێت، ئەگەر ئیجازەم پێ بدەن من یەکەم جار جوابەکانی لیژنەی دارایی بدەم، بە تەسەوری من ئێوە موتەلیعن لەسەر مولاحەزاتی لیژنەی دارایی کە بۆ ئێمە هاتبوو، یان پێویست دەکات هەمووی بخوێنمەوە، هەیە؟ باشە، تەبیعی ئەوانەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، یەکەم/ خاڵی 4 کە سەبارەت بە پرۆژەکانی پارێزگای دهۆك، پرۆژە جۆراوجۆرەکان و زنجیرەی ژمارە 5 تێیدا هاتووە فراوانکردنی دەروازەی ئامێدی بە درێژاری 130م بە گوژمەی دوو ملیار و حەفت سەد و حەفتا ملیۆن

دینار، لەڕاستی دا ئەمە جێگای پرسیارە، لیژنەکەمان داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر دەکات دەربارەی ئەم خاڵە، چونکە ئەم بڕە پارەیەی تەرخان کراوە زۆر زۆرە بۆ دروست کردنی دەروازەیەك تەنها بە درێژایی 130 م، تەبیعی هەندێك لە برادەران كاك عیمادیش تەوزیحی دا، بەڵام من وابزانم ئەوە باشترە لە باتی ئەوەی کە قسە بکەم، ئەمە کەشفی پڕۆژەکەیە، تەبعەن ناسکە خان گوتی ناوی بۆچی مەسەلەن نەنووسراوە پرد، نوسراوە دەروازەی ئامێدی، ئاخر نازانم ئەگەر بشنووسرا پردیش کە ئیحتمالە و خۆی پردیش نیە، وەکو ئۆڤەر پاسە، بەڵام لەسەر دینگەیە و لە مەنتیقەیەکی شاخاویە، داوا دەکەم نازانم لەوانەیە لەگەڵ بەعزێکتان زۆر ئاشناییمان نەبێت کە چەند موهەندس هەیە لەو ئەندامە پەرلەمانە بەڕێزانە، ئەگەر کەسێك هەیە، ئەمە کەشفەکەیە و دوایی تەسلیمی دەکەم تەدقیقی بکەن، وابزانم ئەوە ئاسانتر دەبێت، یەعنی کارەکە ئاسانتر دەکات لەوەی کە دانیشم و شەرحی بکەم، چونکە من موهەندس نیم بە حەقیقەت، ئەمە کەشفەکەیەو تەفاسیڵی کەمیاتی مەواد و تەفاسیڵی ئیش و تەفاسیڵی ئەوانەی تێدایە، ئەوە لێرە دایدەنێم بۆ دوای جەلسەکە، بە نیسبەت خاڵێکی تر کە لە مەحزەری لیژنەکە دا هاتووە و ئاڕاستەی ئێمە کراوە کە هەندێك ئەختاء هەبووە لە زنجیرەی ژمارە 17 دا هاتووە کەوا 126 خانوو دروست دەکرێت لەسەر سەنگ بە بڕی دوو ملیار و دوو سەد و شەست و هەشت ملیۆن دینار، کەچی لەهەمان خاڵدا هاتووە کە بڕی هەشت ملیاری تر تەرخان کراوە بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ هەمان ئەو 126 خانووە کە دەکاتە نزیکەی چوار ئەوەندەی پارەی تەرخان کراو بۆ دروست کردن و ئاوەدانکردنەوەی ئەو خانووانە، ئەمەش جێگای پرسیارە، تەبعەن وەکو باسم کرد ئەمە پێشی ئەوەیە کە لیستەی نیهائیمان تەقدیم کردووە، لیستەی نیهائیشمان تەقدیم کردووە بە نافەرمی نیە و بە فەرمی داومانە، ئەمما بەعزێك جار، جاری واهەیە لە موخاتەباتی ڕەسمی بەینی دەوائیری حکومەت دەنووسرێ (استنادا الى المكالمه الهاتفيه) یەش دوو تەرەف قسەیان کردووە، ئەو دوو تەرەفە هەردووکیان مەسئولن و هەر دوو تەرەفەکە تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە دەکەن، من هەندێك شت هەیە بەڕێز د.ئاراس تەلەفۆنم بۆ دەکات جاری وا هەیە بەڕۆژ و جاری واش هەیە بە شەو پرسیارێکی موعەیەن دەکات و ئەو دەتوانێ ئیشارەتی پێی بدات، ئەمەش کە هاتووە ئەگەر غەڵەتێکی مەتبەعی هەبێت و هی کۆمپیوتەر تەبیعیە من بڵێم کە لەلای ئێمە هەموو شتێك وا پێرفێکتە کە 100٪ ئەوەیە و غەڵەتێکی مەتبەعی هەبوو ویستی بۆی چاك بکەمەوە، دەکرێت تەسلیمی بکەنەوە، من وای تێ گەیشتووم لە ئیدارە، یەعنی، ئەگەر نا مەسەلەی ئەختائەکە دەشکرێت ئەو بە لوغەتێك و کتابێکی ڕەسمی عقوبەیەکیشم تەوجیه بکات، یان ڕەخنەیەکی توندم ئاڕاستە بکات، بەڵام ئەمە ئەوەیە سەبەبەکەی، ئەوە غەڵەتێکی مەتبەعیە، ئەو غەڵەتە مەتبەعیە چارەسەر کراوە بەم شێوەیە، (ئاڤا کرنا 126 خانیا لسەر سنگی دوو ملیار و دوو سەد و شەست و هەشت ملیۆن دینارا، پرۆژێت خزمەتگوزاری ئاڤ و کەهرەب و ڕێك بۆ ئاڤاکرنا ڤان خانێیەت ڤان 126 خانیان لسەر سنگی حەفت سەدو چل ملیۆن دینارا)، ئەمە فەقەرەی خاڵی 5، لە زنجیرەی نۆژەنکردنەوەی حەفت سەد و حەفتا و دوو خانوو، ئەمە تێبینی بەڕێزانی لیژنەی داراییە، دەڵێ: نۆژەنکردنەوەی حەفت سەد و حەفتا و سێ خانوو لە

دەڤەری سمێل لە زنجیرەی ژمارە 10 لە خشتەکە دا لە خانەی ئاڤا کرن و نۆژەنکرنا دوو هەزار و چار سەد و سی خانی لدەڤەرا ئامێدی و سمێلێ، کەچی شوێنی دروست کردنیان دیاری نەکراوە، ئایا لە چ شارۆچکە یان گوندێك دروست دەکرێن؟ هەروەها شێوەی سەرف کردنی ئەم بڕە پارەیە بزانین ئایا بە شێوەی تەندەرە یان بە شێوەی بەخشینە یان بەهەر شێوەیەکی تر؟، تەبعەن ئەمانە هی دوو شوێن بوو یەکێکیان ئامێدی، یەکێکیان سێمێلێ، ئەوانەی ئامێدی تەبعەن وەڵامەکە دیسان بەڕەسمی ئێستا لەناو جەدوەلەکەدا هەیە، جەدوەلەکەش من ئەمڕۆ نەمهێناوە، جەدوەلەکە نازانم لە کەیەکەوە هاتووەتە لای جەنابت کاك د.ئاراس؟ تەعدیل کراوەکە مەبەستم ڕاست کراوەکە، وەلحاسڵ، ئینجا تەبیعی ئەو خانووانە لە کوێن لە ئامێدی لە قدش، لە دیرەلۆك، لە سەر سەنگ لە شیلادزێ، لە سیریێ، ئەوە بەڕەسمی دەیڵێم و دوایی جەنابتان دەتوانن موتابەعەی بکەن بزانن لەوێیە یان نا؟، ئەمانەی سیمێڵ تەبعەن کۆی گشتی هەموو خانووەکان ئەوانەی کە لە دهۆك دروست دوو هەزار و دوو سەد و شتێکن، مەجموعەیەکیان لە سمێڵن بەر شوێنێك دەکەون پێی دەڵێن مارینێ، مارینێش ئەو شوێنەیە کە ئێستاکە بڕیاروایە کە تەسمیمی مەتاری لێ دروست دەکرێت، مەجموعەیەك خەڵك لەوێ گوێزراونەتەوە بۆ چەند موجەمەعێکی دەوروبەری کە یەکێکیان موقبلێ یە، تەبیعی ئەم شوێنە دەکاتە 10 کم لە ڕۆژئاوای سمێڵ، هەندێك ئاوارەی تێدایە و ئێستا ئێوە کە ناوی شوێنەکەم هێنا دەتوانن موتابەعەی بکەن و بزانن کە ئەمە هەیە یان نا؟، پرسیاری بەڕێز لیژنەی دارایی دەڵێ سەبارەت بە پرۆژەکانی دەڤەری ئیدارەی گەرمیان، تێبینیمان هەیە لەسەر پرۆژەکانی زنجیرە 13 و 18، وابزانم بەڕێزێکیش لەوێ ئیشارەتی پێیدا کە لە قەزای چەمچەماڵ لەژێر ناوی ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بەبێ دەست نیشان کردنی شوێنی پرۆژەکە، ئەمە تێبینی لیژنەکە بوو بۆ ئێمە، تەبیعی ڕاکێشانی فەقەرە 13، ڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە لیستی پرۆژەکانی گەرمیان بۆ گەڕەکی شەهیدان و قادر کەرەمیەکانە لە ناحیەی شۆڕش، فەقەرەی 18 لە لیستی پرۆژەکانی گەرمیان ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی شەهیدانە لە چەمچەماڵ، فەقەرە 20 کە ناوی شوێنەکە تەحدید نەکرا بوو لە لیستی پرۆژەکانی گەرمیان ڕاکێشانی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی شەهیدان و موفەریەکان لە ناحیەی شۆڕش، تەبیعی لیژنەی دارایی ئاماژەی بەوە داوە کە دەڵێ ئەوەی زیاتر سەرنجی ئێمەی ڕاکێشاوە ئەوەیە کە لە کۆی سەرجەم پرۆژەکانی پارێزگاکانی هەرێم و لەسەرجەم ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان تەرخان کراوە هیچ بڕێك یان گوژمەیەك تەرخان نەکراوە بۆ کەرتی کشتوکاڵ لەناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ناچار لیژنەکەمان پێشنیار دەکات لە بودجەی ناوبراو بەشێکی بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان بکرێت، چونکە هەموومان بایەخ و گرنگی ئەم کەرتە دەزانین، تەبعەن تێبینیەکە لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئالیەت و میکانیزمی تەوزیعی تەحدید کردنی ئەولەویەتەکان وەکو باسم کرد زیاتر بۆ پارێزگارەکانمان بەجێ هێشت، ئێمە ئیحتمالە کەمتر تەدەخولمان کرد، لیژنەی داراییش هەندێك تەدەخولی کرد، هەندێك شتی پێ سڕینەوەو هەندێك شتی ئەوە کرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئێستا ئەگەر ئێمە سەیری پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بکەین، ئێستا لە حدودی پێنج سەد و نەوەد و چوار ملیار دینار پرۆژەی بەردەوام لە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری

هەیە، ئەمەی کە ئێمە ئێستا باسی دەکەین خۆی هەر هەمووی پێکەوە نزیکەی 260 ملیار دینارە، بەڵام یەعنی کە ئەو هینە نەکراوە، ئەوە ئەولەویەتەکان بەو شتانەیان بینیوە و ئەو شتانەی کە بابڵێین ئیحتماله مەسەلەن ئەگەر هاتو سدود داخل کرابووایە و بڕە پارەکەی زۆر تر دەبوو، ئیحتمالە ئەگەر پرۆژە گەورەکان ئەوانەی کە بە تەمان ئەوەی بکەن حسابی ئەوەیان نەکردووە و لەسەر ئەو ئەساسە بووە، نۆیەم تێبینی بەڕێز لیژنەی دارایی لەلاپەڕەی یەکەمی خشتەکەدا کۆی ژمارەی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی بە 99 پرۆژە نووسراوە، کەچی کۆی ڕاستەقینەی پرۆژەکان 110 پرۆژەیە واتە کۆی سەرجەم پرۆژەکان هەمووی بوو بە 349، خۆی تەسحیح کرا کۆی گشتی پرۆژەکان 348 ەو کۆی پرۆژەکانی سلێمانیش 109 یە نەك 99، ڕاپۆرتی لیژنەکانی تریشمان پێ گەیشتووە، بەڵام ئەوەی کە لە ئێمەوە هەیە و لەناحیەی فەنی ئەمانەبوون، ئەگەر ئیجازەشم پێ بدەن ئێستا یەك بە یەك وەڵامیان دەدەمەوە، ڕێزدار کاك امیر گوگە، دروست کرنا خانیا بۆ ئەنفال و شەهیدێت هاتینە جودا کرن، یەعنی وزارەتا شەهیدان یەت تەقسیم کری، بەس لڤێرێ مومکین نەبیت کو ئەم تەقسیما وێ وەسا بکەین لە دەست سوکان و ئەو بت، چونکی نەك گەلەك مەنتقیە ژی، تەبعەن مەجموعێ خانیان 5 ملیۆن دۆلار بۆ وەزارەتا شەهیدان هاتە موخەوەل کرن کو تەحدیدا ئەولەویا بکاتن بە پێی ئەو تەوزیعاتێت کو پێشتر هاتینە کرن، ئەوانە مەجموعا گشتیا خانیا یەت تەوزیع کرن کو دوو هەزار خانینە، ئەوان دوو هەزار خانیش یەکێت حسابکرینە لەسەر موعەدەل و لەسەر بیست و پێنج هەزار دۆلارا، یەعنی وەکو کولفە تەبعەن جهەکێ بۆ جهەکێ دی موختەلف بیتن ئیحتمالە، یا کریە 5 ملیۆن، دروست کرنا خانی بۆچی زاخۆ تێدا نینە؟ بحەقیقەت ئەوە نە موتەلەعن کە ئەوانە  وەزارەتا شەهیدا پێشتر چوو بەرنامەجەك هەبیت لوێرێ ئان نا؟ چونکو ئەوەی جەنابت کو ئەوێ ئیشارەت پێ دا و برادەرەکی دیش ئیشارەت پێی دا، ئەو خاڵێت هاتینە دروست کرن، مومکینە نە لسەر ناڤێ وەزارەتا شەهیدا بن، بناڤێ جیهەتێکی دی بن، مەخسەدا وە ئەو بی، کاك ئارام قادر زیاتر پرسیارەکەی لەسەر ئەوە بوو کە ئایا پێوەرەکان چین؟ عەدەدی سوکانە، زەرەرمەندیە، بۆ میسال ناوچەی هەوارامانی هەیە، ئێمە پێوەرەکە وەکو باسمان کرد، پێوەری گشتی لە سوکانە، تەحدید کردنی ئەولەویاتەکان پارێزگارەکان بوون لەگەڵ دەوائیری مەعنی لە ئاستی پارێزگا، لەبەرئەوە یەعنی ئەگەر پارێزگارێك مەسەلەن مەبلەغەکەی مەحدود بوو، یەعنی ئەگەر هەندێك شتی داخڵ کردووە، لە شوێنێکی موعەیەن یان شوێنێك هیچی بە بەر نەکەوتووە لەم لیستەیەدا، ئێمە کە پاریش باسمان کرد، ئێمە خۆمان محاوەلە دەکەین فی نەزەری ئیعتبار وەربگرین لە چالاکی تر دا لە داهاتوو دا کە بڕی پارەی تر هەبێت، کوێستان خان وابزانم هینی نوێیەکەی نەبینیوە، چونکە هی نوێیەکە ئەو مولاحەزاتانەی کە باسی کرد هی کەرتی تایبەت، ئەوانە لابراون، ئەوانە نەماون لەوێ، هەروەها کە دەڵێ ماوەی پرۆژەکەش دیاری نەکراوە، ماوەی پرۆژەکانیش ئێستا لە لیستە نوێیەکە دیاری کراوە، لیستی پرۆژەکانی 2010 یش کە دەڵێت جەنابیان کە تاوەکو ئێستا وەزیری پلاندانان نەی ناردووە، من لیستی پرۆژەکانم بە دەقیقی نایەتە بیر کەنگی موسادەقە کرا، چ تاریخێك بوو، مانگی چەند بوو؟ مانگی 6 بوو

وابزانم، بەهەرحاڵ من لە مانگی 7 بوو، ئێستا نووسراوەکە لەلام نیە، لە مانگی 7 لیستی پرۆژەکان من نایەنێرم بۆ پەرلەمان، من لیستی پرۆژەکانم بە نووسراوی ڕەسمی و نووسراوەکەشم لەلا مەحفوزە ناردوومەتە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئیشی من لەوێ ڕاوەستاوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی تەکمیلەی پرۆژەی بودجەی تەواکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010 لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراویان ژمارە 2401 لە 2010/9/29 ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بە نووسراومان سەرۆکایەتی پەرلەمان ژمارە 3/4 ـ 1758 لە 2010/10/5 ژمارە 3ی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کە کراوە بە نووسراومان ژمارە ك/774 لە 10/21 ئاڕاستەی گشت لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کراوە، ئەوە نەبێ نەکرابێ، کەرەمکە جەنابی وەزیر.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەو تەعدیلاتانە بوو کە پار کە مولاحەزاتی کە درا، تەعدیلاتەکانمان کە جێ بەجێ کرد و مولاحەزاتەکانمان کە جێ بەجێ کرد، بەو تەعدیلاتانەوە ناردمانەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کوێستان خان ئیشارەتی بەوەدا کە پرۆژەکانی ڕێگاوبان مەسەلەن درێژیان چەندە؟ ئێمە هەموو جار و حەزدەکەی ئەم جارە و حەزدەکەن جارێکی تر ئەمە هیچ مقیاسێکی ئەوە نیە، ئێمە با ئیتیفاق بکەین لەسەر تەعریفی عینوانی پرۆژە، تەعریفی عینوانی پرۆژە شتێکە و تەفاسیڵی پرۆژەش شتێکی ترە، ئێوە بەڕێزتان عینوانی پرۆژەمان بۆ تەعریف بکەن، چونکە دەترسم درێژیەکەش بنووسین، مەسەلەن لەمەودوا ئەگەر مەتڵەبت بێت باوەڕ ناکەم زەحمەت بێت، یەعنی ڕەقەمێکە دەنووسرێت و ئیزافە دەکرێتە سەر ئەوە، ئینجا لە کۆتایی ئەمانە هەر هەموویان پارەیان بۆ تەخسیس دەکرێت، وەکو بەڕێز کاك عبدالرحمن کە ئیشارەتی پێیدا، ملیارێك و شتێك بۆ پرۆژەیەکی موعەیەن تەخسیس کراوە، لە تەنفیز، لە تەندەر، دوای تەندەر بووەتە 950 ملیۆن دینار، خۆ ئەوە هەمووی پرۆسەیەکە پێیدا دەڕوات، ئێمە لێرە کە درێژیەکەی مەعلوم نەبوو، ئەوە ناگەیەنێ، یان درێژیەکەی نە نووسرا بێت درێژی جادەکە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم پارەیە بۆیە ناوی زیادەکە و درێژیەکەی نەنووسراوە، بۆ ئەوەی زیادە بنووسرێت یان ئەوە، وانیە، چونکە ئەمە دوای ئەوە بە پرۆسەیەکی تر دا دەچێت، ئەمە موجەرەد مەسەلەی تەخسیسە، بەڕێز پەریهان قوبلای، دەڵێ زۆربەی پرۆژەکان تەواو بوون، حەسەب علمی من ئەوە وانیە، یەعنی دەڵێ زۆربەی ئەو پرۆژانە تەواو بوون و جارێکی تر نووسراونەتەوە، بەڵام بە هەرحاڵ ئەوە وابزانم ئەوە بە حیوار هین نابێت، یەکێك بەدواداچوون بکات و بچێت ببینێ فعلەن ئەم پرۆژانە تەواو بوونە؟ بۆ مەعلوماتتان ئەم پارەیە هەتا ئەو حەدەی کە مەعلوماتم هەبێ، مەعلوماتیشم هەیە، چونکە ئیستفساریشم کردووە و بەڕێز وەزیری داراییش لێرەیە، ئەو بڕە پارەیە لە حیسابێکی تایبەت دایە، ئەو بڕە پارەیە سەرفیش نەکراوە، بەڵام دهۆك و سلێمانی مومکینە یەعنی هەتا ئێستا یەعنی هەر ئینتزاری ئێوەی بەڕێز

دەکەن کە موسادەقەی لەسەر بکەن، هەولێر بەعزێك شتی کە ئیرجێنت هەیان بووە تەنها بەعزێك ختوەیان کردووە، چەند ختوەیەکیان هاوێشتووە لە مەسەلەی تەندەر و لە مەسەلەی ئەوانە، بەڵام یەك فلس و یەك عانە نەدراوە بە هیچ موقاولێك و نە سەحب کراوە لە حسابەکە و نە سەرف کراوە، بەڵام مەسەلەی پرۆسەکە ئیحتماله ئەوان چەند هەنگاوێکیان هاویشتووە لە هەولێر، هەروەها بەڕێز پەریهان دەڵێ مەسەلەن بۆچی تەنها دوو بنکەی تەندروستی تێدایە؟ ئەمە ئیحتیاجاتی موحافەزەکان بووە بەو شکلە هاتووە و ئەوانیش حیسابی ئەوەیان کردووە و ئێمەش حیسابی ئەوە دەکەین کە بودجەیەکی ترمان لە پێشە کە بودجەی ساڵی 2011 یە و ئیحتماله تەکمیلی تری وەکو ئەمەشی لەپێش بێت کە نازانم بڕیارتان لەسەر چی دا کە ناوی چی لێ بنێن، کاك برهان رشید سوئالەکانی وابزانم موەجەهـ بوو بۆ وەزیری سامانە سروشتیەکان، هەروەها کاك عدنان عثمان دەڵێ، پێشتریش تەبیعی بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، چونکە هەندێك لە برادەران بە دەقیقی نایەتە یادم ئیقتراحی ئەوەیان کرد کە دەبوایە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و حکومەت بە شکلێکی عام لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان وابزانم ئەو دانیشتنە بوو و کاك عدنان عثمانیش حازر بوو لەو دانیشتنە و لەوێش دیسان لەم ئارائانە تەرح کران و ئاڵوگۆڕ کران کە ئایا مەسڵەحەتی هەرێمی کوردستان لە چی دایە هەموومان ئەوە بکەین؟ کۆمەڵێك ئارائو کۆمەڵێك موناقەشات کرا، تەبیعی ئەمە بە نیسبەت لیژنەی پەرلەمان هاتووین و لە لیژنەی دارایی موناقەشاتیشمان کردووە و سەبەرزین بەوە هەر وەختێکیش ئەمر بکەن لە خزمەت داین و کاك عدنان لەوێش ئیشارەتی بەوە دا تەبعەن حیوارەکەی ئەوێ زۆر بوو، بەڵام ئەو لەوێش ئیشارەتی بەوە دا ئیقتراحی ئەوەی کرد کە ئەم بڕە پارەیە لەو وەختە ڕەئی وا بوو کە بکرێتە یەك پرۆژەی ستراتیجی یان چەند پرۆژەیەکی گەورەی ستراتیجی، موناقەشاتیش کرا و ئارائی موختەلف هەیە، بەڵام ئێستا ئەگەر بڵێین یەك پرۆژە فەرەزەن ئەگەر بڵێین یەك پرۆژە، من سوئالی ئەوە دەکەم ئایا لەم قاعەیە ئێوەی بەڕێز و هەمووومان پێکەوە دەتوانین بە هەر هەمووومان ئیتیفاق بکەین لەسەر یەك پرۆژە؟ یەعنی موتەفق بین هەمووومان لەسەر یەك پرۆژە، یان دەیکەینە دەنگدان، ئەگەر ببێتە دەنگدان دەبێتە شتێکی تر، ئینجا بەڕێزیان ئیشارەتیان بەوەدا و وتیان لیستی پرۆژەی ستراتیجی شەرت نیە یەك شت بێت، دەکرێت خانووی شەهیدان بێت، خانووی شەهیدانی تێدایە، پەنجا ملیۆن دۆلار بۆ ئەوە تەخسیس کراوە، بەڕێز کاك اسماعیل دەڵێ بە نیسبەت قانونی پەترۆ دۆلار و مەبدەئی شەفافیەت و، ئێمە قانونی پەترۆ دۆلار بەڕێزیان لێرە نیە، قەیناکە وەڵامی دەدەمەوە، چونکە قسەکانی تەوجیهی ئێمە کردووە و واجبی ئێمەیە کە جوابی بدەینەوە، مەسەلەی پەترۆ دۆلار تەبعەن ئەوە فعلەن قانونی پێ دەرچووە لە عیراق و ئەوانە، وابزانم لە تەنیشت ئەویشەوە قانونێکی تریش هەیە کە موعەلەقە، ئەویش کە قانونی نەوت و داهاتی سامانە سروشتیەکانە، ڕەبتێکیشیان پێکەوە هەیە، بەڵام بەهەرحاڵ بڕیاردان لەسەر ئەوەی تەتبیق کردنی مەبدەئی پەترۆ دۆلار و ئەوانە، ئەوە مەوزوعێکە لەناو ئەم بودجەیەدا یان لەناو ئەم تەخسیسەدا وابزانم چارەسەری ئەوە تۆزێك لەوە گفتوگۆیەکی لە ئاستێکی بەرزتری دەوێت،

وەکو نەهجێك، بەڕێز پەیمان عبدالکریم دەڵێ: بۆچی پارەکە ورد کراوە بۆ کۆمەڵێك پڕۆژە ، ئێ خۆ هەر ورد دەکرێت، کراوە بە 348 پڕۆژە، چۆن ئەگەر ورد نەکرێت، یەعنی ئەمە ئیتر بەڕێز پارێزگارەکان ئەولەویاتی خۆیان وا تەحدید کردووە و ئێمەش ئیشەکەمان تەنزیم کردووە بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی دارایی و لەگەڵ ئێوەی بەڕێز، بەڕێز کاك پێشەوا دەڵێ بۆ بەشێوەیەکی نافەرمی خشتەکان هاتوون و چ پێوەرێك هەیە؟ پێوەرەکانمان باس کرد، دەڵێ لە هەولێر مەسەلەن لە دروست کردنی ژوورێك بۆ مەلای مزگەوتی شەقلاوە، ئەمە هەر لە سەلاحیاتی مدیر عامێك دایە 9 ملیۆن دینارە و بۆ شتێکی ترە، ئاخر لە بیدایەتیش کە باسم کرد، مەبدەئی تەنیمەی ئەقالیم و پەرەپێدانی پارێزگاکان پڕۆژەی بچووکە، دەبێ جیهەتێك بیکات، ئیتر مەبلەغەکە چەندە؟ عینوانەکەی ژوورێکە، عینوانەکەی شتێکی ئەوەیە، نازانم چونکە ئەو ئیشارەتی دا ئیحتماله ئەوە نەك لە ئاستی وەزیر لە ئاستی سەلاحیاتی مدیر عامێك بێت، بۆ لێرەیە؟ ئێ خۆ هەر دەبێ لەشوێنێك ئیزهار ببێت، یان لێرە ئیزهار دەبێت، ئەگەر چووە سەر بودجەی 2011 گلەیی نابێت یەعنی ئەو وەختە؟ چونکە لە سەلاحیاتی مدیر عامیش بێت دەبێت لەشوێنێك هەر ئیزهار بێتن، خۆ ئەوە نیە لە حەدێکی موعەیەن ئیزهار نەبێت و لە حەدێك ئیزهار ببێت، ئیللا مەگەر بەناوی سیانە و شتی وابێت، دەڵێ قەزای کۆیە پارەکەی کەمە، نەوت هی ئەوە، تەبعەن برادەرانی تریش ئیشارەتیان بەوە دا، قەزای کۆیە حصەی کەمە لێرە، من زۆر بە دەقیقی نەچوومەتە ناو ئەو هینەوە، بەڵام لە ئەخیر کە ئیشەکان کەم کرا بەراوردێکی ئەوەمان کرد، ڕاستە قەزای کۆیە حصەی کەمە، بەڵام ئەگەر سەیری حصەی قەزای کۆیە بکەی لە 2010 لە هی وەزارەتەکان لە زمنی پارێزگای هەولێر لە هەموو قەزاکان پاشی مەرکەز کۆیە دێت، نسبەتەن بۆ عەددەدی سوکان لەگەڵ قەزاکانی تر، چونکە ئێوەی بەڕێز ئەو تێبینیەتان هەبوو پێشتر، من چووم یەك بە یەکی قەزاکانم بە پێی عەددەدی سوکان و بە پێی عەددەدی ئەو مەشاریعانەی لەوێ بە کۆی گشتی گوژمەکەم موقارەنە کرد، تەبعەن هەمووی فیت دەرنەچوو، بەس چونکە زۆر سەرنجتان بۆ ئەوە ڕاکێشام، ئەگەر بەڕێزتان بچن ئەو زەحمەتە بکێشن، دەبینن کۆیە لە بودجەی ساڵی 2010 موقارەنەتەن بە قەزاکانی تر لەناو پارێزگای هەولێر حسەی زیاترە، هەروەها شوێنی تر هەیە بەهەمان شێوە نەك تەنها کۆیە، پەیام خان، وتی پێوەر چی بووە، دانیشتوان و زەرەرمەندی، تەبعەن زەرەر مەندی بەشێوەیەکی عام، زەرەرمەندیەکە خۆی تەعبیر لەخۆی دەکات، یەعنی زەرەرمەند ئەو شوێنە زەرەرمەندە کە پڕۆژەی تێدا نەبێت، ئیهمال کرابێت لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کە عقوبە درابێت، جادەی نیە، قوتابخانەی نیە، نەخۆشخانەی نیە، تەقریبەن زەرەرمەند ئەچێتە ئەو خاڵەوە، ئەگینا ئێمە تا ئێستا پێوەرێکی تایبەتمان نیە یان ئەگەر ئێوە تەعریفێك بۆ ئەوە دابنێن، وە بتانەوێ ئەمە بەسەر حکومەتدا بچەسپێنن و بڵێن ئەمە تەعریفی ئێمەیە، ئەبێ ئەمە بەو شێوەیە بێت و ئەوی تر بەو شێوەیە بێت، کە پارەش تەخصیص دەکرێت هی ئەوانە وابێت و هی ئەوانەی تر وابێت، کە ئەمە ببێت بەنەهجێك و حکومەت لەسەری بچێت، ئەگینا ئێمە کۆمەڵێك خەڵکین، خەڵکی ئەم کوردستانەین و پڕۆژە دادەنێین و ڕاو بۆچوونی خۆمان هەیە، ئیستیشارەی خەڵکی تر دەکەین، تەقیمێکمان هەیە بۆ

وەزعەکە، بەو پرۆسەیەدا دەچین هەتا دەگەینە مەسەلەی بڕیاردان، کاك بیلال سلێمان، بەحەقیقەت کۆمەڵێك پرسیاری هەبوو، بەتایبەتی ئەوەی کەلەلام گرنگ بوو، ئیشارەتی بەوەدا کە ژمارە(111)دووبارەیە، لەگەڵ بودجەی گشتی، وەڵڵاهی من لەم کاتەدا ئەوە نایەتە یادم، بەلام من یەك پرسیارم هەیە، یەعنی من هیوادارم کە وانەبێ وئەمەش ئاخر جار نیە کە بەیەکەوە دادەنیشین، یەعنی ئێمە کە پڕۆژە دەنێرین و دەچێتە لیژنەی دارایی، ئەوان تێبینیەکانی خۆیان بۆمان دەنێرن، یەعنی خۆزگە لیژنەی دارایی ئەوەی بە ئێمە بوتایە، چونکە لەبەردەستم نەبووە ئێستا، بەس من ئەو تێبینیەم نووسیوە هەر لاشم مەتڵەبە، بەس ئێوە کە ئێمە لیستی پڕۆژەکانمان نارد بۆ لیژنەی دارایی، کە لیژنەی دارایی تێبینیمان دەدەنێ کە ئەوە تەعبیر لەڕەئی پەرلەمان ناکات، یان ئەو کاتەی کە جەنابت ئەو مولاحەزەیەت هەبوو، مەسەلەن ئەو کاتە نەدەکرا ئەوە بەلیژنەی دارایی بڵێی نەك هەڵی بگری بۆ ئێستا، چونکە لە کۆتاییدا هەر ئەبێت یەك تیم بین، یەعنی ئەگەر ئێستا تۆش بیڵێیت من ناچارم ئەبێ بچم چاکی بکەم، ئەگەر وابێت، چونکە نازانم ئێستا جوابەکەیم پێ نیە، بەس ئەم تەحزیراتانە کە دەکرێت بۆ جەلسەیەکی وا بەتەسەوری من ئەبێت لیژنەی دارایی ئەو تێبینیەیان پێ بڵێیت، تەبعەن منیش مەمنوون دەبم و کاری منیش ئاسان دەبێت، نازانم هەرچەندە ئەوە پڕۆژەیەکی بچووکە بەس ئەبێ حەلی بکەم، کاك بیلال پارەکەی چەند بوو، تەسەلسولەکەی (111)بوو، تەبعەن کە جەنابت وتت من زۆر بەجەدی بەدوایدا دەچم، ئەگەر شتی وا هەبێت بەس لە تێبینیەکانی لیژنەی دارایی ئەوەی تێدا نەبوو، ئینجا کاك عەبدوڵا مەلا نوری، پارەکە (200)ملیۆن نیە (250)ملیۆنە، هەر ئەوەندە ئێمە ئێستا ئەو بەرنامەی کە هێناومانە بۆ(250)ملیۆن هێناومانە، عەزیمە خان ئیشارەتی بەوەدا کە بۆچی کۆبوونەوەی داخراو بوو، مەفروز بوو کە کراوە بێت لە نێوان سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان، وەڵڵاهی من ئاگادارم کەکراوەو هەندێ لە ئێوەی بەڕێزیش ئاگادارن کە کراوە بووە یەعنی داخراو نەبوو بەو مانایە، بەس ڕاوێژێکی زۆر کراوە بۆ 6 تا 7 مانگ بەو شێوەیە چەندین جار گۆڕانکاری لەسەر لیستەکە کراوە، لەسەرەتادا هی وەزارەتەکان بوو دوایی بوو بەهی پارێزگاکان، دیسان ئیشارەتی بەوە دا کە بۆچی کەرکووك هیچ بەشی تێدا نیە، ئێمە کە کەرکووك دادەنێین بە شێوەیەکی گشتی هەندێ لەبرادەران گلەیی دەکەن، هەر لە تەجروبەی خۆم لێرە پار کردیان، چونکە کەرکووك پارەی خۆی هەیە، پارەی پترۆ دۆلاریشی هەیە، پارەی بۆ تەرخان دەکرێت بەهەرشێوەیەك بێت لە حکومەتی مەرکەزییەوە، بەس کێشە هەیە عیلاقەی بە ئیدارەی کەرکووکەوە هەیە، بەعزێ شتیش هەیە پەیوەندی بە بەغداوە هەیە لەشێوازی تەعامول کردنیان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیش کە سەرەتا باسی ئەوە کرا ئەو تێبینیەی داینێ کە مەفروزە لەمەودوا ئەو بڕە پارەیە هەبێت نەك تەنها کەرکووك، بەڵکو ناوچە دابڕاوەکانیش بەشێوەیەکی گشتی حسابێکی بۆ بکرێت، بەلام لەبەرئەوەی ئەو موناقەشەیە کاتێکی زۆری دەخایاند، ئێمە وا بەرەو بودجەی گشتی دەچین، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو ئەمجارە وەکو دەڵێن ناوچە جۆراوجۆرەکانی هەرێم مەشمول بن، لەبودجەی ساڵی 2010ش بەشێك هەبوو بۆ ناوچە دابڕاوەکان، لە ئایندەشدا ئەوە وەکو مەبدەئێك بەرەو ئەوە دەچێت کە

تەسبیت بێت، سیوەیل خان، ئیشارەتی بەوەدا کە هەولێر زیاتر ئیهتیمامی بە مەرکەز داوە، دیسان دەیڵێمەوە وەکو نسبەو تەناسوب ئێمە نیسبەیەکمان هەیە، کە هەر پارێزگایەك چەندی بۆ مەرکەزەو چەندی بۆ ئەترافە، بەڵام ئەوە ڕاستە ئەو مولاحەزەیە تەواوە، لەو برە پارەیە ئەو مولاحەزەیە یەعنی تەواوە، هیچ ئەوەیەك نیە، بەڵام (بالمقابل)، ئیحتیماله جەنابت سەیری لیستی (200) ملیۆن دۆلارەکەت کردووە، ئەگەر کۆی بکەیتەوە لەگەڵ لیستی خانووی شەهیدان کە زیاتر لە ئەترافە، بۆ نموونە مەسەلەن لە هەولێر ئەو شوێنانەی کە بەبەری کەوتوون، بۆ میسال تەبعەن، هەر میسال لەسەر ئەوە ڕەبتی هەیە بە مەوزووعی کۆیەشەوە، کە وتمان کۆیە حصەی کەمترە، دیسان ئەوەش ئێوە ئەوەتان (في نظر الإعتبار) وەرنەگرتووە، کە تەقسیمی خانووی شەهیدانە، ئێستا کۆیە (150) خانووی هەیە، بۆ میسال، هەریر (80) خانووی هەیە، سۆران (50) خانووی هەیە، مێرگەسوور (100) خانووی هەیە، ئەوانە هەولێرن، ئەوانەش ئەترافی هەولێرن، مەرکەزی شار نین بۆ میسال، ئەوە لە بڕی پارەکە دەردەچێت، ئەوەی کە جەنابت دیسان ئیشارەتت پێدا، کە سیعری یەك رحلە ئاوایە و ئەوانە، تەبعەن من نازانم، چونکە ئیحتیمالە ئێستا دەتوانین دواتریش لەگەڵ جەنابت داخلی ئەو تەفاصیله ببین، نازانم چی تەقسیمی چی کردووە؟ کە کردوویەتیە (3) ملیۆن، یەعنی ئەو موعادەلەیە چۆنە؟ بەڵام بە هەر حاڵ، با بڵێین هەر ڕەقەمێك بێت، هەر ڕەقەمێکی هەبێت، ئەوە پارەی موخەصەصە، ئەوە پارەی مەصروف نیە، کاك عبدالرحمن ئیشارەتی داوە دیسان، بەڕێزیان ئیشارەتی دا وتی: پار مەشروعێکی ناو هێنا وتی ملیارێك و شەش سەد ملیۆن بوو لە تەندەر، دوایی بوو بە نۆ سەد و پەنجا ملیۆن، (والعکس أیضاً ممکن)، ئەوەش دەبێت، ئەوەش دەبێت، ئەوە (المخصصة)، (المخصص) مەبلەغێکی تەقدیریە، بەڵام ئەوەی کە جەنابت دەیڵێی بەو شکلە، تەبعەن من نازانم موعادەلەکە چیە؟ چۆن وا حیسابت کردووە؟ بەڕێز کاك کاردۆ ژمارەی خانووی شەهیدان، ژمارەی خانووی شەهیدان وابزانم ئیشارەتم پێدا، کۆی گشتی (2) هەزارە، تەقسیم کراوە، پرۆژەی جۆراو جۆر دەڵێ تەفاصیلی چیە؟ ئەوە لە تێبینیەکانی لیژنەی دارایی هەبوو، پرۆژەی جۆراو جۆر تەفاصیلەکانی ئێستا هەیە، قائیمەکانی مەوجودە، قائیمەکەش بە ڕەسمی ئێستا لەلای لیژنەی دارایی هەیە، هەموو لیژنەکان بەڵێ، یەعنی من (علی کلٍ)، بەڕێز نەسرین جەمال پرسیاری ئەوەی کرد کە قەزای دەربەندیخان ئێستا سەر بە سلێمانییە، سەر بە ئیدارەی گەرمیانە ئەوەی من بزانم، یەعنی ئەوە هی ساڵانی ڕابردوو هەتا ماوەیەك فیعلەن ئەوە هەبوو، بەس ئێستا وەکو حیساب کە حیسابی حصە و شتی بۆ دەکرێت لەسەر پارێزگای سلێمانییە، چونکە ئیدارەی گەرمیان بە دەقیقی ئەوەی کە دەیگرێتەوە، هەر بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، قەزای کەلارە، قەزای چەمچەماڵە، قەزای کفریە، تۆزێك لە قەزای خانەقینە، ئەوە کە حیسابی ڕێژە و حیسابی ئەوانە دەکرێت، بەو شێوەیەیە، کاك سەرهەنگ، کاك خەلیل عوسمان، کاك سەمیر سەلیم، شتێکی کە پەیوەندی بە من هەبوو وتیان: یان فریای نەکەوتووم، یان ئەوە نەبووە، کاك سەمیر سەلیم دیسان لەسەر مەدخەلی ئامێدی پرسیاری هەبوو، باسم کرد، دەڵێ خانووی شەهیدانیش بۆچی بۆ هەڵەبجە دانەنراوە؟ مەشاریعی ئیستیسماریش، فیعلەن قائیمەکە هەیە، ئەوانە تێیدا چارەسەر کراون، لە قائیمەکەدا

مەشاریعی ئیستیسماری نەماوە، ئەوە لابراوە لە پارێزگای سلێمانی، لە پاریزگای سلێمانی داخیلیان کردبوو، ئەوانـەمان دەرهێنـا هـەر هـەمووی، تەقریبـەن حـەفت، هەشـت پـرۆژەیـەك بـوون، وەکـو کوێسـتان خـانیش ئیشارەی پێدا، دەڵێ خانووی شەهیدانیش بۆ لە هەڵەبجە دانەنراوە؟ هەڵەبجە (230) خانووی بـۆ دانـراوە، نا ئەوە هەر یەك بوو، تەقسیمەکە، بە هەرحاڵ، مەخسەد هەیە، ئەوە کتابی ڕەسمی وەزارەتی شەهیدانیشە، بۆ ئێمەش هاتووە، نوسخەیەکی دەدەم بە جەنابیشت، ڕێزدار کاك صباح بيت الله، جەنابت ئیشارەتت دا بـە مەشاکیلی تەکنیکی، مەشاکیلی تەکنیکی دێ هەر هەبن، یەعنی ئەز بێژمە تـە مەشـاکیلێ تـەکنیکی دێ بـن بڕ بکەین، دێ ئیحتیماله زۆر دەقیـق نـەبم، بـەس دیسان ژێکـە هاریکاریـا جـەناب وە، ب هاریکاریـا لیجـانی پەرلەمانێ، محاوەلە دکەین وەکو ئەڤ مەشـاکیلێت هـەنێ کـێمتر بـن، هەنـدەك شـت بـە تایبـەتی مـە ئەگـەر تەوقیتاتێت مە دەقیق بان، ئەو پارەی هات وەکی وێ گاڤێ مە هەر وەختەکی زانیمـان پـێش وەخـت کـە چ پارە دێ؟ کەنگی دێ؟ ب وی شکلی، ئیحتیماله کارێ مەش ئاسانتر با، ئەمما تـەعامول کردنـا لەگـەڵ بەغـدا زۆر شت موعەلەقی هێلاین، یەعنی جەدوەلێ زەمەنییێ ب کاردینین ئەم محاوەلە دکەین وەکو تەنانـەت بـۆ مەسـائیلێ بودجـە، مەسـەلەن ئـەو ساڵە ئەمـە حـەمی ئامادەکارییـا خـۆ کـری، مـە حـازرین، تشـتێت مـەیێ خەلاس، مە خەلاص بین، بەلام ژ بەر بەغدا دیسان دبی ڕاوەستین، بۆ میسال، جەنابێتـە ئیشـارەتی ئـەوەی دا دیسان مەنتیقێت، ناوچەی زەرەمەند، یەعنی دیسان دەێ تیکـرار کەمـەوە، ناوچـێت زەرەمەنـد دروسـتە، یەعنی ئیحتیماله کوردستان حەمی زەرەرمەندە، بە شکلەکی، تەفسیرەکی، هەنـدێك ناوچـە وەکـو بـەر تـۆپ باران و کیمیابارانی کەتبن، جیهەتێکی تر موستەحەقتر بن، هـەدەڤا مـەش ئـەوە (إلى حـد مـا) وەکـی بڵـێین عەدالەتەکی ڕەچاو بکەین، بەڕێز ئاشتی عەزیز، خانووی شەهیدان، لە گەرمیان، چەمچەماڵ، ژمارە سـێزدە و ژمارە هەژدە، ناوی گەڕەك نیە، ناوی ڕەقەم سێزدەی گەرمیان ڕاکێشانی تۆڕی ئاوە لە گەڕەکانی شەهیدان و قادر کەرەمیان لە ناحیەی شۆڕش، فەقەرە هەژدەش ناوی ڕاکێشانی تۆڕی ئـاوە لـە گـەڕەکی شـەهیدان لـە چەمچەماڵ، کە ئەمەش لە لیستە نوێیەکەدا هەیە، کاك عبدالرحمن، ئیشارەت دا ئەوی دیەکێ، ئیشـارەت دا ناحیەکا تەنفیزی، کـو مولاحـەزە لەسـەر سـەبێ هـەی، وەکـی دبێـژن (بالمقارنـە) دگـەل تـەبلیت یـان قـیرێ، هەقیقەت ئەز نـزانم جـەوابا ڤـێ مومکنـە مولاحـەزا دروسـت بـیتن، بـەس یـەعنی پـڕۆژەکـە مـەوجودە، وە مەبلەغەکی کەمتر چێکرن، بەس مومکنە جەنابێ تە مولاحەزە ل سەر کوالیتی هـەبیتن، دبێـژن تـو تشـتێ ب ڕاپۆرتـەکا رەسمـی تـو تەقـدیم بکـەی، یـەعنی ئەگـەر فعلـەن وەسـا بـیتن، ب ئـەوەکی هەنـدەسـی بێتـە چارەسەر کردن، کـاك عمـر نـورەدینی، دەڵێ هەقـە زیـاتر کـاتی تـەوزیع کردنـی پـڕۆژەکان ڕەچاوی قـەزاو ناحیەکان بکرێت، بەپێی ژمارەی دانیشتوان و ئەوانـە، تەبعـەن ئـەوە هـەر لـە جـەوێکی میسـالیدا ئـەوە لـە هەموو شتێك هەق ترە، هەندێکجار فەنیەن ناکرێت، وە بەداخەوە، ئیحتیماله هەنـدێك جـاریش مەسـەلەن ئینسان مونتەبە بێت زیاتر، بۆ ئەوە شتەی کە نێزیکی خۆیـەتی یـان کـە دەیبینێـت، یـان کـە بەبەرچـاوی دەکـەوێت، محاوەلـە دەکـەین و هـەموو هـەوڵمان ئەوەیـە بەڕاسـتی، یـەعنی ئـەوە مولاحەزەکەشـت زۆر لـە جێگەی خۆیەتی، کاك عیماد، زۆر سوپاسی دەکەم، چونکە یارمەتی منـی داوە، وەلامـی پرسـیارێکی دایـەوە،

منیش دیسان تکرارم کردەوە، ناسکە خانیش تەبیعی ئەوە ئیشارەتم پێیدا وابزانم، چونکە هەندێك مولاحەزەتانی ئەوانەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو، کە بۆچی ناوی پڕۆژەکان بەو شکلە بنووسرێتن، کە یەعنی ئەگەر وازح تر بێتن وای لێنایێ، ئەگەر ئیجازەم بدەنێ بەعزێك، پرسیارێکی تر هەبوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە بۆچی پڕۆژەکانمان لە موحافەزەکان وەرگرت، ئێمە ئەوە وەکو بڕیارێکی حکومەت تەبیعی، کە موحافزیش کە ئەگەر، یەعنی ئێمە دەتوانین ئەگەر ببێتە بڕیار لە موحافزیش وەرنەگرین، لە قایمقامەکان وەربگرین، یان لەمودیر ناحیەکان وەربگرین، چونکە سوئالەکە ئەوەیە، بەڕێز کاك شێرزاد دەپرسێت دەڵێت، بۆچی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان وەرتان نەگرتووە؟، لەلای ئێمە بە مەفهومی ڕەسمی، بە تەعریفی ڕەسمی پارێزگار( بشکل اخر) تەمسیلی ئەوان دەکات، ئینجا بەهەر هۆیەك بێت لەوێ بێت، خۆ دەکرێت بە هەمان شێوەش ئێمە ئێستا بڵێین مەسەلەن، ئەگەر بڵێین پارێزگار پرسی بە ئەنجومەنی پارێزگاکان نەکردووە، دەشکرێت بڵێین، ئایا پارێزگا پرسی بە قایمقامەکانی خۆی کردووە، یان بە مودەرائی دەوائر کردووە؟ ئەمە ئیتر مەسئولیەتێکە و ئەکەوێتە سەرشانی هەر یەکێك لە ئێمە و ئەوانە، کە هەتا چ حەدێك بە تیم، وە بەپێی تەعلیمات ئیشەکانمان دەکەین، وە ئێمە ئەوانەی کە وەری دەگرین بە کتابی ڕەسمی وەری دەگرین، وە تەعبیر لە ئیحتیاجاتی ئەو موحافەزەیە دەکاتن، من هیچ شتێکی ترم نیە ئیزافەی بکەم، وە دواتریش بە تایبەتی لەسەر ئەو پێشنیارەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کە بەدواداچوونی ئەم پڕۆژانە بکرێتن، دیسان تکراری دەکەمەوە، ئێمەش وەکو وەزارەتی پلان دانان، لە خزمەت داین ئەگەر بەرنامەی بەدواداچوونی پڕۆژەکانتان هەبوو، ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ئێمە، بە شکلێکی کامل تەعاونتان لەگەڵ بکەین و، ئیحتیاجمان بە جیهەتی تەنفیزی مەعنیش دەبێتن، ئەگەر ویستمان زیاتر بچینە ناو تەفاسیل و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر، ئێستا لیژنەی دارایی ئەگەر تێبینیەکتان هەیە باشە، ئەگەر نا ئەو تێبینیانەی ئەندامانی پەرلەمان ئەخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان، مەجموعەیەك ئەندامی بەڕێز لەناو پەرلەمان داوایان کرد ئەو پڕۆژەیە ڕەت بکرێتەوە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، با ئەوانە خەلاس بن، جارێ با ئەوانە خەلاس بن دوایی، کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە، ئایا ڕەت کردنەوەی بە کاملی، یان گێڕانەوەیەتی بۆ ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، دانیشە، ئەوە دوو جارە جارێکی ڕەت کردنەوەیە، جارێکی دەینێرین چاك بکرێتەوەو بێتەوە، جارێکیش بەدواداچوون، ئەوە لیژنەمان پێك هێنا، قەرارمان داوە پێك بێت، وە هەر پڕۆژەیەك کە تکرارە

پارەكەی، ئەوە لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتەكەی هەیە، ئەوانە ئەبێت چاك بكرێتەوە، سیوەیل خان كەرەمكە، نوقتەی نیزامی چیە؟، بەس نیزامی بێ، شەرح ناڕۆین، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكم لە بەڕێز وەزیری كرد، كە تەق تەق هیچ پڕۆژەی لەبۆ نەكراوە، كاغەزیشم لۆی نووسی جوابی نەدامەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

ئەوە یەك، مولاحەزەكانیان بنووسە دوایی دەگەڕێمەوە، جەنابت فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دوو قسەی زۆر نیزامیم هەیە، یەكەم ئەو پرۆژانەی كە بەڕێز وەزیر دەڵێت، نەماون ئەوەی تایبەتەكان، هەندێكی لا براوە بەس هەندێكی هەر ماوە جەنابی وەزیر، دووەم، ئەڵێ ناتوانین كیلۆمەتر و مەتر بۆ ئەو پڕۆژانە دابنێین، بەلأم هەندێكی دانراوە، بەشێكیش دانراوە، من لە قسەكەشما هەر وام وت، وتم زۆربەی دانەنراوە بەلأم هەندێكی دانراوە، یەعنی ئەمە نیزامیە، تۆ ئەڵێی هەر داناندرێت، بەلأم بۆ بۆ هەندێكیتان داناوە، بۆ هەندێكیتان داناوە و؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە لە نیزامی نەبوو، بەلأم قەینا، كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مامۆستا سیوەیل، بەڵێ جەنابت پرسیارت كرد، كۆمەڵێك پرسیارم نووسی لەلای خۆم، دوای ئەوەش ئینجا بە كاغەزیش ناردت، من باسی قەزاكانم بەعام كرد، بۆچی لە تەق تەق نیە؟، ئەگەر پرسیارەكەت ئەوەیە، ئەمە لیستی پڕۆژەیەكە بە تەفسیل باسم كرد كە چۆن ئامادە كراوە، یەعنی هیچ شوێنێك بە مەقسودی مەبەست نەبووە، مەبلەغێكی موحەددەدە تەوزیع كراوە، ئەمەیە وەلأمەكە، یەعنی هیچ شتێكی ئەوەیە .لەجێگای تر رێكتر هەیە، كە دەتوانم لە جەنابت بیشارمەوە، ئەمە یەك.

دووەم/ كوێستان خان، من ئەوەم نەگوت، یەعنی زۆر تەبیعییە، كە جەنابت داوای تەفاسیلی زیاتر بكەیت، من پێشنیارێكم كرد، گوتم بەڕێزتان چ ئەمجارە، چ لە جەلسەیەكی تایبەت تەعریفی ئەوەمان بۆ بكەن عینوانی پرۆژەتان بە چ شێوەیەك دەوێت، ئێمە سەد لە سەد ئیلتیزامی پێوە بكەین، چۆن دەتانەوێت بەو شكلە دەیهێنین، بۆ ئەوەی ئاسان بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی داوایان کرد ئەو پرۆژەیە رەد بێتەوە، تەواو بوو دەخرێتە دەنگدانـەوە، کـێ دەیـەوێت ئـەو پرۆژەیـە رەد بکرێـت، رەفـز بکرێـت، بنێردرێتـەوە؟ کـێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ پرۆژەکە، پێشنیار هەبوو پرۆژەکە رەد بکرێتەوە، کاکە من نووسیومە، باش ئاگام لێیە، باشە دیارە ئەوانەی ویستیان رەد بکرێتەوە پەشیمان بوونەوە، زۆر سوپاس، ئەوە کەس نییـە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە بنێردرێتـەوە بۆ حکومەت و چاك بکرێت و دووبارە بێتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت چاك بکرێتەوە بـە تەفاسـیلەوە بێتـەوە بـۆ پەرلـەمان تکایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ (29) کـەس لەگـەڵ ئەوەیـە کـە بنێردرێتەوە بۆ حکومەت چاك بکرێت بە ئەولەویاتەوە بێتەوە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵە ئێسـتا پرۆژەکـە بەردەوام بین و تەصویتی لەسەر بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (61) بەڕێز لەگەڵە پرۆژەکـە وەربگیرێـت و بدرێتە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن لیژنەی دارایی بیخوێننەوە، فەرموو کاك ئیسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو، کە لیژنەیەك دروست بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕیارمانداو دەنگمانیشمان بۆدا، بەس هەندێك بەڕێز لە دەرەوەیە، دوایی دێتەوە، کاك عبدالله کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو، کە لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ بەدواداچـوونی، عـەفوم بکـە، تکایـە بـا قسـەکەم تـەواو بکەم، بۆ بەدواداچوون لەسەر کۆی داهاتی نەوت نەك لەسەر ئەمە، کۆی داهاتی نەوت.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە مەوزوعێکی ترە، نا نـا نـا، رجائـەن ئـەو مەوزوعـە، مـەوزوعێکی تـرە، دەتوانیـت لـە لیژنەکـەی خۆت راپۆرتێك بنووسن بەسەر هەردوو چاو بۆتان دەکەین، کاك عەدنان کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـە ئیجـازەی خۆتـان، قسـەی ئێمـە هـەمووی لەسـەر رەد کردنـەوەو ناردنـەوەو چـاك کـردن لەسـەر کـۆی پرۆسـەکەیە، ئێمـە گوتمـان لیژنەیـەکی پەرلـەمانی هاوبـەش دروسـت بکرێـت، بـۆ تـەحقیق کـردن لەسـەر سەرجەم مەسەلەی پرۆسەی داهاتەکانی نەوت، شێوەی ناردنەکەی، شـێوەی ئیسـتیحصـالی داهاتـەکان، ئەمـە ئەسڵی مەوزوعی ئێمە بوو، راستیەکەی وەکو ئۆپۆزسیۆن لەو روانگەیەوە ئێمـە رەخنـەمان لەسـەر دروسـت کردنی پرۆژەو تەخصیص کردنی پارە بۆ پرۆژە نییە، زۆر دەستخۆشی لە حکومەت دەکەین بۆ ئەوە، بەڵام تکایە بمبورە، ئێمە قسەمان لەسـەر ئەوەیـە گومـانێکی زۆرمـان هەیـە، شـەکوامان هەیـە، قسـەمان کـردووەو نووسیومانە لەسەر پرۆسەی نەوتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شتێكی یاسایی كە ئێمە لە یاسای بودجە گوتوومانە دەبێت لیژنەكە هەبێت، ئێستا ئێمە رەدی ئەمە دەكەینەوە، ئەمە یەكیان.

دوو/ بەڕێز وەزیری پلاندانان دەڵێت تەعریفی پرۆژەمان بۆ بكەن، یەعنی دەرخستنی پرۆژە شتێكی عیلمیەو ئەگەر نوقسانیەكانی هەیە، زۆر تێگەیشتین لە لایەنی تەكنیكی، بەس داوای لێ دەكەم بەو كەموكورتیە بڕوات؟ یەعنی ئەمە پرسیارە لە لای من بە وەزیر دەڵێم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، رجائەن تەواو، ناسك خان كەرەم بكە.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ئەسنای وەڵامەكانی جەنابی وەزیردا شتێكم لەلا رۆشن بۆوە، كە ئەمەی لەبەر دەستی ئێمەیە، ئێستا گۆڕاوە، چونكە ئەوان ئیشیان تیا كردووەو هەندێك شتیان گۆڕیوە، ئێستا ئێمە دەنگ لەسەر كامیان دەدەین؟ ئەوەی كە ئێمە ئاگامان لێی نییە، یان ئەوەی پێشووتر، ئەوە یەك.

دوو/ عەفو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك كاردۆ، تكام وایە هێشتا هەمووی دە دەقیقە، بیست دەقیقە بەسەر قسەكەی مندا تێ نەپەڕیوە، با قسەكان نەگۆڕین، من گوتم دە، جاریش گوتم ئێوەی بەڕێز یارمەتی ئێمە بدەن، پێمان بڵێن تەعریفی ناوی پرۆژە، نەمگوت تەعریفی پرۆژە، ناوی پرۆژە بە چ شێوازێك دەتانەوێت، بڵێن ئەوەندە درێژ بێت، بڵێن چوار، پێنج دێر بێت، پرسیارەكەی من ئەوە بوو، من نەمگوتووە تەعریفی پرۆژەم بۆ بكەن، وەكو دەڵێن، یەعنی لە پارەوە تا ئێستا ئەگەر هیچ نەبێت، ئەوەندە ئەم موناقەشاتانە كراوە، من داوای ئەوەم نەكردووە، وابزانم دەنگەكەش هەیە، تەسجیلەكەش هەیە.

بەڕێز ناسك خان، نازانم بە حەقیقەت ئەوەی لەبەردەستی جەنابت هەیە چیە؟ بەڵام جەنابت رەدت كرد، یەعنی من ئێستاكە مولاحەزەم كرد، كە بینیم جەنابت دژی راوەستای، ئینجا ئەگەر پرسیارەكەت ئەوەیە من خاڵ بەخاڵ ئەو شتانەی كە تەعدیل كراوە لەسەر پێشنیاری لیژنەی دارایی و لیژنەی ئاوەدانكردنەوە،

ئەو خاڵانەی کە هەبوو بە گەڕەك، بە ناحیە، هەمووم باس کرد، کە هەر هەموو هەمان مولاحەزە بوو کە جەنابت هەتبوو، لەبەر ئەوە ئەگەر ئەو لیستەی، ئەی جەنابت ئەوەی ئێستا ڕەدت کرد، چیت ڕەد کردەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئاراس کەرەم بکە، نا تەواو نییە، دانیشە برای من نییە، تەواو، دانیشە، کاکە کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی وەڵامدانەوە بۆ هەندێك بەڕێز، کە دەڵێت ئەو خشتە نوێیەم بەدەست نەگەیشتووە، ئەو خشتە نوێیە پەخش کراوە بۆ لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و گشت لیژنە هەمیشەییەکان، گشت ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ك/848 لە 2010/11/10، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خانم تۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان داواکاریمان ئەوە بوو، کە ئێمە بزانین ئەو پارەیەی کە بۆ ئەم پرۆژانە تەخصیص کراوە، بابزانین پارەی مینحەی نەوتە؟ یان پارەی فرۆشتنی نەوتە؟ یەعنی با بزانین ئەو پارەیە هی چیە؟ ئەگەر وەزیری دارایی ئاگای لێیە، حەز دەکەین ڕوون کردنەوەمان بداتێ، ئەگەر نییە، دەبێت وەزیری سامانە سروشتیەکان، بەڕاستی بەبێ ڕوون کردنەوەیەك، ئێمە بڕیاری چی بدەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر کاك شێخ بایز کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەپێی یاسای بودجە ساڵی 2010، ئەو حیساباتانەی کە داوا کرا لە ئێمە وەکو وەزارەت، وەزیری سامانە سروشتیەکان داوای لە ئێمە کرد کە حیسابەکان بکاتەوە، فیعلەن حیسابەکان کراوە، ئەم حیسابەی کە ئێستا ئەم پارەیەی تیایە، ئەم پارەیە لەو حیسابە مەوجودە، پێشەکی دەمەوێت ئەوە باس بکەم یەك فلسی لێ سەحب نەکراوە، چونکە دەبێت پەرلەمان ئیقرار لەسەر پرۆژەکان بکات، ئینجا دوای ئەوە بەپێی بڕیاری پەرلەمان، ئینجا دەتوانرێت سەحبی لێ بکرێت و، موغلەقە، ئەوە یەکەم.

دووەم/ ئەو پارەیەی کە ئێستا هاتووە، فیعلەن گەیشتۆتە ئەوێ، بایی ئەو پارەیە، ئەو (250) ملیۆن دۆلارەیە، کە ئێستا پرۆژەی پێ تەقدیم کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر زانا کەرەم بکە، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارەی موشتەقاتی نەوتە، کە لە نەوتی رەش و ئەوانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر زانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم لە بەڕێزتان هەیە، ئێمە تەصویتێکمان کرد، تکایە با ئەوەمان لەلا روون بێتەوە، بەڕێزتان ئاماژەتاندا بەوەی کە ئێمە لە هەفتەی ئایندە رەنگە بڕیار بدەین لیژنەیەك پێك بێنین، ئەو لیژنەیە بۆ بەدواداچوونی ئەمە بێت و بۆ ناوەکان، ئایا ئەم ناوانەی کە وەردەگیرێت بۆ دوای موصادەقە کردن لەسەر ئەم بابەتەی ئێمە؟ تەصویتەکە لەسەر ئەم ئەساسە نەبوو، کە ئێمە موصادەقە لەسەر ئەم پرۆژەیە بکەین، ئینجا پاشان لیژنەیەك پێك بێنین، بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکات، چونکە ئەمە ئەرکی هەموو پەرلەمانە، موتابەعەی کاری ئەم پرۆژەیە بکات لە رێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە، یەعنی تەصویت کردنمان لەسەر پێکهێنانی لیژنە پێش موصادەقە کردن بووە لەسەر ئەم پرۆژەیە، هەر ئەوەندە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەك/ دەنگدان لەسەر پرۆژە کراو، وابزانم پێویست بە موناقەشە ناکات، چونکە دەنگی لەسەر دراو تەواو، ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە راپۆرتێکمان تەقدیم کردووە بەناوی راپۆرتی دارایی و ئابووری، حەز دەکەم بزانن ئەندامانی پەرلەمان ئەو راپۆرتە لەلایان پەسندە؟ یان رەفزە؟ یان قەبول دەکەن دەنگی لەسەر بدرێت؟ چونکە ناکرێت وا بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەنگدانەی کە کرا لەسەر ئەوەی کە موناقەشە بکرێت، ئـەوەی کـە بڕیـاری موناقەشەشـیدا موخـالیفی قانونە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەی بودجەی پەرەپێدانە لەسەر ئەساسی زەوئی ماددەکـانی 21 و 22 لە قانونی بودجـەی سـاڵی 2010دا دەهێنێـت، مـاددەی 21 و 22 بـە نـەص دەڵێـت چـی، مـاددەی 21 (یەکەم/ وەزارەتی دارایی و ئـابووری بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان، کـە وەزیـری سامانە سروشتیەکان لێرە نییە، ئەو داهاتانە وەردەگرێت، کە راستەوخۆ لە فرۆشتنی نەوتی خـاوی هـەرێم و فرۆشتنی پێکهاتەکانی نەوت (مبیعـات مشـتاقات الـنفط) وەدیـدێن، ئەمـەش بـەپێی دەسـتووری عێـراق و یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان دەخرێتە سەر داهاتی وەدیهاتووەکـان، یـەعنی حیسـابی داهـاتی بـۆ دەکرێت، یەعنی بەپێی ماددەی 79 و 80 دەبێت ئەسـڵ و ئەساسـەکەی دیـار بێـت، پەرلـەمانی پـێ ئاگـادار دەکرێتەوە تا پێش رەفتار کردن لەسەری پەسندی بکات.

دووەم/ کـۆی پـارەی بەخشـینەکان (المـنح) بەوانەشـەوە لـە گرێبەسـتەکانی نـەوت و غـازی هەرێمـەوە بـە دەسـتهاتوون لـە حیسـابێکی تایبـەت لـە وەزارەتـی دارایـی و ئابووریـدا دادەنرێـت، ئـەم پارەیـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە بـۆ ئـەو پرۆژانـە تـەرخان دەکرێـت، کـە بـەگوێرەی گرێبەسـتەکانی نـەوت و غـاز تەرخان کراوە، ئەمە بە چاو گرێبەستەکانی نەوت و غـازەوە، هـەروەها پرۆژەکـانی ژێرخـانیش لـە هـەرێم، بەمەرجێ پێش رەفتار کردن لە لایەن پەرلەمانەوە).

مـاددەی 22 (لەسـەر ئەنجومـەنی وەزیرانـە دەرخسـتەیەك، باسـی دەرخسـتە دەکـات، حیسـاباتی ئـەو بەخشینانە، بەخشین (منح) ئەوەتا خستۆیەیتە قەوسەوە پێشکەش بکات، کە پێشکەشی حکومـەتی هـەرێم کراون لەگەڵ دەرخستنی لایەنی خەرج کردنی بۆ ئەو پرۆژانەی کە بۆی تەرخان کراون.

بەڕێز، ئەگەر ئەمـە تـەتبیقی مـاددەی (21 و 22)ـە، پێمـان خۆشـە بـزانین، ئەگـەر تـەتبیقی ئـەوە نییـە، پێمان خۆشە سەرۆکی حکومەت پێمان بڵێـت بـۆ تـەتبیقی ناکـات، ئەگـەر ئەمـە ئەوەیـە هـەموو مـەوزوعی نەوت داپۆشێت و (250) ملیۆن هاتووە، بەڕاستی من بەو تەنکەرانە ئاوم ببردایە بـایی پێـنج سـەد ملیـۆنم دەفرۆشت، مـن ئامـادە نـیم موناقەشـەی ئـەوە بکـەم هەشـت، نـۆ ملیـار دۆرلار بـە (250) ملیـۆن دۆلار تـێ پەڕێ........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، تکایـە دانیشـە، لـەنیزامی دەرچـوویت، یەکـەم/ ئەگـەر بـە قسـەی جـەنابت بکـەین حکومـەت هـەموو ئیشەکەی خۆی بکات و پارەکە سەرف بکات، بـەس دەبێـت ئێمـە ئاگـادار بکاتـەوە، واز لـەوە بێنـە، ئـەوە لـە ئیعلامی پەرلەمانە، وا دەڵێتن، خوا سەلامەتت بکات، لێ بگەڕێ با موناقەشەیان لەگەڵ بکەین.

بەڕێزان، ئێستا موحافەزە بە موحافەزە لیژنەی دارایی بیخوێنن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010

یەکەم/ پارێزگای هەولێر، ژمارەی پرۆژەکان (117) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان (53,300) پەنجاو سێ ملیارو سێ سەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کاك عەدنان کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێت بزانم ئایا ئەو داوایەی ئێمە دەخرێتە دەنگدانەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دەخرێتە دەنگدانەوە، یان دەنگ دەهێنێت، یان ناهێنێت، نوقتەی نیزامی کاك عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا نوقتەی نیزامی من ئەوەیە، حەز دەکەم بۆم شەرح بکەن نوقتەی نیزامی چیە؟ ئەگەر بەناوی نوقتەی نیزامی رەئی بدەن، بەناوی نوقتەی نیزامی وەڵام بدەن، دەبێ وا بکەین، دەمەوێت بزانم فیعلەن کەی نوقتەی نیزامیە؟ تاکو جورئەت بکەم بڵێم ئەمە نوقتەی نیزامییە، رجاش دەکەم پاش ئەوەی بۆ ئێمەتان شەرح کرد، کەحاشای هەمووویان من یەکێکم نازانم نوقتەی نیزامی ئێستا چیە؟ بۆمان شەرح بکەن، داوا لە سەرۆکایەتی دەکەین ئیلزام بکەن، کە دەستم پێ کرد زانیتان نوقتەی نیزامی نییە رێگام پێ نەدەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك دکتۆر ئاراس جارێکی تر بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خشتەی تەواوکاری پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی 2010

یەکەم/ پارێزگای هەولێر، ژمارەی پرۆژەکان (117) پرۆژە، گوژمەی پرۆژەکان (53,300) پەنجاو سێ ملیارو سێ سەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (55) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (19) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بۆ پارێزگایەکی تر، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت وەڵامی پرسیارەكەی ئێمەت نەدایەوە، من لەسەر قسەی كاك عبدالسلام ئەو پەڕی نوقتەی نیزامی دەڵێم، ئەم تەصویتەی پێشوو لەسەر چی بوو؟ تەصویتێكمان كرد لەسەر ئەوەی لیژنەیەك پێك بهێنرێت، ئایا ئەم لیژنەیە بۆ دوای تەصدیق كردنی ئەم..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ئەو لیژنەیە بۆ ئەوە بوو، كە ئەو پرۆژانەی دەكرێت زۆر بە وردی و بە دەقیقی بەدواچوونی بۆ بكرێت، ئەوەكەی تر تكایە گوێ بگرن، رجائەن، ئەویتر كە پێشنیارێك هاتووە، دەڵێن لیژنەیەك پێك بێت لە پەرلەمان، بۆ بەدواداچوونی گشت داهاتی سامانە سروشتیەكان ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە لە كۆتایی، ئەوجا كێ لەگەڵدا بوو، كێ لەگەڵدا نەبوو، ئەگەر دەنگتان هێنا قەبول دەكرێت، كەیفی ئێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كێشەكە لەوەیە، ئێمە تەصویتمان كردووە لەسەر ئەو صیغەیە رێك نەكەوتبووین، یەعنی تكایە بابەتەكە، رێككەوتنەكە لەسەر ئەم بابەتە بە ئاراستەیەكی تردا بوو، ئێمە گوتمان لیژنەیەك پێك دەهێنین، ئەگەر وا بێت تەصدیقی........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوەی تۆش دەتەوێت، ئەویش دەخەینە دەنگدانەوە، دانیشە، ئێستا جارێكی تر دەیكەین، ئەویش دەخرێتە دەنگدانەوە، ئەویش بۆت دەنووسرێت، بنووسە دەخرێتە دەنگدانەوە، یان دەنگ دەهێنێت، یان ناهێنێت، كەرەم بكە هی سلێمانی بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم/ پارێزگای سلێمانی، ژمارەی پرۆژەكان (110) پرۆژە، گۆژمەی پرۆژەكان (79,990) حەفتاو نۆ ملیارو نۆ سەدو نەوەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، بۆ پارێزگایەكی تر.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سێیەم/ ئیدارەی گەرمیان، ژمارەی پرۆژەکان (39) پـرۆژە، گوژمـەی پرۆژەکـان (21,332) بیست و یـەك ملیارو دوو سەدو سی و دوو ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، نا بـەکۆی دەنـگ بـوو، ئـەوەی حـازر بێـت ئەگـەر بڵێـی کـێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز نەکاتن بە کۆی دەنگە، بۆ پارێزگایەکی تر.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم/ پارێزگای دهۆك، ژمارەی پرۆژەکان (83) پـرۆژە، گوژمـەی پرۆژەکـان (86,656) هەشـتاو شـەش ملیارو شەش سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بـەکۆی دەنـگ پەسـند کـرا، زۆر سـوپاس، ئێسـتا بـۆ پرۆژەکـەتان بیخوێننـەوە، بـۆ ئـەوەی بخرێتـە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی گشتی (349) سێ سەدو چل و نۆ پرۆژە، کۆی گوژمە (241,278) دوو سەدو چل و یەك ملیارو دوو سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا دەچینە خشتەی دووەم دەربارەی خانووی شەهید و ئەنفالکراوەکان، پوختەکەی بەم شێوەیە:

هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك، ژمارەی خانوو (970) خانوو، گوژمەی پرۆژەکە (29,100) بیست و نۆ ملیارو سەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارێزگای سلێمانی، ژمارەی خانوو (1030) خانوو، کۆی گوژمەی خانووەکان (30,9100) سی ملیارو نۆ سەد ملیۆن دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆی گشتی خشتەی دووەم بریتیە لە (2000) خانوو بە بڕی (60) ملیار دینار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناوی بودجەکە کە هاتووە، هەندێکیان با بڵێین باسی بودجەی تەواوکاری دەکەن هاتووە، وەك باسیشیان کرد چەند ئەندام پەرلەمانێك لە راپۆرتی لیژنەی دارایی خاڵی سێ باس کراوە، کە ئەو بودجەیە ناوی لێ بنرێت بودجەی پاڵپشتی، پێم باشە ئەو خاڵەش بخرێتە دەنگدانەوە، ئێمەش وەك لیژنەی یاسایی پشتگیری ئەو رەئیەیان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر ئەو ناوە چیە؟

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین، کە ناوی بەو شکلە بمێنێتەوە، یەعنی وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە بەنیسبەت ئەم پرۆژەیە دەبێت ناوەکە وەکو خۆی بمێنێت، بەڵام ئەگەر موفتەرەح هەیە بەنیسبەت گۆڕینی ناوەکە زائیدەن موفتەرەحاتی لیژنەی مالی، ئەوانە ئیقرار بکرێت وەکو موفتەرەح تەحویلی حکومەت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت ئەو موفتەرەحە یەك کەس بوو پشتیوانی نەبوو، بەڵام ئەو پێشنیارانەی لە راپۆرتی لیژنەی مالیە هاتووە، حکومەت ئیلزام دەکات ئیلتیزامی پێ بکاتن، کێ لەگەڵ ئەوەیە پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی کە هاتووە حکومەت ئیلزام بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا.

بەڕێزان، راستە بەڕێزەوە ئێستا لێرە نین ئەو هەڤاڵانە، پێشنیاریان کرد لیژنەیەك پێك بێت بۆ بەدواداچوون (تحقیق) لە وەزع، ئەگەر لە سیاسەتی وەزارەتی نەوت و حکومەتی هەرێم رازی نین، دەتوانن لیژنەکە بخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر رازین دەتوانن دەنگ نەدەن، دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو لیژنەیە پێك بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (5) کەس لەگەڵە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە، کە حکومەت شەفافەو جێگای رێزەو وەکو خۆی بمێنێت ئیشەکانی دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ پێشنیارەکەیە کە لیژنەکە پێك بێت؟ (4) کەس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بۆ ئەوەی بۆتان وازیح بێت، هەندێك بەڕێز پێشنیاریان کرد لیژنەیەك پێك بێت، بۆ لێکۆڵینەوە لە گشت سیاسەتی نەوتی و داهاتەکانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، تکایە وەختی دەنگدانە نوقتەی نیزامی نییە، ئەوە یەك، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ بوون ئەو لیژنەیە پێك بێت چەند کەسە بۆ ئەوە؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەناو پەرلەمانی کوردستان لیژنەی پەیوەندیدارمان هەیە، کە ئەویش لیژنەی پیشەسازی و وزەیە، بەڕێزت بەس بۆ ئەوەی شەرح بکرێت، سبەی رۆژێ لێکدانەوە نەکرێت، بێگومان هەر هەموو پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسیاسەتی نەوتی خۆیدا شەفاف بێت، بەڵام ئەوەی کە بڵێین سەرلەنوێی سیاسەتی نەوتی دابڕێژرێتەوە، ئەوە ئێمە یاسامان هەیە، بۆیە یەعنی ئەوە نییە کە باس بکرێت بڵێت ئێوە لەگەڵ شەفافیەتدان، یان لەگەڵ شەفافیەت نین، نەخێر شتی وا نییە، هەموو پەرلەمانی کوردستان بەهەموو لیستەکانیەوە لەگەڵ شەفافیەت دایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینجا پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە با دەنگ نەهێنێت، ئەگەر ئەوەی لەگەڵدا نییە دەنگ نەدات، ئەوەی لەگەڵە دەنگ بدات، بەڕێزان، کێ لەگەڵە ئەو لیژنەیە پێك بێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (13) کەس،

وەڵلاهـی (13) رەقـەمێکی خراپـە، زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، بەزۆرینەی دەنگ رەفز کرا، زۆر سوپاس، ئێستا قەرارەکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قرار رقم ( ) لسنة 2010

(اولاً: اقرار الموازنة التكميلية لتنمية المحافظات لسنة 2010). ئەمە دەبێت بێتە گۆڕین.

اولاً: اقرار موازنة حكومة الاقليم لدعم محافظات الاقليم لسنة 2010.

ثانياً: اقرار مقترحات لجنة الشؤون المالية والاقتصادية لبرلمان كوردستان – العراق.

ثالثاً: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار.

رابعاً: يعتبر القرار نافذاً اعتبـاراً مـن تـاريخ اقـراره في 2010/12/22 وينشـر في الجريـدة الرسميـة (وقـائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە جەنابی وەزیر رەئیتان.

**بەڕێز د.علی سندی/وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەعبیرەی دووەم (میزانية حكومة اقليم كوردستان لدعم محافظات الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دووبارە بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قرار رقم ( ) لسنة 2010

اولاً: اقرار الميزانية الخاصة لدعم محافظات الاقليم لسنة 2010.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە دەستی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگەڵـدا نییـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، یەك کەس لەگەڵدا نییە کاك دکتۆر صباح، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، بۆ دوو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: اقرار مقترحات لجنة الشؤون المالية والاقتصادية لبرلمان كوردستان – العراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵدا نییە كاك دكتۆر صباح، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، بەردەوام بە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رابعاً: يعتبر القرار نافذاً اعتباراً من تاريخ اقراره في 2010/12/22 وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵدا نییە كاك دكتۆر صباح، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، گشت بڕیارەكە بە گشت فەقەرەكانیەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، پیرۆزبایی دەكەین لە خەڵكی كوردستان، كە ئەو میزانیەیان بۆ ئیقرار كرا، بۆ چاك كردنی ئیش و كارەكان، داوا لە حكومەتی هەرێم دەكەین، كە بەردەوام بێت لە خزمەتی هاووڵاتیان، زۆر سوپاسی وەزیری پلاندانان دەكەین، كە لە سەفەر بوو گەڕاندمانەوە، بۆ ئەوەی لەم دانیشتنەدا بەردەوام بێت، جێگەی ڕێزو تەقدیرە دووبارە بەخێر هاتی، سوپاس بۆ گشتتان، دانیشتنی داهاتوو رۆژی دوو شەممە سەعات (11) خوا ئاگادارتان بێت تا ئەو كاتە.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) |
| سكرتێرى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سەرۆكى پەرلەمانى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (20)

## دووشەممە ڕێكەوتی 27\12\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (20)

## دووشەممە ڕێكەوتی 2010/12/27

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دووشـەممە رێكـەوتی 2010/12/27 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژماره (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (20)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیـوەڕۆی رۆژی شـەممە رێكـەوتی 2010/12/27 دا بـەم شـێوەیە بێت:

1. خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی كوردستان.

2. خستنەڕوو وگفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەكانی بنـەڕەتی لـە هـەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

10- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (20)، رۆژی دانیشتن (2010/12/27)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (20)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێککەوتی (2010/12/27)دا بەو شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.

2- خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای وانەبێژی مامۆستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان.

5ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژمارە (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان.

6ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

7ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

8ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

9ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

10ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی ئافرەتان و لیژنەی ئەوقاف دەکەین بێنە سەر مەنصە، کەرەم بکەن لیژنەی یاسایی راپۆرتەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە، سەبارەت بە پرۆژە یاسای لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستاندا.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق

بابەت/ راپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان

لیژنەی کاروباری یاسایی رۆژی یەك شەممە 4/ڕەزبەر/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/9/26 زایینی کۆبۆوە، بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە و، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (21)ی رۆژی 2010/6/29دا ئاڕاستەی لیژنەکەمان کرا. دوای وتوویژ و تاوتوێکردن لیژنەکەمان گەیشتە ئەم ڕایەی خوارەوە:

لیژنەکەمان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە ڕاپۆرتی پێشووماندا هاتووە بە نووسراوی ژمارە (87)ی ڕۆژی 2010/6/14 ناردراوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە بارەی رەفز کردنی پرۆژەکەو، لە ئەنجامی ئەمەشدا پەرلەمان بڕیاری دواخستنی یەکلاکردنەوەی بابەتەکەیدا، بۆ کاتێکی تر، واتە لیژنە لەسەر ڕای خۆیەتی بە ڕەفزکردنی پرۆژەکە سەبارەت بە هۆیەکانی کە لە نووسراوی سەرەوەماندا هاتووە .

بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەکەو ڕای لیژنەی یاسایی کە لە نووسراوی ژمارە (87)ی ڕۆژی 2010/6/14 ماندا هاتووە، لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئەوقاف کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف وئاینی دەربارەی یاسای هەموار کردنی یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پرۆژە یاسای (هەموار کردنی یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی)

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕۆژانی 7/27 و 2010/9/15 کۆبۆوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی نەهێشتنی لەشفرۆشی، ژمارە 8ی ساڵی 1988، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (21)ی 2010/6/29دا ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە، پاش گفتوگۆ و تاوتوێ کردنی پرۆژە یاساکە، ئەمەی خوارەوە ڕای لیژنەکەمانە:

بۆ زیاتر هەمەلایەن کردنی یاساکەو گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، لیژنەکەمان پێشنیازی ئەوە دەکات، کە پرۆژە یاسایەکی سەربەخۆ ئامادە بکرێت و پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت، بۆ گفتوگۆ کردن و دەنگدان لەسەری، نەك هەموار کردنەوەی یاسای عێراق.

بفەرموون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەکەمان لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی رای گونجاو لەبایەوەو دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەکەمان هەمان ڕەئی لیژنەی ئافرەتانە، پشتگیریمان کردووە، بۆیە من دەڵێم کافیە، ئەگەر ئەوان لەوێ ئاماژەی پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی مافی ئافرەتان کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە 2010/12/21 راپۆرتی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە، سەبارەت بە پرۆژەی هەموار کردنی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 1988 لەناو بردنی لەشفرۆشی، پێشنیارەکانمان بەم شێوەیە:

1- ماددەی یەکەم لە اصلی یاساکە برگەیەکی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

(لەشکرِ/ ئەو کەسەیە کە بەرامبەر نرخێکی ماددی کاری سێکسی دەکرِێت لەیەك کەس یان زیاتر).

2- ماددەی دووەم: وشەی لەشکرِی بۆ زیاد بکرێت لە ئەسڵی یاساکە.

3- ماددەی سێیەم: هەموار بکرێت بەم شێوەیە:

لە بڕگەی (ج) لەدوای وشەی (تعاطي البغاء) ( لەشکرِین)ی بۆ زیاد بکرێت، زیاد کردنی بڕگەیەك دەبێتە بڕگەی (د) لە یاسا ئەسڵییەکە بەم شێوەیە:

(د- هەر ئافرەتێك لە خۆیەوە کاری لەشفرۆشی بکاتە پیشە).

4- ماددەی چوارەم: لەیاساکە هەموار دەکرێت بەم شێوەیە:

(بڕگەی یەکەم/ ئەگەر سەلمێنرا، کە لەلایەن هەردوو رەگەزی نێر ومێ کاری لەشفرۆشی و لەشکرِی ئەنجام بدرێت دەخرێتە یەکێ لە خانەکانی چاکسازی، بەمەبەستی رێپیشاندان و ئامادە کردنی جارێکی تر بۆ ناو کۆمەڵگا، سزا دەدرێت لە ماوەی (3) مانگ کەمتر نەبێ و لە (2) ساڵ زیاتر نەبێ.

بڕگەی دووەم/ وەزارەتی کاو کاروباری کۆمەڵایەتی خانووی حەوانەوەی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کاری لەشفرۆشی و لەشکرِیان ئەنجامداوە فەراهەم بکات و کار بکات لە پێناوی شیاندنیان و چارەسەری هۆیەکانی کەوای لێکردوون بکەونە کاری لەشفرۆشی).

(بڕگەی دووەم لە پرۆژەی هەموار کردنەکە لابرێت).

5- ماددەی دەیەم لە یاساکە وەك خۆی بمێنێتەوە.

6- زیاد کردنی ماددەیەك بەم شێوەیە:

(پێویستە لەسەر داواکاری گشتی و هەرکەسێك مافی سکاڵای بە (حەقی شخصی) هەبێت داواکاری پەیوەست بە تاوانی لەشفرۆشی و لەشکرِی بەرزبکاتەوە، یان خەبەری لێبدەن، لەگەڵ رێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێوە لە راپۆرتەکەتان داواتان کردن رەد بکرێتەوە، تکایە هۆیەکەی روون بکەنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی رەد کردنەوەی لیژنەی یاسایی بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەوەیە کە یاسایەکی بەرکار هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەناوی (قانون مکافحة البغاء رقم 8 لسنة 1988)، ئەو یاسایە ئەو ئەحکامانەی تێدایە، کە چارەسەری هەموو حاڵەتەکانی لەشفرۆشی دەکات، بەتایبەتی ماددەکانی سێ و چواری یاساکە، تێبینی ئەوەمان کرد لە پرۆژەکەدا، داوایان کردووە کە ماددەی چوارەم ئیلغا بکرێت، واتا داوایان کردووە عقوبەکە

نـەمێنێت، ئـەوە هەڵەیـەكی زۆر گەورەیـە، ئەگـەر بـەو پێشـنیارە وەربگیرێـت، ئامادەكـاری پرۆژەكـە بـە هەڵەیـەكی زۆر یاسایی رۆیشـتووە، داوایـان كـردووە ئیعتیبـار بكرێـت جەریمـەی بـەغا (مـن الجـرائم المخلـة بالشرف)، (الجرائم المخلة بالشـرف)، مـەرج نییـە جەرائیمـەكانی جنسـی، قـانون، ئـەحكامی قـەوانین كـە لـە كوردستان ئیشی پێ دەكرێت تـەوزیحی كـردووە (مـاهی الجـرائم المخلـه بالشـرف)، (الجـرائم الخلـه بالشـرف) بـەپێی قـەراری ژمـارە (609) لـە 1987/8/12 دەرچـووە، تەحدیـدی كـردووە چ حاڵەتێكـە، حاڵەتـەكانی (الجرائم المخله بالشرف)، یەكەم/ (سرقة، اختلاس، خیانة الامانة، تزویر، رشوة، الجرائم المتعلقـة بالتخریـب الاقتصادي، الهروب من الخدمة العسكریة، التخلف عن الخدمة العسكریة، جریمـة العمـل ضـد الثـورة) بـەپێی قانونی قەدیم، كە هەر ئێستا لە كوردستان ئیشی پێ دەكرێت، واتا ئامادەكارەكانی ئەو پرۆژەیـە لەناحیـەی یاسایی بۆی نەچوونە، یاسا كەی دەردێت؟ ئەگەر فـەراغێكی قانونیمـان هـەبێت، ئێمـە پەیوەنـدیمان لەگـەڵ هـەموو مەحاكمـەكانی كوردسـتان كـردووە، زۆرینـەی ئەنـدامانی دادگـای تـەمییزو دادگـای تێهەڵچـوونەوە، حاكمەكانی لێكۆڵینـەوە رائیان وایە كە پرۆژەكە بەو شێوەیە نییە، حاكمەكان، مەحكەمەكان عاجز نینـە لـە تەتبیقی قەوانین، ئەو قانونەی كە ئیشی پێ دەكرێت لە كوردستان، واتا هیچ فەراغێكی تەشریعیمان نییە، ئەمە هۆیەكی ئەساسیە بۆ رەفز كردنی پرۆژەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی ئەوقاف، ئێوەش داوای پرۆژەیەكی ترتان كردووە، بەمانای رەفـز دێـت، سـەبەبەكەمان بۆ بڵێن.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە حوجەتی ئەم هەموار كردنەوە ئەوە هاتووە، كە ئـەم یاسایەی ئێسـتا هەیـە، یاسـای عێراقیـە كـە لەگـەڵ بـارودۆخی ئێسـتای كوردسـتاندا ناگونجێت، ئێمـەش دەڵـێین لەبـەر ئـەوەی ئەمـە ناگونجێـت و بـۆ زیـاتر گونجاندنی یاسایەك لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆدا، ئێمە پێمان چاكترە، پرۆژە یاسایەكی نوێ پێشكەش بكرێت بـەكاری هەرسـێ لامـان، لیژنـەی ئـەوقاف و لیژنـەی كاروبـاری ئافرەتـان و لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی كۆمەڵایـەتی، بەهـەمووومان پێكـەوە پـرۆژە یاسـایەك گەڵاڵـە دەكـەین، كـە لەگـەڵ بـارودۆخی ئـەمڕۆی كوردستاندا بگونجێت، هەروەها زیاتر هەمەلایەن تر و لایەنی سزاكانیشی تێدا بێت، بۆیـە ئێمـە پێشـنیاری ئـەوە دەكـەین، كـەوا پـرۆژە یاسـایەكی نـوێ و موسـتەقیل پێشـكەش بكرێـت، نـەك هـەموار كردنـی یاسـای عێراقی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڕێزان، ئێسـتا چـەند بـەڕێزێك وەردەگـرین لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان، كـە لەگـەڵ رەفزەكـەن، چـەندیش وەردەگرین لەگەڵ رەفزەكە نینە، چونكە لیژنەی ئافرەتان و لیژنەی كۆمەڵایەتی داوایان كـردووە بـەردەوام

بێت، ئێستا ئەوانەی تەئیدی ڕەفزەکە دەکەن، تکایە سێ کەسمان دەوێت لەسەری دیفاع بکەن، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا سێ حاڵەت تەرح کراوە لە لایەن لیژنەکانەوە، یەکیان بۆ تەئجیل، یەکیان بۆ ڕەفز، یەکیان بۆ موناقەشە کردن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەفزەکە بەقوەتترە، دوورترە لەوەکەی تر، یەکەم جار ڕەفزەکە دەخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئەوەکەی تر دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بۆ ڕەفز (سۆزان خان، کاك عمر عبدالرحمن، کاك اسماعیل محمود)، ئەو بەڕێزانەی کە دیفاع دەکەن موناقەشەکە بەردەوام بێت و یاساکە دەربچێت ناوەکانیان، سێ کەسم دەوێ: (سەرگوڵ رضا، پەیمان عزالدین، عبدالسلام بەرواری)، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت ڕەفز بکرێت، قسە دەکەن، سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە سەرەتاوە دەست پێ دەکەم بەوەی کە پێشکەشکەرانی ئەم یاسایە لە روون کردنەوەکەیان نەداوە، ئایا بەرەنگار بوونەوەیە؟ ئایا نەهێشتنە؟ ئایا ڕێکخستنە؟ بەڵکو پێشکەشکەرانی ئەم یاسایە هاتوون لەگەڵ بوونی یاسایەکی عێراقیدا یاسایەکی تریان پێشکەش کردووە، کە تیایدا دەیانەوێت بە پرۆژە یاسایەك کۆمەڵێك بەندی ئەم یاسایە هەموار بکرێت، من لێرەدا پرسیارەکەم ئاراستەی پێشکەشکەرانی یاسایەکە دەکەم و ئەو لیژنانەی بەتایبەتی لیژنەی کۆمەلآیەتی و لیژنەی ئافرەتانیش سەبارەت بەوەی....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، رجائەن رەئی خۆت بڵێ، بۆچی ڕەفز بکرێت؟ عیلاقەت بە پێشکەشکەران نییە، چونکە موناقەشەمان نەکردووە، سێ کەس قسە دەکات، بۆ پێت خۆشە ڕەفز بکرێت؟ سەبەبەکانی بڵێ، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو خاڵەوە بۆی دەچم، لەوەی کە تۆ لەگەڵیدایت، یاخود لەگەڵدا نیت، ڕەفز بێت، یاخود ڕەفز نەبێت، بۆ ئەوەی بزانن کە یەکێکی وەکو من بۆچی ڕەفزی دەکەم؟ دەبێت وجهەت نەزەری خۆشم شەرح بکەم بۆچی ڕەفزی دەکەم؟ من لەکاتێکدا قبولی ئەو یاسایە دەکەم، ئەگەر هاتو ئەم یاسایە عەداڵەتی تیا پەیڕەو بکرێت، ئەوەی کە کاری لەشفرۆشی دەکات و کاری لەشکڕینەکە دەکات، هەردووکیان بە یەك چاو سەیر

بکرێن لەناو دادگاکاندا، راستە لیژنەی ژنان هەڵستاوە بەو کارە، بەڵام مانای ئەوە نییە یەکسەر ئەم یاسایە دەرچوو، ئەوە دەکرێتە بواری جێ بەجێ بوونەوەو، خۆشمان ئەسبابەکانی دەزانین، لەبەر ئەوەی ئەوەی کە کاری دووەمیان دەکات، کە لەشکرپنەکەیە، پیاوە، بۆیە من رەفزی دەکەمەوە، لەبەر ئەو سەبەبەی کە تاکو ئێستا مەحاکمی هەرێمی کوردستان داوایەکیان پێشکەش نەکردووە، بڵێن ئێمە لەو رووەوە کورتیمان هەیە لە یاساکە، ئەو خەڵکەی کە خۆیان رۆژانە مامەڵە دەکەن لەگەڵ ئەو پرسەیە، پێموایە باشترین کەسن بۆ داوا کردنی هەموار کردنی یاساکە، یاخود پێشکەش کردنی یاسا، کەموکورتی یاساکان لە وجهەت نەزەری من و کەسێکی ترەوە نابێت، بەڵکو لە ساحێب شەئنەوە دەبێت، ئەوانەی کە رۆژانە لەگەڵ ئەو بابەتانە مامەڵە دەکەن، لەبەر ئەوە من پشتگیری لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەو یاسایە رەفز دەکەینەوەو لە دوای ئەوەی دەنگدان دەبێت، ئەگەر رەئیەکی تر هاتە ئاراوە بۆ دانانی دارِشتنی پرۆژە یاسایەکی نوێ، دەبێت فیعلەن هەرسێ لیژنە پێکەوە ئەو پرۆژە دابڕێژن، بۆ ئەوەی وجهەت نەزەری ئەو چوار لیژنەیەو، بۆ ئەوەی وجهەت نەزەری هەموو لایەکی تیا دیاری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ رەئیەکەی لیژنەی یاسایی بە رەفزی ئەو پرۆژەی کە پێشکەش کراوە، لەبەر ئەوەی وەکو کاك عەونی ئاشکرای کرد، من پێشموایە زیاتر بخەمە سەر ئەوە، یاسایەکی تایبەت هەیە لە هەرێمی کوردستان، کە یاسای ژمارە 8ی ساڵی 1988، هی بەغدای پێ دەڵێن، تا ئێستا ئەو یاسایە نافیزەو ئیش وکاری خۆی پێ دەکرێت، لە دادگاکاندا هیچ کێشەیەکی لەسەر نییە هەتاکو ئێستا، ئەم یاسایە حەلی زۆر لەو کێشانەی کردووە، کە لە پرۆژەکە باسی لەسەر کراوە، رێزم بۆ پرۆژەکە هەیە، پرۆژەیەکی تەقدیم کراوە، بەڵام ئەوە کە لەوێ هەیە لە هەمان ئەو یاسایە هەیە، کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، ئەمە لە مەحفەلی قەزادا تا ئێستا کێشەیەکی لەسەر دروست نەبووە، کە پێویست بەوە بکات ئەم پرۆژەیە ئیلغا بکرێت و پرۆژەیەکی تری بۆ دابنرێت، بەڵام دەکرێت لە داهاتوودا ئەگەر پرۆژە یاسایەکی تر پێشکەش بکرێت، نەك ئەمە، لەوانەیە لەگەڵ واقیعەکە زیاتر بگونجێت، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر لە کوردستان لەلای ئێمە تا ئێستا هیچ زاهیرەیەك، یان هیچ حاڵەتێك نییە، کە پێی بگوترێت تیجارەت کردن بە ئافرەت و فرۆشتنی ئافرەتان لە کوردستان، ناکرێت ئێمە بۆ تەنیا ئەگەر حاڵەتێکیش ببێت، چونکە خۆمان دەزانین و ئاشکرایە لەلای هەموومان، ئەم واقیعە لە دروست بوونی ئینسانەوە دروست بووەو، لەگەڵ ئینسانیش دەبێت هەتا ئینسان کۆتایی پێ دێت، بەڵام یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ خۆی تەنزیمی ئەو حاڵەتانەی کردووە، ئەگەر هاتو هەندێك شتیش لە یاسای ژمارە 8ی بەغدا، کە ئێستا ئێمە جێ بەجێی

دەکەین لە دادگاکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ یاسای عقوباتی عێراقی، لەوێ ئەحکامی عامەی تیایە، بەنیسبەت نێرو مێ، ماددەکانی (393 و 395 و 397) هەمووی جۆری سزای بۆ تەحدید کردووە، جۆری تەمەنەکانیشی تەحدید کردووە، ڕەزامەندی و نا ڕەزامەند بوونیشی تەحدید کردووە، وەسیت، سمسەڕە، شوێنی بەجێهێنانی ئەم کارە هەمووی تیا تەحدید کردووە، بەگشتی مەنع کراوە، مەنعێکی قەتعی و عقوبەیەکی گەورەی لەسەر دانراوە، لەبەر ئەوە ئەم یاسایە لایەزال کاری پێ دەکرێت، تا ئێستا هیچ گرفتێکیش نەهاتۆتە کایەوە، ئەگەر مەسەلە تەئهیل کردنەوەو ئیعادە کردنەوەی ئەو خوا نەخواستە ئەو ئافرەتانە بێت، کە کاری بەدڕەوشتی و خراپی دەکەن، پێموایە لە یاسای وەزارەتی کارو کاربارى کۆمەڵایەتی باس لەوەش کراوە، چۆنیەتی ئیعادە کردنەوەو تەئهیل کردنەوەو گەڕاندنەوەیان بۆ ژیانێکی راست و ڕەوان، لەبەر ئەوە من پێموایە ئێستا بۆ ڕەفز کردنی ئەو یاسایە کارێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار اسماعیل محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف دەکەم، لەبەر ئەوەی یاسا کارپێکراوەکان چارەسەری ئەو کێشەیان کردووە، بۆشاییەکی یاسایی ئەمڕۆ لە کوردستان نییە، بۆیە من پشتیوانی لە ڕەئی هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف دەکەم، کە لە داهاتوودا هەرسێ لیژنە پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکەن، تا بتوانین ئەوەی خەلەلە چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو پشتگیرییەك بۆ پرۆژەکە، پێم باشە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، یەك، دوو خاڵ هەیە، دەمەوێت باسی بکەم، پاساوی لیژنەی یاسایی کە ئەوان دەڵێن یاسای ترمان هەیە لە عێراق، ئێمە نەمانگوتووە یاسای تر نییە، بۆ ئەم پرۆژەیە یاسایەك تازە دابنێین، ئێمە گوتمان تەعدیلی ئەو یاسایەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، ئەوە خاڵێك کە بەنیسبەت ئەوانەوە دەڵێن ئێمە سەبەبی ڕەفزەکەمان ئەوەیە، لیژنەی ئەوقافیش کە باسی ئەوە دەکات، دەڵێت با یاسایەکی بەهێزتر دابنرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یاسایەکی لەو جۆرە پێویستە، ئێمەش کە ئەم تەعدیلمان کردووە، پێویستە ئەو لیژنانەی کە تایبەتمەندن و ئەم پرۆژەیان دەچێتە بەردەم، بە هەموویان پرۆژەکە بەهێز بکەن، کەواتە هەدەفەکە ئەوەیە ئێمە تەعدیلی ئەو یاسایەی کە هەیە، بۆ ئەوەی باشتر بێت و ئەم خاڵانەی کە ئێمە داوامان کردووە ئیزافە بکرێت.

خاڵێکی تریش، کە لیژنەی یاسایی باسیان کرد، کە دەڵێت ماددەی چوار، ئێمە نەمانگوتووە لابرێت، بەڵکو داوای تەعدیل کردنمان کردووە، یەك، دوو خاڵی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەو ئیزافانە بۆ بەهێز کردنی یاسایەکە، کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، ئەو یاسایەی کە ئێمە باسی دەکەین لە ساڵی 1988ـەوە ئیشی پێ دەکرێت، خۆتان دەزانن هەموو یاسایەك کە ماوەیەکی زۆر لەناو کۆمەڵگا جێ بەجێ دەکرێت بەو هەموو گۆڕانکارییانەی کە روو دەدات لە ساڵی 1988ـەوە تاکو ئێستا، ئەو خاڵانەی کە ئێمە داوامان کردووە، ئەو ئیزافانەی کە ئێستا پێویستەو لە واقیعی هەرێمی کوردستاندا، ئێمە خۆمان پێشکەشکەرانی پرۆژەکە باس کرا، ئێمە هەستمان بەم فەراغە کردووە، ئەم خاڵانەی کە ئێمە باسمان کردووە لە مەحاکم هەستمان پێ کردووە، کە ئەمە پێویستە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم پرۆژەیە، بۆیە هاتووین پێشکەشمان کردووە، ساڵانەش ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا ئەوە دەبینین لە رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژی، کە باس لەوە دەکرێت توندوتیژی زۆر بەرامبەر بە ئافرەتان کراوە، ئێمە پێمانوایە لەشفرۆشیش جۆرێکە لە توندوتیژی کە لە هەرێمی کوردستاندا وجودی هەیە، لە واقیعدا پاساوێکی تری دەوێت، دەڵێت زاهیرە نییە، بەڕاستی زاهیرِی بۆتە دیاردەیەك ئێستا ئامارەکانمان لەلایە، کە ئاماژە بەوە دەکات، کە لەناو دۆسیەکانی دادگا ئەم حاڵەتانە وجودیان هەیە.

سەبارەت بە رەئی لیژنەی تایبەتمەند، بەڕاستی ئەو دوو لیژنەی تایبەتمەندن بە بوارەکە، رەئی ئەوان گرنگە، کە ئەوان باسی ئەوەیان کردووە، ئەم پرۆژەیە پێویستە پشتگیری لێ بکرێت و رەد نەکرێتەوە، ئەو خاڵانەی کە ئەوان باسیان کردووە، بۆ دەوڵەمەند کردنی پرۆژەکە، راستە ئەوان ئاماژەیان بەهەندێ خاڵ داوە، ئەگەر موناقەشە بکرێت، ئێمە لاریمان لەوە نییە وەکو پێشکەشکەرانی پرۆژەکە، کە ئەو ماددانەی بۆ ئیزافە بکرێت و دەوڵەمەند بکرێت، بەڕاستی تەعدیل کردنی هەر یاسایەك لە هەرێمی کوردستاندا هەدەف لێی بەهێز کردنی ئەو یاسایە، ئیزافە کردنی ئەو حاڵەتانەیە، کە پێشتر لەناو یاساکە وجودی نەبووە، باسی ئەوە کرا روون نەکراوەتەوە ئایا ئەم پرۆژەیە بۆ موکافەحەیە؟ بۆ رێکخستنە؟ خۆی ناوی پرۆژەکە لە ئەسڵی یاساکە، یاسایەکەی لە ساڵی 1988 دەرچووە، ناوی (مكافحة البغاء)ـە، ئێمەش هەر بەو ناوە پێشکەشمان کردووە، تەعدیلی ئەم یاسایە، مەبەستمان تەعدیلە، نەك ئەوەی رێکی بخەین، یان لەناوی ببەین، کەواتە نا روونیەك هەبوو لەلایەن ئەوانەی کە دەیانەوێت رەد بکرێتەوە، دواتریش دەوترێت تاکو ئێستا موحاکم داوایان بە پەرلەمان پێشکەش نەکردووە، کەواتە ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، کە دەسەڵاتێکی یاسادانان دەبێت خۆمان هەست بەوە بکەین چ یاسایەك کەلێنی تیایە؟ لەوانەیە ئەوان بە رەسمی داوایەکیان پێشکەش نەکرد بێت، کە ئەم یاسایە پێویستی بە تەعدیلە، بەڵام ئێمە وەکو تاك، تاکی ئەندام پەرلەمان هەست بەوە دەکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کە یاسایین و لەناو مەحاکمدا ئیشیان کردووە، هەست بەو خاڵانە دەکەن کە پێویستە هەر یاسایەك تەعدیلی بۆ بکرێت و ئیزافەی بۆ بکرێت، بۆیە من داوای ئەوە دەکەم، کە ئەم پرۆژەیە بخرێتە گفتوگۆ و موناقەشەی بکرێت و ئەو رەئیەی لیژنەی ئافرەتان و لیژنەی کۆمەڵایەتی بە هەند وەربگیرێت و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیمان عزالدین كەرەم بكە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی كە باس لەسەر ئەم پرۆژەیە دەكەین، دەبێت لەسەر دوو خاڵ بوەستین، ئایا ئێمە بە فیعلی ناسینی واقیعی موجتەمەعەكەمان دان بەوە دادەنێین كە لەشفرۆشی دیاردەیەو پێویستە لەسەر پەرلەمان پێداچوونەوە لەسەر ئەو یاسایە بكات، یان ڕێكی دەخات؟ یان شەرم دەكەین لەوەی كە باسی بكەین و ئیعتیراف بەوە بكەین، كە لەشفرۆشی دیاردەیە، ئەمە خاڵێكی یەكلایی كەرەوەیە، من بۆ خۆم لەبەر ئەوەی ئاماری زۆرم لەبەردەستدایە، بەهۆی ئەوەی پێش پەرلەمان، من لە كەناڵێكی ڕاگەیاندن ئیشم و كردووەو كارم لەسەر ئەمە كردووە، پێم شەرم نییە ئیعتیراف بەوە بكەم، كە دیاردەی لەشفرۆشی بە بازرگانی كردنیشەوە بە ژنانەوە، بۆتە یەكێك لە دیاردە خەتەرەكان، كە هەڕەشە لە كۆمەڵگای كوردی دەكات، من بۆ خۆم كە خوێندنەوەم بۆ ئەم یاسایە كرد، بە دوو حاڵەتدا، هۆكارەكانی ڕەفزی ئێمە، ئەگەر لەبەرچاوی بگرین ئەوە بێت ئەم دیاردەیە بوونی نەبێت، یان ئەوە بێت، كە كۆمەڵگاكەمان كۆمەڵگایەكی پاكە، یان ئەوە بێت كە پرۆژەیەكی نوێ دابنێنین بەو ئیعتیبارەی ئەم هەمواره ناتوانێت بەر بەو دیاردەیە بگرێت، بە ڕەئی من ئەمانە كەمترن، لاوەكی ترن لەو هۆكارانەی كە بە پێویستی دەزانم، بۆ ئەوەی هەموار بكرێت، چونكە:

یەكەم/ لە یاساكەدا وەكو ڕاپۆرتی لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت ئیشارەیان پێ كردووە، لەم یاسایەدا كە ئێستا ئیشی پێ دەكرێت لەهەرێمی كوردستاندا، هیچ ماددەیەكی تیا نییە باس لە لەشكڕ بكات، كە هەمووشمان دەزانین ئەو دیاردەیە بە تەنیا هاوكێشەیەك نییە یەك لای هەبێت، كە لەشفرۆشە، لەشفرۆشەكەش بە داخەوە لەناو یاساكەدا زیاتر بە ژن، بۆ ژن تەتبیق دەكرێت، كە ئێمە دەزانین و لە موجتەمەعی ئێمە لەشفرۆشی ژنیش هەیە، لەشفرۆشی پیاویش هەیە، لە موقابیلیشدا لەشكڕ هەیە، كە ئەمە هیچ حیسابێكی بۆ نەكراوە لە یاساكەدا، جگە لەوەی كە خاڵی گرنگی یاساكە پێویستی بە هەموار كردن هەیە، ماددەی چواری ئەسڵی یاساكە، دەڵێت (ئەوانەی كە دەگیرێن بەو تاوانەوە ئیداع دەكرێن لە مەسەحەیەك، لە شوێنێكی ئیصلاحیە، كە بە مەبەستی ئیعادەی تەئهیل و باش كردنیان لەو دەردەی كە تووشی بوون)، بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری بكەین لە موجتەمەعی ئێمەدا، دەتوانین بگەینە ئەوەی كە بۆچی مەحاكم كێشەیان نییە بەدەست ئەم یاسایەوە؟ لەبەر ئەوەی لە ئەساسدا دورێكی ئیصلاح نییە لە هەرێمی كوردستاندا، كە شوێنێكی ئیصلاح نەبوو، حاكمەكان من بۆ خۆم لەگەڵ چەندینیان قسەم كردووە، ئەسڕنەوە لەوەی كە ژنێكی لەشفرۆش، یان كۆمەڵە ژنێكی لەشفرۆش سزا بدەن بەو تاوانە، لەبەر ئەوەی دەزانن جێگایەك نییە تێی بكات، دەزانن ئەگەر سزایاندا دەیخەینە ناو كۆمەڵێ خەڵكی ترەوە، كە مەترسی بڵاو بوونەوەی لەشفرۆشی زیاتر دەكات، وەك لە ڕێگە گرتنی، ئەمە یەكێكە لە هەرە گەورەترین

سەبەبەكانی كە مەحاكم كێشەیان نییـە، چونكە حـوكمی كـەمی پـێ دەدەن، بێجگـە لـەوە كـە ئـەم یاسـایە، یەكێك لە فەراغەكانی ئەم یاسایە ئەوەیە كە موعالەجەی مەسەلەی بازرگانی كردن و تـرافیكی نـەكردووە، رەنگە لەوە زۆر را هەبێت لەوەی كە پێویستی بە یاسایەكی تایبەتە، بـەڵام ئێسـتا لـە هـەرێمی كوردسـتاندا، من بۆ خۆم وەكو ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ، كە سەردانی یەكێك لە چاكسازییەكانمان كـردووە، زۆرتـرینی ئەو ژنانەی حوكم درا بوون لەو چاكسازیە، ئەوانە بوون كە بە ماددەكانی لەشفرۆشی سزا درا بـوون، بـەڵام چەند كەسێكیان لەوانە زۆریان پێ سەیر بوو بە تەعەجوبەوە پرسـیارەكەیان ئاراسـتەی ئێمـە كـرد، وتیـان ئێمە بۆ زانینتان لە فلان مەركەزی صحی مانگانە فەحصی دەوریمان بۆ دەكرێت، نـازانین بـۆ گرتوویـانین؟ كەواتە ئیعتیراف كردن بەوەی كەوا لە هەرێمی كوردستان جێگایەك هەیە فەحصـی دەوری لەشفرۆشـەكانی تیا دەكرێت و لـە دەرەوەی هـەرێمی كوردسـتانیش هێنـراون، ئەمـە بەڵگـەی سـەد لـە سـەدە، بـۆ ئـەوەی لـە مەحاكمی كوردستانیشدا حوكم دراون، بەڵگەی سەد لە سـەدە، كـە دیـاردەی بازرگـانی كـردن هەیـە، كەواتـە گرنگە هەتا ئەو كاتەی كە قانونێكی تایبەت بـە تـرافیـك دروسـت دەبێـت، ئـەم یاسـایە بـە جۆرێـك هـەموار بكرێت، كە جێگای ئەوەی تیا ببێتەوەو سزاش بۆ ئەوە دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام بەرواری كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن وەكـو سـەرۆكی لیژنـەی كۆمەڵایـەتی و خێـزان ناچـارم رێـز بگـرم لـە ئـیرادەی لیژنەكـەمان، كـە لیژنـە راپۆرتی بـەرز كـردووە لەگـەڵ لیژنـەی داكـۆكی كـردن لـە مـافی ئافرەتـان، تەقریبـەن 90%ی رێكـین، چـەند ئیشكالیەت هەیە، رەئی شەخصی مـن و لیژنەكـەشمان دان پـێ دەنـیین، یـەك/ نـاوی پـرۆژەكە، نـاوێكی زۆر سەقەتەو غەڵەتە، ناوی پرۆژەی نەهێشتنی لەشفرۆشییە، جارێكی تـر دەمانخاتـە سـەر وەزعێـك، كـە گوایـە هەندێك دەیانەوێت لەشفرۆشی نەمێنێت، هەندێكی تر دژی ئەوەنە، كـە نـەمێنێت، ئـەوە بەڕاسـتی لەگـەڵ داوای لێبوردن حەق نەبوو بمانخەنە ئەو مەوقیفـەوە، ئەوانـەی ئـەو پـرۆژەیـان پێشكەش كـردووە، لیژنـەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان ناوەكەی گۆڕییە، بە تـەمای لێـرە ناوەكـەی بگـۆڕین، خـۆی پـرۆژەی هـەموار كردنی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 1988ی عێراقی (محافحة البغاء)........واتە كە لیژنەیەك بڕیاریدا بۆ ئەو ڕەئیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەمە علی الاقل لێرە مناقەشە بكرێت، دووەمیان، دوو نیازی وازح هەبوو، چونكە من ئەنـدامی لیژنـەی داكـۆكی كـردن لـە مـافی ئافرەتانیشـم، نیازەكـان دوو بـوون، یـەك، كـە بـە یـەك چـاو تەماشـای لـەش فـرۆش و لەشـكڕ بكرێـت، وە بـە تـاوان دابنرێـت، وە لـە قورئـانی پـیرۆز هـاتووە، بۆیـە هـەردووكیان تاوانبـارن، دووەم نیـاز ئـەوەبوو، جیـاوازی بكرێـت و هـەوڵ بـدرێت، لـەو هـەموار كردنـە كـە دەرفـەت بـوو، پـڕۆژە یاسـایەك بـۆ ئێمـە هـاتووە، باشـتێكیش بڵـێم، ئـەو پـڕۆژە یاسـایەی كـە هـاتبوو بـۆ

موناقەشە ئەسلەن ئەوە وجودی بۆ نەما، ئەگەر تەماشای ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە بکەن، وە تەماشای ئەسلی پڕۆژەکە کە ئەوەی پێشکەش کرابوو، ئەسلەن ئەو پڕۆژەیە دەفەت بوو، بۆ ئەوەی ئەو هەردوو لیژنەیە ئەوە نیازە بڵێن تێدا، ئیستغلال بکەن، وتم نیازی دووەم ئەوەبوو، نێوان تاوانبارو قوربانی، لە پرۆسەی لەشفرۆشی و هەموو ئەو پرۆسانەی کە لە دەورووبەرینە، هەمیشە هەیە بە ئیرادە، وە هەیە ناچار دەکرێت، ئەوەی ناچار دەکرێت، لە عادەتەنیش لەش فرۆشەکە چ مێ بیت چ نێر بیت، لە کاتی گرتن و ئەوە کەلە یاسایەکە نەوعە نەفسێکی تێداهەیە، پێویست بوو ئێمە هەوڵماندا تۆزێك وازح بکات ئەم یاسایە، هیچ نەبێت ڕێگا دابنێت هەرچەندە لەسەر کرپارەکە حوکمەکە دراوە بە پێی قانون، بەلاَم کرپارەکە ئەگەر توانیمان جیاوازی بکەین بەینی ئەوەی ناچار کراوەو، ئەوەی موتاجەرەو شت، وە ئەوەی بە ئیرادەی خۆی وەکو لە تەعریفەکە هاتووە، کە خستمانە نێو جێگای چاکسازی، هیچ نەبێت مامەڵەکە جیاواز بێت، ئەمانە نیازی سەرەکی بوون، لە ئەوەی کەمادەم پڕۆژە یاسایەك هاتووە، با ئێمە ئیستیغلالی بکەین و ئەم نیازانە بخەینە ناوی، ئەوە بۆ مەبەستی ئێمە داوامان کرد، بۆچی ئێستا من داوا دەکەم بەردەوام بێت، ئیشکالیەتێکی تری زۆر گەورە هەیە بێجگە لە ناوی، ئەگەر تەماشا بکەین، ئێمە دان بەو دەدەین لێرەو تەسبیتیش دەبێت، لە لیژنەی ئافرەتانیش و لە لیژنەی کۆمەلاَیەتی، کە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو پڕۆژە یاسایە کرد، وەکو مامەڵە لەگەڵ یاسایەکی کوردستان بکەین، هاتووینە داوا دەکەین بڕگەکانی یاسای عیراقی بگۆڕدرێت، هەموار بکرێت کەمافی ئێمە نیە، من دەزانم دەبوایە ئەوە، داوای لێبوردن دەکەم لە هەردوو لیژنە نەچووە بیرمان، دەبوایە بڵێین ئیقاف تەنفیزی فلان بڕگەو فلان بڕگە ئێمە لەباتی ئەوە، لە کوردستان فلان بڕگە بەکاردێنین، واتە لە ڕووی قانونیەوە ئەتواندرێت لە ڕووی شەکلیەوە ڕەفز بکرێت ڕەئیمان، بەلاَم حەز دەکەین ڕەچاوی نیازی ئێمە بکرێت، واتە ئەوە پڕۆژەیەك نیە بۆ نەهێشتنی لەش فرۆشیەو ئێمە هەندێك داوا دەکەین هەبێت، بەڵکو ئەم جۆرە هەموار کردنە وایە، من تەسەوڕ دەکەم هەرسێ ڕا، ئەوەی موبەریراتی قانونی و ئیزافەی ئەوەی منیش ئێستا وتم، موبەریراتم بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە، نا ئەم بابەتە ڕەفز بکرێت، هەروەها هەردوو لیژنەی ئێمە، کە ئێمە دەرفەتەکەمان قۆزتەوە، مادەم ئەو پڕۆژە یاسایە هاتووە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، هەوڵی دووەم کرا لێرە، کە پاش ئەوەی ڕاپۆرتی لیژنەکان هات لێرە، هەوڵ درا خوێندنەوەی دووەمی لێرە موناقەشە بکرێت، لەبەر ناکۆکی جارێکی تر دەرفەت درا بە لیژنەکان، ئێمە ماوەی شەش، حەوت مانگێکمان لەبەر دەم بوو، چ ئەوانەی نیازیان هەبوو پڕۆژەیەکی تازە پێشکەش بکەن دەرفەتیان هەبوو، چ ئەوانەی ڕەفزی بکەن زۆر بە ئاسانی، ئێمەیان قاتع کردبا، چ ئێمە هەردوو لایان قانع کردبا، بەلاَم من لەو بڕوایەدام هەرسێکمان لەگەڵ ئەوەینە، ئەو دیاردەیە هەوڵ بدەین سنوورداری بکەین، تاوانبارەکان سزا بدرێن، ئەگەر ئێستا سەرەڕای ئەو خەلەلانەی من باسم کرد، لە ڕاپۆرتەکانی ئێمەش، ئەگەر بە دەرفەتی بزانین، ئەتوانین بە تەسەوری من ئێمە دەرچین یان بە قەنەعەتێك ئەوە یاسایە زۆر زۆر گۆڕانکاری تری پێویستە، ئەو کاتە تەبەنی ڕەئی لیژنەی ئەوقاف دەکرێت، دەتوانین لە نیوەی موناقەشەکە ڕایگرین، ئەگەر ئێمە گەیشتینە قەناعەت کە

ئەم هەموار کردنەی کە ئێمە پێشکەشمان کردووە هەردوو لیژنە، وە خوشك و برایان بەو دەرفەتە قانونە ئەسلیەکەش دەخوێنن، پێویستیان بۆ هەندێك تەغیراتی تر بکەین، بەلاَم بە مەرجێك ئیقاف تەنفیز بکەین، گوێ گرتن ئەوە باشە، ئەگەرنا بە تەسەوری من نیازی ئێمە هەمووومان ئەوەیە، تاوانبارەکان دیار بکرێن، وەیەکسانیەکی تێدا بێت، بۆیە بۆ ئەم مەبەستەی ئەخیری کە ئێستا باسم کرد، بە باشم زانی بەردەوام بین لەسەر موناقەشە بزانین دەمانگەییێنێتە کێندەرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی، تەواو، دەنگدانە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێت، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟40 بەڕێز لەگەڵە کە رەفز بکرێت، سوپاس، کێ لەگەڵدایە کە بەردەوام بین لە موناقەشە کردن لە سەری، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 38 بەڕێز لەگەڵ دایە کە بەردەوام بین، سوپاس، بەداخەوە رەفز کرا، نا نا تەواو بوو، دیفاعتان کرد، هەموو شتێك تەواو بوو دەنگدان، تکایە لیژنەکان بۆ شوێنی خۆتان کەرەمکەن، بەڕێزان ئێستا بۆ برگەی دوو لە بەرنامەی کار، خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای وانە بێژی ماموٚستایان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاَ دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، فەرموون، کەرەمکەن لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای وانە بێژی لە هەرێمی کوردستان دەخوێنمەوە.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

بابەت/ ڕاپۆرت دەربارەی پرۆژە یاسای وانە بێژی لە هەرێمی کوردستان

لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە 4 ی ڕەزبەری 2710 کوردی، بەرامبەری بە 2010/9/26 زاینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای وانە بێژی، لە قۆناغە بنەڕەتیەکانی فێر کردن لە هەرێمی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، وە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسایی 21 ڕۆژی 2010/6/29، ئاراستەی لیژنەکەمان کرا، دوای وتو وێژو تاوتوێ کردن لیژنەکەمان گەیشتە ئەم ڕایەی خوارەوە، بابەتەکە پێویستی بە دەرچواندنی یاسای تایبەت ناکات، چونکە بە ڕێنماییە دەرچووەکان لە وەزارەتی پەروەردە چارەسەر کراوە، وە لە توانادا هەیە ڕێنماییەکان هەموار بکرێن، یاخود ڕێنمای نوێ دەربچوێندرێت، تاوەکو گونجاو بێت لەگەڵ واقعی ئێستا، بۆ چارەسەر کردنی بابەتەکە، بۆیە پێشنیاز دەکەین پرۆژەکە ڕەت بکرێتەوە، بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەسلی پرۆژەکە، وە ڕای لیژنەی یاسای لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری وە دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوە، وە دەنگدان لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە خوێندنی باڵا كەرەمكەن.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان،

بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان-عیراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە پرۆژە یاسای وانە بێژی مامۆستایان لە قۆناغەكان لە هەرێمی كوردستان- عیراق

ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ك 411 لە ڕێكەوتی 2010/6/30، سەبارەت بەدیراسەو بۆچوونی لیژنەكەمان، لەمەڕ پرۆژە یاسای وانە بێژی مامۆستایان لە قۆناغەكانی خوێندن لە هەرێمی كوردستان-عیراق، كەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار كراوەو، لە دانیشتنی ژمارە 21 ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/6/29 پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، لیژنەكەمان كۆبوونەوەیەكی هاوبەشی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە و یەكیەتی مامۆستایانی كوردستان لە ڕۆژی 2010/9/6 گرێداو لەماوەی دوو كاتژمێردا بە وردی گفتوگۆمان لەمەڕ پرۆژە یاساكە كرد، دوای ئاڵوگۆڕی بیرو بۆچوون و ڕاوێژ گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1-بێگومان هەردوو بابەتی وانەی تایبەت و شێوازی تاقی كردنەوە دوو بابەتی گرنگ و بایەخدارن و لەم ڕوانگەیەوە ئێمە هەست و بۆچوونی هاوكارانمان كە ئەم پرۆژە یاساییەیان پێشكەش كردووە بەرز دەنرخێنین.

2-لەگەڵ ئەوەشدا كە بابەتەكان گرنگن، بەڵام چارەسەری ئەو كێشانەی لە هۆیەكانی پێویست كردندا ئاماژەیان پێدراوە، دەكەوێتە چوار چێوەی دەسەڵاتی وەزارەت و، بەڕێوەبەرێتیەكانی وەزارەتی پەروەردە، جگە دەركردنی یاسایەكی لەو چەشنە، كۆمەڵێك كێشەی ئیداری لێ دەكەوێتەوە.

3-ئەو ڕێنماییانەی كە هەنووكە كاریان پێ دەكرێت، بۆی هەیە چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە بكات، كە باس كراون، بۆیە پێشنیار دەكەین وەزارەتی پەروەردە ئەو ڕێنماییانە بە شێوەیەكی سەردەمیانە ڕێك بخاتەوەو چاودێری وردی جێبەجێ كردنیان بكات، لەبەر ئەم هۆیانە دەرچواندنی ئەم یاسایە بە پێویست نازانین، لەگەڵ ڕێزماندا.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە ڕاپۆرتەكەشمان بە عەرەبی هەیە، ئەگەر ئیجازە بفەرموون بیخوێنینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الى / رئاسة البرلمان الموقرة**

م/ تقرير لجنة التربية و التعليم العالي و البحث العلمي

اشارة الى كتابكم المرقم ك 411 بتأريخ 2010/6/30 حول دراسة مشروع قانون " تدريس المعلمين في مرحلة التعليم الأساسية في اقليم كوردستان – العراق" المقترح من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان و الذى جرت له القراءة الأولى في البرلمان بجلسته الاعتيادية (21) بتأريخ 2010/6/29 ،فقد عقدت لجنة التربية و التعليم العالي و البحث العلمي ، اجتماعاً مشتركاً مع ممثلي وزارة التربية و اتحاد معلمي كوردستان ، وذلك بتأريخ 2010/9/6 وقد استغرق الاجتماع زهاء ساعتين تم فيه عرض المشروع ودراسته بدقة ، و بعد تبادل الآراء و التشاور توصلت اللجنة الى النتائج الآتية :-

اولاً :- مما لا شك فيه ان موضوعي " التدريس الخاص " و " أسلوب الامتحانات" من الموضوعات الهامة و القيمة و من هذا المنطلق زمن شعور زملائنا البرلمانيين الذين قدموا هذا المشروع و نقدر آراءهم .

ثانياً :- رغم اهمية الموضوعين ، ألا ان حل المشكلات التى أشير اليها في الأسباب الموجبة ، يقع ضمن صلاحيات الوزارة و مديريات التربية ، فضلاً عن ان اصدار مثل هذا القانون ، تترتب عليه جملة من المشكلات الادارية.

ثالثاً :- التعليمات المعمول بها حالياً ، من شأنها حل هذه المشكلات المبحوث عنها ، و المطلوب من وزارة التربية ان تضطلع باعادة صياغة هذه التعليمات و النظم ، بأسلوب عصري ، و تراقب تنفيذها بدقة ، و لهذه الأسباب لاضرورة لأصدار هذا القانون .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەم بەڕێزانەش هەمان پێشنیاریان هەیە، بۆ هەردوو لیژنەکە بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت پڕۆژەکە ڕەت بکرێتەوە، ئەمەوێ سێ کەس دیفاعی لێ بکات، ئەوانەی کە ئەیانەوێت ڕەت بکرێتەوە، بۆ ڕەت کردنەوەی، سیوەیل یەك، کێی تر، د.احمد، بۆ ڕەت کردنەوە، کێ ئەیەوێت ڕەت نەکرێتەوە، سێ کەس ئەوەی ئەیەوێت ڕەت نەکرێتەوە، د.احمد، پەیمان عزالدین، ئەڤین عمر، بەڕێزان ئێستا دوو کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەت بکرێت، ئەوانەی کە ئەیانەوێت ڕەت بکرێتەوە، یەکیان سیوەیل عثمان، ئەڤین عمر، ئەوە لەگەڵ ئەوەن ڕەت بکرێتەوە، ئەوەی ئەیانەوێت بەردەوام بین، ڕێزدار د.احمد، ڕێزدار پەیمان عزالدین، سیوەیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پڕۆژە یاسایەی کە تەقدیم کراوە، ئەمن لەگەڵ ئەوەم ڕەت بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی لە وەزارەتی پەروەردە تەعلیمات هەیە، ڕێنمایی هەیە، لۆخۆم 12 ساڵ سەرپەرشتیاری پەروەردە بویم، 34 ساڵیش مامۆستا بومە، لەبەر ئەوەی تەعلیمات هەیە، ڕێنمایی هەیە، ئەگەر هەر مامۆستایەك، عەفوەن بە هەمووی 34 ساڵ، یەعنی شارەزایم وەکو ئەوەی لە مامۆستایەتی، ئیدارە، یاریدەدەر، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، شارەزایم هەیە، لە هەموو بوارەکان، بڵێین تایبەت لە ئیمتیحانات، لە تاقی کردنەوە ئەگەر ببێت، هیچ یاسایەك نیە بڵێت هەر مامۆستایەك خزمی خۆی هەیە، هەر تەڵەبەیەك دایك و باوکی مامۆستا بێت، نابێ

لەویێ بێت خەراپەی هەبێت، ئەوە یەك نابێت، تەبعەن مامۆستا هەیە، چ ژن بێت چ پیاو بێت منداڵی خۆی لەگەڵ خۆی دەباتە مەکتەبێ، زۆر تەبیعیە ناکرێت تەکسی بۆ بگرێ، ئەویش بۆخۆی تەکسی بگرێت، بەلاَم لەکاتی ئیمتیحانات لەکاتی دانانی چاودێری مامۆستا، بابڵێین مامۆستای چاودێر لە پۆلەکان، ئیدارەی مەکتەبێ لۆخۆی دەتوانێت ئەو مامۆستایەی لە موراقەبە دانەنێت، لە موراقەبەی ئەو پۆلە دانەنێت کە منداڵەکەی لێیەتی، یان خوشك و برای لێیەتی، ئەوە یەك، لەکاتی ئەوە بابڵێین پێی دەگوترێ صفوفی غیر مونتەهی، ئەوەی لە مەکتەبێ ئیمتیحان دەدات، صفوفی مونتەهی ئەوەی بە کەلۆریە، کە ئیمتیحانی لێ دەدات، هەر مامۆستایەك ئەگەر دەرچوو، لەکاتی دانانی موراقەبە، لە بەشی تاقی کردنەوەکان لە پەروەردەکان، ئەو کاتە ئەگەر هەر مامۆستایەك دەرچوو خزمی خۆی تەڵەبەیە لەو بەشەی، یان لەو هۆڵی ئیمتیحانەی، یان مامۆستایەکە دەبێت لۆخۆی بچێ خەبەر بدات بڵێ، بابە ئەمن کوڕم، کچم، خوشکم، برام لەو هۆڵەیە، ناوم ڕەش بکەنەوە، بمگوازنەوە هۆڵێکی تر، یانیش ئەگەربابڵێین ئەو خەبەری نەدا پەروەردەی پێی نەگوتن، مامۆستایەکی تر هەیە، یەکێکی تر هەیە، خزمی تەلەبەی دیکە هەیە، دەڵێتن ئەو مامۆستایە، فلانە مامۆستا لەو هۆڵەی دانراوە، نابێت لەو هۆڵە بێت، لەبەر ئەوەی بە پێی یاسا ، بابڵێین بە پێی ڕێنماییەکان نابێت، ئەو کاتە مامۆستای لادەبەن، بەس ئەمن بە پێویستی نازانم یاسایەك هەبێت، لەبەر ئەوەی لە وەزارەتی پەروەردە لۆخۆی دەردەچوێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەڤین عمر فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەقاو دەق لەگەڵ ئەوەم کەوا ئەم پڕۆژە یاسایە ڕەفز بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئێمە لەگەڵ ئەوەین، کێشە هەیە لەناو کۆمەلاَ، لەناو قوتابخانەکەیا، کەوا تەڵەبەو مامۆستا لەبەر قەرابەتیان، سەیرەکەی هەندێك تەحایز هەیە، هەندێك پشتگیری کردن هەیە، هەندێك حالاتی خروقاتی قانونی هەیە، بەلاَم ئەم پڕۆژە کە ئێستا پێشکەش کراوە، بەڕاستی چارەسەری ئەو کێشەیە ناکات، لەبەر ئەوەی هەمووومان دەزانین هەرێمی کوردستان، نە تەنها ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کەوا تەحایز هەبێت، یاخود ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە کەمی مەکتەبەکان، کەمی قوتابخانەکان، بەتایبەتی لە ئەقزیەو نەواحیەکان، مامۆستایەك لە قەزایەکە یاخود لەناحیەیەکە تەنهاو تەنها یەك قوتابخانەیە، چۆن ئەتوانی تۆ وای لێ بکەی کە ئەو کێشەیە گەورەتر دەکەین، ئەگەر بێتو ئێمە وای لێ بکەین ئەو مامۆستایانە بتوانن تەڵەبەی خۆی یاخود منالی خۆی لەو قوتابخانەیە دانا، ئەی باشە بۆ کوێی بنێرێت، تەنها یەك قوتابخانەیە لەو ناحیەیە، یاخود لەو گوندە ئەگەر وا بڵێی، بۆیە من دەڵێم ئەگەر بوو بە یاسا، عامە موجەرەبەیە بۆ هەموو شوێنەکان ئەچێت، بۆ هەموو قوتابخانەکان جێبەجێ دەکرێت، بۆیە لە هەندێك شوێن ئەمە مومکین نیە، عەمەلی نیە، ئێمە قەدەغەی بکەین کەوا دایك و باوکێك هەیە کەوا منالی خۆیان یەك

قوتابخانەیە لەویّ، نەتوانێت بە منالّی خۆی دەرس بلّێتەوە، بۆیە من لەگەلّ ئـەوەم کـە ئـەو پـڕۆژە یاسـایە ڕەفز بکرێتەوە، لەبەر عەمەلی نەبوونی، نەوەك لەبەر ئـەوەی مەبدەئەکـە، لەبـەر ئـەوەی عەمـەلی نیـە بـۆ جێبەجیّ کردن، بەڵکو وەکو لیژنەی پەروەدەی بەڕێز ئیشارەیان پێی داوە، بە ڕێنمـایی دەکرێـت جێبـەجیّ بکرێت، وە تەنفیز بکرێت، من پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی پەروەردە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد، ئەوەی کە لەگـەلّ ئـەوەن بـەردەوام بـێتن، چـونکە هـەر لای دوو کـەس دەستیان بەرز کردەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پشتگیری ئەو پڕۆژە یاسایە دەکەم، خۆشم ئیمزام کردووە بەڕاستی، بەلاّم من لەگەلّ ئەوەدام، تەنها ئەو مەنع کردنە بۆ وانە بێژی نەبێت، تەنها بۆ تاقی کردنەوە بێت، چونکە بەڕاسـتی ئـەو کێشانە هەیـە لـەناو قوتابخانەکانا، تەنها ئـەتوانم بڵـێم لـەناو زانکۆکـانیش هەیە،لـە تـاقی کردنـەوەکان، لـە دەرەجـات بـووە، کـە دەرەجەی زیادی بۆ ئەو قوتابیە، وە کوڕی خۆی یان مندالّی لە خۆی نزیك، بۆ خزمـی خـۆی دانـاوە، لەبـەر ئـەوەی ئـەو کێشـەیە هەیـە، ئینجـا لەگـەلّ ئـەوەین کـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی پـەروەردەو خوێنـدنی بـالاّ کـە ئەفەرموون، چارەسەری ئەو کێشانە دەکەوێتـە ئەسـتۆی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیـەکانی پـەروەردە، بـەلاّم ئایا من پرسیارێك لە جەنابیان دەکەم، ئایا ڕێنماییەکی دیاریکراو موحەدەد کە چارەسەری ئەو مەوزوعەی کردبێت کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان؟، ئەگـەر چارەسـەری نـەکردبێت ئـەو کێشـەیە بۆخـۆی هەیـە، دوایـی کێشەی ئیداری لێدەکەوێتەوە، ئەم پڕۆژە یاسایە بۆیە پێشکەش کراوە کێشە چارەسەر بکـات، نـەك کێشـەی ئیداری لێبکەوێتەوە، کێشە بۆخۆی هەیە، کێشە دروست دەکات، لە نێوانی دوو قوتابی کە لە پۆلێکا پێکەوە دەخوێنن، جاری وا هەبووە قوتابییەکە زۆر تەمبەلە، بەلاّم دەرەجەی باشی وەرگرتووە، ڕەفیقەکەی زۆر زۆر زیرەکە دەرەجەی وەکو ئەوی نەهێناوە، ئەمە لەبەر ئـەوەی کـە کاریگـەری ئـەو مامۆسـتایە کـە خزمیـەتی، دەرسی پیّ وتۆتەوە، بەلاّم من لەگەلّ ئەوەم مەنعەکە بۆ وانە بێژی و دەرس وتنەوە نەبێت، تەنها بـۆ تـاقی کردنەوەکە بێت، لە تاقی کردنەوەکە خۆی تـاقی نەکاتـەوەو دەرەجـاتی بـۆ دانـەنێت، ئەسـئیلەکان لای ئـەو نەبێت، ئەگەرنا ناکرێت تۆ مەنعی مامۆستا بکەی، کە مندالّی خۆی یان کوڕەکەی خۆی لەگەلّ خـۆی دەبـات و دەرسی پیّ دەلّێت، زۆر ئاساییە بەڕەئی مـن چاودێریشـی دەکـات، بـەلاّم بـۆ تـاقی کردنەوەکـە ئـەم مەنعـە تەنها ئەوە بگرێتەوە، من پشتگیری ئەوە دەکەم کە پڕۆژەکـە موناقەشـە بکرێـت و بـەردەوام بـین لەسـەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان عزالدین فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر مامۆستاش نەبوبێتین، تەڵەبە بووین، تەسەوڕ دەکەم کە زۆربەشمان منالی مامۆستا لەگەڵمان بووە لە پۆلێکا، ئەو موعاناتە ئەزانین ڕۆژانە نەوەك لەکاتی تاقی کردنەوەدا، ڕۆژانە فەرقی ئێمە ئەگەر منالی مامۆستا نەبووبین، لەگەڵ هاوڕێکەمان کە منالی مامۆستا بووە، چەند بووە، هەمان ئەو فەرقە ئێستاش بەردەوامی هەیە، هەموو ئەوانەی کە لەم هۆڵەدا دانیشتوون، ئەگەر منالیان هەبێت لە مەرحەلەیەکی موعەیەنا، وە منالی مامۆستا نەبێت، چاك هەست بەو موعاناتە دەکات دیسان، من پێش ئەوەی دیفاع لەو بکەم، یەك نموونەی بچووك دەهێنمەوە، منالەکەی من کە سوئالی تاقی کردنەوەی منالێکی ڕەفیقی هێنا کە دایکی سەعی پێ کردبوو، کە لە هەمان وانە دایکی مامۆستای مەکتەبەکە بوو، باوەڕتان هەبێت دەقاو دەق، لە سەدا سەد هەمان ئەو پرسیارانە بوو کە لە ئیمتیحان هاتەوە، ئەم مامۆستایە بەم شێوازە سەعی بە منالەکەی خۆی دەکات، من ڕێزی زۆرم هەیە بۆ ئەو مامۆستایە، ڕاستە ڕەنگە ئەو مامۆستایە نەکرێت بە قیاس، بەلام دڵنیابن لەو نموونەیە زۆرە، ئەو منالەی من و سەدان منالی تر گوناهی چیە، کە دایکی لە هەمان سوئالەکانی ئیمتیحان لە ماڵەوە سەعی پێ نەکردووە، لەبەر ئەوە بێجگە لە دەرەجە، ئەگەر ئێمە دەرەجە بەلاوە بگرین، مەهامی یەکەمی وەزارەتی پەروەردە، پەروەردە کردنە، چەندە تەئسیر لە نەفسیەتی ئەو منالە دەکات، کاتێك کە منالی مامۆستا لە ناو پۆلا، بە ئارەزووی خۆی دەست هەڵدەبڕێت، بە ئارەزووی خۆی ئەچێتە دەرەوە بۆ شت کڕین، بە ئارەزووی خۆی لە ناو پۆلا خواردن ئەخوات، ئەم نموونەیە شاز نیە، لە زۆربەی هەرەزۆری مەکتەبەکان ئەم نموونیە دووبارە دەبێتەوە، بێجگە لەوەی بە تەنیا لە لایەن دایکیەوە، یان لەلایەن باوکیەوە موراعات ناکرێت، لە لایەن هەموو مامۆستاکانی تری کە هاوڕێی دایك و باوکین لەناو پۆلەکە موراعات دەکرێت، کەواتە ئێمە بێجگە لەوەی کە لەم پرۆسەدا زەرەر لە دەرەجەی تەلەبە ئەدەین، من ئەوەی زیاتر بە لامەوە گرنگە باری دەروونی خوێندکارە، کە زۆربەی هەرە زۆری خوێندکارەکان، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئیستیفتایەك لە ناو خوێندکاران بکەن، ئەزانن کە ڕێژەیەکی زۆری خوێندکاران موعاناتیان بە دەست هاوڕێ خوێندکارەکانیانەوە هەیە، کە کوڕو کچی مامۆستان، بۆیە من لە کۆتایدا ئەمە ئەشوبهێنم، بەو هۆکارانەی کە لە قانوندا هەیە، ئەوەی قانونی بێت باش دەزانێت، کە هۆکاری ڕەدی حاکمن، کاتێك کە حاکم ئەو کەیسەی دێتە بەردەمی حوکمی تیا دەدات، لە دەرەجە یەك و دوو و سێ و چواری خۆی، یان ژنەکەی بن، لا دەبرێت لە فەسڵ کردنی ئەو قەزیەیە، مەهامی مامۆستا کەمتر نیە لە مەهامی حاکم، مەفروزە بە هەمان چاو سەیر بکرێت، وە قانونێك هەبێت، بۆ ڕەت کردنی و لابردنی مامۆستا لەو مەکتەبەی کە منالەکەی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئێستا دوو تەرەف ڕەئی خۆیان دا، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیە ڕەت بکرێتەوە، وەکو گوێتان لە بۆچوونی بەڕێزەکان بوو، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس،

ببورن 53 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە بەردەوام بین لە گفتوگۆ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 18 کەس لەگەڵە بەردەوام بین، ئەویش رەفز کرایەوە، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بۆ شوێنی خۆتان کەرەمکەن، بۆ خاڵی سێ لە بەرنامەی کار، فەرموو، بەڕێزان لیژنەی دارایی، لیژنەی ناوخۆ، لیژنەی یاسایی، کەرەمکەن بۆ سەر مەنەسە، فەرموون، کەرەمکە لیژنەی یاسایی بۆ خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە. کەرەمکەن فەرموون.

**بەڕێز عمر حمد أمین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسای پشتیوانەی دارایی بۆ حیزبە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسایەکە پەیوەندی بە دیاردەیەکی هەرە گرنگ لە ڕووی دیموکراسیەت و بە تایبەتی دیموکراسیەتی سیاسیەوە هەیە، ئەویش دیاردەی فرە حیزبی و پشتیوانەی داراییە بۆ ئەوان، هەروەها گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ حیزبە سیاسیەکان کە لایەنێکی هەرە گرنگن لە ناو ئەو بابەتەدا، هەروەها لەبەر ئەوەی کە بەڕێز وەزیری داراییش لێرە نیە بۆ گوێ گرتن لە بیرو بۆچوونەکان و تۆمارکردنی سەرنج و تێبینی و وەڵامدانەوەی پرسیارە پێویستیەکان، ئێمە بە باشی دەزانین لەبەر ئەو هۆکارانە گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە دوا بخەین بە مەبەستی زیاتر گفتوگۆ کردن و کۆبوونەوەی زیاتر لەگەڵ حیزبە سیاسیەکان، پاشان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە، کاک د.زانا کەرەمکە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نازانم نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەوەیە، کێ داوا دەکات ئەوە دوابخرێت؟ یەعنی ئەگەر ڕاپۆرتی لێژنەی یاسایی، ڕاپۆرتی لێژنەی ناوخۆ، ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی بە ئیجماع ئیمزامان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، ئەوە یەك، ئەو بابەتە نزیکەی ساڵێك لەبەردەم حکومەتدا بووە، پاشان حکومەت گەڕاندوویەیەوە، بە قسەی سەرۆکی حکومەت دەڵێ: ئەو بابەتە پەیوەندی بە ئێمەوە نەماوە، پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە، من دەمەوێ بزانم ئەو بابەتە پەیوەندی بە کێوە هەیە؟ ئێستا داوا دەکەین بۆ کێ ڕەت بکرێتەوە؟ کێ داواکە ڕەت دەکاتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ ئەو پرسیارە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەكو كاك عمر تەوزيحی كرد، ئەوە نوقتەيەكی زۆر گرنگە، بابەتەكە هەستيارە، زياتر وردبينی، تەدقيقی دەوێ، دوو: وەزيری پەيوەنديدار مەوجود نيە، با ئەويش ئامادە بێ لە كۆبوونەوەكە، ڕەئی خۆی بدات لەسەر بابەتەكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، وەزيری پەيوەنديدار مەوجوديش نەبێ دەتوانين موناقەشە بكەين، ئەگەر ئێوەی پەرلەمانتار موافيقن لەسەر ئەوە، تكايە ڕاپۆرتەكانتان بخوێننەوە، پرۆژە ياساكەش بخوێننەوە، ئەگەر موداخەلەی ئەندامان هەبوو بۆ تەئجيل يان بۆ دواخستن يان بۆ قبول، ئينجا دەخرێتە دەنگدانەوە، تكايە ياساكە بخوێننەوە، موقتەرەح تەئجيل وەكو ليژنە نيە نا، وەكو شەخص، كاكە ئەوە ڕاپۆرتيان لەبەر دەستی منە، هەموويان ئيمزايان كردووە، لەبەر ئەوە كە يەكێ هاتە ئێرە، ناتوانێ بە ناو ليژنەوە كە ئيمزای كردبێ ڕەفزی بكات، تكايە پرۆژەكە بخوێنن، قانونەكە بخوێنن، پرۆژەكەش بخوێنن، پاشان دەچينە سەر ڕەئی ئەندامانی پەرلەمان، ليژنەی دارايی ڕاپۆرتەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ليژنەی دارايی و كاروباری ئابووری....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نا، ئەوەل پرۆژە ياساكە بخوێنن ليژنەی ياسايی، پاشان ڕاپۆرتەكەتان، كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مشروع قرار منح الأحزاب لإقليم كوردستان-العراق، قرار رقم (    ) لسنة (2010):

أولاً: تخصص منحة سنوية للأحزاب السياسية المجازة في الإقليم ضمن الميزانية السنوية المعتمدة لإقليم كوردستان-العراق.

ثانياً: تدفع المنحة السنوية كحصة لتلك الأحزاب من قبل مجلس وزراء الإقليم بدفعات و حسب تقدير مجلس الوزراء.

ثالثاً: تقدر مبلغ المنحة السنوية وفق المعايير و الضوابط التالية:

1- عدد مقاعد الحزب في البرلمان على أن يعادل كل مقعد ب(    ) ديناراً.

2- الحزب الذي حصل على نصف أو أكثر من الأصوات المقررة للمقعد الواحد بموجب القاسم الإنتخابي في كل دورة إنتخابية، و لم يحصل على مقعد واحد يستحق نصف المبلغ المالي المعين في الفقرة (ثالثاً: واحد) من هذا القرار.

3- الحزب الذي لم يحصل على نصف أصوات القاسم الإنتخابي المقرر للمقعد الواحد في كل دورة إنتخابية لايستحق المنحة السنوية.

4- تحجب المنحة السنوية للأحزاب المشمولة بهذا القرار في حالة حله أو مخالفته للأحكام الواردة في قانون الأحزاب رقم (17) لسنة (1993) المعدل.

5- تعتمد النظم المحاسبية المعتمدة في الإقليم على منح الأحزاب و تخضع لرقابة ديوان الرقابة المالية.

6- على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القرار.

7- ينفذ هذا القرار إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الأسباب الموجبة:

بما أن قانون الأحزاب لإقليم كوردستان-العراق المرقم (17) لسنة (1993) المعدل قد أحال موضوع وضع ضوابط لتوزيع المنح التي تخصص للأحزاب إلى البرلمان و لتحديد تلك الضوابط و لدعم التعددية السياسية في الإقليم فقد شرع هذا القرار.

جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، پرۆژەیەكی تریش هەیە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەویش بخوێنەوە، هەردووكی بخوێنەوە، نیزامییە؟ فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاری ئەو بەڕێزانە ئەوەیە (فقط) تەقاریر بخوێننەوە،.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕجائەن دانیشە، ئەوە ئیشی منە، ڕجائەن، كەرەمكە بیخوێنەوە.

**بەڕێز عمر حمد أمین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەی دووەم: پێشنیازی پرۆژە یەك ئاوها هاتووە:

یاسای پشتگیری دارایی بۆ حیزب و كیانە سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان:

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:

1- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عیراق.

2- وەزارەتی ناوخۆ: وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان-عیراق.

3- وەزارەتی دارایی: وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستان-عیراق.

4- بودجە: بودجەی ساڵانەی دارایی کە لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکرێت.

5- حیزب: هەر ڕێکخستنێکی سیاسی کە لە کۆمەڵێك کەس پێك دێت و مۆڵەتی دامەزراندنی حیزبیان لە وەزارەتی ناوخۆ بە پێی یاسای حیزبە سیاسیەکانی کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان ژمارە (17)ی ساڵی (1993) دەرچووە وەرگرتووە.

6- کیانی سیاسی: هەر ڕێکخراوێك بە هەر حیزبێکی سیاسیەوە پێك دێ لە هەڵبـژێری شیاو لە خۆیانەوە پشتی یەك دەگرن لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆجیا یان بەرژەوەند یان بیروڕای هاوبەش، بە ئامانجی گوزارش کردن لە بەرژەوەندیان و چنگ کەوتنی دەسەڵات و وا دەکەن نوێنەرەکانیان بتوانن خۆیان بۆ پایەیەکی گشتی بپاڵێون بە مەرجێك کە ئەو ڕێکخراوەی پێك هاتووە لە هەڵبـژێری شیاو بۆ ڕاستاندنی فەرمی و کیانێکی سیاسی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردن و کورسیەکی چنگ کەوتبێ.

7- پەرلەمانتار: ئەو کەسەیە کە ئەندامیەتی پەرلەمانی لە ئەنجامی هەڵبـژاردنی ئەندامانی پەرلەمان چنگ کەوتبێ.

8- کورسیە پەرلەمانیەکان: ژمارەی ئەو ئەندامانەی کە ئەندامیەتی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە.

9- یارمەتیدانی دارایی: ئەو یارمەتییە داراییەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ حیزبەکان و کیانە سیاسیەکان کە کورسی پەرلەمانیان وەرگرتووە، یاخود زیاتر لە کورسیە پەرلەمانیەکان وەرگرتووە تەرخان کردووە.

ماددەی دووەم:

1- پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی لەکاتی ڕێکخستنی بودجەی ساڵانەی دارایی دا لەسەرەتای هەموو ساڵێك گوژمە پارەیەك لە بودجەی ساڵانە تەرخان بکات بۆ یارمەتیدان و پشتگیری حیزبەکان و کیانە سیاسیەکانی کە کورسیەکی پەرلەمانی یان زیاتریان بەدەست هێناوە تاکو بتوانن دەست بدەنە چالاکی هەمە جۆری خۆیان تا ئامانجە ڕاگەیێندراوەکانی خۆیان لە بەرنامەی هەڵبژاردن بەدی بێنن.

2- ئەو پشکە داراییانە بە شێوەی بەخششی ساڵانە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە یەکجار دابەش دەکرێ.

ماددەی سێیەم:

ئەو گوژمە پارەیەی وەك بەخششی دارایی ساڵانە دەدرێ بە حیزب یان کیانی سیاسی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەخەملێندرێ بە پشت بەستن بە ژمارەی کورسیەکانی حیزب یان کیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان و بە یەکجار دەبەخشرێ.

ماددەی چوارەم:

1-پێویستە لەسەر حیزبەکان و کیانە سیاسیەکان بۆ وەرگرتنی پشتگیری دارایی کە لەو یاسایەدا هاتووە داواکارییەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ یاخود سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن کە لەلایەن

سەرۆکی حیزب یان سەرۆکی کیانی سیاسی و پێنج ئەندامی کە کورسی پەرلەمانیان وەرگرتووە یاخود لەلایەن سەرکردایەتی حیزب کە ئێستا پێی دەگوترێ دەستەی بەڕێوەبردن ئیمزا کرابێ و پێویستە وەزارەتی دارایی ڕێنمایی پێویست دەربچوێنێ بۆ دەرخستنی چۆنیەتی و ڕێکارەکانی وەرگرتنی ئەو بەخششە داراییە ساڵانە بۆ حیزب یان کیانە سیاسیەکان تەرخان دەکرێ.

2-پێویستە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکایەتی پەرلەمان داواکارییەکە تۆمار بکات و نامەی پشتگیری بدات بە کیانی سیاسی یاخود پسوولەیەکی گەیشتن کە پشتگیری وەرگرتنی داواکارییەکە بکات.

3-حیزب یان کیانی سیاسی کەسایەتی مەعنەویان هەیە لە مێژووی تۆمارکردنی داواکاریەکانەوە بە مەبەستی وەرگرتنی بەخششی دارایی و ئەو کەسایەتییە تا کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلەمان بەردەوام دەبێ.

4-دەستەی بەڕێوەبەر بۆی هەیە ئەندامان لە لیستە پەرلەمانیەکەی یان لە دەرەوەی بخاتە سەر دەستەکە یان لادانی هەندێ لە ئەندامانی لە ئەندامیەتی دەستە بە مەرجێك ژمارەی ئەندامان لە شەش کەمتر نەبێ بە سەرۆکی دەستەوەش بە مەرجێك ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ و سەرۆکایەتی پەرلەمان بەو گۆڕانکاریانە بکرێتەوە.

5-حیزب یان کیانی سیاسی مافی کردنەوەی حیسابی بانك بە ناوی ژمارەی هەڵبژاردنی کە یاسا پێی بەخشیوە هەیە، ئەوەش دوای وەرگرتنی وەصلی داواکاری تۆمارکردنی دەبێ کە لە بڕگە دووی ئەو ماددەیەدا هاتووە و خەرجییەکانی حیزب یان کیانی سیاسی ملکەچی سەرپەرشتی چاودێری دیوانی چاودێری دارایی دەبێ.

ماددەی پێنجەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم:

ئەو یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی دا جێبەجێ دەکرێ.

هۆیە پێویستیەکان:

سەبارەت بەوەی کە یاسای ژمارە (17)ی ساڵی (1993)ی هەموارکراوی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان، دەستنیشانکردنی بەرزەفتیەکانی دابەشکردنی بەخششی ساڵانەی بۆ کیان و حیزبە سیاسیەکان لە ناو بودجەی هەرێم بە پێی ماددەی (14) بڕگەی (أ) ناردووە بۆ پەرلەمان و لە پێناوی پشتگیری دارایی بۆ حیزب و کیانە سیاسیەکانی کە کورسی پەرلەمانیان بە دەست هێناوە تاکو بتوانن دەست بدەنە چالاکی هەمە جۆریان لە پێناوی بینینی دەورێکی ئەرێنی لە پەرلەمان و تاکو ئەو پشتگیرییە باسکراوە ڕوون و دادپەروەرانە بێ لە پێناوی پشتگیری فرەیی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دا و هەرکیانە مافی خۆی پێ بدرێ ئەو یاسایە دەرچوێندرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆتان بخوێنن، پاشان ڕاپـۆرتی هاوبەشـیش دەخوێنـدرێ، پاشان موناقەشـە دەکرێ، ئەگەر بۆچوونێك هەبوو دەخرێتە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەندەی پەیوەندی بە لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوورییەوە هەبێت، تەنها جەختی کردووە لەسـەر ئـەو خاڵە داراییانەی کەوا هەیە، ئەو بیرۆکەیەی کەوا لەلای لجنـە بـە زۆرینـەی دەنـگ دروسـت بـووە لـە چـەند خاڵێکدا ئاماژەمان پێداوە، ئەگەر بفەرمووی ڕاپۆرتەکە بخوێنمەوە.

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری/ کۆنووسی ژمارە (35) ڕێککەوتی (2010/10/27):

دوابەدوای کۆنووسی ژمارە (8)ی لیژنەکـەمان دەربـارەی ڕای لیژنـە لەسـەر هـەردوو پـرۆژە بڕیـار و یاسـای پێشنیارکراو و بۆ پێدانی پشتگیری دارایی بۆ حیزب و کیانە سیاسیەکان کە بە نووسـراوی ژمـارە (12) لـە بــەرواری (2009/12/21) بــەرزکرابۆوە بــۆ بــەڕێز ســەرۆکایەتی پەرلــەمانی کوردســتان کــە تیایــدا لیژنەکەمان ڕەزامەندی لەسەر ئەو دوو پرۆژە پێشنیارکراوە دابوو، جگە لـە بڕگـەی (1) لـە خـاڵی (3) لـە پرۆژەی بەخششەکانی حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان، واتا (مشروع قرار منح الأحزاب لإقليم كوردسـتان-العراق) کە لیژنەکەمان داوای وەرگـرتنی ڕای وەزارەتـی دارایـی و ئەنجومـەنی وەزیرانـی کردبـوو، بـەڵام بـە شێوەیەکی ڕەسمی ئـەو ڕایـە نـەهاتووە بـۆ لیژنـە، بۆیـە بـە مەبەسـتی ڕوانـدنی ئـەو پـرۆژە یاسـایە بـە بـێ دواکەوتن و لەسەر داوای زارەکی بەڕێز سەرۆکی پەرلـەمان لیژنەکـەمان (35)هـەمین کۆببونـەوەی ئاسـایی خۆی ئەنجام دا، بە مەبەستی گفتوگۆ کردن و بڕیار دان لەسەر بڕی پارەی پارتەکانی ناو پەرلەمان بە پێـی ژمارەی کورسییەکان کە بە دەستیان هێناوە لە پەرلەمان، لیژنە بە زۆرینەی دەنگ گەیشتە ئـەو بڕیارانـەی خوارەوە:

1- دیاری کردنی پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو حیزبانەی کە مۆڵەتی یاساییان هەیە لە هەرێمی کوردستان.

2- پێمان باشە پاڵپشتە داراییەکە بە چەند گوژمەیەکی مانگانە بێت، بدرێت بە حیزبەکان.

3- هەر حیزبێکی مۆڵـەت پێـدراو بـە پێـی یاسـای حیزبـەکان ژمـارە (17)ی سـاڵی (1993)ی هـەموارکراو مانگانە بڕی (10) ملیۆن دینار وەربگرن.

4- بڕی پاڵپشتی دارایی بۆ هەر کورسییەکی پەرلەمان لە نێوان (25) تاکو (50) ملیۆن دینار بێت.

5- هـەر حیزبێـك نیـوەی ژمـارەی دەنگـەکانی کورسـییەك و زیـاتری هێنـا نیـوەی بـەهای کورسـییەکی پەرلەمانی دەدرێتێ.

6- ئەو حیزبەی کە کورسی پەرلـەمانی بـە دەسـت هێنـاو بـە پێـی سیسـتەمی کۆتـا بـڕی لـە (20٪)ی بـڕی دیاریکراوی کورسی پەرلەمانی دەدرێتێ.

7- لە خولی داهاتووی پەرلەمان دا هەر حیزبێك نەیتوانی نیوەی ژمارە قاسـیم ئینتیخـابی کورسـییەك بـە دەست بهێنێت، ئەوا هاوکاری مانگانەی کە بڕی (10) ملیۆن دینارە دەبڕرێت.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕاپۆرتەکەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لێژنەی هاوبەش ئێستا بە زمانی کوردی لەلایەن کاك ئیسماعیل دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز إسماعيل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**هەردوو لێژنەی کاروباری یاسایی و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەکی هاوبەش کۆبوونەوە و بە پێی ماددەکانی (39) و (6) و (46) و (47)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی (29)ی سەرماوەزی (2709)ی کوردی، بەرامبەر بە (2009/12/20) جارێکی تریش کۆبوونەتەوە تاکو جارێکی تر لە ڕۆژی (2)ی گەلاڕێزانی (2710)ی کوردی، ڕێککەوتی ڕۆژی (2010/10/24) کۆبوونەوە بۆ لێکۆڵینەوە و وتووێژکردن لەسەر هەردوو پرۆژە بڕیاری بەخششی حیزبەکان و یاسای پشتیوانی دارایی حیزبەکان و قەوارە سیاسیەکان کە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، هەر لایە بە جودا، دوای خوێندنەوەی یەکەمیان لە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (10)ی ڕۆژی (2009/11/17) بۆیان هاتووە، دوای وتووێژکردن و تاوتوێ کردنیان، هەردوو لێژنەکە زۆربەی بیرۆکەکانی کە لە پرۆژەکاندا هاتوون، پشتگیری دەکەن و بڕیاریان دا هەردووکیان یەك بخرێن و ڕاپۆرتێکی یەکگرتوو لە بارەیانەوە پێشکەش بکرێ، کە پوختەی ئەوەیە لە دوو پرۆژەکەدا هاتووە و بگرێتە خۆ، تاکو وتووێژکردن لەسەریان ئاسان بێ و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت، لەبەر ئەوەی هەردوو لێژنەکە پێشنیاز دەکات دووبارە پرۆژەکە و ناوەکەی بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**پرۆژە یاسای پشتیوانەی دارایی بۆ حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق:**

**ماددەی یەکەم:**

**پشتیوانیەکی دارایی تەرخان دەکرێت بۆ حیزبە مۆڵەت دراوەکان لە هەرێمدا لە ناو بودجەی ساڵانەی تەرخان کراو بۆ هەرێمی کوردستان-عێراق.**

**ماددەی دووەم:**

**ئەو پشتیوانە داراییەی بۆ حیزبەکان تەرخان کراوە بۆ مەبەستی ئەو یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە چەند جارێك دەدرێ و بە پێی مەزەندە کردنی، بە مەرجێك لە ناو ساڵی دارایی تەرخان کراو بۆی دابێت.**

ماددەی سێیەم:

پشتیوانە داراییەکە بە پێی پێوەر و زەوابتی خوارەوە بە حیزبەکان دەدرێ:

1- ژمارەی کورسیەکانی کە حیزب لە پەرلەمان بە دەستی هێناوە، بە مەرجێك هەر کورسییەك لە نێوان (25) تا (50) ملیۆن دیناری مانگانە بەرامبەر بدرێتێ.

2- ئەو حیزبەی نیوە یان زیاتر لە دەنگە بڕیار لەسەر دراوەکانی بۆ یەك کورسی بە پێی قاسمی هەڵبژاردنی هەر خولێکی پەرلەمان و کورسییەکی وەرنەگرت حەقی ئەوەی هەیە نیوەی گوژمەی دارایی دیاری کراو لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیە وەربگرێ.

3- ئەو حیزبەی کە کورسییەکی پەرلەمانی بە پێی سیستەمی کۆتا وەردەگرێ حەقی نیوەی گوژمەی کە تەرخان کراوە بۆ کورسی دیکە پەرلەمانی هەیە....

4- پشتیوانەی دارایی بۆ ئەو حیزبانەی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە ڕادەگیرێ لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەیان یاخود سەرپێچی کردنیان لە حوکمەکانی کە لە یاسای (17)ی ساڵی (1993)ی هەموارکراودا هاتوون.

ماددەی چوارەم:

سیستەمەکانی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێمدا پیادە دەکرێن لەسەر پشتیوانی دارایی بۆ حیزبەکان و ملکەچی دیوانی چاودێری دارایی دەبێت.

ماددەی پێنجەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی شەشەم:

ئەو یاسایە لە (2011/1/1)دا جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا بڵاو دەکرێتەوە.

هۆیە پێویستیەکان:

بۆ دەستنیشان کردنی زەوابیتی پێشکەش کردنی پشتیوانی دارایی بۆ ئەو حیزبانەی کە کورسیان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا بە دەست هێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن چالاکی هەمەجۆری خۆیان بە جێ بێنن، تاکە دەورێکی ئەرێنیان لە پرۆسەی دیموکراتی ئاشتیانەدا هەبێ و تا پشتیوانە ناوبراوەکە دادوەرانە بێ و لە پێناوی هاندانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمدا و هەر حیزبە مافی خۆی پێ بدرێ، بۆیە ئەو یاسایە دەرچوێندرا.

تکایە ئاگاداری بفەرموون و ڕاپۆرتە هاوبەشەکە کە لەلایەن هەردوو لێژنەکە پێشکەش کراوە، پێشکەش بە پەرلەمان بکرێ، بۆ وتووێژکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیانەوە، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەی عەرەبیش بخوێنن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**إلى/ رئاسة برلمان كوردستان-العراق**

**موضوع/ التقرير المشترك**

**إجتمعت اللجنتان القانونية و الداخلية و الأمن و المجالس المحلية في برلمان كوردستان بصورة مشتركة وفقاً للمواد (39) على (6) و (46) و (47) من النظام الداخلي للبرلمان يوم الأحد (29) سەرماوەز (2709) كوردي، المصادف يوم (2009/12/20) و توالت الإجتماعات إلى أن إجتمعت مرة أخرى في (2) گەلاڕێزان (2710) كوردي، المصادف ليوم (2010/10/24) الميلادية لدراسة و مناقشة مشروعي قرار منح الأحزاب و قانون الدعم المالي للأحزاب و الكيانات السياسية المقدمين من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان كل على حدة و المحالين إليهما بعد القراءة الأولى لهما في البرلمان بجلسته الإعتيادية المرقمة (10) و المؤرخة في (2009/11/17)، و بعد المناقشة و المداولة تؤيد اللجنتان غالبية الأفكار الواردة في المشروعين و قررتا توحيدهما و تقديم تقرير موحد بشأنهما يتضمن خلاصة ماورد في المشروعين توحيداً للأفكار و تسهيلاً للمناقشات و التصويت في البرلمان، و بذلك تقترحان إعادة صياغة المشروع و تسميته على الشكل الآتي:**

**مشروع قانون الدعم المالي للأحزاب في إقليم كوردستان-العراق**

**المادة الأولى:**

**يخصص دعم مالي للأحزاب المجازة في الإقليم ضمن الميزانية السنوية المعتمدة لإقليم كوردستان-العراق.**

**المادة الثانية:**

**يقدم الدعم المالي المخصص للأحزاب لأغراض هذا القانون من قبل مجلس وزراء الإقليم بدفعات و حسب تقديره على أن يصرف ضمن السنة المالية المخصص فيها.**

**المادة الثالثة:**

**يقدم الدعم المالي للأحزاب وفقاً للمعايير و الضوابط الآتية:**

**1- عدد مقاعد الحزب في البرلمان على أن يعادل كل مقعد ب(25) إلى (50) مليون دينار شهرياً.**

**2- الحزب الذي حصل على نصف أو أكثر من الأصوات المقررة للمقعد الواحد بموجب القاسم الإنتخابي في كل دورة إنتخابية برلمانية و لم يحصل على مقعد واحد، يستحق نصف المبلغ المالي المحدد في الفقرة أولاً من هذه المادة.**

**3- الحزب الذي يحصل على مقعد برلماني وفق نظام الكوتا يستحق نصف المبلغ المخصص للمقاعد البرلمانية الأخرى، أما إذا حصل على نصف الأصوات المقررة للمقعد الواحد يحصل على ربع المبلغ المخصص.**

**4- يحجب الدعم المالي للأحزاب المشمولة بهذا القانون في حالة حله أو مخالفته للأحكام الواردة في قانون الأحزاب رقم (17) لسنة (1993)المعدل.**

**المادة الرابعة:**

**تطبق النظم المحاسبية المعتمدة في الإقليم على الدعم المالي للأحزاب و تخضع لرقابة ديوان الرقابة المالية.**

**المادة الخامسة:**

**على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة السادسة:**

**ينفذ هذا القانون إعتباراً من (2011/1/1) و ينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**الأسباب الموجبة:**

**لتحديد ضوابط تقديم الدعم المالي للأحزاب الحاصلة على مقاعد في برلمان إقليم كوردستان لتمكينها من ممارسة أنشطتها المختلفة بغية قيامها بدور إيجابي في العملية الديموقراطية السلمية و لكي يكون الدعم المذكور شفافاً و عادلاً و لغرض تشجيع التنمية السياسية في الإقليم و إعطاء كل حزب حقه فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالإطلاع و عرض التقرير المشترك المقدم من اللجنتين على البرلمان للمناقشة و إبداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ناوی ئەو بەڕێزانە دەنووسین كە دەیانەوێ موناقەشە لەسەری بكەن، نوقتەی نیزامی، كەرەمكە.**

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو مەسەلەیە بە ڕەئی من، من قسەم لەسەر دواخستنیەتی، ئەگەر مەجال هەبێ قسەی لەسەر بكەین، ئەو مەسەلەیە مەسەلەیەكی حەساسە، مەسەلەیەكی چارەنووس سازە، پەیوەندیدارە بە گەشەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستان، گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێ، لایەنی پەیوەندیدار دەبێ حزووری هەبێ، ئێمە پێشتر سەرۆكی فراكسیۆنەكان قسەمان لەسەر ئەوە كرد، داوای مەوعیدیشمان كرد بۆ ئەوەی بە پەلە حكومەت جوابمان بداتەوە، ئەو گفتوگۆیە بەردەوام بێ، بەڵام بەداخەوە، هەم بە بۆنەی سەری ساڵەوە، هەم لەبەر ئەوەی كە حكومەت كارێكی پێش وەختی پەیوەندیداری حكومەتیان بۆ هاتە پێش، سەفەریان كرد، لێرە نەبوون، ئەگینا ئێمە سەرۆكی فراكسیۆنەكان داوامان كردووە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ حكومەت قسە بكەین، جگە لە سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان، حیزبەكان، لایەنە سیاسیەكان پێویستە حزووریان هەبێ لە گفتوگۆكان، بۆ گەشەی دیموكراسی و پێشخستنی ئەزموونی دیموكراسی لەو هەرێمە، من پێشنیار دەكەم ئەو مەسەلەیە تا ئەو داواكارییەی كە ئێمە كردوومانە بە ناوی سەرۆكی فراكسیۆنەكانەوە، لە ڕێگەی جەنابتانەوە، لەگەڵ حكومەت گفتوگۆ دەكەین دوابخرێت، بەڵام كاتەكەی كاتێكی تەحدید بێ، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان گفتوگۆ بكەین، بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە**

یەکلایی بکەینەوە، چونکە گفتوگۆیەکی زۆری دەوێ، کۆمەڵێ مەسەلەی چارەنووسسازی هەرێمی کوردستان پابەندە بە تایبەتی حیزبە سیاسیەکان، کە حیزبە سیاسیەکانیش لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان لایەنێکی ئەساسین، حزووری حیزبەکانیش لە پەرلەمانیش نوێنەرایەتیان هەیە، لەبەر ئەوە بە وازحی، بە صەراحەت من پێشنیار دەکەم، داوا دەکەم ئەو مەسەلەیە، ئەو پرۆژەیە دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ، کەرەمکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لێرە منیش پشتگیری لە کاك عبدالله دەکەم، حەز دەکەم ئەوە دوابخرێت، لەبەر ئەوەی چ لێژنەی قانونی، چ لێژنەی ناوخۆ، چ دارایی، هەتا ئێستا لەگەڵ کۆتاکان دانەنیشتوون، کۆتاکانیش (2) نەتەوە شمول دەکات، نەتەوەی تورکمان لەگەڵ مەسیحیەکان شمول دەکات، بۆیە مەجال هەبێ لەگەڵ کۆتاکانیش دابنیشن، من پشتگیری لە کاك عبدالله دەکەم تەئجیل بێت...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك عبدالله و کاك شێردڵ دەکەم، چونکە ئێمە بەپێی ئەو نووسراوەی کە تەوجیهی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتین، کە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆببینەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی زەرەر بەچەند حزبێك دەگەیەنێت کە هەر لەناو پەرلەمان بوونیان نیە، بۆیە ئێمە بۆ بەرەوپێش بردنی پڕۆسەی دیموکراسی دەبێ زیاتر گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەیەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عەدنان عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك ئەمەوێت ئیشارەت بەوە بدەم، کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان داوای کۆبوونەوەیەکی بەپەلەیان کردووە، دوورو نزیك باس لە دواخستنی گفتوگۆ کردنی ئەم پڕۆژە نییە، ئێمە لە 12/19 داوامان کرد کە بەپەلە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و حزبەکاندا دانیشتنێك بکرێت بۆ ئەوەی هیچ گلەییەك

نەمێنێت، دوا صیاغە، دوا پێشنیارەکان، کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاری بێت، لەڕاستیدا ئەو یاداشتە دوورو نزیك پەیوەندی بە دواخستن و دوانەخستنەوە نیە، چونکە داوا دەکەین بەپەلە دانیشتنێك بکرێت، ئەمە بۆ ئەوە بوو، چونکە ئەبێت ئەوە لەو مەوزوعە دەربکرێت، دواتر ئەم پرۆژەیە، ساڵێك زیاترە لەبەردەمی پەرلەماندایە، لەلیژنەکان گفتوگۆی لەسەر کراوە، ڕاپۆرتی لەسەر کراوە، فرسەتێکی زۆر هەبوو لیژنەی یاسایی چەند سیمینارو کۆڕێك، لەگەڵ حزبە سیاسیەکان بکات، گفتوگۆیەکی زیاتری لەسەر بکرێت، پێشم وایە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە، دواتر موبەڕڕێکی تر هەیە، ئێمە لەکۆتایی ساڵی داراییداین، ئەو بودجەیەی کە دانراوە بۆ حزبە سیاسیەکان کە ئێمە لەپەرلەمان پەسەندمان کرد، ئیلزاممان دەکات لەساڵی داراییدا، ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت و کاری لەسەر بکرێت، حکومەتیش بتوانێ بەگوێرەی ئەوە، زیاد و کەمەکان یەکلا بکاتەوە، ئێستا ئێمە لەکۆتایی ساڵداین، ئەگەر ئەم پرۆژەیە ئێستا لەکۆتایی ساڵدا پەسەند نەکرێت، چۆن دەتوانین گفتوگۆ لەسەر بودجەی ساڵی 2011 بکەین، ئەمە ئیشکالیەتێکی زۆر زۆر گەورەیە، حکومەتیش چۆن بزانێ تەسویەی حساباتی خۆی بکات، کە زۆری داوە بە حزبەکان یان کەمی پێداون، بۆیە لەڕاستیدا من پێم وایە، تەبعەن لەگەڵ نیگەرانیەکانیش پێم باشە باشترین عەدالەت لەم پرۆژە یاسایەدا بێت، هەروەها ڕەچاوی بەرژەوەندی حزبە بچووکەکان بکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کە بەهەر هۆکارێك بێت کورسی کەمیان هێناوە، من لەگەڵ هەموو نیگەرانیەکانی ئەواندام، بەڵام پێم وایە فرسەتێکی زۆرمان هەبووە بۆ گفتوگۆکردن، وە فرسەتێکی کەمیشمان لەبەردەستە بۆ تەئجیل کردن، بۆیە ئەگەر ئەم پرۆژەیە تەئجیل بکرێت لەڕاستیدا ئەوپەڕی تا ئێوارە تەئجیل بکرێت بۆ ئەوەی مشاوەرەیەکی زیاتر بکرێت، یەعنی پێش کۆتایی هاتنی دانیشتنەکانی ئەم وەرزە، ئەبێت ئەم یاسایە دەربکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا سێ پێشنیار هاتووە بۆ تەئیجیل بۆیە حەق دەدەین بە پێنج کەس بۆ ئەوەی کە قسە لەسەر تەئجیل کردنی بکات و پێنج کەسیش بۆ تەئجیل نەکردنی قسە بکات، دوایش دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەوانەی کە دەیانەوێت تەئجیل نەکرێت کێ دەیەوێت قسە بکات، (کوێستان خان، دکتۆر زانا، دکتۆر شاهۆ، رفیق صابر، برهان رشید)ئەوەی کە دەیەوێ تەئجیل بکرێت (خلیل عوسمان، دڵشاد شهاب، فازڵ بەشارەتی، بەفرین حسین، ئامینە زکری)، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم بەردەوام بین لەسەر ئەم پرۆژەیە لەبەر ئەم هۆکارانە، یەکەم: دوو پرۆژە پێشکەشی سەرۆکایەتی کراوە، بە واژووی ژمارەیەکی یاسایی لە مانگی 9ی ساڵی 2009لەمانگی 11 خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە، لیژنەکانیش ڕەئیان هاتووەتەوەو موتەفقن لەسەر ئەوەی کە ئەم یاسایە هەبێت، دووەم: داوای ڕەئی حکومەت کراوە، حکومەت ناردوویەتیەوەو پشتگیری پرۆژەکە دەکات، کە پەرلەمان پێویستە یاساکە دەربکات، لەکاتی پەسەند کردنی بودجەی ساڵی 2010، لەماددەی 18 ئەڵێت

گوژمـەی (90)مليـار دينـار بـۆ پشـتگيری حزبـەكان و پـرۆژەی ڕێكخراوەكـان تـەرخان دەكرێـت، ئـەم تـەرخانكراوەش بـە ڕێكـارێكی كـاتی خـەرج دەكرێـت تـا ئەوكاتـەی كـە پـارە وەرگيراوەكـان لەلايـەن حـزب و ڕێكخراوەكانەوە بەپێی ياسايی پشتگيری حزبەكان لەدوای پەسەند كردنـی لەلايـەن پەرلـەمانی كوردسـتانەوە يەكلا دەكرێتەوە، كەواتە ئێمە نەك پێويستە بەردەوام بين، بەڵكو ساڵێكە دواكەوتووين لـە دەرچـواندنی ئـەم ياسايە، خاڵێكی تر ئەوەيە، كـە ئێمـە لێـرەدا هـەر فراكسيۆنێك نوێنـەری لايەكـە، بەڕاسـتی مـن ڕەخنـە لـەوە دەگرم، كە حزب بێت و تەداخول بكات لە كاری پەرلەمان، ئێمـە هـەمووومان ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە پـەيام و بەرنامەی هەڵبژاردن لەكاتی چاوپێكەوتنەكانماندا، داوا دەكەين كە ئەندامی پەرلەمان دەبێ سـەربەخۆ بێـت، و دەبێت دەسەڵاتێكی سەربەخۆی هەبێت و نابێ حزب تەداخول بكات، خۆمان داوا بكـەين جـارێكی تـر حـزب بێتەوە تەداخول بكات، ئەی ئێمە بۆچی لێرەين؟ بۆيە من داوا دەكەم كە ئـەمڕۆ ئـەم ياسـايە، بـۆ نەهێشـتنی ئەو ناعەدالەتيەی كە تا ئێستا كراوە، هەمووومان دەزانين كە چ ناعەدالەتيەك هەيە لەدابەشـكردنی بودجـەدا، بەم ساڵيشەوە كە ساڵی 2010يە، كەزۆر لەو بڕە زياتر سەرفكراوە بـۆ حزبـەكان، پێويسـتە ئـەم ناعەدالەتيـە دوای 18 ساڵی ئەندامی پەرلەمان كۆتايی پێبێـت، ئـيتر ئـەم مەسـەلەيە بچێتە سـەر ڕێچكەی ياسـايی خـۆی، حزبـەكان بـەپێی دەنگـی خۆيـان، بـەپێی بـوونی خۆيـان بـەپێی تـەواجودی خۆيـان لـەناو ئـەم هەرێمـەدا، ئيستيحقاقی مالی خۆيان وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر وەك ڕوونكردەوەيەك بۆ ئێوەی بەڕێز، ئەوەی كەباسی حزبەكان كرا، من بۆتـان دەخوێنمـەوە ئەوەی سەرۆك فراكسيۆنەكان كە داوايان كردووە، نووسراوێكيان لە بەرواری 2010//12/19.

بۆ/ بەڕێز سەرۆكايەتی پەرلەمان

بابەت/ بودجەی حزبەكان

دوای ڕێز وسڵاو..

ئێمە سەرۆكی فراكسيۆنەكانی پەرلەمان، لەڕۆژی 2010/12/19، كۆبوونەوەو گفتوگۆيەكی تێروتەسەلمان لەسەر پڕۆژە ياسای بودجەی حزبەكان ئەنجامـدا، لەئاكامـدا گەيشـتين بـەو ڕايـەی كـەداوا بكـەين، لـەڕێگای بەڕێزتانــەوە كۆبوونەوەيــەكی بەپەلــەی هاوبەشــی ســەرۆكايەتی حكومــەت و ســەرۆكی فراكســيۆنەكان و نوێنــەری ئـەو حـزب و لايەنانـەی كەلەپەرلـەمان بوونيـان هەيـە، ئـەنجام بـدرێت، بـۆ گفتوگۆكردن لەسـەر پێوەرەكان و بڕی ئەو بودجەيەی كە بۆ هەر كورسيەكی پەرلەمان و پارتەكان دياری دەكرێت، ئەوانەی كـە ئيمزايان كردووە، (هـاژە سلێمان، عومـەر عبـدالعزيز، سـالم تۆمـا، بـيلال سليمان، ئـەمير گوگـە، عبـدالقادر بازرگان، عدنـان عوسمان، عبدالله حاجی محمود، سۆزان شهاب، فازل حسن، دكتۆر احمد وەرتی)ئەمە بوو كـە ئێوەی بەڕێز داواتان كرد، لەبـەر ئـەوەی كـە ئێمـە دەزانـين كـە پەرلـەمان عيلاقـەی بـە حزبەكانـەوە نيـە، بەنوێنەرەكانی فراكسۆنەكانی لـەناو پەرلـەمان، لەبـەر ئـەوە ئێمـە نووسـراومان بـەڕەسمی بـۆ سـەرۆكايەتی حكومەت كردووە، بەڵام حزبەكان خۆتان دەتـوانن لەگـەڵيان دابنيشـن، ئيشـی سـەرۆكايەتی پەرلـەمان نيـە،

بانگی حزبەکان بکات و تەداخول لە ئیشەکانیان بکات، بۆیە ئێمە نووسراومان( 2431/3/4) بۆ حکومەت کردووە.

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان – عێراق

بابەت/ کۆبوونەوەی هاوبەش

لەسەر پێشنیاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان و دانانی پێوەرەکان و بڕی ئەو بودجەیەی بۆ هەرکورسیەکی پەرلەمان و پارتەکان دیاری دەکرێت، داواکارین لەکاتێکی نزیکدا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش، لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان ئەنجام بدرێت، بفەرموون لەڕاو بۆچوونتان ئاگادارمان بکەنەوە، سەرۆك و جێگرەکەی بەکار دەرچوون و لێرە نین لەدەرەوەی هەرێمن، بۆ ئاگاداریتان، باسی ئەوەش کرا کە لە زووەوە پێشکەش کراوە، ڕاستە ئەو پرۆژە یاسایە بەدوو پرۆژە پێشکەش کرا، یەکێکی هی لیستی کوردستانی، ئەوی تر هی لیستی گۆڕان، لەدانیشتنی ژمارە(10) لە 2009/11/17 خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی و ناوخۆ کراوە، پرۆژەکە، لە لیژنەکان دواکەوتووە، ئاخر ڕەئی هی لیژنەی دارایی بوو بۆمان هات لە 2010/10/27 بوو کە داخلی بەرنامەی کارمان کردووە، بەس ئاخر ڕاپۆرتی هاوبەش کە بۆمان هاتووە، لە 2010/10/24 بۆمان هاتووە، ڕاپۆرتێکی لیژنەی دارایی لە 2010/10/27 هاتووە، دانەیەکی تریان لە 2010/12/21 هاتووە، بەس ئەخیریان لە 2010/10/27 کە بۆمان هاتووە ئێمەش خستمانە بەرنامەی کارەوە، ئێستا دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمەکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەکەم کە بەردەوام بین لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە، لەبەر چەند هۆکارێك کە بێگومان من پشتگیری لەنیگەرانی ئەو هاوڕێیانەم دەکەم کەداوای تەئجیل کردن دەکەن، بێگومان ئێمەش داواکەی ئەوانە بەدڵنیاییەوە بە ڕەوا دادەنێین، ماڤی خۆیانە کەداوای ئەوە بکەن، بەس من دەمەوێت بۆ بەرچاو ڕۆشنی ئێوەی بەڕێز ئەم زانیارییانە بخەمە ڕوو، یەکەمیان: حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1993 وە شەش کابینەی حکومەتە بەردەوام بەپێچەوانەی ئەم یاسایەوە مینحە بەسەر ئەو حزب و لایەنانەدا دابەش دەکات، چونکە بەپێی بڕگەی یەکی ماددەی 14 ئەو پێوەرەی کە دەستنیشان دەکرێت بۆ بەخشینی مینەح بەپارتە سیاسیەکان ئەو پێوەرە لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دیاری دەکرێت، نەك لەدەرەوەی پەرلەمانی کوردستاندا، من لێرەدا بەلامەوە سەیرە، بۆچی ئەبێت بگەڕێنەوە بۆ حکومەت لەکاتێکدا کە مەوزوعەکە خۆی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، سەرەڕای ئەوەش سەبەبی دواخستنی ئەم بابەتەش پەیوەندی بە وەرگرتنی ڕای حکومەتەوە هەبووە، سەرۆکی حکومەت ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە ئەم بابەتە پەیوەندی بە حکومەتەوە نەماوەو پەرلەمان چارەی دەکات، چونکە مامەڵەکردنی یاسایی، لەگەڵ ئەم بابەتەدا بەو شێوەیە دەبێت کە

پەرلەمان پێوەرەکەی دیاری دەکات، با تۆزێکیش وازحتر سەیری ئەم بابەتە بکەین، من دڵنیـام هـەرکاتێك کـە پێوەر دابندرێت بۆ دابەشکردنی مینەح بێگومان لەوانەیە هەندێ حزبی سیاسی بێبەش ببێت، چونکە پێشتر پێوەرێکی ئەوتۆمان نەبووە کەدیاری بکرێت، چونکە تۆ لەم حاڵەتەدا لەبەردەمی دوو حاڵەتدایت ئەم یاسـایە یان پەسەند دەکرێت یان پەسەند ناکرێت، یان پێوەر دادەنێین یان دایانانێین، یەعنی لەهەردووبارەکەدا ڕەنگە هەندێ پارتی سیاسی هەبێت ئەو مینحەیـە یـان بـەو شـێوەیە ئـەو پارەیـە وەرنـەگرێت کـە لـە پێشـتردا وەری گرتـووە، ئەگـەر کێشـەمان لەگـەڵ ئـەوەدا هەیـە کـە گفتوگۆی زیـاتر نـەکراوە، ئـەم ڕاپۆرتـە هاوبەشـە شـەش ماددەیـە، باشـەش سـەعات قسـەی لەسـەر بکـەین، بـەڵام بەمـەرجێك تکـا دەکـەم بـا ئـەم بابەتـە لـەناو هـۆڵی پەرلەمان نەچێتە دەرەوە، ئەگەر بەلاتانەوە پەسەند نیە ئەکرێ ئەم کۆبوونەوەیە بکەین بە کۆبوونەوەیەکی داخراو، ئەگەر ئەترسین هەندێجار بەسـەراحەت قسـە لەگـەڵ یـەکتری ناکـەین، بـا دانیشـتنێکی داخـراو بێـت بەس بەردەوام بین لەسەر قسەکردنی لەسەر ئەم بابەتە، چونکە ئەو پاساوەی کە هەیە بـۆ ڕەد کردنـەوە، خـۆ بۆ پەسەند کردنەکەشی بەهەمان شێوە پاساوی خۆی هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمـە ئیجماعمـان نیـە، ئەمە یەکێکە لەو ڕاپۆرتە دەگمەنەی کە تەحەفوزی لەسـەر دروسـت نـەکراوە، یـەعنی ئەمـە مایـەی دڵخۆشـی هەموولایەکمانە، لە لیژنەی یاسایی و دارایی و ناوخۆش، ئەمانە هـەمووی بەڕاسـتی بیروڕایـەکن کـە سـەرۆکی فراکسیۆنەکان نوێنەری پارتە جیاوازەکان ئەکرێ ئەو نیگەرانیانەی کە ئەو بەرێزانە هەیانە، هەرچیەك داوا دەکەن قابیلی گفتوگۆکردنە، بۆ ئێمە هەمیشە وا هەست بکەین کـە دەیبەینـە دەرەوە لـەوێ چارەسـەرەکانمان دەست دەکەوێت، من داوا دەکەم هـەر داواکارییـەك هەیـە، داواکارییـەکان بـەرێزن و لەسـەر سـەرمان پەسـەند دەکرێت، بەڵام با لەناو هۆڵی پەرلەمان یـەکلاییان بکەینـەوە، لـەناو هـۆڵی پەرلەمانـەوە بێـت، ئەگـەر لاشمـان پەسەند نیە، بـا دانیشـتنەکە بکرێـت بەدانیشـتنێکی داخـراو، تـا بتـوانین زیـاتر و ڕاشـکاوانە تـر، لەسـەر ئـەم بابەتە قسە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شاهۆ سەعید، فەرموو.

**بەڕێز د. شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیری کردنم لە بۆچوونی هەردوو هاوڕێم، کوێستان خان و دکتۆر زانا، منیش پێم وایـە زۆر گرنگـە کە درێژە بدەین بە قسەو باس و گفتوگۆ لەسەر ئەم یاسایە، ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە، لەبەر چەند خاڵێـك کە من لەم چەند خاڵەدا پـوختی دەکەمـەوە، یەکـەم: زۆر گرنگـە کـە ئێمـە هاوکـاری دارایـی حزبـەکان بەیاسـا بکـەین، بەیاسـایی کردنـی هاوکـاری دارایـی حزبـەکان ڕێ دەگرێـت لـە تێکـەڵ بـوونی بودجـەی حـزب، لەگـەڵ بودجەی حکومەتدا یان بودجەی تایبەتی لەگەڵ بودجەی گشتیدا، وەکو لەساڵی پار لەکاتی موناقەشە کردنـی بودجەدا زۆر خاڵمان لەو بارەیەوە بەرچاو کەوت، ڕەنگە نیگەرانیەك هەبێت، ڕەنگە ترسێك هەبێت، لەلایـەن هەندێك لە حزبەکانەوە بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە ژمارەی کورسیەکانیان کەمە لەناو پەرلەماندا، کەبـەڕای

من ترسێكی ڕەوایە، چونكە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان، هاوكاری دارایی ئەو حزبانە بكات كە بچووكن، ئەو حزبانەی كە ئەمڕۆ بچووكن ڕەنگە لە دواییدا ببن بە حزبی گەورە، وە پێچەوانەكەشی ڕاستە، واتە پشتگیری كردن لەژیانی دیموكراسی لەكوردستاندا پێویستی بەپشتگیری ئەو حزبانە هەیە كە بچووكن، یان ژمارەی كورسیەكانیان لە ناو پەرلەماندا كەمە، ئەویش بەدیاری كراوی پەیوەندی بەماددەی سێیەم برگەی یەكەمییەوە هەیە، كە ئەكرێت ئێمە ڕێك بكەوین لەسەری بەشێوەیەك كەبەرژەوەندی حزبە بچووكەكان یان ئەو حزبانەی كەژمارەی كورسیان كەمە، بەجۆرێك لەجۆرەكان زامن بكرێت، خاڵی سێیەم: سەبارەت بەڕای حكومەت ئێوە خۆتان دەزانن ئەم پڕۆژە یاسایە ساڵی پار لەمانگی 11 خوێندنەوەی بۆكراوە، واتە لەوكاتەوە دەبوو ڕاو بۆچوونی حكومەتمان بەدەست بگات، بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت، پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2010 زۆر بەوازحی باسی لەوە كردووە، كە حكومەت تۆپەكەی خستۆتە ساحەی پەرلەمانەوە، ئەركی پەرلەمانیشە ئەو كارە بكات، ئینجا حەز دەكەم ئاماژە بەوەش بدەم لەماددەی (14)یاسای ژمارە(17)ی ساڵی 1993 زۆر بەڕوونی ئەڵێت، ئەو بەخشیشەی لە بودجەی هەرێمدا بۆ حزبەكان تەرخان دەكرێت، بەپێی چەند پێوانەیەك دەبێت كە پەرلەمان دیاری دەكات و دابەش دەكرێت، دواخاڵم ئەوەیە، كە لەبیرمان نەچێت دواجار پەرلەمان مەرجەعیەتە، نەك حكومەت مەرجەعی پەرلەمان بێت، واتە پەرلەمان نابێت، هەتا هەتایە لەسەر ڕایەكی حكومەت بوەستێ، واتە پەرلەمان لەسەر هاتنی وەزیرێك بوەستێ، جائەوەشی كە بڕیار دەدات ئەنجومەنی گشتی پەرلەمانە، واتە سەرۆكی حكومەت دەبێ لەم هۆڵە حازر بێت، نابێ سەرۆكی حكومەت لە دانیشتنی داخراودا، لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان بێت، وەژیانی دیموكراتی و عورفی دیموكراتی ئەوە دەخوازێ كە هەم قسەكانی ئێمە و قسەكانی بەڕێز سەرۆكی حكومەت و وەزیرەكان لەناو پرۆتۆكۆلەكاندا تەسجیل بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هەر بۆ ئەوەی ئەخیر گشت سەرۆك فراكسیۆنەكان كە تەمسیلی ئێوە هەمووتان دەكەن، ئەو یاداشتە بەئیمزای هەموویان بووە، لەزمنی ئەوانیش لیستی موعارەزەش، ڕێزدار رەفیق صابر، فەرموو.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەكانی من كران.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار برهان رشید، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پشتگیری ڕەئی هاوڕێکانم دەکەم لەبەر چەند هۆیەك، یەکەمیان: ئەوە یەك ساڵە ئەم پرۆژەیە هەیە لەناو پەرلەماندا، پێویست بوو، ئەم پرۆژەیە یەکلایی بکرێتەوە، بەڵام مـن لەگـەڵ ڕێـز و حورمەتمـدا هەسـت دەکەم دواخستنێکی عەمدی هەبووە، لەزۆر شوێندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر بابەتەکە ڕەئیت چیە، دواخستن نـەبووە، مـەوزوعێکی حەسـاس بـووە، پێویسـتی بـە گفتوگۆ هەبوو، ئێستا لەبەردەستدایە، فەرموو بڕیاری خۆت لەسەر بدە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی خۆپیشاندانیش هیچ ئەهەمێتی لەمە کەمتر نەبوو، بۆ زوو ئیقرار کرا؟ دووەم: بەپێی قـانونی ژمـارە (17)ی ساڵی 1993 مەعایر لەدەسـت پەرلـەمانی کوردسـتانە، نـەك لەدەسـت حکومـەت، سـێیەم: لـەڕاپۆرتی لیژنــەکان هــیچ لایــەنێك تەحــەفوزی نــەبووە، یــەعنی مــن عاجبایــەتیم لــێ دێــت، هەنــدێ بــەڕێز لەســەر خوێندنەوەی تەقریر تەحەفوزی هەبێت، چوارەم: حکومەت یەك ساڵە ئاگاداری پرۆژەکەیە هیچ موبەڕیرڕێك نیە، چونکە (250)ملیۆن دۆلارمان ئیقـرار کـردو وەزیـری سـامانی سروشـتی لێـرە نـەبوو، ئێسـتا بـا وەزیـری دارایـش لێـرە نـەبێ، پێنجـەم: سـاڵی دارایـی تـەواو بـووە، پێویسـتە پـێش بودجـە ئیقـرار کـردن حکومـەت خەرجیەکانی خۆی بزانێ، واتە پێش ئەوەی ئێمە لەسەر بودجە کۆببینەوە، بڕیار بدەین، ئەگەر مەبەسـتێك هەیـە بـۆ ئـەوەی بخرێتـە مـانگی 3 باشـە خـۆ پـێش مـانگی سـێ، ئەگـەر بودجـە ئیقـرار بکرێـت حکومـەت مەبلەغێك دائەنێت ئەبێ ئەو کاتە بگەڕێینەوە بۆ ئەوە، یەعنی قانونەن بـۆ ئـەوەی حکومـەت خەرجیـەکانی خـۆی بزانـێ پێویسـتە ئێمـە پـێش بودجـە ئـەم یاسـایە ئیقـرار بکـەین، شەشـەم: بـەڕێز لەهـەموو یاسـایەکدا سوودمەند و زەرەرمەند هەیە، بەڵام ئەم یاسایە ئەو لایەنانەی کە کورسیان بەدەسـت هێنـاوەو ئەوانەشـی کـە نیوەی دەنگیان هێناوەو ئەوانەشی کە بەکۆتاکان دەنگیان هێنـاوە هـەمووی عـیلاج کـردووە، یـەعنی دەتـوانین بڵێین سوودمەندی زیاترە، تاوەکو زەرەرمەند، ئەوە ڕەئێکە هەموو کەسێکی یاسایی دەزانێ، یاسا هەندێ کەس سوودمەند دەبێت و هەندێ کەسیش زەرەرمەند دەبێت لێی، بەڵام سوودمەندەکان زیاترن، حەوتـەم: هەنـدێ ترس هەیە لەلایەن هەندێ بەڕێزەوە، قسەکەیان ڕەوایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان تکایە مەچۆرە سەر ئەندامانی پەرلەمان، ڕەئی هـەمووتان موحتـەرەمـە، تـۆ بـەس شـەرحی ئـەوە بکە، کە سەبەبە گرنگەکانت باشترە لەوەی کە باسی کەسێك بکەیت، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئـەوەی کـە تەحـەفوزی لەسـەرە مـاددەی سـێیەم بڕگـەی دووەم و مـاددەی سـێیەم بڕگـەی سـێیەمە، دەربارەی حزبێك کە نیوەی دەنگی هێنابێت، ئەبێ نیوەی وەربگرێت، یان حزبێك بەکۆتا بێـت نیـوەی ئـەو

پارە وەربگرێت، فەیدی چیە بائەویش بکرێت بە پارەی کورسیەك، ئەگەر وەکو حزبەکانی تر کە دەنگیان هێناوە، ئەگەر ترسیش لەسەر مەبلەغەکە هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم مەبلەغە ببێت بەجێگای گفتوگۆ، فەیناکە باکۆبوونەوەکە داخراوبێت وپێش ئەوە بیخەنە دەنگدانەوە، هیچ موبەڕیرێك نیە بۆ دواخستنی، ئەگەر دواش دەخرێت بەڕای من دوای سالێك هەر ئەکرێت تەئجیل بۆ ئەمڕۆ بێت وبگەینە نەتیجە، سەرۆکی حکومەت دێتەوە موشکیلەمان نامێنێ، ئەگەر هەر تەئجیلیش دەکرێت با جەنابت تەحدیدی کاتەکەی بکەیت، تەئکید ئەکەمەوە لەسەر قەسەکانم تەنها بۆ ماوەی 2 ڕۆژ بێت، پێش پشووی 1/1 لەبەر ئەوەی بەڕاستی پێش ئیقرار کردنی بودجە، پێویستە حکومەت خەرجی خۆی بزانێ، ئەمە عورفە لەهەموو دونیادا، بۆیە با ئەو خالە نەبێت بەزیاد کردنی ئیلتیزامێکی تری مالی ئەوکاتە پێچەوانە دەردەچێت ئەگەر بودجە پێش ئەمە ئیقرار بکرێت، پێچەوانە دەردەچێت لەگەڵ دەقی ماددەی (83)لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەدنان ئەگەر نیزامیە ڕێگات پێدەدەم، ئەگەرنا تۆ قسەی خۆتت کردووە، باشە، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە نیزامیە، لەبەر ئەوەی وەڵامێکی ئەو قسەی جەنابت بوو، کە وتت لەلایەن هەموویانەوە ئیمزا کراوە، ئەگەر ڕێگام بدەی یەك دەقە قسە بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە ئەوە نیزامی نیە، ئەگەر ئیجازە بدەیت من ڕوونی دەکەمەوە، هەر بۆ زانینتان، بەڕێزان داوایان نەکردووە کە تەئجیل بکرێت، بەڵکو داوایان کردووە دانیشتنێکی بەپەلە بکرێت، لێرە داوایان کردووە، ئێمەش داوامان لەحکومەت کرد، بەڵام سەرۆك و جێگرەکەی بەکارێك لەهەرێم نین بۆیە، باشە فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم خالە زۆر زۆر گرنگە، بمبوورە جەنابی سەرۆك، لەبەر ئەوەی دوور ونزیك قسە لەسەر ئەوە نەکرا کە لەو دانیشتنە لەگەڵ سەرۆکی حکومەتدا دوا بڕیار بدرێت، دوا بڕیار لێرەوەیە، تەنها لەگەڵ حکومەت و لایەنەکان وتمان فورسەتێك هەیە تا ئەوەندەی بەرنامەی کار دێتەوە، تەشاور بکەین، یەعنی دانیشتنێکی تەشاوری بێت، نەك ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دروستە سوپاس، ڕاست دەكەی، ڕێزدار خەلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی حزب ئەداتێكی كۆمەڵی مەدەنیە، ئەمە یەك، دووەم: هەر وەك لە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا هاتووە، هیچ گفتوگۆیەكی ڕەسمی، لەگەڵ حكومەتدا نەكراوە، سەبارەت بەوەی كە حكومەت ڕەئی خۆی بدات، هەروەك چۆن بووە بەعورف لەم پەرلەمانەدا، لەزۆربەی زۆری ئەو یاسایانەی كە باری داراییان دەكەوێتە سەر، تەبەعاتی داراییان دەكەوێتە سەر، دەبێ ڕاوێژ بەحكومەت بكرێت، خاڵێكی تر، ئەم یاسایە، یاسایەكی گرنگە، ئێمە وەكو لیستی كوردستانی لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەكانیشدا ئەمە بە وەرچەرخانێكی گەورەی دەزانین لەهەرێمی كوردستان، لەبەر ئەوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنمان بۆ كردووەو بەیاسایەكی گرنگی دەزانین، لەبەر ئەوەی مەبەست لە تەمویل كردنی ئەحزاب دوو هۆی سەرەكیە، یەكەمیان: پەرەپێدان و گەشە پێدانی گیانی فرە حزبی و تەعەددودی حزبیە لەهەرێمی كوردستان، خاڵێكی تر، ڕێگرتنە لەهەر حزبێكی كوردستانی كە پەنا بۆ هەر سەرچاوەیەكی دەرەكی ببات، كە ئەمە دوو هەدەفە، من پێم وایە زۆر زۆر گرنگە بۆ هەرێمی كوردستان، دێمەوە سەر خاڵی یەكەم، مادام مەبەست لێی گەشەپێدانی پرۆسەی دیموكراسیە لە هەرێمی كوردستان لەڕاپۆرتەكەدا ناوی ئەو حزبانە نەهاتووە، كە لەوانەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەهەر هۆكارێك بێت بەشدارییان نەكردووە، لەوانەشە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان تەشكیل بووبن، یان لەهەڵبژاردنەكاندا دەنگیان نەهێنابێ، من پێم وایە ئەم یاسایە یاسایەكی گرنگە، ئێمە نابێ چاو لە وڵاتانی تر بكەین، ئەم یاسایە بۆ هەرێمی كوردستانی دادەڕێژین، بۆیە پێویستە ئەم حزبە بچووكانەش بگرێتەوە، بەتایبەتی ئێمە لەدانیشتنێكداین كە ئەمڕۆ برا مەسیحیەكانیش ئەمڕۆ لێرە وجودیان نیە، هەروەها جەژنیانە، حەقە ئێمە بەتەواوەتی ڕەئی ئەوانیشمان لابێت، بۆیە من پێم وایە، ئەگەر بێت و ئێمە پەلە لەدەركردنی ئەم یاسایە بكەین، لەوانەیە درزێك بكەوێتە ناو ئەحزابی سیاسی لەهەرێمی كوردستاندا، بۆیە پێم باشە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان ئەو مەسئولیەتە هەڵنەگرین، ئەم یاسایە دوابخەین بۆ كاتێكی تر، بەشێوەیەكی وردتر و بەپرس وڕای هەموولایەك ئێمە ئەم یاسایە تێبپەڕێنین، چونكە تەجروبەكەمان ناحەزی زۆرە، هەروەها دەستی دەرەكی زۆر هەیە ئەیانەوێت ئەم تەجروبەمان لێ تێك بدەن، بۆیە هیواداریین كە پرس وڕایەكی زۆر ورد بە ئەحزابی سیاسی بكرێت، پێشم وایە هیچ حزبێك لەسەر مەسەلەی بودجە یەكی نەكەوتووە، زۆر لە حزبەكان ئێستا سولفە وەردەگرن، من بەش بەحاڵی خۆم دیفاع لەوە ناكەم كەپارتی و یەكێتی، چەندی بۆ دابندرێت یان یەكێكی تر ئەوەندەی بۆ دابندرێت، كە ئەمە سەروەت و سامانی میللەتە، بۆیە بەشێوەیەكی دادپەروەرانە دابەش بكرێت، حزبەكانیش بۆ پەرەپێدانی گیانی فرەیی لەهەرێمی كوردستان حسەیان هەبێت لەو سەروەت و سامانەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شهاب، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باوەڕ دەکەم کە هەموومان کۆکین لەسەر گرنگی ئەم یاسایەو دەرچواندنی و ڕێکخستنی، چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە گرنگە لەچوارچێوەی یاسایەکدا، کەس موخالەفەی لەسەر ئەوە نیە، بۆیە ناگەڕێمەوە سەری، بەتەسەوری من ئەم یاسایە بۆ دوو مەبەست گرنگە و بۆ دوو مەبەست دەردەچێت، یەکەمیان: بۆ دانانی ڕێ و شوێنە لەگەڵ حکومەت لەسەر ئەو (90)ملیار دینارەی کەوا لەساڵی ڕابردوودا وەکو لەیاسای بودجەدا هاتووە، کە بەپێی پێوەرەکان ڕێك بخرێت، دووەمیان: لەئایندەدا چۆن هاوکاری حزبەکان بکرێت، من لەگەڵ ڕەئی ئەو سێ بەڕێزەم و حەزیشم ئەکرد بەسێ ڕەئی ئەصڵی حساب بکرێت، وە دوو کەسی تریش ئیزافە بکرێت، چونکە ڕەئەکەیان زۆر بە دوورو درێژی باس کرد، هەوڵ دەدەم کەوا دووبارەی نەکەمەوە، من پشتگیری ڕەئیەکەی ئەوان دەکەم، ئەم هۆیانەی خوارەوەش پشتگیری ئەوە دەکەم کەوا ئەم گفتوگۆیانە دوا بخرێت، یەکەم: ڕەئی ئەو بەڕێزانە هەر یەکەیان وەکو ئەندامی پەرلەمان و هەر یەکەشیان لە پێکهاتەیەکی گرنگی سیاسی و پێکهاتەی پەرلەمان بوون، دووەم: گرفتێك هەیە، خەریکە هەموومان تەجاوزی دەکەین، خەریکە لەڕووی ڕاگەیاندن و لەڕووی ناو کۆمەڵگاشەوە خەریکە شتێکی تر دروست بێت، هەرێم ئێستا لە ئەزمەیەکی گەورەدایە لەگەڵ مەرکەز لەسەر میزانیەی ساڵی 2011، ئێمە موهەدەدین بەوەی کەوا بڕێکی زۆری میزانیەی ئێمە کەم دەکرێتەوە، ئێمە ئەمڕۆ هەستین لێرەوە بڕیارێك لەسەر حکومەت بکەین بەماڵ و مەبلەغێك لەبودجە بۆ حزبەکان دابنێین، و بەیانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی نەگەشتنە ڕێککەوتنێکی وا کە ئەصڵەن توانای جێبەجێ کردنی دارایی ئەم میزانیەی هەبێت، یاخود بودجەی هەرێم بەو شێوازەی کە هەیە لەوەش کەمتر بکرێتەوە، لەحاڵەتێکدا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کاریگەرییان لەسەر بکرێت، ئێمە هەستین خەریکی بەخشینەوەی بودجە بین بەسەر حزبەکاندا، ئایا ئەمە چۆن بۆ پەرلەمان لێك دەدرێتەوە؟ بۆیە ئەصڵەن کاتەکەی، ئەگەر بەتەنها لەسەر ئەو گرفتەش بێت من بەگونجاوی نازانم تاکو گرفتی هەرێم لەگەڵ مەرکەزدا یەکلایی نەبێتەوە، گفتوگۆ لەگەڵ حزبەکان، بەڕای من حزبەکان وەکو هەموو پێکهاتەکانی تری کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگای مەدەنین، پێکهاتەیەکی سیاسین، زاهیرەیەکی سیاسین، نیشاندانی ڕوویەکی وا کەوا حزبەکان، وەکو ئەوەی کەوا قەدەغە بێت گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، یاخود ڕەئیان وەربگیرێت، بەڕای من بیرکردنەوەیەکی دروست نیە، ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ لەناو ئەم هۆڵەدا دانیشتووین، دەرئەنجامی خەباتی حزبە شۆڕش گێڕەکانی کوردستانە، دەرئەنجامی قوربانیەکانی ئەوانە، هی ئەو شۆڕشگێڕانەی کەوا لەو حزبانەدان، ئەمانە بەشێکن، بۆیە من بە پێویستی دەزانم ئەگەر ئێمە هەر یاسایەك بۆ هەر توێژێك یان چینێك بۆ هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا دەردەکەین، زۆر کارێکی جیاوازە کەوا گفتوگۆ لەگەڵیان بکەین، وەکو کۆمەڵێك لەو یاسایانەی کەدەرچوون، هی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی، هی ڕێکخراوی زیندانیانی سیاسی، هی پەککەوتووەکان، یان هەر کۆمەڵێکی تر، بۆچی ئەصڵەن من بەگرنگی دەزانم و پرسیار ناکەم، بە گرنگی دەزانم کەوا گفتوگۆ، لەگەڵ حزبەکان بکرێت، بەتایبەتی ئەو حزبانەی

کەوا لەپەرلەمانیشدا بوونیان نیە، هەندێ مەسائیلی تر لە پێوەرەکان ڕەنگە وا ئاسان نەبێت کەوا بەخێرایی بەسەریدا تێپەڕ ببین، ئیئتلافەکان، ئەو پێکهاتانەی کەوا وەکو ئیئتلاف لەپەرلەماندا مەوجودن، ئایا مامەڵەکردن لەسەر داهات یاخود بەخشینی مینحەکان لەگەڵیاندا چۆنە، بۆیە من بەپێویستی دەزانم کەوا ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ ئەو خاڵانەی کەوا پێشتریش باسکران دوابخرێت بۆ کاتێکی تر وە خۆشمان نەبەستینەوە بە دەقیقەیەك یان بە سەعاتێکی موعەینەوە، نە بۆ ئەوە کەوا ماوەیەکی کراوە هەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی کەوا بتوانین ئیلتزام بەوە بکەین و موەفەق بین لەو حیوار و گفتوگۆیانەی کەوا پێویستە لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەی کە باسم کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، هەر ڕوونکردنەوەیەك کە هەبێ، ئێمە دەزانین فراکسیۆنەکان خۆتان نوێنەری حیزبەکانن، لەگەڵ حیزبەکانی تریش و لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ دەکەن، زۆر تەبیعیە، بەڵام بەرنامەیان بێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان بیکاتە بەرنامە ناکرێت، ئێمە ئەو ئسوڵەی لەبەردەستمانە لەسەر ئەو ڕێگایە دەڕۆین، ڕێزدار فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێز و دەست خۆشیم بۆ ئەو لیژنانەی کە زۆر کاریان لەسەر ئەم خاڵە کردووە، هەمووشمان هاوڕاین لەسەر گرنگی ئەم پرۆژەیە، هەموو فراکسیۆنەکان باس لە گرنگی ئەم پرۆژەیە دەکەن، بەڵام مەسەلەی میزانیەی حیزب و قەوارە سیاسیەکان، بە حەقیقەت دیارە ئێمە لە کوردستان تەنها ئەوعەدەدە خەڵکە نین کە لێرە نوێنەری حیزبەکانین پێموایە زۆر ئەحزابی تر لە کوردستان هەیە کە حیزبی خەباتگێڕی سەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی بوون، تەزحیە و قوربانیشیان داوە، بەڵام ئێستا نوێنەریان لەناو پەرلەمانی کوردستان دا نیە، بۆیە منیش لەگەڵ پشتگیریم بۆ ڕەئی ئەو بەڕێزانە بۆ دواخستن، چونکە هیچ لایەکمان باس لەوە ناکەین کە ئەم خاڵە یان پرۆژەیە رەفز بکرێت، باس لە دواکەوتنی دەکرێت، لە تاخیر بوونی بۆ دەوڵەمەند بوونی ئەم پرۆژەیە و حیساب کردنی زیاتر بۆ هەموو حیزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من پێشنیار دەکەم لە کاتێك دا کە بودجەی حیزب و قەوارە سیاسیەکان دیاری دەکرێت نوێنەری ئەو حیزبانەش کە نوێنەریان لەناو پەرلەمانی کوردستاندا نیە لێرە نوێنەریان هەبێت، خاڵێکی تر باس لەوە دەکرێت کە ئێمە دەڵێین گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت، لێرە بۆ بەرچاو ڕوونی هەموو ئەو بەڕێزانە مەبەست ئەوە نیە حکومەتی هەرێم لە جیاتی پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدات، ئێمە لەسەر بودجەی ساڵی 2010 زۆر موناقەشەمان

لەسەر مووچەی پێشمەرگە و شورتە و ئاسایش كردووە و پێموایە هەموو فراكسیۆنەكان هاوڕا بووین لەسەر ئەوەی كەوا مووچەی پێشمەرگە و شورتە و ئاسایش چارەسەر بكرێت، بەڵام وەزیری دارایی و ئابووری لێرە تەئیدی ئەوەی ئێمەی نەكرد، لەبەرئەوەی میزانیە لەبەردەست حكومەتە نەك لەبەردەست پەرلەمان، پەرلەمان تەنها موناقەشەی یان تەئیدی شێوەی سەرف كردنی بودجەكان دەكات، نەتوانرا چارەسەری مووچەی پێشمەرگە بكرێت، بۆیە لێرە مەبەست ئەوەیە كە گفتوگۆی زیاتر لەگەڵ حكومەت بكرێت بۆ ئەوەی ڕای حكومەت وەرگیرێ و چەند دەتوانرێ، خاڵێكی تر كە ئاخر خاڵمە، ئێمە هەتاوەكو ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان نەیتوانیوە میزانیەی خۆی و بودجەی خۆی لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ لە بەغدا یەكلابكاتەوە، یەعنی ئێمە لەسەر پێوەرێك ئێستا بتوانین كە پێموایە دەیان گرفتی تر لە كوردستان هەیە، هەروەكو ساڵانی ڕابردوو سولفە بدرێت بە هەموو ئەو حیزب و قەوارە سیاسیانەی كە لە كوردستان هەیە هەتا ئێمە كێشەی بودجەمان لە حكومەتی ناوەندی یەكلادەبێتەوە، ئەو كات ئێمە دەتوانین لەسەر كێشە ناوخۆییەكانی خۆمان یان لەسەر تەقسیمی ئەو بودجەیەی كە دێتە هەرێمی كوردستان قسەی لەسەر بكەین و موناقەشەی بڕینەوەی یەكجاری لەسەر بكرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جێگای خۆشحاڵیە كە بتوانین لە پەرلەماندا لەسەر بابەتێكی وەها هەستیار و گرنگ قسە بكرێت، لەبەرئەوەی لەوانەیە لە فەراغی ئەم یاسایە یان نەبوونی ئەم یاسایەدا بە جۆرێك لە جۆرەكان هەندێك زیانمەند بوو بن، هەندێك قازانجیان لە نەبوونی ئەو یاسایە كردبێت، جا بۆیە بە تایبەت باس لە ئەحزابە سیاسیەكان دەكەین لە هەرێمی كوردستاندا ئەگەر باوەڕمان بەوە هەیە كە ژیانی سیاسی لە هەرێمی كوردستان هەبێت، باوەڕمان بە فرەلایەنی سیاسی هەبێت لە هەرێمی كوردستان و بتوانین پەرەی پێ بدەین، بۆ ئەوەی ئەزموونێكی سیاسی زیاترمان هەبێت لە هەرێمی كوردستان، جێگای خۆیەتی كە بتوانین بە ئازادنە باس لەو مەوزوعە بكەین و قسەی لەسەری بكەین بە تایبەت كە لێرە دا باس لە كورسی پەرلەمانیە، ئەسڵەن هەندێك ئەحزاب و لایەنی سیاسی هەیە لە هەرێمی كوردستاندا كەوا بەشداریەكی دیار و بەرچاویان هەبووە لە خەباتی رزگاری خوازی میللەتی كورد، لەوانەیە لە سەردەمێك دا بوو بێت كە زۆر كەس بەلایەوە زەحمەت بوو بێت تەنانەت ناوی پێشمەرگەشی هێنا بێت، بە جۆرێك لە جۆرەكان نەیتوانیوە لەو هەڵبژاردنانەی كە بۆ پەرلەمانی كوردستان، كۆمەڵی هەڵبژاردنی دیكە دەكرێت نەیتوانیوە ڕێژەی دەنگی پێویست بێنێت بۆ كورسیەكی پەرلەمانی، یان لەوانەیە هەندێك ئەحزابی سیاسی هەبن پێكەوە هاوپەیمانەتیەكیان دروست كردبێت بۆ ئەوەی بتوانن بێنە پەرلەمانەوە، ئایا چارەسەری ئەمانە

چی دەبێت؟ جا بۆیە بابەتێکی ئاوا هەستیار و گرنگ و پێویست، پێویستی بە قسە کردنی زیاتر و موناقەشەی زیاتر هەیە، جا ئێمە بۆچی بە حەساسیەتەوە باس لە حیزب لە پەرلەمانی کوردستاندا بکەین، ڕاستە پەرلەمان جیایە و حیزبیش جیایە، بەلاّم دواجار ئێمە هەریەك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان خاوەن باگگراوندێکی سیاسین، خاوەن حیزبێکی سیاسین بە مافی خۆشمانی دەزانین کە دیفاع لەو حەق بکەین، جا من پێموایە حیزبیش ئەو دێوە زمەیە نیە کە هەمووومان لێی بترسێین و نەتوانین لە شوێنێکی ئاوا پیرۆز دا باسی لێوە بکەین، حەقی خۆمانە کەوا باسی لێوە بکەین و بە تایبەتی کە وەکو گوتم مەوزوعەکە باس لە کورسی پەرلەمانی بێت، ئەمەش ترسی هەندێك حیزب نیە لەوەی کەوا کورسی کەمی بە دەست هێناوە لەبەرئەوەی ترسی هەندێ حیزب بێت، بەلاّم قسە کردن لەسەر ئەوەیە کە کۆمەلێ ئەحزابی دیکەمان هەیە و نەیتوانیوە ڕۆژێ دەنگی پێویست بێنێت، ئەوانەش نابێ بەڕاستی پشگوێ بخرێن لەبەرئەوە لە قۆناغێك دا ئەوان بەشداریان لە خەباتی سیاسی کردووە، وەکو گوتم ئەسلّەن هەندێك کەس لەوانەیە جورئەتی ئەوەی نەکردبێت کە باسی شۆڕش بکات و باسی خەبات و تێکۆشان بکات، جا لەبەرئەمانە من پێم باشە پرۆژەکە تەئجیل بکرێت، بەلاّم بۆ مودەیەکی زەمەنی کورت بۆ ئەوەی بتوانری قسەی زیاتری لەسەر بکرێت و گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی کۆ دەنگیەکی لەسەر دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕێکخستنا هاریکاریەت حیزبا ب یاسا ل چارچێڤەیەکا کو هەمی فراکسیۆنی پەرلەمانی سەرکو کەن بۆ هەندێ کو ئەڤ هاریکاریا ب یاسا بێتە پەسەند کرن، باشترین بۆ هەندێیە کو پرۆژا یاسایێ هاتینە پێشکەش کرن یەکیش ژوان فراکسیۆنا کوردستانیە، لێ ئەو تشتێ کو ئەڤرۆکە مە نیقاشێت ئەڤرۆکە دا دیت، لگوڕ ئاخافتنێت دێت هەندەك بەڕێزێت فراکسیۆنێت پەرلەمانی گروڤە بۆ هەندێیە کو ئامادە سازیێ و زەمینە سازی بۆ هەندێ نەهاتیە کرن کو ئەڤروکە موناقەشە لسەر ڤێ پرۆژە یاسایێ بێتە کرن و بوویە جهێ دلێ نارەحەتیێ و دلێ ترسیا  وان کو پێتڤیا ئەم ڕاستیانە و ئیحترا‌ما وەکی پەڕانیا زۆرینەیت کورسیێ پەرلەمانی، ئەڤرۆکە چ وەك فراکسیۆنا کوردستانی چ وەك گۆڕان کو ئەڤرۆکە پەڕانیا کورسیەت پەرلەمانی ببینی، دە جهێ ڕێزێ دلێ نارەحەتی و دلێ ترسیە و وان فراکسیۆنی تر بگرین و گفتوگۆیەت پتر تر سەر وی بابەتی بێتە کرن، ژ لایەکی تر ئەمە ژ دەرڤەیێ پەرلەمانێ کوردستانێ مە دوو نەوعی دی تر یەت پارتیەن سیاسی هەنە هەندەك ژوان ئەو پارتینا خەبات و شۆڕش کریە، زۆر درێژ و بەردەوامیەت هەی ، هەتا نوکە ژی ئەو پارتیەت بەردەوامی، لایەنێکی تر ژی مە هەین ئەو ئەحزابێت کوردستانیەت کو ژ لایێ

قانونی ڤە ئیجازە هەی، ئەڤروکە لپەرلەمانێ کوردستانێ دا چ کورسی نینە، بۆ هەندێ کو، ئەڤ ڕاوێـژ کرنـا کـو حـەتا لسـەر داخازیـا فراکسیۆنێت تێت پەرلـەمانێ هاتیـە کـرن، کـو د ڕاوێـژ کرنـەکا لەگـەڵ حکومـەتا هەرێمێ ژی بێتە کرن و دگەل هەندێ لایەنی دی تر ئەڤە نەهاتیە کرن، یەعنی ئەڤە پـەیتڤیا ڕاوێـژکاریێ پتر بێتە کرن، حەقی وان لایەن ولایەنێت سیاسی تـێ درەڤـەیێ پەرلـەمانی ژی پـتر ئـەم دڵ نارەحـەتیا وان ئەڤرۆکـە بیـنین موناقەشـەی لسـەر بکـەین، بـۆ هەنـدێ کـو مومارەسـە ژیانـا دیموکراسـی ل کوردسـتانێ ببەرفرەیی بێتە کرن، پێتڤیا بە فرە حیزبی و فرە لایەنیێ، ڕێزگرتن بۆ وان پارتیـا، بـۆ هەنـدێ ژی کـو چ لایەن موتەزەرر نەبن، ئەز دبینم پەیتڤیا هێشتا گەشە بێنە کرن و پتر تر فراکسیۆنێت پەرلـەمانی دگەل نوێنەرێت ئەحزابێ تر موناقەشـە بکـەن، ئـەز قـەد دگـەل هەنـدێ نیمـە کـو ئـەڤ یاسـایە، پەرلـەمان ڕاسـتە پەرلەمان جهەکێ سەربەخۆ وە، جهێ قەرارێ یەو ، گرنگی دای چ هەندێ نینە کو ئـەحزابێ سیاسـی بهێنـە تێدا، بەس ئەڤ یاسایە گرێدایەت مەسـیرێ ئـەحزابا دا، وەختـێ گـرێ دابێـت مەسـیرێ ئـەحزابێ د ئـەحزابا پەیتڤیا ڕاییێت ئەحزابێ سیاسی بهێتە وەرگرتن، پەیتڤیا لایەنێ کو هەمی مەسیرێ سبەی خەباتا وی دسەر وێ ئەساسێ دیتە کرن و چالاکیەت بەرفرەه پتر ل بێتە کـرن، لازمـە ئـەم ڕایـا وان وەربگرینەڤـە، یـا چۆن ڕێکخراوەکا جڤاکێ سیڤیل کو ئەڤروکە بۆ هەندێ میزانیەت بهێتە دانان، چـەوا پارتیـەکا سیاسـیا دەرڤـەی پەرلەمانێ ژی ئەمما هزر هەندێ نەهاتیە کرن کو د چەوانیت چارەسەریا ئاریشـەیەت وان هـەتا ژ لایـەنێ ئیداری و کارگێڕی با ئەم بیکەینەڤە. چونکی ئەگەر ئـەم بـە بـەرفرەهی هـزر دوێ چـەندێ ژی نەکەینەڤـە ئیحتمالـە د ئـەو ژیـانێ بـەرفرەیا سیاسـی کوردسـتانێ دێ بـەرەڤ کزیـەکی دچیت و ئیحتمالـە ژی لایـەنی دەرەکی د خۆ دگەهینێ و هاریکاریەت ماددی ئەم دزانین بـۆ هەنـدێ کو لهەرێما کوردسـتانێ لایـەنێ وێـی سیاسی بەرەڤ لاوازی ببەن و دەستێ خۆ بگەنینە ئەو هاریکاریەت ماددی بدەنێ و ، چونکە ئەڤ ترسا لەناوا هەی، چونکێ ترسە لسەر فراکسیۆنێیت دیەت پەرلەمانی ئەوێ خـودان کـەم کورسـی هـەن، ئـەز دبیـنم کـو پەیتڤیا بێتە تەئجیل کرن و پتر ئامادەکاری و زەمینە سازی لەسەر ڤی بابەتێ بهێنە کرن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس بـۆ گشـت ئێـوەی بـەڕێز، بـەڕێزان بـەس مـن نـاوی کـاك بـلال سـلێمانم بـە نـاوی جـلال سـلێمان خوێندمەوە بۆ ئاگاداریتان، ئەویش لەگەڵ پرۆژەکەیە و ئیمزای کردووە، ئێستا دەنگدانە و قسە تەواو بوو، هیچ موداخەلەیەك نیە رجائەن، پێشنیارێك هەیە بـۆ دواخسـتنی بـۆ پـێش بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، یەعنی وا بکەین کە وەختی بودجە دانرێ یاساکە دەرکرابێت، دوو ڕۆژ نیـە و پێشـنیارەکە وا نـەبوو، ئـەو بەڕێزانە کردیان، بۆ وەختێکی تر، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمڕۆ دوابخرێت بـۆ کـاتێکی مونـاسـب؟ تکایـە دەسـت بەرز بکەنەوە؟ 56 بەڕێز لەگەڵە دوابخرێت بۆ کـاتێکی مونـاسـب، کـێ لەگـەڵ دانیـە پـێش میزانیـە؟ تکایـە لەناو تەسویت نوقتەی نیزامی نیە، رجائەن، کێ لەگەڵ دانیە و دەیەوێ ئێستا بەردەوام بین لـە گفتوگۆکـە تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە،؟ 36 بـەڕێز لەگـەڵ دانیـە، دواخـرا بـۆ کـاتێکی مونـاسـب، بـەڕێزان ئێسـتا دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ بەیانی سەعات 11، تا ئەو کات بە خواتان دەسپێرم، بەخێر بچن.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

د. ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (21)**

**سێ شەممە رێكەوتی 28\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (21)

## سێ شەممە رێكەوتی 2010/12/28

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەرۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2010/12/28 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (21)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2010/12/28 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ له هەرێمی کوردستان.**

**2ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژماره (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو له هەرێمی کوردستان.**

**3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری له هەرێمی کوردستان.**

**4. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان له هەرێمی کوردستان.**

**5. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.**

**6ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**7ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (21)، رۆژی دانیشتن (2010/12/28)، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماره (21)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێککەوتی (2010/12/28)دا بەو شێوەیە بێت:**

**1. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بووژاندنەوەی پێشخستنی کشتوکاڵ له هەرێمی کوردستان.**

**2ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای کاروباری شارستانی ژماره (65) لە ساڵی 1972ی هەموارکراو له هەرێمی کوردستان.**

**3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری له هەرێمی کوردستان.**

**4. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان له هەرێمی کوردستان.**

5- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کشتوکاڵ دەکەین کەرەم بکەن بێنە سەر مەنصە، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکانتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسا دەربارەی پرۆژەی یاسای پەرەپێدان و بووژاندنەوەی کشتوکاڵتان بۆ دەخوێنمەوە.

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسای پەرەپێدان و بووژانەوەی کشتوکاڵ

لیژنەی کاروباری یاسایی سەر لە بەیانی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی 4/ڕەزبەر/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/9/26ی زایینی کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسایی (پەرەپێدان و بووژانەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان – عێراق).

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ببوورن، ئەگەر پرۆژەکە بخوێنن، پاشان راپۆرتی لیژنەی یاسای بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی تەسجیل بێت، کەرەم بکە بە عەرەبیەکە بخوێنەوە.

بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

مشروع قانون تطوير وانعاش الزراعة في اقليم كوردستان

المادة الاولى:

بقصد الاهتمام بالقرى، تقرر مايلي:

1- على الحكومة ان تقوم بفتح مديرية لحفر الابار الارتوازية في جميع الاقضية والنواحي.

2- يجب على الحكومة تأمين الات الحفر من نوع الثاقبات (دريل) وباعداد كافية لتلك المديريات لحفر الابار اللازمة.

3- تؤلف لجنة في كل مديرية لدراسة حاجات الفلاحين لتلك الالات.

4- تحفر ابار ارتوازية وبعدد ضروري من نوع الابار المحفورة بالدريل في كل قرية بهدف انقاذ الاراضي الزراعية من مشاكل القحط وانقطاع الامطار تشجيعاً للفلاحين.

5- تحفر تلك الابار للفلاحين مجاناً ودون مقابل.

6- تقوم اللجنة الواردة في الفقرة (3) بهذه الاعمال بالتعاون مع مجالس القرى.

7- يجب انجاز حاجات القرى من الابار الارتوازية لاعمال الفلاحة خلال سنة واحدة من تاريخ صدور هذا القرار.

المادة الثانية:

لغرض الاهتمام بالزراعة في القرى، تقرر مايلي:

1- على حكومة الاقليم ان تقوم ببناء معمل واسع في الاقضية والنواحي لصناعة البيوت الزجاجية والبلاستيكية الزراعية، لايقل انتاجها الشهري عن (100) بيت زجاجي.

2- توزيع تلك البيوت الزجاجية من قبل الحكومة على طالبيها من الفلاحين.

3- تتحمل الحكومة نصف الكلفة، وتسترجع النصف الباقي من القرض من الفلاحين بموجب تعليمات صادرة من وزارتي الزراعة والمالية.

المادة الثالثة:

يجب اسعاف جميع طلبات الفلاحين لهذه البيوت الزجاجية خلال (18) شهراً من تاريخ صدور هذا القانون.

الاسباب الموجبة

يمتلك اقليم كوردستان اراضي خصبة لم تستغل لحد الان كما يجب، لذا وجب اسداء العون الى الفلاحين من سكنة القرى بجميع الوسائل الممكنة بهدف تطوير هذا القطاع الهام من الاقليم ليتحول الى المصدر الرئيسي لتأمين حاجات ومتطلبات سكنة اقليم كوردستان، بالجهود الوطنية وبوسائل الاعتماد على النفس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كەرەم بكە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی پرۆژەكە بە زمانی كوردی دەخوێنینەوە:

بابەت/ پرۆژە یاسای پێش خستن و بووژاندنەوەی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان

ماددەی یەكەم:

بە مەبەستی گرینگیدان بە گوندەكان بڕیار درا:

1- پێویستە حكومەت لە هەموو قەزاو ناحیەكاندا بەڕێوەبەرایەتی لێدانی بیری ئیرتیوازی بكاتەوە.

2- پێویستە حكومەت ئامێری بیر هەڵكەندنی پێویست لە جۆری درێل بە ژمارەیەكی تەواو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە دابین بكات.

3- له هەر بەڕێوەبەراتیەك لیژنەیەك دروست دەكرێت، بۆ لێكۆڵینەوە لە پێداویستی جوتیاران بۆ ئەو بیرانە.

4- لە هەر گوندێكدا ژمارەی پێویست بیری ئیرتیوازی لە جۆری ئامێری درێل لێدەدرێت، بەجۆرێك زەویەكان لە كێشەی بێ ئاوی رزگار بكات و ببێتە هاندەرێك بۆ جوتیاران.

5- لێدانی ئەو بیرانە بۆ جوتیاران بەبێ بەرامبەر دەبێت لە هەر جۆرە نرخێك.

6- لیژنەی خاڵی (3) بە هاوكاری ئەنجومەنی گوندەكان ئەم كارە دەكات.

7- پێویستە لە ماوەی یەك ساڵدا لە دەرچوونی ئەم بڕیارەو، پێویستی گوندەكان بۆ بیری ئیرتیوازی بۆ كاروباری كشتوكاڵی تەواو كرا بێت.

ماددەی دووەم:

بە مەبەستی گرینگیدان بە كشتوكاڵ لە گوندەكاندا بڕیار درا:

1- پێویستە لەسەر حكومەتی هەرێم لە قەزاو ناحیەكاندا كارگەیەكی فراوان دروست بكات، بۆ دروست كردنی خانووی شووشەیی و پلاستیكی كشتوكاڵی، كە لە مانگێكدا بەرهەمەكەی لە (100) خانووی شووشەیی كەمتر نەبێت.

2- ئەم خانووە شووشەییانە بەسەر ئەو جوتیارانەدا دابەش بكات، كە داواكاری ئەم جۆرە خانووەن.

3- حكومەت نیوەی مەسرەفی تێچوون لە ئەستۆ دەگرێت، نیوەكەی تریشی بە قەرز لە جوتیار وەردەگرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ و دارایی.

ماددەی سێیەم:

پێویستە لە ماوەی (18) مانگدا تەواوی داواكاری جوتیاران بۆ ئەم جۆرە خانووە جێ بەجێ بكرێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە.

هۆیەكانی دەرچوونی ئەم یاسایە

هەرێمی كوردستان زەویەكی بەپیتی كشتوكاڵی هەیە، كە تاكو ئێستا وەك پێویست بەكار نەهێنراوە، بۆیە پێویستە بەهەموو شێوەیەك هاوكاری جوتیارە گوندنشینەكان بكرێت، بۆ پێش خستنی ئەم كەرتە گرنگەی هەرێم، كە ببێتە سەرچاوەی سەرەكی دابین كردنی پێداویستیەكانی خەڵكی كوردستان بە ئاراستەی پشت بەخۆبەستن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی زراعە كەرەم بكەن ڕاپۆرتەكەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیەك هەیە بۆ ئەو خوشك و برایانەی پەرلەمانتار هەڵەیەك هەیە لە مەسەلە، کە نووسراوە سەدان، نزیکەی سەدو پەنجایە لە ئەسڵدا، بە هەڵەی مەتبەعی نووسراوە سەدان، داوای لێبوردن دەکەم، لە ماددەیەکیش هەیە نووسراوە لە خاڵی چوارەمدا لەماددەی (17) نووسراوە پرۆژە یاسای دەستووری هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرت سەبارەت بە یاسای ((پێشخستنەوەو بووژاندنەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان))**

**نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە ك/237 لە 2010/5/19، لیژنەکەمان ڕۆژی سێ شەممە 2010/8/17 بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامان کۆبووینەوە، بۆ تاوتوێکردنی پرۆژە یاسای سەرەوە، کە لە کۆبوونەوەکانی پێشووتردا دەقی پرۆژە یاساکە دابەشکرابوو بەسەر سەرجەم ئەندامانی لیژنە بۆ دیراسە کردنی و، ڕەئیدان لەسەری، بە کۆی دەنگی ئەندامانی لیژنە بڕیاردرا لەسەر ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاساکە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، بڕیار درا پێشنیارو تێبینی لیژنەکەمان لەسەر ئەم مەسەلەیە ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری بکرێت.**

**ماددەی (1):**

**1 – لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سەدو پەنجا قەزاو ناحیە هەیە، کارێکی قورسی نەگونجاوە بە کردنەوەی ئەو هەموو بەڕێوەبەرایەتیە، چونکە تەنها کردنەوەی فەرمانگەیەك نییە، بەڵکو پێویستی بەدەیان پسپۆر هەیە، کە لەو بوارەدا ئیش ئەکەن.**

**2 – دابینکردنی ئامێری هەڵکەندن لە جۆری ((خولاندنەوە)) ROTATING بە ژمارەیەکی تەواو بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، کارێکە لە توانای حکومەتی هەرێمدا نییەو، ئەم سیستەمە لە هیچ شوێنێکی جیهاندا پەیڕەو ناکرێت، لەبەر بەرزی نرخی ئەم ئامێرانە، کە نزیکەی 1 ملیۆن $ و پێداویستی ئەم ئامێرانە بە کادیری هونەری لە بواری بەگەڕخستن و کارەبایی، چاککەرەوە.**

**3 – لەبەر هۆیەکانی 1 و 2 گونجاو نییە، کە لە یاساکەدا هاتووە.**

**4 – لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ((5000)) پێنج هەزار گوند هەیە، زۆربەی ئەم گوندانە سەرچاوەی ئاویان هەیە، ئەگەر بارودۆخی باران بارین ئاسایی بێت، بۆیە پێویست ناکات لە هەموو گوندێك بیری ئیرتیوازی هەڵبکەندرێت، وەك ڕاستیەکی زانستیش بەپێی ماددەی ((17)) لە پرۆژە یاسای دەستووردا هاتووە، کە ئێمە قەصدمان دەستووری هەرێمی کوردستانە، ئاوی ژێر زەوی سامانێکی ستیراتیجی و نەتەوەییە، دەبێت بپارێزرێت و لەکاتی زۆر پێویستیدا نەبێت بەکار نەهێنرێت.**

**5 – ڕوونکردنەوەکانی خاڵی (1، 2، 3، 4) نە گونجاندنی ئەم خاڵە و جێ بەجێکردنی ڕوون ئەکاتەوە بانکی کشتوکاڵیش زۆربەی ئەرکەکانی بۆ ئەم خاڵە ئاسانکاری بۆ کراوە.**

**6 – بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئەم خاڵە جێ بەجێ کراوە.**

7 – له ڕووی زانستیەوە هەڵکەندنی بیرێکی ئیرتیوازی بە جیهازی دیاریکراو و بۆڕی دانان و پەمپی ئاو تاقیکردنەوە زیاتر لە ((20)) بیست رۆژی ئەوێت، دیارە هەڵکەندنی ئەو ژمارە زۆرە لە بیری ئیرتیوازی لە یاساکەدا هاتووە کارێکی زۆر قورسە و، پێویستی بە پلانی چەند ساڵەو دیراسەت هەیە.

ماددەی (2):

1 – هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ((5000)) پێنج هەزار خانووی پلاستیکی هەیە، کە ڕێژەیەکی لە لایەن حکومەتی هەرێم وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بە بێ بەرامبەر دابەشکراوە لە پێگەی دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیەو، کردنەوەی کارگە بۆ ئەم مەبەستە لە قەزاو ناحیەکاندا پێویست نییە.

2 – خانووی شووشەیی لە ساڵی حەفتاکانەوە کاری پێ ناکرێت تەنها خانووی پلاستیکی GREENHOUSC هەیە، وە لەبانکی کشتوکاڵی ئاسانکاری تەواو هەیە، بۆ جوتیاران لەم بوارەدا.

3 – خاڵی یەکەم و دووەم ڕوونکردنەوەی پێویستی داوە.

4 – خانووی پلاستیکی بەپێی داواکاری جوتیاران گونجاوە، ناوچەکە دابین ئەکرێت و، بەپێی پلانی وەزارەت، دیارە زۆر ناوچەی ساردو بەرز هەیە پێویستی ناکات بەم جۆرە تەکنۆلۆجیایە، بۆیە ئەم خاڵەش کە ئەکرێت لەماوەی 18 مانگدا تەواوی داواکاری جوتیاران بۆ ئەم بوارە جێ بەجێ بکرێت زانستی و گونجاو قابیلی جێ بەجێ کردن نییە. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بە کوردی ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە، فەرموو ئەویش بخوێننەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارو تێبینیەکانی لیژنەکەمان کە لە کۆبوونەوەی 2010/8/17 بەکۆی دەنگ بڕیاردرا:

1- هەوڵ بدرێت لە پلانەکانی وەزارەتدا، گرنگی زیاتر بدرێت بە بواری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێر زەوی، ئەگەر پێویست بکات لقی بەڕێوەبەرایەتیەکە لە قەزا گەورەکاندا بکرێتەوە، بۆ کارئاسانی ئیشوکاری جوتیاران لە بواری هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی.

2- بەپێی پلانی پێنج ساڵەی وەزارەت چالاکی و ئیشکردن چڕبکرێتەوە، بۆ جێ بەجێ کردنی پلانەکە، بەتایبەتی دروستکردنی بەربەستی ((سدود)) گەورەو بچووك و ناوەندی، بۆ کۆکردنەوەی ئاوی باران و بەفرو جۆگەو ڕووبارەکان.

3- ئاسانکاری زیاتر بکرێت بۆ کارەکانی بانکی کشتوکاڵی لە بواری هەڵکەندنی بیرو دروستکردنی خانووی پلاستیکی.

4- هەوڵ بدرێت لە ڕێی ئاسانکاری بانکیەوە هانی کەرتی تایبەت بدرێت، بۆ هێنانی ئامێری بیر هەڵکەندنی جۆری HUMMERING+ROTUTING هەمەرنیگ خولاندنەوەو چەکوشی، بە

پشتگیری ئەو کۆمپانیانە بکرێت بۆ دامەزراندنیان لە هەرێمدا، بەومەرجەی بەپێی کۆنترۆڵ و چاودێری دەزگا حکومیە تایبەتمەندەکان و، لە ڕێگەی یەکە ئیداریەکانەوە ڕێ لە هەڵکەندنی بیری ئیرتیوازی بێ مۆڵەت بگیرێت.

5- فەرمانگەیەکی تایبەت لە شارەکاندا هەبێت کە پسپۆڕان و کادیران خولی زانستیان بینیوە لە بواری خانووی پلاستیکیدا، بۆ چاودێری ئیشی ڕۆژانە لە دابینکردنی تۆو، چاککردنەوەو دابینکردنی دەرمانی نەخۆشی، ڕێکخستنی بازاڕو کردنەوەی خولی چڕو پڕ بۆ جوتیاران بۆ وەرگرتنی زانیاری وەرزی وردو مۆدێرن لەم بوارەدا.

6- لە فەرمانگەکانی توێژینەوەو ڕێنمایی کشتوکاڵ گرنگی بدرێت بە بواری خانووی پلاستیکی بە ئەنجامدانی توێژینەوەو کردنەوەی خولی تایبەت بۆ کادیرانی کشتوکاڵی و جوتیاران لە چۆنیەتی بەرەو پێشبردنی ئەم تەکنۆلۆجیایە لە کوردستاندا.

7- لەبەرنامەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان و باخ و لەوەڕگا پلان هەبێت، بۆ کردنەوەی نەمامگەی کەرتی تایبەت، بۆ دابینکردنی شەتڵ و تۆوی گونجاو بۆ جوتیاران، ئەویش بە ئاسانکاری لە دابینکردنی زەوی و پێداویستیەکانی نەمامگە.

8- پشتگیری وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ خاوەن بیرەکان، خانوو پلاستییکەکان بۆ دابینکردنی گازوایل، کارەبا، ئامێری ڕشاندنی دەرمان. لەگەڵ ڕێزماندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بەکوردی ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسای پەرەپێدان و بووژانەوەی کشتوکاڵ

لیژنەی کاروباری یاسایی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 4/ڕەزبەر/2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/9/26ی زایینی کۆبووەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای (پەرەپێدان و بووژانەوەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (7)ی ڕۆژی 2010/5/5. دوای وتوویژ و تاوتوێ کردن، لیژنەکەمان گەیشتە ئەمانەی خوارەوە:

1- ماددەکانی ئەم پڕۆژەیە لە ڕاسپاردەو ڕێنمایی نزیکترە وەك لە دەقی یاسایی.

2- پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی پاراستن و گەشەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی ساڵی (2008)ی دەرچوواندو، ئەم یاسایەش ئەمانە لە خۆدەگرێت، بووژانەوەی گوندەکان و بە ئاگاهاتنی جوتیاران، کە

بەباشترین شێوە زەوی و زاری کشتوکاڵی وەبەربهێنن و ڕێگای زانستی و مۆدیرن بگرنە بەرو ئامرازی توانا بەرزی پێویست بخەنە کار.

3- لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە کە باس کراون، پێشنیاز دەکەین بەڕەت کردنەوەی پرۆژەکە.

بفەرموون بۆ ئاگاداری ئەسڵی پرۆژەکەو رای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوەو دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە عەرەبیش بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی ڕاپۆرتەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق

م/ تقرير حول مشروع قانون تطوير وانعاش الزراعة

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاحد 4/ڕەزبەر/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/9/26 الميلادية لدراسة مشروع قانون تطوير وانعاش الزراعة في اقليم كوردستان - العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (7) في 2010/5/5. وبعد المناقشة والمداولة توصلت اللجنة الى ما يلي:

1- ان مواد هذا المشروع هي اقرب الى التوصيات والتوجيهات منها الى نصوص قانونية.

2- اقر برلمان كوردستان قانون حماية وتنمية الانتاج الزراعي رقم (4) لسنة 2008 ويتضمن هذا القانون انعاش الريف وتوعية الفلاحين نحو استثمار الاراضي الزراعية على احسن وجه واتباع الطرق العلمية الحديثة في العمليات الزراعية واستخدام الوسائل الضرورية ذات الكفاءة العالية.

3- لذا نقترح ونوصي برفض المشروع للاسباب المذكورة اعلاه .

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت. وشكراً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

رەئی لیژنـەی پەیوەندیـدارو لیژنـەی یاسایی هـەردووکتان بیست، ئێستا دوو ئەنـدامی بـەرێزی پەرلـەمان دیفاعی لێ بکەن بۆ بەردەوام بوون، دوو ئەندامی تریش بۆ دیفاع کـردن کـە لەگـەڵ لیژنەکـەن، هەرچـەند هەردوو لیژنە داوایان کردووە، (کاردۆ محمد، فاضل بەشارەتی)، ئـەم دوو بـەرێزە ئـەوەن کـە دیفـاع دەکـەن پرۆژەکە بەردەوام بێت و موناقەشە بکرێت، کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەرێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێموایـە هـەر تێبینیـەکان و پێشـنیارەکانی لیژنـەی کشـتوکاڵی هۆکـارێکی چـاکن بـۆ دیفـاع کـردن لـەو پرۆژەیە، کە ببێتـە پـرۆژە بڕیارێـك لـە پەرلـەمانی کوردسـتان، چـونکە خۆیـان ڕێنمـایی و راسـپاردەکانیان خوێندەوە، کە چەند پێویستە ئیهتیمام بەو بوارە گرنگە بدرێت، ئەمە خاڵێك.

خـاڵێکی تـر، ئێمـە قسـە لەسـەر هۆکـاری پێویسـتی ئـەم پرۆژەیـە دەکـەین، لەبـەر ئـەوەی لـە کوردسـتاندا کۆچکردنی خەڵکی گوند بۆ سەنتەری شارەکان لە قەزاو ناحیەکانەوە، یەکێك لـە هۆکارەکـانی کـەم ئاوییـە، یەعنی بۆ ئامارێکی دەقیق لە ساڵی $2003$ کۆچێکی بە لێشاو لـە گوندنشـینەکانی سەرتانسـەری کوردسـتان بەردەوام بووە، بۆ نموونە لە پارێزگای سـلێمانی بـەپێی ئامارەکـان لـە $49\%$ی دانیشـتوانی گونـدەکان بـەرەو شار هاتوون، لە گەرمیان لە $51\%$، هەر چەندە وەزارەتی کشـتوکاڵ لـە پلانـە سـتیراتیجیەکەی پێـنج ساڵەی خۆیدا باسی لێدانی بیری کردووە، کە لە سـاڵی $2009$ بـڕی هـەژدە ملیـاری بـۆ تـەرخان کـردووە، لـە سـاڵی $2010$ نۆزدە ملیـاری بـۆ تـەرخان کـردووە، لـە سـاڵی $2011$ بـڕی نـۆ ملیـاری بـۆ تـەرخان کـردووە، بـەڵام بـەهۆی جـێ بـەجێ نـەکردنی پلانـەکان زۆر زۆر کـەم، یـەعنی کـار بـە کـەمی لـەم بـوارە کـراوە، پرۆژەکـە چارەسەری دوو کێشە دەکات، یەکێکیان/ کێشەی کـەم ئاوییـە، یەکێکیشـیان/ خـانووی پلاسـتیکیە، بـاس لـە بوونی بەڕێوەبەرایەتی دەکات، من دەڵێم کەموکورتی تیایە، ناکرێت بەڕێوەبەرایـەتی لـەو هـەموو شـوێنێك بکەیتـەوە، بـەڵام دەکرێـت بـۆ هـەردوو کارەکـە بەڕێوەبەرایەتیـەك بکرێتـەوە بـەناوی بەڕێوەبەرایـەتی بووژاندنەوەی کشتوکاڵ، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین یەك لە گرفتـە گـەورەکانی ئێمـە، بەڕاسـتی نـەبوونی ئەو خۆ بژێویەیە، کە ئیعتیماد بکاتە سەر کشتوکاڵی خۆمان، نەك دەرەوە، کە یەکێك لە موعاناتەکانی، یان دەتوانم بڵێم وەزع خراپی ئابووری ئێمەیە، من نـاڵێم هـەر بـیر لێـدان، بـەڵکو حکومـەت دەتوانێـت، یـەعنی ئێمە بڕیارێکی وا بدەین، دەتوانێت هاوکـاری جوتیـاران بکـات لـە لێـدانی بـیر، یـەعنی بـە کەلوپـەلی بـاش، لەکاتێکـدا پلانـی سـتیراتیجی لـە سـاڵی $2009$ـەوە کەوتۆتـە بـواری جـێ بـەجێ کـردن، کەچـی حکومـەت نەیتوانیوە بەلایەنی کەم کێشەی کەم ئاوی چارەسەر بکات، تەبعەن من ناڵێم لە یەك ساڵدا دەکرێت، بـەڵام دەکرێت ئەم پرۆژەیە بکەینە هی چوار ساڵ، هی سێ ساڵ، بۆ خانووی پلاستیکی، بەپێی پلانی سـتیراتیجی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبوایە لە ساڵی $2009$ بەپشتیوانی $100\%$ هـەزار خـانوو بـە گوژمـەی دە ملیـار دابـین بکات، لە ساڵی $2010$ هەزار خانووی تر دابین بکات، بە گوژمەی دوازدە ملیار، بە کۆمەکی $75\%$، بـۆ سـاڵی $2011$ بە کۆمەکی $150$ دوو هەزار خانووی تر جێ بەجێ بکات، بەڵام ئەوەی ئێستا حکومـەت لـە هـەرێم

کاری پێ دەکات، خانووی پلاستیکی نادات بە جوتیاران، بەڵکو قەرزێك دەدات، قەرزەکە بێ فائیدەیە بۆ هەر پرۆژەیەك بۆ ماوەی سێ ساڵ بە بڕی 60٪ی کۆی تێچووەکە، ئەویش لە هەشت ملیۆن تێپەڕ نەکات، جگە لەوەی وردەکاری دەدرێتە چ جوتیارێك؟ کە ئێمە دەزانین ئێستا زۆربەی کارەکان مەحسوبیەتی تیایە، شتی تیایە لە رووی قانونی نییە، بەڵام دەکرا بە پرۆژە بڕیارێك هەر ئەو رێنماییانەی لیژنەی کشتوکاڵی بکەینە بڕیارێك بۆ حکومەت، کە پێی پابەند بێت و ئەم کارانە جێ بەجێ بکات، نەك تەوصیە، چونکە ئەمە قانون جێ بەجێ ناکرێت، ئینجا بیکەینە راسپاردە، بۆ نموونە لە بودجەی ساڵی پار هیچ بڕە پارەیەك دانەنراوە بۆ کشتوکاڵ، لێرە ئێمە بڕیارماندا با پەنجا ملیار بۆ پشتگیری بەرنامەی وەبەرهێنانی کەرتی کشتوکاڵی داهاتە ئاوییەکان بێت، بڕی پەنجا ملیار بۆ پشتگیری کردنی کشتوکاڵ لە رێگای بانکی کشتوکاڵی بێت، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو رێنمایی و راسپاردانە بکرێتە بڕیارو، حکومەت مولزەم بکەین بە گرینگدان هەم بە پلانی ستیراتیجی پێنج ساڵە، هەم بە جێ بەجێ کردنی ئەم پێشنیارو راسپاردانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فاضل بەشارەتی کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل محمد قارد(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت هەرچەند من پێم باش بوو جەنابی وەزیر لێرە بوایە، لەسەر ئەم مەسەلەیە بە حەقیقەت بەلای منەوەو، پێموایە بە لای هەمووومانەوە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە، چونکە ئێمە باس لە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بەهێز کردنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەین لە کوردستان، بەڵام بە بڕوای من بەم شێوەیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم بەرنامەیە پیادە دەکرێت، من پێموا نییە بۆ پەنجا ساڵی تریش کەرتی کشتوکاڵ بگاتە ئەو ئاستەی، کە لە ئاستی دڵخۆش کردن بێت و، جوتیاران هان بدات لە کوردستان، بۆ بەهێز کردنی کەرتی کشتوکاڵ، لە مەسەلەی دابین کردنی کەرەستەو وەسائیلی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران، پێموایە ئەمە هەتاوەکو ئێستا شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، کە جوتیار لە 5٪ دڵی پێ خۆش بێت، کە کەرتی کشتوکاڵ بەهێز بکات، ئەگەر ئێمە سەیری هەموو سیاسەتی دەوڵەتی دنیا، یان دەوروبەری خۆمان بکەین، ساڵانە جوتیار بەخشیشی پێ دەدرێت لەسەر ئەوەی کە بەروبوومەکەشی بۆ خۆیەتی، لەبەر ئەوەی زیاترین بەروبوومی بە دەستهێناوە، بەڵام لە کوردستان پێموایە بە پێچەوانەوە ئەم بەرنامەیە پیادە دەکرێت، کە لە هەمان کاتدا ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوەی کە دەبێتە سەبەبی پشت ئەستوور بوونی ئێمە لە هەرێمی کوردستان، کە زۆر کات بیانەوێت دەستیان بخەنە بینە قاقەی ئێمە، بە حەقیقەت ئەویش بەرەو دانە بە کەرتی کشتوکاڵ، بەڵام نەك بەم شێوەیەی کە ئێستاکە لە کوردستان پیادە دەکرێت، من یەك نموونەی بچووك عەرزی جەنابتان دەکەم، لە ناوچەی شارەزوورو هەورامان قورعە بۆ دوازدە گوند کراوە، یەك گوند دەرچووە، لە گوندەکەشدا قورعە کراوە یەك ماڵ دەرچووە کە خانووی پلاستیکی پێ بدرێت،

یەعنی ئەمە لە دوازدە گوندا، خانووی پلاستیك بدرێت بە یەك ماڵ، ئەمە یەعنی نازانم چۆن کەرتی کشتوکاڵی پێش بکەوێت؟ یان جوتیار چۆن هان بدرێت، کە کشتوکاڵ بەهێز بکات؟ کە لە هەمان کاتدا هەمووما ن دەڵێین و خەڵکانی بیانی و خۆشمان موعتەرەفین بەوەی کە بەهێزترین ئەرزمان هەیە، بۆ بەدەستهێنانی بەروبووم، کە لە ساڵانی رابردوو بە حەقیقەت دانەوێلە لە 100٪ی برِیوە لە کوردستان، ئێستا زۆربەی کات جوتیارەکان گلەیی و گازاندەی ئەوەیان هەیە، کە پارەی جووت و تۆ وەشانەکەی دەست ناکەوێتەوە، لەبەر ئیهتیمام پێ نەدان، لەبەر نەدانی وەسائیل، کاتێك کە کاتی دانەوێلە کردنە، جوتیار کون بە کون دەگەڕێت بەدوای چەند فەردە سەمادێکدا بە دەستی ناکەوێت، بەلاّم لە بودجەی ساڵی 2010 موناقەشەی ئەوە کراوە، کەوا چەند ملیۆن دینار تەرخان بکرێت، مەلایین دینار تەرخان بکرێت بۆ کەرتی کشتوکاڵ، بەلاّم نازانم ئەو پارەیە بەکوێ دەدرێت؟ بە چی سەرف دەکرێت؟ کە ئەمە وەزعی جوتیارە لە هەرێمی کوردستان، لە مانگی چواری ئەمساڵ، لە رێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ خۆم گوێم لێ بوو، بانگەوازێك ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان کرا، کە ئەمساڵ لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی جوتیار، هیچ جۆرە شتێکی کشتوکاڵی نایەتە کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوەی جوتیار سەرف بکرێت، بەلاّم من پێموایە زۆر بەپێچەوانەوە ئەم بەرنامەیە پیادە کرا، ئەوەی جوتیارانی کوردستان لە بەروبوومی باخ، لە کەرتی کشتوکاڵ، لە هەموو ئەوانەی کە بەروبوومی جوتیار بوو، دەتوانم بڵێم زۆر بەزەرەر بوو لەسەریان، لەبەر ئەوەی ئەو بانگەوازە بەحەقیقەت بوو بە دڵخۆشکەر بمبورە، بوو بە دڵخۆشکەر لەلای جوتیار، کەوا دیارە پەرلەمانی کوردستان کارێکی باشی کردووە، برِیاری باشی دەرکردووە، لە بەرژەوەندی جوتیارە، بە حەقیقەت ئەو بانگەوازەش بە زەرەری جوتیار تەواو بوو و وا نەبوو، هەر لە بودجەی ساڵی 2010 برِیاردرا کەوا ئێستا وەکو ئەو بەرِێزە ئیشارەتی پێدا، بەنداو دروست بکرێت، کە ئێستاکە گەورەترین گرفت بۆ جوتیار لە هەرێمی کوردستان گرفتی بێ ئاوییە، برِیار درا بەنداو دروست بکرێت، تاکو ئێستاش ئەوەندەی من بزانم و دەگەڕێم لەهەموو سنووری پارێزگای سلێمانی بە گەرمیانیشەوە، تاکو ئێستا یەك بەنداو دروست نەکراوە، بەڕاستی ئەم برِیارانەی ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان پێشنیاری دەکەین، بۆ ئێستای جوتیارە، بۆ راست کردنەوەی کەرتی کشتوکاڵە، بۆ عاقیبەتمان نییە، بۆ ئێستایە کە جوتیار وەزعی خۆی پێ راست بکاتەوە، کە نەکراوە، پێشنیاریش دەکەم، ڕاستە ئەمە لە ساڵی 2008 بە یاسا برِیاری بۆ دەرچووە، بەلاّم ئەمە بە حەقیقەت زیاتر من دەتوانم بڵێم بە ڕێنمایی و کاری فەرمانگەکانە ئەم کارانە دەکرێت کەوا ڕاستەوخۆ، من ئومێدەوارم و داواکارم لە هەموو ئەندامانی بەرِێزی پەرلەمان بێن چاودێری ئەو برِیارانە بکەن، بە تایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵ کە بۆ خەڵکی کوردستان دراوە، بێن و چاودێری ئەو کارانە بکەن کە کامەی دەکرێ و کامەی نەکراوە کە دەتوانم بڵێم هیچی نەکراوە، بۆ ئەوەی بتوانین کەرتی کشتوکاڵ لە کوردستان پێش بخەین، چونکە هەتاوەکو ئێستاش بیبەر و تورمان لە ئێران و لە سوریاوە بۆ دێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، کێ ئێستا دیفاعی لێ دەکات؟ دیفاع بۆ ڕەفزەکە، کاك سالار و کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وە ئەم هەمی دزانن کێشا چاندنێ لکوردستانێ نە هیا ئەڤرۆ و نە دوهیە، بەلکی ئەم هەمی دزانین کو هەتا 4500 گوندێت مە لکوردستانێ لسەر دەستێ ڕژێمێ هاتیە خراپ کرن، کێشا مە لکوردستانێ بوژانەوەو پەرەپێدانی دێهاتەکان، نەك تەنها لە بواری چاندنا، ئێمە ئەگەر بمانەوێت دووبارە گوندەکان ئاوەدان بکەین، پێویستە ئێمە پلانێکی ستراتجیمان هەبێت لەبواری زانستی پێی دەڵێن (تخطیط تنمیة ریفیة متکاملة) بواری چاندن یەکێك لەو بوارانەیە، یەعنی ئەم تەنمیە دەست پێ دەکات لە ئاخ و ئاو لە ئیدارەی ئاو، چۆن ئیدارەی ئاو دەکەی و چۆن بەکاری دەهێنی، بۆیە من دبینم ئەم پرۆژە ئەگەر بێتو پەسەندیش بکرێت بڕوام نیە کێشەکە چارەبکرێت، بۆیە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە خوتەیەکی ستراتیجی موتەکامل کە پێی دەڵێن یەکەم/ (التنمیة الریفیة المتکاملة) لەبواری ئابووری، یەعنی (اقتصاد الریف) کە چاندن یەکێکە لەوانە، دووەم/ (العنصر البشري) کە ئیهتمام بە مەوردی بەشەری بدەن لەو شوێنانە، سێیەم/ (infrastructure)ی پێ دەڵێن، کە بونیەی ئیرتکازیە، ڕێگاو بانە، کارەبایە، هەموو ئەو شتانەی تر، ئەمە پێویستە ئێمە ئیهتمام بەم بوارانە بدەین، ئەگەر هاتو ئێمە ئەو شتە توانیمان بیکەین دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکێك هیجرەی موعاکس بکات لە شارەکان بەرەو دێهاتەکان، ئێمە کێشەکەمان لە ئاو نیە، ئێمە کێشەکەمان لەوەیە چۆن ئیدارەی ئەو ئاوە بکەین؟ بۆیە هەروەك من دەزانم ئەمانە هەمووی وەك تەوسیاتن، تەعلیماتن، ڕێنماییین، لە وەزارەتی چاندن خۆیان پەیڕەوی دەکەن و بەکاری دەهێنن، وەك من ئاگادارم لە پارێزگای دهۆك ئێستا بەروبوومی جوتیارەکان حکومەت یارمەتی دەدات لە دێ پارەی ئەوە دەدرێت کە پارەی کرێی نەقل کردن لە حەقل بۆ بازاڕ، بۆیە من نایبینم ئەو پرۆژە شتێکی وا گرنگ بێت کە بتوانی کەرتی چاندن بەرەو پێش ببات، بەڵام من پێشنیاری جماعەت پەسەند دەکەم کە ئەو پێشنیارانە وەك تەوسیات لێرە بڕوات بۆ حکومەت هەتا کاری پێ بکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بوونی یاسا بۆ کەرتێکی گرنگی وەکو کەرتی کشتوکاڵ کە خۆمان دەزانین لەمێژووی کوردەواری دا ئەم بوارە بووەتە بوارێك کە ئیعتمادی سەرەکی بووە بۆ خۆ ژیاندن و مانەوەی خەڵکی کوردستان، یەکێك لەو بەرنامانەی کە ڕژێمی پێشوو بۆ جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستان کاریان لەسەری کردووە سڕینەوەی ئەم کەرتە و وێرانکردنی هەموو جۆرە سەرچاوەکانی بووە لە گوندەکان و لە نزیکی شارو شارۆچکەکانیش، بۆیە ئێستا ئێمە کە وەقائیعی ئەم پەرلەمانە دەخوێنینەوە دەزانین لە ڕابردوو دا یاسا

دەرچوێنراوە تایبەت بەم بوارە بە تەفاسیلْ، بە تایبەتی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و هەروەها یاسای ژمارە 14ی ساڵی 2008 یش، بۆیە تەسەورم وایە نەك بۆ ئەم بابەتە بۆ گەلێك بابەتی تر کە لە ئایندەشدا کە لەوانەیە پەرلەمانی بەڕێز دەرگیری ببێ و تیکرار بوونی کۆمەڵێك بابەت و بوار هەیە کە بە یاسا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە و جارێکی تر ئێمە دەکەوینە بەردەم گفتوگۆ کردنێ کە تەسەورم وایە ئەم زیادەیە جۆرێکە لە تیکرار و ئەم فکرانەش بە ناتەواوی ئەخەملێنـدرێ لەبواری یاساییەوە، لەبەر ئەوە پێموایە ئەم بابەتە ئەگەر بە تەوسیات ئاراستەی وەزارەتی مەعنی و لایەنی پەیوەندیدار بکرێت کارێکی گونجاو ترە لەوەی کە ئێستاکە  کە ئێمە یاسا لەسەر یاسا دەرچوێنین و دواجاریش ئێمە لە ئەرکی بەدواداچونماندا پێموایە نەتوانین بە ڕۆڵی خۆمان هەستین، بۆیە مەسەلەکە ئەوەندە پەیوەندار نیە بەوەی کە حکومەتی هەرێم تا چەند توانیویەتی یان نەیتوانیوە لەم بوارەدا ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ یان گەشە بەو بوارە بدات، لەبەرامبەر ئەوەش ئەرکی ئێمە هاوتەریبە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چاودێری چۆنیەتی بەدواداچوونی ئەو یاسایانە بکەین کە بۆ ئەم بوارە و هەموو بوارەکانی تر هاتوونەتە کایەوە، لەڕاستی دا ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی دروست کردنی بەنداوەوە هەیە، من تەسەورم وایە لە ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێك پرۆژەی گرنگ کەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەمەش لەڕاستی دا بەدواداچوونی دەوێ، ئەوەی من لە ناوچەی گەرمیان ئاگادار بم بەنداوی خۆرنەوەزان یەکێکە لەو بەنداوانەی کە خەڵکی گەرمیان زۆر دڵیان پێی خۆشە بە تایبەتی ئەو مەنتیقە مەحرومەی دەوروبەری کفری و دوز و ئەو مەنتیقانە و ئێستا بەوادیری باشی لێ کەوتووەتەوە و ئەمەش دیسان پێویستی بە دواداچوون هەیە بۆ ئەوەی زوو بگاتە جێ بتوانین بەرهەمی لێ ببینین، هەروەها بە پێی ئامارێك کە من لە ڕێگەی وەزارەت و لە ڕێگەی بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیانەوە وەرمگرتووە کە ساڵی 2008 لە سنووری ئیدارەی گەرمیان 98 خانووی پلاستیکی هەبووە، ئێستاکە بوونی خانووی پلاستیکی و کارکردنی جوتیاران لەگەڵ ئەو بوارە نزیکەی 2000 خانووە ئەمە لەڕاستی دا ئامارێکی باشە و ئەگەر ئەمە ئەم خێراییە زیاتر بەردەوام بێت من تەسەورم وایە گەشە کردنی باش دێتە پێشەوە، ئەوەی پەیوەندی بە دروست کردنی خانووی پلاستیکیەوە هەیە لەڕێگەی کارخانەوە حکومەت ئیشی لەسەر بکات، من تەسەورم وایە ئەمە بۆ سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی هەرێمی کوردستانیش گونجاو نیە کە ئێمە بە کرانەوە بۆ بازاڕی ئازاد و فرسەت دانی کار بۆ کارگەکان و کەرتی تایبەت، ئەمەشیان دەبێت لێی بگەڕێین بۆ خەڵکی بازاڕ و کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی ئیش لەسەر ئەم بوارە بکات بە دەعمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، بۆیە دوا قسەم ئەوەیە نامەوێ قسەکانی تر تیکرار بکەمەوە کە ئەم مەسەلەیە بە تەوسیات ئەگەر بکرێت ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێ و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من وەکو ئەندامێك لەو لیژنەیە، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، لەکاتێك دا کە ئێمە موناقەشەی ئەو پرۆژە یاسایەمان کرد، من وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە موتەحەفزم هەبوو لەسەر ئەم پرۆژەیە، چونکە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە دانیشە رجائەن، سەرنجیت ڕادەکێشم، بەڕێز دانیشە، تەواو، بەڕێزان ئێستا دەنگدانە، پێشنیاری ئەوە هەیە ڕەفز بکرێت، دوو بەڕێز دیفاعیان کرد و دوو بەڕێزیش دیفاعیان لەوە کرد کە ڕەد بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پرۆژەیە ڕەد بکرێتەوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 60 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەفز بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەفز نەکرێت؟ 25 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە ڕەفز نەکرێت، پرۆژەکە ڕەفز کرایەوە، بۆ خاڵی 2 ی بەرنامەی کار، تکایە لیژنەی زراعە بۆ شوێنی خۆتان، کەرەمکە .

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پەیڕەودا دیاری نەکراوە کە لە پرۆژە یاسایەك کە دوو کەس دیفاعی لێ دەکات یان سێ کەس، جاری وا هەیە پرۆژە یاسایەك هەیە چوار کەس دیفاعی لێ دەکات و چوار کەس دژی دەوەستێ، بەڵام جاری واش هەیە دوو کەس بە دوو کەس، یەعنی ئەمە بە چ پێوەرێکە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیدارەی جەلسەکە لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە ئێمە ئیتفاقمان کرد کە دوو کەس دیفاعی لێ بکات و دوو کەسیش دژی بێت، چونکە هەردوو لیژنە و لیژنەی پەیوەندیدار ولیژنەی یاسایی داوای ڕەفزیان کرد بوو، تکایە ئەو مەوزوعە خەلاس، نوقتەی نیزامی نیە و ئیلتزام بە نیزام بکەن رجائەن، خاڵی 2 کەرەمکەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت کەرەمکەن بۆ ئێرە، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی کشتوکاڵ داوایان کرد بوو کە ئەوان........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رجائەن خەلاس، خاڵی (2) ەو هیچ بەحسێك لەسەر هیچ مەوزوعێکی تر ناکرێت، دانیشە رجائەن، کەرەمکەن لیژنەی یاسایی، کەرەمکەن بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی پرۆژەی قانونی تەعدیلی ئەحوالی مەدەنی ژمارە 65 ی ساڵی 1972 ی هەمواركراوتان بۆ دەخوێنمەوە:

المادة الاولى:

تعدل الفقرة 3 من المادة 21 من قانون الاحوال المدنية رقم 65 لسنة 1972 المعدل وتقرأ كالاتي:

يبقى الاولاد والبنات القاصرون على ديانتهم فى حالة تغير احد الابوين او كلاهما لديانته مع الاحتفاظ بحقهم فى الاختيار عند بلوغهم سن الرشد.

المادة الثانية:

على وزير العدل والجهات ذات العلاقة تطبيق احكام هذا القانون.

المادة الثالثة:

يطبق هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

الاسباب الموجبة

لكون الفقرة 3 من المادة اعلاه تخالف مبادىء حقوق الانسان فى حرية التعبير عن العقيدة والفكر والتى تضمنتها المواثيق والاتفاقيات الدولية والشرائح السماوية، ومنه ما اقرته الشريعة الاسلامية (لا اكراه فى الدين) قد تبين الرشد من الغي السورة البقرة 256 كما انها تتعارض احكام دستور جمهورية العراق الفدرالى المواد 2 و 13 و 17ـ اولا، و 37ـ ثانيا، واحكام مشروع دستور الاقليم كوردستان المواد 6 و 18 و 19 ـ تاسعا.

دیارە پرۆژەكە تەنها بە عەرەبی هەیەو بە كوردی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی بەرگری كردن لە مافی ئافرەت كەرەمكەن پرۆژەكەتان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق

بابەت/ ڕای لیژنە

ئێمە وەك لیژنەی بەرگری لە مافی ئافرەت بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنە پشتگیری دەكەین لە دەقی پێشنیاری یاسایی هەمواركردنی یاسای كاروباری شارستانی ژمارە 65 لە ساڵی 1972 لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق، كە لە دانیشتنی ژمارە 21 ی ئاسایی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 29/6/ 2010 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای کاروباری شارستانی ژمارە 65 لە ساڵی 1972 ی هەموار کراو

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕۆژانی 7/27 و 9/15/ 2010 ی زایینی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای کاروباری شارستانی ژمارە 65 ی ساڵی 1972 ی هەموار کراو، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، وە لە دانیشتنی ژمارە 21 ی ئاسایی ڕۆژی 2010/6/29 ی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە، پاش گفتوگۆ و زانینی ڕای پسپۆرانی شەرعی و یاسایی و لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

1ـ پشتگیری دەکەین لە مافی هەموو ئایین و ئاینزاکانی کوردستان و ڕێز لێ گرتنیان.

2ـ سەبارەت بە هەموارکردنی بڕگەی 2 لە ماددەی 21 ی یاسای باری شارستانی، ژمارە 65 ساڵی 1972 ی هەموار کراو، زۆربەی ئەندامانی لیژنە ڕایان وایە کە هەموارکردنی ئەم بڕگە و ماددەیە بابەتێکی ورد و هەستیارە، پەیوەستە بە زۆر بوار و یاسای ترەوە کە پێویستە دیراسەت و لێکۆڵینەوەی فراوانتر و وردتری لەسەر بکرێت و زەمینە سازی شەرعی و یاسایی باشتری بۆ بکرێت تا لە کاتی پەسەند کردن و جێ بەجێ کردنی دا کێشە و ئاڵۆزی لێ نەکەوێتەوە، هەر بۆیە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات ئەم هەموار کردنە دوا بخرێت تا دۆزینەوەی سیغەیەکی شەرعی و قانونی گونجاو کە هەم مافی ئایینەکانی تر مسۆگەر بکات وە هەم لە هێڵی گشتی شەریعەتەوە دەرنەچێت، بفەرموون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکە و ڕای لیژنەکەمان لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوەو دەنگدان لەسەری لەگەڵ ڕێز و تەقدیرمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕاپۆرتتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای باری شارستانی ژمارە 65 ی ساڵی 1972 ی هەموار کراو.

بەیانی ڕۆژی یەك شەممەی ڕێککەوتی 4/ ڕەزبەری/ 2710 ی کوردی بەرامبەر بە 2010/9/26 ی زایینی لیژنەی کاروباری یاسایی کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای باری

شارستانی ژماره 65 ی ساڵی 1972 ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 21 ی ڕۆژی 2010/6/29 ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا، دوای گفتوگۆ و تاوتوێ کردن لیژنە ڕای خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

1. دەستووری هەمیشەیی عێراق کە نزیکەی 80٪ ی گەلی عیراق دەنگی بۆی دا لە ماددەی 2 ی بڕگەی 2 ی ماددەی 2 دا هەموو مافێکی ئایینی بۆ هەموو تاکێك لە ئازادی باوەڕ و ئەنجامدانی داب و نەریتی ئایینی دابین کردووە، هەروەها سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ماددەی 6 دا هاتووە، (هەرچەندە تا ئێستا ئەوە پرۆژەیە).

2ـ لێبوردەیی ئایینی و بەیەکەوە ژیانی برایانە و نزیك بوونەوە لە نێوان ئایینەکان لە بنچینە دامەزراوەکانە کە لە کوردستاندا سەلمێنراوە لە ڕابردوو و ئێستا و ئاییندەشدا، لەبەرئەوەی پرۆژەی پێشکەش کراو هەستیارەو ورووژاندنی لەم کاتەدا کێشەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەرێم دا لێ دەکەوێتەوە و هەرێم پێویستی پێی نیە، چونکە ڕامان دەکێشێ بۆ وتوێژ و تاوتوێ کردنی مەسەلەی فکری گرنگ کە پەیوەندیان هەیە بە واقعی جیهانی ئیسلامی و فەلسەفەی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە و ئایینی و مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵکانی تر بە چاوپۆشین لە ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزایی، هەروەها وتوێژ کردن لەسەر کێشەی تێ پەڕاندن و لایەرگیری لە بیروبۆچوون لە پێناو دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و شارستانی، دوور لە بیروبۆچوونی هەڵە کە ناکۆکن لەگەڵ فەلسەفەی ڕوون و گەشی ئیسلامدا، هەروەها فەلسەفەی ئایینەکانی دی کە لەهەرێمدا و لەبەرئەوەی کە لە هەرێمدا هەیەو لەبەرئەوەی کە هیچ بۆشاییەکی یاسایی لە ئارادا نیە بۆ دەرچوواندنی ئەم یاسایە یان هەموار کردنی، بۆیە پێشنیار دەکەین و ڕادەسپێرم پرۆژەکە ڕەد بکرێتەوە، بفەرموون ئەسڵی پرۆژەکە بۆ ئاگاداری و ڕای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گونجاو لەم بارەیەوەو دەنگدان لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا سێ ڕاپۆرت خوێندرایەوە، هەرسێکی موختەلفە، هەر ڕاپۆرتێکی پشتگیری دەکات و یەکێکی داوای دیراسەت و دواخستنی دەکات، یەکێکیش داوای ڕەدی دەکات، بۆیە ئێستا دەیخەینە بەر گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەی بەڕێز، کێ دەیەوێ لەسەر ئەو پرۆژەیە قسە بکات؟ کاك شێروان ڕوون کردنەوەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی ئەو بابەتە و بۆ ئەوەی ئێمەش بتوانین پێداچوونەوە لەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆمان بکەینەوە بە تەنسیق لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف ئێمە ڕەئیمان دەخەینە پاڵ ڕەئی لیژنەی ئەوقاف بۆ دواخستنی گفتوگۆ

كردن و موناقەشە لەسەر ئەو پرۆژەیە تاوەكو زیاتر دیراسەتی بكەین و بچینە ناو مەسەلەكانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی سوپاسیا سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ كوردستانێ دكەین، هەروەسا سوپاسیا سەرۆكێ لیستێ جودا جودا لپەرلەمانێ كوردستانێ دكەین و سوپاسیا بەهرە پتر ژ رێزدار ئەندامێت پەرلەمانێ برێز دكەین كو هەلۆێستێ وانا یە جوامێرانە و هەلۆێستێ وانا برامبەری رۆلێ و نەتەوەیەت هەمی جودا جودا لكوردستانێ، هەر ئەڤە ژی ئەو بیە كو مە وەكو نەتەوەیەت مەسیحی خەلكێ مەیێ دی كو ئەڤ تشتا هەر دایمەن مە ئەڤ تشتە لبەر ئەڤی و كو ئەڤ تشتە خەلكی دی یە كوردستانێ لبەر هەندێ كوردستان ببی جهێت پێكڤە ژیانێ، بسەدان سالا نوكە ژی كوردستانا ئەز دبینین نوكە ژی لكوردستانێ پتر 8 هەزار خێزانێت مەسیحی ئاركەنجیێ لكوردستانێ هەنە، لبەر چی ئەو روحیەتا پێكڤە ژیانێ كو خەلكێ كوردستانێ دەربرن بەرامبەر رۆلێ و نەتەوەیەت دی، ئەم لڤێرێ سوپاسیا وی هەستێ دكەین، هەروەسا سوپاسیا هەستێت ئەندامێت بەرێزەكانی ئەندامێت پەرلەمانێ كوردستانێ بۆ هەستێ وانا هەروەسا پشتگیری یەت لیژنا یاسایی دكەین ژبەر كو پتر وەخت بۆ تێدا دانین كو وەختەكی گونجای پتر بۆ ڤی پرۆژەیێ بێتە كرن، بەس ئەم پێشنیار دكەین ئەڤ وەختە كو لوەختێ داهاتی لهەیڤێ شەش نەبوریت، دا كو چارەسەری یا وان ئاریشەیەت كو خەلكێ مە تێدا بوریت، چونكە زۆر زۆر ئاریشە مە هەنە لبەرامبەری ڤێ تشتی دا ئاریشەیەت وی خەلكی بێنە چارەسەر كردن سوپاسیا وا دكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزتان داوا دەكەن تەئجیل بێت؟ ڕێزدار كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەك هاوكارم كاك امیر ئیشارەتی پێیدا ئێمە هەلۆێستی برادەرانی ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان و لیژنەكانی تایبەت و هەمیشەیی پەرلەمان بە بەرز دەنرخێنین بۆ حرسیان و تەرخان كردنی كاتیان بۆ موناقەشە كردنی ئەو پرۆژەیە، لەگەڵ ئەوەی كە ئێمە دەزانین ئەو پرۆژەیە كە ئیمزامان كردووە و پێشكەشمان كردووە بە قەدەر یەك مو مەساسی بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز و قورئانی پیرۆز و یەك تاكە كەسی موسوڵمانیش نیە، بەڵام لەبەرئەوەی كە لیژنەی یاسایی داوا دەكات كە ڕاپۆرتێكی هاوبەشیان هەبێ وەكو تێگەیشتن لەگەڵ لیژنەی ئەوقاف بۆ زیاتر دیراسەت كردنی، ئێمە وەكو پێشكەشكاری پرۆژەكە

پشتگیری دەکەین لە تەئجیل کردنی بەس بەمەرجێك لە دەورەی داهاتوو داو لە مانگی 6 دا زیاتر نەبێت، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابیشت دەتەوێ تەئجیل بێت، بەڕێز مەرج نیە لە تەئجیل ئەگەر تەئجیل هەیە، ئەوا تەئجیلە، ئەگەر موناقەشەتان دەوێ موناقەشە دەکەین، سەحب نیە و ڕەفز ناکرێت، بەس تەئجیل دەبێت بۆ دەورەی داهاتوو، بەڕێزان ئێستا دوو بەڕێز پێشنیاری تەئجیلیان کردووە و خاوەنی پرۆژەکەشن، لەبەرئەوە ئەو بابەتە دەخەینە دەنگدانەوە، بۆیە دوو بەڕێز ئەوەی کە دەیەوێ بەردەوام بێت قسەبکات، دوو بەڕێزیش ئەوەی دەیەوێ تەئجیل بێت پشتیوانی ڕەئی لیژنەی ئەوقاف و لیژنەی یاسایش چوونە پاڵیان، جا کەس دەیەوێت بەردەوام بێت موناقەشەکە؟ نیە، ئێستا بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە دوابخرێت بۆ وەرزی داهاتوو دەستی بەرز بکاتەوە تکابە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ دواخرا بۆ وەرزی داهاتوو بۆ خاڵی 3، زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری، لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی کەرەمکەن بۆ ئێرە بفەرموون، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی پرۆژە یاسای سلفەی زەواجتان بۆ دەخوێنمەوە بە زمانی عەرەبی ......... .

المادة الأولى:

سلفة الزواج تعني اعطاء مساعدات مادية للاشخاص القائمين بالزواج.

المادة الثانية:

لاتقل السلفة عن(5)خمسة ملايين دينار.

المادة الثالثة:

تشمل احكام المادتين الأولى والثانية كافة المواطنين الذين يقومون بعقد الزواج بعد اصدار هذا القانون.

المادة الرابعة:

تستعاد (تسترد)السلفة بعد مرور سنتين على الزواج وتعفى الأسرة من(25٪)من مبلغ السلفة إذا ولد لها مولود واحد خلال السنتين المذكورتين، ومن (50٪)من مبلغ السلفة إذا ولد لها مولودان.

المادة الخامسة:

تقوم الجهة المعنية باصدار التعليمات اللازمة لاسترداد السلفة.

المادة السادسة:

يعمل بهذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة (وقائع كوردستان).

**اسباب الموجبة**

**بالنظر للظروف الاقتصادية الصعبة، وتشجيعاً للزواج، فقد صدر هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموون بەكوردیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پڕۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری(سلفە زواج)**

**ماددەی یەكەم: پێشینەی هاوسەرگیری (سلفەی زواج): واتە بڕێك كۆمەكی ماددی بدرێت بەو كەسانەی كە هەڵدەستن بە پڕۆسەی هاوسەرگیری(زواج).**

**ماددەی دووەم: بڕی پێشینەكە (سلفە) لە (5) ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.**

**ماددەی سێیەم:**

**حوكمەكانی ماددەی یەكەم و دووەم هەموو هاووڵاتیەك دەگرێتەوە كە لەدوای دەرچوونی ئەم یاسایەوە پڕۆسەی هاوسەرگیری (زواج) ئەنجام دەدەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**لەدوای دووساڵ تێپەڕین بەسەر زواج سلفەكە وەردەگیرێتەوە، ئەگەر لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەو خێزانە منداڵێكیان بوو(25٪) لە پارەكە وەرناگیرێتەوە، وە ئەگەر دوو منداڵیان بوو ئەو كات لە (50٪)وەرناگیرێتەوە.**

**ماددەی پێنجەم: لایەنی پەیوەندیدار ڕێنمایی پێویست دەردەكات بۆ وەرگرتنەوەی پێشینەكە.**

**ماددەی شەشەم: لەبەرواری بڵاوبوونەوەی ئەم یاسایە لە (وەقائعی كوردستان)كاری پێ دەكرێت.**

**هۆیەكانی دەرچواندنی**

**لەبەر قورسی باری ئابووری و هاندان بۆ زواج ئەم یاسایە دەرچووە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی ئافرەتان، فەرموو.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوای ئەوەی ئەو پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەكەمان كرا، ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان نووسی، ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەكەیە.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی پڕۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری**

دوای گفتوگـۆکردن لەسـەر پـڕۆژە یاسـای پێشـینەی هاوسـەرگیری لەهـەرێمی کوردسـتان – عێـراق، کـە لەدانیشـتنی ژمـارە (21)ی ئاسـایی ڕۆژی سـێ شـەممە، 2010/6/29، خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، لە ڕێکـەوتی 2010/6/30، ئاراسـتەی لیژنەکـەمان کـراوە، بەزۆرینـەی دەنگی ئەندامانی لیژنە بڕیار درا:.

1 - دەرکردنــی بڕیارێــك لەلایــەن پەرلەمانــەوە بــۆ حکومــەت، ســەبارەت بــە پــڕۆژەی پێشــینەی هاوسەرگیری.

2 - هەر هاووڵاتیەك لەهەرێمی کوردستان بۆی هەیە داواکاری پێشینەی هاوسـەرگیری پێشکەش بکات لەڕێگای بانکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

3 - داواکار بۆ هەیە داوا پێشکەش بکا بڕی(10) بەرامبەری مووچەی مانگانەی هەردوو هاوسەر.

4 - داواکـار ئەگـەر فەرمانبـەر بێـت تـەنها پشـتگیری فەرمانگەکـەی بەهەنـد وەردەگیرێـت، ئەگـەر فەرمانبـەریش نـەبوو ئـەوا ڕێکـارە یاساییەکان لەلایـەن حکومەتـەوە دەگیرێتـە بـەر بـۆ زەمانـەی دانەوەی پێشینەکە.

5 - لـەماوەی دوو سـاڵی یەکـەم، ئەگـەر دوو هاوسـەرەکە، منـداڵێکیان بـوو بـڕی دانـەوەی قەرزەکـە لـە (25٪)ی کەم دەکرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی فەرموون.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای پێشـینەی هاوسـەرگیری کـە لەدانیشـتنی ژمـارە(21)ی ڕۆژی 2010/6/29، خوێندنـەوەی یەکەمی بۆ کراوەو لە 2010/6/30 ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە، لە لیژنەکەی ئێمە لەچەند دانیشتنێکدا گفتوگۆی لەسەر کرا، هـەروەها لەهـەمان کاتـدا پـڕۆژە بڕیـارێکیش خرایـە بەردەسـتمان، کـە لەناوەڕۆکـەوە هـەمان نـاوەڕۆکی پڕۆژەکـەی هـەبوو، ئەمـەی خـوارەوە ڕای لیژنـەی کاروبـاری کۆمەڵایەتیـە سـەبارەت بـەم پڕۆژەیە، لەبەر بارودۆخی ئێستای کوردسـتان و بـە ڕەچاو کردنـی بـاری ئـابووری، بـوونی سیسـتمی بـانکی حکومی و ئەهلی دەتواندرێت، داوا بکرێت لەحکومەت چەند ڕێنماییەك دەربکات، بۆ بانکە حکومیەکان کە پێویستە ئەو کەسانەی کە هاوسـەرگیری ئـەنجام دەدەن، ئاسـانکاری پێشـینەیان بـۆ بکرێـت بـەم مەرجانـەی خوارەوە.

1 - دەرچواندنی ئەم بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.

2 - سولفەکە لەڕێگای بانکەکانەوە بێت، یا لە بانکە حکومیەکانەوە دەست پێبکرێت.

3 - سنووریك بۆ سولفەكە دابندرێت كە بە بڕی (10)بەرامبەر مووچەی هەردوو هاوسەرەكە بێت، ئەوانەی دەچنە پرۆژەكەوە، بەمەرجێك سولفەكە لە (20)ملیۆن زیاتر نەبێت، و دانەوەكەشی لە (2٪) زیاتر نەبێت، بۆ فەرمانبەر تەنها پشتگیری فەرمانگەكەی پێویست بێت، بۆ وەرگرتنی پێشینەكە، بۆ ئەوانەشی كە فەرمانبەر نین پشتگیری فەرمانبەرێك بێنن، كە مەرجەكانی مووچەی تێدا بێت، یان ئەو زەماناتانەی كە داوا دەكرێت لەدانی سولفەدا، وەكو زەویی و خانوو .... لەكاتی بوونی منداڵی یەكەم لەماوەی دوو ساڵی یەكەم، لە (25٪)ی قیستەكە كەم دەكرێتەوە، پاش منداڵی دووەمیش لە (50٪)ی كەم دەكرێتەوە، ئەم ڕێنماییانە جیاوازی نێوان ژن و پیاوی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی و ئابووری كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا لە مانگی 9 دەربارەی ئەم پڕۆژە یاسایە، بەحەقیقەت ئێمە تەئكیدمان كردە سەر ئەو بابەتەی كە پەیوەندی ڕاستوخۆی بە داراییەوە هەیە، ئێمە وەكو بیرۆكە لاریمان نیە، بەڵام ئاشكرایە هەر زیادەیەك لەنەفەقات كە ئەچێتە سەر بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێویستی بەڕای حكومەت هەیە لەلایەكەوە، پێویستە بزانین كە توانای هەیە یان نا، لەلایەكی تریشەوە لەكاتی ئێستادا ڕێنمایی پێشینەی هاوسەرگیری هەیە، تەئكیدمان لەسەر ئەوە كردووە كە حكومەت بەردەوام بێت لەسەر ئەو ڕێنماییانەی كە ئێستا جێبەجێ دەكرێت تاكو ڕەئی دێتەوە، ئەمەش دەقی ڕاپۆرتەكەمانە، ئەگەر جەنابت ڕێگامان پێبدەی دەیخوێنینەوە.

كۆنووسی ژمارە (30) ڕێكەوتی 2010/9/28

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان ژمارە(ك414)لە 2010/6/30، دەربارەی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لەهەرێمی كوردستان – عێراق، لیژنەكەمان لەبەرواری 2010/9/28، (30)هەمین كۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی و بەزۆرینەی دەنگ گەیشتنە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

1 - بەهۆی ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بودجەو توانای دارایی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە هەیە، بۆیە لیژنەكەمان پێشنیار دەكات سەرۆكایەتی پەرلەمان، نووسراوێك ئاراستەی حكومەت بكات بەمەبەستی دیاری كردنی توانای دارایی حكومەت لەم بارەیەوە، بەپێی بودجەكەی.

2 - بەپێی ئەو زانیارییانەی كە هەیە، ئەم كارە لەكاتی ئێستادا ڕێكخراوە، بەپێی بڕیاری حكومەتی هەرێم، وەزارەتی دارایی وكاروباری ئابووری لەكاتی ئێستادا بڕێك لە پێشینەی هاوسەرگیری دەدات

**بەهاووڵاتیان، لیژنەکەمان پێشنیار دەکات، تا کاتی وەڵامدانەوەی حکومەت لەم بارەیەوە وەزارەتی دارایی بەردەوام بێت لە پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و کار بە هیچ بڕیارێکی تر نەکات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی، فەرموو.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەربارەی پڕۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لەهەرێمی کوردستان**

**لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕۆژی چوارشەممە 20ی خەرمانانی 2710ی کوردی بەرامبەر بە 2010/8/11ی زایینیی کۆبووەوە، بۆ تاوتوێ کردنی پڕۆژەی پێشینەی هاوسەرگیری لەهەرێمی کوردستان، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەنداماني پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لەدانیشتنی ئاسایی ژمارە (21)ی 2010/6/29، ئاراستەی لیژنەکەمان کرا، دوای گفتوگۆ کردن لیژنە ئەمەی خوارەوە پێشنیار دەکات.**

1 - **لەبەر ئەوەی پڕۆژەکە بابەتی پارەو دارایی لەخۆ دەگرێت، بۆیە بەباشی دەزانین کە پڕۆژە یاساکە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێت، بۆ ئەوەی بیروڕای حکومەت بزاندرێت، ئایا بودجەی حکومەتی هەرێم توانای خەرج کردنی ئەم زیادەی هەیە، جگە لەمەش پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بەپێی ئەو ڕێنماییانە ڕێکخراوە، کەوەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دەری چواندووەو تا ئەو کاتەی حکومەت وەڵامی ئێمە دەداتەوە بەباشی دەزانین کە چاوەڕوان بین و هیچ بڕیارێك لەسەر پڕۆژەکە نەدەین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبدالسلام، موداخەلەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لە لیژنەکەمان بەڕاستی بە پێویستمان زانی کە ڕوونکردنەوەیەکی بچووك بدەین.**

1 - **ئەم سولفەیە ڕزگار بکرێت لەو پرەنسیپەی کە لەناو هەردوو پڕۆژەکەدا هەبوو، لەوێ خەڵتێکی عەجیب هەبوو لەنێوان پارەو سولفەدا، ئەگەر سولفەیە ناکرێ تۆ لەپرێکدا لەبەر هەر هۆیەك بێت، خۆش ببی لە یەکێك لە قیستەکانی، واتە ئەگەر سلفەیە هیچ بارگرانیەك ناخەیتە سەر میزانیە، تەنها یەك مەسەلە ئەبێت ئەویش ئەوەیە ئایا سیولە هەیە، لەبانکەکان و لای حکومەت تا ئەو سلفەیە بدەن.**

2- ئەوەی ئێمە ویستمان بۆ ئەوەی ئەو نیازەی لەپشت پێشکەش کردنی ئەم پرۆژەیە ئەنجام بدرێت، ویستمان فراوانتری بکەین، مەسەلەکە (1) ملیۆن و (2)ملیۆن و (5)ملیۆن نەبێت، جا ئەگەر وەك یاسا مایەوە یان بوو بە بڕیار، ئینسان نازانێ ئاستی ژیان و هێزی دراوەکە چەند ئەبێت، تاکو تۆ بەیاسایەك سبەینێ هەر گۆڕانکارییەك ببێت تۆش ئەبێت ئەمە بگۆڕی، بۆیە پرەنسیپێکی ترمان دانا، ئەویش لە حساب کردنی سلفەکە (10) بەرامبەری داهاتی هەر دوو هاوسەرەکە بێت، واتە ئەگەر بە پێشنیاری ئێمە بێت ئەتوانین تا (20)ملیۆن ڕای بگرین، ئەگەرنا ئەتوانین کراوەی بکەین، ئەندامی پەرلەمان ئەتوانێ پارەیەکی باش دابنێت، پرەنسیپێکی تر کە ویستمان هەبێت، فەرمانبەر و نا فەرمانبەریش بگرێتەوە، هی فەرمانبەرەکە تەنها پشتگیری دائیرەکەی بێت، ئەوەی کە فەرمانبەر نیە، ئەوە با کەفیلێکی فەرمانبەری هەبێت، ئەو کاتە فەرمانبەرەکە حساب ئەبێت، یانیش سیستمی سلفە ئێستا لە کوردستان بێ یاسا پێشکەوتووە، ئەبینین بێ ئەوەی یاسا هەبێت و ڕێنماییان بکات، بازاڕی ئازاد خۆی ڕێکخستووە، لە سەیارەو کەلوپەلی ناومالْ تا دوایی هەموو بە سلفە هەیە، لەبەر ئەوە با حکومەت مەشغولی ئەو ڕۆتینە نەکەین و با بیخەینە بانکی حکومیەوە، سنووری بالأمان دانا، هەروەها بۆ ئەوەی باری ئەم دوو کەسەی کە دەیانەوێت بچنە ناو پرۆسەکەوە گران نەکەین، بۆیە وتمان بە مەرجێك هەبێت کە لە (2٪) زیاتر نەبێت، واتە ئەگەر (20)ملیۆن بێت مانگی (400)هەزار بگەڕێننەوە، ئەگەر (5)ملیۆنیش بێت ئەوە (100)هەزار ئەگەڕێننەوە، کە بەپێویستمان زانی، بۆیە ئێمە سوور نین لەسەر ئەوەی کە ببێت بە بڕیار، ئەگەر بە مەسڵەحەتی دەزانن با بێت بە یاسا، بەمەرجێك ئەم غەرەزانەی تێدا بێت، ئێمە ئامادەین بۆ هەردوو بڕیارەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێت قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات ناوی دەنووسین، سەرەتا موقتەرەحی تەئجیل هەیە لەلایەن لیژنەی دارایی و یاسایی، کە دەڵێت با تەئجیل بێت، بۆیە ئێستا دەمانەوێ چەند کەسێك قسەی لەسەر بکات، بۆ تەئجیل و چەندیش بۆ بەردەوام بوون، کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی و دارایی ئەبوایە ڕاپۆرتەکەیان بە تەواوەتی پێشکەش بکردایە، نەك بڵێن با پرس بە حکومەت بکرێت، یەعنی ئەمە داواکارییەکی نایاسایییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت هەردوو لیژنەکە، مەسەلە ئەوە نیە، مەسەلەکە دروست کردنی نەفەقاتێکی تازەیەو سەرفیاتێکی تازەیە، بەپێی نیزامی داخلی ئێمە مافی ئەوەمان نیە، نەفەقاتێکی تازە ئیحداس بکەین، چونکە موازەنەمان تەصدیق کردووە، بۆیە ئەگەر هاتوو لە ئەسنای موازەنە شتێکی وا هات، ئەوە گرنگە، کە عنصری مالی تێدایە ڕەئی حکومەت وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا چوار کەس وەردەگرین بۆ ئەوەی کە دیفاع لەبەردەوام بوون بکەن و دوایش چوار کەس بۆ تەئجیل، کاك عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عومەر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی تریش هەیە جگە لەو دوو ڕەئیە، ئەوەی کە تەئجیل بکرێت یان بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ کردن، ئێستا من خۆم ڕەئی موخالفم هەیە جگە لەو دوو ڕەئیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئی دوو لیژنەیە کە هەر لیژنەی 11 ئەندامەو 22 ئەندام دەکات، تکایە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دووبارە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وا تێکەشتم کە کاتێ ئەو ڕاپۆرتەمان خوێندەوە کاك عومەر لە دەرەوە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چوار ئەندامەمان دەوێ کە دیفاع لە بەردەوام بوون بکەن، چواریش کە دیفاع لە تەئجیل بوون بکەن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە( کوێستان خان، مەلا بەشیر، حمە سەعید، ناسك تۆفیق) ئەمانە بۆ بەردەوام بوون، (کاك خورشید، ئەڤین، دلێر محمد، دکتۆر ئەحمەد) ئەمانەش بۆ تەئجیل، کاك عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عومەر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی هەر یەك لەو لیژنە بەڕێزانە، کە خوێندرایەوە، ڕەئی موخالف هەبوو جگە لەو دوو ڕەئیەی ئێستا، کە تەئجیل بکرێت یان بەردەوام بێت، ئەگەر ئیجازە بدەی من بۆ خۆم تەسەور دەکەم کەسی تریش هەبێت کە ئەو ڕەئیەی هەبێت، من ڕەئیەکەی خۆم پێشکەش بکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك عومەر دانیشە، ئەگەر ڕەئیەکەیان تەواو نەبوو، ئەو کاتە تۆ ڕەئی خۆت بدە، چونکە ڕەئیەکەی ئەوان لەهەموو ڕەئیەکی تر نزیکترە جگە لە ڕەفز نەبێت، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو ڕایە دەكەم كە بەردەوام بین، لەسەر گفتوگۆ كردن لەسەر پڕۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرگیری، ئاشكرایە لەلای هەموومان كە لە هەرێمی كوردستان، پرۆسەی هاوسەرگیری لە ئاستێكی نزمدایە، ئەمە كێشەیەكی كۆمەڵایەتی گەورەی لێكەوتووەتەوە لەهەرێمی كوردستان، بوەتە هۆی ئەوەی كە زۆربەی گەنجەكانی ئێمە بەرەو هەندەران بڕۆن، لەبەر ئەوەی ناتوانێ خێزان دروست بكات، ناتوانێ پێویستیەكانی خۆی دابین بكات، بەناچاری ڕوو لە هەندەران دەكات، كە لەوێ دیارە ئاسانكاری هەیە لەمەسەلەی نیشتەجێ بوون و كار و لەمەسەلەی كۆمەڵێ شتی تر كە دەتوانێ هاوسەرگیری بكات، ئەم كێشەیە، كێشەیەكی گەورەیە هەمووشمان دەزانین كە لە ئاستێكی نزمدایە بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەم گفتوگۆیە بەردەوام بێت، لەكاتێكدا كە خۆی ئێستا پێشینەی هاوسەرگیری هەیە، بەڵام بڕەكەی كەمە، ئێمە داوا دەكەین كە بڕەكەی زیاد بكرێت، ڕاستە ئەم پێشینەیە كە دەیدرێتێ هەموو كێشەكانی چارەسەر ناكات، بەڵام هاوكارییەكە كە ئەتوانێ خێزان پێكەوە بنێت و كۆمەڵگاكەمان لەم كێشە گەورەیە رزگار بكات، وەكو هاوڕێم كاك عبدالسلام باسی كرد، ئەمە نەفەقاتێكی تازە نیە لەسەر حكومەت، ئەمە قەرزە، ئەم قەرزەش خۆی بوونی هەیە، بۆیە ئەكرێت ئێمە بەردەوام بین و هەوڵ بدەین لە ڕێگای پێدانی ئەو پێشینەیەوە گەنجەكانمان لەو قەیرانە ڕزگار بكەین و هەوڵ بدەین كە پرۆسەی هاوسەرگیری ئاستەكەی بەرز بكەینەوەو خێزانیش زۆر پێك بهێندرێت لەم هەرێمەی ئێمەدا، من یەك تێبینیم هەیە، هەندێجار بۆ پرۆژەی زۆر گرنگتر كە سەرفی تازەشە، ناگەڕێینەوە بۆ حكومەت، بەڵام بۆ ئەمەیان كە سەرفی تازە نیە و زۆریش ڕەوایە، داوا دەكەین كە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، بۆیە داوا دەكەم كە بەردەوام بین، بۆ ئەوەی هاوكاری گەنجەكانمان بكەین و لەم قەیرانە رزگاریان بكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار مەلا بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بەشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بكرێت من ڕەئی خۆم دەدەم بە سۆزان خان، كە قسە بكات لەباتی من، ئەگەر ناشكرێت خۆم قسە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من دەستم بەرزكردبوویەوە، بەس جەنابت ئاگات لێ نەبوو، من پێشەكی دەمەوێت كە پشتگیری لەوە بكەم، كە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی نووسیویانە، كە ئایدیای بیرو بۆچوون و ئایدیایەكی نوێیە، لەوەی كە چیتر بەهۆی ڕێنمایی داراییەوە دەستی ئەو گەنجانە نەبەسترێتەوە و تەنها یەك ملیۆن وەربگرن و بەڕێنماییە داراییەكان، ببێتە حاڵەتی ئەوەی كە پرۆسەی هاوسەرگیری ببەستن، ئەوەی كە لەلای من گرنگە، ئەوەیە كە ئێمە بەپێی ئەوەی كە لەدونیادا هەیەو كار ئاسانی بۆ گەنج و بۆ خەڵك دەكات، چونكە هەر مەرج نیە گەنجەكان پێویستیان بەو سلفەیە هەبێت، بۆیە من هاوڕام لەسەر ئەوەی كە پێویستە ئەم پڕۆژەیە، ئەگەر تەئجیلی بكەین بەو مەرجەی من دیفاع لەو دەكەم، كە بڕەكە بەو شێوە نەبێت كە باس دەكرێت(5) ملیۆن یان (10)ملیۆن، بەڵكو داهێنانی سیستمێكی نوێ بۆ پێدانی قەرز بەدانانی سیستەمێكی تازە لەناو بانكەكان بۆ دانی ئەو قەرزە، هەركەسێك بەپێی ئەو عەقدەی كە دەیكات پشتگیری لەدائیرەكەی خۆی بهێنێت، كە ئەم كەسە فەرمانبەرەو دەتوانێ قیستەكە بداتەوە، لیخۆش بوونێك هەبێت بۆ لەدایك بوونی منداڵی یەكەم و لێخۆش بوونێكیش هەبێت بۆ منداڵی دووەم، ئەویش بۆ زیاد كردنی نەسلی هەرێم، لەم حاڵەتەدا، لەداهێنانی سیستمێكی ئاوا تازەدا، خۆ بێگومان دەبێ بزانین كە حكومەت ڕەئی چیە، وەزیری دارایی لێرەبێت تا بزانین سیولەی بانكەكان تەحەمولی ئەوە دەكات، ساڵانە چەند ژمارەی هاوسەرگیری تازەیە، چەندی دەتوانن كە تەقدیمی ئەو سولفەیە بكەن؟، سولفەكەی دەیانگرێتەوە، داهاتیان هەیە تا بیدەنەوە، یان نا؟، لەبەر ئەوە بۆیە من هاوڕا بووم لەگەڵ ئەو فكرەیە كە ئەمە ئەوە نیە بڵێین ڕەفزی دەكەینەوە، كە ئەمەش تێكەڵەیەكە لەنێوان ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی كۆمەڵایەتی بەمەرجێك، لەگەڵ ئەصڵی مەشروعەكەدا نەبێت، چونكە من لەگەڵ ئەصڵی مەشروعەكەدا نیم، لەگەڵ ئەو داهێنانە تازەیەدام كە لیژنەی كۆمەڵایەتی كردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار كاك حمە سەعید، ببورن كاك بیلال نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت وتت كە چوار كەست دەوێ بۆ دیفاع كردن، بەڵام سۆزان خان دژی بوو، نەك بۆ دیفاع كردن بوو، بۆیە تكایە كە ئەو حساب نەكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بەسەرچاو، بەڕێز كاك حمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەکو هەمووڵایەك دەزانن و ئاگادارن، توێژی گەنجان، توێژێکی گرنگ و هەستیار و زۆرن لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا، قەیران و کێشەی زۆریان هەیە، کە جۆراو جۆرن، بەڕاستی گرنگیدان بەم توێژە کە سامانێکی مرۆییەو توێژی ئایندەیە، ئەم سامانە مرۆییە خاوەن توانای جۆراو جۆرن، ئەمڕۆ کۆمەڵێك کێشە لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی هەیە، بۆ سەقامگیری و بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین سوود لەتواناکانی ئەم توێژە وەربگرین، بە گیانێکی مەسئولیانەوە بەرامبەر بەم توێژە مامەڵە بکەین، چونکە وەکو دەبینین هەموو دەوڵەتەکانی دونیا گرنگیەکی تایبەتیان بە توێژی گەنجان داوە، ئەوەتا ڕوسیا تەئمینی خانوو و سولفەی پێکهێنانی هەموو ژیان وهەموو بوارەکانی ژیانی بۆیان کردووە، وڵاتەکانی تری دونیاش لەم بوارەدا گرنگی تایبەتیان هەیە، لەبواری سوود وەرگرتن لەتواناکانیان، لەبواری ئابووری، لەبواری پێکهێنانی خێزان، ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی کە گۆڕانکارییەکی زۆر و پێشکەوتنێکی زۆر لەبواری ئابووری، کۆمەڵایەتی لەهەرێمەکەماندا هەیە، پێداویستیەکانی پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر بوون وگرانیش بوون، بازاڕ گران بووە، بۆیە بەڕاستی زۆر پێویست دەکات ئێمە ئەم پڕۆژەیە بۆ ئیهتیماندان بە گەنج و بۆ ئەوەی گەنجەکان بتوانن حاڵەتێکی ئیستقراری وەربگرن و ڕوو لە دەرەوە نەکەن، بیروبۆچوونیان دامەزراو بێت، زیاتر بە ئاراستەیەکدا بچێت کە خزمەت بکەن، چونکە گەنج کە چوە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە وەکو هەمووومان دەزانین، هەست بە مەسئولیەتی زیاتر دەبێت و ئارامی دەروونی، فیکری، نەفسی، زیاتر دەبێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە زۆر گرنگە، بۆیە دەبێ زۆر ستراتیژیانە بیری لێ بکەینەوە، ئەو موبەڕیڕەی کە بەڕێزان باسیان کرد، بەڕای من زۆر لاوازە، ئەو دەڵێت ڕێکخراوە ئێمە ناڵێین ڕێك نەخراوە، بەڵێ ڕێکخراوە بەس کەمە، زۆر زۆر کەمەو لە ئاستی پێداویستیەکانیان نیە، وەکو کوێستان خان و کاك عبدالسلام وتیان بەڕاستی ئەم پارەیە پێویست بە ڕای وەزارەتی دارایی ناکات، چونکە زۆر پرۆژەی تر و ئیشی ترمان هەبوو کە بواری مالی بووە، بانگمان نەکردووە، وە ئەمە قەرزە، بۆیە بارگرانی و نەفەقات لەسەر حکومەت دروست ناکات، خاڵێکی تریش ئێستا ئەگەر ئەم یاسایە دەربکەین، تا بودجەی 2011 دێت ناکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەتوانین لە بودجەی 2011 موعالەجەی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بیلال ، فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بيلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پڕۆژەیە پێم وایە کە پڕۆژەیەکە زۆر گرنگە، پڕۆژەیەکە دەکرێ ئێمە ئیستیفادەیەکی زۆری لێ بکەین، کۆمەڵێ گرفتی زۆرمان هەیە، هی کۆمەڵایەتی، بەهۆی ئەم کێشەیەوە کە هاتۆتە پێشەوە بۆ گەنجان و ناتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، بەهۆی گرانی بازاڕ، کە ئێمە دەزانین کە بازاڕ چەند گران بووە، ئەم بڕیارەی حکومەت کاتی خۆی کە(1)ملیۆن دینار بووە، لەوانەیە بۆ ئەو کاتە گونجاو بووبێت، بەڵام بەڕاستی ئێستا بۆ ئەم زرووفە زۆر زۆر کەمە، گەنجانمان تووشی گرفتێکی زۆر بوون و پێویستیان بە

هاوکاری زیاتر هەیە، دیارە هەروەکو سۆزان خان فەرمووی هەر بەتەنها گەنجان نین، لەوانەیە خەڵکێکی تر هەبێت کەبیەوێت ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، بەڵام ناتوانێ بەهۆی کەم دەرامەتی و گرانی بازاڕ، بۆیە بەهۆی پێدانی ئەو قەرزەوە ئێمە دەتوانین کە کێشەیەکی زۆر لەناو ئەو جیلەدا کەم بکەینەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەو جیلەی ئێمە پێویستی بە هاوکاری هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە دەعم بکرێت، جا ئەم دەعمە، ئێمە بۆ نموونە کۆمەڵێك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەتی گەنجان پێشنیارێکیان داوە بە ئێمە، کە زیاتر لە (1700) ئیمزایان کۆکردۆتەوە، داوایان کردووە کە ئەو پرۆژەیە هیچی تر دوانەخرێت، هەرچی زووتر جێبەجێ بکرێت، پێویستیان پێی هەیە، داوایان کردووە کە ئەو پارەیە لە (6) ملیۆن دینار کەمتر نەبێ، دیارە ئێمە وەکو پێشکەشکەرانی پرۆژەکە تەنها (5) ملیۆنمان باس کردووە، بەڵام خەڵکی ئێستا، ڕێکخراوەکان داوای شەش ملیۆن دەکەن، کە کەمتر لە شەش ملیۆن نەبێت، ئێمە بەڕاستی ئەگەر تەنها نەك ئەو هەموو خەڵکەی کە ئیمزای کۆکردۆتەوە، ئەگەر چەند کەسێك ئیمزایەکی وابکات، داوایەکی وابکات، حەقە ئێمە بە گرنگییەوە حیسابی بۆ بکەین، ئەو پرۆژەیە زیاتر لە ساڵێکە پێشکەش کراوە، داوا دەکەم لە بەڕێزتان چیتر دوانەخرێت، ئێستا دەنگی لەسەر بدرێت، لایەنی کەمەکەشی پێنج ملیۆنەکە کە باس کراوە تەصویتی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئێستاوە کە دەنگی پێ دەدەن، سوپاس بۆ بەڕێزتان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ناسك توفیق، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم

دیارە ئەوانەی کە ئەو پرۆژەیان پێشکەش کرد، ئێمە وەکو پێشکەشکەران ویستمان دوو شت موعالەجە بکەین، یەك: مەسەلەی کەمی ئەو سولفەیەی کە ئێستا هەیە، وەکو پێشینەی زەواج، کە یەك ملیۆنە، یەعنی بۆ ئەوەی بزانین کە ئێمە دەزانین هەیە، یەك ملیۆنە، بەڵام زۆر زۆر کەمە، دوو: ئەوەی کە شمولی هەموو هاووڵاتیان ناکات، تەنها شمولی فەرمانبەران دەکات، بۆیە ئێمە پێمان باش بوو ئەو دوو شتە چارەسەر بکەین و، لەبەر ئەوەی خەڵك زیاد لە حەد داوای دەکات، (خاصةً) لاوان، وەکو کاك حاجی ئیشارەتی پێدا، ئێمە ئیمزامان زۆر لەبەر دەست دایە و بەردەوامیش خەڵك تەڵەب دەکات، لاوان لە قەیرانێکی زۆر عەجایبی ئابووریدان کە ئەو ملیۆنە زۆر کەمە، تەئجیل کردن و تەئخیر کردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە مەصلەحەتی لاوان و گەنجان و پرۆسەکە نیە، لە زووشەوە تەقدیم کراوە، نەك تەنها لێژنەی کۆمەڵایەتی و خێزان، حەزم دەکرد سۆزان خان ئاگای لێ بێ، کە ئێمە وەکو لێژنەی ژنانیش ئەو تەڕحەمان کردووە کە ببێتە (10) ئەوەندەی جەمعی هەردوو هاوسەر، بەڵام ئەگەر هاتو حکومەت وتی ئەو سیستەمە زۆری پێ دەچێ بۆ دیراسەکردنی، من پێموایە تەئخیر کردنی، تەئجیل کردنی، زیادکردنی

ئەو سولفەیە و شمووڵ کردنی هەمووو لاوان، بەڕاستی ڕەد فعلێکی ناخۆشی دەبێ، چونکە ئەو پرۆژەیە ساڵێکە تەقدیم کراوە، بۆیە من پێم باشە ئەگەر دەزانن ئەوەی تر زۆری پێ دەچێ، گۆڕینی ئەو سیستەمە و دیراسەکردن، چونکە بەڕاستی ئەوە شتێکی زۆر جوانە، ئێمە وەکو لێژنەی ژنان ئیقرارمان کرد، بەڵام ئەگەر دەزانرێ ئەوە زۆرە، چونکە پرۆژەکە هەیە، دەکرێ لێرە قسەی لەسەر بکەین، دوو ڕۆژیشمان لەبەردەستدایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سبەینێ و دوو سبەیش دەتوانین سبەینێ وەزیری داراییش ئامادە بێ، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە، بەڕاستی چی تر ئەوەندە نەڵێن پەرلەمانی کوردستان هەر پرۆژە تەئجیل دەکات، ئیش لەسەر ئەو پرۆژەیە بکەین بەڕاستی، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، پێش وەقت موداخەلەیەك، ئەوە ساڵێکە، ساڵێ نیە، لە (6/29) خوێندنەوەی بۆ کراوە، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، بەس لە (2010/6/29) خوێندنەوەی بۆ کراوە، بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە پێیان باشە بەردەوام بێ، قسەی خۆیان کرد، ئێستاش ئەو بەڕێزانەی پێیان باشە دوابخرێت، تەئجیل بکرێت، نەك ڕەفز، ڕێزدار خورشید، کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشیێ من دڤێت ئەز بێژم، 100٪ ئەزێ دگەل وێرێ، کو پشتەڤانی ل گەنجان بێتە کرن، پێشینەکا باش بۆ بێتە پێشکەش کرن، بۆ ئەوەی بشێن ببنە خێزان و، خێزانەکێ پێك بینن، چونکو براستی پێکهینانا خێزانێ، پێشخستنا کۆمەلگەهیەو، مە ل گەلەك کێشەو گرفتا رزگار دکەت، کێشا قەیرەبوونا کچان، کێشا واز ئینانا گەنجا ژ ژن ئینانێ، کێشێت کۆمەلایەتیێ کو ڕێ ددەن ژ ڤێ دیاردێ، ئەز 100٪ دگەل وێرێ کو ئەوە بشێین، ئەوە د شیانامەدا هەبیت، بۆ گەنجێ خۆ پێشکەش بکەین، وە هاریکاریا وا بکەین، بەس لێرە ئەم تشتەکی هۆسا بکەین، کو چوارچێوەی یاساییێدا بیت، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە پەیڕەو پڕۆگرامێ ناڤ خۆیا پەرلەمانی، خالا 83 (لایقبل إقتراح زیادة النفقات أو إحداث نفقات جدیدة أو تخفیض الواردات ما لم یكن المقترح مشفوعاً ببیان وسائل تحقیق الإقتراح) ڤێرە ئەگەر بێت و ئەم بڕیارەکێ بدەین، ئەز بێژم ئەم پێچەوانەی ڤێ دەڤێ کار دەکەین، لەوما ڤێرە پێتڤیا ئەم ڕاوێژکاریێ دگەل حکومەتی بکەین، وە رەئییێ حکومەتێ بزانین، وە ئەز پێشنیار دەکەم، وەختێ ئەم دانوستاندنێ ل سەر بودجا سالا 2011 دکەین، ئەڤە ئێك ژوان خالا بیت، کو ئەم ڕاوێژکاریا دگەل حکومەتێ و دگەل وەزارەتا دارایی و ئابووری بکەین، ئایا ئەم دشێین جهێ ڤێ پرۆژێ، جهێ پرۆژەکێ، یا خاڵەکێ تایبەت، چەوا مە پار خالێ دانا بۆ توانا سازیێ 100 ملیۆن دۆلار، ئەم دبێژین خاڵەکا دیکە ژی، پرۆژێ بودجا سالا 2011 ێ زێدە کەین، ئەم جهێ ڤێ پێشینەیێ بودجا 2011 دا بکەینەوە، ئەز دبێژم ب سانایی تر بیت، دێ ئەم وەکی پەرلەمان شێین رەئیا خۆ ل سەر بدەین، وە ئەم حکومەت ژی دێ هنگی کارێ خۆ دکەت، چەوا دێ ڤی پارەی بۆ ڤی پرۆژێ تەئیمن کەت، چونکو براستی، پارەیەکێ نەی کەمە، ئەگەر بێت و ئەم بکەینە پێنج ملیۆن، 10 ملیۆن، ئەز

باوەرکەم موحتاجی ملیارا دینارا بین، چونکو دبیتە ئەگەرا وێ چەندێ، کو خەلکەك زێدە تر داخازا ڤێ پێشینەیێ کەت، ژبەر وێرێ ئەز داخاز دکەم، ئەڤە بێتە پاش ئێخستن، نەك بۆ ماوەیەکێ دوور، بەلکی ژڤانێ دانوستاندنا ل سەر ڤێ خالێ، دگەل دانوستاندن و موناقەشا بودجا سالا 2011 بێتە کرن، ئەز بێژم دێ کارەکێ رێك و پێك تر بیت، حکومەتیش دشێت رەئیا خۆ بدەت، ئەم ژی دشێین دوماهیك بڕیار وەربگرین، بە پێی ئیمکانیاتێت مادیێ بەر دەستێ مە، ل سەر ڕۆشنایا بودجا 2011 ێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ جەنابت، ڕێزدار ئەڤین عمر، کەرەمکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە ئێمە کە باسی ئەوە دەکەین، ئێمە داوا دەکەین کە ئەو پرۆژەیە تەئجیل بکرێ، بۆ ئەوە نیە کە ئێمە دژی ئەو پرۆژەین، ئێمە نامانەوێ پرۆژەی هاوسەرگیری یاخود سولفەی زەواج و ئەو شتانە نەکرێ لە کوردستان، (بالعکس) ئێمە پشتگیریەکی تەواوی گەنجانی خۆمان دەکەین، حەز دەکەین نەك تەنها کێشەی هاوسەرگیری بەو سولفەیە، بەڵکو پرۆژەکانی تریش، یاخود کێشەکانی تریشیان چارەسەر بکرێ لە ڕێگای ئەوەی کە مینحەیان بدرێتێ، یاخود سولفەیان بدرێتێ لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، من پشتگیری قسەکانی کاك خورشید دەکەم (100٪)، ئێمە دەتوانین ئەو پرۆژەیە تەئجیل بکەین، چونکە ئێمە لەسەر ئەبوابی ئەوەین کە موناقەشەی بودجەی (2011) بێتە پەرلەمانی کوردستان، دەتوانرێ لە ناو بودجەی (2011)دا جێگایەك، یاخود خاڵێکی بۆ دانرێ، تەخصیص بکرێ کە مەبلەغێکی چەند بۆ ئەو گەنجانە تەخصیص دەکرێ، ئایا حکومەت، پرسیاریان لێ دەکەین، دەتوانن لە بانکەکاندا، سیوولەیان هەیە کەوا وەکو سولفە ئەو پارەیە بدرێ بە گەنجان؟ بتوانن بیگێڕنەوە، پاشان ئێمە لێرەدا وەکو لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی بەڕێزیش ئاماژەیان پێ کرد، ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆدا خاڵێکمان هەیە کە ناتوانین ئێمە دژی ئەو خاڵەی خۆمان بوەستین، کە ئایا ئێمە دەتوانین نەفەقە زیاد بکەین لەسەر بودجەی حکومەت؟ ئێمە لێرەدا بڕیاری لەسەر بدەین بە بێ ئاگاداری حکومەت، یاخود حکومەت خۆیان پێمان بڵێن ئەو کارە بکەین، یاخود ناتوانین ئەو زیادە بکەین، لێرەدا دیسانەوە من خاڵێکی ترم هەیە حەز دەکەم ئاماژەی پێ بکەم، کە ماددەی چوارەممە، ئایا ئەگەر ئێمە باسی ئەوە دەکەین ئەوە سولفەیە و سیوولە هەیە، حکومەت دەتوانێ وەکو بانکەکان ئەو پارەیە تەخصیص بکات، ئێمە لێرە (25٪) و (50٪) ئیعفامان هەیە، کە ئەوە دەکەوێتەوە سەر شانی حکومەت، ئایا حکومەت دەتوانێ ئەو بارە لەسەر خۆی جێبەجێ بکات، یاخود دەتوانێ تەنفیزی ئەو خاڵە بکات کە لەلایەن ئێمەوە پێشکەشی دەکەین، بۆیە ئەوە ڕەئی منە، من پشتگیری لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەو گفتوگۆیە ، بۆ ماوەی گفتوگۆکردنی بودجە دوابخرێ، تاوەکو لەوێدا گفتوگۆکە و موناقەشەکە زیاتر بتوانی جێگا بگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار محمد دلێر محمود، کەرەمکە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆسەی هاوسەرگیری خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی پێویست و گرنگ و بە نرخ و پیرۆزە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم، بوار و هەلی گونجاوی بۆ ئەو پرۆسەیە بدۆزێتەوە، بەڵام شەرت نیە ئەو پرۆسەیە کە ئێمە تەنها حکومەتی هەرێم بوار و هەلی گونجاوەکە تەنها لەو بواری داراییەوە بێت، بواری دارایی هەڵبەتە بەشێکیەتی، خزمەت کردنی گەنجانیش بۆ ئەو پرۆژەیە خۆی پێویستیەکی گرنگی ئەمڕۆمانە، بەڵام من لێرە کەم و کوڕی لەو پرۆژەیەدا دەبینم، یەکێ لەو کەم و کوڕییانە: من وای بە باش دەزانم خشتەیەك بۆ بارەی تەمەن دابنرێت، کە لەو خشتەی تەمەنە دیاری بڕەکە بکرێت، چەندی سولفە بدرێ، لە تەمەنی ئەوەندەوە چەندی بدرێتی، لەتەمەنی ئەوەندە بۆ ئەوەندە چەندی بدرێتێ؟ بە تایبەتی لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ کەسانێکی زۆر ماونەتەوە پرۆسەی هاوسەرگیریان بەجێ نەگەیاندووە، لە هەمان کاتدا بابەتی ئەو پێشینەی هاوسەرگیریە پەیوەندی بە نەفەقاتەوە هەیە، بە خەرجییەوە هەیە، کە پەیوەندی بەوەوە هەبێ پێویستە لە کاتی وتووێژکردنی بودجەدا شوێنی بۆ بکرێتەوە و دەستنیشانی ئەوە بکرێت بڕەکەی چەند بێت، من وای بە باش دەزانم لە پرۆژەکەدا کە وەختێ تەئجیل دەکرێ بۆ ساڵی داهاتوو بێ، بۆ هەر کاتێك بێ، یەعنی بە پێی سیستەمێکی بانکی نوێ بێت ئەمڕۆ لە جیهاندا، بەو شێوەیە نەبێت بە پێی سیستەمێکی ئیشتیراکی زوو بێت، لەبەر ئەوە من داوای ئەوە دەکەم جارێ تەئجیل بکرێت، تاوەکو ئەوەی سیستەمێکی نوێی بۆ بدۆزرێتەوە، پرۆژەکە تەکامول تر بکرێت، لە کاتی وتووێژکردنی بودجەی ساڵی 2011 دا شوێنی بۆ بدۆزرێتەوە، سەیری توانا و ئیمکانیاتی حکومەتیش بکەین، لەو کاتە کە چەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. أحمد، کەرەمکە.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەمووومان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە پێشینەی هاوسەرگیری زۆر گرنگە بدرێ بە ئەوانەی کە هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، پێشتر ئەوە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بوو بۆ پێدانی پێشینەی خانوو و بەرە بە خەڵکی کوردستان، بێگومان ئەوە کارێکی زۆر گرنگ بوو، شوێنی خۆی گرت، کاریگەری زۆر ئیجابی بووە لەسەر بژێوی خەڵکی کوردستان، لێرە بڕیاردانی پێشینەی هاوسەرگیری دیسان بۆ توێژی گەنجان و بۆ ئەوانەی کە هاوسەرگیری ئەنجام دەدەن، بێگومان ئەوەش کاریگەری زۆر ئیجابی دەبێ لەسەر خەڵکی کوردستان و لەسەر بژێوی ژیانیان، ئەوە کارێکی زۆر گرنگە، من وا دەزانم ئەو

بەڕێزانە ئێمە هەردوولامان لە لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی کاتێ ئەو پێشنیارانەمان کردووە لە مانگی (8) و (9)دا، ئێمە لە سەنەی مالی (2010)دا بووین، بۆ ئەوەی ئەو قورساییە نەکەوێتە سەر حکومەتی کوردستان، لە کاتێکدا ئێمە نازانین ئایا توانای دارایی حکومەتی هەرێم لەو ئاستەدایە کە بتوانێ ئەو گوژمەیە دیاری بکات بۆ پرۆسەی پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری بە خەڵکی کوردستان، بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێ ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن یان نا؟ بۆیە وەختێ کە لێژنەی بەڕێزی دارایی پێشنیار دەکات سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێ ئاراستەی حکومەتی هەرێم بکات، بۆ زانینی ئەو تواناداریيە، هەروەها ئێمە لێژنەی یاسایی، خۆم یەك لەوانە بووم کە پێمواببوو کە ئەو کاتە پێویست بوو کە ڕەئی حکومەت وەربگیرێ، ئێمە لە کاتی جێبەجێ کردنی بودجە، یان لە ناو سەنەی مالی (2010)داین، بەڵام ئێستا دوای تێپەڕبوونی پێنج مانگ و بەرەو بودجەی (2011) دەڕۆین، لامواپە ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە بەڕای من، دەکرێت ئێمە لە موناقەشەکردنی ئەو پرۆژەیە بەردەوام بین، بخرێتە ناو پرۆژەی (2011)، چونکە ئەو کاتە بودجە دێتە بەردەمی پەرلەمانی بەڕێز، بڕیارەکە لێرە دەدرێ کە جێی بۆ دەکرێتەوە، توانای دەبێ لە ناو بودجەکەدا جێی بۆ بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من وای بە باش دەزانم کە پەرلەمان، ئێمە ئەو هەموو پرۆژانە بەڕاستی دوانەخەین، زۆری دواخستنی ئەو پرۆژانە، تەئجیلی هەموو پرۆژەکان، دواتر دەبێ جارێکی تر بێینەوە سەر ئەو پرۆژانە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابت لە لیستی ئەوانە بووی کە لەگەڵ ئەوانەی دوابخرێت، تکایە یەعنی ئەو فاوڵانە باش نیە، ڕجائەن، تەواو، سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە قسەی خۆیان کرد، چی ئەوەی لەگەڵ بوو، چی ئەوەی ویستی دوابخرێت، هەردوولا ڕەئی خۆتان دا، ئێوەش گوێتان لێ بوو، ئێستاش هەڵیدەسەنگێنن، دەنگی تەواو دەدەن، خەلاص، ئێستا داوا دەکەین ئەو بەڕێزانەی ئەو پێشنیاری لێژنەی دارایی و لێژنەی یاسایی، بۆ ئەوەی کە دەوترێ دوابخرێت بۆ ماوەیەکی تر، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ تکایە دواخستنە پاشان خۆتان لەگەڵ حکومەت قسە دەکەن، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت تاکو لەگەڵ حکومەت مشاوەرەت دەکرێ، بودجە، میزانیەش دێت، لەوێ دادەنێن؟ تکایە، لە ناو دەنگدان نوقتەی نیزامی نیە، ڕجائەن، ئێستا دەنگدان بۆ ئەوەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت هەتاوەکو ماوەیەکی تر؟ کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات تکایە؟ (41) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە کە دوابخرێت، ڕجائەن کاك برهان جارێکی تر ئینزارت دەکەم، تکایە لە ناو دەنگدان نوقتەی نیزامی نیە، لە کورسی ئەرز لەناو دەنگدان نیزامی نیە، مەجبوورم ئیحتیرامی جەلسەکە بگرم، مەجالت نەدەمێ، کێ لەگەڵە بەردەوام بێ لە گفتوگۆ تکایە دەستی بەرز بکات؟ (46) کەس، بەردەوام دەبین، زۆر سوپاس، ڕجائەن بەردەوام دەبین لە گفتوگۆ، کەرەمکەن پرۆژە یاساکە ماددەکان بخوێنن، ڕەئی لێژنەکان و ئەو بەڕێزانەی کە گفتوگۆش لەسەری دەکەین، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الأولى:

سلفة الزواج تعني إعطاء مساعدات مادية للأشخاص القائمين بالزواج.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن بێ دەنگی، پرۆژە یاسایەکە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، ئێستا مادده مادده دەخوێندرێتەوە، ئێوەی بەڕێزیش موناقەشەی لەسەر دەکەن، گوێی لێ دەبێ، دەخرێتە دەنگدانەوە، کەرەمکە لێژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشروع قانون سلفة الزواج:

المادة الأولى:

سلفة الزواج تعني إعطاء مساعدات مادية للأشخاص القائمين بالزواج.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

پێشینەی هاوسەرگیری واتا بڕێك کۆمەکی ماددی بدرێت بەو کەسانەی کە هەڵدەستن بە پرۆسەی هاوسەرگیری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقەت ئەگەر بکرێت لە جیاتی (إعطاء مساعدات) ناوی بنێین (قەرز)، چونکە بە قەرز دەدرێ و دوایی سیستەمی هەیە ڕێکی دەخات، چونکە (مساعدات) ناگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایەی لێژنەی داراییین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمەش دژی ئەوەین وەکو یارمەتی پێناسە بکرێت، ئەوە بڕە پارەیەکە بە چەند مەرجێك دەدرێت، بۆ ماوەیەکی دیاری کراو، کە بە قیست بگەڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە بە ڕای من ئێستا صیغەکەی، دانانی صیاغە زۆر زەحمەتە بەڕاستی، پێویستی بە کاتە، بۆ ئەوەی بتوانین صیاغەیەکی قانونی ورد و دەقیق دابنێین، ئینجا نازانم ئەگەر پێشنیارەکەمان قبول بێ، تەئجیلی بکەین بۆ بەیانی، تاکو بتوانین صیاغەیەکی ڕێك و پێك ئامادە بکەین، بەیانی موناقەشەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دانیشتنەکە دوادەخەین بۆ بەیانی، تکایە هەمووتان خۆتان حازر بکەن، ئامادە بن و بەخێر بچن، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22)**

**چوار شەممە رێکەوتی 29\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (22)
## چوارشەممە رێكەوتی 2010/12/29

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2010/12/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (22)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2010/12/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی كوردستان.
2. خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستان.
3. خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای چاككردنی مووچەی هێزەكانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان.
4. خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن كردنی خانووە بێ تۆمارەكان لە هەرێمی كوردستان.
5. خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای دەستەی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (22)، رۆژی دانیشتن (2010/12/29)، بەرنامەی كار:
بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری

دانیشتنی ژمارە (22)ی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێککەوتی (2010/12/29)دا بەو شێوەیە بێت:

1. بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسـەرگیری لـە هـەرێمی کوردستان.

2. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

3. خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچـەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لـە هەرێمی کوردستان.

4- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆکردنی پێشـنیاری یاسـای بـەخاوەن کردنـی خـانووە بـێ تۆمارەکـان لـە هـەرێمی کوردستان.

5- خسـتنەڕوو و گفتوگـۆکردنی پێشـنیاری یاسـای دەسـتەی کۆمسـیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنـەکان لـە هـەرێمی کوردستان.

پێشەکی بەخێرهاتنی ڕێزدار وەزیری دارایـی شـێخ بـایز تاڵـەبانی و بریکـاری وەزارەت کـاک ڕەشـید طـاهرو کاک سەعد مونەسیق لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەین، زۆر زۆر بـەخێر بـێن سەرچاوان، داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، لیژنەی یاسایی ئێستا بۆ بڕگـەی یـەك لـە بەرنامـەی کـار/ بـەردەوام بـوون لەسـەر خسـتنەڕوو و گفتوگـۆ کردنـی پێشـنیاری یاسـای پێشـینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان، کەرەم بکەن بەردەوام بن، تکایە ئارامی بپارێزن، بۆ ئـەوەی گوێتـان لـە یەکتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنـەی هاوبەشـتان بـۆ دەخوێنمـەوە، سـەبارەت بـە یاسـای سـولفەی زەواج بـە زمـانی عەرەبی.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة المالية والشؤون الاقتصادية ولجنة الدفاع عن حقوق المراة ولجنة الشؤون الاجتماعية والطفل والاسرة بتأريخ 7/بەفرانبار/2710 كوردي المصادف ليوم2010/12/28 الميلادية لصياغة مشروع قانون (سلفة الزواج في اقليم كوردستان - العراق) بالاستفادة من الافكار الواردة في تقارير اللجان المعنية وتوصلت اللجان الى الصياغة الآتية للمشروع:

**قانون رقم ( ) لسنة 2010**

**قانون سلفة الزواج في اقليم كوردستان – العراق**

**المادة الاولى:**

**تخصص حكومة اقليم كوردستان – العراق مبلغا سنوياً ضمن الميزانية العامة للاقليم لتأمين سلفة الزواج للمواطنين الراغبين في الحصول عليها تنفيذاً لاحكام هذا القانون.**

**المادة الثانية:**

**تدفع سلفة الزواج وفق الضوابط الآتية:**

**اولاً: ان يكون طالب السلفة من مواطني كوردستان – العراق وساكنا فيها.**

**ثانيا: أتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره.**

**ثالثا: ان يبرم عقد الزواج لدى المحاكم المختصة في الاقليم.**

**رابعا: ان لا يكون مستفيداً من سلفة زواج اخرى.**

**خامسا: الا يكون من اصحاب الدرجات الخاصة اذا كان موظفا.**

**سادسا: يعتبر الزوج والزوجة بحكم شخص واحد لاغراض هذا القانون.**

**المادة الثالثة:**

**تكون مبلغ السلفة (5) خمسة ملايين دينار.**

**المادة الرابعة:**

**لا تستوفي اية فوائد قانونية عن السلفة المدفوعة.**

**المادة الخامسة:**

**في حالة وفاة طالب السلفة قبل تسديد السلفة يعفي الورثة منها.**

**المادة السادسة:**

**في حالة حصول الطلاق او التفريق او فسخ عقد الزواج بين الزوجين تستحصل السلفة المدفوعة من الزوج والتي تعتبر ديناً ممتازاً وفقا لاحكام القوانين النافذة في الاقليم بخصوص تحصيل الديون الحكومية.**

**المادة السابعة:**

**على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثامنة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة التاسعة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الاسباب الموجبة**

الاسرة اساس المجتمع وتشكل صعوبة تكوينها والزواج في الظروف الراهنة مشكلة شاخصة تشمل شريحة واسعة من الشباب الموظفين والمواطنين محدودي الدخل وبما ان لكل مواطن الحق في الزواج وتكوين الاسرة وللتخفيف من وطأة هذه المشكلة، فقد شرع هذا القانون.

راجين التفضل بالأطلاع و عرض أصل المشروع ورأي اللجان بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب بصدده و التصويت. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی كاروباری كۆمەلأیەتی و مندالٚ و خێزان كەرەم بكەن.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی كاروباری كۆمەلأیەتی لە كۆبوونەوەی دوێنیٚ دیار بوو، بۆچوونێكی زۆر زۆر جیاوازمان هەبوو، كە بریتی بوو بە كورتی لەوەی ئێمە بیكەینە بڕیار، ئێمە بۆ ڕێنماییەكان ئیتاری عام دادەنێین، بۆ ئەوەی حكومەت بەپێی توانای خۆی و سیولە تەعلیمات دەربكات، ئێمە دەمانویست پارەكە سابت نەبێت، بەپێی داهاتی هەردوولا بێت، دەمانویست هەموو كەس سوودی لیٚ وەربگرێت، چ كارمەند بێت، چ كارمەند نەبێت، بەپێی ئەو زەوابتەی كە بۆ سولفە هەیە، كەچی لەو كۆبوونەوە موشتەرەكە (تخصص الحكومة مبلغ)، بەبیٚ ئەوەی ئێمە رەئی حكومەت وەربگرین بارگرانیەكمان خستە سەر شانی حكومەت، ئێمە پێنج ملیۆنەكەمان تەحدید كرد، بەبیٚ ئەوەی بزانین ئایا ئەوە قوەی شیرائیەكەی ئەو دراوە دەمێنێت؟ یان نامێنێت؟ لەویٚ هیچ زەوابت نییە، لەكاتی پێشكەش كردنی داواكارییەكە ڕێگا نەگیرێت لەوانەی فەرمانبەر نین، بۆیە حەز دەكەم ئەوە تەسبیت بكەم، لێرە ئێمە سوورین لەسەر رەئیەكەی خۆمان، كە بە بڕیار بێت، كە هەولٚ بدرێت لە ڕێگای بانكەكان بێت، بەپێی تەوفیری سیولە، كە بۆ هەموو كەس بێت، كە داهاتی پیاو و ئافرەت پێكەوە بنەمای تەحدید كردنی ئەو سولفەیە بێت، بە مەرجێك سولفەكە لە بیست ملیۆن زیاتر نەبێت، ئێمە ناتوانین توێژێك لەناو كۆمەلٚگا مەنع بكەین لەوەی كە توانای هەبێت بۆ خۆی زیاتر وەربگرێت، یان كەمتر، مەسەلەی مانگانە، ئێمە بڕی قستەكانمان تەحدید كرد كە لە 2٪ پتر نەبێت، چۆن ئالیەتمان دانا بوو، بۆ چۆنیەتی دەرفەتدان بەوانەی كە فەرمانبەریش نەبن لە ڕێگای كەفیلێك فەرمانبەر بێت، یانیش زەماناتی تر، لە ئاخیرەوەش هەمووی ئەگەر تەقدیریش بێت دە هەزار، بیست هەزار كەس بچنە پرۆسەی هاوسەرگیری بە پێنج ملیۆن حیسابێكی گەورەیە، لێرە ئێمە ناچاری حكومەت دەكەین بڕێكی پارە، یەعنی ئەوەندە ملیار دینار دانێتە سندوقێك، بۆ ئەو مەوزوعە، بۆیە حەز دەكەم ئەوە تەسبیت ببێت، ئێمە لەگەلٚ ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەكە نین، چونكە هیچ لە ڕوحیەتی پرۆژە ئەسلٚیەكە دەرناچێت، ئەوەی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاساییش تەحەفوزیان لەسەر هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس بەنیسبەت بانك ئەهلی بێت، تۆ ناتوانیت ئیلزامی بکەیت، حەز دەکەم ئەوە روون بکەیتەوە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، سوپاس، بێگومان ئێمە کە دەڵێین بانك، ئێمە باسی بانکی حکومی دەکەین، بەتایبەتیش ئێمە دەزانین ئێستا لە کوردستان سێ، چوار ئەزمە دروست بووە، لە دنیاش ئەو ئیشە هەر وایە، سیستەمی بانکی ئێستا لە لای ئێمە مردووە، سیستەمی بانکی ئەهلی ئێستا من خۆم سیقەم پێ نییە، مەبەستمان بانك، ببورن، من نەمگوت، بانکی حکومی ئەو کاتە پێشنیاری جەنابی وەزیرمان لە یاد بێت پار، ئەگەر هاتو هەوڵی خۆمان چڕ بکەین، بۆ ئەوەی فروعی بانکی مەرکەزی لێرە بکرێتەوەو سیولەیەکی باش بێتە ناو بازاڕ، هەدەفی رەئیسی بۆچوونەکەمان چیە؟ باری حکومەت گران نەبێت لە مەسائیلی سولفەو ئەوانە، ئەوە یەك.

دووەمیان/ ئێمە بە یەك چاو تەماشای خەڵك بکەین، لە خۆمانەوە حەقمان نەبێت، بڵێین ئەم فیئەتە، یان ئەو فیئەتەی تر حەقی نییە، چونکە ئەوە مەبدەئی موساوات نییە.

سێیەم/ بەڵام سنوودار دانێین، بۆ ئەوەی پارەکە تێپەڕ نەبێت.

لەسەر ئەو ئەساسە، ئێمە تەسەور دەکەین بنەمای بۆچوونەکانمان لە لیژنەی کۆمەڵایەتی رەنگدانەوەی لەو پرۆژەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی کە ئێمە پێشکەشمان کرد، رەئی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەی هاوبەش بوو، وەنەبێت بڵێین رەئی ئەوە نەبوو، ئەوە یەك.

دوو/ ئەو مەشروعەی کە تەقدیم کراوە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، ئێمە ئەوەمان کردە ئەساس بۆ موناقەشە کردن، چونکە ئەوەی کاك عبدالسلام مومکینە جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو بابەتە، بۆیە ئێمە هەوڵماندا لە مەشروعەکە دەرنەچین.

سێیەم/ ئێمە هەتا ئێستا ئەو مەبدەئانەی کاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، ئەگەر مەجال ببێت ماددە بە ماددە دەتوانین رەئی خۆمان بدەین لەسەر ئەو بابەتە، ئەوەی عیلاقەی بە مەسائیلی مالیش هەیە، لیژنەی مالی دەتوانێت روون کردنەوە بدات لەسەر ئەوە، بۆیە من وای بە باش دەزانم ئێمە دەست پێ بکەین لە ماددەی یەکەمەوە، ئەو وەختە دەتوانێت هەر کەسێك رەئی خۆی بدات و کاك عبدالسلام بە ئیعتیباری لیژنەی کۆمەڵایەتی، ئەویش دەتوانێت رەئی خۆی بدات، دوا رەئیش رەئی ئەندامانی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەی پرۆژەكە هاتووە، راستە نووسراوە، بەلاّم ئیمزای لەسەر نییە، بۆیە رەئی لیژنەكان یەك یەكە دەپرسم، پاشان رەئی جەنابی وەزیریش دەپرسم، پاشان دەچینە سەر موناقەشەی ماددە بە ماددە لە یاساكە، ئێستا لیژنەی بەرگری كردن لە مافی ئافرەت رەئیتان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە دوێنێ راپۆرتی خۆمان هەبوو، سەبارەت بەم پرۆژەیە، لەگەڵ ئەوەدا بووین، كە بە بڕیار دەربچێت، بەلاّم دوای ئەوەی كە پرس و رامان كردو سەرنج و تێبینی خەڵكانی ترمان وەرگرت، لەگەڵ لیژنەی یاسایی كۆبووینەوە بەباشمان زانی، كە بە بڕیار دەرنەچێت، بەڵكو یاسا بێت، بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی بەردەوام گەنجان و ئەوانەی كە پرۆسەی هاوسەرگیری دەكەن سوود لەم یاسایە وەربگرن، سوود لەو سولفەیە وەربگرن، بەم مەبەستە زۆرینەی ئەندامانی لیژنەكە بڕیاریدا كە راپۆرتی هاوبەش پەسند بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری رەئیتان.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی و ئابووری بەشێوەیەكی گشتی لەگەڵ پرۆژە یاساكەین، ئەو بڕە پارەیەی كە پێشنیار كراوە، تەنها پێشنیاری، پاش رەئی وەرگرتنی بەڕێز وەزیری دارایی حەتمەن دەتوانین بڕەكە تەسبیت بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جەنابی وەزیر رەئیتان لەسەر ئەو پرۆژەیە، بۆ ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم راپۆرتە موشتەرەكەو ئەوەی جەنابی كاك عبدالسلامیش خوێندیەوە، ئەمانە هەردووكی ئیلتیزاماتی دارایی تێ دەكەوێت، پێویست بەوە دەكات حكومەت دیراسەتی بكات، من داوا دەكەم ئەم پرۆژەیە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، بۆ دیراسەت كردنی و رەئی لەسەر بدات و بیگەڕێنێتەوە بۆتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێمە ئیجازەمان بە جەنابی وەزیر داوە لە دانیشتنەکان بە دانیشتنەوە قسەی خۆی بکاتن، بۆ ئەوەی نەبێتە خاڵێك، ڕەئی جەنابت بنێردێتەوە بۆ حکومەت؟

بەڕێزان، ئێمە دوێنێ لەسەر ئەم بابەتە موناقەشەی زۆر کراو خرایە دەنگدانەوە، ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئینجا لە ئاخیردا دێین، کاك بورهان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو نوقتەی نیزامیم هەیە:

یەکەمیان/ ئێمە دوێنێ دەنگمان لەسەر داوە، ئەمە یەك.

دووەم/ پرسینی بیرو رای حکومەت، نە بیرو رای مالی حکومەت، نە لە قانونی ڕەقم (1)ی ساڵی 1992دا هەیە، نە لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەیە، ماددەی (83) لە پەیڕەوی ناوخۆ بەس باسی قانونی بودجەیە، قانونی بودجەش بۆ یەك ساڵە، بە پێچەوانەی ئەم یاسایانەی ترەوەیە، کە سیفەتی دەیمومەت و ئیستیمراری هەیە، بۆیە ئەوە لە بابی نوێیە، کە هاتووە.............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە نوقتەی نیزامی دەرچووی، تکایە کە هاتە ناو نووسین، ئەو کاتە قسەی خۆت بکە، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان هەیە، هەموو یاسایەك تەبعیاتی دارایی لەسەر بووە، ڕەئی حکومەت وەرگیراوە، ئەوەی کە ئەمڕۆ جێگەی پرسیارە لە لای من، ئەوە زیاتر لە شەش مانگ بووە، ئەم یاسایە لەلای ئەو لیژنە بەڕێزانەوە بووە، تەکلیفی خۆیان...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕجائەن ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئێستا ناوت دەنووسم لە پێشەوەش مەجالت پێ دەدەم قسەی خۆت بکە، کە ئێستا دەبێت ئێمە موناقەشەی بکەین، نا، نا، حەل ئەوەیە موناقەشەی بکەین، ئێمە هاتووینەتە سەر ئەوەی ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە بڕیارتاندا موناقەشە بکرێت، لەناو موناقەشەکە ڕەئی خۆتان بدەن، دەتوانن، ئەوانەی پێیان باشە ڕەدی بکەنەوە، لە ئاخیری دەتوانن ڕەفزی بکەن، ئەوەی قەبولی بکات دەتوانێت قەبولی بکات، بۆ ئێوە ماوە، بەڵام ئێمە لە ئوسولی دانیشتنەکە دەرناچین، زۆر سوپاس.

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، تکایە ناویان بڵێن، تاکو ناویان بنووسین، لەسەر ماددەی یەکەم، تکایە ماددەی یەکەم بخوێنەوەو ڕەئیتان لەسەری.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2010**

**قانون سلفة الزواج في اقليم كوردستان – العراق**

**المادة الاولى:**

**تخصص حكومة اقليم كوردستان – العراق مبلغا سنوياً ضمن الميزانية العامة للاقليم لتأمين سلفة الزواج للمواطنين الراغبين في الحصول عليها تنفيذاً لاحكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی موشتەرەك رەئیتان لە ماددەی یەكەم بڵێن، پاشان لەسەر ماددەكە رەئی جەنابی وەزیر وەردەگرین، پاشان بەڕێزان، كە دەیانەوێت گفتوگۆ بكەن، كەرەم بكە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو زۆربەی ئەندامانی لیژنەی هاوبەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ مولاحەزەمان نییە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی كۆمەڵایەتی رەئیتان.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من باسم كرد، لە رووی مەبدەئیەوە بە عەمەلی نازانم، جەنابی وەزیریش لێرەیە، من زۆر تكای لێ دەكەم بزانم ئەم رەئیە راستە، یان نا؟ بە عەمەلی نازانم ئێمە ئیلزامی حكومەت بكەین بڕە پارەیەك بخاتە سەر میزانیەی ساڵانە، لە رووی عەمەلیەوە دیار بووە، هەندێ جار حكومەت تەجاوزی كردووە، زیاتریشی سەرف كردووە، تۆ دەستی بەوە دەگریت، لەلایەكی ترەوە، ئەگەر میزانیەی عام فەلسەفەی ئەوەی من تێگەیشت بم، تۆ تەقسیمی بكەیت و تەسبیتی بكەیت لە هەر یەك لە هۆدەیەك سابیت بێت، ئەوە مرونەت لەناو میزانیە نامێنێت، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەم ماددەیە نەبێتن ئەسڵەن، لە ئەساسی ئەم قانونە ناگۆڕێت، كە گوتمان سولفە دەدرێت وازیحە پارەكە دەبێت لە جێگا بێت، بۆی، بە رەئی ئێمە ئەم ماددەیە زیادە، بێجگە لەوەی لە مەبدەئی دارایی حەز دەكەم رەئی وەزیر وەربگرین، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، پرۆژە یاسایەكە موناقەشە دەكرێت، ساڵۆنەكە بچووكە، قسە دەكەن كەس گوێی لە كەس نابێت، تكا لەو بەڕێزانە دەكەم ئەوەی حەزی لە قسە كردنە لەگەڵ یەك ئیجازە وەربگرن، بچنە دەرەوە قسەی خۆیان بكەن، بە رێزەوە بێنەوە، بەس هێمنیەكە بپارێزن، تكات لێ دەكەم، جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەوە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتر داوامان کرد، کەوا ئەوە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، من داوای تەئجیلی دەکەم بۆ ئەو مەوزوعە، ڕەئی حکومەتی لەسەر وەربگیرێت، پێش ئەوەی موناقەشەی ماددەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، نوقتەی نیزامیە؟ کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ دەستخۆشیم بۆیان، بەس نازانم ئەو پرۆژەی ئێستا ئەوان هێناویانە، لەسەر ئەوە موناقەشە دەکەین، یان لەسەر پرۆژە ئەسڵەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژە ئەسڵەکە ئەساسە بۆ موناقەشە کردن، ئەمە ڕەئی موشتەرەکی لیژنەکانە، جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان موداخەلەی هەیە کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.**

ئێمە ئەگەر لێرە هەر بڕیارێکماندا، ئەگەر حکومەت لەتوانایدا نەبوو، چی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن؟ فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر دەڵێت پرۆژەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بە بڕوای من هەر جۆرە موناقەشەیەك بکەین، دیسان دەبێت جارێکی تر بیکەینەوە، هەرچی موناقەشەش بکەین، نابێتە بەرنامەو ئەساس لەناو پرۆژەکە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێتەوە موناقەشەی چی بکەین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، ئێمە دوێنێکە لەم پەرلەمانە، بە ئازادی خۆتان بڕیارتاندا موناقەشە بکرێت، بۆیە بەرنامەی کارمان ئەمڕۆ ئەوەیە موناقەشەی دەکەین، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ ڕەئی جەنابی وەزیرن بەناوی حکومەتەوە قسە دەکات، هاوڕان، کە لە ئاخیردا دەڵێم کێ لەگەڵە؟ دەتوانن ڕەدی بکەنەوە، دەتوانن قەبولی بکەن، ئینجا پێویست ناکات هەر دەقیقەیەك بڵێن نوقتەی نیزامیمان هەیە، وەزیر وای گوت، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، ئەو بەڕێزانەی موداخەلە دەکەن، ڕێزداران: (بەفرین حسین، خورشید احمد، ئەڤین عمر، سیوەیل، شەونم محمد، شڤان احمد، سالار محمود، صباح محمد، عمر نورەدینی، فاضل بەشارەتی، شێردڵ تحسین، عظیمة نجم الدین)، کەسی تر هەیە؟ (پەریهان قوبلای)، کەرەم بکە خانم.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لەسەر ئەسڵی پرۆژە قسە بکەم، نەوەك خودی راپۆرتی هاوبەش، لە ماددەی یەکەمدا، کە باس لەوە دەکات بڕە کۆمەکی ماددە بدرێت بەو کەسانەی هەڵدەستن بە پرۆسەی هاوسەرگیری، من پێشنیار دەکەم هەروەك لە راپۆرتە هاوبەشەکەش هاتووە، تەنها بۆ یەك جار بتوانێت ئیستیفادەی لێ بکرێت، لەوانەیە گەنجی وا هەبێت تەمەنی نەگەیشتبێتە سی ساڵ تا سی و پێنج ساڵ چوار، پێنج جار زەواجی کرد بێت و جیا بووبێتەوە لە هاوسەرەکەی، بۆیە من پێشنیار دەکەم تەنها بۆ یەك جار بتوانێت ئیستیفادەی لێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خورشید کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارەکا دی ئەز تەئکید دکەم، کو ئەم وەکی بیرۆکەو فیکرە سەد لە سەد دگەل پرۆژەی پرۆژێت پشتیڤانیا هاوسەرگیری ئیل هەرێما کوردستانێ، چونکە دوهێ من تەئکید کر، ئەڤە زۆر کێشا بۆ ئێمە حەل کر، بەنیسبەت ماددەی ئێك، ئەز دبینم هەر ئەسڵەن چوونە ناو ڤی بابەتێ موناقەشە کرنا وی، پێچەوانەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆییە، ماددەی (83) (لایقبل اقتراح زیادة نفقات او احداث نفقات جدیدة، او تخفیض واریدات ما لم یکن المقترح مشفوعاً ببیان وسائل تحقیق الاقتراح)، لەبەر ئەوە ئێمە وەسائیلمان لەدەست نییە، تەنها ئێمە ئیقتیراحی سولفەیەك دەکەین، من تەئیدی ئەوە دەکەم پرۆژەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، حکومەتیش رەئی خۆی لەسەر بدات و جارێکی تر بێتەوە ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لەسەر ماددەکە قسە بکەن، زۆر سوپاس، رێزدار ئەڤین عمر کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەروەکو کاك خورشید باسی کرد، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کەوا گەنجان وەکو گوتمان و دوێنێش باسمان کرد، نەك تەنها سولفەی زەواجیان بدرێتێ، بەلاَم کێشەکانیان لە زەواجدا نییە، کێشەکانیان جۆر بە جۆرە، دەبێت کێشەکانیان هەموو بە ئالیات و بە دیراسەت تەحلیل بکرێت و چارەسەر بکرێت، بەلاَم ئێمە لێرەدا کە باسی ئەوە دەکرێت، حکومەت ئیلتیزامێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆی، ئایا لە بودجەدا دەتوانێت ئەو مەبلەغە پارە تەخصیص بکات؟ لێرە دیراسە نەکراوە، بەبێ هیچ دیراسەیەك پرۆژەیەك تەقدیم کراوە، کە حکومەت ئیلتیزامێکی مالی لەسەر ئەستۆ دادەنێت، بەلاَم ئایا حکومەت پێی دەکرێت؟ یان پێی ناکرێت؟ ئێمە ئێستا لەسەر ئەوەین کە بودجەی حکومەت بۆ ساڵی 2011 دێتە

پەرلەمانەوە، ئێمە دەتوانین ئەو پرۆژەیە بگێڕینـەوە، هـەروەها ئـەوان دەڵێن بـۆ ئـەوان حکومـەت خۆیـان رەئی دەدەن، ئایا چەند دەتوانێت تەخصیص بکەن بۆ ئەمە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لەسەر ماددەکە قسە بکە، رجائەن، مەسەلە پرۆژە ناخرێتـە دەنگدانـەوە، پـرۆژە خرایـە دەنگدانـەوە، دەنگی هێنا، موناقەشەی دەکەین، ماددە بە ماددە دەتوانن رەفزی بکەن، تکایە، نییـە، لەسـەر ماددەی یـەك قسە بکە، تەواو، بەڕێز، دوێنێکە ئەو موناقەشەیە کرا، ئەو پەرلەمانە بەڕێزە بەزۆرینـەی دەنـگ پەسـندی کرد موناقەشە بکرێت، تەواو، موناقەشەی دەکەین، تۆ دەتوانیت بڵێت ماددەکە رەفـز دەکـەم، حـەقی خۆتـە ئەو ماددەیە رەفز بکەیت، لە ئاخیردا گشتی رەفز بکە، ئەوە هەمووی حەقی جەنابتە، بەڵام ئێستا پرۆژەکە دوێنێکە دەنگی لەسەر دراو قەبول کراوە، ئەمڕۆ دووبارە نابێتەوە، کەرەم بکە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی من ئێستا لەسەر ئەوەیە ئـەم ماددەیـە، کـە ئێمـە دەڵێین میزانیـەکی بـۆ تەخصیص بکرێـت، یـاخود مەبلـەغێك پـارەی بـۆ تەخصـیص بکرێـت، کـە حکومـەت دەڵێـت مـن نـاتوانم، ئێمـە ئەگـەر پرۆژەکـەش دەربکەین، پرۆژەکە ناچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی یەکەم لـە راپـۆرتی هاوبـەش، چونکە ئێستا راپـۆرتی هاوبەشـی سـێ لیژنەیـە (تخصص حکومة اقلیم کوردستان – العراق مبلغاً سنویاً ضمن میزانیة)، من دەڵێم ئەگەر مەبلەغەکە دیاری بکرێت، دوایی هەندێك وەردەگرن، هەندێکیش مەحروم دەبن، ئەگەر مەبلەغەکە مەفتوح بێت، لـە بانکـەکان بێـت، یەعنی پێم باشـترە دیـاری بکرێـت، ئەگـەر تێدەپـەڕم پـێم بـڕە ئـەو خاڵـەی دێـت، ئـەو خاڵـەی دی دیـاری بکرێـت، پـێم باشـە، دەزانم بـە رێنمـایی لـە وەزارەتـی دارایـی دەردەچـێت بـۆ فەرمانبـەران و بـۆ غـەیری فەرمانبەران، ئەوانەی فەرمانبەریش نینە دەیانگرێتەوە، رێنماییەکان پێم باش بوو، هەندێك شـارەزاییمان لێ هەبێت بزانین، ئایا وەزارەتی دارایی نەوەك دوایی بڵێت تەنها بـۆ فەرمانبـەرە؟ بـۆ غـەیری فەرمانبـەرو دانیشتوان نابێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەمەوە، من پێم باشە مقدارەکە دیاری بکرێت، ئەوە ئەو بڕیارە دەتوانرێت بەڕێز وەزیری دارایی، یاخود لەجیاتی حکومەت ئەو بڕیارە بدات، ئایا دەتوانرێت چەند سولفە بدرێت؟ چونکە بێگومان ئەو سولفەیە دەبێت بۆ هەموو هاوولاّتیان بێت، چ فەرمانبەری دائیرەکان، چ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەشن، چونکە پرۆسەکە خزمەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکات، لەبەر ئەوە ڕەنگە لە ساڵێکدا نەتوانرێت هەموو کەسێك ئیستیفادە لەو سولفەیە بکات، ژمارەیەکی زۆر هەبێت، ئەگەر پارەکە موحەددەد بێت، وەزارەتی دارایی دەتوانێت، یاخود وەزارەتی مەعنی مەجموعە ڕێنماییەك بۆ ئەو مەوزوعە دابنێت، چونکە ئەگەر بڕەکە تەحدید نەکرێت، پێویستە هەموو کەسێك وەربگرێت، دەبێت حکومەتیش بچێتە ژێر باری ئەوەی کە هەموو کەسێك وەربگرێت، بەلاّم ئەگەر بڕەکە موحەددەد بێت، مەسەلەن لە دائیرەیەکی موعەیندا دەتوانیت بڵێیت سەد کەس، یان دوو سەد کەس، ئەوسا دەتوانرێت ئەوە کە زەرورە بەپێی ئەولەویەت ئەو سولفەیە وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن دەبوایە دوێنێ جەنابی وەزیر بانگ کرا بوایە بۆ جەلسەی ئەم قانونە، ئەو وەختە قەرارەکەمان بە تەئکید بەشێوەیەکی تر دەبوو، کە ئێستا موناقەشەی ئەو یاسایە دەکەین، دوێنێ ئەوەی کە خرایە دەنگدانەوە، لیژنەی کاروباری کۆمەلاّیەتی بوو بە ڕەئی من، نەك ئەم یاسایە بوو، بۆیە یەعنی وجودی جەنابی وەزیر ئەمرۆکە بە ڕەئی هەموومان بەشێوەیەکی تر گۆڕا، کە ئەم یاسایە پێویستە، دووبارە دەکەمەوە ئەوەی دوێنێ خرایە دەنگدانەوە، کۆبوونەوەی لیژنەی کۆمەلاّیەتی بوو، مەشروعی ئەوان بوو خرایە دەنگدانەوە، بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەو مەشروعەدا بووین، بەلاّم ئێستا کە گوێمان لە قسەی جەنابی وەزیر بوو، بە حەقیقەت تەکلیفێکی گەورە دەکەینە سەر شانی حکومەت، بەبێ ئەوەی هیچ داتایەکمان هەبێت، ئەو میزانیە دابەش کراوە بەپێی ئەبواب، بۆیە من لە ماددەی یەکەم، یان لە هەر ماددەکانی تر، کە ئێمە بێین موناقەشەی بکەین، بە ڕەئی من ئەگەر ئێمە نەگەینە نەتیجەیەك، کە قانونێکی عەمەلی لێ دەر بچێت، بۆیە من لەگەڵ گەڕانەوەی ئەو یاسایەم بۆ حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی کە باس دەکرێت مەتڵەبێکی گشتییە، پەیوەستە بەتوێژێکی هەرە گرنگ، توێژێکی گەنجان و لاوانن، بۆیە من پێموایە ماددەی دووەم لەگەڵ ماددەی یەکەمدا یەك بخرێت و ئەو مەبلەغەی لە

ئەسڵی پڕۆژەکە هاتووە، نیسبەتێکی باشە، لەبەر ئەوەی دەتوانێت پێداویستیەکانی ئەم قۆناغەی پێکەوەنانی خێزان و پرۆسەی هاوسەرگیری دەعم بکات، چونکە خۆتان دەزانن بە هۆکاری کۆمەڵێ مەسائیل، ئێستا مەوزوعەکە پرۆسەی زەواج لە کوردستاندا زۆر کەم بۆتەوە لەچاو جاراندا، بەپێی راپرسییەك، کە ......سەنتەری ئاینده بۆ پرسەکانی گەنجان کردوویەتی، لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە 36٪ ی لاوان، نەوەك زەواج دەکەن، ئارەزووی زەواج دەکەن، لەسەر ئەو ئەساسەی کە کۆمەڵێك گرفتی مالیان هەیە، کۆمەڵێك گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابووریان بۆ هاتۆتە پێش، ئەم پرسە لەبەر ئەوەی ئێمە لە ڕابردوودا، پێش ئەوەی ئەم بابەتە نەیەتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە، قسە لەسەر تەبەعاتی مالی نەکراوە، وە هەروەها بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ کارمان لەسەر ئەوە نەکرد، ئایا پرس بە حکومەت بکرێت یان نەکرێت؟ بۆیە کە دوێنێش بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستان، ڕێز لە ئیرادەی ئەو مەسەلەیە گیراوە، من داوا کارم کە بەردەوام بێت و ئیشی لەسەر بکەین، وە ئەوەی کە پەیوەندی بە تەبەعاتی مالی و میزانیەی حکومەتەوە هەیە، ئەکرێت بە جۆرێکی تر موعالەجە بکرێت، تەنفیزەکەی بکەوێتە ساڵی ئایندەو، وە لە ناو پڕۆژەی بودجەشدا ئیقرار بکرێت، وە هەروەها من ئیستیناد دەکەمە سەر مەسەلەیەك، کە بەندە ئەندامم لە لیژنەی لاوان لە پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیمان کرد لە ڕێکخراوی گەنجانی گوێڕ لە گەرمیان، کە ئیمزای 10 هەزار گەنجی کوڕو کچیان لەمەناتقی دەرەوەی سەنتەر، ئەتوانم بڵێم ئۆردوگای شۆڕش و ڕزگاری و کفری و خانەقین و ئەو مەنتیقانەی دەوروبەر هێنابوو، کە مەخسەدیانە ئەو بڕیارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا داویەتی، کارێکی زۆر زۆر باشە، هاندەرێکی زۆر زۆر باشە، بەڵام ئەو نسبەتە کیفایەت ناکات، بۆ ئەوەی جورئەتی ئەوە بکەن بچنە بازاڕو پێداویستیەکانیان دابین بکەن، لەسەر ئەو ئەساسە لیژنەی لاوان، هەروەها لیژنەی یاسایش لە ڕاپۆرتیان بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، پشتگیریان لەو مەتڵەب و لەو داخوازیە کردووە، وە هیوادارم ئەمە بەو ئاراستەیە ئیشی لەسەر بکەین، کە ئەم مەتڵەبە، مەتڵەبێکی گشتیە، مەتڵەبی ئەو توێژانەیە ئەمڕۆ ببێتە یاساو، پیرۆزبایشی لێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی تەئکید دەکەمەوە لە سەر گرنگی ئەم یاسایە، ئەم پڕۆژە یاسایە کە ببێت بە یاسا، چونکە ئێمە چەند گرنگی دەدەین بە لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا، ئەبێ بەو ئەندازەیەش گرنگی بدەین بەلایەنی پێکهێنانی خێزان، بۆ چینی لاوان و گەنجانمان، کە چینی بنەڕەتین بۆ هەموو پێشکەوتنێك لە دوا ڕۆژی گەلە کەماندا، لە ڕاستیدا ماددەی یەکەم، مەبنای ئەسڵی یاساکەیە، بە پێی ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، بۆیە دەست خۆشی لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی پارێزگاری لەمافی ئافرەتان و لیژنەکانی

تر دەكەم، لە ڕاستیدا نابێت جێگەی پرسیار بێت، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئیلزام بكرێت كە لە میزانیەی ساڵانە، مەبلەغێكی گونجاو تەرخان بكات بۆ پێك هێنانی خێزان، بۆ ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی سلفەش نەبوایە، بە شێوەی هاوكاریو یارمەتی بوایە، ئەبوایە ئێمە هیچ پرسیارمان لەسەری دروست نەكردایە، چونكە لە ڕاستیدا حكومەت، حوكمی دایك و باوكی هەیە بە نیسبەت هاولاَتیانەوە، چ باوك چ دایك، لە خەمی ئەوەدایە كە مناڵەكانیان، پرۆسەی هاوسەرگیری بە شێوەیەكی شایستە ئەنجام بدەن، هەروەكو لە فەرموودەیەكی پێغەمبەری خودا (د.خ (صلى الله عليه وسلم) من حق الولد على والده ان يحسين اسمه وان يعلمه وان يزوجه اذا بلغ) یەعنی وەكو چۆن گرنكی دەدرێت بە فێر كردن، بە كەرتی خوێندن لە ولاَتدا، چونكە هەموو پێشكەوتنێكی ژیاری لە ولاَتدا، بەستراوە بە خوێندنەوە، ئەبێ بەو شێوەیەش گرنگی بدەین بە لایەنی هاوسەرگیری بۆچینی گەنجان و لاوانمان، بەو شێوەیەی كە هەدەف و غایەی ئەم پڕۆژە یاسایەیە، بۆیە من بە مەعنای كەلیمە لەگەڵ ئەم ماددەیە دام ، كە وەكو لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، كە حكومەتی هەرێمی كوردستان، ساڵانە مەبلەغێك، كە زۆر باشیشە مەبلەغەكەی دیاری نەكردووە، ئەوە وەزارەتی دارایی ئەتوانێت، حیسابی ئەوە بكات لە بودجەی ساڵی داهاتووی هەرێمی كوردستاندا، حیسابی ئەوە بكات كە چۆن دیاری دەكرێت بۆ كەرتی خوێندن، بۆ كەرتی تەندروستی، بۆ هەر كەرتێك لە كەرتەكانی تری ژیانی سیاسی و كۆمەلاَیەتیمان، كە مەبلەغێك تەرخان دەكرێت، بۆ ئەم مەوزوعە، تەبعەن ئەگەر ناویشی بدرێت، سندوقێك بۆ پشتگیری لە پرۆسەی هاوسەرگیری، هیچ ئیشكالێكی تێدانیە، ئەمجا كە تەبعاتی ماددی دروست دەكەین بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان، یان بۆ وەزارەتی دارایی، خۆی فیعلەن بوونی وەزارەتی دارایی، یەعنی بوونی تەكالیفی ماددی لەسەر حكومەت، وە پەرلەمانی كوردستان كە ئەولەویەت ئەدات بەم مەوزوعە بە ڕاستی، لە فەراغەوە ئەم ئەولەویەتە نادات، بۆیە من بە لامەوە سەیرە ئەگەر ئێمە پرسیار لە سەر ئەسلی مەوزوعەكە بكەین، ئەمە مەوزوعێكی زۆر حەیاتیە بە نیسبەت گەنجانمانەوە، بە پێی ئەو پەیوەندیانەی كە بە چینی گەنجانەوە هەمانە هەركام لە ئێمە، وا ئەزانم چینی گەنجانی كوردستان، زۆر بە خۆشحاڵیەوە پێشوازی لە دەرچوونی یاسایەكی لەم چەشنە دەكەن، لە هەرێمی كوردستاندا، هیوادارم بتوانین بەم یاسایە، بەشێك لەو گیرو گرفت وكێشە كۆمەلاَیەتیانەی كە........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، باسی ماددەكەم بكە، ڕەجائەن، محازەرە مەدەن، تكایە وەرنە سەر ماددەكە، ئەم ماددەیە كە ئەڵێت، تەخسیسی حكومەتی هەرێمی كوردستان، مەبلەغێكی سەنەوی ئاوا بكاتن، باشە، كەمە، زیادە، لەگەڵین، لەگەڵی نینە؟، ئەوە، بەلاَم باسی مەوزوعی تر، ڕەجائەن، بۆ هەمووتان ئاوا، نەوەك بۆ یەك بەڕێزێكە، كەرەمكە.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لەم ماددەیە دەكەم، وە پشتگیری لەوە دەكەم كە حكومەتی هەرێمی كوردستان، مەبلەغێك تەرخان بكات، بەڵكو سندوقێكیش ئینشا بكات بۆ ئەم مەوزوعەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەماددەكە دەكەم، كە وەك خۆی هاتووە، چونكە تەرخان كردنی بڕە پارەیەك، بە مەبەستی پشتیوانی كردن لە پرۆسەی هاوسەرگیری، دەبێتە مایەی كە لە داهاتوودا جۆرێك لە گرێنتی هەبێت لە بەردەوام سەرف كردنی پارە، هەروەها تووشی كێشەی سیولە نەبێت سەبارەت بەم پرۆسەیە، بۆیە تەرخان كردنەكە كارێكی باش و لە جێگەی خۆیەتی، دوو، ئەم تەرخانكردنە ڕاستە ئەركی سەرشانی حكومەت لە رووی پارەو میزانیەوە قورس دەكات، بەلأم ئەركەكە بە شێوەیەك نیە كە ببێتە بەربەست لەبەر دەم كاری حكومەت لە بوارە جیا جیاكانی تردا، چونەكە ئەگەر سەیری داتاكان بكەین، كە ژمارەی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئەو عەقدانەی كە كراوە لە ساڵی ڕابردوو، لە پاریزگای سلێمانی نزیكەی 12 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری كراوە، ئەگەر بێین سەرانسەری كوردستان، دەبینین ڕێژەكە لە نێوانی 20 هەزار تا 25 هەزار پرۆسەی هاوسەرگیری كراوە، كە بەسەر یەكەوە هەمووی پێویستی بەوە دەبێت كە 100 تا 150 ملیار یان 125 ملیاری بۆ تەرخان بكرێت، هەروەها لە ماددەی یەكدا هاتووە كە پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ جاران، هەموو هاووڵاتیەكی هەرێمی كوردستان، مافی ئەوەی دەبێت كە سوود لەوە وەربگرێت، كە لە ناویشیدا هەموو هاووڵاتیان، بێگومان بەشی گەورەی گەنجان كە سوود لەم هاوكاریە وەردەگرن، بۆیە من پشتیوانی لە ماددەكە دەكەم وەكو خۆی كە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار فاضل بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، پاش دەست خۆشی لە لیژنەكە بۆ ڕاپۆرتەكەیان و، وە بە هەقیقەت ئەم پرۆژە یاسایە، پرۆژە یاسایەكی زۆر گرنگە، خزمەتێكی یەكجار زۆر بە توێژی گەنجان و بە تایبەتی كەم دەرامەتان دەكات لە كوردستان، بەس بە بڕوای من دوو تێبینیەكەم ئەوەیە، كە بە هەقیقەت ماوەی

دانەوەی پارەکە کەمە کە دوو ساڵە، یەعنی دوو ساڵ پێموایە ماوەکە کەمە، چونکە پێشنیاری 5 ملیۆن کراوە، لە پرۆژەکە وا هاتووە، دوو ساڵە، لێرە تەنها باسی هاوکاری ماددی دەکات بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری، من پێشنیار دەکەم خاڵێك ئیزافە بکرێت، کە ئەویش باسی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فاضل بەشارەتی، رەجائەن، باسی ئەم تەخسیسە بکە، ئێستا لەناو ماددەی یەکین، ماددەکانی تر پاشان دێینە سەری، ئەو ماددەیە بەو شکلە دانراوە، کەلەبەر دەستی جەنابت هەیە، باشە، یان خراپە، رەئیت لەسەر ئەوە بدە، چونکە ئەگەر لەسەر گشتی بدەین، پاشان بێین ماددە ماددە بکەین، هەم وەقت دەڕوات، هەم تێکەڵ و پێکەڵ دەبێت، لەسەر ماددەی یەك، ئەسڵی پرۆژەکە هەیە، کە دوێنێ دەنگمان بۆیدا، لەسەری بەردەوام دەبین، پرۆژەیەکی تر هی لیجانی موشتەرەك هاتووە، ئەویش لەبەر دەستی جەنابتانە، پرۆژەکە تەئید دەکەی، هی لیجانی موشتەرەك تەئید دەکەی، رەئیت کەم و زیادی دەکەی، قەبوڵی ناکەیت، ئەوە ئازادن، بەلاَم لەسەر گشت پرۆژەکەو دووبارە قسە بکەین ئەوە نەختێك لەنگە، زۆر سوپاس، کەرەمکە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەچوومەتە سەر ماددەیەکی تر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تەنها باس لە ماددەی یەك دەکەم و، وە باس لەوە دەکەم کە ماوەی دانەوەکە کەمە، دوو، پێشنیار دەکەم بەندێك ئیزافە بکرێت لە ماددەی یەك، ئەویش مەبەست لە سزادان، لەسەر مەسەلەی رێژەی تەلاَق، کە ئێستا تەقریبەن خەریکە زیاتر دەبێت لە پرۆسەی هاوسەرگیری، وە پێشم وایە کێشەیەکی زۆری کۆمەلاَیەتی دروست کردووە، وە کێشەکەش بە هەقیقەت دەتوانم بڵێم لە 80٪ی ڕووی لە ئافرەتان کردووە، چونکە گەنجێك هاوسەر دەخوازێت، پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدات، ماوەی ساڵێکە، هەشت مانگە، دوو ساڵە، لەگەڵ ڕێزم خەریکە پرۆسەی هاوسەرگیری ئێمە، دەبێتە سیغەی ئێران، کە ئەمەش بەڕاستی گرفتێکی گەورەی بۆ ئافرەتان، وە کێشەی کۆمەلاَیەتی زۆری لێ کەوتووەتەوە، بۆیە داواکارم تەنها باس لە هاوکاری نەکرێت، سزایەکیش هەبێت بۆ تەلاَقی بێ پاساو، کە ئیمڕۆ زۆر زۆر بووە لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شێردڵ تەحسین فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تەحسین محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەماددەی یەك دەکەم، لێرە (تخصص اقلیم کوردستان) پشتگیری لە تەقریری موشتەرەك دەکەم (تخصص اقلیم کوردستان-العیراق، مبلغا سنویاً) یەعنی مەبلەغێك تەحدید دەکاتن، مەبلەغەکە لە میزانیەی سەنەوی خۆمان کە دێتە پەرلەمان، ئەو کات میزانیەکی بۆ دادەنێین، وەکو ئەو میزانیەی کە قوتابیەکان دەنێردرێنە دەرەوە، لەو مەبلەغە زیاتر نەبێت، ئەگەر میزانیەکە مەفتوح بێت، حکومەت

ناتوانێت ئەو گەنجانە هەمووی بەیەکەوە ژن بێنن ئەو پارەیە لە کوێ دێنێت؟، تەحدیدی مەبلەغەکەی بکەین، لەوە تێنەپەڕێت مەبلەغەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عظیمە فەرموو.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە بۆخۆی ئەم پڕۆژە یاسایە پڕۆژە یاسایەکی زۆر گرنکەو، پێموایە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، هەقی پشتگیری کردنی هەیە، لەبەر ئەوەی گەنج توێژێکی گرنگ و هەستیاری ئەم کۆمەڵگایەن، پڕ گرفترین توێژن کە لەم کۆمەڵگایە تاوەکو ئێستا لە قەیران نەتوانراوە حکومەت هاوکاریو دەعمی ئەم گەنجانە بکات لە کوردستان، بەڵام ئێستا پڕۆژە یاسایەك هاتۆتە پێشەوە کە ئیستیقراری کۆمەڵایەتی دروست دەکات لە کۆمەڵگا، ئەو گەنجانەی کە سەفەری.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەجائەن، عظیمە خان، تخصیص حکومە اقلیم کوردستان- العراق، مبلغا) ئەوها، ئەوها، پێت باشە، یان پێت خراپە؟، رەجائەن، باسی گرنگیم بۆ مەکەن، ڕەجائەن دوای داتئەنێم.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرس کردن بە حکومەت، پێموایە لە هەموو کەس نزیکتر و پەیوەندیدار تر، وەزیری دارایی بوو، خۆی حکومەتە لێرە، ئەو پرسیارە، یان ئەو پرسەی کە بە حکومەت دەکەین ئەمڕۆ وەزیری دارایی وەڵامان بداتەوە، لەبەر ئەوەی کە ئەم پڕۆژە یاسایە، پڕۆژە یاسایەکە ناکرێت حکومەت هاوکاری گەنج نەکات لەوە زیاتر، پێموایە ئەمڕۆ ئەم پرسیارە لەوەزیری دارایی دەکەم، بزانین تا چەند پشتگیری دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەریهان قبلای فەرموو.

**بەڕێز د.پەریهان محمد قبلای:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی بەڕێز کاك سالار دەکەم، وەهەروەها کاك عمر نورەدینی دەکەم لە گرنگی ئەم پڕۆژەیە، وە ئەم پڕۆژەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەریهان خان، ڕەجائەن وەرە سەر تەخسیسەکە، باشە، کەرەمکە.

**بەڕێز د.پەریهان محمد قبلاى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخصص اقلیم کوردستان-العیراق، مبلغا سنویاً، یەعنی ئەمە زۆر وازحە کە ئەمە ئیختساسی وەزارەتی داراییە بۆ بودجەی ئەمساڵ، کە ئەتوانێت لە زمنی ئیختیساسی خۆی، ئەو بڕە تەخسیس بکات، ئیعتیماد لەسەر احصائیاتی عقودی زەواج کە ئەکرێت لە مەحاکمەکان، وە هەروەها ئەمە سولفەیە، یەعنی ئەمە دوایی وەردەگیرێتەوە، حکومەت ئەوە نیە کەئەتوانێت ئەمە، یەعنی سولفەیەکە وەزارەتی دارایی مەبلەغێکی بۆ دادەنرێت، دوایی وەردەگیرێتەوە، لەبەر ئەوە من تەئیدی ئەسلی ماددەکە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك ئەرسەلان بایز فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم پابەندە بە سێ شتەوە، یەکەمیان ئەبێت سەرژمێریەکمان هەبێت، بزانین ئەوەی لە تەمەنی ژن هێنان و هاوسەرگیرین چەندن؟، وە ئەگەر سلفەی زەواج هەبێت، حەتمەن دوو هەندەو سێ هەندە زیاد دەکات، ئەمە یەك، چونکە بەبێ بوونی سەرژمێری ئەوانە ناتوانێت حکومەت تەقدیری بکات، دووەم، توانای حکومەت چەندە، حکومەت تا سەرژمێری نەکات، تا سەیری میزانیەی خۆی نەکات، ناتوانێت، سێهەمیان، ئەو مەبلەغەی کە لە ماددە یەك تەرخان کراوە بۆی، مومکنە کەم بێت، ئەبێ باسی بازاڕ بکرێت، تەقدیری بازاڕ لەو ساڵە، بۆ هاوسەرگیری چەندی پێویستە، مومکن نیە ئەو تەقدیرە دانرابێت کەم بێت، مومکنە زیاد بێت، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەو سێ خاڵە ڕەچاو بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئاخیر ڕەئیت لەسەر ماددەی یەك، جەنابت پێشنیارت کرد، کە گشت مەشروعەکە ڕەفز بکرێت، ببورن بنێردرێتەوە بۆ دیراسات، بەڵام چونکە دوێنێ پەرلەمان لەسەر ئەسڵی مەشروعەکە بڕیاری دابوو موناقەشە بکرێت، ئێستا رەئیت لەسەر ماددەی یەك، کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من هەروەکو وتم، ئێمە پێمان باشە ئەم مەشروعە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، وە لەوێ دیراسەت بکرێت، کە باسی وەزیری دارایی دەکەن دەڵێن، ئەوە حکومەت لێرەیە، ئەو مومەسیلیەتی، خۆ من داتام لا نیە، دیراسەم لە لا نیە، وەزارەتی مالیە پێك هاتووە لە چەندەها مدیر عام، لە چەندەها موستەشار، یەعنی

من هەموو شتێك نیم بە نیسبەتی وەزارەتی داراییەوە، من نازانم دوێنێکە بەڕێزتان لەسەر چی تەسویتتان کردووە؟، ڕەنگە ئەو مەشروعەی دوێنێ و ئەمڕۆ لا بەلا گوێم لێی بووە، ڕەنگە جیاوازیشی هەبێتت لەگەڵ تەسویتی دوێنێ و ئەمڕۆ، دوایی هەر نۆماددەکە ئیلاقەی بە دیراسەوە هەیە کە هاتووە، تکام وایە ئەم مەوزوعە، ئێمە دژی ئەم جۆرە مەشروعانە نیم، بە عەکسەوە، ئێمەش بەشێکین لەم مەشاکیلانەو حەز دەکەین حەل بکرێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، نەك پێنج ملیۆن، بەڵکو ئەگەر ئیمکان ببێت زیاتریش بدرێت، ئەوەی کە ئیمکان بێت بۆ گەنجی خۆمان بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئەم جۆرە شتانەین، بەڵام بە دیراسەت و ئەبێت دیراسەت بکرێت، وە ئەگەر وایە جەنابتان ئێمەتان بۆ بانگ کرد بۆ ئێرە؟، غیر ئێمە ئەوە رەئیەکەمانە یەعنی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم پڕۆژەیە، بۆ ئاگاداری جەنابتان، جەنابی وەزیر، لە 2010/6/30 وە،ئەم پڕۆژەیە لە لای لیژنەی یاسای و، ئابوری و، مافی ئافرەت و کاروباری کۆمەڵایەتییە، ئینجا لیژنەکان لەگەڵ جەنابتان ڕاوێژیان کردووە و نەکردووە، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هیچ شێوەیەك من وەکو وەزیری دارایی ئەم مەوزوعە لەگەڵ من موناقەشە نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی وەزیری دارایی ڕاستە، ئێمەش لە ڕاپۆرتی خۆمان کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، دەڵێین ئەو مەوزوعە ئیلتیزاماتی مالی تێدایە، وە خۆمان کە کۆبوونەوەمان کرد، داوامان کرد کە مەوزوعەکە ئیحالەی حکومەت بکرێت، هەتا ڕەئی حکومەت وەربگیرێت، بەڵام دوێنێکە کە درا دەنگدانەوە، ڕاپۆرتی ئێمە ئیهمال کرا، تەسویت لەسەر ئەوە کرا کە بەردەوام بین لەسەر موناقەشە کردنی مەوزوعەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی ئەندامی لیژنەی یاسایی، من ڕێز لە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان دەگرم، کە موناقەشە بەردەوام ئەبێ، ئێستا ماددەی یەکە، ئەتوانن ڕەفزی بکەن، کەرەمکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەمە کراوە، ئاراستەی حکومەت کراوە، حکومەت کە دوای ساڵێك وەڵام ناداتەوە بەڕاستی ئیتر پرسی چی پێ بکرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ماددەی یەك، لیژنەی یاسایی بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی پێی ناخۆشە با دەنگ نەدات، ئەوەی پێی خۆشە با دەنگ بدات، ماددەی یەك بخوێنەرەوە وەكو لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قانون رقم ( ) لسنة 2010

قانون سلفة الزواج في اقليم كوردستان- العراق

المادة الاولى:

تخصص حكومة اقليم كوردستان- العراق، مبلغاً سنوياً ضمن الميزانية العامة للاقليم لتامين سلفة الزواج للمواطنين الراغبين في الحصولى عليها تنفيذا لاحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 69 بەڕێز لەگەڵ دایە، سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 5 بەڕێز لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی یەك پەسەند كرا، بۆ ماددەی دوو، لیژنەی یاسایی كەرەمكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تدفع سلفة الزواج وفق الضوابط الاتية:

اولاً: ان يكون طالب السلفة من مواطني كوردستان –العراق و ساكناً فيها.

ثانياً: اتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره.

ثالثاً: ان يبرم عقد الزواج لدى المحاكم المختصة في الاقليم.

رابعاً: ان لا يكون مستفيداً من سلفة زواج اخرى.

خامساً: ان لا يكون من اصحاب الدرجات الخاصة اذا كان موظفاً.

سادساً: يعتبر الزوج والزوجة بحكم شخص واحد لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە گفتوگۆکانی کۆبوونەوەی هاوبەشیش باسمان کرد، (خامساً ان لایکون من اصحاب الدرجات الخاصة اذا کان موظفاً) ئیجحافی تێدایە، بە هەق فیئەتێك بێت هیچ موبەریر هەبێت، پێشنیارەکەمان ئەوە بوو، کە هەرچەندە لە ماددەی سێ دەبێ موناقەشە بکەین، ئێمە وتمان حەد ئەعلایەك دابنێین، سنوورێك دابینێین بۆ سلفەکە، لەو مەبلەغە تێپەڕ نەبێت، ئەوکاتە ئۆتۆماتیکیەن دیار دەبێت، چونکە بنەمانی سلفەکە دیار بوو، ئەوانەی کە دەرەجات خاص بن و خاص نەبن، مدیرە، مدیر عامە، هەر کەسێك بێت هەقم چیە؟، کابرایەك دەیەوێت سلفە وەربگرێت، بۆیە بە تەسەوری من ئەوها دەقاق و دەق، هیچ موبەریر نیە، من نە لەگەڵ دەرەجات خاصەمە، چونکە وازحە رەئیم چیە، ئەگەر ئێمە حەدی ئەعلامان دانا، هەموو کەس موستەفیدە لێی، چونکە بڕواناکەم دەرەجە خاصەك بچێت خۆی بکاتە شەریك لەو سلفەیە، بۆیە تەسەوڕ دەکەم ئەمە زیادە، هیچ مەعنای نیە، حەلەکەی ئەوەیە لە ماددەی سێیەم حەدی ئەعلا دابنێین بۆ سلفە، سادساً: یعتبر الزوج والزوجة بحکم شخص واحد لاغراض هذا القانون، من لە قانون تێناگەم، چونکە وەکو لە موناقەشات دیار بوو، من تێدەگەهشتم سلفە هەردووکیان تەوقیع دەکەن، یەکێکیان دەبێتە کەفیلی ئەوی تر، وا پێ دەچێت لە قەوانینی عیراقی شتی وانیە، بۆیە کە یەکێك تەوقیع دەکات، یەعنی یعتبر شخص واحد، چی؟، بۆ من شەرح بکەن، هەر دووکیان ئەبنە یەك، چیە؟، یەعنی هەبێت لێرەدا، بۆیە من تەسەور دەکەم، ئەگەر ئەوە تەوزیح بکرێت هیچ، ئەوی تر من لەگەڵی نیم، ئێمە هیچ تەمیزێك بخەین، نە لەسەر مونتەلەقی تەعاتف، بەڵکو حەلەکەی بەشێوەیەکی تر دەکرێت، ئەوەش حەدی ئەعلا دابێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام بە نیسبەت دەرەجاتی خاصە، ئێمە پێمان وایە، کە ئەوان پێویستیان بەو جۆرە سلفانە نیە، چونکە بەمەعاشی مانگێکیان دەتوانن ئیستیغلالی ئەو سلفەیە بکەن، ئەمە بۆ جەماعەتی دەخلی مەحدودە، ئەوە بۆ ئەو کەسانەی کە فەقیرو هەژارن کە ناتوانن پرۆسەی هاوسەرگیری بەڕێوە ببەن، بە نیسبەت ئەوەی کە دەڵێت، الزوج والزوجە بحکم شخص واحد، خۆ ناتواندرێت معاملە بەناوی هەردووکیانەوە تەقدیم بکرێت، ئەکید ئەگەر یەکیان تەقدیمی کرد، مەعنای ئەوەیە ئەویتریش

**شمول دەكات، كەواتە دەدرێتە زوج و زوجە، وەكو یەك معامەلە، نەوەك دوو معامەلەی زەواج، هەر یەك بتوانن بە جیا جیا تەقدیمی بكەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی مافی ئافرەت فەرموون.**

**بەڕێز گەشە دارا جلال حفید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئی ئەخیرتان لەسەری، وە لە جەنابی وەزیر دەپرسین، كەرەمكەن رەئی خۆشتان وەكو یاسا.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێمان باشە سیاغەی فەقەرەی شەشەم بەو شێوەیە بێت(سادساً: یعتبر الزوج والزوجة بحكم شخص واحد لاغراض استحقاق السلفة، فەقەرەكانی تر هەر وەكو خۆی بمێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر كەرەمكە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە داوامان كرد كەوا دیراسە بكرێت.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر بۆ گشت ماددەكان لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بێت، دوا بخرێت، بۆ زیاتر دیراسەت و ئەوە بێت، هەقێكی تەبیعی خۆیەتی، بەڕێزانیش ڕەچاوی بارودۆخەكە دەكەن، ئێستا كێ ئەیەوێت قسە بكات، لەسەر ئەو ماددەیە ناویان ئەنووسین، عبدالرحمن حسین، شێرزاد حافظ، ئاشتی عزیز، د.صباح بەرزنجی، د.رفیق سابیر، سەرهەنگ، شەونم محمد، شلێر محمد، سالار محمود، دانا سعید سۆفی، زانا رؤوف، ئاواز عبدالواحید، د.احمد وەرتی، سالم تۆما كاكۆ، هاژە سلیمان، د.بشیر خلیل، بورهان رشید، پەیمان عزالدین، پەیمان عبدالكریم ، بەڕێزان ئەم ڕێزدارانە ویستویانە قسە بكەن، گەشە خان جەنابت ویستت ناوت بنووسی، یان ئێستا داخیل دەبی، گەشە ئەخیر كەس، كەرەمكە.**

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەسەر ئەم ماددەیە ماددەی دووەم، بڕگەی پێنجەم، منیش رەئیم ئەوەیە ئەو بڕگەیە زیادە، کە اصحاب درجات خاصە، من پێموایە لە جیاتی ئەم اصحاب درجات خاصە، بکرێتە بڕی پێدانی سلفەکە دیار بکرێت، مەسەلەن لە ئەسڵی پڕۆژەکە هاتووە پێنج ملیۆن، هەر ئەو بڕگەیە لێرە زیاد بکرێت، باشترە لەوەی کە اصحاب خاصەی تیا بێت، ئەم جیاوازیە نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەمدا، بڕگەی یەکەم ( ان یکون طالب السلفة من مواطنی کوردستان –العراق و ساکناً فیها، ساکنا فیها پێموانیە بە شتێك ئیسبات بێت، چونکە من لە ئەوروپا بم جنسیەی ئەوروپام هەیەو، هەویەی ئێرەشم هەیەو جنسیەی عیراقی ئێرەشم هەیە، هەموو شتێکم هەیە، یەعنی ئەوە پێموایە هینێکی باش بێت ئەوە، چونکە کەس ناتوانێت ئەوە کەشف بکات، ئەوەلەن،(ان یکون طالب السلفة من مواطنی کوردستان –العراق و ساکناً فیها) ساکنا فیها، هەموو کوردستانیەك لە دەرەوەی وڵات، جنسیەی هەبێت، لێرەش هەموو شتێکی هەیە، وەکو ئەوانەی تر، دووەمیان(اتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره)، ئێمە ئەزانین لە مەحاکمەکان ئێستا لە (16) و لە (17)ش مارەبڕین هەیە بە حزووری وەلی ئەمر، جا ئەو خەڵکانە ناگرێتەوە کە ئەوانەی دەیانەوێ هاوسەرگیری بکەن، لەبەر ئەوە پێموایە ئەو خاڵە لەوێدا زیادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ئاشتی، کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەرگری لە ڕاپۆرتی هاوبەش دەکەم، تێبینیم لەسەر خاڵی چوارەم هەیە، (أن لا یکون مستفیداً بسلفه زواج أخری)، ئێمە هەموومان دەزانین ئێستا هەندێك لە هاوکارانی بەڕێز باسیان لەوە کرد کەوا ڕێژەی تەڵاق زۆرە لە کۆمەڵگادا، شتێکی ئیعتیادی یە لە زۆربەی موجتەمەعاتدا لەو سەردەمەدا، لە ڕێگەی تەبەعیەی مالیدا زۆرجار هۆکارێکە کە موشکیلەی کۆمەڵایەتیشی پێ حەل دەکرێ لە ڕێگەی دانانی غەرامە و لە ڕێگەی زەریبەدا، لەبەر ئەوە ئێمە فورسەتێکی باشە ئێمە کە زاهیرەیەك هەیە، زۆر لە ئەندامە بەڕێزەکان و داتای زۆریش هەیە، کە ڕێژەی جیابوونەوە لە مەحاکمی کوردستاندا لە ئاستێکی ترسناکدایە، لەبەر ئەوە من ئیقتیراح دەکەم بۆ زیاد کردن لەسەر ئەو بڕگەیە، بۆیە کە زۆرجار لەوانەیە

چەندێك ئەوە بە دافعێکی باش بێ لەوانەیە بە پێچەوانەشەوە، کە لایەنێکی خراپ ئەوە بێ کە کێشەی هەڵپەسێردراو هەیە، کۆمەڵایەتی ئەو سولفەیە ببێتە هۆکاری داواکردنی جیاکردنەوە، بەتایبەت ئەگەر موعەدەلی دەخل لە هەندێك مەناتیقی نائیدا لەوانەیە زەواج بەو مەبلەغە پارەیە بتوانرێ ببردرێ بەڕێوە، لەوانەیە ئەوە ببێتە حافزێك بۆ ئەوەی کە جیابوونەوە دروست بێ، بۆیە لێرە کە تەحدید کراوە، تەنها سولفەی زەواج بۆ ئەوانە بێ کە یەکەم جار سولفەی زەواج وەردەگرن، بە مەعنایەکی تر، پێشتر سولفەی وەرنەگرتبێ، من ئیقتیراحی ئەوە دەکەم کە تەخصیص بکرێ بۆ ئەوەی کە یەکەم عەقدی زەواجی بێ ئەو کەسە، ئەوە یەکێك بێ لەو حاڵەتانەی کە رەدعێك دروست دەکات، ڕێژەی تەڵاق کەم ببێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەو کێشە هەڵپسێردراوانە کە دەمێنێ زۆرتر بگەڕێتەوە بۆ خێزان نەك ئەوە ببێ بە دافع بۆ جیابوونەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. صباح، کەرەمکە.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو صیاغەیە دەکەم کە لیژنەی هاوبەش کردوویەتی، بەس تەنها سێ مولاحەزەم هەیە، لە بڕگەی یەکەمدا کە دەڵێ: (أن یکون طالب السلفة من مواطني کوردستان-العراق)، لە جیاتی (ساکناً) (مقیماً فیها)، چونکە تەعبیری ئیقامە ڕەنگە گونجاوتر بێ لە بەرامبەر (مواطن)ەوە، سەبارەت بە دووەم: من تەئکید لەسەر پێشنیازەکەی کاك شێرزاد دەکەمەوە کە باسی تەمەنی (18) ساڵ دەکات، ئێمە دەزانین کە بە پێی قانونی ئەحوالی شەخصی ئەوەی کە هەموارکراوە، کەسێکی (16) ساڵ ئەگەر ئیزنی مەحکەمەی پێ بێت دەتوانێ زەواج بکات، بۆیە لە جیاتی ئەوە من ناڵێم زیادەیە، بەڵام دەڵێم ئەو صیغەیە باشتر بێ: (أن تکون له أهلیة قانونیة لإبرام عقد الزواج)، هەرچەندە ڕەنگە بڕگەی سێیەم جێگەی ئەوەش بگرێتەوە کە دەڵێ: (أن یبرم عقد الزواج لدی المحاکم المختصة في الإقلیم)، یەعنی دیارە ئەوەی سێیەم ڕەنگە کە بوو کیفایەتە پێویست بەوەی دووەم نەکات، سەبارەت بە بڕگەی شەشەم (یعتبر الزوج و الزوجة بحکم شخص واحد لأغراض هذا القانون)، ئەو صیاغەیە بەهێزترە لەوەی کە ئێستا بەڕێز لیژنەی قانونی وتی (لغرض إستحقاق السلفة)، چونکە لەو قانونەدا تەنها مەسەلەی ئیستیحقاقی سلفە باس نەکراوە، بەڵکو تەسدیدەکەش و دووبارە گێڕانەوەکەشی هەر باس کراوە، بۆیە ئەگەر بڵێین (لأغراض هذا القانون) بەهێزترە وەکو یەکەم جار هاتووە، چونکە ئەگەر یەك سلفە وەرگیرا، زەوج و زەوجە بەیەکەوە وەری دەگرن، دواییش کە دەگەڕێتەوە هەر لە یەکەکیان وەردەگیرێتەوە، بۆیە ئەگەر بڵێی (بحکم شخص واحد) ڕەنگە مۆفەق تر بێ، من ئەو سێ مولاحەزەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. رفیق صابر، کەرەمکە.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی ژنان و لیژنەی کاروباری منداڵ دەکەم کە ئەو پرۆژەیان بەو شێوەیە ئامادە کردووە، سەرنجی من بە پلەی یەکەم لەسەر خاڵی یەکەم و خاڵی شەشەمە، لە خاڵی یەکەم دا هاتووە کە هاووڵاتی کوردستان بێ، بەڵام ئایا ئەگەر یەکێك لەوانە هاووڵاتی دەرەوەی هەرێم بێ یان هاووڵاتی وڵاتێکی تر بێ، ئایا بۆچی کەسەکەی تر بەهۆی ئەوەوە لەو مافە بێ بەش بکرێت؟ بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگیرێ، دووەمیشیان: لە خاڵی شەشەم (یعتبر الزوج و الزوجة بحکم شخص واحد لأغراض هذا القانون)، مەسەلەی ئەوەی دوو کەس تۆ بەهەر بەهانەیەك بێت و بە هەر ناوێك بێت، لە قاڵبی بدەی لە شەخصێکی تاکە کەسێکدا من پێموایە ئەوە پێچەوانەی ئەوەیە کە ئەو ئیهتیمامە یان ئەو بایەخە کە پێویستە بە تاکە کەس بدرێ وەکو تاکە کەس، بەو پێیەی کە لە هەموو سیستەمێکی دیمەکراتی دا کە تاکە کەس بۆخۆی سەنتەرە و دەبێ لە تێکستەکانیشدا موراعاتی ئەوە بکرێ، بۆیە من پێم باشە کە بگوترێ زەوج و زەوجە هەر یەکێکیان، یەکێك لەوانە مافی ئەوەی هەیە کە ئەو سلفەیە وەربگرێت، لە جیاتی ئەوەی (بحکم شخص واحد)، دوو کەس ڕەوا نیە لە هیچ فۆرمێکدا، نازانم لە قانونی عیراقیدا ڕەنگە ڕەوا بووبێ، لەبەر ئەوەی سیستەمی قانونی عیراقی بە گشتی لە قاڵبێکی ئایدۆلۆجیدا قاڵ کراوەتەوە، بەڵام پێموایە جوانترە ئێمە فۆرمێکی تر بەکارە بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسە ڕوونکراوە، دەڵێ: هەردووکیان (بحکم شخص واحد)، ئەگەر هەردووکیان موەزەف بن، بەس یەکێکیان وەردەگرێت، نەك هەردووکیان.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم (بحکم شخص واحد)ە، قەت دوو کەس ناتوانرێ لە ناو ئەو ئەوەدا لە قاڵب بدرێ، یان جوان نیە لە ڕووی داڕشتنەوە پێچەوانەی ئەوەی هینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سەرهەنگ، کەرەمکە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لەولیژنە بەڕێزانە دەکەم، بە موشتەرەکی کە ئەو تەقریرەیان نووسیوە، پشتیوانی ناوەڕۆکی ماددەی دوو دەکەم، بە تایبەتی لەسەر برگەی دووەم، کە تەحدیدی کردووە، کە دەبێ ئەو کەسانەی داوای سولفە دەکەن تەمەنیان (18) ساڵی تێپەڕاندبێ، لە ڕاستیدا ئێمە ئەگەر سەیرێکی ئەو ئامارانە بکەین کە لەسەر ڕێژەی تەڵاق هەیە، نیسبەتی زۆری تەڵاق لەو مەرحەلەیە کە لە (16) و (17)

زەواجیـان کـردووە، بۆیـە دانـانی ئـەو شـەرتە بـۆ مەسـەلەی زەواج بـە شـتێکی زەرووری دەزانم لێـرە، پێشنیازیش هەبوو بۆ ئەوەی کە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی دووەم لابدرێت، بۆ ئەوەی هەموو کەس، یەعنی مەبدەئی مساوات هەبێ، بەڵام خۆی مەبەست، هەدەف لـە دانـانی ئـەو یاسایە بەڕاستی بـۆ هاوکـاری ئـەو کەسانەیە کـە دەخلیـان مەحـدوودە و ئیمکانیـەتیان نیـە، بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی بکـرێن بـۆ زەواج، بـەڵام ئەصحابی دەرەجاتی خاصە، ئێمە لەو وڵاتە دەژیـن دەزانـین کـە لـە ڕووی ئیمکانیـەت و معاشـەوە وەزعیـان باشە و پێویستیان بە هاوکاری کردنێکی ئاوا نیە وەکو سلفەیەك بۆ ئەو مەوزووعانە، لەبەر ئەوە پشتیوانی ناوەڕۆکی ماددەکە دەکەم وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شەونم، کەرەمکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پرۆژەکەوە دەمەوێ قسە بکەم لەسەر ڕاپۆرتە هاوبەشەکە، لە ماددەی حەوتدا هاتووە کە دەڵێ: وەزارەتی دارایی ڕێنمایی تایبەت بەو پرۆژەیە ڕوون دەکاتەوە لە داهاتوودا، بەڵام من پێم باشە ئەگـەر لـەو بڕگانەدا دوو بڕگە ئیزافە بکرێت، لە ماددەی (2)دا دوو بڕگە ئیزافە بکرێت، یەکێ لەوانە ئەقساتن بـڕینی قیستەکە لە (2٪) بۆ (3٪) تێپەڕ نەکات، لەبەر ئەوەی لەوە دەچێ زیاتر تێپەڕ بکات بۆ ئەو کەسانەی کـە دەخلیان مەحدوودە، مەعاشەکەیان کەمە، بە تایبەتی تەبەقەی مـوەزەفین، یـاخود ئەوانـەی کـە لـە دەرەوە کاسـبن و کـار دەکـەن، زەغتێکـی زۆریـان لەسـەر دروسـت دەکـات، تـاکو نیسـبەی بڕینەکـە کـەمتر بـێ زیـاتر ئیستیفادە لەوە دەکەن، هەروەها نیسبەتێك هەیە کە بۆ منـاڵی یەکـەم لـە (25٪) ئـەو سـولفەیە بکـرێ بـە هاوکاری بۆ خێزانەکە، لەبەر ئەوەی منـداڵێکی تـازە دێتـە ئـاراوە، پێویسـتی بەوەیـە کـە ماددیـەن هاوکـاری بکرێ ئەو خێزانە بۆ بەخێو کردنی منداڵەکە بە ڕێگایەکی باش، لەو فەترەیە کە سولفەکە دەداتـەوە، پـێم باشە ئەو بڕگەیەش ئیزافە بکرێت، لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار شلێر محمد، کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت خاڵی دووەم: (أتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره)، وابزانم زۆری لە ئەندامانی پەرلـەمان تەئکیدیان لەسەر ئەو نوقتەیە کردەوە حالاتی تەڵاق لـەو عـومرەدا، لـەوەش کـەمتر زۆر زۆرە، لەبـەر ئـەوە ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی خەریجی هینیش لە (22) ساڵ و ئەوانە، لەبەر ئەوە ئـەو تەمەنـە بـۆ خـەڵکی دەرەوەش کە کێشەیەکی زۆری دەبێت، بەڕاستی ئەوان مـولزەم نـابن بـە تەمەنەکەوە، لەبـەر ئـەوە دەبـینی عەدەدەکە زۆر دەبـێ، ئێمـەش لەبـەر ئـەوەی وەکـو وەزارەتـی دارایـی هـیچ خـۆی بـۆ ئامـادە نـەکردووە، بـا

نەبێتەوە بە سولفەی عەقارەکە، لەبەر ئەوە ئەو تەمەنە بە ڕەئی من زۆر کەمە، ئەگەر زیاد بکرێ، چونکە دوایـیش دەڵـێ: (أن یـبرم عقـد الـزواج لـدی المحـاكم المختصـة في الإقلـیم)، ئـەوەش لێـرە لایـەکی تـری سـلبی دەردەخات، چـونکە بەڕاسـتی ئەوانـەی کـە لـە دەرەوەی مـەحاکم زەواجیـان کـردووە، دوو، سێ منداڵیشـیان هەیە، زۆرجار مەحاکم بە ئیعتیبار وەری ناگرێ، دەبینی ئەوە دەبـێ بـە فورسـەتێك پیاوەکـە یـەعنی ژنـان لێرەشـدا زەرەر دەکـەن، کـە دەچـێت ژنێـك دەهـێنێ بـە پێـی مەحکەمـە بـۆ ئـەوەی ئـەو سـولفەی زەواجـە وەربگرێ، بە نیسبەت دەرەجاتی خاصە، تەئیدی کاك عبدالسلام و زۆر لە هاوکارانم دەکـەم، بەڕاسـتی ئـەوە بۆ چینێکە کە ئیمکانیەتی نیە لە موەزەف، لەبەر ئەوە بە عەکسەوەن دەرەجەکە وای لـێ دێ لـە ملیۆنێـك مەعاشی کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سالار محمود، کەرەمکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە بڕگەی یەکەمەوە هەیە لـە ماددەی (2)، هەسـت دەکـەین ئـەوەی کـە باسـی دانیشتن و هاووڵاتی بوونی ئەو هەرێمە دەکات، ئێمە بیرمان نەچێ، لە داڕشتنەوەی هەر پـرۆژە بڕیـار یـان هەر پـرۆژە یاسـایەکدا دەبـێ قسـەیەکیش لەسـەر ناوچـەکانی کێشـە لەسـەر بکرێـت، چـونکە ئـەو خەڵکانـە خەڵکی کوردستانین، ناوچەکە بە نیسـبەت ئێمـەوە کوردسـتانە، کـە ئـەوە جێگـەی جـەدەلی تـر هـەڵناگرێ، بەڵام بە پێی ئەو یاسایانە ئێمـە ئـەو خەڵکانـە مـەحرووم دەکـەین لـە ئـەو پرۆسـەیەی کـە پەیوەنـدی بـە هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە، ئایـا ئـەوە لـە ڕووی قـانونی، تەنانـەت لـە ڕووی سیاسـی و کۆمەڵایەتیشـەوە کاریگەرییەکی ناجۆری لەسەر ئێمـە نـابێ، کـە بێگومـانم دەیـبێ، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لـە چوارچـێوەی ئـەو پرۆسەیەدا لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراقەوە، زۆرینەی خەڵکی خۆمان هان داوە بچنە ئـەو ناوچـانە، تاکـە مەسەلەش خەڵکی ئـەو ناوچـانە لـە ئێمـە دابـڕێ، ئێمـە ئـەو مەسـەلەی فۆرمی خۆراکەیـە کـە بـەو جـۆرە دەچنە ئەوێ و حیسابیان بۆ دەکرێ خەڵکی ئەوێن، هیوادارم لەو پرۆژە یاسایەوە ئێمە ئەساسـێك دابنـێین، خەڵکی ناوچەکانی کێشە لەسەر هاوبەش بن لەو ئیمکانیاتە ماددی و مەعنەویانـەی کـە خـەڵکی ئێمـە لێـی بەهرەمەند دەبن، لەسـەر ئـەو ئەساسـە هیـوادارم ئـەو مەسـەلەیە موعالەجەیـەکی قـانونی بـۆ بدۆزرێتـەوە لەلایەن لێژنەی قانونی و بەڕێزتانەوە، چونکە کاریگەری دەبـێ لەسـەر ئاینـدەی ئـەو هەرێمـەی ئێمـە، مـن دەمەوێ ئەو مەبەستە بقۆزمەوە بۆ بابەتێکی تر، لە ڕاستیدا ناکرێ ئێمە بڵێین هەر پـرۆژە بڕیارێـك، یـان هەر پرۆژە یاسایەك بێتە هەرێمی کوردستان و لە پەرلەمانی بـەڕێزی کوردسـتان موناقەشـە دەکـرێ، ئێمـە بڵێین هاوشێوەی ئەو یاسایە لە عیراقدا هەیە، لە کاتێکدا دۆخی هەرێمی کوردسـتان و خوازیـارانی ئاینـدەی ئەو هەرێمە ئەوەمان لێ دەخوازن کە ئێمە جۆرێك لە خوێندنەوەی دوورمان هەبێ بـۆ ئـەو یاسـایانەی کـە لە هەرێمی کوردستان دا..........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە، ماددەكە نە باسی سەرۆكی هەرێمی تيايە، نە باسی حكومەتی عيراقی تيايە، پێنج خاڵە، تكايە، شەشە، ڕەئيت لەسەر ئەوە بدە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم ئەوەی پەيوەندی بە تەمەنەوە هەيە، هيوادارم لەسەر ئەو بابەتە ديقەتی زياتر هەبێ، چونكە پرۆسەی هاوسەرگيری پەيوەندی بە تەمەنەوە نيە لە ڕاستيدا، دەكرێت قسە لەسەر ژيانی ئينسان بكرێت، كە دەكرێ تا دوايين ساتەكانی تەمەنيشی پەيوەستی بەو پرۆسەيە هەبێ، خاڵێكی تر، ئەوەی پەيوەندی بە دەرەجاتی خاصەوە هەيە، بە حوكمی ئەوەی لە ئەو پرۆژەيەدا لە هۆكارە پێويستيەكانی داهاتووە بۆ ئەو خەڵكانەيە كە كەم دەست و كەم دەرامەتن، ئەو ياسايە بە پێويست دەزاندرێ، تەصەورم وايە ئەو بڕگەيەی كە پەيوەندی بە دەرەجاتی خاصەوە هەيە لەوانەيە زيادە بێ، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دانا سعيد صوفی، كەرەمكە.

**بەڕێز د. دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستيەكەی منيش تێبينيم هەيە لەسەر، دەتوانم بڵێم زۆربەی خاڵەكان، لە خاڵی يەكەمەوە دەست پێ دەكەم، كە باسی ئەوە دەكرێ: (أن يكون طالب السلفة من مواطني كوردستان)، لێرە ئايا كێ دەگرێتەوە؟ ئايا تەنيا پياو دەگرێتەوە؟ ياخود ژنەكەش دەگرێتەوە؟ ئەگەر لە حاڵەتێكدا، بۆ نموونە يەكێكيان خەڵكی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بوو، ياخود موقيم نەبوو لێرە، ئايا يەكێك لەوانە تەنيا كە داواكاری سولفەكەيە دەتوانێ؟ لەبەر ئەوەی لە دەقەكەوە هاتووە دەڵێ: ئەوەی كە داوا دەكات موقيم بێ لە هەرێمی كوردستان، ئايا تەنيا ئەوەی كە داوا دەكات؟ ياخود هەردووكيان لەو حاڵەتەدا؟ مەسەلەی دووەم، مەسەلەی تەمەن، بەڕاستی من پێم باشە تەشجيعی ئەوە نەكەين، با بڵێين زەواجی پێش وەخت، زەواجی موبەكير، يەعنی تەمەنەكە كەم بكرێتەوە، پێموايە بە شێوەيەك لە شێوەكان، لە ڕووی ياساييەوە تەشجيعی ئەوە دەكەين، ئەوەش پێموايە زۆر باش نيە، بۆ هيچ كۆمەڵگايەك، جا ئەگەر وايە تا (18) بمێنێتەوە، يان ئەوەتە زياد بكرێت بۆ (20)، لەسەر خاڵی سێيەم هيچ تێبينيەكم نيە، بەڵام لەسەر خاڵی چوارەم، كە دەڵێ: نابێ سوودمەند بووبێ پێشتر، مەسەلەن سولفەيەكی تری وەرگرتبێ، ئايا لەو حاڵەتە ديسان دياری نەكراوە، حيساب بۆ پياوەكە دەكرێ ياخود ژنەكە دەكرێ؟ يەعنی بەڕاستی ئەو مەسەلانە دەبێ يەكلايی بكرێتەوە، لەو دەقە ديار نيە، لەبەرچيش؟ ئێستا ئێمە ئەگەر ديسان ئەوەی ڕەبت بكەينەوە بە خاڵی

شەشەم، کە دەڵێ: ژنەکە و پیاوەکە هەردووکیان وەکو یەك حیساب دەکرێن (لأغراض هذا القانون)، من پێموایە دارِشتنەکە هەڵەیە، ئەگەر (لأغراض هذا القانون) بێ، ئەگەر بچین بۆ ماددەی (6)، لەوێ ماددەی شەش باس لەوە دەکات، دەڵێ: ئەگەر لە یەك جیا ببنەوە، ئەگەر لە یەك جیابوونەوە تەنها پیاوەکە مەسەلەی ئەو سولفەیەی کە ماوە لەسەری دەمێنێت، ئەو مەجبوور دەبێت کە دەفعی بکات، ئایا ئەوە تەناقوز نیە؟ ناکۆکی نیە لە نێوان ئەو برِگانە؟ من پێم باشە ئەوە پێداچوونەوەیەکی بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی یان ئەوەتە دەستنیشان بکرێت، ئایا مەبەستمان لێرە تەنیا ژنەکەیە؟ یان پیاوەکەشە؟ یاخود هەرکێیەك بێت؟ با بڵێین تالِبی سولفە بێت، لەسەر برِگەی پێنجەم کە باس لە دەرەجاتی خاصە دەکات، من پێم باشە بۆ ئەویە لەو کێشەیە نەجاتمان بێ، صیاغە بکرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانەی کە مووچەکەیان لە $(3/1)$ی سولفەکە زیاترە، ئەوانە نەگرێتەوە، ئەو کاتە لەبەر ئەوەی ئیحتیمالی ئەوەی هەیە سولفەکە زیاد بکرێ، بگۆرِێ، یانیش لەوانەیە مووچەی ئەصحابی دەرەجاتی خاصە لەوانەیە بگۆرِێ، تۆ نازانی، لەوانەیە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، مودیر عامێك لەوانەیە ئێستا $(2)$ ملیۆن، یاخود دوو ملیۆن و نیو وەربگرێت، بەڵام لەوانەیە لە ئایندە بە شێوەیەکی تر بێت، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم حیساب بۆ ئەوە بکرێت برِی سولفەکە چەندە؟ لەسەر ئەو ئەساسە ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە مووچەکەیان لە $(3/1)$ی سولفەکە زیاترە، یاخود رِێژەیەکی تر دابندرێ، زۆر سوپاس.

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رِێزدار زانا رؤوف، کەرەمکە.

**بەرِێز د. زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەرِێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی لەسەر ماددەکە قسە بکەم، یەك پێشنیازم هەیە بۆ بەرِێز جەنابی وەزیر، یەعنی دەکرێت لە پێشنیاری تەئجیل کردنی کردووە، بەڵام خۆ دەکرا هاوکاریشمان بکات لە ماددەکەدا، چونکە بە نەتیجە ئەگەر ئەو یاسایە پەسند بکرێ، لەوانەیە پێویستمان بە رِەئی ئەو هەبێت کە بتوانێت بۆ وردەکارییەکانی، چونکە ئەوە دەبێ وەزارەتی دارایی رِێنمایی پێویستی بۆ دەربکات، بۆیە هیوادارم یەعنی ئەگەر لە هەندێك برِگە بە کەڵکی ئەوە بێت، یەعنی هەر لەسەر هەمان رِەئی نەبێت، بڵێین یەعنی من داوا دەکەم بگەرِێتەوە چونکە ئێمە لەسەری بەردەوام بووین، لەسەر ئەو پرۆژەیە، هیوادارم بتوانین ئەگەر رِەئیەکانی بۆ ئەو بابەتە سوودی لێ وەرگرین، بۆ ئەو حاڵەتە، بە نیسبەت برِگەکەوە من بێگومان پشتگیری لەو ماددەیە دەکەم، گلەییم رِنگە لە هاورِێیەکانیشم، هەندێ لەو بەرِێزانە هەبێ، ئێمە رِاپۆرتەکەمان کە ئامادە کرد، داواکارییەکەمان ئەوەبوو، وتمان یان بە دوو رِا دەچین، یان هەموومان بە رِەئی موەحەد دەچین، دوایی وابزانم وا رِێککەوتین کاك شێروان کە هەمووومان بە رِەئیەکی هاوبەش بچین، بۆیە تەصەور دەکەم زۆربەمان لەسەر ئەو خاڵانە هاوبەش بین، بە نیسبەت ئەصحابی دەرەجاتی خاصەوە، بەرِێزان ئەوە بە تایبەتی بۆ زیاتر بۆ ئەوانەی دەخلی مەحدوود دانراوە، ئەوە تەبیعەتێکی ئیختیاریشی هەیە، یەعنی خۆ

تۆ هەموو کەسێ زەواجی کرد، ئیجباری ناکەی سولفە وەرگرێ، یەعنی ئیختیاری یە، عادەتەن ئەوانەش کە دەخلیان مەحدوودە، ئەگەر بە دڵی نیە دەتوانێ وەری نەگرێ، بە نیسبەت کەلیمەی ئەخیریانەوە، (الزوج و الزوجة بحكم شخص واحد) خۆی شیکردنەوەکە، مەبەستەکە لەو حاڵەتە ئەوەیە، ئەو سولفەیە دەدرێ بە عەقدی زەواج، نادرێ بە پیاو، نادرێ بە ژن، دەدرێ بە عەقدی زەواج، ئیتر کێ دەچێ موعامەلەکە دەکات، لێرەشدا بۆیە ئەو عیبارەتە دانراوە، (يعتبر الزوج و الزوجة بحكم شخص واحد)، یەعنی دوایی بۆ ماددەکانی تر بۆ ئەوەی تووشی گرفتی ئەوە نەبین، ئایا مەبەستمان لە پیاوەکەیە؟ یاخود مەبەستمان لە ژنەکەیە؟ ئێمە مامەڵەمان لەگەڵ عەقدێکی زەواج کردووە، پێویستی بە کۆمەڵێك ئیجرائات هەیە، بە پێی ئەو ئیجرائاتانە تۆ دەچیت ئەو سولفەیە وەردەگریت بە پێی ئەقساتێك کە دوایی ئاماژەی پێدراوە، باس بکرێتەوە، هەر ئەوەندەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار ئاواز عبدالواحد، کەرەمکە.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە گشتی تێبینیم لەسەر ماددەی دووەم هەیە، چونکە لە ماددەی دووەم تەنیا باس لە زەوابتی پێدانی سولفە دەکات، ئەویش ئەوەی وەرگرتنەوەکەی چۆنە؟ مادام شێوەی وەرگرتنەوە لە ڕاپۆرتی هاوبەش باس نەکراوە، پێم باشتر بوو ئەوە بمێنێتەوە بۆ ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، خۆی ئەو ڕێنماییانەی دەربکردبا، لە خاڵی دووەمیش سەبارەت بە تەمەنی (18) ساڵ، من پێم باشە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە ئەو کەسە ئەگەر فەرمانبەر بوو، خۆی لە تەمەنی (18) ساڵ خوارتر دانامەزرێت، ئەوە فەرمانبەر شموول دەکات، بەڵام ئەگەر لە (18) ساڵ کەمتر بێت، ئەو کاتە ئێمە دێین تەشجیعی زەواج دەکەین بۆ تەمەنی خوار لە (18) ساڵ، کە ئەوەش بە پێی دیراسات دەرکەوتووە، زەواج لە خوار تەمەنی (18) ساڵ بە هیچ شێوەیەك دروست نیە، دواتر ئاکاری سلبی لێ دەکەوێتەوە، لەو خاڵەی یەکەمیش کە باس لە بلێین دانیشتووی کوردستان دەکات، پێم باشترە یەك لە لایەنەکە، جا چ ئافرەت بێ چ پیاوەکە، یەك لەوان کافیە ئەگەر دانیشتووی کوردستان بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. أحمد إبراهيم، کەرەمکە.

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی دوو منیش چەند تێبینیەکم هەیە، لە خاڵی دووەم لە فەقەرەی دووەمدا: (أن يكون طالب السلفة من مواطني كوردستان)، تەبعەن ئایا سولفەکە دەدەین بە خەڵکی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش؟ یان تەنها بۆ هەرێمی کوردستانە؟ ئەو کاتە دەبێ ئیقلیمی بۆ زیاد بکەین، (لمواطني إقليم كوردستان)، لە

فەقەرەی دووەمدا (ثانياً: أتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره)، بە ڕای مـن مـەرج نیـە (18)ی تـەواو کردبێ، چونکە بە پێی قانون ئەگەر کەسێك تەمەنی (15) ساڵ بـێ، یـان (16) سـاڵ بـێ، بـە ئیزنـی قـازی دەتوانێت پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات، لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئێمە ئـەو فەقەرەیـە دابنـێین، بـە ڕەئـی من ئەوە ئیجحافە بە حەقی ئەو گەنجانەی کەوا لە تەمەنی (15) و (16) سـاڵیدان، دادگـاش مـافی ئـەوەیان پێ دەدا کە پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەو کاتـە ئێمـە بـێ بەشـیان دەکـەین لـەو سـولفەیە، دیـارە مەرجیش نیە ئەو کەسەی کە سولفە وەردەگرێ تەنها کەسی فەرمانبەر یان موەزەف بێـت، ئێمـە وتوومانـە موەزەف و غەیری موەزەف دەتوانێت ئەو سولفەیە وەربگرێت، لە ئەسبابی موجەبەشدا هاتووە، هەدەف لـە پێدانی ئەو سولفەیە بەڕاستی بۆ ئەوەیە کەوا گەنجان بتوانن خێزان پێك بێنن، توانای ئـەوەیان هـەبێ کـە خێزان پێك بێنن، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەو فەقەرەیە نەبێت، بە پێی قانون هەر کەسێك توانای هەبێ، حەقی ئەوەی هەبێ کە هاوسەرگیری پێك بێنێ، بتوانێ ئەو سولفەیە وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سالم تۆما، کەرەمکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی دووەم من تەنها دوو تێبینیم هەیـە، یەکـەمیان: بڕگـە چـوار (أن لایکـون مستفیداً مـن سلفة زواج أخـری)، یـەعنی مومکینـە هاوسـەرەکەی نەخۆشـە و هەرچـی ئیمکانیـاتی هەیـە صـەرفی دەکـات، دواییش کۆچی دوایی دەکات، ئایا ئیمکان نیە ئەگەر ئەو کەسە بیەوێ بۆ جـاری دووەم هاوسـەرگیری بکـات، ئیستیفادە وەربگرێ لە سولفەی زەواج، من حەز دەکەم چاو پێ خشـاندنەوەیەکی بـۆ بکـرێ، ئـەوەی دووەم، یـەعنی بڕگـەی پێنجـەم، ئێمـە لێـرە سـنووردارییەك بـۆ مـەوزووعی دەرەجـات خاصـە دادەنـێین، بـەس بـۆ مەوزووعی تاجیرێك دانـانێین، ئیحتیمـالی هەیـە تاجیرەکـە زۆر ئیمکانیـاتی زیـاترە لـە مـودیر عامێـك، بـە قەناعەتی مـن دەبـێ ئـەو بڕگەیـە لابچێت، ئـەو تـەمییزە نـەمێنێ بـەینی دەرەجـات خاصـە و خـەڵکی تـر، چونکە خەڵك هەیە موەزەف نیە و تاجیرە، حەقی هەیە ئیستیفادەی لێ وەربگرێ، بەس کابرای مـوەزەف و دەرەجە خاصە حەقی نیە، ئیجحافە بە حەقی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار هاژە سلیمان، کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچـەندە مـن لەگـەڵ ڕای لێژنـەی هاوبەشـم، چـونکە خۆمـان لەگـەڵ لێژنەکـە دانیشـتین کـاتێ کـە ئـەوە داڕێژرا، بەڵام من تەنها یەك تێبینیم هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بڕگەیەك زیاد بکەین، ئەویش ئەوەیە ئـەو پیاوەی کە ژنـی دووەم مـارە دەکـات، ئـەو موسـتەفید نـەبێ لـەو بـڕە پارەیـە، چـونکە بەڕاسـتی هەرچـەندە

لەماددەی چوارەمدا لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە (أن لايكون مستفيداً من سلفة زواج أخرى)، بەڵام لەوانەیە جاری یەکەمی سولفەکەی وەرنەگرتبێ، لە ژنی دووەم داوای سولفەکە بکات، بۆیە ئەگەر بکرێ ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ لە ماددەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، لە دەورەی (2)، وەختی ئەو بابەتە موناقەشە کرا، ئەوەی ژنی دووەم دەهێنێ شرووتی بۆ دانراوە، یەکێ لە شرووتەکانی دەبێ بە ئەوراقی سبووتی، ئیسپاتی بکات کە موتەمەکینە، لەبەر ئەوە لێرە نایگرێتەوە، یەعنی پێویست ناکات ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس، ڕێزدار د. بشیر، کەرەمکە.

**بەڕێز د. بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لێژنە هاوبەشەکە دەکەم بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکە، بەڕاستی ئەوە مەوزووعێکی گرنگ و هەستیارە، زۆریش پێویستە بۆ ئەمڕۆی کۆمەڵگاکەمان، بە نیسبەت ماددەکەوە لە (أولاً) منیش ڕام لەگەڵ د. صباح یەکە، تەئیدی دەکەم، کە بنووسین (و مقيماً فيها)، لە جیاتی (ساكناً)، چونکە (ساكناً) دەکرێ بە موەقەت هاتبێ و بڕواتەوە، بەڵام (مقيم) بە ئەبەدی لێرە بێ، تا بۆ ئەوە بێ ئەوانەی کە لە خاریجن، لە ئەوروپا دەژین، حاڵ و وەزعیان باشە، نەك بچی لەوێ ژن بێنێ و لێرە سولفەکە وەربگرێ، ئەوە موقیمی دائیمی بێ لێرە ئینجا بتوانین ئێمە لێرە ئەو سولفەی پێ بدەین، لە (ثانياً) (أتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره)، من پێموایە ئەو فەقەرەیە زیادە، لابرێت، لەبەر ئەوەی مادام ئێمە لە (ثالثاً) وتوومانە (أن يبرم عقد الزواج لدى المحاكم المختصة)، مەحاکمی موختەصە شتێك ناکات کە لە (18) کەمتر بێ، ئەگەر لە (18) کەمتریش بوو، لە (16) و (15)ەکە بوو، دیارە بۆ خۆی مصوغاتی قانونی هەیە، وەکو لە قانونی باری کەسێتی دا هاتووە، ئەگەر ئەویش بوو، ئەویش مانیع نیە، کەواتە ئەگەر مەحکەمە ڕێی پێدا ئەوە شتێکە بۆ خۆی موستەحەقی سولفەکە دەبێ، لە (خامساً) (أن لايكون من أصحاب الدرجات الخاصة)، منیش لەگەڵ ئەوەم، ڕاستە ئەصحاب دەرەجاتی خاصە لەوانەیە دەرەجاتی وا هەیە کە مووچەی مانگێکی بکات بە قەد سولفەکە، بەڵام منیش ڕام دەخەمە پاڵ ڕای کاك سالم، زەمانەت چیە؟ ئەگەر هاتو کابرا موەزەف نیە، بەڵام لەوانەیە بازرگانە، بازرگانی وا هەیە داهاتی مانگانەی دوو بە قەد سولفەکەیە، وەریش دەگرێ، جا ئەوەش دەبێ موعالەجە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار برهان رشید، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی مـاددەی دووەم، بڕگـەی یەکـەمی کـە دەڵـێ: پێویسـتە ئـەو کەسـەی داوای سولفە دەکـات خـەڵکی هەرێمی کوردستان بێ، بەڕێز ئێمە چەند حاڵەتێکمان هەیە، یـەکێك لـەو حاڵەتانـە ئـاواز خـان وتـی پـێش من، یەکێك خەڵکی کوردستان بێ و زەواج لەگەڵ یەکێکی تردا بکات، ئەوە حاڵـەتی یەکـەم، حاڵـەتی دووەم، لاجیئی کوردمان هەیە، هی پارچەکانی تری کوردسـتانە، ئیقامـەی دائیمیشـیان هەیـە، (10) سـاڵە لێرەیـە، (5) ساڵە لێرەیە، من داواکارم ئەو دوو حاڵەتەی بۆ ئیزافە بکرێ، ئەگەر یـەکێکیان خـەڵکی کوردسـتان بـوو زەواج دەکات لەگەڵ عەرەبێکدا، لەگـەڵ تورکێکـدا، زائیـدەن لاجیئـەکانیش کـە ئـەوە حاڵـەتێکی ئینسـانییە، حاڵـەتێکی قەومییـە، لاجیئێکـی زۆری دیمـوکرات و کۆمەڵـە و ئەوانـە هەیـە کـە زیـاد لـە (10) سـاڵە لـەو وڵاتەدان، ئیقامەی دائیمیان هەیە، بـە صـورەتێکی شـەرعیش لـەو وڵاتـەن، بڕگـەی دووەم کـە دەڵێـت (18) ساڵی تەواو کردبێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە شـەرع و قـانونی ئـەحوالی شەخصـی عیراقیشـدا هەنـدێ جار ئافرەتی (17) ساڵ، یان لە خـوار (18) سـاڵەوە بـە ئیزنـی دادگـا بـۆی هەیـە مـارەی بکـات، لـە قـانونی عقوباتیشدا هەندێ حاڵـەت هەیـە لـە وەکـو مـاددەی (427)، کـە ڕێگـەی داوە ئەگـەر (15) بـێ، (16) بـێ، (17) بێ حەقی ئەوەی داوە مارەی بکات لەگەڵ موجریمەکە، بۆیە ئەوە بەڕای من دەبـێ ئـەوە پڕکرێتـەوە ئەو بۆشاییە، لەبەر ئەوە لە ڕووی شەرع و قانونەوە هەندێ جار خوار (18) ساڵیش حەقی زەواجی هەیـە، هەندێ جار دادگا ئیزن دەدات بە ئافرەتێك کە خوار (18) ساڵ بێت شوو بکات، بڕگـەی چـوارەم کـە دەڵـێ: پێویستە (أن لایکون مستفیداً مـن سلفة زواج أخـری)، وەکـو عـەرزی جـەنابتان کـرا، هەنـدێ جـار وەفـاتی خێزان هەیە، هەندێ جار بە هۆی نەخۆشییەوە ئەو ژنە ناتوانێ بە ئەرکی خۆی هەستێ، دادگا ئیزنی دەدا ژنـی دووەم بـێنێ، ئـەوە شـەرت نیـە کـە دادگـا ئیزنـی داوە ژنـی دووەم بـێنێ ئـەو پیـاوە دەوڵەمەنـد و موتەمەکینە، هەندێ جار بە هۆی تەمەکونەوە ئیزنی نادات دادگا، هەنـدێ جـار بـە پێـی قـانونی ئـەحوالی شەخصی، بە هۆی نەخۆشـی ژنەکـەوە ئیزنـی دەدات، حەقـە ئـەوەش ئیستیسـنایەکی تێـدا بکـرێ و ئیزافـە بکرێ بۆی، بڕگەی پێنجەم، لە ماددەی دووەم، کە دەڵێ (أن لا یکون مـن أصحاب الـدرجات الخاصـة إذا کـان موظفاً)، بەڕێز قانون بـە عـام و موجـەرەد دەردەچـێ، بـەڕای مـن مەبـدەئی عـام لـە قانونـدا، قـانون عـام و موجەرەدە، حەق نیە ئەو تەفریقەیە بکرێ، ئـەوەش بـۆ ڕای جـەنابتان جـێ دەهـێڵم، بڕگـەی شەشـەم، کـە دەڵێ (یعتبر الزوج و الزوجة بحکم شخص واحد لأغراض هذا القانون)، بەڕێز بڕگەی شەشەم مورتەبیتە بە ماددەی شەشی ئەو یاسایەوە کە دەڵێ: ئـەو سـولفەیە پێویسـتە تـەنها پیاوەکـە بیداتـەوە، بـە پێـی شـەرع و قانون لە قانونی عیراقیدا ئیستیقلالی زیممەی مالی هەیە لە بـەینی ژن و پیـاودا، کـە ئیسـتیقلالی زیممـەی مالی هەبوو، هەندێ جار ئافرەتەکە موەزەفە، پارە وەردەگرێ، ئەو پارەیەش بۆ خۆی صەرف دەکات، کە بـۆ خۆیشـی صـەرفی دەکـات، مـەفرووز نیـە پیاوەکـە بیداتـەوە، ئـەوە عەدالـەتێکی، ئەگـەر ئـەوەشمان زانـی لـە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەساسی بەیتی بۆ ئافرەتە، نەك بۆ پیاو، ئەگەر ئەوە ناعەدالیەتێکی تێدایە؟ پێویستە ئەگـەر دەکـرێ یـەکی نیـوەی ئـەو پارەیـە وەرگـرن، ئافرەتەکـە مـوەزەف بـێ، هـەمووی خـۆی وەریـدەگرێ، پیاوەکە بۆ بیداتەوە؟ من پێش ئەوەی بێمە جەلسەی پەرلەمانـەوە لەگـەڵ حاکمـەکانی ئـەحوالی شەخصـی

سلێمانی دا قسەم کرد، هەندێکیان ڕایان وابوو کە پێویستە ئەوەش ئەگەر ئافرەتەکە صەرفی کردبوو، پیاوەکە نەیداتەوە، (عند إثبات العكس)ی بۆ زیاد بکرێ، بۆیە ئەوە مورتەبیتە بە ماددەی شەشەوە، پێویستە تەفریقە بکرێ، حاڵەتەکان جیا بکرێتەوە، ئەگەر ئافرەت وەری گرتووە و خۆی صەرفی کردووە، پیاو بۆ بیداتەوە، یان هیچ نەبێ یەکی با یەکی نیوەی بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ مەعلوماتی جەنابت، بە پێی یاسا لە ($15$)ساڵی ئەتوانن مێرد بکەن، ئەگەر باوك و دایکیشی قبوڵیان نەکرد، مەحکەمە بۆی هەیە لەو حاڵەتەدا مارەی بکات، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەخولی پێشوودا لەچاککردنی یاسای باری کەسێتی، حاڵەتی تایبەتمان بۆ ($15$)ساڵی داناوە، یەعنی ئەوە ئیستیسنایە، نەمان کردووە، بە عمومیات ئەوە حەز ئەکەم هەموو ئاگادار بن، ئیستیسنا بۆ حاڵەتێك کە، ئەگەر ئیجابی کرد کە لەمەحکەمە مارە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو خاڵی ئەم ماددەیە تێبینیم هەیە، یەکەمیان: بڕگەی دووەم، من پێش تێبینیەکەم پێم باشە پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەم، کە جائزە ئێمە لەڕووی یاساییەوە ئێمە ماددەیەك لە یاسایەکدا ئیزافە بکەین، کە عقوبە لەسەر جێبەجێکردنی قانونێکی تر دابنێت، کە پێشتر هەر لەم پەرلەمانەوە ئیقرار کراوە، ئێستا دەچمەوە سەر تێبینیەکەم، کە من لێرەدا قسە لەسەر ئەوە ناکەم، ڕەئی شەخصی من چیە بۆ زەواج، $18$ یان سەرووی $18$ یان خوارووی $18$، بەڵام مەفروزە وەکو پەرلەمانی کوردستان تەعامول لەگەڵ قانونە کار پێکراوەکان و تەعامول لەگەڵ واقیعی حاڵدا بکەین، کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، لەهەرێمی کوردستان و بەپێی ئەو قانونەی کە لەم پەرلەمانەدا دەرچوو، کە من ئەو کاتە ئەندامی پەرلەمان نەبووم و شەڕی زۆری تێدا کرا، بۆ سنی قانونی، سنی قانونی بە $16$ ساڵ دانراوە، لە زەرووڕەی قسوەشدا لەخوار $16$ ساڵ حاکم ئەتوانێ لەکاتی وادا مارەی بکات، کەواتە ئێمە دوو حاڵەتمان هەیە، کە خوار $18$ ساڵ زەواجی تێدا بکات، یەعنی کۆمەڵێ خەڵکمان هەیە هەر ئەم پەرلەمانە حەقی داوەتێ کەوا زەواج بکات، ئێمە بەمە پێمان وایە بەم ماددەیە عقوبە لەسەر ئەو کەسانە دائەنێین کەوا مومارەسەی حەقێکیان ئەکەن، کە هەر قانون ڕێگای پێداون، یان ئەمانەوێت لەمەوە بچینە ناو ئەوەی کە تەحدیدی سنی قانونی $18$ بکەین، کە پێم وایە هیچ حاڵەتێکیان جائیز نیە، ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە

بەقەتعی سنی قانونی ئەبێ 18 ساڵ بێت، ئەبێ و مەفروزە قانونی ئـەحوالی شەخصـی هـەموار بکەینـەوە، هەتا ئەو کاتەش کە هەموار ئەکرێت، هەموو کەسێك لـەڕووی بنـەماکانی مـافی مرۆڤـەوە کـە قـانون حـەقی پێداوە زەواج بکات، ئەوەش حەقیەتی کە سوودمەند بێت لە سولفەی زەواج، بۆیـە مـن پێشـنیاری لابردنـی بڕگەی دووەم دەکەم لە ماددەی دووەم، لەبڕگەی پێنجەمدا دیسان منیش هاوڕام، لەگەڵ ئەو بەڕێزانەی کـە باسیان کرد، بەپاڵپشتی بۆ قسەکەی کاك دکتۆر زانا، کە ئەمە ئیختیارییە، شەرت نیـە هـەموو دەرەجـاتێکی خاصـە وەری بگرێـت، وە بـە پشـتگیری بـۆ ئـەو ڕایـەی کـەوترا، ئێمـە نـەمانتوانیوە کـە هاوسـەنگی بکـەین لەنێوان ئەوانەی کە وەری دەگرن، چونکە ئەم سولفەیە هاوولاتیش دەگرێتەوە، باشە ئەگەر هاوولاتیەك کە داهاتی مانگانەی زیاترە لە خاوەن دەرەجاتی خاصەیەك کـە وەری بگرێـت، باشـە بـۆ دەرەجـات خاصـەکەش وەری نەگرێت، ئەگەر ویستی، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵەش لاببرێت، لەکۆتاییدا پشتیوانی پێشنیارەکەی شەونم خان دەکەم، چونکە لەم ماددەیەدا بڕگەیەکی تێدا نیە لەسەر چۆنیەتی دانەوەی سولفەکە، بۆیـە بـا ئەو بڕگەیە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان عبدالکریم، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـڕای پشـتگیری کـردنم لـە پڕۆژەکـە، تـەنها تێبینـیم ئەوەیـە لـەخاڵی یەکـەم، (سـاکناً فیهـا)تەبعـەن ئـەوە پێویستە بگۆڕدرێت بـە (مقیمـاً فیهـا)ئـەو ئیقامـە دائیمیـەش، ئەگـەر هـەبێت شـتێکی خـراپ نیـە، چـونکە بەڕاستی ئەوەی کە لەدەرەوەیە خۆمان دەزانین پێویستی بەوە نیە، تەنها بۆ خەڵکی کوردستانە، بۆ زەوابتی دانەوەکەشی پێویستی بەڕوون کردنەوە هەیە، پشتگیری لە شەونم خان دەکەم، کـە دیـاری کردنـی دانـەوەی بڕی سولفەکە، لەکاتی بوونی منداڵی یەکەم لەساڵی یەکەمدا، بەڕاستی حەقە وەزارەتی دارایـی بۆمـان ڕوون بکاتەوە، کە پێشتر لێخۆش بوون هەبووە لە سولفەی زەواج، ئایا پابەنـدە بـەو لێخۆش بوونـەوە یـان نـا، لـە خـاڵی چـوارەمیش، (ان لایکـون مسـتفیداً مـن سـلفە زواج اخـری)، لێـرە چ بەنیسـبەت ژنەکـە و پیاوەکـەش حەقە، ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت، تەنها لە حاڵەتی وەفاتی یەکێکیان نـەك بـۆ زیـاد کردنـی ژن یـان تەشـجیع کردنی تەلاق، تەنها لەحالەتی وەفات یـانیش نەخۆشـیە درێژخایەنـەکان، ئـەویش بـەهۆی ڕاپـۆرتی لایـەنی دیاری کراوبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکەم لەسەر زیاد کردنی بڕگەیەکە، پێم باشە و پشتگیری لـە قسـەکەی هـاژە خـان دەکـەم، کـە پیـاو تەنها لەکاتی پرۆسەی هاوسەرگیری یەکەم، واتە ژنی یەکەمی بێت، سوودمەند بێت لەو سـولفەیە، بـەڕێزت وەڵامت دایەوە کە ئەو مەرجە دانراوە کـاتێ کـە هـەبوون بێـت ئـەتوانێ ژنـی دووەم بهێنێـت، بـەڵام لێـرەدا وەکو تەئکید کردنەوەیەك لەسەر ئـەوە، بڕگـەی پێنجـەمیش بـەم شـێوەی لێبکرێـت، داواکـاری سـولفە لـەو هاووڵاتیانە بێت کە داهاتیان سنووردارە، ئیتر ئەوە دەرەجە خاصەش ئەگرێتەوە کـە شمـولی ئـەو سـولفەیە نەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بەلیژنەی داراییەوە من وەڵامی ئەو بابەتانە دەدەمەوە، چەند بەڕێزێك باسی ئەوەیان کرد، کە بۆ تەمەنەکە دیاری بکرێت 18 سـاڵ بێـت، تەسـەور بکـەم، ئەگـەر بـەڕێزان ئەسـبابی موجەبـەیان خوێندبێتەوە ئەم هاوکارییە یان ئەم یاسایە، بۆ ئەوە دەردەچوێندرێت بۆ هاوکاری کردنی ئەو گەنجانە یان ئەو موەزەفانەی کە باری ئابووریان خراپە، پاڵپشتیان دەکات، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە لەکاتی موناقەشە کردنـی ئـەم پـڕۆژە یاسـایە ئـەوەمان لـەبیر بـوو، ئێمـە نـابێ هـانی هاوسـەرگیری پـێش وەختـەو بـێ پـلان بـدەین لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە دواتر لەوانەیە کارەسات و خراپیەکانی زیاتر بێت، ئـەوە تایبـەت بـەو خاڵـە من لەگەڵ ئەوەدام وەکو خۆی بمێنێتەوە، تایبەت بە بڕگەی پێنجەم کـە زۆرێـك لـە بـەڕێزان باسـیان کـرد، پاش ئەوەی کە ئەو بەڕێزانە قسەکانیان خستە ڕوو و ڕوونیـان کـردەوە، مـن لەگـەڵ ئـەوەدام ئـەو بڕگەیـە نەمێنێت، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە دەرەجـە خاصـەیان هەیـە، فەرمانبـەرن لـە حکومەتـدا، ڕێژەیـەکی زۆر دیـاری کـراون، کـەمن، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەوانەیـە تەمەنەکـەیان گەشـتبێتە ئـەو حاڵەتـەی کـە لـە پرۆسـەی هاوسەرگیری تێپەڕی بن و هاوسەریان پێکهێنابێ، بۆیە من پشتیوانی ئەو ڕەئیە دەکەم، تایبەت بە شـێوازی گەڕاندنەوەو ئەقساتەکان، کە چەند بەڕێزێك خستیانە ڕوو، من تەسەور دەکەم ئەمە لە ماددەکانی دواتردا دەتوانین چارەسەری بکەین، چونکە ئەم ماددەیە تایبەت بە وەرگرتنی سولفەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی 18 ساڵی من خۆم وا تێگەشـتووم کـە ئەمـە دوو کەسـن ئەچـن داخڵـی عەقـدێك دەبـن و ئیمـزای دەکـەن، ئیلتزامێکـی قـانونی و سـنی قـانونی ئەهلیـەی قـانونی لـە وڵاتـی ئێمـە وابـزانم 18 سـاڵیە، بۆیـە گرێدانـەوەی 18 سـاڵی بـە زەواج وا بـزانم ئـەوە وازحـەو ئـەو گرێدانـە نیـە، لـە هـەر عەقـدێکی ڕەسمـی

**ئیلتزامات وئەو شتانەی تێدا بیّ ئەبێت 18 ساڵی ئەهلیەی یاسایی هەبێت، من وا تێگەشتووم، بەنیسبەت ئەوەی کە زەواجی یەکەم یان دووەمی بێت، ئەوە وابزام لە ئەسباب موجەبە وازحە کە چی وتراوە، دوو ڕەئی هەیە لە لیژنەی یاسایی کە ئەسباب موجەبە بەشێکە لە یاساکە، هی تر هەیە ئەڵێت با ڕووحی ئەسباب موجەبە لەناو ماددەکان بێت، بۆیە ئەکرێت لیژنەی یاسایی ئەگەر قبوڵی بکەن، لە چوارەم و پێنجەم ڕۆحی ئەم سولفەیە دیاری بکەین، بڵێین سولفەی زەواج دەدرێت بەوانەی کە دەیانەوێت بۆ جاری یەکەم، ئەوە بکەین بە مەرجێك کە دەڵێین بۆ گەنج ئەوە دەمج بکەین لەگەڵ خاڵی پێنجەم کە ئەوەش موشکیلەیەکی گەورەیە، ئەگەر کەسەکە فەرمانبەر بوو، خاوەن دەخلی تایبەت بوو، لەوانەشە زۆربەیان فەرمانبەر نەبن و لە قتاعی خاص بن، کە کابرا ملیۆنێك وەربگرێت و مونافەسەی گەنجی ئێمە بکات، بۆیە پێشنیاری منی موحەدەد چوارەم و پێنجەم، ئەگەر قبوڵ بێت بکرێت بەیەك و بڵێین ( بدرێت بەوانەی کە بۆیەکەمین جار ئەچنە پرۆسەی هاوسەرگیری بەتایبەتی گەنجەکان و ئەوانەی کە داهاتی موحەدەدیان هەبێت) سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی، تکایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕاستی ئەوەی کە گرنگە و ئیشارەتی پێدرا، مەسەلەی ئەهلیەی زەواجە، بە گوێرەی ماددەی 7 لە قانونی ئەحوالی شەخسی، ئەهلیەی زەواج تەحدید کراوە بە شکلێکی عام تەواوکردنی 18 ساڵیە، یەعنی 18 ساڵی تەواو کرد ئەهلیەی زەواجی هەیە، ئەوە قاعیدەی عامە، ئیستسنائەن، فەقەرەکەتان بۆ دەخوێنمەوە، (اذا طلب من اکمل السادسة عشرة من العمر الزواج فللقاضی ان یأذن به) شەرت و شروتی ئیزنی داناوە، ئەگەر زرورای قسوەش هەبێت لە فەقەرەی 2 هاتووە، ئەویش مەجالی پێداروە، بەڵام ئەوەی کە لێرە هەیە مەسەلەی 18 ساڵیەکە، تەبعەن ئەهلیەتی قانونی بە نیسبەت مەعامەلاتی تیجاری و مەدەنی 18 ساڵە، وە بە هەمان شێوە بە نیسبەت عەقدی زەواجیش 18 ساڵە، بەڵام ئێمە کە گوتوومانە 18 ساڵ، مەعنای وا نیە ئەو گەنجە ئێمە مەحروم دەکەین لە سولفەکە، ئەو گەنجەش حەقی سولفەی هەیە، بەڵام ڕەنگە زەواجەکەی ئەگەر لە 16 کرد دەتوانی کە 18 ی تەواو کرد معامەلەکەی تەقدیم بکات و سولفەکەی پیّ وەربگری، یەعنی ئێمە دەمانەویّ ئەوە بڵێین ئەوەی کە دەیەویّ هاوسەرگیری بکات مەحروم نابیّ لە سوود وەرگرتن لەو یاسایەی کە ئێمە دەری دەکەین، دەتوانیّ ئەگەر 18 ساڵەکەی تەواو کرد ئیعتیادی معامەلەکەی خۆی تەقدیم بکات و سولفەی زەواج وەربگری، بە نیسبەت مەسەلەی (ان یکون مقیما فیە) ئێمە ئەوەڵەن/ قانونی مواتەنەمان نیە ئەوە یەك، دوو/ (مقیما فیە) ڕەنگە فکر بۆ ئەوە بچێت ئەو کەسەی ئیقامەیان هەیە و لە دەرەوە هاتوونە و لێرەن، ئێمە کە گوتمان (ساکنا) لە زۆبەی زۆری قانونەکانیشمان ئاوامان گوتووە کە دەڵێن (ساکنا) لەگەڵ مواتەنەتەکە یەکتری دەگرێتەوە، کەواتە لە**

خەڵکی هەرێمی کوردستان و مواتنی هەرێمی کوردستان ، وە لێرە ساکنە و سوکنەی حەقیقی، بۆیە ئەم خاڵەمان دارشتووە، بە نسبەت فەقەرەی 6 (یعتبرالزوج والزوجە بحکم شخص واحد) لە بۆ ئیستحقاقی ئەو سولفەیە دامان ناون، نەك بۆ مەسائیلی تر کە هەندێ لە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیشارەتی پێیدا، بەڵێ رەنگە هەندێك کەس لەمەسەلەکە تێ نەگەن یاخود بە شکلێکی تر بۆ خۆیان تەفسیر بکەن، بەڵام مەسەلەکە لە زۆربەی زۆری قەوانینی ئەوە هاتووە، دەڵێ بۆ ئەغرازی ئەو قانونە ئیعتبار دەکرێت (بمثابة شخص واحد) بە نیسبەت ئیستیردادی سولفە، راستە فەقەرەیەك نەهاتووە، بەڵام ئێمە دەتوانین لە ماددەی 3 چۆنیەتی ئیستیردادی سولفەکە ئیشارەتی پێی بدەین و فەقەرەیەکی جیای بۆ دابنێین، ئەمە ئەو مولاحەزەتانە بوون کە من ویستم بە بەرێزتانی رابگەیەنم، نازانم ئەگەر بەرێزان مولاحەزاتی تریان هەبێت.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی ئافرەت رەئیتان؟

**بەرێز گەشە دارا جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین بەو پێشنیارەی کە کردمان.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی موداخەلەت هەیە؟

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم یەك، دوو ئەندامی پەرلەمان ئیشارەتیان بەوەدا موستەفید لە سولفە کوردستانیانی دەرەوەی هەرێمیش بێت، ئەمە بەراستی ئیلتزاماتێکە مالی زۆر قورس دەکەوێتە سەر حکومەتی خۆمان، ئەگەر بەو شێوەیە بروات، ئێستا حکومەت مەجبور نیە ئەو تەحەمولاتانە قەبوڵ بکات کە زیاتر تەحەمولی بکات خەزێنەی، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئێستا چەند موداخەلەیەك هەبوو، یەك/ برگەی 5 لابچێت، دوو/ دەرەجە خاسە لابچێت، کە چەند بەرێزێك پشتیوانیان لێی کرد، هەروەها پێشنیارێکی تر هەبوو کە بۆ یەکەم عەقدی زەواج بێت، ئەویش پشتیوانی لێی کرا، بۆ عومریش هەمان شکل هەبوو، ئێستا فەقەرە فەقەرە دێینە خوارەوە، لیژنەی یاسایی تکایە فەقەرەی 1 بخوێننەوە، ئەگەر ئیزافە بوو هەبوو شملی ئەوێ بکات، پێویستی بە دەنگدان بوو، دەیانخەینە دەنگدانەوە، کاك عونی فەرموو.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تدفع سلفة الزواج وفق الظوابط الاتية:

1- ان يكون طالب السلفة من مواطني كوردستان ـ العراق وساكنا فيها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ئەحمەد نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیقلیمەكە قرتاوە، اقليم كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەی ئەوە نەكراوە لە ماددەی 1 پێناسە نەكراوە، بيل فعل اقليم كوردستانی ئیزافە بكرێت جێگای خۆیەتی، ئێستا ئەو فەقەرەیە دەخەینە دەنگدانەوەو لەگەڵ ئیقلیم كوردستان، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەندكرا، بۆ فەقەرەی 2 كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

2- اتم طالب السلفة الثامنة عشرة من عمره.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەم فەقەرەیە داوا كرا بوو لەلایەن چەند ڕێزدارێكەوە كە لابچێ، ئێستا لاچوونەكەی دەخەینە دەنگدانەوە، یەك بەڕێز دیفاعی لێ بكات كە بمێنێ و یەكی تریش لابچێ، ئەوەی كە دەیەوێ فەقەرەی 2 لابچێت؟ كاك عمر نورەدینی، ئەوەی كە دەیەوێ بمێنێ، ئاشتی خان بوو وتی بمێنێ كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر حمه امين خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەكەم كە ماددەی 2 لابچێ، لەبەرئەوەی بڕگەی 2 لە ماددەی 2 ، لەبەرئەوەی بڕگەی 3 كە سەیری بكەین بۆ خۆی دەڵێ ئەو كەسە سولفەی زەواج وەردەگرێ كە عەقدی زەواج لە بەردەمی مەحكەمە دەكات، كەواتە كە عەقدی زەواجی لەبەردەمی مەحكەمە كرد ئەمە قانونیە و ئیتر شەرعیەت وەردەگرێ، ئەوە یەك، دوو/ عیبرەت لە قانونەكە ئەوەیە كە ئێمە پارە دەدەین بۆچی؟ پارە نادەین بە عمر، پارە دەدەین بەوەی كە ژن دەهێنێ، مادام بڕگەی 3 عەقدی زەواجەكە لە بەردەمی مەحكەمە دەكرێت 18 بێ یان 17 بێت، مادام مەحكەمە تەسدیقی عەقدەكە دەكات، كەواتە شەرعیەت وەردەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتی عزيز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـن بـەرگری لـەوە دەکـەم کـە ئـەم بڕگەیـە بمێنێتـەوە، وە تەئکیـد دەکەمـەوە لەسـەر ئـەو سـنە قانونیـە، لەبەرئەوەی ئەمە سنی ئەهلیەتێکی قانونی هەیـە ئـەو شەخسـە و ئەمـە خـاڵێکی ئیجابیـە، وە خـاڵێکی تـر بەڕاسـتی ئەمـە سیاسـەتێکی منحـەیی نیـە سـولفەیە، ئـەو ئەعبائـە مالیـە بـۆ کەسـێکی 18 سـاڵ لـەڕووی ئیقتسادیشـەوە لەوانەیـە زۆر تـر بتـوانێ کەفالـەتی ئـەو عیبئـە مالیـە بکـات، خـاڵێکی تـریش ئێمـە وەکـو موحتەوا یەکێك لە کێشەکانمان ئەو زەواجە موبەکیرەیە، ڕاستە لەبەر ڕێزگرتن لە کۆمەڵێك ئەو بنودانەی کە لە شەریعەی ئیسلامی دا هاتووە، حەقیەتی زەواج دراوە بە تەمەنی 16 ساڵ و خوارتر بـە ئامـادەبوونی وەلی ئەمر، بـەڵام لـەم محتەوایـە ئێمـە خۆمـان هـەموومان ئاگامـان لێیـە کێشـەیەکی زۆر زۆر هەیـە لەسـەر مەسەلەی تەفریق و تەڵاق کەلەو تەمەنە کە لە خوارەوەیە، ئەگـەر ئێمـە وەکو موشـەریع و وەکو کۆمـەڵێ خەڵك کە نوێنەری خەڵکین تەئیدی ئەو محتەوایە بکەین و بەرگری لێ بکەین، جارێکی تـر ئێمـە بەڕاسـتی ئەهلیەتی قانونی بـۆ زەواج شـەرعی بکـەین و بـە تایبـەتی لـە سـولفە وەرگرتنـدا کـە لەوانەیـە لـە هەنـدێ مەنتیقە دا کە ئاستی وشیاری لە ئاستێکی لاواز دا بێت ئەمە ببێتە حافزێکی گەورە کە تەشجیعی زەواج لە 15 و 16 دا بکرێت، یەعنی دەنگێکی زۆر بێنێ، لەبەرئەوە من تەئیدی ئەوە دەکەم ئەمە دەبێتە ڕەدعێـك بۆ کەم کردنەوەی زەواج لەو تەمەنەدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە بێ دەنگ بن، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە بڕگـەی 2 (اتم طالـب السـلفة الثامنة عشرة من عمره)لابچێ، ئەو پێشنیارە هەبوو بۆ لادانی، کێ لەگەڵ ئەوەیـە لـە مـاددەی 2 بڕگـەی 2 لابچێ تکایـە دەسـت بـەرز بکاتـەوە؟ 19 کـەس لەگـەڵ ئەوەیـە لابچـێ، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە کـە بمێنـێ؟ بـە زۆرینەی دەنگ مایەوە، بۆ بڕگەی 3 کەرەمکە کاك عونی.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**3- ان یبرم عقد الزواج لدی المحاکم المختصە فی الاقلیم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم بڕگەیە موناقەشەی لەسەر نەبوو مەحاکمی موختەس بکرێت، کێ لەگەڵە تکایە دەست بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ فەقەرەی 4 کەرەمکە کاك عونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**4- ان لایکون مستفیدا من سلفە زواج اخری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەم بڕگەیە کە لە سولفەیەکی تر موستەفید نەبێ ڕەئیەك هەبوو، دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵە وەك خۆی بمێنێ دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ فەقەرەی 5 کەرەمکە کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لێرە موشاوەرەمان کرد لە بەینی خۆمان، بە نیسبەت فەقەرەی 5 بە نیسبەت فەقەرەی 5 موشاوەرەکەی بەو شێوەیە بکەین، (5. ان یکون طالب السلفة من مواطنی ذوی الدخل المحدود)، چونکە لە ئەسبابی موجبەکەش ئیشارەتمان پێیدا، هەدەفی قانونەکە ئەوەیە موساعەدە کردنی کەم دەرامەتەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار هەبوو بۆ ئەوەی لابچێ، (5. ان لایکون اصحاب الدرجات الخاصة اذا کان موظفا) نوقتەی نیزامیت هەیە کەرەمکە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتە نیزامیەکەم لەسەر ئەو موقتەرەحەیە کە ئێستا لیژنەی یاسایی دایبەزاند، مەقیاس چیە بۆ (ذوی الدخل المحدود)؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو موقتەرەحەی کاك عونی کردی، مەسەلەی تەحدید کردنی ئەوەی کە دەخلی مەحدود، ئێمە ئەگەر ئەوە تەسبیت بکەین لەناو ئەم قانونە بەڕاستی ڕۆتینیاتێکی زیاتر ئەدەین بە مەسەلەی مەعامەلەکردنی وەرگرتنی ئەم سولفە زەواجە، دواتر هەندێ ئیش و کاری زیادەش بۆ وەحداتی ئیداری بەڕاستی کە ئەوان دەبێ ئەو حاڵەتە دیاری بکەن، لەبەرئەوە دانانەکەی بە قەناعەتی من لەجێگەی خۆی نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ئەسبابی موجبە بکەین ئێمە باسی دەخلی مەحدودمان کردووە لەوێ، ئەمەش دەلالەت لەسەر نیەتی موشەریع دەکات سەبارەت بەو قانونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکەم/ ئەوەیە کە ئیلغا بکرێت، بڕگەی 5 نەمێنێ، یەکەم دەخەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە لائەچێ، ئەوەی تر ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییە کە ئێستا پێشکەشیان کرد، تکایە بێ دەنگ بن، کێ لەگەڵ ئەوەیە بڕگەی 5 لابچێ، لە شوێنی خۆی نەمێنێ تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ 24 کەس لەگەڵە کە لابچێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بمێنێ؟ ئەوە لە شوێنی خۆی ماوە زۆر سوپاس، کەرەمکە کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6. یعتبر الزوج والزوجة بحکم شخص واحد لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسەبت ئەو بڕگەیەش، نیزامی هەیە کەرەمکە.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام بڕگەکە دەمێنێتەوە ئیقتراحێك و دوو، سێ ئیقتراح هەبوو کە دوو، سێ پەلەمانتار کە باسی تەحدید کردنی ڕاتبی ئەو دەرەجە خاسەی کرد، هەندێ وتیان روبع و هەندێکی تر وتی سولس، پێم وایە ئەوەش ئیتر لەوە رزگارمان دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو پەسەند کرا و ڕۆیشت، بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە بە نیسبەت زەوج و زەوجە، هەندێ پێشنیار هەبوو کە جیا بکرێنەوە، وەکو دوو کەس سەیر بکرێن، پێشنیاری لیژنەکانی موشتەرەکیش ئەوە بوو کە بە یەك کەس حساب بکرێت، تکایە خاوەنی ئەو موقتەرەحەی کە ویستی (یعتبر الزوج والزوجە بحکم شخص واحد) نەمێنێ بکرێتە دوو شەخص سیاغەکەی بزەبت پێمان بڵێ، بۆ ئەوەی سیاغەکەی خۆی بخەینە دەنگدانەوە، بما مەعنا، کاك رفیق بیڵێ کەرەمکە.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکەم نووسی و بۆ جەنابی کاك شێروان و کاك حاکمم نارد، (یستفید الزوج او الزوجة من سلفة الزواج) پێویست ناکات بە حوکمی واحد بێت، یەکێکیان بۆی هەیە وەری بگرێت، یان ژنەکەیە یان ....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مـەعنای وایـە یـەك كەسـە و ناخرێتـە دەنگدانـەوە، نەفسـی مـەعنا دەدات بـرای بـەڕێز، ئێسـتا نەسـەكەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

كەرەمكە كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

6. يعتبر الزوج والزوجة بحكم شخص واحد لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە جارێكی تر بیخوێننەوە، كەرەمكە كاك عونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

6. يعتبر الزوج والزوجة بحكم شخص واحد لاغراض استحقاق السلفة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەك ئـەوەی گوێتـان لێـی بـوو، كـێ لەگەڵـە تكایـە دەسـت بـەرز بكاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، كـێ لەگـەڵ دانیە؟ 2 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 3 تكایە، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادە 3

تكون مبلغ السلفه خمس ملايين دينار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵایەتی ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەبـەر ئـەو هۆیانـەی كـە باسمـان كـرد پێشـی ئێسـتا، موسـیرین لەسـەر ئـەوەی مەبلـەغی پارەكـە دیـار نەكرێت، لەبەر چەند هۆیەك، یەك/ ئەم 5 ملیۆنـە ڕەنگـە سـاڵێكی تـر ببێتـە 5 هـەزار، چـونكە سـفرەكان لادەچن، دوو/ ئێمە تەسەورمان كرد بە پێی وەزع و داهاتی هەر دووكەس با ئازاد بن چەندیان وەرگرتـووە با فەرز نەكەین لەسەریان، بۆیە نەسەكەمان ئەوەیە ببێتـە 2 ئیقتراحەكـەمان، هـەروەها چارەسـەر كردنـی شێوەی گەڕاندنەوەی پارەشمان ڕەبت كردووە بەمە، پێشنیاری ئێمە ئەوەیە (أ- يمكن لطالب السلفة الحصول على مبلغ لايزيد عن عشرة اضعاف الدخل الشهري للزوجين)، (على ان لايزيد) لادەدەین، چونكە تەبـەنامان

کرد کە ئەسحابی دەرەجە خاسە تێدا نەبن، (بـ تسدد السلفة باقساط شهرية لاتزيد عن الاثنين بالمئة من مبلغ السلفة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ڕەئی لیژنەی موشتەرەکە دواتر وەکو شەخسی خۆم لەناو لیژنەش ڕەئیەکم هەبوو، دواتر وەکو پەرلەمانتار دەیخەمە ڕوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وابوو بەم شێوەیە بێت کە کەمتر نەبێت لە 5 ملیۆن بۆ ئەوەی ئیختیار هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە خاوە دەرامەتێکی وا نین فەرز نەبێت لەسەریان ئیللا 5 ملیۆن قەرز بکەن، بەڵکو حەدی ئەعلای بۆ دابندرێت لە 5 ملیۆن کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام ئەو پێشنیارەی کاک عبدالسلام کردی بە نیسەبت گەڕانەوەی سولفەکە بە 2٪ ی مەبلەغی سولفەکە، ئێمە تەئیدی دەکەین و ببێتە بڕگەی 2 لەو ماددەیە، واتە ئەو ماددەیە ببێ بە دوو بڕگە، بڕگەیەکیان تەحدید کردنی 5 ملیۆنەکەیە، بڕگەی دووەمیش چۆنیەتی گەڕاندنەوەی سولفەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر هەر هەمان ڕەئی پێشووت هەیە؟، زۆر سوپاس، ئەوە مەعلومە بۆ گشت ئەو خوشک و برایانە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناسک تۆفیق، عمر عبدالرحمن، شێرزاد حافز)، کەسی تر هەیە؟ کەرەم بکە کاک عمر صدیق.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من رەئیم وایە بۆ تەقدیر کردنی ئەم مەبلەغە، سێ لایەن لەبەر چاو بگرین، یەك/ ئەو کەسەی موستەفیدە، واتا ئەو کەسەی کە دەچێتە پرۆژەی هاوسەرگیرییەوە.**

**دوو/ باری ئابووری گشتی.**

**سێ/ قوەی مالی حکومەت.**

**لەسەر ئەو سێ لایەنەی کە باسم کرد، من رەئیموایە لێرە تەحدیدی مەبلەغەکە نەکەین، بەڵکو ساڵانە لەکاتی موناقەشە کردنی قانونی بودجەی هەرێمی کوردستان، لەوێ تەحدید بکرێت، هەروەکو پارساڵ، ئەمساڵ بۆ سولفەی پێشینەی خانووبەرە ئەو کارەمان کرد، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، هۆکارێك/ بەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ موستەفید، یان ئەو کەسەی کە پارەکە وەردەگرێت، لەوانەیە ئەگەر ئێمە ئەم بڕە دەست نیشان بکەین، ئەگەر پێنج ملیۆنە، یان هەر چەندێکی تر بێت، لەوانەیە ساڵێکی تر، یان دوانی تر ئەو بڕە پارەیە بەشی پێداویستیەکان، یان هاوکارێکی باش نەبێت بۆ موستەفید، یان لەوانەیە زۆر لەوە زیاتر بێت، کە موستەفید بیەوێت بە دەستی بهێنێت.**

**لایەنی دووەم/ کە ئێمە دەبێت جارێکی تر لەبەرچاوی بگرین، بەهای ئەو بڕە پارەیە، لەوانەیە لەساڵی داهاتوودا، یان لە ساڵانی داهاتوودا بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە ئێمە لێرە دەست نیشانی دەکەین، ئەگەر ملیۆنێکە، یان پێنج ملیۆنە، نەتوانین بەشێك لە پێداویستیەکانی ئەو کەسەی کە دەیەوێت ئیستیفادەی لێ بکات پێی چارەسەر بکەین.**

**لایەنی سێیەم/ کە قوەی مالی حکومەتە، بەڕێزان، ئێوە خۆتان دەزانن ئەو بەشە بڕە پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە کە دەدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو بەڕێز وەزیری دارایی چەند جارێك، چ لێرە، چ لە دەرەوە ئەوەی خستۆتە روو دەفعەکانیان، پێدانەکانیان نزیکی سی و شەش جار بە مەعەدەلی لە مانگێکدا ئەوجا لەوانەیە، هەندێ جار زیاترە، هەندێ جار کەمترە، ئەمە وا دەگەیەنێت کە ئێمە بەردەوام سیولە، یان پارەی پێویستمان نییە لەناو بانکەکاندا، تا ئەو خەڵکە موستەفید ببێت لە وەرگرتنی پێشینەکە، بە شێوازێکی تر، ئەگەر ئێمە بە یاسا ئەم زەختە لەسەر بانکەکانی حکومەت، یان لەسەر وەزارەتی پەیوەندیدار دروست بکەین، ئەو کاتی بەشێوازێکی تر زەخت لەسەر حکومەت دەکەین، کە حکومەت نەتوانێت لە کاتی خۆیدا بڕی پارەی مووچەی فەرمانبەرەکانی خۆی بدات، یان بە شێوازێکی تر بڵێین کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر تەنفیز کردنی ئەو مەشاریعە ئیستیسماریانە کە هەن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە من جارێکی تر پێشنیار دەکەم ئەم بڕگەیە هەروەکو بەڕێزانیش گوتیان بکرێت بە دوو بڕگە، یەکیان/ بەو شێوەیە بێت: (بڕی سولفە بۆ هاوسەرگیری ساڵانە لە یاسای بودجە دەست نیشان دەکرێت)**

**2- پێدانەوەی سولفە نابێت لە 2%ی بڕی وەرگیراو بێت.**

**زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئاراس کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت دوای ئەو روون کردنەوانەی بەڕێز وەزیری دارایی بەپێی بۆچوونی شەخصی خۆم دۆخەکە گۆڕا، هەر یەکێك لە مەبادیئی نیزامی پەرلەمانی هەر وڵاتێك، یەکێك لە مەبدەئە سەرەکیەکانی تەعاونە لەنێوان مەجلیسی وزەراو لەنێوان پەرلەمان، یەعنی عیلاقەکە عیلاقەیەکی تەعاونیە، بە رەئی من ئێستا دوو حاڵەت مواجەهە دەکەین، حاڵەتێکیان/ زۆرینەی ئەندامە بەڕێزەکان رەئییان وا بوو کە بەردەوام بین لەسەر ئەم پرۆژەیە، بە رەئی من با بەردەوام بین، بەڵام ئەگەر بکرێت لە رووی یاساییەوە، ئەم ماددەی 3 تەئجیل بکەین بۆ دوای ئەو کاتەی کە ڕای حکومەتمان بۆ دێت بۆ ئەوەی ئێمە کێشەیەك لەنێوان پەرلەمان و حکومەت دا دروست نەکەین، نازانم تا چ حەدێك لەو بوارە موحقم، بەردەوام بین و بێینە سەر ماددەی 4 و 5 تاوەکو دوایی، مەعنای وایە ئێمە ئەو هەدەفەمان پێکا کە بەردەوام بین لەسەر یاساکە، لەلایەکی ترەوە بە تەماین موەدەتێك بدەین بەوەی کەوا حکومەت ڕای خۆی بنێرێ بۆمان دەربارەی ئەو مەبلەغە بۆ ئەوەی لەو کێشەیە نەجاتمان بێت و سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کەوا ماددەی 3 نەمێنێ و هەڵگیرێ لێرە، لەبەرئەوەی وەکو بەڕێز کاك عمر باسی کرد ئێمە نازانین قوەی شرائی بازاڕ چۆنە و هەروەها دیراسەیەکی بودجە و میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکراوە، بۆیە بەڕەئی من ئەو 5 ملیۆنە هەڵگیرێ، ئەوە بهێڵدرێتەوە کەوا هەموو ساڵێك میزانیە چەند بوو لە میزانیە دیاری بکرێت کەوا ئێمە چەند دەتوانین تەخسیسی بکەین بۆ ئەو مەبلەغەی کەوا چەند بە هاووڵاتیان سلفە بدرێت؟ پاشان پشتگیری لەوە دەکەم کەوا دەفعی ئەقساتەکان 2٪ بێت لەوە زیاتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەڵاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جەنابی کاك د.ئاراس.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە باسی هیچ ئەندامێك مەکەن و ڕەئی خۆت بدە و قسەکەی ئەوت پێ ناخۆشە ڕەئی خۆت بدە، ناوی یەکتر مەهێنن رجائەن، چونکە ئەویش جوابت دەداتەوەو یەکێکی تر جوابت دەداتەوە، جەوەکە تێك دەچێت، هەر کەسێك ڕەئی خۆی دەدات، تکایە، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سلفەکە با 5 ملیۆن بێت، دیارە بەڕەچاو کردنی وەزعی ئیقتسادی عیراق ئێمە قەرار دەدەین، ئێمە بەشێکین لە عراق، وە ئیقتسادی عیراق خۆشبەختانە ئێستا ئیقتسادێکی زۆر زۆر باشە، ئێستا میزانیەی ئەمساڵی عیراق ئەگەر موسادەقەی لەسەر بکرێت 73 دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك، ئێستا بەرمیلێك نەوت لە 90 دۆلار تێ پەڕیوە، وە عیراق میزانیەی خۆی ڕۆژانە لەسەر دوو ملیۆن بەرمیل نەوت داناوە، بەڵام وەزیری نەوتی عیراقی دەڵێت دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار بەرمیل نەوت تێ ئەپەڕێنین، لەبەرئەوە هەموو ئەوانە بۆ ئێمە ئەوە ڕۆشن دەکەنەوە کە میزانیەی کوردستان کە بەشێکە لە میزانیەی عیراق مەجالی زۆر باشی تیایە بۆ ئەوەی بتوانین سلفەیەکی باش بۆ ئەم مەجالە دابنێین، بۆ ئەوەی کە ئێمە ڕزگارمان بێت لە سەدا چەندی هێن بێت، چونکە زۆر جارباسی ئەوە دەکرێت ئەو سلفەیەی کە دەگەڕێتەوە نسبەت لە سەدا چەندی مەعاشەکە بێ و مووچەکە بێ، ئێمە دیارە کە دەردەچێت هەر بۆ کارمەند نیە، بۆ ئەوەی رزگارمان بێت لەو تەفاسیلە من پێم باشە ئەو سلفەیەی کە دەدرێت یان ئەو قەرزەی کە دەدرێت بە گەنجەکان یان بۆ زەواج، لە ماوەی 5 ساڵ بگەڕێتەوە، لە ئەسڵی ماددەکە باسی ئەوە کراوە کە ئەوەی منالی یەکەم و منالی دووەم، دەمەوێ شتێك ئیزافە بکەم بۆ ئەوە، من پێم وایە 20٪ ی ئەو 5 ملیۆنە هەر لەگەڵ عەقدی زەواجیان ئیعفا بکرێت، یەعنی بکرێتە منحە، کە 20٪ ەکە دەکاتە 1 ملیۆن، کە مەبلەغێکی زۆر نیە، هەروەها 30٪ ی ئیعفا بکرێت بۆ ئەوەی کە منالی یەکەمی دەبێت، بەڵام من بەڕاستی لەگەڵ مەبدەئی ئەوە نیم کە منالی 2 و 3، ئەوە تەقریبەن نەك هینە، ئەوە تەشجیعی تەحدیدی نەسلەو من لەگەڵی دانیم، بۆیە بە قەناعەتی من ئەو دوو فەقەرەیە گرنگە کە 20٪ ئیعفا لەگەڵ زەواج دا، 30٪ یش دوای منالی یەکەم، کە ئەمە یارمەتی دەرێکی باشە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە، دیارە لە دنیادا کە پارە دەدرێت بە خەڵك بە بێ زەمانەت نادرێت، یەعنی هەر کەسێك نەك حکومەت، هەر کەسێك پارە دەدات زەمانەتی دەوێت، زەمانەتیش یا ئەوەیە کە کارمەند بێت ئەوە کێشەی نییە، ئۆتۆماتیکی لە مووچەکەی ئەبڕێت بە پێی ئەو هینەی کە لە قانونەکە دا هاتووە، بەڵام یەك کێشەمان هەیە ئەوەی کە هاووڵاتی بێت، هاووڵاتیش ئەوەی کە موڵکی هەیە دیارە لەسەر موڵکەکەی پێی دەدرێت، ئەوەش هەر کێشەمان نییە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە حەتمەن واشی لێ دێت، دیارە لێرە تەفاسیلێ نیە، بەڵام من دەزانم وەزارەتی مالیە لە تەعلیماتەکانی دا وایە، ئێتسا هەمان کێشەمان هەیە لەسلفەی عەقار دا، لە سلفەی عەقار مەسەلەن لادێکانی ئێمە موستەفید نین، چونکە تاپۆیان نییە، چونکە موڵك نین بەڕاستی، لێرەدا کێشەکە دیسانەوە گەنجان تووشی ئەو کێشەیە دەبن، ئەوەی کە مووەزەف نییە، ئەوەی کە موڵکی

نییە، لێرە بەڕاستی ڕووبەڕووی ئەوە دەبێتەوە کە شمولی ناکات، نازانم ئەوە بە یاسا چۆن ڕێك دەخرێت، حاڵەتێکی ئاوا ئیستسنا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لە هەواڵەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بڵاویان کردەوە عیراق زیاد لە بایی 84 ملیار دۆلار ساڵی ڕابردوو نەوتی فرۆشتووە، هەروەها تەوەقوعاتی ئۆپێك دەڵێت لە ساڵی داهاتوو بەرمیلی نەوت 100 دۆلار تێ ئەپەڕێنێ، عیراقێش وەکو وەزیری نەوت قسەی کرد تەسدیری 600 هەزار بەرمیل زیاد دەکات، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی دووەم/ دەربارەی ئەم مەبلەغە کە لە ماددەی 3 دا هاتووە، من ئەوەندە دەزانم لە مودەی ڕابردوودا، بەهۆی کۆچی گەنجەکانمان بۆ ئەوروپا، ژمارەیەکی زۆر قەیرە کچ ماوەتەوەو شوویان نەکردووە، من قەناعەتم وایە ئیستیسنایەك بکرێت لەوە، ئەو کچانەی کە تەمەنیان تێپەڕیوە لەپێناوی تەشجیع کردنی شووکردنیان و خەڵك بچێتە داوایان، مەبلەغەکەیان بۆ بکرێتە هەشت ملیۆن، بۆ ئەوانەی لە تەمەنێکن (35) ساڵیان تێپەڕاندووە، ئەمە شتێکی چاکە، هاوکاری و تەشجیعیشە بۆ ئەو وەزعە تاریئەی کە پێشتر هەرێمەکەمان تووشی بووەو، کە گەنج بە لێشاو دەچوو بۆ دەرەوە، دەربارەی خاڵێکی تریش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من قەناعەتم وایە بۆ منداڵی یەکەم و دووەم ئیعفا بکرێت لە دانەوەی سولفەکەی، ئەگەر منداڵی یەکەمی بوو لە 25٪ی ئیعفا دەکرێت، کە منداڵی دووەمی بوو 50٪ی ئیعفا بکرێت، لەبەر...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان بەس باسی رەقەمەکەیە، ئایا ئەوەندە پێنج ملیۆنە؟ دە ملیۆنە؟ سەد ملیۆنە؟ هیچە؟ یەکە؟ باسی ئەوە بکە چاوەکەم، ئەوە لە جێگەی تر باس کراو، باس دەکرێت، کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز، ببورە، لە هەمان ماددەیە، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەیت رەئی خۆم بڵێم، ئەگەر دیقەتی ئیحصائیاتی جنوب بکەین عەددی دانیشتوانی باشووری عێراق شیعە مەزهەبیەکان زۆر زیادی کردووە، نیسبەی کورد لە دروست بوونی دەوڵەتی عێراق لە 27٪ بووە، ئێستا بۆتە 22٪ و لە 23٪ دابەزیوە، ئەگەر ئێمە بتوانین لە منداڵی یەکەم و دووەم ئیعفای بدەینێ، ئەوە زۆر زۆر باشە، بۆ نیسبەتی دانیشتوان و تەوازوونی دانیشتوانی ئێمە لەگەڵ باقی مەناتیقی عێراقدا، ئەگەر لە منداڵی یەکەم و دووەمدا ئیعفای لە 25٪ و لە 50٪ی بدەینێ، وەکو تەئکیدیش دەکەمەوە ئەو ئافرەتانەی لە سەرووی تەمەنی (35) ساڵەوەن، داواکارم

بۆیان بکرێت بە هەشت ملیۆن، لەبەر ئەوەی پێشتر گەنجەکانمان چوون بۆ دەرەوەو ئافرەتێکی زۆر ماوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەیام ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز پەیام احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من یەکەم جار پێشنیاری ئەوە دەکەم، وەکو هاوکارانم باسیان کرد بڕگەی دووەمی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی چۆنیەتی ئەو سولفەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، کە وەکو هاوکارانم باسیان کرد.

دوو/ من لەگەڵ ئەوەدام، کە ئەو پێنج ملیۆنە تەحدید بکرێت و بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرە ئەو جیاوازییە لەنێوان خەڵکەکەدا ناهێڵین، ئەگەر باسی ئەو نیسبەیە بکرێت، باسی مەعاشی فەرمانبەرێك بکرێت لە دوو سەد هەزار، لە حەددی ئەدنایەکەی دوو سەد هەزار دینارە، ئەگەر زەربیشی بکەین موزاعەف، دە جار موزاعەفی بکەین، ئەوە دەکاتە چوار ملیۆن، لێرەدا تۆ یەك ملیۆنت بۆ زیاد کردووە، دوای ئەوە تۆ ئەو فەرمانبەرە مەسەلەن مەعاشەکەی زیاترە، لێرەدا تەعادولێك دروست دەکرێت لە بەینی ئەوانەی کە مەعاشەکانیان زیاترەو، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوانەش کە مەعاشەکانیان حەددی ئەدناییە، هەروەها لەگەڵ کرێکارێك و لەگەڵ دەوڵەمەندێك هاتووە، لێرەدا وەکو یەك حکومەت تەعامولیان لەگەڵدا دەکات، ئەویش پێدانی پێنج ملیۆنەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال تاهر.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێل پێشیا ئەز وەك ئەندام پەرلەمان پشتگیریت دکەم، کو چەند لە توانادا بیتن، ئەم بیشێن هاریکاریا تۆلەزە بکەین، بۆ ئاڤا کرنا خێزانێ، بابەت بلی من دەرگەهێ عاتیفێ نەچین، بەلکی ئەم پتر پشت دەرگاهی زانستی و ئابووری بچین، ئەگەر ئەم بێین بەرێ خۆ بدەینە مەبلەغێ سلفە کە هاتیە پێنج ملیۆن، بۆچی پێنج ملیۆن؟

جەنابێ سەرۆکێ، ئەمە وا دیارە یەکەم پرۆژە، یان قانونە، لەوانەیە تێپەڕ دەبێت، بێی هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی.........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز، چەند مانگە، نا، تکایە وەرە سەر فەقەرەکە، وەرە سەر ماددەکە، مەچۆ موحازەرە مەدە، رجائەن، تکات لێ دەکەم، ئەوە با بۆ جەنابت بخوێنمەوە، لە 2010/6/30 بە کتابی (414) ئاراستەی لیژنەکان کراوە، ئاراستەی لیژنەی دارایی کراوە، ئاراستەی حکومەت کراوە، کە ئەو هەموو ماوەیە یەکتر نەبینن،

تەقصیری ئێمە نییە، نیزامە، حفز دەكەم، ئسولّی جەلسات چۆنە ئاوا دەچین، دوێنێش خۆتان دەنگتان بۆدا، لەبەر ئەوە ئێستا دەتوانی لە ئەخیردا دەنگی بۆ نەدەیت، ئەگەر دەنگی نەهێنا وەكو ئەوەیە كە جەنابی وەزیر پێشنیاری كرد، وتی بگەڕێتەوە، ئەو كاتە ئەگەڕێتەوەو دەچێتە دەورەكەی تر، بەڵام ئێستا موناقەشەی جەنابت لەسەر ماددەی 3 یە، لەسەر بڕی پارەكەیە، تكاتان لێدەكەم لەوە دەرنەچن، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە وەكو پارەكە من وەكو خۆم، پشتگیری ئەو ژمارەیە ناكەم، جێی دەهێڵم بۆ وەزارەت، كە ئەوان ژمارەیەك دابنێن و پشتگیری لە ڕەئی دكتۆر ئاراس دەكەم كە ئەم بڕگەیە دوا بخرێت بۆ ماوەیەكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جەلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سیستمی دارایی و ئابووری هەموو دونیا و هەموو وڵاتێك، تەحەمولێكی هەیە و ڕێژەیەكی هەیە، بەڕای من مەسەلەی (1)ملیۆن بۆ (5)ملیۆن، ئەگەر بەڕێژەی سەدی حسابی بكەین ئەوا سەدی پێنج سەد دەكات، من تێناگەم چ بودجەیەك بەچ عەقڵیەتێكی ئابووری یان دارایی تۆ داوای زیاد كردنی شتێك بكەیت كە لە سەدا پێنج سەد بێت، كە ئەمە بەڕاستی تێپەڕاندنە لەهەموو سیستەمەكانی دونیای سەرمایەداری و ئەوانی تریش، سەدی پێنج سەد شتێك نیە كە قابیلی حەل بێت، وەكو بەردی قورس وایە كە هەڵی بگریت، باقیەكەی من ئەڵێم تەئیدی ڕەئیەكەی كاك دكتۆر ئاراس دەكەم، چونكە پێم وایە لەسەدی پێنج سەد لەهیچ شتێك حسابی بۆ ناكرێت و جێبەجێش نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دانا سعید صۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبلەغی (5)ملیۆن بەپێی لێكدانەوەی لیژنەكان لەوانەیە، گونجاو بێت بۆ ئەمڕۆ، بەڵام ئێمە یاسایەك دەردەكەین كە تەنها بۆ ئەمساڵ نیە، وەكو زۆر لەهاوكارانم باسیان كرد، بازاڕ لەگۆڕاندایە هەروەها داهاتی فەرد و داهاتی گشتیش لەگۆڕاندایە، جا بۆیە ناكرێت ئێمە ئێستا تەحدیدی ئەو مەبلەغە بكەین ئێستا، بۆیە پێشنیار دەكەم تا وەزارەت یان حكومەت بتوانن دەوریان هەبێت لەدیاری كردنی ئەو بڕە پارەیەدا، پێشنیار دەكەم لە میزانیەی هەرێم ساڵانە دیاری بكرێت، بەڕێژەی 10 بەرامبەری داهاتی فەرد، ئەوەی كە

پێی دەڵێت داهاتی فەرد یان داهاتی نیشتمانی، لەهەموو وڵاتێك بۆ خۆیان دەیکەن کە ئەمساڵ یان لە ماوەی ئەو ساڵەدا، داهاتی نیشتمانی چەند بووە، لەو داهاتەشەوە موعەدەلی داهاتی فەرد چەندە، یەعنی دەبێت بەپێی داهاتی فەرد بێت و بەپێی بازاڕ بێت، لەبەر ئەوە وەزارەتی دارایش، ئەوان بۆخۆیان ڕەسمی سیاسەتی دارایی هەرێم دەکەن، بۆیە من پێم باشە ئەوان دەوریان هەبێت لەدیاری کردنی ئەو بڕەو لە میزانیەی هەرێم ساڵانە دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لەلیژنەی هاوبەش دەکەم، بەڕای من ئەو بڕە کەمە بۆ گەنج کە ژن بهێنێت یان بیەوێت ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت، بۆیە من داوا دەکەم، ببێت بە (7)ملیۆن چونکە ڕۆژ بەڕۆژ زێڕ لەبازاڕەکان بەرز دەبێتەوەو کەلوپەلی ناوماڵ بەرز دەبێتەوە، دیارە هیچ ژنێکیش بەبێ زێڕ مێرد بەپیاوان ناکەن، بۆیە تکام ئەوەیە کە ببێت بە (7)ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سەرگوڵ ڕەزا،فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من وەکو ئەصڵی پڕۆژەکە لە بەماددەی دووەم هاتووە، کە بڕی پێشینەکە لە (5)ملیۆن کەمتر نەبێت، پێم باشە هەر بەو شێوەیە بێت، ئەگەر ئێمە ئەساس دابنێین بۆ ئەم بڕە پارەیە کە لەسەر چ ئەساسێك بێت، ئەوکاتە ئێمە ئەڵێین بۆ هەموو هاووڵاتیەکە، ئەگەر لەسەر ئەساسی ڕاتب و مەعاشە، ئەو کاتە ناعەدالەتی تێدا دەبێت، چونکە ئەو کەسەی کەماوەیەکی زۆرە تەعین بووە مەعاشی زۆرەو ئەوەی کە تازە تەعین بووە مەعاشی کەمە، لەو حاڵەتە ناتوانین عەدالەت بهێنینە دی، ئەو هاووڵاتیەشی کە فەرمانبەر نیە، لەوکاتەدا چ پێوەرێك بۆ ئەوان دادەندرێت، بۆیە من پێم باشە کە دیاری کراو بێت، نەك لەسەر ئەساسی ڕاتب بێت، خاڵێکی تریش ئەگەر ئێمە هەر لەم ماددەیەدا باسی چۆنیەتی گەڕاندنەوەی سولفەکە دەکەین، ئەتوانین تێبینی لەسەر ئەو بڕگە بدەین جەنابی سەرۆك، ئەگەر باسی گەڕاندنەوەی سولفەکە بکەین، من پێم باشە وەك چۆن هەر لەئەصڵی پڕۆژەکە باسمان کردووە، کەلەدوای تێپەڕ بوونی دوو ساڵ بەسەر زەواجەکە ئەوکاتە سولفەکە وەربگیرێتەوە، پشتگیری ئەو ڕایەش دەکەم کەوا پێشتر ئەندامانی تر باسیانکرد، کە لەگەڵ وەرگرتنی لە 20٪ی ئیعفا بکرێت، لەگەڵ عەقدی زەواجەکەدا، دوای ئەوەی کەمنداڵێکیان دەبێت ئەو خێزانە، لە 25٪ی ئیعفا بکرێت، یەعنی ئەمە تەشجیعێکە بۆ زیاد بوونی نەوەکان، ئێمە خۆمان بەدەست ئەوەوە دەناڵێنین کە گەلی کورد کێشەمان هەیە لە ژمارەی

دانیشتوواندا، پێم باشە لەکاتی دانانی ئەو تەعلیماتە بۆ سولفە ئەمانە بەهەند وەربگرێت، کە لە ئەصڵی پرۆژەکە لە ماددەی چوارەم هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕە پارەی کە لێرە هاتووە، (5)ملیۆن زۆر زۆر کەمە، بۆ ئەو وەزعەی کە ئێستا تێیدایین قوەی کڕینی زۆرەو پارەکەش بەشی ئەوەندە ناکات، کە چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ ئێستا وە ئیحتیماڵە ئەمە لە داهاتوودا گۆڕانکاری تری بەسەردا بێت، بۆیە من پێم باشە کە کەمتر نەبێت لە (10)ملیۆن، بۆ ئەوەی کە موستەفیدە ئیختیاری هەبێت بەپێی داهاتی خۆی ملیۆنێك یان دوو ملیۆن سولفە وەردەگرێت، 10 وەردەگرێت، بەپێی داهاتی خۆی موستەفید بێت، ئەوەی کە بەپێی دەخلی قەومی هەر فەردێکیش، ئەوە شتێکی زۆر واردە ئیحتیماڵە بەپێی موازەنە کە لەعێراقدا نیشاندرا ئەو 10 ملیۆنە کافیە هەر کەسێك بتوانێ دەفعی بکات لە ماوەی 2 ساڵدا، ئەو نیسبانەی کە هاتووە لە ئەصڵی ماددەکەدا، لە 20٪ و لە 25٪ بۆ منداڵی یەکەم و دووەم، من بڕگەیەکی تر زیاد دەکەم کە ئەگەر دووانە بێت ئەوە هەر لەهەمووی عەفوو بکرێت، وەکو موکافەئەیەك بۆ ئەو خێزانە، بۆ تەشجیعێکیش بۆ تەوازونی سوکانی، چونکە موشکیلەی گەورەمان هەیە لە تەوازونی سوکانی ئەمە لەقانونی ئەحوالی شەخصی بوو ئەوە من قسەم زۆر دەبێت، لەوێ باس دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو بڕگەیەوە کە (5)ملیۆن دەستنیشان کراوە، بۆ ئەو سولفەیەی کە بدرێت، بەڕاستی من پێشتر موداخەلەیەکم کرد لەسەر بڕگەی یەکەم، مەبەستم لەتەوزیحی ئەو خاڵە بوو، کەوتم ئەبێ بڕەکە دیاری بکرێت، چونکە تەحدید نەکردنی بڕی پارەکە، حکومەت دەخاتە ژێر زەختێکی گەورەوەو لەوانەیە نەتوانێ، بێگومان ئێمە وەکو باسکرا، لە لایەن ئەو هاوڕێ بەڕێزانەوە نە ئیحسائیەکی باشمان لەلا هەیە، نە ئێستاش ئەتواندرێت بڕیار بدرێت جگە لە قوەی شیرایی پارەکە جگە لە میزانیە، ناتوانین قەرار بدەین سولفەکە چەندی سەرف بکرێت ئێستا لەم هۆڵەدا، لەبەر ئەوە من پێم باشە ئەو بڕگەیە بە کراوەیی بمێنێتەوە، بڵێین ئەو بڕگەیە تەحدید بکرێت لەسەر میزانیەی ساڵانە، چونکە حسابی ئەوە بکرێت قیمەتی پارەکە چەندە؟ هەروەها چەندیش تەحدید دەکرێت؟ هیوادارم کە میزانیە ئەوەندە باش بێت، ببێت بە (10)ملیۆن نەك (5)ملیۆن، چونکە لەسەدا سەد من پشتگیری ئەوە دەکەم کە گەنجان سوود لەو

سولفەیە ببینن و ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، بەڵام پێم باشە بڕگەکە بە کراوەیی بمێنێتەوە، ئیعتیماد بکاتە سەر ئەوەی کە میزانیە چەندەو، میزانیەش ئێمە دەزانین حاڵەتێکی موستەعسی نیە، میزانیە دێتە بەردەمی خۆمان، خۆمان ئەزانین چەندە؟ ئەو کاتە لەکاتی موناقەشەکردنی دەتوانین قسەی لەسەر بکەین و بڕی سولفەکە دیاری بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم، ئێمە ئەگەر باس لەوە بکەین کە ئێمە تەئجیلی بکەین یان بمێنێتەوە، خۆی ڕۆحی یاساکە هەر ئەو ماددەیەیە، حەز دەکەی لەبەیانی تا ئێوارە، باسی ماددەکانی تر بکە، هەتا 9 دەگەیتە ئەوەی هیچ ئەهەمیەتێکی نیە، ئەگەر تەحدیدی پارەکە نەکەین، ئەوە یەکەم: دووەم: کە باس لە بودجە دەکرێ انشاء الله بودجە باشتر بێت لەساڵی پار، لەبەر ئەوەی کە باسی میزانیە کرا، لەبەر ئەوە پێم باشە، ئەگەر ئەو ماددە بکرێت بەدوو بڕگە، یەکەم: هاوڕام لەگەڵ گەشەخان، کە لە لیژنەی داکۆکی کردن لەماڤی ئافرەتانە، دووەم: ئەوەی کە سولفەکە لێی دەگەڕێنیتەوە لە 2٪ بێت زیاتر نەبێت، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم، کە هاوکارم سیوەیل خان، باسی کرد ڕۆحی ماددەکەیە، بۆیە پیشتوانی کرد لەم پرۆژەیە بۆ ئەم ماددەیە، لەسەر چەند بنەمایەك بووە، کە دەتوانم بڵێم بۆ ئەوەی ترسی حکومەت بڕەوێنمەوە لەوەی کە دەتوانێ ئەم کارە جێبەجێ بکات، ساڵانە حکومەت ئەم سولفەی داوە بەس ئەم بڕە نەبووە، ئەمە یەکەم، دووەم: ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین، کە پشت بەنەوت دەبەستن ئەم کێشەیان نیە، ئێمە لەعێراقدا دەژین و لە 17٪ لە عێراق وەردەگرین، دەزانین وەزعی نەوتیش چۆنە، خاڵێکی تر ئێمە لەم ماوەیە ئاراستەی گۆڕانکارییەکان لە خزمەتی بەرز بوونەوەی کەمتر کردنەوەی قورسایی، یەعنی باری داراییە لەسەر کوردستان، بۆ نموونە دەزگا فیدراڵیەکان کە لەکوردستان هەن، وەکو پۆلیسی گومرگ و کارمەندەکانی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە کاك کاردۆ ئەو (5)ملیۆنەت پێت باشە کەم بێت یان زیاد بێت وە چۆن بدرێتەوە؟ ئیتر مەجالی ترت نادەم، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من سەرەتا دەستخۆشی لە ئامادەکارانی ئەم ڕاپۆرتە دەکەم، چونکە بەڕاستی دوێنێ بەزۆرینە لەگەڵ ئەوەدا بوون کە تەئجیل بکرێت، بەڵام زۆر جوان دایان ڕشتۆتەوە، بۆیە دەستخۆشیان لێ دەکەم، سەبارەت بەم ماددەیە من پێم باشە، کە یەکەمجار لە (5)ملیۆن کەمتر نەبێت، ئاوا بیهێڵینەوە، چونکە ئەگەر ئەم (5)ملیۆنەمان نەنووسی ئەوە هەر ئەصڵی پرۆژەکە نامێنێ، ئەوە یەکەم: دووەم: یەعنی ئەمە عیبئی مالی دروست ناکات لەسەر حکومەت؟ بەڵام بەعەسکەوە ئەمە سولفەیەو دەدرێتەوە، بۆیە لەخاڵێکی تردا باسی دانەوەکەی کە دەینە لە 2٪ کەمتر نەبێت، ئەگەر مولاحەزە بکەین، ئەمساڵ وەکو کاك کاردۆ ئیشارەتی پێدا بودجەی عێراق زیاتر بووە، لەپار، ئەگەر وامان دانا کە زیاتر نەبوو، ئێمە دەتوانین لەو پارەی کە بۆ مەسروفاتی تر دانرابوو، ئێمە دەتوانین تەقدیرەن جیای بکەینەوەو بەشی ئەمەش دابنێین، یەعنی ئێمە ئەو حساباتانەمان کردووە کاتێ کە تەقدیری ئەم پارەمان کردووە، چونکە مادام سولفەیە عیبئی مالی دروست ناکات، مووچە نیە، سولفەیە، دەیدەیتێ و دەتداتەوە، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم و لە ئەصڵی پرۆژەکەشدا هاتبوو، لەدوای ساڵێك یان دوو ساڵ لەدوای زەواج لێیان وەربگیرێتەوە، ئەوە یەکەم، دووەم: ئەگەر لەساڵی یەکەم مناڵیان بوو، لە 20٪ی لێ ببڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی پێم وایە مەسەلەی (5)ملیۆن یان (10)ملیۆن، یان هەرمەبلەغێك لەمەدا دابندرێت بۆ مەسەلەی هاوسەرگیری هێشتا هەرکەمەو پێویستە هاوسەرگیری بەردەوام بێت و هەموومان بەهەموو شێوەیەك پشتگیری لەم پرۆسەیە بکەین، بەڵام پێشتر باس لەهەندێ داتا کرا لەشارێکی وەکو سلێمانی نزیکەی20 هەزار گرێبەستی هاوسەرگیری دەکرێت لەساڵێکدا و لەمەودواش زیاتر دەبێت، ئەگەر بە (5)ملیۆن زەربی بکەین و بێینە سەرتاسەری هەموو کوردستان، من پێم وایە ئەگاتە زیاتر لە 150 تا 200 ملیار دینار، ئەمە ئەبێتە بارێکی گران لەسەر میزانیە، لێرەدا من هاوکارم لەگەڵ ئەو ڕایەی جەنابی وەزیر کە پێشتر باسی لێوە کرد، ئەم مەبلەغە زۆرە، پێویستی بەدیراسەت کردنە، ڕاستیشە لەهەمان کاتدا، بازاڕ لەگۆڕانکاریدایە. تیایە لەوانەیە دوو ساڵی دیکە، ئەم 5 ملیۆنە کەس نەتوانێ هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیری لەسەر بکات، جا بۆ ئەوەی لەم کێشانە دوور کەوێتەوە، پێویستی بە دیراسە کردن و لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژ و تەفسیلی هەبێت، بتوانرێ ئەم یاسایە بۆ ئەوە دابندرێ کە چەند ساڵێك بەردەوام........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە ماددەكە كاك عبدالرحمن لەسەر ماددەكە ئەو پێشنیارەت لەو خسوسیەی ئەو 5 ملیۆنە هەبێ یان نەبێ و یان كەم بێ یان زیاد بێت، لەسەر ئەوە قسە بكە، لەسەر ئەسڵی پرۆژەكە، ئەوە تەواو بووە، ئێوە خۆتان دوێنێ لێرە بڕیارتان دا موناقەشە بكرێت، وا ئەمڕۆ موناقەشەی دەكەین، پێشنیار هەیە كە بڕگەی 5 نازانم چی لێ بكرێت، ڕەئی خۆتان بدەن بە دەقیقی، بەڵام نەچنە سەر ئەسڵی پرۆژەكە و دوابخرێ و دوا نەخرێ، ئەوە مونتەهیە، كەرەمكە كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نەچوومەتە سەر ئەسڵی پرۆژەكە، ئەگەر لەسەر ئەسڵی پرۆژە قسەم بكردایە لە ئەوەڵەوە قسەم لەسەری دەكرد، بەڵام لەم بڕگەدا كە سوڵبی پرۆژەكەیە 5 ملیۆن سلفەی زەواجە، پێموایە ئەركێكی زۆرە پێویستی بە دیراسە كردن هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە بڕە پارەكە هەر هەڵبگیردرێت، لەبەرئەوەی قیمەی شەرائی ساڵ بە ساڵ زیاد دەكات وەكو یەك، دوو هاوكارم هەر وایان گوت، پێم باشە ئەو بڕە پارەیەی كە دەدرێت بۆ هاوسەرگیری بۆ ئەوەیە كە كۆمەڵێك خەڵك ماونەتەوە كە تا ئێتسا شوویان نەكردووە یان ژنیان نەهێناوە، ئەوانەی كە لە 35 ساڵیدان، یان 30 بەرەو سەرەوە بێت بڕە پارەی كە دەیاندرێتێ زۆر زیاتر بێت لەوەی كە گەنجن، دووەم/ ئەوەی جەنابی وەزیری مالیە باسی كرد كە حكومەت ناتوانێ ئەو پارەیە بدات، من پێموایە بتوانێ ئەو پارەیە بدات، لەبەرئەوەی ئێمە كە كاتی خۆی لە لیژنەی ناوخۆ باسی ئەو كرا كە هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش ئەوان وایان گوت ناتوانین ئەوە بكەین، بەڵام قەناعەتمان پێیان كردو لە نەفەقاتی ئوخرا و نازانم ئەمانەی كە هەبوو پارەی زۆرمان لابرد لەم بودجەیە، فیعلەن بەوە جێ بەجێ كراو ئەو مەسەلەیە كرا، لەبەرئەوە پێموایە ئەمەش دەتوانرێ جێگای بۆ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان دەربارەی ئەم موداخەلانە؟ ئەوەی كە لەگەڵ قسەی جەنابتان موتەناقزە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەكو پێشتریش ئیشارەتمان پێێ دا بە نیسبەت ئیزافە كردنی ئەم دەستەواژەی كە قستەكان بگەڕێتەوە بە 2٪ ی مەبلەغی سولفە، ئێمە لەگەڵدایین كە ئیزافە بكرێت، بەنیسبەت ئەو 5 ملیۆنە، بەڕێزان

ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە چوار لیژنـە لـەوێ دانیشـتبووین، هـەموومان لەسـەر ئـەو بابەتـە قسـەمان کـرد، لەوێ زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنە لەگەڵ 5 ملیۆنەکە بوون، ئێستا ئـەوەی لەگـەڵمان دانیشـت بـوو دەڵێ دەبێ ئەو 5 ملیۆنە دیراسەت بکرێت!، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ حکومەت! ئێ باشە ئەو ڕەئیەی تەحدیدی کە درا چ قیمەتی هەیە ئێستا؟ ئەمە لەلایەك، لەلایـەکی تریشـەوە زۆر لـە بـەڕێزانی ئەنـدامانی پەرلـەمان دەڵێن با سولفەکە زیاد بکەین یاخود بـە نیسـبەت منـداڵ بیکەینـە مینحـە ئەگـەر هـاتو منـداڵێك بـوو ئەوەندەو ئەگەر هاتو دوو منداڵ بوو ئەوەنـدە، بـەڕێزان ئـەوە تـەناقوزێکی لەگـەڵ نـاوی قانونەکـە هەیـە، ناوی قانونەکە دەڵێ سولفە، سولفە مانای وایـە ئیعـادە دەکرێتـەوە، مینحـە معنـای وایـە ئیعـادە ناکرێتـەوە، یەعنی دەبێت ئێمە جیاوازیەك بکەین لەبەینی مینحە و سولفە، ئێمە زۆبـەی هـەرە زۆری ئەنـدامانی ئـەو چوار لیژنەیە لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەو دوو برگانە لابردرێت وە منحـەی تێـدا نـەبێ و هـەمووی ببێتـە سولفە و بەو شێوەیەی کە دامانڕشتووە، ئەوانی تر ڕاستە ئێمە ناتوانین مەسەلەی 5 ملیۆنەکە ئەگەر هاتو وەزعی ئیقتسادی گۆڕا دەسکاری بکەین ئەگەر تەسـبیت کـرا لـەو قانونـە، بـەڵام ئێمـە لـەبیرتان نەچـێ لـە سولفەی عەقار لە موازەنە مەبلەغەکەمان زیاد کرد، بەڵام بۆ زیادمان کرد؟ چونکە لە ئەسنای موازەنە بوو و حکومەتیش لێرە بوو و وەزارەتی داراییش لێرە بوو، ئێستا مەوزوعەکـە جیـاوازە، بـە ئێمـە دەڵـێن بـە چ بنەمایەك ئەو 5 ملیۆنەتان دانایە؟ بنەمای 5 ملیۆنەکە لەسەر ئـەو ئەساسـە دانـراوە کـە تەماشـای دەخلـی مەحـدود دەکـەین، کـە تەماشـای مەسـاریفی زەواج دەکـەین دەبیـنین ئـەو مەبلەغـە بـە مـەنتقی ئێمـە مەبلەغێکی موتەوازیعە، ئەمڕۆ مەساریفی زەواج مەعلومـە چـەند تـەکلیف دەکـات، ئیمکـان نیـە بـە چـوار مەبلەغی وەهاش هەتا دەخلی مەحدودیش هاوسەرگیری بتوانێ ئەنجام بـدات، بۆیـە لەسـەر ئـەو ئەساسـە و ئەو بنەمایە دامان ناوە، ئەمە کۆی مولاحەزەکانە، نازانم ئەگەر لیژنەی مالیە چ مولاحەزەی تری هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن لیژنەی مالی، کاك عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکارانمـان لـە لیژنـەی یاسـایی ئاماژەیـان بـەوە دا کەتەحدیـد کردنـی هـەر مەبلـەغێك کـە چـەند پەرلەمنتارێکیش ئاماژەیان بـەوە دا تەحدیـد کردنـی هـەر مەبلـەغێك دەبـێ لەبەرچـاو گرتنـی بـارودۆخی گشـتی ئابووریەکـە و وەزع و قـوەتی مـالی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لەبەرچـاو بگیردرێـت، چـەند پەرلـەمانتارێکیش ئـەوەیان خسـتە پـێش چاو، کـە سـاڵانە ئـەم بـڕە پـارە لـەناو بودجـەی گشـتی هـەرێمی کوردسـتان دیـاری بکرێـت، ئەهەمیـەتی ئـەم بابەتـە لەچـیدایە؟، ئەهەمیەتەکـەی لەوەدایـە ئێمـە کـاتێ کـە مەبلەغی کولی بودجەمان دێتە پێش چاو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایـه ڕەئـی خـۆت بـدە، جـوابی ئەنـدامانی پەرلـەمانیش مەدەنـەوە، بـەس ڕەئـی خۆتـان ڕوون بکەنـەوە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحدید کردنی هەر مەبلەغێك، بەبێ لەبەرچاو گـرتنی بـارودۆخی ئـابووری هـەرێمی کوردسـتان و قـوەتی مـالی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، کارێـك دەبێـت کـە نـاواقیعی دەبێـت، یاسـایەك دەردەکـەین کـەدواتر ناتوانین جێبەجێی بکەین، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووەم، هەندێك لەو بەڕێزانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی لیژنە ڕەئی خۆتان چۆنە، ڕەئی ڕاپۆرتەکەتان بدەن وەك ڕاپۆرت، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر، دەرچواندنی ئەم یاسایە، هەروەکو لە ئەسبابی موجەبەدا هاتووە، لە بڕگەکانی تر و ماددەکانی تـردا هـاتووە، گرنگیەکـەی تـەنها لـەو خاڵـە نیـە، کـە ئێمـە ئێسـتا تەحدیـدی مەبلەغەکـە بکـەین، بـەڵکو گرنگیەکەی لەوەدایە، کە یەکەم: وەکو هەموو هاووڵاتیان بەشێوەیەکی یەکسان بێـت و دەتـوانن موسـتەفید بـن لـە وەرگـرتنی سـولفەکە، دووەم: هـەر لێـرە بـەپێی ئـەم یاسـایە چـۆنیەتی گێڕاندنـەوەی سـولفەکە دەستنیشان بکرێت، سێیەم: گرنگی ئەم یاسایە لەوەدایە کە ئیجباری حکومـەت دەکـەین سـاڵانە بڕێـك پـارە تەرخان بکات بۆ ئەوەی وەکو سولفە بیدات بەو کەسانەی کە دەچـنە نـاو پرۆسـەی هاوسـەرگیرییەوە، واتـە گرنگی ئەم یاسایە تەنها لەیەك خاڵدا نیە، ئەویش ئەوە بێت تەحدیدی مەبلەغەکە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەداین، وەکو چۆن لە ڕاپۆرتی هاوبەشدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال حەفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا، وشەی کەمتر لە پێنج ملیۆن دیاری بکرێت، تەئیدی قسەکەی کاك شێروانیش دەکەم، کە بەنیسبەی لە 2%ی مەبلەغەکە وەربگیرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هەبوو، هەرپێش ئەوە لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتیان کە بۆ ئێمە هاتووە، ئەڵێن لیژنەکەمان پێشنیار دەکات، تاکو وەڵام دانەوەی حکومەت لەم بارەیەوە، وەزارەتی دارایی و کاروباری ئابووری، بەردەوام بێت، لەپێدانی پێشینەی هاوسەرگیری و کار بەهیچ بڕیارێکی تر نەکرێت، ئەوە ڕاپۆرتەکەی لیژنەیە کە دەڵێت بدرێت، ئێستا پێشنیارێك هەبوو کەئەندامێك کردی و چەند کەسێکی تر دیفاعیان لێکرد، کەماددەی سێیەم ئێستا دەنگ لەسەری نەدرێت و دوا بخرێت، ئێستا ئەم بابەتە دەخەینە دەنگدانەوە، با ئەو بەڕێزەی کە ئەو پێشنیارەی کردووە دیفاعی لێبکات، تا بیخەینە دەنگەوەو بەڕێزێکیش دیفاعی لێ بکات کە بەردەوام بین و بخرێتە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەبدەئەی کەمن باسم کرد، ئەوەیە کە لە سیستمی پەرلەمانیدا، یەکێك لە مەبدەئەکانی تەعاونە لەنێوان ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، حاڵەتێکی تەعاونیەو حاڵەتێکە ئەبێت ئەو کێشانەی دروست دەبێت چارەسەر بکرێت بەشێوەیەکی هاریکاری، دوای ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دەرکەوت، کە ئەم بابەتە پێویستی بەوە هەیە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە موناقەشە بکرێت بەتایبەتی بەڕێزیان کە لەم کاتەدا دانیشتووە تەنها وەزیرە، نوێنەری حکومەت نیە، پشت بەستوو بەو بارودۆخەی کەهاتە کایەوە دوای ڕوونکردنەوەکانی بەڕێز وەزیری دارایی، بەباشی دەزانین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، ئەو بابەتە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت تەنها ئەو ماددەیە تاکو ڕەئی خۆیانی لەسەر بدەن و دوایی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ئەندامە بەڕێزەکان ڕەئی لەسەر بدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پڕۆژەیە چەند مانگێکە نوسخەی چووە بۆ حکومەت، حکومەت خۆی وەڵامی نەناردۆتەوە، ئەمە یەکەم: دووەم: ئەمساڵ فرۆشتنی نەوت (94)ملیار دۆلار بووە، بە تەوەقوعاتی (ئۆپێك)بەرمیلی نەوت دەچێتە سەرووی(100)ملیار دۆلار، وە عێراقیش بڕیاری داوە، کە لەتوانایدا هەیە، لە (600)بەرمیل زیاتر ئەمساڵ نەوت بفرۆشێ، دوای ئەوە ئەم پڕۆژەیە، ئەگەر ئەو ماددەیە تەئجیل بکرێت، ئەمە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، لەبەر ئەوەی دوێنێ بڕیارمان داوەو بڕیاری ئیستیسنامان نەداوە، بڕیاری ئەوەمان داوە کە هەموو پڕۆژەکە موناقەشە بکرێت، دوای ئەوە بەڕێز ئەگەر ئەم ماددەیە لابرێت وەکو ئەوە وایە کە پڕۆژەکە لەناواخنەکەی، لە سولبەکەی، لە مەزموونەکەی، لە جەوهەرەکەی دەربهێنین، ئەمەش پێچەوانەی کاروباری عورفی پەرلەمانیە، من تێناگەم لەغەیری ماددەی (83)بۆ یاسای بودجەیە، لەکوێوە هاوڕێ بەڕێزەکانم ئەو قسەیان هێناوە کە ئەمە ئیلا بەپێچەوانەی بڕیاری دوێنیمان بەپێچەوانەی

یاساوە موناقەشەی ئەم یاسایە ڕابگرین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من سەرم سووڕ دەمێنێت لە قسەی ئەو بەڕێزانە، لەبەر ئەوەی دوێنێ هەموو لیژنەکان بە ئیجماع بڕیارمان داوەو کۆبووینەتەوە لە لیژنەی یاسا، ئەوە بەڕێزیان دانیشتوون، کە بڕەکەی پێنج ملیۆن بێت، کاک عبدالسلام ئەو بەڕێزە داوای دەکرد وەکو نەمسا لەسەر حیسابی مەعاشەکە بێت، کە بڕەکەی چەند دەکات، ئیقتیراحێکی جوانیش بوو، بەڵام ئێمە دوێنێ ئیجماع هەبووە لەسەر ئەم پێنج ملیۆنە، من نازانم چۆن لیژنەکان بە پێچەوانەی قسەی خۆیان، بە پێچەوانەی بڕیاری دوێنێمان، بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ، داوای تەئجیلی ئەو ماددەیە دەکەن، ئەگەر تەئجیل بکرێت، بەڕاستی یەعنی ئێمە ئەمڕۆ سێ سەعات و بیست دەقیقەیە لە زیادە دانیشتووین، یەعنی دەرهێنانی ئەم پرۆژە یاسایە لەناوەڕۆك و پێکهاتەو جەوهەرەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، نوقتەی نیزامیە؟ کاك سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ڕاستە ڕاپۆرتی لیژنەکانی مەعنی دەبێت بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکی کۆنکریتی نییە، یەعنی تەکنیکییەو دەکرێت لە دوای گفتوگۆ کردن و گوێ گرتن و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێزان کە سەرۆکایەتی لیژنەکانیان لە ئەستۆیەو لەسەر مەنصەن، دەکرێت موراجەعەی بۆچوونەکانی خۆیان بکەن لە هەندێ باردا، بەتایبەتی لەم بارەدا، هیوادارم ئەو تێڕوانینەی کاك بورهان لە مەحزەریش بسڕێتەوە، چونکە ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نییەو.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا، ئەوە حەقی خۆیەتی قسە بکات، کاك دانا کەرەم بکە.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکی تر هەبوو، کە لە میزانیەی ساڵانەی هەرێم دیاری بکرێت، پێموایە ئەوە حەلی موشکیلەکە دەکات، لەبەر ئەوەی ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، بەپێی گۆڕانی بازاڕ، وەك گوتمان لەوانەیە پێنج ملیۆن بۆ ئەمڕۆ باش بێت، بەڵام بۆ ساڵێکی تر لەوانەیە کەم بێت، لەوانەیە قوەی شیرا زۆر دابەزێت، جا بۆیە بەپێی ئەو پێشنیارەش کە کۆمەڵێ ئەندام پەرلەمان پشتگیریان لێ کرد، من پێم باشە حەلی مەسەلەکە دەکات، هەم ناگەڕێتەوە بۆ وەزارەت، هەم لە بودجەی ساڵانەی هەرێم دیاری دەکرێت، بەپێی ئەو کاتە دەتوانرێت، واتا پەرلەمان بۆ خۆی قەراری لەسەر بدات کە چەند بێت؟ یاخود چەند نەبێت؟ ئێمە ئەو کاتە دیاری

دەكەین، یەعنی سالأنە، بۆ خۆمان دەورمان تێدا دەبێت، لەوانەیە دوای مانگێكی تر بێتەوە پەرلەمان، ئێمە بەخۆمان دیاری بكەین، بزانین ئایا پێنج ملیۆن بێت، كەمتر بێت، یاخود زیاتر بێت، پێموایە ئەوە باشترین رێگەیەو حەلی ئەو موشكیلەیە دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دانیشتنەكە تەئجیل دەكەین بۆ سەعات (11)ی بەیانی، بۆ ئاگاداریتان، بۆ ئەوەی باشتر گفتوگۆ لەگەڵ یەكتر بكەین، كەرەم بكە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باس لەوە دەكرێت كە ئێستا نەوت زیاتر تەصدیر دەكرێت، یاخود نرخی لە گۆڕاندایە، من بەڕاستی دەمەوێت ئەوە بۆ جەنابتان روون بكەمەوە، چونكە لەو ماوەیە موازەنە دێتە بەردەستتان، ئەگەر ئێستا نرخی نەوت زیادی كرد بێت و زیاد تەصدیرەكەی، ئایا بۆچی موازەنەی ئێمە دە رۆژ پێش ئێستا، تا ئەمرۆكە، ئەمڕۆ لەگەڵ دە رۆژ پێش ئێستا ترلیۆنێك و حەوت سەد هەزاری كەمی كردووە؟ ئەوە یەك.

دووەم/ بۆ مەعلوماتی جەنابتان موازەنەكە دێتە بەردەستی جەنابتان، ئەمساڵ لە ترلیۆنێك زیاتر عەجزی موخەتەتمان هەیە، ئەوە دوو.

سێیەم/ بەڕاستی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، تەئكید دەكەمەوە وەكو وەزیری دارایی، لە هیچ لیژنەیەكدا بانگ نەكراوم بۆ موناقەشەی ئەمە، هیچ نووسراوێكی رەسمیشم بۆ نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، بۆ جەنابی وەزیریش، من بە ئیمزای خۆم ئەو پرۆژەیەم تەحویلی حكومەت كردووە، دراوەتە ئەو لیژنانەی كە ئەوەتا بەڕێزیان لێرەن و ئەویش كاك ئاراس لە پشتی جەنابت دانیشتووە، لە تاریخی كە گوتم پێشتر، لەو تاریخەوە لەبەردەستیانە، ئینجا تەقصیری سەرۆكایەتی نییە، ئەگەر خەلەلێك هەبێت، لە شوێنی ترە، دانیشتنەكە بۆ سبەی سەعات (11) خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

# پێنج شەممە ڕێکەوتی 30\12\2010

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23)

## پێنج شەممە رێکەوتی 2010/12/30

**کاتژمێر (1،30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2010/12/30 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (23)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (1،30)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2010/12/30 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.**

5ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (23)، ڕۆژی دانیشتن (2010/12/30)، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (23)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە بێ، بەڵام لەبەر هەندێك پێویستی زیاتر بە دەردەشەی فراکسیۆنەکان دواخرا بۆ کاتژمێر (1,30) ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی (2010/12/30)دا بەو شێوەیە بێت:

1ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای پێشینەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان.

2ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای ماددە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

3ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان.

4ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان لە هەرێمی کوردستان.

5ـ خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئێستا داوا لە لیژنەکان دەکەم، لیژنەی یاسایی و لیژنەی کۆمەڵایەتی و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، بەڕێزان، قەرار نەبوو لەناو قاعە قسە نەکرێت؟ تکایە نەختێك ئارامی بپارێزن، زۆر سوپاس، ئەوە نەتیجەی ئەوەی لە دەرەوە فراکسیۆنەکان خۆیان لەگەڵ لیژنەکان قسە ناکەن، کە دێنە ناو هۆڵی دانیشتن لێرە قسەکانی خۆیان دەکەن، تکایە موراعاتی خوشك برایەکانتان بکەن، بۆ ئەوەی گوێتان لە یەکتری بێت، جوان موناقەشەی وەزعەکە بکەن، لەبەر ئەوەی هۆڵەکە بچووکە، ئینجا زەرەر لە بەرژەوەندی گشتی دەدەن، ئێوە نوێنەری خەڵکی کوردستانن، زۆر سوپاس.

لیژنەی دارایی ئاخیر رەئیتان تکایە، دوێنێ لە دانیشتنەکە گفتوگۆیەکان تەواو بوو، موناقەشە کرا، دیفاع کرا، چەند پێشنیارێك هەبوو، پێشنیار هەبوو بۆ ماددەی سێ ئەسڵەن دوابخرێت و بنێردرێتەوە، ئەوە ناکرێت، چونکە ئێمە لەم پەرلەمانە بڕیارماندا گفتوگۆیەکان بەردەوام بێت، پێشنیاری تر هەبوو ئەسڵەن ماددەکە هەڵبستێت، چونکە پارە زیاد دەبێت، کەم دەبێت، میزانیە لەوانەیە کەم بێت، لەوانەیە زیاد بێت،

ئێستا داوا له لیژنەکان دەکەین، که دوێنێ دانیشتنەکەمان راگرت، بۆ ئەوەی صیاغەیەك حازر بێت بخرێتە پێش ئێوەی بەڕێز، بۆ دەنگدان لەسەری، کەرەم بکە لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی ئێوە کەرەم بکەن، فەرموو تا لیژنەی دارایی ئامادە دەبێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دوێنێ پێشنیارێك هاتە ئاراوە، ئەویش ئایا ئەو مەبلەغەی بۆ سولفە تەحدید بکرێت لە زیمنی موازەنەی عامە جێگای بۆ بکرێتەوە، ئەو پێشنیارە لەلایەن لیژنەی داراییەوە پێشکەش کرا، بەهەمان شێوە چەند ئەندام پەرلەمانێکیش پشتگیری لێ کرد، جا ئەگەر بەڕێزتان ئەوەی بدەنە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی بزانین پاشی ئەوە صیاغەی ماددەکە بکەین، مسوەدەیەکی صیاغەمان نووسیوە، صیاغەکەش بەم شێوەیە:

(تحدد مبلغ سلفة الزواج سنوياً في الميزانية العامة، وبما يتلائم مع الظروف الاقتصادية)، ئەمە پێشنیاری لیژنەی دارایی بوو، کە دوو، سێ بەڕێز لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کرد، بۆیە داوا دەکەین ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (56) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەکەی تر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

لا تستوفى اية فوائد قانونية عن السلفة المدفوعة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت رەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هەمان شێوە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی ڕەئیتان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هەمان شێوە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەمڕۆ لێرە نییە، چونکە ئەو ڕەئی ئەوە بوو، کە وەکو هەمووتان گوێتان لێ بوو پرۆژەکە بگەڕێتەوە، ئێستا ئێوەی بەڕێز کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات دەستی بەرز بکاتەوە؟ نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (60) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەکەی تر کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەم، بەڕاستی ئێمە بۆ صیاغەکەی زۆر بە وردی چووینە ناوی، صیاغەکەمان ئیعادە کردۆتەوە بەم شێوەیە:

(في حالة وفاة طالب السلفة يعفى الورثة من مبلغ السلفة او عما تبقى منه).

مەسەلەکەش ئەوەیە بەڕاستی، ڕەنگە یەکێك سولفە وەربگری نەگەنە ئەوەی کە ئیستیقتاعی لێ بکرێت، ئەمری خوای کرد، ئەمە هەر عەفو دەبێت، یاخود هەندێك لە مەبلەغی سولفەی داوەتەوە، ئینجا ئەمری خوای کرد، ئەمەش هەر عەفو دەبێت، بۆیە کردمانە (حالة وفاة طالب السلفة) لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە (عما تبقى منه) ئەوەش حاڵەتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت ڕەئیتان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی هاوبەشین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هەمان شێوە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، دوای ئەو گۆڕانکاریەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی ڕەئیتان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگ ئەوەیە صیاغەکە گۆڕایە، هیچ ئیشکالی تێدا نییە، ئێمە لەگەڵ ماددەی پێنجەمین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ئەو ماددەین کە خوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت تەوزیحی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەین نەقلی وەرسە نابێت بەسورەتێکی عام، نەقلی تەریکە دەبێت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ڕاست بکرێتەوە (في حالة وفاة طالب السلفة قبل تسديد السلفة تعفى التركة عما تبقى بذمته منها)، نەك (يعفى الورثة)، وەرسە لازمە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، یەك ڕەئی هەبوو، پشتگیری نەبوو، ئێستا ماددەکە وەکو خۆی دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی شەش کەرەم بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

في حالة حصول الطلاق او التفريق او فسخ عقد الزواج بين الزوجين تستحصل السلفة المدفوعة من الزوج والتي تعتبر ديناً ممتازاً وفقاً لاحكام القوانين النافذة في الاقليم بخصوص تحصيل الديون الحكومية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کۆمەڵایەتی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ خۆمان مولاحەزەمان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە، (في حالة حصول الطلاق او التفريق)، تەبعەن ئەوە موتەعاریزە لەگەڵ ماددەی دووەم فەقەرەی شەشەم (يعتبر الزوج والزوجه)، دوێنێ قسەم لێ نەکرد، بەس ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی ماددەی شەشەمە، هەندێك جار من بۆ خۆم دیفاع لە ژنان دەکەم وەکو ژن، بەڵام جاری واش هەیە ژنیش غەدر لە پیاو دەکات، (تستحصل السلفة المدفوعة من قبل الزوج) ئەدی ئەگەر ماڵەکە ژنەکە بردی؟ بۆ پیاوەکە بیداتن، بە ڕەئی ئێمە هەر کەسێك سولفەکە وەردەگرێت ئەو با دەفعی بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت ڕەئیتان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەئی لیژنەی کۆمەڵایەتین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئەگەر ئەو کەلیمەیە بە مەجازی هاتبێت شمولی هەردوولا دەکات و هەمان مانا دەبەخشێت، بەڵام بەڕاستی چاوەڕێی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ ڕەد زیاتر، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە زیاتر یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمانوایە نەفەقە لەسەر پیاوە، بۆیە ئەو ئیلتیزاماتەشمان خستۆتە سەر پیاو، بەلاَم مادام تەرحی سیوەیل خان بەو شێوەیە، ئێمە پشتگیری تەرحەکەی دەکەین و هیچ مانیعێکمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کەس دەیەوێت لەسەری قسە بکات؟ پێش ئەوەی ئەو بەڕێزانەی ئێستا ناویان دەنووسین بۆ قسە کردن، سیوەیل خان ئەگەر صیاغەکەی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو بەڕێزانە موناقەشەی لەسەر بکەن، ئێستا ئەو ڕێزدارانە ناویان نووسراوە بۆ قسە کردن، (بورهان رشید، د.بشیر خلیل، سۆزان شهاب، امینە زکری، کوێستان محمد، شەونم محمد، شلێر، شڤان احمد، عبدالسلام بەرواری، ئاشتی عزیز)، کەسی تر هەیە؟ دوو ڕێزدار، عمر عبدالرحمن، د.احمد وەرتێ ناویان ئیزافە کرد، سیوەیل خان ئەگەر ئاخیر صیاغە بخوێنن، بۆ ئەوەی گوێیان لێ بێت، کە موناقەشە دەکەن لەسەری، کەرەم بکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

في حالة حصول الطلاق او التفريق او فسخ عقد الزواج بين الزوجين تستحصل السلفة المدفوعة من طالبها والتي تعتبر ديناً ممتازاً وفقاً لاحكام القوانين النافذة في الاقليم بخصوص تحصيل الديون الحكومية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار بورهان رشید کەرەم بکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ لە ماددەی دووەم بڕگەی شەش، کە باسی ئەوە کرا بە مەسابەی شەخصی واحید، بە یەك کەس حیساب دەکرێت، بۆ بەڕێزتانم روون کردەوە، بەپێی شەرع و بەپێی قانونی عێراقیش زیمەی مالی ژن و پیاو جیاوازە، زیمەیەکی مالی سەربەخۆیان هەیە، ئەوەش یەکێکە لە فەزلەکانی شەریعەو لە فەزلەکانی قانونی عێراقی، کە حەقی موڵکداریەتی وخاوەنداریەتی و زیمەی مالی جیاوازی داوە بە ئافرەت، بۆ بەڕێزیشتانم روون کردەوە، کە ئەمە رەبتی هەیە لە ماددەی شەشی دوێنێ، ئێستاش کە هاتۆتە موناقەشەی سەر ئەم ماددەیە، من وەکو رەئی شخصی خۆم پێشتر زەوج بوو، ئێستاش دەکرێتە (من طالبها) هیچیان عەدالەت نییە، لەبەر ئەوەی ئەو پارەیەی وەردەگیرێت پێنج ملیۆنە، دە ملیۆنە، چەندێکە؟ بۆ بەرژەوەندی ئەو ماڵە سەرف دەکرێت، ئەگەر ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرین لە قانونی ئەحوال شەخصی عێراقیدا، زۆربەی ئەساسی بەیتی و ئەغراز ئافرەت دەیبات، بۆیە من رەئیم وایە ئەمە موناصەفەتەن بێت، مادام بۆ یەك ماڵ سەرف دەکرێت ئەو پارەیەی کە دەدرێت بە سولفە موناصەفەتەن لەبەینی ژن و پیاو،

هەردووكیان مولزەم بن نیوە بە نیوە بیدەنەوە، نەك بكرێتە سەر تەرەفێكیان، ئەگەر لەسەر زەوج بێت، لەسەر پیاو بێت، رەنگە ژنەكە داوای كرد بێت بە حوكمی ئەوەی فەرمانبەرە پیاوەكە كەفیلی ویستی بێت، ئەو وەختە ژنەكە سەرفی كرد بێت، ئەگەر تالیبەكەشی داوای كرد بێت، پیاوە، یان ژنە، یەعنی داواكار، بۆ ماڵەكەی سەرف كردووە، بۆ هەردووكیانی سەرف كردووە، هەر عەدالەت نییە بە تاقی تەنیا بیداتەوە، بۆیە رەئیم وایە ئەگەر ژن داوای كرد بێت زوڵمی لێ دەكرێت ئەگەر هەمووی بداتەوە، ئەگەر پیاو بێت هەر زوڵمی لێ دەكرێت، من داوام وایە ئەو صیاغەی بەو شێوەیە دەكرێت موناصەفەتەن نیوە بە نیوە هەردووكیان بیدەنەوە، زۆر زۆر سوپاسی جەنابت دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر بەشیر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا غموزێك هەیە، ئەویش ئەوەیە (في حالة حصول الطلاق او التفریق تستحصل السلفة المدفوعة)، ئایا (دفعة واحدة)، یان عەینی شت بە ئەقسات وەردەگیرێتەوە دیسان، ئەوە لێرە وا با وازیح بێت.

خاڵی دووەمیش/ ئەوەی كە بۆ لە زەوج (تستحصل)، یەعنی لە حاڵەتی تەڵاق دان مەرج نییە زەوج موسەبیب بێت لە تەڵاقەكە، بۆ ئەوەی ئێمە ڕێگری بكەین لەو ڕێژە بەرزەی تەڵاق، من پێم باشەو وا پێشنیاز دەكەم بڵێین ئەو سولفەی كەوا ماوەتەوە (تستحصل من الطرف المتعسف في الطلاق)، ئەوەی كەوا موسەببیی تەڵاقەكەیە، كێ موسەبیبی تەڵاقەكەیە؟ ئەگەر ژن بێت، لە ژنەكە، ئەگەر پیاو بێت، لە پیاوەكە، بۆ ئەوەی ڕێگر بین لە تەڵاق و لە نیسبەی تەڵاقیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە خۆمان دەزانین وەرگرتنی سولفە بە كۆمەڵێك ئیجرائاتی یاسایی دەڕوات، ئیجرائاتە یاساییەكە ئەوەیە لە ماددەی شەشدا گوتوومانە هەردووكیان ژن و پیاوەكە، هەر كامێكیان تەقدیم بكەن بۆ سولفە بە نەزەری یەك شەخص دادەنرێت، چونكە ئەوان لەسەر عەقد وەریدەگرن، یەك كەسیش دەچێت ئیمزای دەكات، تاڵیبی سولفە دەچێت ئیمزا دەكات، خۆ هەردووكیان پێكەوە ناچن ئیمزا بكەن، كە تەلەبی سولفە دەكرێت تاڵیبی سولفە خۆی ئیمزا دەكات لەگەڵ یەك نوسخە لە عەقدی زەواجەكە دادەنێت و دەچێت تەقدیمی

تەڵەبەكە دەكات، بۆ ڕەد دانەوەی لە حاڵەتی بەتاڵ بوونەوەی عەقدەكەدا، هەر دەبێ جارێكی تر تاڵیبی سولفە تەحەمولی پێدانەكە بكات، ئەگینا لە رووی یەكسانی جەندەرییەوە، فیعلەن قسەكەی كاك بورهان زۆر زۆر تەواوە، موناصەفەتەن، چونكە ئەوان ماڵێك پێكەوە دروست دەكەن، ئەو ماڵە هەردووكیان تیا بەشدار دەبن و هەردووكیشیان تیایدا دەژین، هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماڵە، تەبعییاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماڵە، دەبێت لەسەر شانی هەردووكیان بێت، بەڵام خۆ هەردووكیان نەچوون ئیمزای تەڵەبی سولفەكە بكەن، یەك كەسیان چووە، بۆیە من پێم باشە بگوترێت (الطرف الطالب للسلفة) یەعنی (تستحصل من طرف الطالب للسلفة) وەك لیژنەی كۆمەڵایەتی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئامینە ذكری كەرەم بكە.

**بەڕێز ئامینە ذكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا رەئیا كاك بورهان دكەم، ئاخافتنێ من هاتنە كرن، ژی بەر هەندێ گەلەك سوپاس، بەس ئێك خالێ ئەز ئاماژە پێ دكەم، پارانیا یەعنی كۆمەڵگا گەر بێین سەه كەینە سولفەی زەواجێ دێ وەرگرنەڤە، گەلەك ژن یەت هەین خوداهات نین، وێت حاڵەتێدا، یەعنی دەبیتە بارگرانیا لەسەر وان ژن ئەوەی خوداهات نەبێتن، ئەز دبێژم نەوعەكی وەسانە ژی تێدا بێتە دیار كرن، كو هەردوو لایەن پێی موكەلەف بن، نەك لایەنێك پێی موكەلەف بێت، چونكە ژیانا هەڤ ژینێ دوو كەسا پێك دێت، هەردوو كەس پێت مەعنینا كو پێ بدەن، لە حاڵەتێكدا بۆ ژنێ وێ زێ ڤرین قەرزی كو داهات هەبیت، ئەگەر یاخوداهات نەبیتن، ژی بارگرانیەك دەبی لەسەر وێ و ماڵباتە وێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كوێستان محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم لەكاتێكدا ژن ئیمكانیەتی هەیە، تێچوونی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر هەردووكیان دابێت، دیارە ئەو پارەیەی كە وەردەگیرێت بۆ تێچوونی پرۆسەی هاوسەرگیرییە، ژن نایبات بۆ خۆی بیكات بە ئاڵتون، یان بە جل و بەرگ و، یان بە هەر شتێكی تری بدات، بەڵام دەبێت ئێمە مەوقیعی ئەو كۆمەڵگایەی خۆمان لەبەرچاو بێت، تەماشای ئەوە نەكەین، ئێمە لێرە (42) ژنی ئەندام پەرلەمانین و چەند وەزیرێك هەیە، چەند مودیر عامێك هەیە، زۆربەی ژنی ئێمە بژێوی لە ئاستێكی نزمدایە، ئەگەر ئەم بارە بخرێتە سەر ژن، ئەو ئەو سولفەیە بداتەوە، من پێموایە لە حاڵەتی ئەمە تەئسیر دەكاتە سەر

مەسەلەی جیا بوونەوە، بە هەردوو دیودا، چەکێك دەبێت بە دەستی پیاوەوە، کە دەتوانێت ڕێ لە ژنەکەی بگرێت، کە لێی جیا ببێتەوە، بە دیوەکەشیدا ئەگەر پیاو ئەو سولفەیەی لەسەر بێت، ڕەنگە بۆ تەلاّقدان جارێکی تر باشتر بیر بکاتەوە، بۆیە بە ڕەئی من لەبەرچاو گرتنی باری ئابووری ژنانی ئەم کۆمەلگایە، بە ڕەئی من وا پێویستە سولفەکە پیاو بیداتەوە، نەك ژن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم بڕگەیەوە لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئی هەموو هاوکارانم، من پشتگیری ڕەئیەکەی کوێستان خان دەکەم، چونکە بەڕاستی ئەگەر لە حاڵەتێك لە کۆمەڵگادا ژن و پیاوێك ئەم سولفەیان وەرگرت، بۆ دروست کردنی ژیانیان بەکاریان هێناو جیا بوونەوە، لەکاتی جیابوونەوە بۆ نموونە دوو منداڵیان هەیە، دەبێت دایکەکە بۆ ئەو دوو منداڵەش موکەفەلە بۆ بەخێوکردنیان، ئەگەر دایکەکە فەرمانبەریش بێت مەعاشیشی هەبێت، لەگەڵ ئەوەی سولفەکەش بداتەوە، ئەو نەفەقەیەی کە باوکیش لە مەحکەمەدا بۆ منداڵەکانی دەبڕێتەوە، هەموومان دەزانین ئەو نەفەقەیە بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت دابینی ژیانی دوو منداڵ بکات لەو کۆمەلگایە، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك بەخێویان بکات، لەبەر ئەوە من لەو ڕوانگەیەوە بەقەناعەتی تەواوە قەناعەتم بە یەکسانی جەندەری هەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا من لێرە ڕەئیم وایە ئەو حاڵەتە بکەوێتە سەر پیاوەکە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا لەو کۆمەلگایەی ئێمە مەجالی ئیش کردن بۆ پیاوەکان زیاترە وەك لە ژنەکان، بۆیە ڕەئیم وایە پیاوەکە ئەو پارەیە دەفع بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من لەبەر ئەوەی ئەو سولفەی کە وەردەگیرێت، ئەگەر ژنەکە وەریبگرێت، یان پیاوەکە، هەردووکیان بۆ ئەوەیە، بۆ دانانی ماڵێکە کە هەردووکیان تیایدا بەشدار دەبن، بۆیە لە کاتی تەلاّق دانەکەش، هەردووکیان لەسەریان بێت ئەو سولفەیە بدەنەوە، چونکە ئەگەر وا بکەین، بەس یەعنی تالبی تەلاّق، مەسەلەن تالبی تەلاّقەکە ئەو سولفەیە بداتەوە، پیاوەکە چاوەڕێ دەکات قەت قەت ئەو ژنە تەلاّق نادات، هەتا ژنەکە خۆی نەچێت تەڵەب بکات، بۆ ئەوەی سولفەکە نەکەوێتە سەری، بۆیە من لەو ڕەئیەم کەوا دەبێت لەسەر هەردووکیان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دەبیـنم ئـەو صـیغەیە کـە هـاتووە صـیغەیەکی دروسـت نییـە، دروسـتەکەی وایـە، عەدالەتەکـە وایـە موستەفید بۆ یەك، چونکە یەك شتە بە هەدەفی زەواجـە، پێکهێنـانی خێزانـە، هـەردووك پێکـەوە تـەوقیع بکەن، بۆ ئەوەی هەردووکیان مولزەم بن قانونەن، ئەوەی کە تەعەسوفی کرد، کاك دکتـۆر بەشـیر ئیشارەتی پێدا، حەقیقەتەکە لەوەیـە ئـەوەی موتەعەسـف ئـەو دەفعـی سـولفەکە بکـاتن، نـەك موتەعەسـیف و غـەیر موتەعەسیف بە یەك ئەوە حیسابیان بـۆ بکرێـت، عەدالەتەکە لەوەیـە، ئەمـەش مانیعێکـە لـە مانیعـەکانی ئەوەی کە تەلاق کەم ببێتەوە، دەبێتە مانیعێکی کەم بوونی تەلاقیش، موتەعەسیف دەفعی سولفەکە بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسا دوو لایەنی زۆر زۆر گرنگ هەیە، یەك/ نیەتە.

دووەم/ تەنزیمی بەجێهێنانی ئەو نیەتە.

ئەم سولفەیە ئەسڵەن بۆ ئەوەیە بۆ ئەوە هاوسەرگیری بنیات بنرێت، واتا حاڵەتی تەلاق دەبێت بەو شێوەیە وەربگرین، کە سولفە ببێتە مانیعی ئەوەی زەواج بمێنێـت، یـەعنی موبـەریرو نیـەت بـۆ زەواجـە، ئێمـە کـە داوامان کرد لە لیژنە لەکاتی وەرگرتن هەردووکیان تـەوقیع بکـەن، یـەك لـە سـەبەبەکان ئـەوە بـوو لایـەنی نیەتەکـە هـەبوو، لایەنــە قانونەکـەش تەشـریعە، لایەنــە تەشـریعیەکەو قانونیەکـە ئیلتیزاماتـە، ئەگـەر هەردووکیان ئیمزایان کرد بوایە، هەردووکیان دەزانـن لـە ئـەخیرەوە دەبێـت هـەردووکیان پارەکـەش بـدەن، مـادام ئـەوە تێپـەڕ بـوو ناگەڕێمـەوە سـەری، مـن تەسـەور دەکـەم ئەگـەر هـاتو ئـەوەی کـە تـەلاق دەدات، موتەعەسیف هەیەو تاڵب هەیە، تاڵبی تەلاق رەنگە ئەوەی کە غەدری لێ دەکرێت و زوڵمی لێ دەکرێت، داوا دەکات تەلاق بێت، ئینجا مەوقیفەکەی تەسبیت دەبێـت، واتـا ئـەو لەسـەر حـەق بـوو، مـەعقول نییـە ئێمـە سزایەکە دانێینە سەر ئەو، بۆیە من تەسەور دەکەم تاڵیبوها دروستە، لەبەر یـەك سـەبەب، چونکە وەخـتی خۆی کە ئەو ئیمـزای کـرد، دەبێـت لـە شـروتەکان وازیـح بێـت، کـە نووسـراوە لـەکاتی تـەلاقیش تـەعلیمات دەبێت ئەوەی تێدا بێت، من تەعەهود دەدەم پارەکە بگەڕێنمەوە، من لەگـەڵ کـاك شـوانم، ئەگـەر تەماشـای کۆمەڵگایەکی تر بکەین، کە هەردووکیان ئیمزا دەکەن زۆر جار بەینیان لـە رووی ئیجتیماعیـەوە تێکچووە، بەڵام چونکە ئیلتیزاماتی شوقەو نازانم چیان هەیە، دەبێتە هۆیەك کە بمێنێنەوە ئەو عائیلەیە، لە ئاخیردا رەنگـە ئـەوەش حـەل بکـەن، واتـا تاڵیبوهـا تەسـەور دەکـەم عەدالـەت تـرە، چـونکە ئـەو ئیلتیزامەکـەی لـە سەرەتاوە زانیوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاشتی كەرەم بكە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو خاڵە من دەمەوێت باس لەوە بكەم، ئەگەر ئامانج لە پشتی یەكسانی دابەش كردنی بەرپرسیاریەتی دادپەروەری نەبێت، ئێمە خۆمان زوڵمان كردووە، من تەئیدی قسەكانی كوێستان خان دەكەم لەو ڕوانگەیەوە، كە هەلی كار بۆ ژن، مەسەلە ئەوە نییە لە چاوگەیەكی ژنانەوە بڕوانێم و بمەوێ زوڵمێك و ئەركێكی زیاتر بخەینە سەر شانی پیاو، بەڵام لەو مونتەڵەقە زۆرو واقیعیەوە، ئەگەر ئەم كۆمەڵگایە بخوێنینەوە، هەلی كار كردنی ژن، فورسەتدان بە كار بۆ ژن لە ئاستێكی زۆر نزمدایە، ڕادەی نەخوێندەواری ژن، وشیاری ژن لە ئاستێكی نزمدایە، ئەمانە هەمووی وای كردووە، كە فورسەتی ئیش كردن بۆ ژن لە ئاستێكی لاواز دابێت، لەوانەیە ژنێك فەرمانبەر بێت، ئەگەر ئەو تاڵبی سولفەكە بێت، ئەو كێشەیەی تووش نەبێت، بتوانێت لە ئایندەدا قەرزەكە بداتەوە، بەڵام ئەگەر هاووڵاتیەك پێشكەشی قەرزێك دەكات لەبەرامبەردا خێزانەكەی هاووڵاتیە، بە تەنها یەك ئیشی سەرەكی ئەوە، كە بە موعەدەلی دوازدە سەعات لە شەو و ڕۆژێكدا بریتیە لە بەخێو كردنی منداڵەكانی و خاوێن كردنەوەی ماڵەوە، كە ئەمەش ئەو ئیشەیە لەبەرامبەردا ئەو هیچ داهاتێك وەرناگرێت، لەبەر ئەوە من بڕوا دەكەم ئەمە زوڵمێكە بەرامبەرو بەتایبەتی ژنی هاووڵاتی دەكرێت، چونكە ئەو موعەدەلی دەخلی سفرە ڕۆژانە، بە تەنها ئەو پارانەی بۆ خێزانەكەی سەرف دەكرێت، لەسەر داهاتی ئەو حیسابە، لەبەر ئەوە بڕوام وایە ئەمە لە ئێستادا پیاوی هاووڵاتیش لەم كۆمەڵگایە زیاتر دەست دەكەوێت، تەئیدی ئەو فیكرەیە دەكەم، كە دەبێت لەو مەرحەلەیەدا پیاو بیداتەوە، لەوانەیە بۆ مەرحەلەكانی تر، بەڵام ئێستا پیاو باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەصی ماددەكە خۆی چۆنیەتی گەڕاندنەوەی ئەو پارانەیە لەكاتی حاڵەتی تەلاق و تەفریق و فەسخی عەقدی زەواجە باسی لەسەر كراوە، پێشتر لە ماددەكانی پێشوودا باس لەوە كرا، كە هەردوو زەوج و زەوجە بە حوكمی یەك شەخصن، كەواتە یەك كەرەت قەرز وەردەگیرێت بۆ هاوسەرگیری، مەسەلە لێرە مەسەلەی عاتیفی نییە، عیلاقەی بەینی ژن و مێردایەتی، ئەمە عیلاقەیەكی عەقدییە لە بەینی تاڵیبی سولفەكەو حكومەت و دەوڵەتدا دەكرێت، ئەم عیلاقە عەقدییە زیمەی مالی یەكێك دەخاتە ژێر قورسایی ئەو قەرزەوە، ئەویش پێی دەگوترێت مەدین، بەگوێرەی قانونی تەنفیزیش، هەر كەسێك بوو بە مەدین، هەموو ئەموالەكانی زەمانە بۆ دەینی دائین، ئەمە قاعیدەی قانونییە، ئەمە قانونە، بە واتا ئەو مەدینەی

کە پارەکە وەردەگرێت بە تەنیا خۆی تەحەمولی دانەوەی ئەو دەینە دەکات، لێرە باس لەوە کراوە هەر تەرەفێکیان دەتوانن بچن ئەو سولفەیە وەربگرن لە دەوڵەت، چ ژن دەتوانێت، چ پیاو دەتوانێت، بە واتا ئەگەر ژنەکە بێت، دەبێتە مەدینە و پیاوەکەش دەبێتە مەدین، لەلایەکی ترەوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەحکامەکانی تەفریق و تەلاق و فەسخ، لە ماددەکانی (40 و 41 و 42) لە قانونی ئەحوالی شەخسی، حەقی داوە بە تەفریق (لكلا الزوجين)، یەعنی هەردوو تەرەف دەتوانن ئەم عیلاقە عەقدییە هەڵبوەشێننەوە، کە هەڵوەشێندرایەوە، ئەمە رەبتی بە عیلاقە عەقدییەکەی سولفەکە نییە، کە لە بەینی تەرەفێك مەدین کردوویەتی لەگەڵ دائین کە دەوڵەتە، بە واتا مەدین لەویٚ دەبێت تەحەمولی دانەوەی دەینەکە بکات، ئیتر هەر جۆنێك داوا کراوە، کامیان داوایان کردووە، راستترین شێوە بۆ ئەمە، ئەوەیە کە بڵێین تاڵیبی سولفەکە، چونکە ئەم عیلاقە عەقدییە رەبتی بە شەخسی تاڵیبی سولفەوە هەیە، بۆچی؟ چونکە قانونی عێراقی و موجتەمەعی عیراقی باسی لە زیمەی مالی بەینی ژن و پیاو کردووە، زیمەی لە گوێرەی قانونی عیراقی جیاوازە، نابێت ئەویتریان تەحەمولی ویزری ئەویتریان بکات لە دانەوەی قەرزێك، ئارەزووی خۆیانە لە کاتی دانەوەی قەرزێك ئەتوانێت ئیتیفاق بکەن، پیاو وەری دەگرێت، ژن وەری دەگرێت، کامەیان وەری دەگرێت، ئەبێت تەحەمولی دانەوەکەشی بکات، ناکرێت تۆ هەموو داینەکە بخەیتە سەر پیاوەکە، چونکە پیاو لە حاڵەتی تەفریق و تەلاق و ئەمانە، مەهری ئەکەوێتە سەر، نەفەقەی ئەکەوێتە سەر، ئجوری مەسکەن و مەئکەلی ئەکەوێتە سەر، ئجوری حەزانەی ئەکەوێتە سەر، ناکرێت عەقدی سلفەکە یەکێکی تر وەری گرتبیٚ و، ئەوەش هەمووی بخەیتە سەر شانی پیاوەکە، وە خۆ کابرا لەو کاتە هیچ هەقێکی بە ژیان نامێنێت، لەبەر ئەو عیلاقە عەقدیەی کە هەیە، مەفروزە مەدین تەحەمولی داینەکەی خۆی بکات، مەدین ئەموالەکانی زەمانە بۆ دەینی داین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. احمد وەرتی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە هاوکارم کاك عمر لە ڕووی قانونیەوە ڕوونی کردەوە، ئەو کەسەی کە خۆی وەری دەگرێت، خۆی زەمانەتی هەیە ئەبێت بیداتەوە، بەڵام من پێموایە لە کۆمەڵگای ئێمە، لەبەر ئەوەی هەم یەکەم، لە ڕووی قانونیەوە نەفەقە لەسەر پیاوە، ئەو تەحەمولی مەسئولیەتی سەرپەرشتی کردنی ئوسرەو خێزانی لە ئەستۆدایە، ئەمە یەکەم، دوومیش وەکو کوێستان خان ڕوونی کردەوە، بۆ ئەوەی ستەم لەسەر ئافرەت کەم بکەین، لە حاڵەتێکا ئەگەر هەتا خۆشی فەرمانبەر بێت، زەوجەکە وەری دەگرێت، لە حاڵەتێکدا کە فەرمانبەر بوو، چونکە ئەگەر یەکێك لەو دوانە فەرمانبەر بوون، ئەولەویەت بۆ ئەوەیە کە وەری بگرێت، ئەگەر ئافرەتەکە فەرمانبەر بوو، دیسان من پێموایە لە ناو خێزاندا، دیسان پارەکە ڕادەستی مێردەکە ئەکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ مەسەلەی مارەییش سەرف بکرێت لەو حاڵەتەدا، بۆ ئەوەی کە ستەم لە

ئافرەت نەكرێت، بۆ ئەوەی ئێمەش لێرە دیفاع لە ئافرەت بکەین، مـن پـێم باشـە کـە لـە ئەسـتۆی پیاوەکـە بێت، پیاوەکە بیداتەوە، زەوجەکە، نەك ئافرەتەکە بیداتەوە، چونکە لەو حاڵەتەدا ئەگەر پارەکەی ڕادەستی مێردەکەی کردو، پاشان حاڵەتی تەلاٌق یـان تەفریقەکـە ڕوویـدا، ئەوکاتـە سـتەمەکە بـۆ ئافرەتەکـە ئـەبێت، پارەکە سەرف کراوە، وە هەمیش پارەکە ئەبێت ئافرەتەکە بیداتەوە، من پێم باشە لەسەر مێردەکەی بێت، مێردەکە بیداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانە کە مداخەلەیان کرد، وازح بوو، منیش روون کردنەویەکم پیٚ باشە بیدەم، بە هەقیقەت ئەگەر بڵێین پیاو بیدات، ئیعـتیراف دەکـەین بـەوەی پیـاو بـالاٌ دەسـتە لەسـەر ئافرەت، ئافرەت تەبەعیە، ئەمە لە ناحیەیەك خراپە، ئەگەر بڵێین ئافرەت بیدات، زۆربەی ئافرەتان ئەمڕۆ ئیش ناکەن، لـە ماڵەوەیـە، یـان ئـافرەتی ماڵەوەیـە، گوناحـە نیـەتی، ئـەویش زوڵمێکـە لێـی ئـەکرێت، بۆیـە گونجاوترین ئەوەیە ( طالب السلفة)، ئینجا ( طالب السلفة) ئەگەر پیاو بێت، یان ئەگەر ژن بێت، ئەوە وەکو ڕەئیەك حەزم کرد ڕوون کردنەوەیەك، ئەگەر نەسەکەش نـەبێت، ( طالـب السـلفة) چـونکە ئـەو ئیشـەکانی کردووە، بزانن لە ڕێگەی، کەفالەتی وەرگرتووە، متابەعەی کردووە، بەهەر حـاڵ ئێسـتا چـەند، پێشـنیارێکە سیانە، ( طالـب السـلفة) مەجموعەیـەك خوشـك و بـرا، پشـتیوانیان لێـی کـردووە، هـەروەها هـی( تعسـوف) ئەوەی کە ئیلا ئەبێت تەلاٌق بدرێت، وە (مناصف)ش، ئەویش پشتگیری هەیە، کاك شێروان کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ هەموو قسـەکانی بـرای بـەڕێزم کـاك عمـرین، ئـەم عەقـدە، عەقـدێکی مەدەنیـە، یـەعنی هـیچ پەیوەندیـەکی بـە قـانونی احـوالی شەخسیەوە نیـە، ئەمـە خـاڵی یەکـەم، خـاڵی دووەم، ناکرێـت ئێمـە لێـرە مەسـەلەی یەکسـانی و ئـەو شـتانە داخلـی قانونەکـە بکـەین، لەبـەر ئـەوەی ئـەوە عەقـدێکی مەدەنیـە، وە پەیوەنـدی بـە تـەلاٌقی تەعەسـووفی نیـە، پەیوەنـدی بـە نسـبەی تەفسـیر نیـە، پەیوەنـدی بـەو تـەفریق و تەلاٌقانـە نیـە، کـە لـە مـەحاکمی ئـەحوالی شەخسـی جێبـەجیٚ دەکرێـت، نوقتـەی سـێیەم، لێـرەدا ئـەبێت کەفالەتێك تەقدیم بکرێت، دەکرێت ئێمە دوو کەفالەت تەقدیم بکەین، ئەو شەخسـەی کـە تـالبی سـولفەیە ئـەو کەفالەتەکـە تەقـدیم دەکـات، واتـە تالیـب سـولفە تەحـەمولی مەسـئولیەتەکە دەکـات، بـە پێـی ئـەو کەفالەتەی کەتەقدیمی دەکات، ئێمە هەق وایە مەعامەلـەکان، وەکـو بڵێین ڕۆتینیـەکان کـەم بکەینـەوە، بـۆ ئەوەی بتوانین بە زووترین کات هینەکە دەفع بکرێتن، وە قانون تحصل دینی حکومیش، ئەو قانونەیـە کـە ئێستا تەنفیز دەکرێت لە هەرێمی کوردستان، تەبیعی دەینی حکومی ئیعتیبار دەکرێـت، دەینـەکی مومتـاز، ئەگەر هاتو دەینەکی عادی هەبوو، دەینەکی حکومی هەبوو، دەینە حکومیەکە تـەفزیل دەکرێـت، کـەنگینیٚ وەرگیراوە ئەوجا دەینە عادیەکان استحصال دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سیوەیل، ڕوون کردنەوەیەك ئەدات.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باسی دەین دەکەین، پێم خۆشە یەك شت بزانین، ئەگەر چ ژن، چ مێرد، ئەگەر پیاوەکە ویستی ژنەکەی تەڵاق بدات، نەك پێنج ملیۆن دینار بیت، حەز دەکات 200 مسقاڵ زێڕ کە مارە کراوە، کە ویستی گوێی لێ نیە پارەکەی دەدات، پارەکەش دەداتەوە، یەك، دوو، ئەگەر ژنیش بەیەوێ تەڵاق بدرێت، لە هەموو ماڵەکەی خۆی خۆش دەبێت، ئەگەر شارەکیشی لەسەر تاپۆ بکات، لەبەر ئەوەی ناڕازیە، دەیەوێت نەجاتی بێت، ئەوە سێ، هەر ژنەکی کە دارایی نیە، کە مەعاشی نیە، حەتمەن سلفەی وەرناگرێ، کێ وەری دەگرێ، پیاوەکە وەری دەگرێ ئەگەر مەعاشی هەیە، زۆربەی جار هەرکەسەکی لە بەینی ژن و مێرد، لە بەینی بلێین ئەو دوو هاوسەرە، کە دەیانەوێت سلفەی وەردەگرن، مەعاشی کامیان زۆر ترە ئەو وەری دەگرێ، ئەگەر وابێت بە ئەقسات لێیان بگێڕنەوە، کە قستەکەیان کەمتر بێت، مەعاشەکە زیاتر لۆی بمێنێتەوە، لێرە ئێمە باسی یەکسانی ژن و پیاومان کردووە، هەرچەندە ئەمن لۆخۆم ژنم، بەلأم پێم باشە ( طالب السلفة) بێت بیداتەوە، ئەوکاتە کەس تێدا مەغدور نابێت، ئەگەر ژن داهاتی نەبێت، ئەگەر مەعاشی نەبێت، لە کوێ سلفەی وەردەگرێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا زۆرینەی بەڕێزان لەگەڵ ئەوەن ( طالب السلفة) بێت، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ( طالب السلفة) بیدات، تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ ( طالب السلفة) ئەیداتن، سیاغەکە بکە، بۆ ئەوەی ماددەکە بە تەواوی بخەینە دەنگدانەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

المادة السادسة:

**في حالة حصول الطلاق او التفريق او فسخ عقد الزواج بين الزوجين تستحصل النفقة مدفوعة من طالبها والتى تعتبر السلفة المدفوعة من طالبها والتى تعتبر ديناً ممتازاً وفقاً لاحكام القوانين النافذة في الاقليم بخصوص تحصل الديون الحكومية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، دوو کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر کەرەمکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی كۆمەڵایەتی كەرەمكەن.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لە ماددەی سێیەم، باسی ئەوەمان نەكرد، ئایا ئەقسات كو دەگەڕێتەوە، بە چ شێوەیەك دەگەڕێتەوە؟، لە ماددەی سێیەم بڕیار بوو، بەڵام وابزانم سیاغەكە گۆڕا، ئەگەر لە ماددەی سابیعە دیاری بكرێت، كە ئەقسات نسبە چەند بگەڕێتەوە، پێمان باشە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی مافی ئافرەت كەرەمكەن.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەلەمان:**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، ئەوەی هاوكارم باسی كرد، دواتر بە ڕێنمایی، وای تێدەگەم دەردەچێت لە لایەن وەزارەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین، ئیمكان هەیە بە ڕێنمایی عیلاج بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كەس لەسەر ئەو ماددەیە قسە ئەكات؟، یەك كەس، كەرەمكە هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەسەر ئەو مادديە قسەم نيە، بەس من حەز دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ئەو ماددەيە، رەجائەن، دانيشە، رەجائەن، تکايە بيخوێننەوە بۆ ئەوەی بخەينە دەنگدانەوەو ئاخير سياغە.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ دايە تکايە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ دانيە تکايە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەيەکی تر کەرەمکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی مافی ئافرەت کەرەمکەن.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەين.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی کەرەمکەن.

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەين.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ليژنەی کۆمەڵايەتی کەرەمکەن.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکەی تەئید دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەسەر ئەو ماددەیە قسەی هەیە؟، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر کەرەمکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە التاسعە

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی پێش ئەوە، پێشنیارێك هەبوو، بۆ ماددەیەکی تر، سیوەیل خان کردی، رەئیتان لەگەڵ ئەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ، من و هاژە خان ئیقتیراحێکمان کرد، نەخرایە دەنگدانەوە، نازانم بە ماددەیەکی ئیزافی جێی بکرێتەوە باشە، کە تەنها لە پرۆسەی هاوسەرگیری یەکەمە، واتا ژنی یەکەم، سوود مەند بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوە وازحە، پێشنیارێکی زۆر مەعقولە، یەکەمین عەقد بێتن، ئەوەی کردی دوو عەقد نەبێتن، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، تەواو بۆ ماددەیەکی تر، بۆ ماددەی نۆ، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سیاغەكەی نەنووسینەوە ئەو پێشنیارە؟،

المادة التاسعة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقايع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ماددەیە زۆر اعتیادیە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، سیاغەی ئەو ماددەیەی ئیزافە كرا، لیژنەی یاسایی لەگەڵ داكۆكی لە مافی ئافرەت و كۆمەلایەتی ئەیكەن، چونكە وازحە، ئەمە یەكەم عەقدە، بۆ یەكەم عەقد ئەبێتن، یەك جوملەیەكە و دادەنرێت، زۆر سوپاس، ئێستا ئەسباب موجیبە، تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

الاسباب الموجبة

الاسرة اساس المجتمع وتشكل صعوبة تكوينها والزواج في الظروف الراهنة مشكلة شاخصة تشمل الشريحة واسعة من الشباب الموظفين والمواطنين محدودی الدخل وبما ان لكل مواطن الحق في الزواج وتكوين الاسرة وللتخفيف من وطأة هذه المشكلة فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك د. احمد نوقتەی نیزامی هەیە، كەرەمكە.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من نوقتە نیزامیەكەم لەسەر ئەوە بوو، ئەو مەوزوعەی كە خراوەتە دەنگدانەوەو موعالەجە كراوە، ماددەی دووەمە، (رابعا: ان لا يكون مستفيداً من سلفة زواج اخرى).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگ درا، ئەو موناقەشە ناكرێت، هەیە ژنێكی هێناوە، سلفەی وەرنەگرتووە، بەلام ئەیەوێت ژنێكی تر بهێنێت، نایگرێتەوە، كەرەمكە.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من نازانم، بەڵێ نوقتەی نیزامیە، ئەڵێ ئیعتبارەن بە تاریخی نەشریەوە ئەم یاسایە تەنفیز دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگی بۆ درا، ئاشتی خان كەرەمكە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵەیەك هەیە لە بەینی دوو بۆچوون کە خراوەتە دەنگدانەوە، دوێنێ خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە، داوای ئەوەم کرد کە لەسەر عەقدی یەکەم بێت، یەعنی داکۆکیم لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد، وابزانم بە هەڵەدا نەچووبم، کاك عبدالسلامیش بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان، دانیشە ئەوە بڕایەوە، بۆ یەك کەسێك ئەگەر یەکجار ژن بێنێت، لە عەقدەکە درایەو تەواو، با ژنی تر نەهێنن، بەسە، تەواو تازە دەنگتان بۆیدا، ئەسباب موجیبە کەرەمکە، بەردەوامبە، بەڕێزان ئەسباب موجیبە کەس مولاحەزەی هەیە لەسەری، یەك کەس کەرەمکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئەگەر بێین وەزارەتی ثقافة والشباب، کاتێ قانونەکەمان دەرهێنا، ئەگەر پێم غەڵەت نەبێتن، تەمەنی شاب لەوەمان دانا، لە بەینی 16 تا 44 ساڵ، باشە ئەگەر پیاوێك 45 ساڵ بوو، 46 ساڵ بێت، لەمە زیاتر بێت ژن بێنێت، ئایا لێرە مەشمول دەبێت یان نا، ئەمە پێشنیار دەکەم، بڵێین بەس( شریحة واسعة من المواطنین محدودی الدخل) بۆ ئەوە هەمووی دەگرێتن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەبەست زیاتر لە دەرکردنی ئەو قانونە، هاوکاری کردنی گەنجانەو (شباب) واتە، شەباب لەوێ موعالەجە کراوە، کە قانون هەیکەلیە، بەلاَم لێرە قانونەکی تایبەت مەندە زۆر، بۆ ئەو حاڵەتانەیە تەنها، عیلاقەی بە قانونی وەزارەتی ڕۆشنبیری نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ دایە ئێستا، ئەسباب موجیبە لەگەڵ گشت پرۆژە یاسایەکە، دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، تەمەنا دەکەین، حکومەتی هەرێم، کێ دژیەتی، زۆرینەی دەنگ لەگەڵ بوو، کێ لەگەڵی دانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئەوانەی دەستیان بەرز کردەوە تەنها دوو کەس بوون، لەگەڵ دانەبوون، سێ کەس، ببورن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، تەمەنا دەکەین گەنجەکانمان،

خوشكەكان برایەكانمان سوودی لێ وەربگرن، حكومەتیش زوو خۆی حازر بكات، بۆ ئەو وەزعە، زۆر سوپاس، ئێستا ئەچینە برگەی دوو لە بەرنامەی كار كەرەمكەن، برگە دوو، خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستان، داوا لە لیژنەی یاسایی و، لیژنەی تەندروستی و، لیژنەی ئەوقاف و كاروباری ئاینی و، لیژنەی ناوخۆ دەكەین، كەرەمكەن، لیژنەی یاسایی ئەو پرۆژەیە خوێندراوەتەوە، ئێستا بەس ڕاپۆرتی لیژنەكان بخوێننەوە، بۆئەوەی بچینە سەر مادده مادده بۆ گفتوگۆ كردن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەخوێنینەوە، سەبارەت بە پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكان بە زمانی عەرەبی،

**إلى/ رئاسة برلمان كوردستان- العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون المخدرات**

إجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الأحد 4 ڕەزبەر 2710 كوردي، المصادف ليوم (2010/9/26) الميلادية لدراسة مشروع قانون مكافحة المخدرات في إقليم كوردستان- العراق المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان و المحال إلى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الإعتيادية المرقمة (15) في (2010/6/20) و بعد المناقشة و المداولة توصلت اللجنة إلى ما يلي:

التأكيد على مضمون تقريرنا المرقم (92) في (2010/6/2) بخصوص رفض المشروع للأسباب الواردة فيه و التوصية إلى الوزارات المعنية بالأمر و منها الصحة و العمل و الشؤون الإجتماعية و الأوقاف و الشؤون الدينية و التربية بتفعيل المراكز الموجودة لمكافحة المخدرات و متابعة ذلك من قبل أعضاء البرلمان و اللجان المعنية في البرلمان، راجين التفضل بالإطلاع و عرض أصل مشروع و رأي اللجنة القانونية الوارد في تقريرنا المرقم (92) في (2010/6/2) و هذا التقرير بشأنه على البرلمان للمناقشة و إبداء الرأي المناسب و التصويت، و شكراً.

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەمكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بۆ/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان- عیراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتێك لە بارەی پرۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكان**

**لیژنەی كاروباری یاسایی ڕۆژی یەك شەممە 4 ڕەزبەری ساڵی 2710 كوردی بەرامبەر بە 2010/9/26 زاینی كۆبووەوە، بۆ لێكۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق، كەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 15 ی ڕۆژی 2010/6/20 ناردراوە بۆ لیژنەكەمان، وە دوای وتو وێژو تاوتوێ كردنی گەیشتینە ئەمانەی خوارەوە:**

**-جەخت كردنەوە لەسەر نووسراوی ڕاپۆرتی ژمارە 92 ی ڕۆژی 2010/6/2 لە بارەی ڕەت كردنەوەی پڕۆژەكە، لەبەر ئەوە هۆیانەی كە تێیدا هاتوون، وە وەزارەتی پەیوەندیدار بەم كارە ڕاسپاردراوە، لەوانە تەندروستی و كاروباری كۆمەڵایەتی و ئەو قاف و كاروباری ئاینی و پەروەردەو، بە كارا كردنی ئەو سەنتەرانەی كە هەنە بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، بە دواداچوونی ئەمە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان، وە لیژنە پەیوەندیدارەكان لە پەرلەمان، تكایە بفەرموون بۆ ئەسلی پڕۆژەكە بۆ ئاگاداری و وەڕای لیژنەی یاسایی كە لە ڕاپۆرتی ژمارە 92 ی ڕۆژی 2010/6/2 لەو بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ وتو وێژ كردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوەو، وە دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی تەندروستی كەرەمكەن.**

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەوەش ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگەیە، ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/10/6 لیژنەكەمان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی كۆبووەوە، بۆ دیراسە كردنی پڕۆژە یاسایی بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، كە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندمانی پەرلەمان پێشكەش كراوەو، لە دانیشتنی ژمارە 15 ی ڕۆژی یەك شەممە، ڕێكەوتی 2010/6/20 ، لە پەرلەمانی كوردستان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، ئەمەی خوارەوە ڕای لیژنەمانە.**

**لە كوردستان كە بە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان ژمارە 68 ی ساڵی 1965 دەكرێت، كە یەكێكە لە یاسا توندەكان لە ڕووی سزادان بۆ هەموو ئەوانەی هەڵدەستن بە داچاندیان، بازرگانی پێ كردن و یان بەكارهێنانی مادده هۆشبەركان، بە پێی حوكمەكان كە لە یاسایەكەدا هاتووە، هەروەها ئەهمیەتی جێبەجێ كردنی ئەو حوكمانەو ئەو لایەنانەی كە هەڵدەستن بە جێبەجێ كردنی بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، لەناو یاسایەكەدا دیاری كراوە، دوو، دەركردنی یاسایەكی نوێی گونجاوتر بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەكان، داواكاریەكی نێودەوڵەتی ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ و وەزارەتی تەندروستیە، سێ، پڕۆژە یاسای پێشكەش كراوی سەرەوە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ڕەت دەكەینەوە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:**

أ-هاوڕاین لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی کە بە شێکی پڕۆژەکە بریتی یە لە دامەزراندنی دەستەی بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەیکەلیەت و ئەرك و دەسەلأتەکانی ئەم دەستەیە، هەروەك لە خالی یەك هاتووە کەلە ڕاستیدا یاسای عیراقی ئەهمیەتی بەرەنگار بوونەوەکە بە هێزتر و یاسایی ترە.

ب-لە ماددەی $18$ پڕۆژە یاسایەکە هاتووە هەرچی لە یاساو ڕێکارە کارگێڕیەکان و دادوەریەکان و سزاکان نەهاتووە، ئەوە دەچێتەوە بۆ یاسا عیراقیە فیدرالیەکان، کەلە ڕاستیدا پڕۆژە یاسایەکە، خالیە لە مادده سزاکانی پەیوەندیدار بە مادده هۆشبەرەکان.

ج-پڕۆژە یاسایەکە خالیە لە خشتەکانی مادده هۆشبەرەکان.

د- پڕۆژەکە بە یاسا ئەرك و دەسەلأتەکانی وەزارەتی تەندروستی ڕێك نەخستووە، بۆ دەست نیشان کردن و هاوردە کردنی مادده هۆشبەرەکان و دابەش کردنی بۆ دام و دەزگاکانی تەندروستی و چۆنیەتی هەلگرتنی و سەرف کردنیان لە لایەن پزیشکان و دەرمان سازان و ڕێگا پێدانی کارگەکان و کۆگاکانی دەرمان بە دروست کردنیان و چاودێری کردنی و بەدواداچوون و پشکنینیان لە لایەن وەزارەتی تەندروستیەوە، کە ئەمە لایەنی پەیوەندیداری پڕۆژە یاسایەکەیە بە لیژنەکەمان، کە پێویستە لەناو پڕۆژە یاسایەکە بێت و ناکرێت بە پەیڕەو ڕێنمایی ڕێك بخرێت.

چوار: ماددەی $16$ ی پڕۆژە یاسایەکە تایبەتە بە ڕێکخستنی نەخۆشخانەی تایبەت بۆ ئەوانەی بەردەوام مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە ئەقلیەکان بەکاردێنن و چارەسەریان بۆ فەراهەم بکەن و نۆڕینگەی تایبەتیان بۆ دروست بکەن و کە ئەمە لایەنی چارەسەر کردن و ڕاهێنانەوەی ئەوانەی ئالودەیی بە مادده هۆشبەرەکان وە ئەمە لە ئەرك و دەسەلأتی وەزارەتی تەندروستیە، دەبێت کرابێت، وە ئەمە لەمەو دوا باشتر بکرێت و ئەرکی ئەندامانی پەرلەمانە چاودێری و بەدوا داچوونی بۆ بکەن، لەبەر ئەم کەم و کوڕیانەی سەرەوە لیژنەمان بە پێویستی نازانێت، پڕۆژە یاسایەکە بکرێتە یاسایەکی سەربەخۆ، ڕەتی دەکەینەوەو ئەم ڕایەمان دەخەینە بەردەم پەرلەمان، بۆ ئەوەی لەناو هۆلی پەرلەمان، بڕیاری کۆتایی کە بڕیاری ئەندامانی پەرلەمانە، لەسەری بدرێت، لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ کەرەمکەن.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەکەمانە لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان، سەبارەت بە پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان

بۆ /بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان-عیراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پڕۆژە یاسای مادده هۆشبەرەکان

پاش ئاراستە کردنی دەقی پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزەوە، بە نووسراوی ژمارە ك 359 لە 2010/6/21، لیژنەکەمان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/6/23 و کۆبوونەوەی دووەم، لە ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2010/6/27، گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوەی کرد لە نێوان ئەندامانی لیژنە، سەبارەت بە پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بۆیە لیژنە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێت، سەبارەت بە پڕۆژە یاسایەکە، مادده هۆشبەرەکان مەترسیەکی گەورەن لەسەر لەبار بردن و شێواندنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە هەموو جیهان، ئێمەش لە هەرێمی کوردستان لەم مەترسیە بەدەر نین، وە ئەم یاسایەی تاوەکو ئێستا کاری پێ کراوەو لە عیراق و کوردستانیش، بێجگە لەوەی هاوشێوەو هاوتەریبە، لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی و بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بە پێویستی نازانین هیچ دەستەیەکی جودا و تایبەت بۆ ئەم بابەتە دابندرێت، بەڵکو پێمان باشە کار بە یاسای پێشوو، ژمارە 68 لە ساڵی 1965 بکرێت، لەم بارەیەوە هاوڕاین لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی، دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ئەوقاف کەرەمکەن.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە دەربارەی پڕۆژە یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕۆژانی 2010/7/27 و 2010/9/15 کۆبووەوە بۆ تاوتوێ کردنی یاسای بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان، لە دانیشتنی ئاسای ژمارە 15 ی ڕۆژی 2010/6/20 ئاراستەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژە یاسایەکە، لیژنەکەمان ئەوەی خوارەوە پێشنیاز دەکات:

لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە ناونیشانەکەی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی یەك ناگرێتەوە، وە یاسای ژمارە 68 ی ساڵی 1965 ی عیراقی بە شێوەیەکی ورد تر و باشتر چارەسەری ئەو پرسەی کردووە، بۆیە ئێمە ئەو پڕۆژە یاسایە، بە پێویست نازانین، وەلەهەمان کاتدا بە پێویستی دەزانین، وەزارەتەکانی پەیوەندیدار تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ئەوقاف، هەوڵی دامەزراندنی سەنتەرێکی نیشتیمانی بدەن، بۆ بەرەنگار بوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، کە ئەرکی نەهێشتن و بەرەنگار بوونەوەو، چارەسەر کردنی ئالوودەبووەکان و هەموو ئەو ڕێکارانەی بلاَو نەبوون و قەلاَچۆ کردنی ئەم ماددانە بگرێتە ئەستۆی خۆی،

بفەرموون بۆ ئاگادار و ئەسڵی پرۆژەكە، ڕای لیژنەكەمان لەبارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بۆ تاوتوێ كردن و دەربڕینی ڕای گونجاو لە بارەیەوە، وە دەنگدان لەسەری، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو سێ لیژنە ڕەئی خۆیدا، بۆ ئەوەی كە ئەو پرۆژەیە ڕەت بكرێتەوە، چوار لیژنە یەكیش لەگەڵە، بۆیە چوار لیژنە ئەكات 44 ئەندام، تەقریبەن، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە ئەو پرۆژەیە ڕەت بكرێتەوە، تكایە دەستی بەرزبكاتەوە؟، زۆر سوپاس. نوقتەی نیزامیە، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە دوو ئەگەرمان لە پێش بوو، یەكیان بەوەی كە پرۆژەكە ڕەت بكرێتەوە، یەكیان بەوەی كە بخرێتە گفتوگۆوە، لەبەر ئەوەی چوار لیژنەی بەڕێز پێشنیاریان كردبوو كە ڕەت بكرێتەوە، تەصویتیشی لەسەر كرا، ئەگەر تەصویتەكە سەركەوتوو نەبوایە ئەو كاتە ئێمە گفتوگۆمان دەكرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر زۆر دروستە، ڕاستە نیزامیەكەی لە جێگەی خۆیەتی، كێ لەگەڵ ئەوەیە ڕەفز بكرێ، ڕەت بكرێتەوە موناقەشەكە بەردەوام نەبێ، تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵە بەردەوام بین؟ (15) بەڕێز، بە زۆرینەی دەنگ ئەوپرۆژەیە ڕەت كرایەوە، بۆ پرۆژەیەكی تر، بۆ خاڵی (3): (خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای چاككردنی مووچەی هێزەكانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی كوردستان)، ئێستا داوا لە لێژنەی یاسایی، لە لێژنەی دارایی و ئابووری و كاروباری پێشمەرگە، یاسا، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان دەكەین، كەرەمكەن بۆ ئێرە، كەرەمكەن لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی ڕاپۆرتی لێژنەی یاساتان بۆ دەخوێنمەوە سەبارەت بە پرۆژەی یاسای چاككردنی مووچەی پێشمەرگە، بە زمانی عەرەبی.

**إلى/ رئاسة برلمان كوردستان**

**م/ تقرير حول مشروع قرار تحسين رواتب الشرطة و الأمن و قوات البيشمرگە**

إجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الإثنين 3 گەلاوێژان 2710 كوردي، المصادف ليوم (2010/10/25)ميلادي، لدراسة مشروع قرار تحسين رواتب الشرطة و الأمن و قوات البيشمرگە لإقليم كوردستان-العراق، المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان و المحال إلى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الإعتيادية المرقمة (21) في (2010/6/29) و بعد المناقشة و المداولة توصلت اللجنة إلى ما يلي:

**رغم تحفظاتنا و ملاحظاتنا على صياغة المشروع، إن لجنتنا مبدئياً مع فكرة تحسين الحالة المعاشية لجميع شرائح المجتمع الكوردستاني المستمرين في الخدمة و المتقاعدين بما فيهم الشرطة و الأمن و قوات البيشمرگه، و هذا ما تم تثبيته في قانون موازنة إقليم كوردستان رقم (1) لسنة (2010) في المادة (24) بفقراتها الثلاثة، و في فقرتها الثالثة وردت تحقيق المساواة بين رواتب قوات البيشمرگه و الآسايش و الشرطة في الإقليم مع رواتب أقرانهم في الحكومة الإتحادية، و هناك نص صريح في المادة (46) من القانون رقم (38) لسنة 2007، قانون الخدمة و تقاعد البيشمرگه (حرس الإقليم)، يستفيد البيشمرگه (حرس الإقليم) المشمولين بأحكام هذا القانون من جميع حقوق و إمتيازات أقرانه من منتسبي الجيش العراقي المشمولين بقانون الخدمة و التقاعد الإتحادي النافذ، أو أي قانون إتحادي آخر و المعلوم أن الميزانية المخصصة لوزارة البيشمرگه ضمن الموازنة العامة لحكومة الإقليم مخصصة من قبل حكومة الإقليم نفسها و إن الحكومة العراقية لم تخصص أي مبلغ ضمن (17٪) و لاتزال ذمتها مشغولة للإقليم لحساب قوات البيشمرگه (حرس الإقليم) منذ سنة 2007 لغاية 2010، و بما أن إحداث إلتزامات مالية جديدة على عاتق الحكومة تحتاج إلى الوقوف على رأيها لأن أية إلتزامات جديدة على الحكومة ينبغي تأمين وارداتها لأنه لايقبل إقتراح زيادة نفقات، أو إحداث نفقات جديدة ما لم يكن المقترح مشفوعاً ببيان وسائل تحقيق الإقتراح، لذا نرى إحالة المشروع إلى الحكومة.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی پێشمەرگە، کەرەمکە.**

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ئەو پرۆژە یاسایە بۆ دوو بەشە، بەشێکی بۆ ئاسایش و بەشێکی بۆ پێشمەرگەیە، ئەوەی کە عایدی پێشمەرگەیە ڕاپۆرتی ئێمەیە:**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لێژنە دەربارەی چاککردنی مووچەی پێشمەرگە**

**سلاوێکی گەرم**

**سەبارەت بە نووسراوتان ژمارە (417) لە بەرواری (2010/6/30) دەربارەی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، دوای چەندین کۆبوونەوە و سەردان لەگەڵ بەڕێزانی وەزارەتی پێشمەرگە گەیشتینە ئەو ئەنجامە:**

**1- وێڕای پاڵپشتی کردنمان لە چاککردنی مووچەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەلام لە میزانیەی حکومەتی عیراقی فیدرال کە دەنێردرێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشی وەزارەتی پێشمەرگەی تێدا نیە، هەرچەندە ڕێککەوتن کراوە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵ دا، کە میزانیە و خەرجی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی عیراقی فیدراڵەوە بێت، بەلام تا ئێستا ئەو بڕیارە**

جێبەجێ نەكراوە، هەر بۆ زانیاری بودجەی ساڵی(2007، 2008، 2009، 2010) نەهاتووە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، وەك عەجزی میزانیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دیاری كراوە، هەرچی میزانیەیەك وەزارەتی پێشمەرگە وەریدەگرێ لە حكومەتی هەرێمی كوردستان وەك سولفە وەریدەگرێ تا ئەو كاتەی حكومەتی عیراق میزانیەكەی صەرف دەكات.

2- هیچ پارەیەك لە ناو بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە لە (17٪)یە و لە حكومەتی عیراقەوە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگەی تێدا نیە.

3- ئەو بودجەیە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە، بڕەكەی لە (17٪)ی بودجەی حكومەتی عیراقی فیدراڵ دابەش كراوە بەسەر هەموو بوارەكانەوە و لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژە یاسایە عونصوری مالی تێدایە، بۆیە پێویستە ڕەئی حكومەتی هەرێم وەرگرێت لەو بارەیەوە، چونكە هەموو پارەیەك زیاد بكرێت دەبێتە بار لەسەر حكومەت و نازانێ لەكوێ دابینی بكات؟

4- پێویستە هەوڵەكانمان چڕ بكەین بۆ گەڕانەوەی بودجەی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە مافی خۆی پێ بدرێت.

5- سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان كارئاسانی بكات بە مەبەستی ناردنی شاندێك كە پێكهاتبێ لە لێژنەی كاروباری پێشمەرگەی پەرلەمانی كوردستان، بەرپرسی هاوپەیوەندی وەزراەتی پێشمەرگەی كوردستان بە مەبەستی چارەسەر كردنی كێشەكانی هێزی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عیراق و سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی، كەرەمكە.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو بابەتە ئێمە پابەندین بە سیستەمی ئەوەی نیزامی داخیلی پەرلەمان، كە ماددەی (83) بە حەقەت ڕاپۆرتێكمان ئامادە كردووە، ڕاپۆرتەكە تا ڕاددەیەكی زۆر پشتگیری لە هەردوو ڕاپۆرتی پێشتر دەكات، كە خوێندرایەوە، لە دوو خاڵی سەرەكی پێك دێت، خاڵێكیان: ئێمە پشتگیری لە هەر بیرۆكەیەك دەكەین كە دەبێتە هۆی زیادبوونی مووچە و خۆشگوزەرانی هەموو چینەكان، لەلایەكی ترەوە وەكو لێژنەی دارایی ئێمە ناتوانین بڕیار بدەین لەسەر هیچ بابەتێك لەو بوارە، ئەگەر هاتو ڕای حكومەت بەتایبەتی لە ڕێگەی وەزارەتی داراییەوە وەرنەگیرێ، ئێستاش پوختەی كۆنووسەكە دەخوێنینەوە بۆتان، ئەگەر ڕێمان پێ بدەی،

كۆنووسی ژمارە (31) ڕێكەوتی (2010/9/29)

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان، ژمارە (ك417) لە (2010/6/30) دەربارەی پێشنیاری یاسای چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانی عیراق، لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (31)مین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بە زۆرینەی ئەندامان بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە و گەیشتە ئەو بڕیارانەی خوارەوە:

1- لێژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگ پشتگیری دەکات لە هەر پرۆژە یاسایەك لە پێناو چاککردنی بژێوی ژیانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی پێشمەرگە و هاوتاکردنی مووچەکانیان، کە هەروەك ئەو مووچەیەی بەرامبەرەکانیان هەیانە لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سەربازی لە عیراقدا جێبەجێ دەکرێت بە پێی یاسا، بە هەموو دەرماڵەکانی ترسناکی و بڕوانامە.

2- بەڵام بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژە یاسایە پێویستە ڕای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەری وەربگیرێت لە ڕووی یاساییەوە، هەروەها لە ڕووی توانای داراییەوە، بۆیە لێژنەکەمان پێشنیار دەکات کە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕای حکومەت وەربگرێت لەو بارەیەوە پێش بڕیاردان لەسەر ئەو پرۆژە یاسایە لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوخۆ ڕەئیتان، کەرەمکە.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، لێژنەکەمان بە نووسراوی ژمارە (98) لە ڕۆژی (2010/9/20) کۆبوونەوەی خۆی سازدا، ئەوە ڕاپۆرتی لێژنەکەمانە، بە کۆی دەنگیش قبوڵ کراوە لەلایەن لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان:

لێژنەی ناوخۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی (2010/9/20) کۆبوونەوە بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە بڕیاری چاککردنی مووچەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (21)ی ڕۆژی (2010/6/29) ئاراستەی لێژنەکەمان کراوە، نووسراوی ژمارە (ك417) لە ڕۆژی (2010/6/30) کە پێشکەش کرابوو، دوای وتوویژ و تاوتوێ کردن بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز باییز تاڵەبانی وەزیری دارایی، بەڕێز کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ، بەڕێز شێخ جەعفەر موستەفا وەزیری پێشمەرگە، لێژنە گەیشتە ئەو ڕایانەی خوارەوە:

1-بڕیار درا بۆ ئەو چوار مانگەی داهاتوو، واتا لەو کاتەی کە کۆبوونەوەکە کراوە، بۆ مانگی (9)، (10)، (11)، (12) بە شێوەیەکی کاتی چارەسەریەك بکرێت بۆ دەرماڵەی بەدەل ئازووقەی هێزەکانی ناوخۆ کە (210)هەزار دینارە، لە بودجەی ساڵی داهاتووش لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو هێزەکانی ناوخۆی عیراقی لێ بکرێ.

سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن بەو پێیەی کە بەڕێز وەزیری پێشمەرگەش لەوێ حزووری هەبوو، خاڵی دووەم تایبەتە بە ئەوان:

2-سەبارەت بە هێزەکانی پێشمەرگە کە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن لە بودجەی ساڵی (2011) هەوڵ بدرێ وەکو سەربازی عیراقی لە هەموو ڕوویەکەوە هاوتا بکرێن، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، بەڕێزان ئێستا لێژنەکان ڕئیان وابوو، بەڵام لە ناو کۆنووسەکان تەحەفووز هەیە، بۆیە چوار کەس لەو بەڕێزانە هەڵدەبژێرین کە دەیانەوێ بەردەوام بێ موناقەشە، چوار کەسیش لەوانە هەڵدەبژێرین کە پشتیوانی لێژنەکان دەکەن، ئێستا ناوەکان دەنووسین، بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لەو مەشرووعە بەردەوام بین لە موناقەشە لەسەری، چەند بەڕێزێکم دەوێت، نیزامی، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو دیارە چوار لێژنەی بەڕێز موناقەشەی ئەو پرۆژە یاسایەیان کردووە، من پێشنیار دەکەم بەر لەوەی ڕەئی چوار کەس وەربگیرێ، کەمتر بێ، چونکە کاتەکەی زۆر دەبا...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تەحویلی چوار لێژنە کراوە، بە قەدەر لێژنەکان نەفەر وەردەگرین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لە گشت فراکسیۆنەکان، بۆ ئەوەی تەوازوونەکە، د. صباح، برهان رشید، کوێستان محمد، ڤیان، ناویان لێرە هەیە، ئەو چوار بەڕێزە دەیانەوێ بەردەوام بێت، چوار بەڕێزیش ئەوەی دەیەوێت پشتیوانی لە، کاردۆ نیزامییە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ لێژنەکان، دوێنێش تووشی ئەو ئیشکالیەتە بووین، بۆ لێژنەکان نیە بێنە ناو پەرلەمان دوای ڕاپۆرتەکە بڵێین حەقە پرس بە حکومەت بکەین، بۆ نموونە ئەوە لێژنەی ناوخۆ پرسی........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، تۆ گوێ لە برای خۆت بگرە، تۆ دانیشە بۆت ڕوون دەکەمەوە، ئێوە ڕاپۆرتەکەتان لەبەردەستی منە بە زۆرینەی دەنگی ئەندامەکان ڕاپۆرتەکەتان نووسیوە داوای ئەوە دەکەن، یەعنی چیتان لێ بکەم؟ قەیناکە، تەواو، ئێستا قسە بکە، کاک عەدنان، کەرەمکە، ڕجائەن ڕاستە قسەکەت زۆر مەنتیقیە، دەبوایە ئەو بەڕێزانە لەوێ بانگی وەزیر بکەن و لێی بپرسن، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ ئەو نوقتە نیزامییە بکەم، پرس کردن بە حکومەت کە لە ڕاپۆرتی لێژنەکاندا هەیە بۆ ئەو تەوقیتەیە لە ڕاستیدا، کە پرۆژەی یاسا کەوتە نێو هۆڵی پەرلەمان، ئیتر مەسەلەی پرس کردنەکە دەوەستێت، پرس کردنەکە بۆ پێشەوەیە...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك محمد شارەزووری، کەرەمکە.

**بەڕێز محمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی پێشمەرگە، نەك جارێك، دووجار چووینەتە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دانیشتووین، پرسمان پێ کردوون، وەزارەتی پێشمەرگە جەوابەکەی بۆ ئێمە ئەوە بووە، دەڵێ: لە پەرلەمانی کوردستان ئیقراری بودجە بۆ ئێمە نەکراوە، لە بودجەی هەرێمی کوردستان پارەی وەزارەتی پێشمەرگەی تێدا نیە، ئەوە ڕەددەکەیان بووە، ئەگینا ئەوە نەبێ ئێمە پرسمان بە وەزارەتی پێشمەرگە نەکردبێ، بۆیە ئێمە جارێکی تر پێشنیارەکەی خۆمان و پێشنیارەکەی لێژنەمان داوە بە حکومەت، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی و حکومەت چارەسەری........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ بەردەوام بێت، ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ ئێستا موناقەشە بکەن، د. صباح بەرزنجی، برهان رشید، کوێستان محمد، ڤیان عبدالرحیم، ئەو بەڕێزانەی کە پشتگیری لە ڕەئی لێژنەکان دەکەن: سۆزان شهاب، محمد شارەزووری، سالار محمود، صباح بیت الله، کەرەمکە کاك د. صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە بڕیارەی یان ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئامادە کراوە، لە ڕاستیدا لە فەراغەوە نەهاتووە، هەست کراوە بەوەی کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستاندا لە غوبنێکدا دەژین، بە نیسبەت هاوشانەکانیان لە حکومەتی فیدراڵی، بۆیە ئێمە لە یاسای بودجەی ساڵی (2010)دا وەکو لە ماددەی (24) هەر سێ فەقەرەکە هاتووە کە دەبێ تەحقیقی ئەو مساواتە بکەین، لەبەینی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ هاوتاکانیان لە عیراقدا، یەعنی ئەو کاتە کە ئەوە تەسبیت کرا، لە ڕاستیدا ڕای حکومەتیشی لەسەر بوو، ئێستا ئێمە کە ئەوە هاتۆتە بەردەستمان لە ڕاستیدا ئەگەر جارێکی تر بمانەوێ ڕەئی حکومەت وەربگرین، ئەو ماوە دوور و درێژەش لە مەوزووعەکە لەبەر دەمیاندا بووە، بۆیە من لە ڕاستیدا وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەوەمان لێ داوا دەکرێ کە ئەو چین و توێژە گرنگە بەڕاستی پشتگیریان لێ بکەین، دەبێ حکومەت مولزەم بکرێ بەوەی ئەو موساواتەی کە ئێمە تەحقیقمان، داوامان لێ کردووە، تەئکیدمان لێ کردووە لە یاسای بودجەدا، جارێکی تر

تەئکیدی لێ بکەینەوە و بیکەین بە یاسایەك، یان بیکەین بە بڕیاری مولزەم بۆ حکومەت، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە بەردەوام بین، ئەوەش بکەین بە یاسا، یان بڕیارێك کە تەحقیقی ئەو مساواتە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار برهان رشید، کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموولایەکمان دەزانین هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسایش، هێزی پێشمەرگە کاری بەرگری یە لە شەرەف و لە سنووری خاریجی هەرێمەکەمان، هێزێکیشە بە درێژایی مێژوو قوربانیەکی زۆری داوە، لە سایەی خەڵکە تێکۆشەر و شەهیدەکانمان و ئەو هێزە قارەمانانەوە ئەوڕۆ زۆر شت دەستەبەر کراوە، هێزی ئاسایش هێزێکە دیفاعی لە ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان کردووە، هەرچەندە ئێمە تەحەفووزمان لەسەر چۆنیەتی تەشکیلەیان هەیە، بەڵام بەشێکن لەو میللەتە، پێویستە ئاوڕ لە مەعیشەت و ژیانیان بدرێتەوە، بەڕێزینە پێشمەرگە هەیە تا ئێستا مانگێ (350) هەزار وەردەگرێ، بەشی کرێی خانووەکەی ناکات، بەشی (10) ڕۆژی یەکەمی مانگەکەی ناکات، کرێچین، مال و منالیان هەیە، نیانە، زۆر دەگمەن هەیانە قەرزار نەبێ، من حەز دەکەم ئیحصا بکەن لە ناویاندا بزانن لە هێزی ئاسایش و پێشمەرگە چەندیان قەرزارن؟ چەندیان موشکیلەیان هەیە؟ دەعوایان لەسەر قەید کراوە کرێچین پێیان چۆڵ بکرێ، ئەگەر ڕەددەکە ئەوەیە لە بودجەدا زیاد دەکرێ بۆیان، بەڕێز من دوو وەڵامم هەیە بۆ ئەوە، بودجە قانونێکە بۆ ساڵێك دادەنرێ، بۆ یەك ساڵ دادەنرێ، بەڵام ئەگەر ئێستا لێرە بکرێ بە بڕیار و بە یاسا، بڕیار بێ یان یاسا بێ، بڕیار و یاسا صیفەتی دەیموومەی هەیە بۆ چەندەها ساڵ، ئێستاش لە دەوڵەتی عیراقدا قانونی مەدەنی ساڵی چلەکان ئیشی پێ دەکرێ، بە تەعدیلاتەوە، ئەگەر دەڵێ لە بودجەدا زیاد دەکەین، بەڕێز ئێمە لە ماددەی (24)ی یاسای بودجەی ژمارە (1)ی ساڵی (2010)دا زیادمان کردووە، بە سێ بڕگە، مەعاشی مووچە خۆر و خانەنشین و شەهید و ئەنفال و کەمئەندام، پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە، بەڵام بە داخەوە ئەوەی جێی نیگەرانیە حکومەت مولتەزیم نەبووە پێوەی، تا ئێستا جێبەجێی نەکردووە، ئەو موئەسەسەی پەرلەمانە، کە گەورەترین موئەسەسەی ڕەقابیە، لەگەڵ ئەوەی بە موزەکەرە من، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت، وەزیرە تایبەتمەندەکان ئاگادارم کردوونەتەوە لە مانگی (9)وە کە گوناحە چیتر ئەو هێزە ئاوای لێ دەکرێ، بەڵام وەڵامم وەرنەگرتۆتەوە،......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ڕجائەن، هەر بۆ تەوزیح بۆ جەنابت، میزانیەی پێشمەرگە لە حکومەتی عیراقیە، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان میزانیە دەدات هەتا وەکو ئەو کێشەیە چارەسەر دەکرێ، ئەوە بۆ مەعلوماتت.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، جا بەڕاستی گوناحی ئەو هێزە لەوەدایە، مامۆستایەك كە مووچەی كەم بێ دەچێ مان دەگرێ، دوو، سێ جار مانی گرتووە، داوای مافی خۆی كردووە، بەڵام بە پێی قانونی عقوباتی عەسكەری هەر چ هێزێكی عەسكەری، ئاسایشە، پۆلیسە، سەربازە، پێشمەرگەیە، نیزامییە ئەوە مانگرتنی بە تەمەرروود حیسابە لە قانونی عقوباتدا، نە دەتوانێ مان بگرێ، نە كەس هەیە دیفاع لە مافەكەی بكات، بەڕاستی من ئەوە دەخەمە ویژدانی هەموو لایەكتانەوە، ئەو هێزانە گوناحن، حەقە ئاوڕێكیان لێ بدرێتەوە، ئێستا بە یاسا تەسبیت بكرێ، بەڕێز یەك قسەی ترم ماوە، من ئێستا تەئكیدی قسەكانی خۆم دەكەمەوە، حەقە ئەوڕۆ ئاوڕێكیان لێ بدەینەوە، سوپاسی جەنابیشتان دەكەم، سوپاسی سەرۆكایەتیش دەكەم، كە ئەو مەوزووعە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرێ، شایەنی ئەوەیە ئەگەر یەكێك ڕەخنەی لێی هەیە، ڕەت نەكرێتەوە، بینێرنە لێژنەی تایبەتمەند، بە هێز بكرێ پرۆژەی یاسا و بڕیارەكە، یان ئەوەتە ئەوڕۆ بڕیاریان بۆ بدرێ ئەوە ڕەت نەكرێتەوە، سوپاست دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كوێستان محمد، كەرەمكە.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داوا دەكەم گفتوگۆكان بەردەوام بێت لەسەر ئەو پرۆژەیە، مووچە و دەرماڵەی هێزەكانی پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگە هاوتا بكرێت بە مەركەز، لەبەر ئەو هۆیانە، هەموومان دەزانین ئەو هۆیانە، ئەو هێزانە هێزی هەستیارن، لەبەر هەستیاری ئەو هێزانەش پێویستە لە ئاستێكدا بێت كە بژێوی ژیانیان لە ئاستێكی باشدا بێت، خاڵی دووەم ئەوەیە كە ئاسایش و ئارامی ئەو هەرێمە ئەوان دابینیان كردووە، نابێت هۆكاری باشی ئاسایش و ئارامی هەرێمەكە ببێتە هۆكاری سزادانی ئەوان، لەبەر ئەوەی لەلای ئێمە ئاسایش و ئارامی هەیە، دەبێ مووچە و دەرماڵەی ئێوە هاوتا نەبێ لەگەڵ مەركەز، لەبەر ئەوەی لە مەركەز نا ئارامی هەیە، بە پێچەوانەوە، لەبەر ئەوەی لێرە ئارامی هەیە دەبێ موكافەئە بكرێن، نەك وەك ئەوان بێ، بەرزتریش بێ دەرماڵەكانیان، خاڵی سێیەم، بە چ مەنتقێك؟ هەمان پۆست، هەمان وەزیفە، هەمان كار لێرە كەمتر بێت وەك لە مەركەز، بۆیە پێویستە هەموو هێزەكان پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگە بە مووچە و دەرماڵەیانەوە هاوتا بكرێن بە مەركەز، خاڵی چوارەمم ئەوەیە ناكرێت بە بیانووی كێشە هەڵپەسێردراوەكانی بەینی مەركەز و هەرێم باجەكەی ئەو هێزانە بیدەن، هەموو كاتێ ئەوەیان پێ بوترێتەوە ئێمە كێشەمان هەیە لەگەڵ مەركەز، دەبێ ئێوە باجەكەی بدەن، من پێموایە ئەوە ناڕەوایە، ناحەقە ئەو بیانووە ببێتە هۆی سزادانیان، باجەكەی لەلایە ئەوانەوە بیدەن، بۆیە من پشتیوانی ئەو ڕایەی هاوڕێم كاك برهان دەكەم ناكرێت ئەوە هەڵبگرین بۆ بودجە، هەموومان لەو هۆڵەدا بووین، ساڵی (2010)

که موناقەسەی بودجەی ساڵی (2010)مان کردووە، هەندێکیشمان ساڵی (2009) هەمان کێشە هەبووە، هەمان بڕیار دراوە و جێبەجێ نەکراوە، بۆیە دەبێت ئەوە بە یاسایەك ڕێك بخرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی بودجەدا تووشی هەمان کێشە نەبینەوە، ئەو غەدرەش، ئەو نایەکسانیەی کە هەتا ئێستا لە هێزەکاندا دەکرێت بەردەوام نەبێت، دوا قسەم ئەوەیە ئەگەر ئێمە دەمانەوێ ئەو هێزانە بکەینە هێزی نیزامی، ئەگەر دەمانەوێ ئەو هێزانە هێزی نەتەوە و نیشتمان بن، ئەگەر دەمانەوێ ئەو هێزانە بەڕاستی دیفاع، بەرگری لە نیشتمان و نەتەوەکەمان بکەن دەبێ بیانکەینە نیزامی، بەشێوەیەك هاوتایان بکەین لەگەڵ مەرکەزدا، بۆ ئەوەیە بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار سۆزان شهاب، کەرەمکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من دەمەوێ بڵێم بوون بە (نظامي) تەنها لە ڕووی داراییەوە نیە، بوون بە نیزامی ئەو ڕێکخستنەیە کە ئێستا وەزارەتی پێشمەرگە دەستی پێ کردووە بە دروست کردنی.......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕجائەن، وەرە سەر بیروڕای خۆت، تکاتان لێ دەکەم خوشکانن برایان جوابی یەکتر مەدەنەوە، ڕەئی خۆت لەو بوارەوە بدە، بەڵێ.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە وەڵام نیە، ئەوە شەرح کردنە بۆ حاڵەتی نیزامی بوونی هێزی پێشمەرگە و چوونە ناو چوارچێوەی یاساکانی عیراقەوە، بۆ ئەوەی بچمە سەر ئەو خاڵەی کە لە دواییدا باسی دەکەم، چوونە ناو چوارچێوەی یاساکانی عیراق، ئەوەیە کە ئەو هێزانە هێزێکی نیزامی بن، چوار فرقە دەستی پێ کردووە، چواری تریش بەڕێوەیە، هەر بۆیەش ئەو گفتوگۆیانەی، خۆ ئەوە کێشەی ئەو ساڵ نیە، هەتاکو باسی بکەین، لە (2007)ەوە، (2007)، (2008)، (2009) حکومەتی عیراق لە میزانیەکەیدا باسی بودجەی هێزی پێشمەرگەی کردووە، بەڵام جێبەجێی نەکردووە، ئەوەش ئەو خاڵەیە کە چ نوێنەرانی کورد لە عیراقدا، کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران دان، بەراستی ئەوانیش ئیتر دەبێ ڕۆڵی خۆیان ببینن، بۆ ئەوەی بانگهێشتی وەزیری دیفاع بکەن بزانن بۆچی ئەو یاسایەی کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا دەری کردووە پابەند نەبووە پێی، ئەوەی وەزیری دیفاع لەگەڵ وەزیری دارایی، هێزەکانی پێشمەرگە، ئێمە هەموومان دەزانین هێزەکانی پێشمەرگە پارێزەری ئەو وڵاتەن، هەر لەبەر ئەوەی پارێزەری ئەو وڵاتەن، ئێمە نەمانخستنە ئەو ئەستۆیەی کە عیراق نایدا ئیتر تەواو، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پار لە ناو

بودجەی، لە ناو میزانیەدا (830) ملیار دیناری بە عەجز دانا، بۆیە بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لە پێدانی ئەو بڕە پارەیە، ئومێدم وایە حکومەتی نوێ، هی عیراق، پابەند بێ بەو یاسایانەی کە خۆی دەریکردووە و لە ناو ئەنجومەنی نوێنەران ڕێز بۆ ئەو یاسایانە بگرێ کە لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا دەنگی لەسەر دراوە، هێزەکانی ئاسایش مووچەکانیان هاوتایە تەنها لە ڕووی موخەصەصاتەکە نەبێ، موخەصەصاتی ئازووقە، موخەصەصاتی ئازووقە کە ئەویش هێزەکانی ئاسایشی عیراق لەبەر بێ شوێنی موخەصەصاتێکیان هەیە کە پێی دەوترێ موخەصەصاتی ئازووقە، دەیانـدرێتێ، ئێمەش شوکور ئاسایشەکانی خۆمان لە ناو خۆماندا ماڵ و حاڵی خۆیان، وایشی دەوامەکەیان بۆ ڕێکخراوە کە (15) ڕۆژ دەوام بکەن و (15) ڕۆژ لە ئیجازەدان، بەڵام هەر ئێمە بەوەشەوە نەوەستاوین، بەڕێزان لێژنەی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆیان بانگ کردووە، وەزیری ناوخۆیان بانگ کردووە، وەزیری دارایی، لە کۆتایی کە ئەوە قەت لە دونیادا نەبووە، لە کۆتایی ساڵی دارایی دا کە بتوانن لە کوێ پارە پەیدا بکەن ئەو بڕە زیادەیە بخەنە سەری، توانیان بڕێك پارە (100) هەزار زیاد بکەن، وەعد وایە لە میزانیەی داهاتوودا (210)ەکە صەرف بکەن، بۆ هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بەیەکەوە، یەعنی لە ساڵی داهاتوودا مانگی (9)، مانگی (10)، مانگی (11)، مانگی (12) ئینجا لەیەکەوە کە دەست پێ دەکات، ئەوەی کە (100)ی وەرگرتووە، (110)کەی کە ماوە وەری دەگرێت، ئەوەی کە دەمێنێت ئیتر لە سەری ساڵەوە لە دوای ئیقرار کردنی میزانیەی تازەوە (210)کە وەردەگرێ، کەواتە ئێمە غەدرمان لێ نەکردوون، بگرە هەر لە دوای ئەو یاسای بودجەیەوە ئێمە یەکسەر ئەو پەیوەندییەمان دروست کرد، بەڕێزان لە لیژنەی ناوخۆ هەستان بەکارەکەی خۆیان، لیژنەی پێشمەرگەش بەهەمان شێوە، ئێمە لێرەدا بەڕێزان کێشەیەکمان هەیە، با بیخەینە ناو کێشەی نەتەوەییەوە، کێشەی نەتەوەییمان هەیە ئێستا لە عێراقدا، لەناو ئەنجومەنی نوێنەراندا ئیقرار کراوە بە بڕێك پارە بۆ هێزی پێشمەرگە، بەڵام ئەو حکومەتەی کە لەوەو پێش بووە، ملی نەداوەو پارەکەشی نەداوە، هەر بۆیە نوێنەرانی کورد لەبەغداد، چ لە وەزیرەکان چ لە بەڕێزانی ئەنجومەنی نوێنەران، دەبێ بۆ ئەمساڵی بودجە ئەو حوکمانە چاك بکەن، و ئەو پارەیەی کە لە ساڵی 2007ـەوە نەدراوە، ئەوە بگەڕێننەوە، بۆیە من پشتگیری لە ڕای هەر چوار لیژنەکە دەکەم، هیوادارم ئەوە بەو شتە تەفسیر نەکرێت، چونکە ئێمە بەکاری خۆمان هەستاوین، إنشاء الله چەندێکیش حکومەتی هەرێمی کوردستان پارەی زیاد بوو، نەك هەر هێزی پێشمەرگە، ئاسایش، پۆلیس، بەڵکو بتوانێ داهاتی تاك لە کوردستاندا بگەیەنێتە ئاستێك کەوا خۆشترین ژیانی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ببورن ڤیان خان، مابوو لەوانەی کە پێشتر داوایان کرد بەردەوام بێت، ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان کێشەی پێشمەرگە بۆ ماوەی چوار ساڵە، لە ساڵی 2007 ـەوە یەکێکە لە کێشە گرنگەکان، کە لەواقیعی ئەمرۆی هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی ئێمە بووەتەوە، پاش ئەوەی کە بووەتە هۆی دروست کردنی عەجزی میزانیە لەهەرێمی کوردستاندا، کەواتە ئێمە ئەم عەجزە بووەتە هۆی خەلەلێکی گەورە لە بودجەی هەرێمی کوردستان، کە بووە بە کێشە، واتە حەقی خەڵکانێکی تر لەسەر ئەم بودجەیە کە دەدرێت بە هێزەکانی پێشمەرگە، ڕاستە ئێستا لەوانەیە ئیشارەت بەهەندێ یاسا بدرێت، لەوانە ماددەی (24) لەیاسای بودجەی ساڵی 2010کە بڕیاری چاککردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە دراوە، پاش ئەوە یاسای ژمارە(38) لە ماددەی (46) لەڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی پێشمەرگە، باس لەوە کراوە، بەماددەیەك کە ماددەی (46)ـە باسی لەوە کردووە کە دەبێ مووچەی هەموو هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش وەکو هاوتاکانیان بێت لە بەغداد، بەڵام ئێمە ئەبێ ئەمڕۆ بگەڕێین بەدوای سەبەبی یان هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ئەم یاسایە، بۆیە ئێمە پێشتر ڕەئی حکومەت وەرگیراوە لەسەر ئەم کێشانە، کەبۆچی بووەتە هۆی جێبەجێ نەکردنی، بەڕاشکاوانە وەزیری دارایی ئەوەی پێ وتووین کە هۆکاری جێبەجێ نەکردنی یان سەرف نەکردنی ئەو پارەیە لە مەرکەزەوە، گوایا لە حکومەتی مەرکەزدا بڕوایان وایە کە هێزەکانی پێشمەرگە یەکی نەگرتۆتەوە، بۆیە ئێمە بەدەرەجەی یەکەم ئەبێ بگەڕێین بەدوای ئەو خەلەلانەی کە لە یاساکەدا هەیە، بۆچی ئەم خەلەلانە جێبەجێ ناکرێت تاکو لە مەرکەزدا ئەوان بودجەکە بۆ ئێمە بنێرن، پاش ئەوە نوێنەرانی ئێمە لە بەغداد کە ئەرکێکی نیشتمانیان لەسەر شانە، کە نوێنەرانی میللەتی کوردن، وابزانم هێزەکانی پێشمەرگە یەکێکە لە موئەسەساتە گرنگەکان لەهەرێمی کوردستاندا، کەواتە ئەرکی ئەوانە ئەبوایە پێش چوار ساڵ ئەم کێشەیان یەکلایی بکردایەتەوە، نەك ئێستا ئێمە لێرەدا لە پەرلەمان بڵێین ئەمە نەکراوە، لەبەر ئەوەی بۆیان نەکراوە، ئەمە یەکێکە لەکێشەکان، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو خەلەلانەی کە هەیەتی بۆ ئەوەی یاساکان وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن، بەنیزامی کردنی هێزەکانی خۆیان بە موئەسەسات کردنی هێزەکانی خۆی بۆ ئەوەی سوپایەکی نیشتمانیمان هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ جێبەجێ کردنی سەرجەم ئەو یاسایانەی کە ئاراستەیان کراوە، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین، بەشێوازێکی دەستووریانە ڕووبەڕووی حکومەتی مەرکەز ببینەوە بۆ داواکردنی ئەو حەقەی کە هەیە لە مەرکەزدا، بۆ پێشمەرگەو سلکی ئاسایش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پاڵپشتی کردنی هەمووومان بۆ چاککردنی ژیان و گوزەران و بەدەست هێنانی ئیمتیازاتی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراقدا پێم وایە کەس ئیختلافی لەوەدا نیە، چونکە ئەو خەبات و هیلاك بوون و قوربانیەی پێشمەرگە، ئەم ڕۆژەی کە هاتۆتە دی و ئەم پەرلەمانەی کە ئێمە لە ژێر قوبەکەی دانیشتووین

و ئەم ئازادییە بەرهەمی هیلاکی و قوربانی دانی ئەوانە، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموومانـە کـە پاڵپشـت و پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بین، من ناڵێم فەزڵی پەرلەمانی کوردستان نیە، بەڵام بۆ ڕێزگرتن لـەو خـەبات و قوربانی دان و ماندبوونەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پەرلـەمانی کوردسـتان بـە سوپاسـەوە لـە سـاڵی 2007، سێ یاسای دەرکردووە بـۆ پێشـمەرگە، یـەکێکیان: ڕاژەو خانـەنشـینی پێشـمەرگەیە، دووەمیـان: ڕێـز لێنانی پێشمەرگە، سێیەمیان: خانەنشـینی کـەم ئەنـدامی پێشـمەرگە، کـە 52 مـاددە تـا 53 مـاددە لـەخۆی دەگرێت، هەمووی بۆ ئەوەیە کە بتوانین هاوکاری پێشمەرگە لەو خەبات و هیلاکی و ماندوبوونەی بکـەین، یەکێك لەو ماددانەش کـە بەتایبـەتی باسـی کـردووە، مـاددەی 46 ـەشە کـە دەڵێـت( پێشـمەرگە (زێڕەڤـانی هـەرێم) ئـەوەی حوکمـەکانی ئـەم یاسایە دەیگرێتـەوە سـوود لەهـەموو مـاف و ئیمتیـازاتێکی هاوشـانی لـە کارمەندانی سوپای عێراقی وەردەگرێت، کـە یاسـای خزمـەت و خانەنشـینی کـارپێکراو یـان هـەر یاسـایەکی دیکـەی فیـدڕالی دەیانگرێتـەوە) ئـەوە ئاماژەیـەکی سـەریحە بـۆ ئـەوەی کـە هـەموو مـاف و ئیمتیـازاتێکی پێشـمەرگە لێـرەدا هـەبێت، بـەڵام ئێمـە هـەمووما‌ن کێشـەکانی پێشـمەرگە دەزانـین، یـەکێك لـە کێشـە هەڵواسراوەکان تا ئێستا بەو شێوە ماوەتـەوە لـەنێوان حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و حکومـەتی عێراقـی فیدڕاڵ و وەزارەتـی پێشـمەرگە و وەزارەتـی بـەرگری عێـراق، مووچـەو ئیمتیـازاتی پێشـمەرگەیە، بودجـەی هێزی پێشمەرگەیە، کە پێم وایە لەساڵی 2005 ـەوە، ئێمە کە سەردانی وەزارەتـی پێشـمەرگەمان کـردووە، چـوار فایـل بەڵگەنامـەیان داوینـەتێ کـە چ ڕێکـەوتنێك کـراوە، لـەنێوان بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم و دواتـر سـەرۆکی حکومـەتی هـەرێم و پاشـتر وەزارەتـی پێشـمەرگە، لەگـەڵ بـەڕێز نـوری مـالکی، دواتـر وەزارەتـی بەرگری عێراق و بە شاهیدی هەموو ئەمریکیەکان، بەڵام دواتر کەهاتووەتە سەر ئەوە، ئەو شتە جێبـەجێ نەکراوە، بۆیە بەپێی ئەو ڕێکەوتنانەی کە لـە سـاڵی 2005 ودواتـر سـاڵەکان کـەش کـە کـراوە، ئەبوایـە لـە 17٪ی بودجەی وەزارەتی بەرگری عێـراق کـەوا لـە مووچـەو هـەموو پێداویسـتیەکانی پێشـمەرگەی بدایـە بەوەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام بەداخەوە ئەوە جێبەجێ نەکراوە، سەرەڕای چەندین هەوڵدانیش، ئـەوە پـێم وایـە هـەمووما‌ن ئاگـادارین، ئـەم مـاوە تازەیـەش ئێمـە سـەردانی وەزارەتـی پێشـمەرگەمان کـرد، تـازەترین سەردانیان لە 12/8 بووە، کە دانیشتوونەتەوە، لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراقدا تا ئەم کێشـانە چارەسـەر بکەن، وەعدیان پێداون کە دوای تەشکیل بوونی حکومەتی عێراقی تازە و هاتنی وەزارەتی بەرگری، وەعدی ئەوەیان داوە کە چارەسەری ئەوە بکرێت، خاڵێکی تر، حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دوای ئـەوەی لـە سـاڵی 2007 و 2008 و 2009 و2010، بەڕاستی من وەکو ئەندامێك لە لیژنەی پێشمەرگە، سوپاسـی هـەردوو کابینەی پێنجەم و شەشەم دەکەم، نەیان هێشتووە پێشمەرگە وابەستە بکات بەوەی کە بڵێـت بـا پارەکـە لـە بەغداوە بێت، بەڵکو توانیویەتی لە بودجەی حکومەتی هەرێم پارە ببڕێت بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ئەویش ئەوەیە لە میزانیەی ئەو چوار ساڵە، هـەموو جارێـك عجـزی میزانیـە هـەبووە کـە 835 ملیـار دینـارە، کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دابـینی کـردووە بـۆ وەزارەتـی پێشـمەرگە، هەرچـەند وەکـو پێویسـت پێداویستیەکانی هێزی پێشمەرگەی پـڕ نەکردۆتـەوە، بـەڵام حکومـەتی هـەرێم چـاوی لـەهیلاکی و مانـدوو

بوونی هێزی پێشمەرگە بووە، بۆیە لە عجزی میزانیە لە شوێنەکانی تری بڕیوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو بە سولفە دەیداتێ، ئومێد دەکەین کە، ئەگەر هەوڵەکان سەرکەوتوو بوون پێدابگرین لەم پەرلەمانەوە کە لەسەر یەك شت خۆش نەبین لەو ڕێکەوتنانەی کە لە ساڵی 2007 ـەوە کراوە، بودجەی هێزی پێشمەرگە بدرێت، ئێمە وەك ئاماژەم پێدا، یاسا هەیە لێرە لەم پەرلەمانە دەرچووە، بەلاّم بڕیارەکەی و جێبەجێکردنەکەی لە بەغدایە، یەعنی ئێمە لێرە هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی پێشمەرگە، کە ئینکاری لێ ناکرێت دەبێ هەیبێت، بەلاّم بڕیارەکەو جێبەجێ کردنەکەی بەستراوە بە حکومەتی فیدڕالی عێراقەوە، کە موعەلەق ماوەتەوە بۆ جێبەجێ کردنی، ئەگینا ئەو بڕیارە جێبەجێ کردنی پێم وایە لە بەیانی زووەوە وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئامادە باشیەکی حازرە بۆ ئەوەی کە حکومەتی عێراقی موافەقە لەسەر بودجەی لە 17٪ی پێشمەرگە بکات، کە بەس مووچە نیە بەتەنها، بەڵکو پێداویستیەکانی کەشە لەگەڵ ئەو لە 17٪یە، بۆیە من جارێکی تر داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم، جوهدەکانمان بخەینە پاڵ جوهدی بەڕێز سەرۆکی هەرێم، بەڕێز سەرۆکی حکومەت، بەڕێزان لە وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئێمەش پێداگر بین، زەخت لە حکومەتی عێراقی و وەزارەتی دیفاعی عێراقی بکەین، بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات بۆ گەڕانەوەی ئەو شتانە، خاڵێکی تر، حکومەتی هەرێمی کوردستان دانەنیشتووە بەوەشەوە کە بڵێین بیداتە دەستی قەدەر، بەڵکو دەستی کردووە بە تەشکیل کردنی لیواکان، تا ئێستا چوار لیوا تەشکیل بووە، چواری تریش بەڕێوەیە، ئەو چوار لیوایەی کە تەشکیل بووە بەنیزامی بووە، هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی سوپای عێراقی هەیە، کە ئەدرێت بە عەسکەرێکی عێراقی، لەو چوار لیوایەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەشکیلی کردووە، هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی ئەوانە پارێزراوە، ئەوەشیان لە بەرنامەدا هەیە بۆ ساڵی داهاتوو کەوا چوار لیوای تر دابمەزرێنن و ببێت بە هەشت لیوا، لە بودجەی ساڵی 2011ش، هەم جارێکی تر ئەگەر ئەوە ڕێك نەکەوێت بەتەئکید حکومەتی هەرێمی کوردستان وەعدیان لە حکومەت وەرگرتووە، کە بودجەی ئەو چوار لیوایەش دابین بکات بۆ ئەوەی ببێت بە هەشت لیوا، من جارێکی تر لە ئێوەی بەڕێز تەئکید دەکەمەوە کە لەم پەرلەمانەوە یاسا دەرچووە، لە ساڵی 2007 لەبەر ئەوەی جێبەجێ کردنەکەی کەوتۆتە سەر حکومەتی عێراقی بۆیە نەبووە، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگەش، کە یاسا هەبێت جارێکی تر دەرکردنی یاسا، ئێمە لە ساڵی 2007 یاساکەمان دەرکردووە، هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی داوە بە پێشمەرگە، ئێستا جارێکی تر یاسا دەربکەینەوە کە جێبەجێ کردنەکەی لە بەغداد بێت، نازانم ئەوەیان ئەچێتە کوێوە؟، ئەوە برادەرانی یاسایی باشتر ئەزانن، من جارێکی تر وەکو سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە، وەکو ئەندامێکی لیژنەی پێشمەرگە، داوا لە بەڕێزتان دەکەم، داوا لە پەرلەمانی کوردستانی دەکەم، کەوا هەموو هاوکارییەك و پشتیوانێکی لیژنەی پێشمەرگە بکەن، یان هاوکاری هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێم و وەزارەتی پێشمەرگە بین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو لە 17٪ی بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بگەڕێنینەوە، بۆ ئەوەی چیتر پێشمەرگە لەماف و ئیمتیازاتەکانی خۆی بێبەش نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سالار محمود، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا قسە كە دێتە سەر ناوی پێشمەرگەو ناوی ئەو هێزانەی كە دەستكەوتەكانی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستان دەپارێزن، مرۆڤ ئەبێت بە ملكەچیەوە، قسە لەسەر ماف و ئەرك وئازادی و پێداویستیەكانیان بكات، ناچمەوە سەرئەو بابەتەی كە كاك محمد شارەزووری و خاتوو سۆزانی خاڵە شهاب ئاماژەیان پێكرد، بەڵام ئەمەویێت یەك ئاماژەی كورت بكەم بۆ ئەوەی كە ئێمە ئەو بەرهەمانەی یان ئەو دەستكەوتانەی كە لەمێژووی كوردەواری و كوردایەتیدا بەدەست هاتوون، لەڕێگەی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەو خەباتی پیرۆزی پێشمەرگەوە بووە، كە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان باشترین و ساغڵەم ترین ئیعتیماد و پشتیوانی كەریان بوون، بەشێكیان لەو پێناوەدا شەهید بوون، وە ئەو دەستكەوتانەشی كە ئێستاكە بەدەست هاتوون دەیبینین بریتین لەو موئەسەسە دەستووری و یاساییانەی كە لەهەرێمی كوردستاندا هەن، وە ئەو ئازادییەی كە هەیە یەكێكە لەو دەستكەوتانە، ئەویش ئەم پەرلەمانەیە كە ئێستا ئێمەی كۆكردۆتەوە، بەهەموو دەنگ و ڕەنگ و بیروڕا جیاوازەكانیەوە، وە پارێزگاری كەری ڕاستەقینەش لەو دەستكەوتانە، هێزەكانی پۆلیس و ئاسایشن، ئەمە درێژە پێدەری خەباتی پێشمەرگەو شەهیدەكانە، بۆیە قسەكردن لەسەر ئەم بابەتە مەسەلەیەكی زۆر زۆر هەستیارە، وە هیچ كەس و لایەنێك، لەگەڵ پەرژێنی زۆرم بۆ ئەم هۆڵە، كە هەمووومان نوێنەری خەڵكی كوردستانین، نوێنەری هێزی پێشمەرگەو هێزە پارێزەرەكانی ئەم دامەزراوەین، ناتوانین لە هیچ بابەتێكەوە، كە جارێكی تر دووبارەی دەكەمەوە پەرژێن بێت لەم هۆڵە، هەموومان نوێنەری ئەوانین، وە ئەركە لەسەرمان، بۆ زیاتر پەرەپێدان و گەشە پێدانی ئەم موئەسەسە دەستووری و یاساییانە هاوكارو یارمەتی دەریان بین نەك تەنها لەباری ماددەیەوە، بەڵكو لەباری مەعنەویشەوە، تازەترین دەستكەوتی ئەو هێزانە بۆ ئێمە دوێنێ لە هەولێر گرتنی چەندین كیلۆ ماددەی تلیاك و پێری ئاشكرا كردنی گروپێكی تیرۆریستی قاعیدە لە سلێمانی و لەهەولێریش، ئەمانە بۆ خۆیان دەرخەری ئەوەن كە ئێمە ئەبێت بەهەموو بارێكەوە هاوكارو یارمەتی دەرییان بین، جێگەی دەستخۆشیە لە ڕابردوودا كە حكومەتی هەرێمی كوردستان توانی بڕێك لەو باڵانسە بەرزبكاتەوە كە توانی 100 هەزار لەو 210 هەزارەی كە لە ئەستۆی حكومەتی مەركەزی بوو، بۆیان دابین بكات، بەڵام بیرمان نەچێت، كە ئیرادەی هەرێمی كوردستان لەڕێگەی ئیئتلافە كوردستانیەكان لە بەغداد، كە بە 19 خاڵەوە لەڕێگەی ئەم پەرلەمانەوە ئیقراری لەسەر كرا، وە چەندین سەعات گفتوگۆی لەسەر كرا، یەكێك لەخاڵە جەوهەرییەكانی بریتیە لە چارەسەر كردنی ئەو گرفتانەی كە پەیوەندیان بە پێشمەرگەو ناو وناوبانگی هێزەكانی ئیتیحادیەوە هەیە، كە ئەبێتە چارەسەر بۆ ئەو مەسائیلەی كە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی دەكەین، جێگەی دەستخۆشیە كە هەموومان بە حیرسەوە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە دەكەین، بەڵام بیرمان نەچێت

کێشەکە تەنها ماددی نیە، بەڵکو لەباری مەعنەوییەوە ئەبێت ناو وناوبانگی پێشمەرگە، ناو وناوبانگی هێزەکانی ئەمنیەت و پۆلیسی مەدەنی بپارێزین، وە بیریشمان نەچێت، بەشێك لە کەناڵی میدیا، لەئاستی دەرەوە لە جیهان، وە لەناوچەیی و لەعێراقی هەندێك جار سێبەرەکەی دەگاتە کوردستانیش دەیانەوێت ئەم ناوانە یان ئەم دامودەزگایانە بەجۆرێك لە جۆرەکان بێ هەیبەت و بێ ڕێز بکەن، کە ئەمەش ئەرکی هەموومانە لە ڕاستیدا کە داکۆکیان لێ بکەین و نەهێڵین ئەو سووکایەتیە بەردەوام بێت، ئەمەش بەقەد مەسەلە ماددیەکە بۆ ئەوان گرنگە، بەڵکو گرنگترە، چونکە هەندێکجار مەسەلەی ماددی بەحاڵەتی تر تەعویز دەبێتەوە، بەڵام تێکشکاندنی باری مەعنەوی ئەمەیان قورسە، بۆیە هیوادارم ئەو هەولانە لەهەر جێگەیەکەوە هەن، هەموومان وەکو یەك، پێکەوە بەیەکسانی ئیشیان لەسەر بکەین، وە داواکاریشم لەپەرلەمانی کوردستان ئەوەی پەیوەندی بە چارەسەر کردنی گرفتی ماددی پێشمەرگەو هێزەکانی ئەمنیەوە هەیە، بۆ هاوکاری کردن لەوەفدی ئیئتلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکان لەباری ئەم بابەتە لیژنەیەك پێکبهێندرێت، بۆ بەغدا بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ داکۆکی کردن لەچارەسەری ئەو مەسەلەیە، من پشتگیری لە بڕگەیەك لەو بڕگانە دەکەم کە لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمان ئاماژەی پێکردووە لەڕاپۆرتەکەیدا، کە ئەم مەسەلەیە لە بودجەی ساڵی داهاتووی 2011 کە ئێمە لە ماوەی مانگی داهاتوو ئەچینە ناو گفتوگۆ کردنی چارەسەر بکرێت، وە لێرەدا تەقدیرم بۆ بیرو بۆچوونی لیژنەکانی تر هەیە، وە پشتیوانیانم، بەڵام بەخاڵێکەوە بێینەوە دەرێ کە ئەو خاڵەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆدا هاتووە، بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، خاڵێکی تر ئەوەی پەیوەندی بە ئەصڵی پڕۆژەکەوە هەیە، لەڕاستیدا پڕۆژەکە زۆر ئیسراری لەسەر ئەو بابەتانە نەکردووە کە لەو یاساو بڕیارانەی لە ڕابردوودا لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراون، بەڵکو جۆرێك لە ناڕوونی پێوە دیارە، ئەبوو زیاتر تەرکیزی بکردایەتە سەر چەندین بواری تر، واتە تەنها مەسەلە ماددیەکانی نەگرتایەتەوە، چونکە ئێمەی موشەرەع ئەبێ هەمەلایەنانە بۆ ئامادە کردنی پڕۆژەیەك هەموو لایەنەکان بخوێنینەوە، دوا قسەم ئەوەیە، ئەمڕۆ کە دوای نیوەڕۆ هاتینە ناو هۆڵی پەرلەمان، دوو برای بەڕێز لە پۆلیسەکانی پارێزەری پەرلەمان، پرسیاریان لێ کردین وتیان، ئەرێ کاکە ئەو موناقەشەیەی کە ئەمڕۆ دەیکەن، بەمەبەست زیاد کردنی مووچەکانی ئێمەیە، پشتیوانیمان لێدەکەن؟، وتمان بەڵێ پشتیوانیمان لێکردوون، وە لێشتان دەکەین، وە هاوکارو یارمەتیدەر دەبین، بۆ ئەوەی هاوشێوەی پۆلیسی عێراقی ودەزگاکانی ئاسایشی عێراقی و دەزگا فیدڕالیەکانی عێراقی بن، ئێوە سوودمەند بن و بەهرەمەند بن، نەك لەڕووی ماددیەوە، لەڕووی مەعنەویشەوە، بۆیە ئەمە دەبێ ببێت بە موژدەیەك کە لە بودجەی ساڵی داهاتوودا ئیقرار بکرێت و درێژەی پێنەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز بێژم، ناڤێ پیرۆزێ پێشمەرگە مەزنترین و پیرۆزترین و موقەدەسترین ناڤە، وە بگرانیا چاڤێت كوردستانی شەرەف ل پێشمەرگە دباریتن، یەعنی ئەوە وەسفا پێشمەرگەیە، چونكە پێشمەرگە، ئەڤ دەستكەوتەو، ئەڤ پەرلەمانێ ڤێ گاڤێ ئەم تێدا كۆمبینێ دكەین، دەسكەڤتیا ئەڤی پێشمەرگەی قاهرەمانانە، ئەڤ ئەزموونەو ئەڤ حكومەتەو، ئەڤ ئازادیەو، ئەڤ ئەمن و ئاسایش و ئاڤە دانیە، سایەی سەرێت ئەڤان پێشمەرگێت قاهرەمانن، كە ئەڤرۆكە، ئەڤ سەروبەرێ هینا وجودێ، ل بەر هندێ مە پێ باشە یارمەتیێ پێشمەرگەی و، یارمەتیێ هێزێت ناڤخۆ، بلند ترین یارمەتی بیت ل كوردستانێدا، چونكی ئەڤ دەسكەڤتەو، ئەڤ ئەزموونە سایەی سەرێ وان هاتیە پاراستن، ل بەر هندێ مە هەمیا پێ خۆشە كو ژیانا وان و سەروبەرێ وان ل هەمی كەسەكی باشتر بیت و، هەمی ئاریشێت وان بێنە چارەسەر كردن، هەروەكی هەڤالێت من، سۆزان خاڵە شهاب و، كاك حەمە شارەزووریو، كاك سالاری بەحس كری، یاسایەك ل سالا 2007 ێ، یاسای ژمارە 38 ل ماددێ 46، دەربارەی پێشمەرگەی هاتیە كرن، بەس هەقیقەت هێشتا پتر بێتە دەولەمەند كرن، چونكی بەس نەقەزیەكا یارمەتیە و یان ژیانێیە، بۆ پێشمەرگەی ناحیا مەعنەوی، ل هەموو ناحیەكا دیكەڤە، دبیا رێز ل پێشمەرگێ بێتە كرن، چونكی بۆ؟، ئەڤ ئەزموونە سایەی سەرێ خەباتا پێشمەرگەیە، ل بەر هندێ، ئەم وەكو ئەندام پەرلەمانێت كوردستانێ، وە ئەز وەكو ئەندامەكێ د لێژنەی پێشمەرگەداو، وە د لیژنا ناڤخۆدا، بۆ هندێ مە ئهتیمامەكا مەزن، بۆ هێزێن پێشمەرگەی و پۆلیس و ئاسایشێ هەیە، چەندین جار مە سەرەدانا هەردوو وەزارەتا كریە، وە چەندین كۆمبوون مە دگەل وان كرینە، بۆ هندێ سەرو بەرێ ژیانا وان بێتە كرن، بەس ئەم لێرە با بەحسێ هندێ بكەین، ئایا ئەو غەدرە لە حكومەتا عیراقا فیدرال، ل هەرێما كوردستانێ دێتە كرن، ئایا هەتا ڤێ گاڤێ ئەم هاتینە جەواب ل سەر ڤێ مەوزوعەی، 2007 و 2008و2009و 2010، یارمەتیێ وەزارەتا پێشمەرگەی پەرلەمانا عیراقێ هاتیە ئیقراركرن، هەتا ڤێ گاڤێ یەك درەم نەهاتیە ئیتلاق كرن، نەبەس یارمەتیێ پێشمەرگەیە، تەجهیزا پێشمەرگەیە، ئەرزاقێ پێشمەرگەیە، تەموینا پێشمەرگەیە، سەكەنێ پێشمەرگەیە، جل و بەرگێ پێشمەرگەیە، هەمی تشتەكێ پێشمەرگەیە، ئایا ئەڤە هاتیە كرن؟، ل بەر هندێ ئەز داخازا ل سەرۆكاتیێ پەرلەمانێ دكەم، لیژنەك ل پەرلەمانێ كوردستانێ، دگەل وەزارەتا پێشمەرگەی، دگەل وەزارەتا داد، دگەل وەزارەتا ناڤخۆ، بێتە هناردن، بۆ بەغدا، بۆ هندێ ل سەرو بەرێ ئەڤی باسا، هەرچەندە جەنابێ سەرۆكێ هەرێما كوردستانێ، گەلەك پێداگر بویە ل سەر ئەڤان خالاً، وە ب تایبەتی ئێك ل وان كە خالا پێشمەرگە، هەتا ڤێ گاڤێ خاڵەكا هەلاً ویستیە، یێت مابەینێ مەو مابەینا حكومەتا عیراقا فیدراڵدا، ئەم بچین ببینە پاڵ پشت و، ببێنە هاریكار دگەل هەڤالێت خۆ دگەل پەرلەمانێ عیراقێ، ئێ دگەل كاربەدەستێتمە ل حكومەتا عیراقا فیدرال، بۆ هندێ ئەم بشێین ژیانا پێشمەرگەی باشتر و چێتر بكەین، وە مە پێباشە ژیانا پێشمەرگەی، هێزێت ناڤ خۆ و ئاسایشی، ل هەمی كەسەكی باشتر بیت ل كوردستانێدا، چونكی ئەڤ ئەزموونە، سایەی سەرێ شەڤ نخونیا وانەو، سایەی سەرێ ئەوێ قەهرەمانیا وانە، كە ئەڤ ئەوە

هاتیه وجودێ، ل بەر هندێ ئەز پشتەڤانیا، ڕاپۆرتێ هەرچار لیژنا دکەم، کە ل سەر ئەڤی بابەتێ و، بۆ هندێ ئەڤ سەرو بەرێ پێشمەرگێ باشتر بێتە کرن، هەرچی بۆ پێشمەرگەی بێتە کرن، دگەل هندێ داینە، چونکی ب ڕاستی ل ئەڤرۆ پێڤە، هەرچی ل شانامە دابیتن و وەکو ئەندامێت پەرلەمانێ کوردستانێ، وە جهێ شانازیە بۆمە، چەند کەس ڤێ گاڤێ د وی هۆلێدا ڕی نیشتینە، ئەم پێشمەرگە بووینە و ڤێ گاڤێ ئەم ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێینە، ئەم بەری هەمی کەسەکی دیفاعی ل پێشمەرگە دکەین، چونکی پیرۆزترین و مەزنترین ناڤە ڤێ گاڤێت کوردستانیدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێمە سوپاسی کاك بورهان رەشید دەکەین مولاحەزەیەکی نارد، کە فەقەرەی سێ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرنامەی کار پۆلیس لاچووە، یەعنی پۆلیس دەبێت لەوێ دابنرێت، ئەو مولاحەزەیەی هەبوو هەڵەیەکی مەتبەعیە، زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێمە من ناوی کاك نەریمانم نووسی بوو، بەس کاك بورهان لە جیاتی قسەی کرد، ئەویشم نووساند بوو، زیاد بوو، ئێستا لەبەر ئەوەی سیقەکە تێك نەچێت، کاك دڵشاد و کاك نەریمان قسە دەکەن، ئەم لە دژی قسە دەکات، ئەویش دیفاعی لێ دەکات، با کاك نەریمان قسە بکات، پاشان قسە بکە، کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

من پێم باش بوو هەندێك راستکردنەوە بکەم، ئەمە پرۆژە یاسا نییە، کە هەندێك لە بەڕێزان باسیان کرد، ئەمە پرۆژە بڕیارە، بۆ تەنسیق کردنی ئەو بڕیارانەی کە هەیە بۆ یەکسان کردنەوەو عەدالەت دروست کردنە بۆ جێ بەجێ کردنی، من بەو پێیەی کە ماوەیەکی زۆر خۆم لەناو ئەو هێزانە کارم کردووە، موعانات و ئەرك و ماندوو بوون و قورسایی ئەرکەکەیان تیا ژیاوم و ئاگاداریم، من حەز دەکەم چەند روون کردنەوەیەك بدەم.

سەبارەت بەوەی ئێمە لیژنەی ناوخۆ یەکەم نازانم چۆن تەفسیر کرا، ئێمە لەگەڵ سێ لیژنەکەی تر لە رەئی جیاوازیمان هەیە، ئێمە داوامان کردووە پرۆژە بڕیارەکە بکرێت، بەڵام بەڕێزیان داوایان کردووە بگەڕێتەوە، حەز دەکەم ئەمە روون بێت لەلای بەڕێزان، من دێمە سەر ئەوەی لەسەر تەئمینی واریدات بۆ میزانیەو خەرجی، توانای دارایی حکومەت، ئێمە ئەو سێ بەڕێزەمان بانگ کردووە، کە بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە، کە ئەمانە مەعنین، نوێنەری حکومەتیشمان دەعوەت کرد بوو، بەداخەوە نەهات، لەبەر ئەوەی خەلەلێکی فەنی هەبوو، باش ئاگادار نەکرا بوو، بۆیە ئێمە کە دانیشتین لەگەڵ ئەم بەڕێزانە لەسەر ئەساسی ئیتیفاقی ئەوانیش بووە، کە ئەو بڕیارەمان دەرکردووە، کە

ئەو بڕیارانە دەربکرێت لە هەموو روویەکەوە گوتمان یەکسان بکرێتەوە، ئێمە لە قانونی موازەنەی ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە ماددەی (24) (تحقيق المساواة بين رواتب قوات الپێشمەرگە والاسايش والشرطة في الاقليم مع الرواتب اقرانهم في الحكومة الاتحادية) هاتووە، رەواتب و موخەصەصات لێرە کێشەکەی دروست کردووە، بەڕاستی موخەصەصات ئەو کات زۆر هەوڵ درا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر، بەلأم موخەصەصات نەکرا بەو پێیەی کە حکومەت توانای دارایی خۆی بە ئاستەنگ دەزانی، من دەمەوێت بەراوردێك بکەم لەنێوان ئەرکەکاندا وەکو هێڵێکی بەیانی بکەین، لە ساڵی 2003ـەوە ئەو هێزانە مووچەو موستەوای ژیان لە هەرێمی کوردستان لەعێراقیشدا زۆر بەرز بۆتەوە، زیاد کردنی مووچەی ئەم هێزانە کەمترین پشکی بەرکەوتووە وەك کارمەندانی تری هەموو حکومەت لەهەرێمی کوردستان، پێش ئەم بەرواره من خۆم لەو هێزانەدا بووم ژمارەیەکی زۆر خەڵکی خاوەن شەهادە، خەڵکی خاوەن بەتوانا، خەڵکی لێهاتوو زۆر هەوڵیان دەدا بێنە ناو ئەو هێزانە، لەبەر ئەوەی مووچەکانیان ئەوەندە بەرز بوو و باش بوو، ئەمە وای کرد لە رووی نەوعیەوە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە ژمارەیەکی باش لە خەڵکی خاوەن بڕوانامەو ئەوانەی تیا بێت بەهۆی مووچەکانیانەوە، کە چەند قاتی مووچەی وەزارەتە مەدەنیەکانی تر بوون، ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، ئێمە لە سەردانەکانمان وەکو لیژنەی ناوخۆ سەردانیان دەکەین پلە بەرزەکان لە ئاستی بەرزیشدا، ئەگەر بۆیان بکرێت و بەڕێز وەزیری ناوخۆ خۆی ئەمەی لە کۆبوونەوەی لیژنەکەی ئێمە گوتی، ئەگەر رێگەی نەقل بوون بدەم، گوتی زۆربەی زۆری خەڵکە کەفوئو باش و خاوەن شەهادەکان لە وەزارەتی ناوخۆ دەچێتە دەرەوە، بە هەمان شێوە لە وەزارەتی پێشمەرگە، ئەویش لەبەر خاتری مووچەیە بەڕاستی، زۆریان بە ئێمەیان گوتووە ئەگەر ئەوە باش نەکرێت، ئێمە ناچار دەبین و دەرگای نەقل کردنەکە، من پێموایە زۆربەی زۆریان ئەو هێزانەش لە رووی نەوعیەوە، لە رووی کەفائەتەوە، لە رووی تواناوە بەڕاستی لاواز دەبێت، ئەگەر پۆلیسێکی ئاسایی لەم هەرێمەی ئێمەدا، کە باسیش کرا پازدە رۆژ واجیب دەبینێت کە (24) سەعاتیە، واتا مانگانە (360) سەعات ئەرك دەبینێت، ئەمە لە رووی قانونیەوە نییە پازدە رۆژەکە، هەندێکیان هەیە کە (20) رۆژ دەوام دەکەن، ئەوە دەکاتە (480) سەعات لە مانگێکدا دەوام دەکات، ئەگەر لە ئینزاردا بێت (720) سەعات دەوام دەکات، هەندێك جاریش بە مانگ و دوو مانگ بە ئینزار مەشغول دەبن، بەرامبەر بە مووچەی کارمەندەکانیان لە بەشەکانی تری وەزارەتەکاندا (145) سەعات دەوام دەکرێت، سەرەڕای ئەوەی کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ئیجازە دانیان، ئیجازە زۆر زەحمەتە، لە رووی یاساییەوە بۆ دەوام کردن هەر کارمەندێکی پۆلیس و ئاسایش، عەسکەریش هەروایە لە پۆلیسێکی ئیعتیادییەوە، یەعنی لە پێشمەرگەیەکی ئیعتیادیەوە تاوەکو رەئیس عورەفا مانگی یەك رۆژ ئیجازەی هەیە، بەڕێزان، ئەگەر یاسا جێ بەجێ بکرێت بەسەریاندا، بەلأم ئێستا یارمەتیان دەدرێت، ئەوە جێ بەجێ ناکرێت، ئەگەر بێتو ئەوە قیاس بکەین (696) سەعات دەوام دەکەن، کەواتە چەندین قات ئەوەندەی هاوکارەکانیان لە وەزارەتەکانی تردا دەوام دەکەن، سەرەڕای ئەوەی کە موفەوەزێك تا ئاخیر پلەی لیواو فەریقیش لە عەسکەریدا مانگانە سێ رۆژ مۆڵەتی هەیە، واتا لە مانگێکدا (648) سەعات دەبێت دەوام

بکات، ئەمە بێجگە لە ختورە، لە مەترسی ئەم هێزانە، لەناو ئەم هێزانەشدا شەهادە، خزمەت، مندالّ حیساب نەکراوە، کە لە مەدەنیدا حیساب کراوە، ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر ژیانیان، واتا لە کارمەندێکی ئەم هێزانە، ئەگەر سەڵت بێت، یان ئەگەر دە منداڵیشی هەبێت مووچەکەی مەقتوعە وەکو یەکە، کەواتە ئەمە پێویستی بەوە هەیە، هەروەها لەناوخۆشیاندا ئەم هێزانە چەندین جۆر مووچە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی لە ساڵی 2004 دامەزرا بێت سەد هەزار دیناری لەوە زیاترە کە بە هەمان پلە لە ساڵی 2005 دامەزرا بێت، ئەمە تەنها هەر مەسەلەکە هاوتا کردنەوە نییە، لەناو خۆشماندا لە ناو هەرێمی کوردستان پێویستە ئێمە تێبینی بکەین، هەروەها لەموخەصەصات، موخەصەصاتی مەترسی، لە 80٪یان هەیە، لە 90٪یان هەیە، لە لە 100٪یان هەیە، کە ئەمەش بەڕاستی جیاوازییەکی زۆرە، من پێمولیە لە رووی مەترسیەوە هەموویان وەکو یەکن، لەوانەیە یەکێك لە رووی عەسکەرییەوە مەترسیەکی زیاتری هەبێت، بەلاّم ئەویتر لە رووی ئەوەی کە لەسەر ئەو جادەیە دەوەستێت، خۆر، گەرما، سەرما، مەترسی، تووش بوون بەنەخۆشی لەسەر ئەو جادەیە تووشی دەبێت، من پێمولیە مەترسیەکانیان هاوتا دەبێتەوە، بۆیە لێرە لەناو سیستەمی مووچەکەشدا، لە موخەصەصاتی مەترسیشیدا ئەو سێ پلە هەیە، ئەم هێزانە لە هەموو بۆنەو خۆشییەکاندا، کە کۆمەلاّنی خەڵکی ترو کارمەندانی دەزگاکانی تریش لە پشوودان، بۆی دەچن بەخۆیان و خێزانەکانیانەوە، لەو کاتانەدا روو دەکەنە ئەو هێزانە، کە دەبێت لەم رۆژانەدا بچن دەوامی زۆر بکەن بە خەستی، بە مەترسی، بە سەردان، بە قەلەقی، هەموو ئەوانە لەگەڵ خێزانەکانیان نابن، لەگەڵ هاوکارەکانیاندا نابن، لەو رۆژانەدا ئەرکیان زیاد دەبێت، واتا لە بۆنەکانیش زۆر بێ بەشن، لە رەواتب و ئیلتیزامات و تەعلیمات و راپەڕاندن و ئەرکەکانیاندا باس کرا، کە چەند ئەرکەکانیان قورسترە لە وەزارەتەکانی تردا، لە مۆڵەت و هاوکاری و ئازادی و تەنانەت سزا دانیشدا زۆر جیاوازییەکی گەورە هەیە، لە مۆڵەتدا ئەوە باسمان کرد، لەهاوکاریدا زۆر جیاوازن، تواناشیان پەنا ببەن بۆ هاوکاری کردن، لەبەرئەوە ئیلتزاماتی عەسکەری زۆر سەختە، لە ئازادی دا ئەمانە بۆیان نیە ئەسڵەن، ئەندام بن، بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کە لەڕووی مەعنەویشەوە ئەمانە تەنانەت بە پێی قانونی حکومەتی عیراقی جاران ئیشی دەکرد، ئەمانە بۆیان نیە تەنانەت ئەندام بن لەرێکخراوێکیش دا، ناتوانن ئازاد بن کە رایەکی خۆیان دەربڕن، وە لە سزا دان بە سیت ترین موخالەفە گەورەترین سزای لەسەرە، سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو مەترسیانەی کە لەسەر ژیانیان هەیە، دەوامیان بەزۆری بە شەو و ڕۆژە، بۆیە ئەم هێزانە شایەنی ئەوەن کە ئێمە بە هەمووماں پێکەوە هەوڵ بدەین مووچەکانیان بەشێوەیەك بێت کە بەڕێز و حورمەتەوە لەناو خێزان و کەسوکاری خۆیان و ناو میللەتەکەیان، وە ئیلتزاماتیشیان زیاتر ببێت، بەڕێزان ئێمە ئەگەر ئەوە بکەین پێم وانیە نە ماف و نە ئیمتیازاتمان پێ داون، بەڵکو حەقێکە و هەیانە و بگەڕێتەوە، ئەمە لە حکومەتی عیراقی دا چەندین قات مووچە زیادی کردووە و ئێستاش بە پێی هەواڵەکان 50٪ حکومەتی عیراقی زیادی کردووە، بۆ بودجە و میزانیە و ئیمکانیات ئێمە پرسیارمان لە بەڕێز وەزیری دارایی کرد، ئەو پەیمانەی بە ئێمەی دا تاوەکو لەبەردەمی لیژنەکە و کراوە بە بڕیارێکیش کە بۆ 2011 هیچ

کێشـەیەکیان نـابێ لـەو ڕووەوە، بۆیـە مـن داوا دەکـەم بـەردەوام بـین لەسـەر پرۆژەکـە و ئەمـە پـرۆژە بڕیارێکیشە بۆ ئیلتزام کردنی حکومەتە بۆ ئەوەی لەبەردەم بودجەی 2011 داین، بۆ ئـەوەی جێگـەی بـۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نیە، کاك دڵشاد کەرەمکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە من باوەڕ دەکەم لـە شـەرحێکی زۆری بـارودۆخی پێشمەرگە و هێزەکـانی ئاسـایش تەقدیرێکی زۆر مەعنەوی و کۆدەنگیەك لەسەری باسکرا، من باوەڕ ناکەم نـە لـە تـەقریری لیژنـەکان و نـە لەو موداخەلاتانەی کەوا گوتران خیلافێك لەسەر هـیچ یـەکێك لـەو ڕێزگرتنانـە چ لـەڕووی مەعنـەوی و چ لەڕووی ماددیەوە من هەستم پێی نەکرد، کەوا بەڕاستی جێگای دڵخۆشیە کە هەمووومان کۆ دەنگـین لەسـەر ئەوەی کە ئەم هێزانە کۆڵەگەیەکی ئەساسی پاراستن و بـەرگری کـردنن لـە وڵات، وە کۆڵەگەیـەکی ئەساسـی پاراستنی ئەمنیەت و سەروەری خاك و نیشتمان و پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی هاووڵاتیانن، ئـەوەی کەوا جێگای خیلافە و جێگای پرسیارە ئەگەر بە واقعی سـەیری بکـەین، ئایـا فعلـەن موشـکیلەی هێزەکـانی پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەرچوونی ئەم پرۆژە بڕیارەیە یاخود حەقیقەتەکـە لـە شـوێنێکی ترە؟ من بۆیە تەئیدی ئەم مەسەلەیە دەکـەم کـەوا ئەمـە کێشـەیەك نیـە، واتـە شـتێك لەسـەر دەرچـوون و دەرنەچوونی ئەم پرۆژە بڕیارە نەوەستاوە، لیژنەکانی مەعنی زۆر جێگای تەقدیرن کە بە دەست خۆشیەوە تەشخیسی گرفتەکەیان کردووە، چونکو ئەم پرۆژە بڕیارە هەیە و لە یاساکانیشدا هاتووە، هیچ شتێکی تری تازە ناخرێتە سەر ئـەوە لـە غـەیری ئـەوە بـەدوای دا بچـین کـە وەکـو ئـەرکێکی تـەکمیلی یـاخود ئـەرکێکی ئەساسی کاری پەرلەمانی بۆچی ئەم پرۆژە جێ بەجێ نەبووە؟، ئێمە بێینە سەر واقعەکە قسە بکەین، ئایـا جێ بەجێ نـەبوونی ئـەم بڕیارانـەی کـەوا پەیوەسـتن بـە هاوتـاکردنی ئیمتیـازاتی هێزەکانی پێشـمەرگە و هێزەکـانی نـاوخۆ وەکـو هاوپیشـەکانیان لـە مەرکـەز سـەهو کارەکـەی لـە کوێیـە؟ تەقسـیرە لـە هـەرێمی کوردستان؟ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ یاخود بارودۆخێکی تر ڕێگـرە کـە دەرهـەقی ئـەو مەسـەلەیە هەیـە، لـە هـەموو ڕاپـۆرتی لیژنەکانـدا هـاتووە کـەوا ئـەو ئیمتیازاتـەی کـە ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتاندا دەدرێـت بـە هێزەکـانی پێشـمەرگە ئـەوەی جەیشـی نیزامیـە و لـە زمنـی تەشـکیلاتی جەیشـی عیراقـی دا ڕێکخراوە هێـزی پێشـمەرگەی ئـەم وڵاتـەن، ئینجا بـەناوی تـر و شـێوازی تـر موعالەجـە کـراون و سـەر بـە وەزارەتـی پێشـمەرگەن، هـەمان ئیمتیـازات وەردەگـرن، ئـەم پرۆسـەیە بـەردەوامی هەیـە، کەواتـە لێـك جوداکردنەوەی حاڵەتەکانیش زەرورەتێکە بەڕاستی، ئەوەی هێزەکانی ئاسایشی هـەرێمی کوردسـتان هاوتـای مووچەکانیان وەکو ئەوەیە کـە لـە مەرکـەز دا هەیـە، هێزەکانی پـۆلیس وەکـو لـە تـەقریری بـەڕێزانیش دا هاتووە و لە موراجەعەت کردنی یاخود بانگکردنی وەزیـر و لایەنـە پەیوەنـدارەکانیش دا هـاتووە لـە چـوار

مـانگی کۆتـایی سـاڵی 2010 بەشـێکی ئـەو بـڕە پارەیـەی کـەوا موخەسەسـاتی خۆراکـە و خواردەمەنیـە، لەبەرئەوەی خواردەمەنی لەبڕی ئازوقە دەدرێتە هێزەکانی پۆلیس، بەشێکی جێ بەجێ کراوە و بەشـەکەی تریش بەڵێن دراوە کەوا حکومەت لە ئاییندەدا جێ بەجێ ی بکات، بە دیتنی من ئەمانە هەمووی پرۆژەیە و هەیـە، ئیسـتجابە هەیـە و حکومـەت ڕازیـە و ئامادەسـازی هەیـە و هەوڵـەکانیش بـۆ چارەسـەر کردنـی گرفتەکە لەبەغدا هەیە، ئێمە ئەم هەولانە چڕ تر بکەین، ئەوەی کەوا موتەعەلقە بە بەغداوە چارەسـەری بکەین، ئینتزاری بەڵێنەکانی حکومەتیش بکەین ئەوەی کەوا دراوە لە ئاییندە لـە بودجـەی 2011 دا، خـۆ ئێمە ئەم پەرلەمانە هەر ماوەو ئەو حکومەتەش انشاللە هەر دەمێنێت کە هەمووومان مەوجودین، ئەگەر لـە کاتێك دا گرفتێك لەسەر هەبوونی پرۆژە بڕیارێك، یەعنی بە دیتنـی مـن ئێمـە تۆزێـك مەنصف بـین، مـن دەرهەقی خۆم قسە دەکەم، ماندووبوونی ئەم هەموو تێکۆشەرانە کـە شـەو و ڕۆژ ئێسـتا دەچـینە دەرەوە و لەسەر شەقامەکان دەیان بینین، ئێمە لە واقعدا علاجی مەسەلەکەیان بکەین، نـەك بـەدوای ئـەوە بگـەڕێین من وەرەقەیەکی تریان بۆ ئیمزا بکەم و لە دەرئەنجامدا پرۆگرامی ساڵی ئاییندەو ساڵی ڕابردوو و ساڵەکانی ڕابردوویان دووبارە بێتەوە، بۆیە بە دیتنی من هیچ شتێك لەسەر ئـەم مەسـەلەیە نەکـەوتووە کـەموکورتی لەسـەر دەرکردنـی پـرۆژە بڕیارێـك نیـە، ئەمـە پـرۆژە بڕیارێکـە ئەسـڵەن لـە یاسـایەکدا ئـەم مەسـەلانە موعالەجە کراون کە یاسا قوەتی قانونی و نیزامی لە بڕیاریش بەهێزترە و بەدواداچوونێکی جدی لەلایەن پەرلەمان و لیژنەکانەوە بکرێت، هۆکاری جێ بەجێ نەکردنی و نەبوونی، ئەگەر حکومەتی کوردستانە؟ بـا بانگی حکومەت بکەین و لێرە لێ پێچینەوەیان لەگەڵ بکەین، بۆچی ئەمـە جـێ بـەجێ نـەبووە؟ ئەگـەریش هۆکارەکـانی تـری خـارجی دەسـەڵاتی حکومـەتی هـەرێمن و پەیوەنـدیان بـە مەرکـەزەوە هەیـە، تواناکـانی خۆمان چڕ بکەینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، بۆیە من دەبینم ڕاپـۆرتی لیژنـەکان زۆر مەدروسـن و زۆریـش بە جوانی و بە وردی خاڵیان لەسەر پیتەکان داناوە، ئـەم گرفتـە گرفتێکـی گەورەیـە، تکـا دەکـەم لـە پـرۆژە بڕیارێك گەورەتر سەیر بکرێت لە ئەگەری جێ بەجێ کردن و جێ بەجێ نەکردنی بکۆڵێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نیە، رجائەن نیە، بەڕێزان ئێستا کێ پشتیوانی ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکات بۆ ڕەوانـە کردنـی بۆ حکومـەت؟ تکایـە دەسـت بەرزبکەمـەوە؟ زۆر سـوپاس، کـێ لەگـەڵ دانیـە؟ خـۆی پـرۆژە هـاتووە، ئەسـڵی پرۆژەکە بۆ موناقەشەیە، ڕەئی موخالفی موناقەشەکە ئەوەیە کە دەڵێ بنێردرێتەوە بۆ ئەوێ، تکایە وانیە، کێ لەگەڵ دا نیـە کـە بنێردرێتـەوە بـۆ حکومـەت؟ دەسـت بـەرز بکاتـەوە تکایـە؟ 23 بـەڕێز لەگـەڵ دانیـە، دەنێردرێتەوە، کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان لیژنەکان، لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی شـارەوانی کەرەمکـەن بـۆ ئێرە فەرموون، لیژنەی شارەوانی کەرەمکەن بۆ خوێندنـەوەی ڕاپۆرتـەکەتان.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار دەربارەی پرۆژە بڕیاری خانووە بێ تاپۆکان**

لیژنەی گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار سەرلەبەیانی ڕۆژی 9/28/ 2010 ی زایینی کۆبوونەوەی خۆی سازدا بۆ تاتوێ کردنی پرۆژە بڕیاری خانووە بێ تاپۆکان کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشکەش کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە ژمارە ك ـ 404 لە ڕۆژی 2010/6/30 ئاڕاستەی لیژنەکەمان کراوە لەدوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 21 لە ڕۆژی 2010/6/29 بە مەبەستی ڕای لیژنەکەمان، پاش خوێندنەوەی یەکەمی و گفتوگۆ کردن لەسەری دواجار بە کۆی دەنگی ئامادەبووان بڕیاردرا، لەبەرئەوەی ئەمە کێشەیەکی بڵاوە لە زۆربەی زۆری شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر چی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەندێك کاری لەسەر کراوە، سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردووە بە مەبەستی لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن هەرسێ وەزارەت (داد، شارەوانی و گەشتوگوزار، کشتوکاڵ و ئاودێری)، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تەواوی پێ بدرێت و بتوانێ چارەسەری هەموو خانووە بێ تاپۆکان بکات، بۆیە پێمان باشە ئەم پرۆژە بڕیارە دوا بخرێت تا ئەو کاتەی ئەم دەزگایە دروست دەکرێت، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون ڕاپۆرتەکەتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە ڕاپۆرتەکە داوامان کردووە ڕەفزی مەشروعەکە بکرێت، بەڵام ئێستا ئێمە دوای پێداچوونەوە پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی شارەوانی دەکەین بۆ دواخستنی ئەم پرۆژەیە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەم/ پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی 2000 پرۆژە یاسایەك یان پرۆژە بڕیارێکی دەرکرد بە تەملیکی موتەجاوزین، ئەم مەسەلانە ساڵی 2000 هەمووی یەکلاکراوە، تەملیکی موتەجاوزین کرا لە هەرێمی کوردستان، جا نازانین ئایا لە سلێمانی ئەوە نافزە یان نا؟، دووەم/ ئێمە داوای کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی شارەوانی لەگەڵ مودیر عامی تاپۆ دانیشتین بە ئێمەیان گوت، لیژنەیەکی مەرکەزی تەشکیل کراوە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دیراسەت کردنی ئەو مەسەلەیە، ئەومەسەلەیە جارێ دوای بخەن بۆ ئەوەی بتوانین لە ئەنجامدا ئێمە ئاگاداری یەکتری بکەینەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە. لەگەڵ ڕێزماندا

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس هەیە لەسەر ئەو مەوزوعانە قسە بکات؟ ئەم ڕێزدارانە دەیانـەوێ قسـە بکـەن (پـەیمان، کوێسـتان، برهـان، سـۆزان، شـلێر، شـۆڕش، سـەرهەنگ، شـەونم، کـاردۆ، عبدالسـلام، عمـر نورەدینی، ناسك، ئاشتی، عبـدالرحمن)، کەسـی تـر هەیـە؟ لیژنـەی کۆمەڵایـەتیش کەرەمکـەن وەرنـە ئێـرە، کەرەمکەن لیژنەی کۆمەڵایەتی، کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەیە ڕاپۆرتی لیژنەی کۆمەڵایەتی و خێزان و منداڵ دەبارەی پرۆژەی یاسای بەخاوەن کردنی خانووە بێ تۆمارەکان.

لیژنەکەمان لە ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی 2010/8/18 کاتژمێر 10ی بەیانی کۆبوونەوەی خـۆی سـاز کرد بە ئامادەبوونی گشت ئەندامانی لیژنە کە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. دوای خوێندنەوە و گفتوگۆکردنی لیژنەکەمان وامان بە بـاش زانـی کـە ئـەم پـرۆژە بڕیـارە پێویسـت بـە دەرچوونی ناکات، چونکە هەر هاووڵاتیەك دەتوانێت و مافی خۆیـەتی ئـەو خانووانـەی کـە تۆمـار نـەکراون تۆماری بکەن و وەك پرۆسەیەك بەردەوامە لەلای حکومەتەوە.

2. ئەگەر مەبەست تـەجاوز بێـت ئـەوا هـەر پـرۆژە بڕیارەکـە بـە پێچـەوانەی ئـەو بڕیارەیـە هـەروەکو لـە بڕگەی 4 دەرکەوتووە، لەبەرئەوە هیچ سوودێك نامێنێ بە دەرکردنی ئەم بڕیارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبی ئەگەر هەتانە کەرەمکەن، کاك . ............ فەرموو.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشروع قرار تمليك الدور الغير المسجلة

1. لغرض اصدار خدمات اكثر لاهالى كوردستان وبغية التعاون معا، تشكل لجنة فى وزارة العدل تقوم بتمليك الدور الغير المسجلة فى اقليم كوردستان.

2 . تشـمل عمليـة التسـجيل هـذه جميـع الـدور الغـير المسـجلة فـى المـدن والاقضـية والنـواحى وقـرى اقلـيم كوردستان.

3. تجرى عمليات التسجيل بدون مقابل.

4 . تجري عمليات التمليك بدون شروط، فالشرط الوحيد هو عدم مخالفة الدار للتصـاميم الاساسـية للقضـاء أو الناحية أو القرية.

5. فى حالة مخالفة الدار للتصميم الاساسى يجب تخصيص قطعة ارض سكنية لصاحب الدار.

6 . يجب تنفيذ هذا القرار خلال 8 اشهر من قبل الوزارة العدل.

الاسباب الموجبة

لغرض التظامن مع اهالى كوردستان ومعاونة الطبقات الفقيرة منهم، وباعتبار هذه المهمة من واجبات الحكومة، وان مشكلة السكن تشمل جميع مناطق كوردستان، ولاجل حد للمخالفات المتوارثة من الظروف غير الاعتيادية السابقة وانهاء مشاكل السكن، فقد صدر هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكەن لیژنەی یاسایی، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕیاری بەخاوەن كردنی خانووە بێ تۆمارەكان

1- بەمەبەستی خزمەت كردنی زیاتری خەڵكی كوردستان و هاوكاری كردنیان لیژنەیەك لە وەزارەتی داد پێك دەهێندرێت كە هەڵدەستێ بە تەملیك كردنی خانووە بێ تۆمارەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

2- ئەو كارە هەموو ئەو خانووە بێ تۆمارانە دەگرێتەوە كە لە شارو قەزا و ناحیەكان و گوندەكاندا هەیە.

3- ئەو تۆمار كردنە هیچ نرخێك لەبەرامبەری دا وەرناگیرێت.

4 - ئەم تەملیك كردنە بەدەرە لەهەر مەرجێك تەنها مەرج ئەوەیە كە پێچەوانەی تەسمیمی شارو قەزا و ناحیەكان و گوندەكان نەبێ.

5- لەكاتی پێچەوانە بوونی لەگەڵ تەسمیم دا پێویستە پارچەیەك زەوی تر بدرێت بەو كەسە.

6 - ئەم بڕیارە پێویستە لەلایەن وەزارەتی دادەوە لەماوەی 8 مانگدا جێ بەجێ بكرێت.

هۆیە پێویستیەكانی دەرچوونی ئەم بڕیارە

بە مەبەستی هاوكاری كردنی خەڵكی كوردستان و چینە هەژارەكان كە ئەركی حكومەتە وە سەرەڕای ئەوەی ئەمە كێشەیەكە لە تەواوی ناوچەكانی كوردستان بوونی هەیە بۆ دانانی سنوورێك بۆ خانووی بێ تۆمار بەشێوەیەكی كۆتایی كە دەرئەنجامی بارودۆخی نائاسایی پێشووتری عیراق بووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە ناویان تۆمار كرد بۆ ئەوەی قسە بكەن، پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پڕۆژە بڕیارە یان پڕۆژە یاسایە كە تەملیك كردنی خانووە بێ تاپۆكانە ئێمە گرنگە جیاوازی بكەین لە بەینی دوو حاڵەتی گرنگ، یەكێكیان حاڵەتی تەجاوزە كە حاڵەتێكی بەدەر لە یاسایە و تەسەور ناكەم هیچ كەسێك كە بیەوێ لە ڕێی یاساوە كاروبارەكانی هەرێمی كوردستان ڕێك بخات لەگەڵ بوونی تەجاوز دابێت، بەڵام حاڵەتێكی تر هەیە كە ئەمری واقعە و با بڵێین پەراوێز خستنی كۆمەڵێ جێگایە كە دەبووایە زۆر لەمێژە بخرایەتە نەخشەی شارەوانی شار و قەزاو ناحیەكانەوە، ئێمە ئەگەر دیقەت بدەین بە

تایبەتی ئەوەی کە من شارەزاییم لێی هەیە لە سنووری سلێمانی دا بە دەرەجەی یەکەم، کۆمەڵێك جێگامان هەیە لە شاری سلێمانی دا بۆ نموونە (عەواڵان، کۆستەی چەم، کانیە سپیکە، قولەڕەیسی) کە ئەمانە هەموویان دەیان و سەدان ساڵە لە پێشا گوند بوون و دواتر گەورە بوون و بە هۆی فراوان بوونی شاری سلێمانیشەوە بوون بە گەڕەکێك لە شاری سلێمانی، بەڵام ئەمانە کە تیایاندا خێزان هەیە لەم گەڕەکانە کە ئێستا گەڕەکی شاری سلێمانین چەندین با بڵێین کەسی ئەندامی خێزانەکەیان لەویا ژنی هێناوە و شووی کردووە و هەر لەویا نیشتەجێ بووەتەوە، واتە چەندین نەوەیان لەویا گەورە بووە و ئێستاش نیشتەجێیە، کە هەتاوەکو ئێستاش ئەو گەڕەکانە لەناو نەخشەی شارەوانی شاری سلێمانی دا نین، کە ئەمانە ناچنە خانەی تەجاوزەوە، لەکاتێك دا کە ئەوان سەدان ساڵە دێهاتێکی گوندێکی سەر بە شاری سلێمانی بوون، بەڵام ئیهمالی کراوە، دەوڵەت ئیهمالی کردووە لەوەی کە ئەمانە بخاتە ناو نەخشەوە، کە دەرئەنجامی ئەم نەخستنە ناو نەخشەیەوە هیچ جۆرە خزمەت گوزاریەك لە قیرتاو کردن، لە کارەبا، لە ئاو و، لە خوێندنگا و، لە نەخۆشخانە و، لە هیچ خزمەتگوزاریەکیان بۆ دابین نەکراوە، بۆیە گرنگە ئێمە لەبەر دوو حاڵەت، یەکەم/ لەبەر گێڕانەوەی ماف بۆ ئەمانەی کە سەدان ساڵە وەکو شاری سلێمانی، وەکو شاری هەولێر و، وەکو دهۆك، نیشتەجێی ئەو جێگایەن و حەقیان هەیە خانووەکانیان تاپۆ بکرێت، بۆ ئەوەی سوودمەند بن لە خزمەتگوزاری لە حاڵەتێکی تریش دا کۆمەڵێك گەڕەکمان هەیە ئێمە لە هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستاندا کە تەجاوز بوونیان بۆتە ئەمرێکی واقع کە ئەوانیش دەیان ساڵە لەو جێگەیە بوونیان هەیە کە ئەم ئەمری واقعە، یان دەبێت تەعویزیان بۆ بکرێتەوە یان دەبێت تەملیکی جێگاکانیان بۆ بکرێت، کە من پێم وایە بە تەملیك کردن و دانانی مێژوویەکی تۆمار کردنی ئەو خانووانە و بە تاپۆ کردنیان، دانانی حەدێك دەبێت بۆ ڕێگە گرتن لە تەجاوزەوە کە لەوەو بەدواوە دوای ئەوەی هەموو ئەو جێگایانە خرانە ناو نەخشەی شارەوانیەوە تۆ ئەتوانی بە شێوەیەکی قانونی ڕێگە لە تەجاوز بگری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان چەندین خانوو هەیە کە بێ تۆمارە، زۆریشیان دەکەونە ناو ماستەر پلانی ئەو شار و شارۆچکانەوە، دیارە چەندین گەڕەك هەیە وەك هاوڕێم پەیمان خان باسی کرد، خانووی تریش هەیە و گەڕەکی تریش هەیە کە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی شاری سلێمانیە، من سلێمانی وەك نموونە دەهێنمەوە کە تا ئێستا تۆماریان نیە، من تەنها یەك نموونە دەهێنمەوە، دیارە پێش پرۆسەی ئازاد کردنی عیراق کۆمەڵێ خانوو بۆ ئاوارە دروست کراوە لە کاتی پرۆسەی ئازاد کردنی عیراقدا پێیان وتراوە چۆڵی بکەن با ئاوارەکان بچنەوە کەرکووك، دواتر بە پارەیەکی گران بیان کرن، ئێمە دواتر ئەو خانووانەتان لەسەر تاپۆ دەکەین، ئەمە بڕیاری سەرۆکی کۆمار بووە و بڕیاری سەرۆکی کابینە یەك لە

دوای یەکەکان بـووە، 300 خـانوو لـەم بابەتـە لـە زێرپینـۆك هەیـە، 425 خـانوو لـە ڕاپـەڕین هەیـە، 512 خانوو لە بەکرەجۆ هەیە، ئەمانە 200 مەترین، 200 لە بەکرەجۆ هەیە، واتە 1437 خانوو هەیە، تـەنها ئەوانەی کە بەس بۆ ئاوارە دروست کراون، دواتر بە نرخێکی گران کراونەتەوەو پێیان وتراوە بڕۆن بیکڕن دوایی لەسەرتان تۆمار دەکەین کە نەکراوە، ئەمە جگە لە هەموو ئەو گەڕەکانەی کە پـەیمان خـان گـوتی و هی تریش هەیە لـە ماسـتەر پلانـیش دان و تۆماریـان نیـە، کـە ئەمانـە دێنـە لات، یـان کـە دەیچـیتە لایـان، چـەندین بەلگەنامـەیان بەدەسـتەوەیە کـە بڕیـار دراوە، ئەمـە سـەرۆکی کۆمـارە، ئەمـە بـەڕێز د. بەرهـەم، کابینەی پێشووی سلێمانی، ئەمە بەڕێز کاك عمر فتاحە، ئەمە بەڕێز کاك نێچیرە، هەموو ئەمانە بڕیاریـان بۆ دەرکردوون، بەڵام تا ئێستا تۆمار نەکراون، بۆیە من داوا دەکەم ئـەم خانووانـە یەکلابکرێنـەوە، ناکرێـت کە ئەمە کۆمەڵێکی پێش ڕاپەڕینە و لە دوا ڕاپەڕینیشەوە، ئەم کێشەیە هەتا کەی بەردەوام بێت؟، مـن داوا دەکەم کە بەردەوام بین و بەردەوام بین و ئەم بڕیارە دەربکەین، لەبەر ئەم هۆکارانە: یەکـەم/ هـەمووی لـە حاڵەتێکی نەفسی خراپە، دووەم/ هەموو ئەمانـە لـەڕووی خزمەتگوزاریـەوە بـێ بەشـن، زۆرجـار پێشـینەی خانووبەرە شمولیان ناکات، خاڵێکی تریش بەداخـەوە هـەموو جـارێکیش لـە کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا هـەموو لیستە جیا جیاکان دەیکەنە بانگەشەی هەڵبژاردن، ئەگـەر ئێمـە دەرچـووین لەسـەرتان تـاپۆ دەکـەین، دوای هەڵبژاردن بەڵێنەکانیان بیردەچێت، ئەمانە لەم حاڵەتە نەفسیە خراپەدا جێ دەهێڵین، لەم حاڵەتـە دەبێـت خزمەتگوزاریەدا جێ ئەهێڵێین و سەرگەردانیان دەکەین و هیچیان بۆ ناکەین، بۆیـە داوا دەکـەم تکایـە ئـەم پرۆژەیە با ڕەت نەکرێتـەوەو ئێسـتا ئێمـە ئـەو بڕیـارە دەربکـەین لـە پێنـاوی ئـەم خێزانـە کـە باسـم کـرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرمووو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە وەك فراکسـیۆنی گـۆڕان ئـەم پـرۆژە بڕیارەمـان لـە مـانگی 11/ 2009 ئامـادە کـردووە و تەقـدیمی سەرۆکایەتی بەڕێزمان کـردووە لـە چـەند مـانگی ڕابـردوو دا خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە، ئێسـتا دوو پێشنیارتان تەرح کرد بەڕێزتان، یەکێکیان ئەوەیە ....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەناوی فراکسیۆن لە یاسا نیە قانون پێشکەش بکەی، بەناوی ژمارەیەکی یاسایی ئەندامانە، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ بەناوی ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕانەوە پرۆژەیـان تەقـدیم کـردووە، ئـەم دوو پێشـنیارە هەبوو بەڕێزت تەرحت کرد، یەکەمیان/ ئەوەیە کە ئەمە ئیحالەی حکومەت بکرێتەوە بـۆ دیراسـە کردنـی،

دووەمیان/ موناقەشە و بڕیاری لەسەر بدرێت لێرە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من دەمەوێ بۆ جەنابتانی ڕوون بکەمەوە ئەم زەویانەی تەجاوزی کراوەتە سەر حەوت نەوعە هیچ کێشەیەکیشی تیا نیە، ئەگەر ئێستا پەرلەمان بڕیار بدات، نەوعێکیان موڵکی صرفی زراعیە، نەوعی دووەمیان حەقی تەسەروف مەمنوحە بیلەزمەیە کە هەر زراعیە، نەوعی سێیەمیان حەقی تەسەروف مەمنوحە بی تاپۆیە کە هەر زراعیە، نەوعی چوارەمیان عەقدی ئیسلاحە بە پێی قانونی ساڵی هەفتاکان، نەوعی پێنجەمیان ئەمەی حاڵەتی یەکەم و دووەم وسێیەم پێویستە حکومەت ئەگەر ئەو خاوەن موڵکانە خۆیان نەیان فرۆشتووە، خاوەن موڵك یان حەقی تەسەروف حکومەت خۆی یان ئەگەر خۆیان نەیان فرۆشت بوو حکومەت تەعویزێکیان بداتێ، نەوعی چوارەمیان کە عەقدی ئیسلاحە هەر موڵکی حکومەتە، فەلاح کرێچی بووە لەسەری ئەوە بەبێ قەیدو شەرت دەتوانێ تاپۆی بکات بۆیان، نەوعی پێنجەم ئەرزە سەکەنیەکەی خەڵکە کە خەڵکی تر چووە تەجاوزی کردووەتە سەری و کردوویەتی بە بینا، ئەمە ناکرێت بە یاسا حەل بکرێت، خاوەن موڵك بۆی هەیە ئەو وەختە دەعوای غەصب بکات لە دادگا کە حەقی خۆی وەرگرێتەوە، نەوعی شەشەمیان، ئەرزی سەکەنیە و هی کەس نیە، زیاد لە 15 ساڵە تیایەتی، ئەوە بە پێی قانونی تەسجیلی عەقاری نیزامێك هەیە پێی دەڵێن نیزامی تەسجیلی موجەدەد دەتوانێ لە ڕێی دادگاوە تاپۆ بکرێت بۆی، بەڵام ئەمە ئیجرائاتێکی زۆر قورسە و زۆر ماوە درێژە و مەسروفاتیشی زۆرە، نەوعی حەوتەمیان ئەرزی خەدەماتە، ئەم ئەرزە خەدەماتە دەکرێت زەویەك یان ئەرزێکی تیجاریە یان ئەرزێکی سناعیە، دەکرێت لە جێگای تر زەوی بدرێتێ، بۆیە ئێستا من هیچ گیروگرفتێك نابینم، پەرلەمانی بەڕێز بڕیار بدات لەسەر موناقەشە بەردەوام بێ و تاپۆ بکرێت، ئەگەر ئیحالەشی دەکات بۆ حکومەتی ئیحالە دەکاتەوە، دەکرێت بێتەوە لیژنەی نەزاهە لە مودەیەکی کەم دا بە هاوکاری مودیر عامی تاپۆ دەوڵەمەندی بکەین، ئیستیفادەی حکومەتی تیایە ئێمە ئەم کێشانە حەل بکەین، لەبەرئەوەی خانوو هەیە کە حەوت، هەشت دەستی کردووە تا ئێستا حکومەت نەیتوانیوە یەك دینار لە زەریبەکەشی موستەفید بێت، لەڕسوماتی کڕین و فرۆشتن موستەفید بێت، ئیستیفادەی بۆ خەڵکی تیایە، لەبەرئەوەی پێشینەی خانووبەرە شمولیان ناکات، بەڕاستی چەندەها گەڕەك هەیە لە ناو جەرگەی سلێمانی دا لە ساڵی 1965 ەوە گەڕەکە، وەك گەڕەکی خەبات، وەك گەڕەکی محمد مصطفى، کە تا ئێستا نە خەریتەی هەیە و نە مەسحی جزئی بۆ کراوە، نە مەسحی کولی بۆ کراوە، نە دەتوانێ موستەفید بێت لە سلفەی عەقار و پێشینە، ناحیە هەیە وەك خەلیفان، ئەو ناحیە گەورەیە تاپۆی نیە، تەقتەق بە کاملی نیەتی، لایەك لە کەلار نیەتی کە گەڕەکە کۆنەکانی کەلارە، موجەمەعەکان نیانە، بەڕاستی هەم حکومەتیش موستەفیدە و هەم هاووڵاتیانیش، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم، لە کۆتایی قسەکانم دا یا ئەوەتا لێرە بڕیاری لەسەر بدرێت موناقەشە بەردەوام بێت، ئەگەر ئیحالەش دەکرێت پێویست ناکات بچێ بۆ حکومەت، لەبەرئەوەی دەکرێت لە لیژنەی یاسایی دەوڵەمەند بکرێت، لە مودەتێکی زۆر کەم دا کێشەکەش ئەوەندە موعەقەد نیە، پێشتر لە ئیدارەی سلێمانی دوو، سێ بڕیاری وا هەبووە، بەڵام بە هۆی زۆری ئەو پارەیەی کە داوا تەملیکی خەڵك نەیکردووە، ئێمە

بۆیە مەشروعەکەمان بە بێ موقابل و بەبێ هیچ بەرامبەرێك لە هاووڵاتی بسەندرێ و بۆی تاپۆ بکرێت، لەگەڵ ئەوەی بە نەزەری ئیعتبار وەرمان گرتووە کە خەڵکی ئەم وڵاتە خەڵکێکی هەژارە پێویستی بەوە هەیە ئاوڕی لێ بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم یاسایە دوو ڕەهەندی هەیە، دوو لایەنی هەیە، یەکەم/ مەوزوعی تەجاوزات و دووەم/ مەوزوعی بێ تاپۆکان، بێ تاپۆکان شارێکی وەك هەڵەبجە من بە نموونە دەیهێنمەوە، خانووی تیایە، زیاد لە 50 ساڵە تا ئێستا تاپۆی نیە، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەفتەی پێشوودا دوو بڕیاری دەرکرد کاك برهان ئەگەر زەحمەت نەبێ گوێت لێ بێ، دوو بڕیاری دەرکرد، بڕیاری یەکەمیان دەست کردن بە تاپۆ کردنی خانووە بێ تاپۆکانی هەڵەبجە، لەگەڵ دەست کردن بە تاپۆ کردنی خانووەکانی کەلاری کۆن، چونکە کەلارە، باوە نورە و هەڵەبجەیە و ئەم خانووانە لە دێر زەمانەوە خەڵکێك هەیە دروستی کردووە و کەس مودەعی نیە لەسەریان، کەس ناڵێ ئەوە موڵکی منە، کەس ناڵێ ئەوە داگیر کراوە، بەڵکو هاتووە لە شوێنێك دا ئەو خانووەیان دروست کردووە و تاپۆ نەکراوە، لەبەرئەوە حکومەت بڕیارەکەی دەرکردوو، لەسەرەتای سەری ساڵی تازەوە دەست دەکەن بە تاپۆ کردنی خانووەکان، سەبارەت بە تەجاوزیش ئەگەر تەجاوزیش بێ، یەکەم/ بەڕاستی تەشجیع کردنی تەجاوز بەوەی کە دەکرێتە موڵك حاڵەتێکی زۆر خەتەرناکە، چونکە ئەو ئەرزانە کە بەڕەئی من ئەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، کە کەسێك بێ ماف بدات بە خۆی و پارچەیەك زەوی داگیر بکات، سبەی ڕۆژێ ماف دەدات بە خۆی موڵکی کەسێکی تریش داگیر بکات، کە توانی هی حکومەت داگیر بکات، دەتوانێ موڵکی یەکێکی تریش داگیر بکات، بۆیە ئەمەی کە هەیە بە کۆمەڵێك یاسا ڕێکخراوە، کۆمەڵێك یاساتان بۆ باس دەکەم کە ئەم کارەی پێ ڕێکخراوە، یەکەم/ قانونی ژمارە 32 ی ساڵی 2007، قانون التعديل الاول لقانون تنظيم الملكية الزراعية في كوردستان ـ العراق رقم 90 لسنة 1975، کە ئێمە کێشەی هەرە سەرەکیمان ئەوەیە ئەرزەکان زۆری دەچێتە بابی ئەرازی زراعیەوە، دوو/ قانون التسجيل العقاري، رقم 43 لسنه 1971 العراقي المعدل، سێیەم/ قەراری 181 ی 2002/8/29 العراق، چوارەم/ قانونی ژمارە 5ی ساڵی 2007 کە لەم پەرلەمانی کوردستانە موناقەشە کراوە کە پێ ی دەوترێت (قانون تعديل الاول لقانون 3 لسنة 1998 قانون اطفاء وافراز الاراضي داخل حدود البلديات)، مادام ئەو ئەرزانە چوونەتە ناو حدودی بەلەدیاتەوە کەواتە ئەگەر لە پێش دا لە حدودی بەلەدیات نەبوون، ئێستا چوونەتە ناو حدودی بەلەدیەوە، کەواتە حکومەت مولزەمە بە: یەکەم/ بە تاپۆ کردنیان، دووەم/ بە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان، بە مەرجێك ئەرزی حکومی بێت، نەك ئەرزی خەڵك بێ و تەجاوزی لەسەر کرابێ، چونکە ئێستا سلێمانی کاتی خۆی پێنج، شەش گەڕەکی ئەسڵی بووە،

هەر پێنج، شەش گەڕەکە تاپۆی هەیە، کەواتە ئەو خەڵکانەی کە ئێستا چوون ئەرزی تریان داگیر کردووە و تەجاوزیان لەسەر کردووە و بینایەیان لەسەر کردووە، ئەوە لە گەڕەکە، ئەسڵیەکانی ئەو شارە نین کە هەتاوەکو ئەم دواییەش بوونیان هەبووە و بە پێی یاسا تاپۆیان هەبووە، بەڵکو ئەوە هەمووی نەتیجە و ئیفرازاتی کۆمەڵێك حەرب و ئاوارە بوون و حصار و نەبوونیە، کاتی ئەوە هاتووە ئەم شتانە هەمووی ڕێك بخرێت، بەڵام ئایا دەکرێت پەرلەمانی کوردستان لەبری وەزارەتی شارەوانی و لەبری وەزارەتی زراعە کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەرز تەنها موڵکی یەك شوێن نیە، موڵکی زراعەیە، موڵکی شارەوانیە، موڵکی وەزارەتی مالیەیە، موڵکی وەزارەتی ئەوقافە، لەبەرئەوە یەعنی من تێ ناگەم چۆن ئێمە دەتوانین لەبری ئەم وەزارەتانە، ئەم هەموو ئیزبارە و فایلە بێنین و قتعە بە قتعە دیاری بکەین بڵێین ئەمە هی وەزارەتی ئەوقافە، ئەریّ وەزارەتی ئەوقاف پێت خۆشە بیدەین بە خەڵك یان پێت خۆش نیە؟، لەبەرئەوە تکاتان لێ دەکەم، ئەمە قەت یاری کردن نیە، گوناحە یاری بکەین بە عاتیفەی خەڵك، گوناحە ئێستا پێیان بڵێین کە ئێوە گوناحن بۆیە دەبێت بکرێت، بەڵکو دەبێت حەلێکی مەنتقی هەبێ، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لیجنەیەکی داناوە کە یەکەم بڕیاری ئەو لیژنەیە ئەوە بووە کە لە هەڵەبجەی شەهیدەوە دەستی پێ کردووە لەگەڵ کەلاری کۆن، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم یاسایەوە کە بۆ تەملیك کردنی ئەو خانووانەی کە غەیر موسەجەلن، ئەگەر ئێمە تاریخێك بەڕاستی دانەنێین، شارێکی وەکو سلێمانی، وابزانم هەموو سلێمانی لە دەرەوەی دەبێت بە تەجاوز، چونکە هەموو شارەوانی سلێمانی کە ئێمە لەگەڵیان کۆدەبینەوە یەعنی بێ دەسەڵاتی خۆیان دەردەخەن کە چۆن ئەم دیاردەیە منع بکرێت؟، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئەوانەی کە بووە بە واقع حال، بە تاریخ وەکو ئەوەی کە لە هەولێر کراوە، بەڕاستی لە هەولێر لەوەی کە کاك شێروان حەیدەری باسی کرد، ئەوە شتێکی باش بووە کە مەنعی زۆر شتی کردووە، ئەوەی پێش ئەوە کە هیچ تەعاروزی نەکردووە لەگەڵ تەسمیمی ئەساسی دا حەقی خۆی بووە کە تەملیك بکرێت، بەڵام ئەویش هەر دەبێ بە پێی ڕێنماییەك بێت، ئێستا ئەو دەستەیە کە ئێمە ئاگامان لێیە وەکو لیژنەی شارەوانی تەقریبەن ساڵێکە خەریکن هەموو ئامارەکان کۆدەکەنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئێمە بتوانین شارەکانمان تەنزیم بکەین و هەر بۆ نموونە بۆتانی دەهێنمەوە، یەعنی لە عەواڵان و ئەوانە شتێك هەیە پێی دەڵێن موحەرەماتی ئەو ڕووبارانە و ئەو چەمانە، یەعنی باوەڕ بکەن ئەو ساڵە لافاوێك ڕووی دا زۆربەی خەڵکەکە کە ماڵەکانیان ئاو بردی هاتن

داوای قەرەبوویان دەکرد، خۆی موتەجاوزە و هاتووە داوای قەرەبوو دەکات، پێی دەڵێی کاکە تۆ خۆت موتەجاوزی، لە زۆر شوێنی تریش ئەوە کراوە، لەبەرئەوە تکا دەکەم ئێمە ئەوە بەجێ بهێڵین بۆ حکومەت، من خۆم لەگەڵ ئەو خەڵکە قسە کردووە موعاناتیان دەزانین و دەزانین زۆریان وەکو ئەو شوێنانەی کە بەڕاستی بۆ ئاوارەکانی کەرکووك کراوە کە ئەوانە تەجاوز نین، کەس نەیوتووە ئەوانە موڵکی شارەوانی نیە بە حیساب بە کرێ، بەڵام ئەوانە ئەگەر بڕیارێکی خۆیان لەسەر دەربکەن، بەڵام ئێمە لێرەوە بڵێین هەر خانوویەك بێ تاپۆ بێت، یەعنی وەکو گوتم سەرۆکی شارەوانیەکان جاری وا هەیە ئەو هێزانەی پۆلیس تۆ تەسەور ناکەی لە 24 سەعاتدا سەقفەکەشی تێ دەکات و هەمووشیانی بەرد باران دەکرێت، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوە نیم یەکسەر لێرەوە قەرارێك دەربچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەکو هاوڕێیانم لە خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە لەبەردەم کێشەیەکین کە بەس تەنها لە ناوچەیەك و دوو ناوچە نیە، بەڵکو سەرتاسەری ناوچەکانی تری گرتووەتەوەو، بگرە لە هەمووعیراقیش ئەو کێشەیە هەیە، ئەوەشیان لە دوو شت دروست بووە، دوو هۆکاری هەیە و دوو جۆرە، هەروەکو خوشك و برایان باسیان کرد، یەکەم/ ئەوانەی بەشێك لە ئۆردوگا و دێیەکان و شار و شارۆچکەکان کە هەر لە بنەڕەت دا تاپۆیان نەبووە، دێ بوونە و گەورە بوونە، ئەوانە بەشێکیان لەو جۆرانەن، بەشەکەی تریان هی تەجاوزە، تەجاوزەکەشیان دوو جۆرە، بەشێکیان بۆ تیجارەت پێ کردن لەسەر ئەرزی تەجاوزی حکومەت، جا ڕەنگە هی شارەوانی بوو بێ یاخود هی وەزارەتی زراعە بوو بێ خانوویان دروست کردووە، بەشێکیشی خەڵکی نەدار بووە، لەبەر نەبوونی چووە ئەو خانووانەی دروست کردووە کە بێ تاپۆیە، بۆ ئەوەی ئێمە ئەو حاڵەتە تێکەڵ نەکەین، ئەوانەی لە ئەساس دا خانوو بوونە یان گەڕەك بوونە یان دێهات بوونە، گەورە بوونە و ئێستا کەوتوونەتە دەوربەری شارە گەورەکان و کەوتوونەتە ناو ماستەر پلانی شارەکانەوە، بۆ ئەوەی ناعەدالەتیەکیان بەرامبەر نەکرێت، بڕیارێك نەدرێت لەگەڵ ئەوانەی ئیتر تێکەڵاو بکرێن لەگەڵ تەجاوزەکان، ئەوانە بڕیاریان بۆ دەرچووەو لە حاڵەتی جێ بەجێ کردن دایە لەهەندێ شوێن کە لیجانیان بۆ دەرچووە بۆ ئەوەی بەسەریان دا تاپۆ بکرێت، ئێمە لێرە دەتوانین پێداگیری لەسەر ئەوە بکەین حکومەت بڕیارەکانی خۆی کە پێشتر داویەتی لەو بارەیەوە جێ بەجێ یان بکات و ئێمەش بەدواداچوونیان بۆ بکەین، حاڵەتی دووەمیان کە حاڵەتی تەجاوزە و کەوتوونەتە ناو ماستەر پلانی شارەکان و ماستەرپلانی شارەکانیان شێواندووە، ئەوانە دەبێ لێك جیا بکرێنەوەو حکومەت ئامارێکی ورد بکات، بەدواداچوونێکی ورد بکات لەڕێگەی دائیرە مەعنیەکانەوە، ئەوانە تەسنیف بکرێن بۆ ئەوەی هەموویان بە یەك چاو تەماشا نەکرێن، هەروەکو دەزانین لە هەندێك شوێن

ئیجرائاتی زۆر توندیش کراوه، له هەندێ شوێن ڕێگەیان پێ دراوه، لەو شوێنانەی کە ئیجرائاتی توند کراوه، لەوێش ڕەنگە عەدالەتێك پەیڕەو نەکرابێ بۆ هەندێ کەس مەسموح بوو بێ و بۆ هەندێ مەسموح نەبێ، جا بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك ئەو بڕیارەی کە دەردەکرێت دوای ئەوەی دەوائیری مەعنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە وردی دیراسەی ئەو وەزعە بکەن ئەو کاتە بەبڕیارێك بۆیان تاپۆ بکرێت، ئەوانەی کە لە دەرەوەی شارەکان بوونە و گەورە بوونە لە ئەساس دا بێ تاپۆ بوونە، نەك ئەوانەی کە بە تەجاوز وەکو گوتم هەندێکیان بۆ تیجارەت کردن لە سەر ئەرزی خەڵکی تر و لەسەر ئەرزی وەزارەتی زراعە و شارەوانی خانووی تەجاوزیان دروست کردووە، خەڵکە هەزارەکانیش ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە، بەڵام دوای ئەوەی کە زۆر بە وردی لە مەسەلەکە دەکۆڵێتەوە، هەر بۆ ئاگاداری بەڕێزتان لەو ڕۆژانەی ڕابردوو لە حکومەتی عیراقی بڕیارێك دەرچوو، چونکە دیارە ئەوە کێشەیەکە لەسەرتاسەری عیراقدا هەیە، بەشێك لە شوێنەکانیش دیارە ئیجرائاتی ڕووخاندنی خانووە بێ تاپۆکان کراوە کە ڕەنگە لە کوردستانیش ئەو حاڵەتە هەبوو بێ، لە حکومەتی عیراقی لەو 10ـ15 ڕۆژەی ڕابردوو بڕیارێك دەرچوو ڕاگرتنی ڕووخاندنی خانووە بێ تاپۆکان بوو، بۆیە ئەوانیش بەخۆیاندا دەچنەوە و دیراسەیەکی وردی عیلمیانەی بۆ دەکەن، بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربکەن لە بەرژەوەندی گشتی دا بێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە درێژە دان بەم پرۆژە بڕیارە دەکەم، لەبەرئەوەی بە بڕیارێکی گرنگی دەزانم، من قسە لەسەر ئەو حاڵەتە ناکەم کە خەڵك تەجاوزی کردبێتە سەر ئەرزی عام، با ئێمە دوو حاڵەت هەیە لەیەکی جیا بکەینەوە، ئەبێ هەمووومان ئەوە بزانین کە ئێستا لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دا تا ئێستا بە هەزاران خانوو هەیە کە تاپۆ نەکراوە و واقع حالە و ڕەنگە لە ساڵانی هەشتاکان و حەفتاکان و پەنجاکانیشەوە خانوو دروست کرابێ، لە هەندێ لە شاروشارۆچکەکاندا ئێستا تاپۆی نیە، من لەسەر ئەو حاڵەتە قسە دەکەم، بە نموونە با من چەند شوێنێك بێنمەوە، ئێمە پێنجوینمان هەیە کە زۆر لەو حاڵەتەی تیایە، سەید سادق هەیە کە 12 هەزار خانووی هەیە و کەمتر لە نیوە تاپۆی هەیە، ئەمە لە ساڵی 50 کانیشەوە ناحیەیە و ئێستا قەزاشە و لە واقعیش دا هەیە، ناحیەی عەربەتمان هەیە کە موشکیلەی هەیە، هەڵەبجەی تازە هەیەتی، زەرایەن هەیەتی، باوەنور هەیەتی، من بۆیە پشتیوانی ئەم بڕیارە دەکەم، لەڕاستی دا بۆ حەل کردنی ئەو کێشانەیە، ئێستا حالیەن لە یەکێك لەو قەزایانە پرۆژە هەیە لە تەنفیز دایە، کابرا ماڵەکەی دەڕوخێندرێت لەبەرئەوەی کە تاپۆ نەکراوە حەقی تەعویزیشی نیە، لە ئێستاشدا

دەكرێت، یەعنی ئەمەیە ئەو موشكیلانە، ئینجا بەشێكی زۆری ئەو خانووانەی كە تاپۆیان نیە لەڕاستی دا نەیانتوانیوە تا ئێستا سوودمەند بن لە وەرگرتنی عەقار، یەعنی مەسەلەن دەستی ئاوەدانكردنەوە لەڕێگەی سولفەی عەقارەوەو تا ئێستا نەگەیشتووەتە ئەو مەنتیقانەوە، خەڵكی ئەو مەنتیقانەش لەڕاستی دا هیچ گوناهێكیان نیە كە تا ئێستا تاپۆیان بۆنەكراوە، خەلەلەكە لە ئەوانەوە نیە، چونكە ئەو خانووەكەی لە ساڵی 70 چۆن كردووە و دواتر ڕووخێندراوەو لەسەر ئەساسی خانووەكەی خۆی خانووی كردووەتەوە و ئێستا بە موتەجاوز حیساب دەكرێت و ئەو گوناحێكی نیە بەڕاستی، بۆیە من پشتیوانی دەركردنی ئەم بڕیارە دەكەم كە ئێستا لە پەرلەمانی كوردستان دەربچێ و، بەڕاستی ئەمە موشكیلەیەكە هەیە لە زۆربەی شاروشارۆچكەكاندا ئێمە دەبێ ئیعتراف بەو حاڵەتە بكەین، بۆ حەل كردنیشی پێویستمان بەم شێوە هەیە، بۆیە من تكا دەكەم ئەم بڕیارە دەربكەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من لەلایەن هاوڕێم شلێر خانەوە كرا، لەبەرئەوە پێویست ناكات دووبارەی بكەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیردواد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوكارانم ڕوون كردنەوەیان دا سەبارەت بە گرفتێك كە هەیە، ئەویش گرفتی خانووە بێ تۆمارەكانە، ئێمە سەیری سیاسەتی بەعس بكەین بە تایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی كە هاوسنوورن لەگەڵ بڵێین باشووردا، جگە لە خانەقین كە لە سەردەمی ئینگلیزەكان تاپۆیان كردووە، بۆ نموونە ناحیەیەكی وەكو باوەنور كە لە 1937 ەوە ناحیەیە و تا ئێستا تاپۆی نیە، كە بتوانێ حكومەت بە ئاسانی تەعریب لەو ناوچانە بكات، بەرە بەرە هەڵكشێ بۆ سەرەوە، ئەمە یەكێك لە ئامانجە سیاسیەكانە كە دەبووایە ئێمە دەمێك بووایە قەرەبووی ئەم كێشانەمان بكردبایەوە، لێرە ئێمە قسە لەسەر كێشە دەكەین، یەعنی ئەم دامەزراوەی ئێمە لە پێناو چ یاسایەك دەردەكرێ، یان پرۆژە بڕیار دەردەكرێت، یان هۆكاری پێویست چیە بۆ ئەوە؟ كێشەیەك هەیە لە كوردستان كە پێی دەڵێین كێشەی خانووە بێ تۆمارەكان كە چەندین ناحیە و هەزاران خێزانی گرتووەتەوە، ئایا ئێمە توانیومانە تا ئێستا ئەم كێشەیە چارەسەر بكەین یان نەیكەین؟، نەمانتوانیوە، كەواتە پێویستە لێرە بڕیارێك دەربچێت كە ئەم كێشەیە چارەسەر بكات، بڕیارەكە حكومەت مولزەم دەكات، من زۆر جاران بەڕاستی پرۆژەكان یان پرۆژە بڕیارەكان سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بە

بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە و پەیوەندی بە هاووڵاتیەوە هەیە، هیچ پەیوەندیەکی بە عاتیفە و بە سۆز و بە هۆنینەوەی شانامە نیە تا تۆ پێشەکیەکی زۆر زۆر جوان بڵێیی بۆ ئەوەی بڵێی با ئەم پرۆژەیە نەبێ، لە کاتێك دا هیچ پێشەکیەکی پێ ناوێ، پرۆژەکە زەروریە، ئەمە چونکە کێشەیەك هەیە، قەزایەکی وەکو چۆمان ئێستا بێ تۆمارە، ناتوانێ، کەلار ناتوانێ، شارەوانی و ماستەر پلان، هەتا بۆ هاوکاری حکومەت، حکومەت چۆن دەتوانێ نەخشەی خۆی لەڕووی کشتوکاڵی، لەڕووی شارەوانی چۆن جێ بەجێی بکات؟، ئەگەر ئەوە نەچێتە ناو نەخشەی ماستەر پلانەوە، تا ئێستا ئێمە دەڵێین لە سایەی حکومەتەکەی ئێمە خەڵك حەساوەتەوە، خەڵکێك کە نەتوانێ سوودمەند بێ لە کاری خزمەتگوزاری، لەکاری سولفەی عەقار، لە پێشکەوتنەکانی کە ئەمڕۆ هەیە لەڕووی شارستانی، بەوەوە هۆکاری بێ تۆمار بۆ بە بڕیارێك ئەمە چارەسەر نەکەین؟، ئەمە بۆ قازانجی خەڵکی تێدانیە؟، هەموو شتێك بگەڕێنینەوە بۆ حکومەت زەرورەتی پەرلەمان چیە؟؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو تاك قسە دەکەم، ئێمە ئێستا وەکو ئەو بەڕێزانەش باسیان کرد، باسی پرۆژە بڕیارێك دەکەین کە بە حەقیقەت لە ناوەڕۆك دا دوو خاڵ بە خۆیەوە دەگرێت، یەك/ معامەلە کردن لەگەڵ ئەو خانووانەی کە تەجاوزن، چی لەوانە بکەین؟، دوو/ ئەو خانووانەی کە تەملیك نەکراون، من هیچ ئیزافە ناکەم ئەگەر بڵێم تەئیدی هەموو ئەو خوشك و برایانە دەکەم کە قسەیان کرد بە بێ جیاوازی کە دڵسۆزی زەرورەتی چارەسەر کردنی ئەو کێشانەن و فعلەن نموونەی هێنراو لە هەموو شارو شارۆچکەکانی تر هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلای دووەم وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەکەش هاتووە، ئەگەر مەبەست ئەو خانووانە بن ئەوانەی ئەم حاڵەتانەیە، ئێستا خوشکێك سێ، چوار یاسای بۆ ئێمە باس کرد، بەڕێزان لیژنەی پەیوەندار باسی هەوڵەکانیان کرد، واتە ئەمە دەمانگەیەنێتە حەقیقەتێك کە نە بۆشایی قانونی هەیە، چونکە قانون هەیە، نە ڕێنماییەکان وازح نین، نە هەست کردن بە وجودی ئەو کێشە گەورەیەی کە هاوبیرم لەگەڵ ئەوانەی کە بە کێشەیان دەزانن بڵێن ئەوە لەدەست دراوە، واتە ئەگەر هاتو ئەم کێشەیە بەردەوام بوو نە لەبەرئەوەی نەبوونی یاسایە، بەڵکو لەبەرئەوەی جێ بەجێ نەکراوە، من تەسەور دەکەم ئەرکی سەرەکی ئێمە وەکو پەرلەمان، ئەوەیە بچین ئەو یاسایانە دەربکەین و ئەو ڕێنماییانە دەربکەین، ئەو حاڵەتانە تۆمار بکەین لای خۆمان، وە بە ئیشی خۆمان هەستین کە بە دواداچوون و مراقەبە و محاسەبەیە، بەمە حەل دەبێت، ئێمە یاسایەکی تر و بڕیارێکی تر بێنین بخەینە تەك ئەو بڕیار و ئەو یاسایانە، هیچمان نەکرد، بە نیسبەت خانووی تەجاوز کە لەخاڵەکانی 4 و 5 هاتووە، بەڕاستی من پێم سەیرە ئەگەر من یەکێك بم هەموو هەوڵ بدەم پارچە زەوی بە پێی ئەو تەعلیماتانە و ئەو هەموو نارێکیانەی هەیە پارچە زەوی بە

**دەست من بکەویت یان نەکەویت، من بە بڕیارێکی پەرلـەمان تەشـجیع بکـرێم بچـم تـەجاوز بکـەم تـاوەکو خەڵات بکرێم و قتعە زەویەك وەربگرم، بەو خەڵکانەی ڕێك و پێك و مولتەزم بێن بڵـێ بخـۆن، تـەجاوزتان نەکرد، بەڕاستی حەل کردنی تەجاوز بەوە ناکرێت، بەڕێزان بەداخەوە ئـەمڕۆ و دوێنـی ئێمـە ڕووبـەڕووی حاڵەتێك بووین کە زۆر زۆر لە وەختی لیژنەکان و پەرلەمان دەگریت، ئەویش پێشکەش کردنی بـە پەلـەی پرۆژە یاسا و بڕیار، بە ناوێکی زۆر سەرنج ڕاکێش کە ناوەکە دەلالەتێك کە هـەمووومان جورئـەتی ئـەوەمان نیە و دژی ئەو بابەتە بوەستین، کە دێین موناقەشە دەکەین تەنانەت هەتا ئەوانەی بەڕەنگاریش دەکەن لـە پرۆژەیەك........ ، من تەئیدی کاك کاردۆ دەکەم بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان تـۆ لێـرە نـەبووی کـاك کـاردۆ قسەیەکی کرد، من یەك شت دەڵێم، مـن گلـەیی لـە کـەس ناکـەم، مـن واتـێ گەیشـتوومە لـە کـاری خـۆم کـە پرۆژەیەك پێشکەش دەکەم دیفاعی لێ بکەم بڵێم ئەم بڕگەیە لەبەرئەوە زەروریە، ئـەم بڕگەیـە لەبەرئـەوە زەروری نیە، ئەمە تەعدیل بکرێت، ئێمە بە داخەوە دیفاع لە نـاوەڕۆك و نـاو دەکـەین، پرۆژەکـەمان لـەبیر کردووە، بۆیە لە ئەخیرەوە وا دیار دەبێت لەناو خەڵك کە کوتلەیەك لەگەڵ ئەم بابەتـە بـوو، کوتلەیـەکیش دژ بوو، ئەم زەرەرە بە ئیشی پەرلەمان، وابزانم ئەمە وەختی ئێمە دەبـات، مـن ئـەوە دەڵـێم نـەك ئیتهـامی هیچ کەس بکەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستی دا ئێمە لە هەرێمی کوردستان کێشەیەکمان هەیە بەناوی کێشەی ئەو خانووانەی کە تەجاوزن یـان تا ئێستاش تاپۆ نەکراون، بەشێك لەم کێشەیە لەڕابردوو دا چارەسەر کـراوە، ئـەوەی ئێسـتا مـاوە پاشمـاوەی ئـەم کێشـەیەیە، بـەڕێزان باسـی چـەندین نموونـەیان کـرد، بـۆ نموونـە لـە سـنووری قـەزای قـەڵادزێ کـە لـەڕابردوو دا تووشـی تـەرحیل بـوو بـوو، سـاڵی 1992 خەڵکەکـەی بـە ویسـت و ئـیرادەی خـۆی ئـاوەدانی کردەوە، خەڵك چووەوە خانووی دروست کـرد، مـاوەی 18 سـاڵە مـاڵ لـەناو جەرگـەی ئـەم شـارە خانوویـان دروست کردووە، لەبەرئەوەی لە شوێنێکە کـە خەدەماتـە تـا ئێسـتاش نـە بۆیـان تـاپۆ کـراوە، خانووەکانیـان ئێستا ببینی خەریکە بە سەریان دا دەڕوخێ، ناتوانن تازەی بکەنەوە، هەرلەسـنووری ئـەم قەزایـە، ناحیـەی سەنگەسەر هەیە زیاتر لە 40 ساڵە ئەم ناحیەیە بەهۆی ژێر ئاو کەوتنی کۆمەڵێك گوند لەدروست کردنـی بەنداوی دوکان، لەوێ ئەم ناحیەیە دروست بووە، ئێستا دەڵێن بۆتان تـاپۆ دەکـەین بـەڵام وەکو موسـتەفید حیساباتیان دەکەین، لەڕاستی دا ئەوەی کە بۆ ئـەوان کـراوە لـەوێ وەکو قـەرەبوو کردنەوەیـە، بۆیـە ئێسـتا دەیانەوێ خانوو دروست بکەن، لەبەرئەوەی تاپۆیان نیە لە مەسەلەی سلفەی عەقاریش بێ بەش بن، بـەڵام**

ئەگەر بڵێین ئێمە کێشەکە شی بکەینەوە و سەیری تەبیعەتەکەی بکەین، تەبیعەتێکی تەشریعی و قانونیـە، بەقەدەر ئـەوەی ئـەم کێشـەیە کێشـەیەکە تەبیعـەتی تـەنفیزی هەیـە، چـونکە، یەکـەم/ لـەڕووی یاسـاییەوە بڕیاردانی پێویستەوە هەم لە پەرلەمان، هەم لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە یاسـا و بڕیـاری پێویسـتی بـۆ دەرچووە، بەشێکیشی چارەسـەر بـووەو یەکلابووەتـەوە، بەشێکیشی مـاوە، بۆیـە چارەسـەر کردنـی کێشـەکە ئەوەندەی پێویستی بەدواداچوونی جدیانـە هەیـە لەلایـەن پەرلەمانـەوە و لەلایـەن حکومەتـەوە ئەوەنـدە پێویستی بە دەرکردنی یاسایەکی تازە و بڕیارێکی تازە نیە، ئەمە یەك، لەلایەکی تـرەوە، مـن بـۆ خـۆم ئـەم ماوەیە یەکێك لەو کێشانەی کە بە جدی موتابەعەم کـردووە ئـەوە بـووە، مـن ئاگـام لێیـە بـە خۆشـحاڵیەوە وەزارەتی شارەوانی و بەڕێز وەزیری شارەوانی لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت بەدواداچوونیان بۆ ئەم کێشەیە کـرد تـا ئـەو ڕادەیـەی گەیشـتە ئـەو حاڵەتـەی کـە لیژنەیـەکی بـالای تایبـەت لەلایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردستانەوە ئێستا پێك هێندراوە، کۆبوونەوەشیان کردووە، چەندین ڕێنمایی و خاڵیشیان لەلایـەن خۆیـان داناوە، بۆ ئەوەی بەیەکجاری لە ئایندەدا کۆتایی بە پاشماوەی ئەم کێشەیە بهێنن، چ ئەوانەی بیَ تاپۆن و چ ئەوانەی کە تا ئێستا بە شێوەی تەجاوز ماونەوە، بۆیە ئەرکی ئێمەیـە لیژنـە پەیوەندارەکانـە لـە پەرلـەمان موتابەعەی جدی بکەین و هەوڵ بدەین وەزارەتە پەیوەندارەکان و لەگەڵ حکومـەت لـە موتابەعـە دابـین و گفتوگۆ دابین بۆ ئەوەی لـە داهـاتوو دا ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی کـە لەلایـەن پەرلـەمان و حکومەتـەوە دراون سەبارەت بەم کێشەیە جیَ بەجیَ بکرێت و کۆتایی پیَ بهێندرێت، نەك ئێمە پێویست بەوە بکات یاسـایەکی تازە یان بڕیارێکی تازە دەربکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرمو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەوێوە باسی دەکەم، لە سەرەتای دەست بەکاربوونم وەکو ئەنـدامی پەرلـەمان، سـەردانی هەنـدێ ناوچەمان کرد وەکو هەڵەبجە و خورماڵ و سەید سادق، بەڕاستی کێشـەیەك کـە لـەو شـوێنانە زۆر دووبـارە دەبـووەوە مـەوزوعی خـانووە بـیَ تاپۆکـان بـوو، مـن لێـرە بـاس لـە تـەجاوز ناکـەم، چـونکە بەڕاسـتی ئـەوە مەوزوعێکی ترە، چونکە تەشجیع کردن لەسەر تەجاوز بڕوا ناکەم کەسمان لەگەڵی بین، هەتا مـن شەخسـی خۆم زۆر حەزم لەوەش نـەبوو کـە لـەکاتی هەڵمـەتی هەڵبژاردنەکانـدا وعـود دەدرا بـە تـاپۆ کردنـی شـوێنە تەجاوزەکان، دیارە ئەم کەسەی کە ئەم وەعدە دەدات کاتیَ دەبینیَ ئەو خەڵکە ئەوەندە نەبوونە و ئەوەنـدە وەزعی وایە، مەجبورە تاپۆی دەکات، بەڵام دێنەوە سەر ئەسڵی ئەو خانووانـەی کـە خـانوون و چـەند سـاڵە هـەن و شـوێنێکی وەکـو هەڵەبجـە کـە سـۆزان خـۆی ئیشـارەتی پێـی دا و شـوێنێکی وەکـو خورمـاڵ یـاخود شوێنێکی وەکو سەید سادق ئەمانە، وە ئـەو گەڕەکانەشـی کـە لـەناو سلێمانی دان، ئەمانـە خـانوون خۆیـان،

خاسەتەن ئەوانەی هەڵەبجە چەند ساڵە ماڵن و تا ئێستا تاپۆیان نیە کە ئەمە گرفتی بۆ دروست کردوون، ئێمە لەسەرەتای دەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەم خولە، مەسئولین و بەرپرسەکان و یەکە ئیداریەکانی شاری هەڵەبجە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆ بووینەوە، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمانی نووسینگەی هەڵەبجە حازر بووین لەو کۆبوونەوەی ئەو کاتە لەسەرەتای دەست بەکاربوونی یەکێك لە داواکاریەکانی شاری هەڵەبجە تاپۆ کردنی خانووەکانیان بوو، کە مەعەل ئەسەف ئەوە ساڵێکە و ئێستا موژدەمان وەرگرت کە ئەم هەفتە دەست بەکار دەبن بۆ تاپۆ کردنیان، ئومێدەوارم ئەوە بۆ هەموو شارەکانی تر بێت، ئەمە یەك، دوو/ من شتێکم بۆ دەرکەوت، نەك هەر لەم یاسایە، هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی تریش کە ڕەد دەکرێتەوە بە حوکمی ئەوەی کە یاسا هەیە لەسەریان، کەواتە شتێك دەردەکەوێ کە لەم هەرێمەی ئێمە ئەزمەی تەتبیقی قانونمان هەیە، نەك دەرکردنی قانون، من دەڵێم بۆ ئەوەی مادام قانونێك هەیە و لە 2007، لە ساڵی 1975یش، بەڵام هەتا ئێستا ئەو خانووانە تاپۆ نەکراون، کەواتە حەقی خۆمانە ئێمە وەکو پەرلەمان هەڵوەستەیەك بکەین، ئایا بەدەرکردنی بڕیارێك بێت ئاڕاستەی حکومەتی بکەین یاخود بە تێپەڕاندنی ئەم پرۆژە بڕیارە بێت، بۆ ئەوەی هەڵوەستەیەك بکرێت، دیارە یاسا هەیە، یەعنی دەبێ پەرلەمان هەتا ئەوانەی پێشووش، یاسای نەهێشتنی تەعدیلەکەی لەشفرۆشی، ئەوەی کشتوکاڵیەکە، لیژنەکان یەك دنیا پێشنیاریان نووسیوە بۆ وەزارەتەکان، یەعنی مادام ئەم شتە کێشەیە بە فعلی حەق وایە پەرلەمان ئەگەر ڕەفزیش بوو بە زۆرینەی دەنگ، یەعنی بڕیارێك بە چ ئالیەتێك لیژنەی یاسایی پێی باشە؟ لەسەر ئەم شتانە ئەگەر بکرێ ئەگەر هاتوو ڕەفزیش بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانم هاوکارانم کردیان، بەڵام یەك، دوو خاڵ هەیە من حەزدەکەم لەسەری ڕوون کردنەوە بدەم، یەکێك لەوانە من خۆم بەلامەوە پرسیارە ئایا ئێمە دەمانەوێ لەڕێگای کە هەست دەکەم ئەمە تێگەیشتنە ئیشتیباکەیە لەڕێگەی یاسایەکەوە ئێمە دەمانەوێ دیاردەیەك شەرعیەتی پێ بدەین، واتە ئێمە لەڕێگەی ئەم پرۆژە یاسایەوە دەمانەوێ دیاردەیەك دروست بکەین، یان واقعەکە ئەوەیە کە دیاردەیەك هەیە و تۆ یاسایەکی بۆ دەردەکەی، دەتەوێ حەد لەو دیاردەیە بکەی یان ڕێگای جۆرێك لەبەرگرتنی لێ بگری بۆ ئەوەی فراوان تر نەبێت، واقعەکە ئەوەیە ئێمە بەدەرکردنی ئەم یاسایە بە ئامانجی ئەوەیە دیاردەیەك هەیە کە دیاردەیەکی زۆر بڵاوە، وەکو ناسك خان باسی کرد، ئەو یاسایانەی تر و ئەو پرۆژە بڕیارانەی تر نەیتوانیوە موعالەجەیەکی نەوعی کێشەکە بکات، یەکێك لە بەرگریەکانی من بۆ مانەوەو گفتوگۆ کردن لەسەر ئەم پرۆژەیە ئەوەیە کە پێشنیازێك لەناو ئەم پرۆژەیە نیە کە ئێمە داوای ئەوە

بکەین بەشێوازێکی عەفەوی هەموو خانووە بێ تاپۆکان بە بێ هیچ ڕێنماییەك و بەبێ هیچ قیودێك هەر هەمووی تاپۆ بکرێت و تەعەدا کردن بێ و تەجاوز کردن بێت لەسەر موڵکی گشتی یان لەسەر موڵکی تاکە کەسیش، هەڵبەتە ئەمە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە، لە دەسەڵاتی وەزارەتە پەیوەندارەکانیشە کە تەعلیماتی پێویست لەکاتی موعالەجە کردنی ناو تەعلیماتەکانن، لە کاتێك دا کە یاسایەکە دەردەچێ کە لەوانەیە بە زەرورەت نەزانرا بێ کۆمەڵێك شت لەوانە تۆمار بکرێت لەناو پرۆژە یاسایەکەدا کە بگەڕێندرێتەوە بۆ دەسەڵاتی تەعلیمات، سەرەڕای ئەوەش یەکێك لە پارسەنگەکانی دیفاع کردنە لەم پرۆژەیە ئەوەیە کە لەبەرامبەر ئەوەی کە 50 ساڵ ناوچەیەکە خانووەکان تاپۆیان نیە، وەکو باسیان کرد شوێنێکی وەکو باوەنور، قولەڕەیسیە، ئێمە لەسەردانێکی مەیدانیمان بۆ دهۆك گەڕەکی سەرهەڵدان کە نزیکەی 200 خانووە ئەوانیش هەڕەشەیان لێ کراوە کە هەمووی خانووی مۆدێرنە کە کۆمەڵێك سیفەتی تیا هەیە کە ئەگەر ئەندازیاریش نەبی دەزانی کە کۆمەڵێك مقیاس هەیە ڕەچاو کراوە کە ئەمانیش لەژێر هەڕەشەی ڕووخاندنی خانووەکانیانن، ئایا پرۆژەی بەدیلی حکومەت لە ماوەی ئەم 50 ساڵ و 100 ساڵەدا کە ناحیەیەکی نەکردووە، پرۆژە بەدیلەکان چیە؟ ڕاستە هەوڵ هەبووە بۆ پرۆژە بڕیار، بەڵام پرۆژە بڕیارەکان شوێنی خۆیان نەگرتووە لەبەرامبەردا، ئایا پێشنیازەکان چی بوون؟ کۆمەڵگەی نیشتەجێ بوون دانراوە بۆ خەڵك؟ ئێمە پرسیارێك لە خۆمان دەکەین ئەوانەی ئاستی بژێویان بەرزە، ئەوانەی مامۆستان، ئەوانەی کادیرن لە زانکۆکاندا، لە ئاستێکی وەزیفی بەرزیشدان، ئایا ئەمانە چەندیان هەیە کە تا ئێستا بێ زەوین، زەویان نەدراوەتێ، ئەمە مانای نیە ئێمە بمانەوێ مافی هەندێ کەسی تر کەم بکەینەوە لەبەرامبەر دا ماف دەدەین بە خەڵکێك کە مافیان نیە، بەڵام موعالەجە کردنی کێشەکە لە ئاستێکی قانونی، لە ئاستێکی دادپەروەریانە، ئێمە دەمانەوێ لەڕێگەی یاساوە کێشەیەك هەیە کە ئێمە ئەگەر یەك حاڵەتیش هەبێ لە کوردستاندا من وەکو ئەندام پەرلەمانێ مافی خۆمە کە داوا بکەم یاسای بۆ دەربچێ، بۆ ئەوەی ئەو تاکە حاڵەتە نەبێتە دیاردە، بەڵام ئێستا دیاردە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر یاسایەکی زیندوو نەبێت کە موعالەجەی کێشەکەی نەکردبێت زۆر ئاساییە کە زۆر وڵات هەیە بەردەوام ساڵانە یاسا دەردەکات بە ئامانجی تەفعیل کردن و چارەسەر کردنی کێشەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم پرۆژە بڕیارە لە لای من زۆر گرنگە لە دوو ڕوویەوە، یەك/ ئێمە دەتوانین بنبڕی تەجاوز بکەین کە ئیتر دروست نەبێت لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا و لە ناو کوردستان هەمووی بە تێکڕایی، دووەم/ ئەوەیە کە ئێمە ئەگەر بێین پرسیار بکەین و سەیر بکەین ئەو خانووە بێ تاپۆیانە دانیشتوون، ئەوانە کێنە؟ ئەگەر سەیری بکەین دەبینین هەموو ئەو کەسانەن لە پێش وەخت لە ساڵی 1976 تا ساڵی

1988، ئەو کەسانەن کە لە شاخ بووینە، لە دێهات بووینە، لە ژێر تۆپ و تەیارەی حکومەت بووینە، ئێستا هاتوونەتە خوارێ هەمووی فەقیرو هەژارن، هەر کەسێ چووە جێیەکی بۆ خۆی گرتووە، دوو بلۆکی داناوە لە ژێرینە، زۆربەیان لە ژێر نایلۆنن، یەعنی ژیانیان ئەوەندە بەدبەخت و بێ کارە، هەر ئینسان ناتوانێت سەیری لێ بکات، لەم هەموو ئەندام پەرلەمانە دەپرسم کێ لە ئێمە دەتوانێت مانگێك لەناو خانووێکی وەك ئەوە بژیت؟ ئێستا حەقێکی خۆی نەبێت، ئێستا ئێمە تاپۆیەکی بدەین بەو کەسە، کە بەیانی بۆ خۆی ئاوا بکات، بلۆکێکی باشتر دانێتە سەر یەك، سەبێکی لێ بکات، لەبەر ئەوە من بەڕاستی زۆر پشتگیری ئەم پرۆژەیە دەکەم، ئەم پرۆژە بڕیارە جێ بەجێ بکرێت، تەئکیدی لێ بکەینەوەو بینێرین بۆ حکومەت، بۆ جێ بەجێ کردنی بە پەلە، زۆر برادەران دەڵێن بڕیارێك هەیە، یان یاسایەك دەرچووە هی هەموار کردنی ژمارە (43)ی ساڵی 1971 لە حکومەتی هەرێم، بەڵێ راستە، بەڵام تا ئێستا زۆربەی جێ بەجێ نەبووە، زۆر فەرقی جیایە لەگەڵ ئەم پرۆژە بڕیارە، من باسی زاخۆ دەکەم، لە فرقەی زاخۆ کاتی خۆی حکومەتی بەعسی لێ بوو، ئێستا هەمووی بۆتە خانوو، تاکو ئێستاش یەك خانوو تاپۆ نەبووە، ئەگەر بچن تاپۆش بکەن، دەڵێن ئەوە تەجاوزە، هیچ تەعویزێکی پێ نادەن، یان شارعی لێ دێتە دەرێ، یان مەدرەسەی تیا دەکەوێت، ئەمە بیست ساڵە لەناو ئەم خانووە دەژیت، ئێستا تاپۆش نەکرێت؟ ئێستا حەقی نەبێت؟ ئەگەر تاپۆش بکرێت، دەڵێت تۆ نابێت زەوی، ژنەکە ئەگەر مامۆستا بێت، یان فەرمانبەر بێت زەویەکی تر وەربگرێت، چونکە تۆ موستەفید بووی لەوە، یەعنی لەوە دەچێت ئەو زەوییە خۆی پێی داوە، وا بۆی دەچێت، یەعنی ئەمەش غەدرێکە لە لایەکەوە، کە ئێمە سەردانمان کرد لەو فەترەیە چووین بۆ شیلادزێ، جووت سایتێك دروست دەکەن لە شیلادزێ، کە خەریکن هەندێ خانوو هەڵدەگرن، ئەوانە هەمووی تەبعەن تاپۆ نییە، چیان پێ دەڵێن؟ دەڵێن مادام تاپۆ نییە، هیچ بە ئێوە نادەین، ئەگەر تەعویزیش بکرێن بە کەمی تەعویز دەکرێن، یان دوکانە، ئێستا دوکان لەوێ بە شەش دەفتەرو حەوت دەفتەرە، لەوانەیە دوو دەفتەری پێ نەدەن، ئەگەر تاپۆ بوایە، لەوانەیە بیست دەفتەریش نەدا بە خاوەنەکەی، یەعنی ئەمە شتێکی زۆر زۆر زەرورییە، کە ئێمە لەسەر ئەمە بوەستین، هەموو عەرزو خانووی خەڵك تاپۆ بکەن، تا ئەو خەڵکە موستەفید بن و خۆشحاڵ بن لەو کوردستانە لە ژێر سایەی ئەو حکومەتە، لە ژێر سایەی ئێمە هەمووومان، ئێمە خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین، خۆمان بە مەسئوول دەزانین لەو جێگایانە، کەچی ئاوڕێك لەو فەقیرو هەژارانە نادەینەوە، هەر کەس لە ئێمە لە جێی خۆی دانیشتووەو خانوو و ئیتر ڤێلاو سەیارەی خۆشمان هەیە، ئێمە چووینە گەڕەکێك لە دهۆك، گەڕەکی بەرۆشکێ، کە مەنتیقەیەك هەیە پێی دەڵێن سەرهەڵدان، ئەوانیش هەمووی خانووی تەجاوزن، ئەوانیش هەموو پێشمەرگە بوون، لە دەرەوە بوون، ئێستا هاتوونەتە ئەوێ نیشتەجێ بوونە، چیان پێ دەڵێن، دەڵێن ئێمە هەڵتان دەگرین و دەیکەینە قەسرو ڤێلاو نازانم شوقەو چی، بەر ماستەر پلانی بازاڕی دهۆکێ دەکەوێت، باشە، زۆر باشە، شتێکی جوانی لێ دەردەچێت، بەڵام دەبێت ئەوانە تەعویز بکرێن و خانوو لەجیاتی بۆ ئەوان بکەن، لە جێیەك ئیستیقرار بکەن، تا بتوانن ئەوانە نەقل بکەن، هەروا بڵێن ئێمە تەعویز نادەین، ئەوە تاپۆ نییە، ئەمەش دەبێتە

کێشەیەك بۆ ئەوان، ئەگەر تاپۆ بوایە، نەیاندەتوانی وایان پێ بڵێن، خۆیان دەڵێن ئێمە ئەو عاردە کڕیمانە لە مەهدی نزار، کە مەهدی ئاغایەکە لەنزارکی هەموو دەیناسن، لەوی کڕیوەو ئێستا دەڵێن ئێمە هیچ بە ئێوە نادەین، ئیتر من بەڕاستی پشتگیری ئەم پرۆژە یاسایە دەکەم، کە بە پەلە دەربیبکەین و بچێت بۆلای حکومەت بۆ جێ بەجێ کردنی، ئەم هەموو خانوو و زەوییانە تاپۆ بکرێت و خەڵکێك لێی موستەفید بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ گشتتان، کاك عبدالرحمن هی بن نایلۆکانیشی باس کرد، بەڕێزان، ئێستا تەواو بوو، تکایە نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەی شارەوانی ئاخیر پێشنیارتان تکایە.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی مە گوێ لە هەمی برادەران و هەڤالأن گرتی، راستی هەمی وەسا حەریس و کو هەر کەسەك ڤی ولأتی، یان کوردستان ڤی هەر بێتە بەرخودان خانیەك و خودان جیهەك، ئەم ژی، کو ئەژی وەك کەسەك ئەژی پشتەڤانیا ئەڤێ چەندان دکەم، ئەگەر ئەم بێین و بەرێ خۆ بدەینە کێشە عەردی، کێشا عەردی نە زڤرتن بۆ عاردی سەر حکومەتا هەرێمێ، بەلکی بۆ زڤرتن سەر عاردێ عوسمانی، مەوزوعی موڵکیاتی زراعی ئیل عێراقێ و کوردستانێ، مەوزوعێکی ئاڵۆزە، یەعنی بۆ نموونە ئەز دە بۆ ئێوە دەینم نوکە مەنتیقا مە دهۆکێ مەلاکێ هەی ئەرمەنیە، جنسیەی مسریە، هەتا ڤێ کا ڤێ موڵك بەناڤێ وییە، حکومەت هەوڵ دەدات، ئەڤە چەند ساڵە لەسەر ڤین کار دەکات، کو ئەڤە کێشانە چارەسەر بکاتن، بۆ نموونە خانیە ئیدارەی مەحەلی دوو هەزاری وێرا هەمی هاتینە تەملیك کرن، قەرار ئەو بوو بۆ (ساکنها)، یەعنی ئەوی کو تێدا ئێت ژیان، ئەمری ئیداری بۆ دەرخستینە بە ئەسعارێت رەمزی، موجەمەعاتی سەکەنی وەکی هاتینە تەملیك کرن ئب حەفتێ هەزارە، ئیل ڤێرێ چەند کێشەیەتماین، کێشە ژی وەختەکی وەسا کورد خلاس نابت و بڕیارەکا، یان پرۆژەکی وەسا چارەسەر نابیتن، کێشا، کێشەکا ئاڵۆزە، کێشەکا گشتییە، ئیل ڤێرێ ئەگەر ئەم بێین بڕیارەکی دەربخەین، ئیحتیماله ئەم دێین ئاڵۆزتر لێ کەین، چ برادەرێ ئاخافتی، من ئیحتیرامم بۆ هەمیا هەیە، کێشەك وەسا دەست نیشان نەکر 100٪ ئایا چەندە؟ قەبارەی چەندە؟ حەجمی چەندە؟ ئیل کیرێ چی کریە؟ چ جێ هاتیە کرن؟ کو ئەم بشێین ئیتارەکی قانونی دەربێخین موعالەجە ئەڤا کێشانە بکات، کێشەشمان هەمیا یا بەر فرەترە، بۆ نموونە ڤێ گا ڤێ مولکیەی زراعیەی ئاڤا خاتوون سۆزان بەحس کری قانونا (43) بە تەنێ، دەڵێ ئیل دهۆکێ ئەز دبێژم سەر ئاستێ زراعا دهۆکێ، ئەڤە چەند لیژنە چێ کرین، هەندی چووین، هەتا پێدا ڤێ نەشاینە کێشەکا وەسا مەزن چارە بکاتن، رێژەی ماددەی رێژا مە هاتە وەزعی عیلاقا زراعی کوردستانێ یێ تێك داین، ئەژی پشتەڤانم، ئەز من وەك لیژنەش پشتەڤانین، کو ئەم ئەبێ کێشە هەنێ چارەسەر بکەن، بەس بەشێوەیەکی یاسایی کو ئێدی بنبڕ بێتن، نە ئەم بێین جارەکا دی تر کێشەیەکێ ئب یاسایەکێ پال یاسایەکی وێنەت بازاڕێتدا، یان بڕیارەك و

حکومەت هەندێ بێت لە پال ئالۆز بێتن، نەشێتن چارەسەریا بۆ بکات، لیژنا شارەوانی ئەم داوا نەکریا کو پرۆژە رەد بکات، نەخێر مە گوت لیژنا وەزارێ نوکە لیژنەکان چێ کری، وەزارەتی داد و شارەوانی و زراعە یێ سەر کێشە دیراسەت دەکات، مە ئیش بەر هەندێ داخوزای کری، کو بابەت بێتە دواخستن، هەتا ئەڤ لیژنانە دێتە ئەنجامدان، ئەم شێین کێشەی بنەڕەتی چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دوو بۆچوون هەیە، ئەو ڕێزدارانەی کە ویستیان بەردەوام بێت ڕەئی خۆیان بەجوانیداو دیار بوو، کە موناقەشە بکرێت و تەواو بکرێت، ڕەئیەکی تریش هەبوو، کە ڕەئی لیژنەکانیش بنێردرێتەوە بۆ حکومەت و دوا بخرێت، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین دەستی بەرز بکاتەوە؟ (22) بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە بەردەوام بین، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ خالی ئەخیر لە بەرنامەی کار، زۆرینە ئەوە بوو دوابخرێت و جارێکی تر موناقەشەی لەسەر بکرێتەوە، ئێستا بۆ جێگای خۆتان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، خالی پێنج لە بەرنامەی کار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای دەستەی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

سەبارەت بە پرۆژە یاسای دەستەی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئێمە چەند ماددەیەکمان پەسند کردووە، ماددەیەکی زۆریش ماوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و موناقەشە بکرێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین گفتوگۆ کردن لەسەر ئەمە دوابخرێت بۆ خولی داهاتوو، بەتایبەتی ئەمڕۆ ئاخیر ڕۆژی خولەکەمانە، ئەگەر هاتو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش کرا، بە تەئکید لەگەڵ کۆمسیۆنی بالای عێراق ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام دەدات، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین، کە ئەمە دوا بخرێت، گفتوگۆ کردن لەسەری بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەین، هەرچەندە ڕاپۆرتی موشتەرەکمان هەیە، بەلام ئێستا چەند خاڵێکمان ماوە، چەند ماددەیەکمان ماوە موناقەشەی تەواوی لەسەر بکرێت، بۆیە تا دەگەین بە ئیتیفاقی تەواو، پشتیوانی لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەین بۆ دواخستنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**رەئیتان چیە موناقەشە بکرێت؟ بەڕێزان، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە دوابخرێت بۆ خولی داهاتوو دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، سێ کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان، تکایە دوایین خولە، سبەی 31ی مانگە، لەبەر ئەوە سبەی سەعات (10,30) دانیشتنی کۆتایی خول دەکەین، چونکە دەبێت دانیشتنێکی جودا لەمە بێت، نابێت لەگەڵ ئەمە تێکەڵی بکەین، داوا لە بەڕێزتان دەکەین، بەیانی سەعات (10,30) لێرە بن کۆتایی پێ دێنین، تەواو، باشە سەعات (10)ی بەیانی لێرە بن سەرچاوان، خوا حافیزتان بێت، کۆتاییمان بەم دانیشتنە هێنا، تا سبەی سەعات (10) چاوەڕوانتانین، خوا ئاگادارتان بێت.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**هەینی رێکەوتی 31\12\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (24)

## هەینی رێكەوتی 2010/12/31

**کاتـژمێر (10،30)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ڕێکـەوتی 2010/12/31 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (24)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (24)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (10،30)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ڕێکـەوتی 2010/12/31 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1 - ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەمی پەلـەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم، خـولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن (24)، ڕۆژی دانیشتن (2010/12/31)، بەرنامەی کار:**

**بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (1)ی مـادده (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی (1992)ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە (24)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی هـەینی ڕێککەوتی (2010/12/31)دا بەو شێوەیە بێت، کاتەکەمان بۆ ماوەیەك دواخست، بۆ (10,30) لەجیاتی کاتژمێر (10):**

**1- ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی یەکەم لە خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەمـی پەلـەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**خوشك وبرایانی بەڕێز.**

**ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێزان.**

**وەك لـەلای هـەمووان ئاشـکرایە خـولی گرێـدانی یەکـەمی پەرلـەمانی کوردسـتان لـە 2010/9/1 تـا 2010/12/31یـە، دانیشـتنی دەسـتپێکی خـولی گرێـدانی یەکـەم لـە سـاڵی دووەمـی خـولی هەڵبـژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی سێ شەممە لە ڕێکەوتی 2010/9/7 ئەنجامدراوە، پەرلەمانی کوردستان بۆ**

دانیشتنە فەرمیەکانی خۆی دەست بەکار بوو، تاوەکو ئەمڕۆ 2010/12/31 کاروچالاکیەکانی پەرلەمانی کوردستان بەم شێوەیە ئەنجامدراوە.

1-لەم خولەدا (25) دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان ساز کراوە، واتا خولی دەستپێك کە ژمارەی نییە، بەلاّم (24) دانیشتنی ئاسایی بە ژمارەمان هەیە، لەگەلّ خولی دەستپێك (25) دانیشتنمان ئەنجامداوە، کە هەندێك جار دانیشتنەکان دوو جار بووە لە رۆژێك، لەبەر زۆری گفتوگۆیەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێزان، لەم خولەدا پرۆژە یاساو پێشنیاری یاسا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، لەوانە (12) پرۆژە یاسا لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆمان هاتووەو (50) پێشنیاری یاساش لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادە کراوەو دراوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە رێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خراوەتە بەرنامەی کار بۆ گفتوگۆ کردن لەناو پەرلەمانی کوردستان، لە کۆی (62) پرۆژە یاساو پێشنیاری یاسا لە بەرنامەی کار دانراون و، لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستان کراون، دوای ئەوەی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر کردوون و وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش بەشداری گفتوگۆی لیژنەکانیان کردووە، ئەو پرۆژانەش کە لە لیژنەکان گفتوگۆیان لەسەر کراوەو بە راپۆرت ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو لە 2002/9/7ـەوە تاکو 2010/12/31 (19) پرۆژە یاساو پێشنیاری یاسا لە لیژنەکان گفتوگۆیان لەسەر کراوەو کاریان تەواو بووەو بە فەرمی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کراون، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش لەبەرنامەی کاری پەرلەمانی داناوەو لە هۆلّی فەرمی خراونەتە بەر گفتوگۆی بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، واتا (19) پرۆژە گفتوگۆی لەسەر کراوە، بە دەنگدان یەکلا کراونەتەوە، ئەوە وا دەگەیەنێت (43) پرۆژە یاساو پێشنیازی یاسا هێشتا لە لیژنە پەیوەندیدارەکان ماون، بۆ زیاتر گفتوگۆ کردن لەسەری، یان بە تەواوەتی گفتوگۆی لەسەر کراوەو بە فەرمی جارێکی تر ئاراستەی پەرلەمانی بکەن، لەکاتی فەرمی کاری پەرلەمان لەناو هۆلّی پەرلەمان جارێکی تر گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و ئێوەی بەڕێز بڕیاری لەسەر بدەن.

خوشکان و برایانی بەڕێز.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەدرێژایی ئەم خولە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان (101) پرسیاریان ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە، تاکو ئەمڕۆ 2010/12/31 (41) پرسیار لە کاتی یاسایی خۆیدا وەلاّمی گەڕاوەتەوەو (60) پرسیاریش تاکو ئێستا وەلاّمەکانیان نەهاتۆتەوە، بۆ بەدواداچوونی هۆکاری وەلاّم نەدانەوەی پرسیارەکانیش لە دانیشتنی نێوان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 2010/12/20 ئەو پرسیارەمان ئاراستەی سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی

وەزیرانی هەرێمی کوردستانم کرد، ئەوانیش هۆکارەکەیان بۆ سەرقاڵی وەزیرە بەڕێزەکان گەڕاندەوە، بەڵێنیاندا کە چاك بکرێت، ئەوانیش نارەحەت بوون و بەڵێنیاندا وەك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە هیچ وەزیرێك قەبول نەکەن وەڵامەکانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دوابخرێت لە ماوەی یاسایی خۆی، ئەگەر دواخرا، ئەوەی هێنا بانگ بکرێت بۆ پەرلەمان، وەکو لە یاساش ئەو دەسەڵاتەی هەیە بەکاری یاسایی خۆی هەڵبستێت، هەر بۆیە ئێمەش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دووبارە ئەو پرسیارانەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، بەڕێگەی مونەسیقی نێوان پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا بەدواچوونی ئەو کارە دەکەن، کە هێشتا وەڵامەکانیان بە فەرمی نەگەڕاوەتەوە.

بەڕێزان.

لیژنەکانی هەمیشەیی پەرلەمان، کە (19) لیژنەن، کە زۆر کاریان بە جددی کردووە، کە پرۆژە یاسایەك لە ماوەیەکی کورت بەجوانی تاوتوێ ناکرێت، ئەوە ناگەیەنێت، چونکە یاسا پێویستی بەوە هەیە بەدواداچوونی باشی بۆ بکرێت، زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، بەڵام پرۆژە یاساکان زۆر بوون، بۆیە لە ماوەی یاسایی خۆی نەهاتەوە، بۆیە ئێمە ئەو عوزرەمان لێیان قەبول کرد، ئومێدەوارین لە داهاتوو هەر لیژنەیەکی پەرلەمان، کە یاسایەکی ئاراستە دەکرێت، هەوڵی تەواوی خۆی بدات لە کاتی یاسایی خۆی بگەڕێتەوە بۆ سەرۆکایەتی، چونکە (62) پرۆژە یاسا لەبەردەستی لیژنەکان بێت بە (10) رۆژ نەختێك ئاسان نییە، ئەگەر بێتو زۆر بەباشی جێگەی خۆی نەگرتبێتن، حەرەکەی زۆر لەبەینی ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان و وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبووە، هەر بۆ زانیاری ئێوەی بەڕێز لە ماوەی ئەم خولەمان (4329) نووسراو ئاڵوگۆڕ کراوە لە نێوان پەرلەمان و شوێنەکانی ترو لەنێوان لیژنەکان، ئەمەش خۆی بۆ خۆی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو بەڕێزانە لە حەرەکەتێکی تەواو بوونەو کاریان کردووە.

بەڕێزان.

بەنیسبەت بودجە، ئێمە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دانیشتین و بودجەکەیان ئامادە کردووە، هۆی نەناردنی تاکو ئەمڕۆ بەشێوەیەکی فەرمی بۆ پەرلەمانی کوردستان، گەڕاندییانەوە، لەبەر ئەوەی لە بەغدا ئاڵۆزییەك هەیە دەربارەی بودجە، تاکو یەکلا بێتەوە، بودجەکە لە پێش ئێوەی بەڕێز دەبێت، هەر کاتێکیش هات، ئەگەر لەناو پشووەکەش بێت، دانیشتنێکی نائاسایی بۆ دەکەین و تەحویلی لیژنەکانی دەکەین، ئینجا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەکوساڵی پێشوو کاری لەسەر دەکەن.

کێشەیەك هەبوو، کێشەی راگەیاندن، باسی لێوە دەکرا، چارەسەرمان کرد، لەم نزیکانە کەناڵەکەش دەست بەکار دەبێت، ئیتر کێشە نامێنێت، ئەو کەناڵەش بۆ ئەوەیە دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئەو یاساو بڕیارانەی هەمانە بۆ خەڵکی خۆمان و بۆ دنیا روونی بکاتەوە، یاسای وڵاتانی تری پێشکەوتوو جاروبار لێ بدات، بۆ ئەوە نییە بۆ مونافەسەی هیچ لایەنێکی سیاسی و هیچ فراکسیۆنێك و هیچ حزبێك نییە، دەبێتە کەناڵی

ئاسمانی پەرلەمانی کوردستان بە ئەمانەتەوە ئیشەکەو پرۆفشنەلی خۆی دەپارێزێت و لە خزمەتی کوردستان و خەڵکی کوردستان دەبێت.

هەر لەم خولەدا سەرۆکی چاودێری دارایی دەست نیشان کراو، ئێوەی بەرێز دەنگتان بۆداو بەکار بووە، کێشەی تر هەبوو، شوێنی ئەندامانی پەرلەمان، ئەویش چاك کرا، تەمەنا دەکەین لە دەورەی داهاتوو ئەو خوشك و برایانەی کە هێشتا لە شوقەکانن بیری لێ بکەینەوە شوێنی ئەوانیش چاکتر بکەین، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئیسراحەت کارەکانی خۆیان بکەن، بەدواداچوونی کارو پرۆژەکان بکەن و لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت.

بەڕێزان.

پێکهێنانی حکومەتی عێراق، هەموومان دەزانین ئاڵۆزییەکی زۆری دروست کرد، بڕیار بوو ئیئتیلافی فراکسیۆنەکان دانیشن، کە دوای ئەوەی بەرنامەکە حازر دەبێت، بۆ ئەوەی بەشداری لە حکومەتی عێراق بێتەوە ئەم پەرلەمانەوە، لێرانە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و موافەقەی لەسەر بکرێت، بەلآم لەبەر ئەو ئاڵۆزییەی کە لەناو عێراق بوو، من تەمەنام دەکرد بهاتبوایە، بەلآم شێوەی عێراق بەو تەوەتورەی هەبوو لە بەغدا، هەندێ جار ئەو مەجالە نەدەکرایەوەو لە دانیشتنەکەش دەچوونە دەرەوە، لەبەر ئەوە نەهاتەوە پەرلەمانی کوردستان، ئێمەش تەمەنا دەکەین لە داهاتوو ئەوە دووبارە نەبێتەوەو، هەمووشمان دەزانین ئەو رۆڵەی کە هەرێمی کوردستان نواندی، بەتایبەتی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە زۆر بەرز نرخێندرا، نەك تەنها لەناو کوردستان و عێراق، بەڵکو لە عالەمی عەرەبی و ئیسلامی و لە دنیا، لە هەموو ئاستێك زۆر زۆر ئەو رۆڵەی کوردیان بەرز نرخاند، کە حکومەتی عێراق تووشی بن بەست ببوو، نەدەتوانرا پێك بهێنرێت، بەلآم بە هیمەت و هەوڵی دڵسۆزانی لایەنی کوردستانی توانرا ئەو کارە ئەنجام بدرێت.

بەڕێزان.

ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان، کە هەموومان نوێنەری خەڵکی کوردستانین، بۆ هەموو یەکێك لە ئێمە زۆر گرنگە ئەم هەرێمە یەکگرتوو بێت، یەك هەڵوێست بێت، گشت لایەنەکانی سیاسی چ لە دەسەلآتە، چ ئۆپۆزسیۆنە، هەموو نوێنەری خەڵکی کوردستان جێگەی رێزو ئیحتیرامن، هەموومان هەوڵ بدەین، بۆ ئەوەی یەك هەڵوێستی ناو هەرێمی کوردستان، چ لە ماف و، چ لە ئەرك پارێزراو بێت، تاکو بتوانین ئەو مافانەی ماوە هی ناوچە دابڕاوەکانی کێشە لەسەرەکان، کە هێشتا خەڵکەکەی لە نەهامەتی دەژین، ئەو کارانە جێ بەجێ بکەین و، مەسەلەی نەوت و غازە، مەسەلەی پێشمەرگەیە، مەسەلەی ئەنجومەنی ئیتیحادە، سەرژمێری عێراقە، هەموومان کار بکەین، ئەو خوشك و برایانەمان لە چ فراکسیۆنێکن، لە چ لایەنێکی سیاسین، ئەمرۆ لە بەغدان هەوڵ بدەین جارێکی تر لە دەوری یەکتر باشتر یەکیان بگرینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر مافەکانمان بۆ خەڵکی کوردستان ببێت، ئەمە ئەمانەتێکە لەسەر شانی هەموومان لێرە، بەو روحیەتەوە، بە هەموو توانامان هەوڵ بدەین خوشك و براکانمان لە هەر لایەنێك بێت، یان هەر

بۆچوونێكی هەبێت، یان ئینسانێكی بێ لایەنە، هەموو یەك هێز بن، تا بتوانرێت ئەرك و مافی هەمووشیان پارێزراو بێت.

بەڕێزان.

ئەو نوقتەی بۆ ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان زۆر گرنگ و موهیمەو ئیشی پەرلەمانیە، چاودێری حكومەتە، دەبێت خۆمان خڕ بكەینەوە، ئینجا باشتر چاودێری حكومەت بكەین، میزانیە دێت، دەبێت زۆر زۆر بە وردی لەسەری بوەستین و زۆر بە رێك و پێكی هەوڵ بدەین ئەوەندەی لە تواناماندا هەیە باش بێت و زۆر شەفاف بێت و لەپێش خەڵكی كوردستان هەمووی دیار بێت، گرێیەكانی بەجوانی كرا بێتەوە، كە هەموو تاكێكی كوردستان، كە ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان ئەمڕۆ لەم هۆڵە دانیشتوونەو بە ئەمانەتەوە حەقیقەتەكان بۆ خەڵك روون بكەین، موحاوەلە نەكەین ئەگەر شتێك بۆمان روون نەبێت باسی نەكەین، هەوڵ بدەین لێی تێ بگەین، ئینجا بۆ خەڵكی كوردستان بە ئەمانەتەوە پێیان رابگەیەنین، ئەو پرۆژانەی لەبەردەستمانە، پرۆژە یاساكان لەم پشووە فورسەتێكی زۆر باشە، پشووەكە پشوو نییە دەرگای پەرلەمان زۆر جار گوتوومانە دابخەین و ئیتر هەر كەسێك بە كەیفی خۆی بەلایەكدا بڕوات، نەخێر، تەنها دانیشتنی فەرمی لەناو هۆڵی پەرلەمان نابێت، لیژنەكان بەدواداچوون بۆ هەموو كاری خۆیان دەكەن، ئیستیفادە لەو ماوەیە بكەن، زیاتر میوانداری وەزیرە بەڕێزەكان بكەن، پەیوەندیدارەكان لە وەزارەتەكان، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی كە ئێستا لەبەر دەستتان ماوە بە رێك و پێكی ئەنجامی بدرێتن، ئێمە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان (19) پرۆژە هاتۆتە سەرۆكایەتی پەرلەمان، بە ئەمانەتەوە هەر (19) پرۆژەكەمان لە بەرنامەی كار داناوەو خستومانەتە بەردەم ئێوەی بەڕێز، هەر (19) پرۆژە بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز یەكلا كراوەتەوە، لەماڵی ئێمە، لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئێستا هیچ پرۆژەیەك نییە، تەنها دوێنێ نەبێت پرۆژەیەك هاتووە، ئەویش نەخرایە بەرنامەی كار، چونكە ئەمڕۆ كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین.

نوقتەیەك، ئەو وەزیرانەی كە هاتوونەتە لیژنەكانی پەرلەمان، لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرانە، یان ئەوانەی پەیوەندیدارن لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، پێم خۆش بوو ئەوەی لەبەر دەستمانە بۆ ئێوەی بەڕێزو بۆ ئەوانەی گوێیان لێمان دەبێت، تەبعەن هەمووی بە نووسراوی سەرۆكایەتی پەرلەمانە، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی هاتوون، وەزیری ناوخۆ، وەزیری دارایی، وەزیری پێشمەرگە بۆناوخۆ ئاسایش و خۆجێییەكان هاتوون، لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، نوێنەری وەزارەتی پلاندانان، نوێنەری وەزارەتی دارایی، نوێنەری دەستەی وەبەرهێنان، وەزیری كشتوكاڵ، وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، لایەنی پەیوەندیدار بە پرۆژەكە لە پارێزگای سلێمانی، وەزیری ئاوەدانكردنەوە، وەزیری دارایی و ئابووری، سەرۆكی دەستەی وەبەرهێنان، نوێنەری وەزارەتی شارەوانی، ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك، وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری، وەزیری پیشەسازی و وزە، بەرپرسانی پەیوەندیدار بە پرۆژەی سایلۆی سلێمانی، نوێنەری وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، وەزیری سامانە سروشتیەكان، بەڕێوەبەرانی دابەش كردنی سووتەمەنی، هەرسێ پارێزگا، بەڕێوەبەرانی عەمباری

سووتەمەنی هەرسێ پارێزگا، سەرۆك و بەڕێوەبەرە گشتیەكانی دەزگا وەبەرهێنانی هەرێمی كوردستان، وەزیری رۆشنبیری، وەزیری دارایی، بریكاری وەزارەتی دارایی، راوێژكاری سەرۆكایەتی حكومەت بۆ كاروباری كۆمەڵەی مەدەنی، ئەم بەڕێزانە لە لیژنەكان ئامادە بوونەو میوانداری كراون و گفتوگۆیان لەگەڵ كراوە، لەگەڵ ئەوەش مەجموعەیەك لە وەزیرە بەڕێزەكان وەزیری ئەوقاف، وەزیری سامانە سروشتیەكان، وەزیری رۆشنبیری، هاتوونەتە سەرۆكایەتی پەرلەمان، وەزیری خوێندنی بالاْ، زۆر وەزیری تریش هاتوون، ئەمە بەشێك لەو بەڕێزانەیە، كە هاتوونەتە ئێرە، ئینجا بۆ ناو هۆڵی گفتوگۆی پەرلەمانی كوردستان، مەجموعەیەك وەزیر بەپێی ئەو پرۆژەیەی كە پەیوەندی بە ئیشەكەیەوە هەبووە ئامادە بوونە.

بەڕێزان.

لە سەرۆكایەتی پەرلەمانیش دیبلۆماتەكان و رێكخراوەكانی كۆمەلگای مەدەنی و قوتابیان و خوێندكاران و هەموو ئەو رێكخراوانەی تر، كە لەگەڵ خەڵكێكی تری جوتیار، یان خاوەنی هەر پیشەیەك بێت داوایان كردووە، هەر بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز لەم ماوەیەدا (418) سەردانمان هەبووە بە سەرۆكایەتی هەرسێكمان بینیمان، بەتاك بینیمان، لە هەموو دانیشتنەكانیش هەڵوێستی دروستی كوردستان خراوەتە پێشیان، لە ئاستی بەرزیش لەگەڵ بالیۆزەكان قسە كراوە، سەرۆكایەتی پەرلەمانیش لە دانیشتنەكانی سەرۆكی هەرێم بۆ پێكهێنانی حكومەت، لەگەڵ لایەنە سیاسیەكان بەشدار بوونەو بەردەوام، ئەمانە مانای ئەوە نییە هەموو كاری ئێمەیە، هێشتا كارمان زۆر ماوە، تەمەنا دەكەین زیاتر كار بكەین لەم پشووە، كە دانیشتنی فەرمیمان نییە، زیاتر خەریك بین، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژانەی لەبەردەستمانە باشتر بەدواچوونی ئیشەكانی حكومەت بكەین، هەوڵ بدەین بەرنامەی تەنسیقمان هەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران لە هەولێر بوو پێش ماوەیە، ئیتیفاقمان كردووە، كە خۆی دێت زیارەتی ئەم پەرلەمانە دەكات، ئامادەییان هەیە كە تەنسیقێكی تەواو لەنێوان ئێرەو پەرلەمانی بەغدا هەبێت، ئێمەش بە خۆشحاڵیەوە قەبولمان كردووە، دووبارە سوپاسی یەكە یەكەی ئێوەی بەڕێز دەكەین، كە بە روحێكی بەرزو پاكی مەسئوولیەتەوە بەرامبەر خەڵكی كوردستان و پەرلەمان و حكومەت و راگرتنی عیلاقەی هەڤالاْیەتی نێوان ئەم خولە پابەند بوونە پێی، ئەوەش جێگەی دڵخۆشكەرییە بۆ خەڵكی ئێمەی كوردستان، كە ئەمڕۆ ئێوە نوێنەریانن و خاوەن هەر بیرو رایەكن لەناو هۆڵەكە، هەر كەس بیرو رای سیاسی خۆی دەدات، بیرو رای خۆی عیلمی دەدات، بۆچوونی تەواوی خۆی و قەناعەتی خۆی بەو بابەتە دەداتن، بەلاْم لە دەرەوە هەموو خوشك و برای یەكن و هەر كەسێك دیفاع لەوەی تر دەكات، تەمەنا دەكەین زیاتر بتوانین خزمەتی میللەتەكەمان بكەین، سەری ساڵی نوێ لە ئێوەو لە خوشك و برا مەسیحیەكان پیرۆز دەكەین و تەمەنا دەكەین ساڵی داهاتوو ساڵێكی بەختەوەری بێت، ساڵێكی باشتر كاری پەرلەمانی بێت، ساڵێكی كەمتر نوقتەی نیزامی بێت، ئیتر كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین و كۆتایی بە خولەكەمان دەهێنین.

**کۆتایی بە خولی گرێدانی یەکەمی ساڵی دووەمی خولی سێیەمی هەڵبژاردن دەهێنم، تەمەنا دەکەم بە سەلامەتی جارێکی تر لەم هۆڵە بکەوینەوە گفتوگۆکردن و بیرو بۆچوونەکانمان بە ئازادی دەربڕین، بۆ دوا رۆژێکی باشتر بۆ گەلەکەمان، خوا ئاگادارتان بێت، هەر سەرکەوتوو بن.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |